فەرید ئەسەسەرد

# ریشەی بیروباوەڕی بارزانییەکان

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان
Kurdistan Center for Strategic Studies

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

دەزگایەکی کەلتورییە لەساڵی ١٩٩٢دا دامەزراوە، ئامانجەکەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستییە لەبوارەکانی ئاسایشی نەتەوەییو سیاسەتی نێو دەوڵەتانو ئابوریو مەسەلە ستراتیجییەکانو مەبەستی بەدەست هێنانی قازانجی ماددی نیە.

هەمو ئەو لێکۆڵینەوانەی کەسەنتەر دەریاندەکا، گوزارشت لەڕاو بۆچونی خاوەنەکانیان دەکەنو بەپێی پێویست گوزارشت لەڕاو بۆچونی سەنتەر ناکەن.

Fered1956@yahoo.com

- فەرید ئەسەسەرد
- ریشەی بیروباوەڕی بارزانییەکان
- بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان
- چاپی دووەم
- سلێمانی ٢٠١٢
- لەبەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٢٩٧)ی ساڵی ٢٠١١ی دراوەتێ
- ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی سەنتەر: ٨\ ٩\١٠ ١٢
- تیراژ: ١٦٠٠ دانە

# پێشکەش

ئەم کتێبە پێشکەشە بەگیانی مستەفا ئیبراهیم دەروێش ناسراو بەشاسوار کە لەکۆتاییی سالآنی هەشتاکاندا لەکاری سیاسیدا هاوخەمم بوو و لە سالّی ١٩٩٢دا لە دەرکردنی گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیدا هاورێم بوو  و لە دەستدانی بەدڵنیاییەوە زیانێکە بە هیچ شێوەیەك قەرەبوو ناکرێتەوە.

# پێرست


پێشکەش .................................... ٣
پێشەکیی چاپی دووەم .................................... ٦
پێشەکیی چاپی یەکەم .................................... ٩
پێشەکیی چاپی عەرەبی .................................... ١٢
**بەشی یەکەم: ریشەکان** ١٥
تەوەری یەکەم: ریشە ئیسماعیلییەکان .................................... ١٩
تەوەری دووەم: ریشە سۆفیگەرییەکان .................................... ٤٧
**بەشی دووەم: خۆشاردنەوەو ئاشکراگەرایی** ٦٥
تەوەری یەکەم: تەقیە .................................... ٦٧
تەوەری دووەم: قۆناغی ئاشکراگەرایی .................................... ٨٧
**بەشی سێیەم: پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان** ١٠٣
تەوەری یەکەم: سۆسیۆلۆژیای پەیوەندییەکان .................................... ١٠٥
تەوەری دووەم: چەمکی میللەت .................................... ١٣٥
**بەشی چوارەم: سیمبول‌و فاکتەرەکانی تۆکمەیی** ١٥٧
تەوەری یەکەم: سیستمی گوێڕایەڵی .................................... ١٥٩
تەوەری دووەم: جامانەی سور .................................... ١٩٥
تەوەری سێیەم: خودان .................................... ٢٢٩
**بەشی پێنجەم: ساڵە سەختەکان** ٢٣٧
تەوەری یەکەم: ساڵانی تاراوگە .................................... ٢٣٩

تەوەری دووەم: ساڵانی کۆتایی ........................................ ٢٧١
تەوەری سێیەم: خوێندنگەی خورشیدی ........................................ ٢٩٦
**بەشی شەشەم: بارزان و بنەماڵەی شێخەکان** ٣١٩
تەوەری یەکەم: بارزان و بارزانییەکان ........................................ ٣٢٣
تەوەری دووەم: بنەماڵەی شێخەکان ........................................ ٣٤٧
کۆتایی ........................................ ٣٧٠
پاشکۆ........................................ ٣٧٣
باب ........................................ ٣٧٣
سانع ........................................ ٣٧٥
مەهدی........................................ ٣٧٦
فاتیمە........................................ ٣٧٨
هۆنراوەکەی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم ........................................ ٣٧٩
سەرچاوەکان ........................................ ٣٨٣
پێرستی ناوەکان ........................................ ٤٠١

# پێشەکیی چاپی دووەم

وەك هەر لەسەرەتاوە مەبەستم بوو، ناوەڕۆکی ئەم کتێبە تەنها بەوە دانەکەوتوە کەبیروباوەڕی بارزانییەکان تاوتوێ بکا، بەڵکو، سەرباری ئەم ئامانجە، ویستویەتی دەرگایەك بۆ تاوتوێ کردنی هەمو بیروباوەڕە ئاینییەکانی کوردستان بکاتەوە. شێوازی شیکردنەوەی بەراوردکار کە لەم کتێبەدا زۆر هانای بۆ براوە، دەرفەتێکی وای پێکهێنا کەجگە لەراکێشانی سەرنج بەلای بیروباوەڕی بارزانییەکاندا، سەرنج بەلای بیروباوەڕەکانی دیکەشدا رابکێشێ.

پاش دەرچونی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە، ژمارەیەکی زۆر لەبارزانییەکان سەردانیان کردمو هەندێ تێبینییان سەبارەت بەهەندێ لەبۆچونەکانی ناو کتێبەکە پێ گەیاندم. ئەگەرچی چاپی عەرەبیی کتێبەکە لەساڵی ٢٠٠٨ــەوە دەرچووە، هەستم نەکرد بارزانییەکان ئاگاداری دەرچونی بن. بەڵام پاش دەرچونی چاپی یەکەمی کوردیی کتێبەکە، لەڕێگەی پەیوەندیی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆوە، هەستم کرد کتێبەکە گەیشتۆتە بەردەستی بارزانییەکانو سەرنجیشی راکێشاون. وەك زۆربەی زۆری بیروباوەڕە لۆکالەکان، پەیڕەوەکان هیچ

دەربارەی ریشەی بیروباوەڕەکانیان نازانن یاخود تەنها ئەوەندە لەبارەی بیروباوەڕەکانیانەوە دەزانن کەڕێ دراوە بیزانن. لەجیهانێکدا کە بەرەو کرانەوەیەکی فراوان دەچێ، ئەستەمە بیروباوەڕە داخراوەکان بتوانن خاوێنیی خۆیان بپارێزنو نەکەونە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕی ترەوە. رەوتی پەرەسەندنی گشتی بوارێکی کەمتر بۆ سەقامگیریی جوگرافیای بیروباوەڕەکان پێکدێنێ. گۆشەگیری، دیاردەیەکی هەمیشەیی نیە، بەڵکو زادەی هەلومەرجێکی دیاریکراوی مێژووەو جگە لەداخران لەبواری بیروباوەڕدا داخرانێکی کۆمەڵایەتیش لەگەڵ خۆیدا دێنێ، مەسەلەیەك کە لەجیهانی ئەمڕۆدا، لەسۆنگەی پەرەسەندنی سەرمایەداریو زیادبونی رۆڵی فاکتەری ئابوری لەژیانی گشتیدا، هیچ پاساوێکی نەماوەو توانای بەرگریشی لەدەستداوە.

شیکردنەوەی ریشەی بیروباوەڕەکان، ئەگەرچی بەلێکۆڵینەوەی مێژوویی دەژمێردرێ، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم چەشنە شیکردنەوەیە سەرقاڵی وردبونەوەیە لەڕەوتی پەرەسەندنی بیر نەك روداو، میتۆدی کلاسیکیی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەتاقی تەنها، بەسەرەنجامی دیاریکراوی ناگەیەنێو لەم سۆنگەیەوە پەنا بردن بۆ رێوشوێنی تری میتۆدی لێکۆلینەوەی زانستی دەبێتە شتێکی پێویست. ئەو رێوشوێنانەی کە بەکەڵکی تاوتوێ کردنی پەرەسەندنی روداو دێن، بەدڵنیایییەوە بەکەڵکی تاوتوێ کردنی پەرەسەندنی بیروباوەڕ نایەن، بەتایبەتی لەو نۆڕینەوە کەبیروباوەڕ لەوێستگەیەوە دەگوازرێتەوە بۆ وێستگەیەکی ترو ژمارەیەکی زۆر لەو وێستگانە دەپوکێنەوەو لەمێژو تۆمار ناکرێن. لەم سۆنگەیەوە پرۆسەی شوێن پێ هەڵگرتنی رەوتی پەرەسەندنی بیروباوەڕ، بەپێچەوانەی پرۆسەی شوێنی پێ هەڵگرتنی رەوتی پەرەسەندنی روداوەوە، هەمیشە روبەڕوی پانتاییی فراوانی بۆشایی دەبێتەوە کەهیچ چەشنە زانیارییەکی تێدا چنگ ناکەوێ. بەم پێیە، هەر وێستگەیەك بۆ خۆی

ڕەنگدانەوەی چەردەیەك وێستگەی ونەو چەند كاتی بەسەردا تێپەڕێ، ئەوەندەش توخمە بەراییەكانی خۆی لەدەستدەداو لەڕەچەڵەكی دێرینی خۆی دور دەكەوێتەوە.

هاندەر بۆ ئامادەكردنی چاپی دووەمی ئەم كتێبە، ساغبونەوەی دانە چاپكراوەكانی چاپی یەكەمە لەبازاڕ پاش تێپەڕینی سێ مانگ بەسەر چاپ كردنیدا. ئەم چاپی دووەمە، جگە لەم پێشەكییە، هیچ جیاوازییەكی لەگەڵ چاپی یەكەمدا نیە.

دانەر

سلێمانی ٩/٤/٢٠١٢

# پێشەکیی چاپی یەکەم

کاتێك لە ٢٩ی شوباتی ٢٠٠٨دا پێشەکیم بۆ چاپی عەرەبیی ئەم کتێبە نوسی، هەستم کرد بارێکی گرانم لەسەر شان داگرتووەو نایشارمەوە کەشادییەکی چاوەڕوانکراو رژایە ناو دەرونمەوە. حەوت ساڵ خەریکی ئەم کتێبە بوم‌و بۆ هەندێ سەرچاوە یەك بەیەکی کتێبخانەکانی قاهیرەو دیمەشق گەڕام.

هەر کەدەستنوسەکانم بۆ چاپ نارد، لەدڵی خۆمدا وام دانا تا کۆتایی‌ی ساڵ وەرگێڕانی سەرتاپای کتێبەکە بۆ سەر زمانی کوردی تەواو دەکەم. بەڵام لەمەدا بەهەڵەدا چوو بوم چونکە کاری سیاسی‌و پابەندبونم بەنوسینی گۆشەکانم لەگۆڤارو رۆژنامەکانداو سەرقاڵبونم بەهەندێ چالاکی لەبواری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیداو هەروەها خەریکبونم بەئەرکەکانی بەڕێوەبردنی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان دەرفەتێکی زۆریان بۆ کارکردن لەوەرگێڕاندا بۆ نەهێشتمەوە. بۆیە هەر ئەوەندەم بۆ رەخسا کە لەماوەی پچر پچڕدا کاری تێدا بکەم. سەرەنجام، لەتشرینی دووەمی ٢٠١٠دا ئەرکەکەم جێبەجێ کرد.

بەپێویستی دەزانم بچمە سەر باسکردنی هەندێ مەسەلە کە لەناوەرۆکدا دەشێ وەڵامی هەندێ پرسیار بن کەپاش دەرچونی کتێبەکە روبەڕوم بونەتەوە.

پۆلین کردنی بیروباوەڕی بارزانی وەك بیروباوەڕێکی سۆفییانە زەحمەتییەکی زۆری ناوێ چونکە بیروباوەڕەکە لایەنە سۆفیگەرییەکانی خۆی ناشارێتەوەو شێخانی بارزانیش ژیانی ئاینییان وەك رابەرانی خوێندنگەیەکی سۆفیگەرانە بردۆتە سەر. سۆفیزم تەنها لەئیسلامدا نیە، بەڵکو هەم لەدوو ئاینە ئاسمانییەکەی تری جولەکایەتی‌و مەسیحایەتیدا هەیە هەم لەئاینەکانی هیندستان‌و چینیش. مەسەلەکە ئەوەیە کەبزوتنەوە سۆفیگەرەکان ریشەی هاوبەشیان هەیە بەڵام لەهەمان کاتدا هەر بزوتنەوەیەکیش تایبەتمەندیی خۆی هەیە. لەم سۆنگەیەوە لایەنی سۆفیگەرییانەی بیروباوەڕی بارزانییەکان پێویستی بە بەڵگەو سەلماندن نیە

بەڵام دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی سوفیزم لەبیروباوەڕی بارزانییەکاندا بەدواداچونو لێوردبونەوەو تاوتوێ کردنی دەوێ.

ڕیشەی دووەمی بیروباوەڕی بارزانییەکان، بەو چەشنەی کەئەم کتێبە بانگەشەی بۆ دەکا، بیروباوەڕی ئیسماعلییە. ئەمەش مشتومڕێکی زۆری نایەوە چونکە بارزانییەکان خۆیان هەست بەکاریگەریی ئیسماعیلیەت لەسەر بیروباوەڕیان ناکەن. لێرە مەسەلەکە مەسەلەی پێشکەش کردنی تیۆرییەکی تازە دەربارەی ڕیشەی بیروباوەڕی بارزانییەکان نیە. مەسەلەکە ئەوەیە کە لەقۆناغێکی دیاریکراودا، کەزۆرتر دەچێتەوە سەر ماوەی پاش هێرشی مەغۆل بۆ سەر رۆژهەڵاتی موسڵمان، تێکهەڵکێش بونێك لەنێوان سۆفیزمو ئیسماعیلیەتدا رویداوەو ئیسماعیلیەت لەو قۆناغەدا چیتر نەیتوانیوە وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی خۆی بنوێنێو زۆرتر بەلای سۆفیگەریدا دایشکاندوە. تێکەڵبونی ئیسماعیلیەت بەسۆفیگەری بۆتە هۆی بردنی بەشێکی گرنگی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی شیعەکانو فەلسەفەی یۆنانی بۆ ناو بزاڤی سۆفیزمو لەئاکامدا بزوتنەوەیەکی بەگوڕتر لەڕوی پێکهاتەی ئایدیۆلۆژییەوە هاتە ئاراوە. ئەم تێکهەڵکێشبونە ماوەیەکی دورو درێژی خایاندو لەبەر بەربڵاویی قەڵەمڕەوی چالاکیی بزاڤەکەو تێکەڵبونی بەچەندین ژینگەی کەلتوریی جیاواز رۆڵی هەر رابەرێکی سۆفی لەپەرەپێدانو هەمھوارکردنی بیروباوەڕەکانو هەروەها لەسۆنگەی گۆڕانی سەردەمەوەو لەهەموشی گرنگتر لەبەر نەبونی سەنتەرێك بۆ رێنمایی کردنی بزاڤی سۆفیگەری، هەر هەڵسوڕانێکی سۆفیگەرانە تایبەتمەندیی پەیدا کردو زۆر لەڕیشە بەراییەکانی خۆی دور کەوتەوە. گەڕان بەدوای ریشەی بیروباوەڕەکاندا ئەرکی رابەرو شوێنکەوتووەکان نیە کەبیروباوەڕەکەیان بەو چەشنە پێ گەیشتوە کەدیویانە، بەڵکو ئەرکی لێکۆڵیارە.

ئەمە بەو سەرەنجامە دەگا کەشتێکی ئاساییە شوێنکەوتووانی بیروباوەڕێکی دیاریکراو هیچ دەربارەی ریشەو مێژوی بیروباوەڕەکەیان نەزاننو لەڕاستیدا ئەمە نەریتێکی رۆژهەڵاتییانەیە چونکە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەوەندەی کەئەوروپاییەکان دەربارەی شارستانێتیو کەلتورو مێژوی رۆژهەڵاتیان دەزانی، دانیشتوانی رۆژهەڵات خۆیان نەیاندەزانی.

ئیسماعیلیەت خۆی دەرهاوێشتەی چەندین فەلسەفەو بیروباوەڕی دێرینە. پاش ئەوەی کەلایەنی سۆفیگەری- فەلسەفی بەسەر ئیسماعیلیەتدا زاڵ بوو، ئیسماعیلیەت لەڕیشەی شیعەگەرانەی خۆی دور کەوتەوەو چیتر نەیتوانی وەك بزوتنەوەیەکی شیعی، وەك لەبەراییدا وابو، خۆی بنوێنێ، بەڵکو بەشێوەی تر خۆی نواندو بیروباوەڕەکانی، کەم تا زۆر، تێکەڵ بەبیروباوەڕی سۆفیزم بون‌و لەهەندێ شوێن‌و لەهەلومەرجی دیاریکراودا رەنگیان دایەوە.

لەڕاستیدا شوێنکەوتووەکانی ئاین‌و بیروباوەڕەکان خۆیان بەدۆزینەوەی ڕیشەی بنەماکان سەرقاڵ ناکەن‌و زۆرتر وەك راستییەکی بەڵگەنەویست لەبنەماکان دەڕوانن‌و زۆر جار لێ وردبونەوەو شەن‌و کەوکردنی بنەماکان هەم کێشەیان لەناو گروپەکەدا بۆ دروست دەکاو هەم رەنگە کاریگەریی خراپ لەسەر رادەی باوەڕهێنان بەدروستی‌و ساغڵەمیی بنەماکان بەجێ بێڵێ. ئەمە خۆی لەخۆیدا هاندەرێکە بۆ خۆ دورخستنەوە لەهەر تێوەگلانێکی لەم چەشنە.

وەك لێکۆڵیار، بەپێویستی دەزانم لەڕەگ وریشەی بیروباوەڕی گروپێکی گرنگی دانیشتوان بکۆڵمەوە کە لەڕوی سیاسییەوە گەورەترین کاریگەریی لەسەر مێژوی سەد ساڵی ئەم دواییی‌یەی کوردستان بەجێ هێشتووە. وەك لەپێشەکیی چاپی عەرەبیدا ئاماژەم پێداوە، ئەم کتێبە تیۆرییەك دەربارەی ریشەی بیروباوەڕی بارزانییەکان پێشکەش دەکاو ئەم تیۆرییە رێگایەکە بەرەو راستی.

ئەم دەقی کوردییە لەهەندێ روەوە جیاوازیی لەگەڵ دەقی چاپی یەکەمی عەرەبیدا هەیە بەڵام جیاوازییەکە بەگشتی ئەوەندە کەمە کەهەستی پێ ناکرێ. لەهەندێ شوێندا سود لەچەند سەرچاوەیەك وەرگیراوە کە لەچاپی یەکەمی عەرەبیدا سودیان لێ وەرنەگیراوە. یەکێ لەوانە کتێبەکەی هەمزە عەبدوڵلایە دەربارەی بارزانییەکان کەموحەرڕەم محەمەد ئەمین لەعەرەبییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لەبەر رۆشنایی‌ی وەرگێڕان بۆ کوردی، دەقی چاپی دووەمی عەرەبییەکەش هەموار کرا. بۆیە دەقە کوردییەکە زۆرتر لەچاپی دووەمی عەرەبییەوە نزیکترە تا لەچاپی یەکەم.

دانەر

سلێمانی ٦/ ١١/ ٢٠١٠

# پێشەکیی چاپی عەرەبی

بارزانییەکان زادەی بیروباوەڕەکانیانن. ئەگەر ئەم بیروباوەڕەیان نەبوایە، نەیاندەتوانی جێیەك بۆ خۆیان لەمێژودا دابین بکەن. لەم سۆنگەیەوە بەبێ تاوتوێ کردنی ئەم بیروباوەڕە کەس ناتوانێ مێژویان شی بکاتەوەو سەرودەر لەسروشتو ڕەفتاریان دەر بکات. مێژوی بارزانییەکان لەتەکیەوە دەست پێدەکا، ئەو ناوەندە ئاینییەی کەناسنامەیەکی تایبەتی پێ بەخشینو هانی دان هەست بەبونی خۆیان بکەن.

بەپێچەوانەی ئەوەی کە لەبارەیانەوە باوە، بارزانییەکان خێڵێك پێکناهێننو سیستمە ئابورییەکەیان هیچ چەشنە دەرەبەگایەتییەکی بەخۆوە نەدیوە. بەڵام گومان لەوەدا نیە کەبارزانییەکان کۆنفیدراسیۆنێکی خێڵەکی پێك دێنن کەبەشێوەیەکی سەرەکی لەچەند لقێکی خێڵی زێبار پێکدێ. پاش جیابونەوەیان لەخێڵی زێبار، جیابونەوەیەك کە لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی مێژوییدا بەڕێوە چووە، بارزانییەکان سیستمێکیان داهێنا سەرکردایەتییەکی ئاینی کاروبارە گشتییەکەی بەڕێوە دەبرد.

مایەی تێڕامانە کە لەکاتێکدا کەڵەکەبونی سامانو دارایی لەشێخایەتییەکانی نەهریو سورچیو برادۆست سەرکردایەتییە ئاینییەکانی ئەم شێخایەتییانەی کردە ئۆرۆستۆکراسیی ئاینی- کشتوکاڵی، لەناو بارزانییەکاندا تا نەمانی شێخایەتییەکەیان لەساڵی ١٩٦٩دا، هیچ سەرکردایەتییەکی ئاینی- کشتوکاڵی پەیدا نەبوو.

بەپشت بەستن بەمێرخاسیو بەخت یاریی بنەماڵەی شێخانی بارزان، تەکیەی بارزان ڕەوشێکی ئایدیۆلۆژیی لەسەر بنەمای سیستمێکی پشت بەستو بەبەهاکانی دادو ژیانی هەرەوەز داهێنا. بەلای تەکیەوە، ئەزمونی ڕوحانیەت ئەزمونی ئاساییی ئاین تێدەپەڕێنێو کەرەستەیەك دابین دەکا کە بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێ بچێتە ناو قوڵاییی ماناو واتاکانی دەقە پیرۆزەکانو پەردە لەڕوی ماناو

ناوەڕۆكی بون هەڵماڵیٚ. چوارچیٚوەیەك كەتەكیە بیروباوەڕی خـۆی تیٚـدا داڕشـت، ئەگەرچـی بـوە مایـەی دانـانی سـنورێك بـۆ پەیوەنـدیی بارزانییـەكان لەگـەڵ دەوروبەریاندا، بەڵام هەر ئەمـەش بـوو كـەبوە هـەوێنی بەخشـینی روخسـارێكی تۆكمەو پتەو بەژیانی ناوخۆیی‌یان.

گومان لەوەدا نیە كەبیروباوەڕی بارزانییەكان بیروباوەڕێكی سادەو ساكارە بەڵام پیٚداگرتنی ئەم بیروباوەڕە لەسەر هێشـتنەوەی بنـەماكانی بـەنهێنی، وای كـردوە گەڕان بەدوای فاكتەرە پیٚكهیٚنەرەكانیو پشكنینی رەگو ریشەی ببیٚ بـەكارێكی ئەستەم. بەهۆی ئەم دژوارییەوە، ئەم لیٚكۆڵینەوەیە حەوت ساڵی خایاند.

ئەم كتیٚبە بۆچونێك دەربارەی رەگو ریشەی بیروباوەڕی بارزانییەكان پیٚشكەش دەكاو تیۆرییەك لەم بارەیەوە دەخاتە بەردەم خوێنـەرەوە. وەك ئاشكراشـە، تیـۆری رێگایەكە بەرەو گەیشتن بەڕاستی. ئەم كتیٚبەش مەراقیٚتی بگا بەڕاستی.

دو روداو دەستیان لەكاراكردنی بیروباوەڕی بارزانیو پەرەپیٚدانی رۆڵـی تەكیـە لەژیانی گشتیی بارزانییەكاندا هەیـە. روداوی یەكـەم، شكسـتی بارزانییەكانـە لەشەڕدا لەدژی بەرواریو ئاشورییەكان لەماوەیەكدا كەدەشـێ كەوتبیٚتـە نیٚـوان ساڵانی ۱۸۲۰و ۱۸۳۰دا. لەم شەڕەدا تەكیە هیچ رۆڵێكی نەبوو و ئاكامەكەشـی بەلەناوچونی نوێنەرانی ئۆرۆستۆكراسیی كشتوكاڵیی بارزان كۆتاییی هات. ئـەم ئاكامە رەوشیٚكی لەباری بۆ دەركـەوتنی تەكیـە فەراهـەم كـرد. لیٚـرە بـەدواوە، هەلومەرجێك پیٚك هات تەكیە تیٚیدا كەوتە خۆ بۆ جیٚبـەجیٚ كردنـی پڕۆژەكـەی خۆی. روداوەكەی تر، شكستی شـیٚخ عوبەیـدوڵڵای نەهرییـە لەجەنگـدا لـەدژی ئیٚران لەساڵی ۱۸۸۰دا. ئەم شكستە تەنها بەشكسـتێكی سـوپایی دانەكـەوت، بەڵكو گەیشـتە رادەی دورخسـتنەوەی شـیٚخ عوبەیـدوڵڵا بـەخاوو خیٚزانـەوە بـۆ حیجازو پوكانەوەی دەسـەڵاتی شـیٚخایەتیی نـەهری. دوا بـەدوای ئـەم شكسـتەو لەسۆنگەی ئەو بۆشاییی‌یەوە كە بەهۆی نەمانی دەسەڵاتی نەهرییەوە پەیـدا بـوو، بارزان لەسەردەمی شیٚخ محەمەددا چـاوی بڕییـە ئەنجامـدانی رۆڵێكـی گـەورەتر لەژیانی گشتیدا.

دیارە ئەم روداوانە هەلومەرجی بابەتیی دەركەوتنی بارزانیـان پیٚـك هیٚنـاوە. بەڵام رەوا نیە هیچ پەراوێزێك بۆ رۆڵی بیروباوەڕ لەدەركەوتنی بارزانییەكانـدا وەك

ئەکتـەرێکی کاریگـەر لەناوچـەکەدا نەهێڵدرێتـەوە چـونکە ئەگـەر پێکهاتـە ئایدیۆلۆژییەکانی بیروباوەڕی بارزانی پتەوو تۆکمە نەبونایە، بارزان هەرگیز بـۆی نەدەڕەخسا روداوەکان بە بەرژەوەندیی خۆی یەکلایی بکاتەوە.

ئاشکراکردنی رەگو ریشەو پێشینەی بیروباوەڕەکـان کـارێکی دژوارە چـونکە تاوتوێ کردنی ریشەکان پێویست بەشۆڕبونەوە بەقولاییی مێژویەکی دێرینی پـڕ وێناو دیدو روانینو بیروباوەڕو تیۆری دەکا. وەك ئاشکراشە هەمو بیروباوەڕە ئاینیو سیاسیو کۆمەلایەتییەکان زادەی مێژویەکی دورو درێژی پەرەسەندنی بیرن. لـەو سۆنگەیەشـەوە کـەناتوانرێ تێکـڕای وێسـتگەکانی پەرەسـەندنی بـیری هـیچ بیروباوەڕێك بەوردی بدۆزرێنەوەو دیاری بکرێن، هانا بـردن بـۆ شـیکردنەوە لێـی رادەبینرێ ئاسەوارێکی پۆزەتیڤ لەسەر پێکەوە گرێـدانی وێسـتگە مێـژوییـیە گرنگەکان بـەجێ بێڵـێو سەرچـاوەی تـازەتری زانیـاری بـۆ دیـدە فیکرییـەکان دەستەبەر بکات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە واوەتریش رۆیشتوە، چونکە تەنها بەشیکردنەوە دانەکەوتوە بەڵکو پشـتی بەبـەراوردکردنی بیروباوەڕەکـانیش بەسـتوە. ئـەم رێوشـوێنە کـە لەناوەڕۆکدا پشت ئەستورە بەشیکردنەوەیەکی رەخنەگرانە، کەرەستەی تری دابـین کرد کـەبوە مایـەی پشـتیوانی بـۆ شـێوەی تـاوتوێ کردنـی رەوشـی مێـژوییی پەرەسـەندنی بیروباوەڕەکـانو پـەردەی لـەڕوی لایەنـەکانی جیـاوازیو لێکچـون هــەڵماڵی. بــەم پێیــە، ئــەم لێکۆڵینەوەیــە، لەبەشــی دووەم بــەدواوە بــەرگی لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردکار لەخۆوە دەپێچێ.

گومان لەوەدا نیە کەئامانجی بنچینەییی ئەم لێکۆڵینەوەیە، تاوتوێ کردنـی رەگو ریشەی بیروباوەڕی بارزانییەکانە. بەڵام لێکۆڵینەوەکـە لـەژێر کاریگـەریی میتۆدی شـیکردنەوەی بـەراوردکاردا، بـەلای ئـەوەدا دایشـکاند کـەڕوانینێکی رەخنەگرانە بۆ ریشەی چەردەیەك لەو بیروباوەڕو دیاردە ئاینییانە گەڵاڵە بکا، کـە کەم تا زۆر، پەیوەندییان بەبیروباوەڕی بارزانییەکانەوە هەیە.

سلێمانی
٢٠٠٨/٢/٢٩

# بەشی یەکەم
# ریشەکان

بۆچونی بنەڕەتیی ئەم بەشە ئەوەیە کەبیروباوەڕی بارزانییەکان دوو بناوانی هەیە: بناوانێکی ئیسماعیلیو بناوانێکی سۆفیگەری. بۆچونی پاشتریش ئەوەیە کەهەردو بناوان لەسەرەنجامدا یەکیان گرتۆتەوەو ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیی بیروباوەڕەی بارزانییەکان بەجێ هێشتووە.

ئیسماعیلییەکان گروپێکی موسڵمانی بەمەزەب شیعەن کە لەنیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمی زاینیدا لەعیراق دەرکەوتنو هەڵسوڕانیان جوڵانەوەیەکی ئاینیی کاریگەری لێ کەوتەوە. ئەم گروپە توانی پەرە بەبیروباوەڕەکانی خۆی بداو نۆڕینێکی تازەو جیاواز سەبارەت بەژیان پێشکەش بکات. سەرەڕای بنەما شیعییەکانی پێکهاتە ئایدیۆلۆژییە ریشەیی‌یەکانی، جوڵانەوەی ئیسماعیلی تا رادەیەکی زۆر توانی لەرەگو ریشە بیریارییە شیعییەکانی خۆی دور بکەوێتەوەو سیستمێکی ئایدیۆلۆژیی لەسەر بنچینەی تێکهەڵکێش کردنی ئاینو فەلسەفە دامەزراندو لەڕەوتی کەفو کوڵی هەڵسوڕاندا بەشدارییەکی گرنگی لەبیرو کەلتورو فەلسەفەی ئیسلامدا کرد. کۆڵەکەی پێکهاتەی فەلسەفیی ئیسماعیلییەت پشت بەدوو فاکتەری بنچینەیی دەبەستێ کەلێکدانەوەو راڤەکردنی ناواخنی دەقە پیرۆزەکانو سەرلەنوێ شیکردنەوەی فەلسەفەی ئەفلاتۆنیزمی نوێیە. لەنۆڕینیدا بۆ ئاین، ئیسماعیلیەت بەو چاوە سەیری ئاینی نەکرد کەتەنها دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. ئەمەش لەڕوی سایکۆلۆژییەوە بووە مایەی قوڵ کردنەوەی ئەزمونی روحانیو دانانی ئەم ئەزمونە بەبناغەی زانینی ئاینی.

جوڵانەوەی ئیسماعیلی پاش ئەوەی تێکهەڵکێشی سیاسەتو فەلسەفە بوو، لەدژی دەوڵەت کەگوایە هیچ شەرعیەتێکی ئاینیی نیەو هەروەها لەدژی سیستمە ئابورییە دەرەبەگییەکەی دەوڵەت، چەردەیەك بیروڕای داهێنا. بەمجۆرە، ئیسماعیلییەت بوو بەئامرازێك بۆ بەرپەرچدانەوەی ئۆرۆستۆکراسیی

کشتوکاڵی‌و بەم پێودانگە شتێکی ئاسایی بوو کەفەلسەفە سیاسییەکەی چوارچێوەی هۆشیارییەکی چینایەتیی سەرەتایی بەرهەم بێنێ. لەو شوێنانەدا کەئیسماعیلییەکان دەستیان بەسەردا گرت، سیستمێکی ئابوری لەسەر بناغەی سەندنەوەی زەوی لەئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵی‌و دابەشکردنی بەسەر جوتیاراندا داهات. ئەگەرچی دیدی ئیسماعیلییەکان بۆ سیستمی دەرەبەگایەتی بەئەندازەی پێویست رون‌و رۆشن نیە، بەلاَم ئەو ئەزمونەی کە بەنەهێشتنی دەسەلاَتی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵی‌و پارچە پارچە کردنی یەکە کشتوکاڵییە گەورەکان هاتە دی، شتێکی وای لێ هەڵدەکرێنردرێ کەئیسماعیلییەکان سەرگەرمی دۆزینەوەی رێگە چارەیەکی گونجاو بون بۆ کێشەی زەوی. بەمەش بزوتنەوەکەیان لەمێژوی ئیسلامدا تاکە بزوتنەوەیە کەدابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا‌و پێکهێنانی سیستمێکی هەرەوەز بناغەی پرۆژەکەی پێکدێنێ. ئەم بۆچونانەو چەندەها بۆچونی تر گوێزرانەوە بۆ ناو بزوتنەوەی بارزانی کە لەسەدەی نۆزدەهەمدا رابەرایەتیی خەباتی جوتیارەکانی لەدژی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵی کرد.

لەقۆناغەکانی پاشتردا دوو فاکتەر بونە هۆی لێك نزیکبونەوەی بزوتنەوەی ئیسماعیلی‌و بزوتنەوەی سۆفیگەری. فاکتەری یەکەم یەکدەنگی هەردو بزوتنەوەیە لەسەر دانەکەوتن بەراڤەکردنی روکەشی دەقە پیرۆزەکان‌و هەنگاونان بەرەو پشت بەستن بەلێکدانەوەو راڤەکردنێکی قوڵتر کەروکەشی دەقەکان تێدەپەرێنێ‌و بەناخیاندا شۆڕ دەبێتەوە. فاکتەری دووەمیش کاریگەریی قوڵی ئەفلاتۆنیزمی نوێیە لەسەر هەردو بزوتنەوە، بەئەندازەیەك کەهەردوکیان لەهەڵسوڕانی گشتییاندا کەوتنە پێداگرتن لەسەر تونددوتۆڵ کردنی پێکهاتە فەلسەفییەکانیان‌و سەقامگیرکردنی دیدە ئایدیۆلۆژییەکان. لەکۆتاییداو وردتر پاش لەشکرکێشیی مەغۆل، هەردو بزوتنەوە تێکهەڵکێشی یەکتری بون‌و لەبەرگێکی تازەدا کەزیاتر لەگەڵ هەلومەرجەکەدا دەگونجا، خۆیان هێنایەوە بەرهەم.

## تەوەری یەکەم

# ریشە ئیسماعیلییەکان

مێژویەکی دورو درێژ دەرکەوتنی ئیسماعیلییەکان لەدەرکەوتنی بارزانییەکان جیا دەکاتەوە. ئیسماعیلییەکان لەسەدەی هەشتەمی زاینیدا سەریان دەرهێناو بەدرێژایی‌ی دەوروبەری پێنج سەدە توانییان پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیی توندوتۆڵو تۆکمە دروست بکەنو بەهای تازە بخەنە سەر کەلەپوری بیری ئیسلامو کاریگەرییەکی قوڵ لەسەر پێکهاتە ئاینییە- فەلسەفییەکانی پاش خۆیان بەجێ بهێڵن. هەوەڵ جار ئیسماعیلیەت وەك بزوتنەوەیەکی شیعەگەریی ئاسایی دەرکەوتو پاشان بەرە بەرە، لەریشە شیعییەکانی خۆی دور کەوتەوەو لەژێر تینو تاوو کاریگەریی فەلسەفەی یۆنانیدا بەبیروباوەڕێکی فەلسەفی. چەند فەلسەفەی یۆنانی کاری کردۆتە سەر بیروباوەڕی ئیسماعیلیەت، ئەوەندەش ئیسماعیلیەت کاریگەرییەکانی فەلسەفەی یۆنانی بۆ ئەو بیروباوەڕانە گواستۆتەوە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەژێر کایگەریی ئەودا بون.

شیکردنەوەی پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکانی بیروباوەڕی بارزانی لێی رادەبینرێ ریشە ئیسماعیلییەکان بەڕونی نیشان بدا. گومانیش لەوەدا نیە کەتاوتوێ کردنی ریشە ئیسماعیلییەکانی بیروباوەڕی بارزانی بەبێ شیکردنەوەی پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکانی بیروباوەڕی ئیسماعیلیەتو پەرەسەندنی بەدرێژایی‌ی قۆناغێکی دورو درێژی مێژو نایەتە دی.

گروپی ئیسماعیلی لەسەدەی دووەمی کۆچیدا پەیدا بووە. ئەگەرچی هەمو سەرچاوەکان، لەوانە خودی سەرچاوە ئیسماعیلیەکان، ریشەی ئەم گروپە دەبەنەوە سەر روداوی کۆچی دوایی‌ی ئیسماعیلی میراتگری چاوەڕوانکراوی شەشەم ئیمامی شیعە جەعفەر سادق کەدەبو جێی باوکی بگرێتەوەو ببێ بەحەوتەم ئیمامی دانپێدانراوی زنجیرەی دوانزە ئیمامیی شیعەکان، بەلاّم رەگو ریشەی ئەو

بۆچونو بیروباوەڕانەی کەپەیکەرێکی فەلسەفیی بەهێزیان بەگروپەکە بەخشیو هەڵسوڕاوانی گروپەکە سەرگەرمی بڵاوکردنەوەیان بون لەناو ریزی موسڵمانانداو، بەدڵنیاییەوە بۆ فاکتەری قوڵتر دەگەڕێنەوە. ئیسماعیلییەت لەڕەوتی پەرەسەندنیدا ئایدیۆلۆژیاییەکی سیاسی- کۆمەڵایەتیی لەسەر بنەمای تێکهەڵکێش کردنی ئاینو فەلسەفە دامەزراند.

بیرۆکەی بنچینەییی ئیسلام، هەر بەو جۆرەی کە لەمەسیحایەتیدا باوە، لەسەر پرنسیپی هێشتنەوەی ئاین لەدەرەوەی دەسەڵاتی فەلسەفەو جیاکردنەوەی لەفەلسەفە دامەزراوە. هەر کۆششێك بۆ تێکهەڵکێش کردنی ئاینو فەلسەفە هەوڵدانێکە بۆ دەرچون لەچوارچێوە کلاسیکییە گشتییەکانی ئاینو پشت بەستن بەهەندێ ستراکتۆری ئایدیۆلۆژیی پیرۆزی نوێ. بەلای ئەو تەوژمو رەوتانەوە کە وا راهاتون بەو چاوە سەیری ئاین بکەن کەپەیکەرێکە شیاوی هەموارکردنو دەستکاری کردن نیە، ئیسماعیلیەت هەمیشە مایەی لێ بەگومان کەوتنو دڕدۆنگی بووە، گوایە بیروباوەڕەکە وەچەی هەوڵی هەندێ گروپی ناموسڵمانە بۆ دورخستنەوەی موسڵمانان لەشەریعەت[1]. بەلاَم ئەمە بەهیچ شێوەیەك راست نیە چونکە ئیسماعیلیەت لەهەناوی ئیسلامدا پەیدا بووەو لەڕێی پێکهێنانی پەیکەرێکی ئایدیۆلۆژی- کۆمەڵایەتیی تایبەتو سیستماتیك کردنی لێك ئالاَنی ئاینو فەلسەفەوە، رێوشوێنی نائاساییی بۆ پەرەپێدانی ئیسلام بەکار هێناوە.

بەشداریی بزوتنەوەی ئیسماعیلی لەکەلەپوری ئیسلامدا مایەی گومانو دودڵی نیە. ئاشکراشە کەئەم بزوتنەوەیە کەلەپورێکی وێژەییی دەوڵەمەندی لەپاش خۆی بەجێ هێشتووە کەتێیدا نۆڕینێکی پێشکەوتوی بۆ فەلسەفەی فەرمانڕەواییو رۆڵی ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لەبەدی هێنانی یەکسانیدا پێشکەش کردووە.

---

[1] عبدالله ناصری طاهری، مقدمه ای بر اندیشه سیاسی اسماعیلیه، خانه اندیشه جوان، تهران، ۱۳۷۹، ص۹.

بزوتنەوەی ئیسماعیلی بەهاتنە سەر کاری دەوڵەتی فاتیمی لەباکوری ئەفریقیا لەسەدەی دەیەمدا گەیشتە ترۆپکی سەرکەوتنەکانی. لەسەدەی یەکەمی فاتیمیدا کەلویس ماسینیۆن ناوی ناوە سەدە ئیسماعیلییەکەی ئیسلام[٢]، ئیسماعیلییەکان لەگەرمەی کەفو کوڵی خرۆشانی ئەرتۆدۆکسییانەدا چەردەیەك بیروباوەڕی سیاسی- فەلسەفییان وەك گوزارشتێکی تێڕوانینە مێژوییەکانی بزوتنەوەکە هەڵڕشت کە هەرە دیارترینیان پەیامەکانی ئیخوانولسەفایە، سەرباری بەشداری کردن لەڕاڤەکردنی دەقە پیرۆزەکانو داهێنانی لاهوتێکی جیاواز لەلاهوتی باو.

چاکەی داهێنانی پێکهاتە فیقهییەکەی ئیسماعیلییەت بەشێوەیەکی بنچینەیی بۆ هەوڵو کۆششی قازی ئەبو حەنیفەی نوعمانی کوڕی محەمەدی کوڕی مەنسوری تەمیمیی ناسراو بەقازی نوعمان دەگەڕێتەوە. چوارچێوەی فیقهیی ئیسماعیلییەت، بەو میتۆدەی کەقازی نوعمان لەسەر راسپاردەی فەرمیی خەلیفەی موعیزی فاتیمی دایهێناوە، پێودانگێکی ئیسماعیلییانەی تازە بەلاهوت دەبەخشێ. قازی نوعمان هەمو ئەو بیرو بۆچونانەی کەڕەزامەندیی خەلیفە موعیزیان لەسەر بوە، لەدوو کتێبدا کۆکردۆتەوە کەبریتین لە((کتاب الایضاح))و ((دعائم الاسلام)).

بیروباوەڕی ئیسماعیلی لەهەندێ لەگرنگترین بۆچونەکانیدا زۆر لەفەلسەفەی گنۆستیکەوە نزیك دێتە بەرچاو. ئەو بیروباوەڕەی کەدەڵێ خوا راستەوخۆ جیهانی دروست نەکردوە بەڵکو لەکردەوەیەکدا کەگوزارشت لەویستی یەزدان دەکا ئەقڵی گشتگیر یان ئەقڵی هەمەگیری داهێناوەو هەر ئەم ئەقڵە گشتگیرەشە کەجێی هەمو ئاوەڵناوە یەزدانییەکان لەخۆ دەگرێ و دەبێتەوەو هەر ئەمیشە کەنوێنەرایەتیی روخسارە دەرەکییەکانی خوا دەکا، بیروباوەڕێکە زۆر لەو بیروباوەڕە گنۆستیکییەوە نزیکە کەپێی وایە جیهانی ماددە دەستکردی خوا نیە بەڵکو دەستکردی خواوەندێکی نزمترەو ئەو یەزدانەی کەڕێو رەسمو دابو نەریتی

---

[٢] الدكتور فرهاد دفتري، مختصر تاريخ الاسماعيليين، ترجمة سيف الدين القصير، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، ٢٠٠١، ص١٣.

پیرۆزی سەپاندوە خوا نیە، بەڵکو خوا نزمەکەیە. ئەوەی کە لەزمانی یۆنانیدا پێی دەوترێ دیمیرج Demiourgos واتە خوای دروستکەر، خوا نزمەکە، کەمرۆڤو جیهانی ماددەی ئافراندووە، بەرامبەرەکەی لەبیروباوەڕی ئیسماعیلیدا ئەقڵی گشتگیرە. بەپێی ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، ئەقڵی گشتگیر لای ئیسماعیلییەکان بوو بووە خواوەندە راستەقینەکە[3]. لێرەدا مایەی سەرنجدانە کەبیروباوەڕی گنۆستیك بەرێوشوێنی جیاواز تێکەڵ بەئیسماعیلییەت بووە لەچەندین ئەدەبیاتی پەراگەندەدا خۆی نواندووە. نۆرینی شکۆمەندانەی ئیسماعیلییەکانی وڵاتی ئەودیوی روباری جیحۆن بۆ کتێبێك بەناوی ((ام القرى)) کەکەس نازانێ نوسەرەکەی کێیەو ناواخنەکەی چەندین بیروباوەڕی توندڕەوە شیعەکانو چەندین رەهەندی گنۆستیکیو مانییانەی تێدا بەدی دەکرێ، بەڵگەی کرانەوەی فراوانی ئیسماعیلییەتە بەڕوی کەلتورو فەلسەفە نائیسلامییەکاندا[4].

گومان لەوەدا نیە کەچونی ئەم بیروباوەڕانە بۆ ناو ئیسماعیلیەت، ئیسماعیلیەتی کردە بیروباوەڕێکی جوت بناوانی کەپێی وایە بونو رەوتی رۆژگارو مێژو دو بنەوانیان هەیە. بەڵام ئەم بیروباوەڕانە ئەوەندە زەقو لەبەرچاو نەبون کەبکەونە دەرەوەی سنوری گشتیی لاهوتی ئیسلامو لەکۆتاییشدا هیچ کامێکیان لەکۆنترۆڵ دەرنەچون. ئەوی راستی بێ، ئەم بیروباوەڕانە بەرگێکی وایان لەخۆوە پێچا کە بەهۆیەوە لەڕوکەشدا هیچ نەسازانێکیان لەگەڵ بنەما گشتییە ناسراوەکانی لاهوتی ئیسلامدا لێ ئاشکرا نەبو.

ئیسماعیلیەت لای وایە روخساری ئەقڵی گشتگیری ئەم جیهانە خۆی لەو ناتیقانەدا دەنوێنێ کەئەقڵی گشتگیر دەچێتە ناو جەستەیانەوەو ئەمەش دەیانکا بەپێغەمبەر یاخود دەیانکا بەو ئیمامانەی کەجێی پێغەمبەرەکان دەگرنەوەو ژمارەیان حەوت کەسە، گوایە خولی رۆژگاری هەر یەکێکیان هەزار ساڵەو هەر ناتیقێکیش وەسییەکی هەیە پێی دەوتری ئەساس، ئەرکەکەی راڤەکردنی ئەو دەقە پیرۆزانەیە کەبۆ پێغەمبەران هاتونەتە خوار. ئیسماعیلییەکان نکوڵییان

---

[3] دائرة المعارف الاسلامية، المجلد الثاني، ترجمة احمد الشنتناوي واخرون، دار المعرفة، بيروت، ١٩٣٣، ص ١٩٣.

[4] عبدالله ناصرى طاهرى، مقدمه اى بر انديشه سياسى اسماعيليه، ص ١٦.

لەنیشانەکانی خوا کردو بانگەشەیان بـۆ شـتێکی وا کـرد کـەخوا بونـەوەرێکی لەپەی پێ بردن بەدەرەو ئەقڵی مرۆڤ لەو ئاستەدا نیە کەڕاستیو گەوهـەری خـوا تێبگا. ئەگەرچی ئەم بیرو بۆچونانە پشت بـەبیروباوەڕە ئاسـاییـیـە گشـتییەکەی ئیسلام دەبەستن، بەڵام ئیسـماعیلییەکان بەئەندازەیـەك پـەرەیان پـێ دان کـەبۆ نەهێشتنی هەندێ لەڕێو رەسمە پیرۆزەکانی وەك نوێژ کردیـان بـەبیانوو، ئـەویش لەو نۆڕینەوە کە ئەگەر خوا بونەوەرێکی لەپـەی پـێ بـردن بـەدەر بـێ، کەواتـە نوێژکردنەکە بۆ ئەو نابێ بەڵکو بۆ روخسارە دەرەکییەکانی دەبێ، واتە بۆ ئـەقڵی گشتگیر دەبێ[5]. چەند مرۆڤ هەوڵی ناسینی زاتی خوا بـدات، ئـەم ناسـینە هـەر بەکەموکوڕی دەمێنێتەوەو بـەهۆی ئەمـەوە نوێـژ وەك رێوشـوێنێکی خـۆ نزیـك کردنەوە لەئافەرێنەر، هیچ سودی نابێ. ئەم تێڕوانینە پاسـاوی بـۆ ناپێویسـتیی ئەنجامدانی رێو رەسمی پیرۆز هێنایەوە چونکە ئەو رێو رەسمە بۆ خوا نابێ بەڵکو بۆ روخسارە دەرەکییەکانی دەبێ. ئەم بیروباوەڕانە بەدڵنیاییەوە وا خۆیان دەنوێنن کەمەبەستیانە بەنێو وردەکارییەکانی رازو نهێنییە یەزدانییەکاندا شۆڕ ببنـەوە، بەڵام لێرەدا مەبەستو ئامانجی ئیسماعیلییەکان ئەوەیە کەبەخشینی مەزنایەتی بەخوا بگاتە باڵاترین ئاستو زاتی خواش بەپارێزراوی بمێنێتەوە.

شـیکردنەوەی پێکهاتـە ئایدیۆلۆژییـەکانی ئیسـماعیلییەت دەری دەخـا کەنەهێشتنی فەرزەکان خاڵێکی بنەڕەتیی ئەو پێکهاتانە پێکـدێنێ. ئـەم خاڵـە بەرگێکی فەلسەفییانە لـەخۆوە دەپێچـێو پەسندکردنیشـی زاڵ کردنـی لایەنـە فەلسەفییەکەیە بەسەر لایەنە ئاینییەکـەداو ئـەم مەسـەلەیە سـەرباری هـەمو شتێك، مەسەلەیەکی ئاڵۆزە. ئاشکرایە کەئـەم بیرۆکەیـە نـەك بەیـەك کـەڕەت، بەڵکو بەشێنەییو قۆناغ بەقۆناغ بانگەشەی بۆ کراوە. لابردنـی فـەرزەکان رادەی کاریگەریی فەلسەفەی یۆنان لەسەر ئیسماعیلییەت دەردەخاو لەهەمان کاتیشدا ئەوە نیشان دەدا کەئیسماعیلییەت بەئەندازەیەك خـۆی بەنوێنـەری شـەرعیەتی ئاینی زانیوە کـە بەوپـەڕی دڵنیـاییـیـەوە سـەرگەرمی هـەموارکردنی هەنـدێ لەبنەماکانی بیروباوەڕی ئاین بووە.

---

[5] دائرة المعارف الاسلامية، المجلد الثاني، ص ١٩٣.

پەیوەنـدیی ئیسـماعیلییەت بەمەسـەلەی لابردنـی فـەرزە ئاینییەکانـەوە ئەوەنـدەی گوزارشـت لەهەڵوێسـتێکی فەلسـەفی دەکـا، ئەوەنـدە گوزارشـت لەهەڵوێسـتێکی سـۆفیگەرانە ناکـا. ئەگەرچـی هەڵوێسـتی ئیسـماعیلییەت بەرامبەر بەم خاڵە لەسەرەنجامدا تێکەڵ بەهەڵوێستی سـۆفیگەری دەبـێ، بـەڵام هۆی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئەم خاڵە خاڵی یەکانگیریی نێوان هەردو لایەن پێکدێنێ. ئەم خاڵەو چەندین خاڵی تر لەئاینـدەدا رێ بـۆ لێـك نزیـك بونـەوەی زۆرتری ئیسماعیلییەت‌و سۆفیگەری خـۆش دەکـەن. بـەلای ئیسـماعیلییەتەوە، لابردنی فەرزە ئایینییەکان لەناوەڕۆکدا رەوایی بەخشینە بەهەڵوێستی بەرامبـەر بەشەریعەت. لەم شیکردنەوەیەدا، شەریعەت توانای مرۆڤ سـڕ دەکـاو ملـی بـۆ هەندێ فاکتەر پێ شۆڕ دەکا کەمایەی تەگەرەدانن لەناسینی خـوا بەشـێوەیەکی راستەوخۆ. لەم سۆنگەیەوە هەوڵی لابردنی فەرزە ئاینییەکان لەم روانگەیەوە وەك هەوڵێك وایە بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی ناسـینی خـواو پەیوەنـدی پێـوە کـردن بـەبێ تێپـەڕین بەوێسـتگەی شـەریعەتدا. ئەگەرچـی ئـەم مەسـەلەیە دوراییەکی سۆفیگەرانەی هەیە، بـەڵام دوراییـیەـ فەلسـەفییەکە دوراییـیەـ زاڵەکە پێکدێنێ.

مەسەلەی لابردنی فەرزە ئاینییەکان بەهایەکی مێژوییی هەیە چـونکە بـەم خاڵە پێکهاتە فەلسەفییە- سۆفیگەرییەکانی ئیسـماعیلییەت لەپێکهاتـەکانی مەزهەب‌و بیروباوەڕەکانی تر جیا دەکرێنەوە. بەهای مێژوییی ئەم خاڵە لەوەدایـە کەهەمو ئەو مەزهەب‌و بیروباوەڕانەی کە لەلابردنی فـەرزە ئاینییەکانـدا شـوێن پێی ئیسماعیلییەتیان هەڵگرتوە، لەوانە بیروباوەڕی بارزانییـەکان، بەڵگەیـەکی بـەهێزیان لەسـەر ئـەوە بەدەسـتەوە داوە کەپەیوەنـدییان بـەبیروباوەڕی ئیسماعیلییەتەوە هەیە (بڕوانە: قۆناغی ئاشکراگەرایی). جگـە لـەدوو گـروپ، یەکێکیان بزوتنەوەی خورەمدینانی ئێرانە کەپەیوەندیی بە کەلەپوری ئیسلامەوە زۆر لاوازەو ئەوی تر تەریقەتە سۆفیگەرییەکانە کەڕێزێکی بێ پایانیان لـەژیانی روحانی گرتووەو بەچاوێکی سـوکەوە سـەیری خۆشـییەکانی جیهـانی ماددییـان کردووە، مێژوی بیری ئیسلام تـەنها بزوتنـەوەی ئیسـماعیلیی تێـدا هەڵکـەوتوە کەپشتگیریی لەداوای نەهێشتنی فەرزە ئاینییەکان کردووە.

لەم بارەیەوە، لابردنی فەرزە ئاینییەکان پەیوەندیی بەقۆناغێکەوە هەیە کە لەزمانی ئیسماعیلییەکاندا بەقۆناغی خۆئاشکراکردن ناسراوە. بۆ روونکردنەوە، ئیسماعیلییەت بانگەشەی بۆ دوو قۆناغ کردووە: قۆناغی خۆ مات کردنو قۆناغی خۆ ئاشکراکردن. جیاوازیی نێوان هەردو قۆناغیش رونە. قۆناغی خۆ مات کردن ئەو قۆناغەیە کەدەرفەتێك بۆ ئاشکراکردنی بیروباوەڕ بۆ ئیسماعیلییەکان پێك ناهێنێو ئەم قۆناغە زۆربەی جار قۆناغی تەقیە پێکدێنێ. هۆی خۆ مات کردنو ئاشکرا نەکردنی بیروباوەڕ بۆ ترس لەچەوسانەوە یان بۆ سڵ کردن لەگەلەکۆمەکێی نەیاران دەگەڕێتەوە. قۆناغی خۆئاشکراکردنیش ئەو قۆناغەیە کەپێویست ناکا بیروباوەڕەکانی تێدا بشاردرێتەوە چونکە نەیاران توانای چەوساندنەوەی ئیسماعیلییەکانیان نیەو جولانەوەی ئیسماعیلیش بەڕادەیەك باسکی ئەستور بووە کە بەهیچ شێوەیەك سڵ لەروبەروبونەوەی نەیارەکانی ناکاتەوە.

نەهێشتنی فەرزە ئاینییەکان پەیوەندیی بەقۆناغی خۆ مات کردنەوە نیە چونکە بەئاشکرا نەهێشتنی فەرزەکان لەم قۆناغەدا گێچەڵێکی زۆر بۆ جولانەوەکە دروست دەکاو بۆ گورز وەشاندن لەئیسماعیلییەکان پاساوی پێویست بۆ نەیاران دابین دەکا. بەڵام لەسەردەمی خۆئاشکراکردندا مەسەلەکە زۆر ئاسایی دێتە بەر چاو چونکە هیچ چەوسانەوەیەك لەگۆڕێدا نابێ. بڕیاری خۆئاشکراکردن دەوەستێتە سەر لێکدانەوەی رابەری ئاینی. بیروباوەڕی ئیسماعیلییەت وێنەیەکی ئێجگار نمونەییی قۆناغی خۆئاشکراکردن دەکێشێ کەگوایە تێیدا پەیڕەوەکان لەکۆمەڵێکی نمونەییی بێ رقو کینەدا دەژین، بەرەکەتی یەزدان بەسەریاندا دەبارێو لەم سۆنگەیەوە درەختیان بەر دەگرێو زانستیان پەرە دەسەنێو ئاژەڵی کێوی تخونیان ناکەوێ. لێرەدا لابردنی فەرزەکان شتێکە لەبابەتی خەڵات کردن. دەستنوسی نوسەرێکی نەناسراو بەناونیشانی ((چەند مەسەلەیەك دەربارەی راستییەکانو وەڵامەکانیان)) کەڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمان رۆدۆلف شتروتمان ئەرکی تاوتوێ کردنو راستکردنەوەو بڵاوکردنەوەی گرتۆتە ئەستۆ، بەچەشنێکی فرە نمونەیی باسی کۆمەڵی قۆناغی خۆئاشکراکردن دەکا کەتێیدا فەرزەکان لەسەر پەیڕەوەکان هەڵدەگیرێنو لەم سۆنگەیەوە پەیڕەوەکان چیتر ناچار نابن خەریکی

نوێژو زەکاتو حەجو رۆژوو و جیهاد بن و لەو کۆمەڵگایەدا سێکس هیچ واتایەکی نابێو پیاوەکان ساڵی جارێكو تەنها بۆ وەچە خستنەوە بەلای ژنەکانیاندا دەچن[٦].

ئیسماعیلییەت رونی دەکاتەوە کەشەریعەت لەقۆناغی خۆئاشکراکردندا هەر دەمێنێو هەموی لەناو ناچێ. ئەوەی کە لەناو دەچێ، تەنها فەرزەکانە[٧]. ئەمە مانایەکی وای هەیە کەئیسماعیلییەت ئەگەرچی بانگەشەی نەسخ کردنی فەرزەکانی کردوە، بەڵام بانگەشەی بۆ کۆمەڵگایەکی بێ شەریعەت نەکردووەو لەهەمان کاتیشدا لەو بڕوایەدا بوە کەشەریعەت شتێکی نەمر نیەو هەر کات بەرژەوەندیی مرۆڤ پێویستی بەهەموارکردنی شەریعەت بێ، دەمو دەست هەموار دەکرێ.

لەکاتێکدا هەندێ لەبیرمەندە ئیسماعیلییەکان پێیان وابو شەریعەت لەناو ناچێ بەڵام دەشێ دەستکاری بکرێ، هەندێکی تر، لەوانە بۆ نمونە نەسفی، واوەتر رۆیشتنو وایان دانا کەقۆناغی حەوتەمی مێژوی ئاینی سەردەمێکی بێ شەریعەتی ئاینی دەبێ. ئەم وێنایە واتایەکی وا دەبەخشێ کە لەقۆناغی خۆئاشکراکردنی تەواودا، واتە ئەوەی کەئیسماعیلییەکان بەقۆناغی حەوتەم ناوی دەبەنو تێیدا سەرکەوتنی یەکجارەکیی ئیسماعیلییەت دێتە دی، هیچ شەریعەتێکی ئاینی لەگۆڕێدا نابێ چونکە ژیانو گوزەرانی خەڵکی پێویستی بەشەریعەت نابێ. بەم مانایە، ئیسماعیلییەت هەمو شەریعەتەکانی تر نەسخ دەکاو ژیانە تازەکە بەبێ شەریعەت هەڵدەسوڕێنێ. وردبونەوە لەریزبەندیی حەوت قۆناغەکەی شەریعەت ئەم تێگەیشتنە رون دەکاتەوە چونکە لەم ریزبەندییەدا قۆناغی شەشەم قۆناغی ئیسلامە کە کەوتۆتە پێش دوایین قۆناغی مێژوی ئاینیی مرۆڤایەتی[٨].

---

[٦] رودلف شتروطمان (المحقق)، اربعة كتب اسماعيلية، دار التكوين للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٦، ص ١٦-١٧.

[٧] هەمان سەرچاوە، ل ٩٧.

[٨] الدكتور فرهاد دفتري، مختصر تاريخ الاسماعيليين، المصدر السابق، ص١٠٧.

دیدی کۆزمۆلۆژیی ئیسماعیلییەکان بڕێکی زۆر بیروباوەڕی قورئانی گرتۆتە خۆو لەوردەکاریی هەندێ مەسەلەدا کەدەقە ئیسلامییە پیرۆزەکان بەڕونی زۆر لەسەری نەرۆیشتون، کۆزمۆلۆژیای ئیسماعیلییەکان فرە بەهرەمەندو دەوڵەمەندە. بیروباوەڕی ئیسماعیلییە بەراییەکان زۆر لەبیروباوەڕی ئیسماعیلییەکانی دواتر جیاوازە چونکە ئیسماعیلییەت پرۆسەیەکی دورو درێژی پەرەسەندنی بەخۆوە دیوەو لەسەرەنجامدا بەو ئاکامە گەیشت کە لەکۆتاییدا لەسەری گیرسایەوەو ئەمە وای کرد بیروباوەڕەکانی لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی ترو لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاواز بن.

ئیسماعیلییەت لەڕەوتی هەڵسوڕانیدا کەوتە بانگەشەکردن بۆ هەندێ بیروباوەڕ کە لەگەڵ بیروباوەڕە گشتییە ئاساییو باوەکاندا تەبا نەبون. ئیسماعیلیەت پەراوێزێکی ئازادیی بیروڕای بۆ خۆی هێشتەوەو لەچوارچێوەی ئەو ئازادییەدا کەوتە دارشتنەوەی هەندێ بۆچونو بیروباوەڕ کەمانایەکی تازەیان بەچەمکە کلاسیکییەکان بەخشی. لەچوارچێوە گشتییەکەی ئیسلامدا، ئیسماعیلییەکان چەردەیەك شرۆڤەی دەقی پیرۆزیان لەبەرگێکی فەلسەفیدا خستە بەرچاوو هەوڵیشیان دا هاوسەنگییەك لەنێوان کرۆکی دەقە پیرۆزەکانو پێداویستییە ماددییەکانی لۆجیکی بیرکردنەوەدا پێك بێنن. لەم هەنگامەیەدا لەسەر ئاستێکی فراوان بانگەشەیان بۆ تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان لەژیانی پاش مردن کردو هەندێ لەنوسینەکانیان نیشانی دەدەن کەئەو بەهەشتو پاداشتەی لەدەقە پیرۆزەکاندا ناویان هاتووە، بەو جۆرە نین کەخەڵکی لێی تێگەیشتون، بەم پێیە بەهەشتو دۆزەخ بەرجەستە نینو لەکاتێکدا بەهەشت هێمای ئەقڵە، دۆزەخ سمبولی نەزانینە[9]. فەیلەسوف ئیبن عەرەبی بەمجۆرە گوزارشتی لەم مەسەلەیە کردوە ((لای ئێمە نەزانی پەیوەندیی بەخوێندنەوەی قورئانو زانینی سەرگوزشتەی پێغەمبەرەوە نیە. لای ئێمە نەزان ئەو کەسەیە کەتێڕوانینی بیرو توانای ئەقڵی خۆی بۆ هەڵهێنجانی واتاو رازو نهێنی لەقورئانو سەرگوزشتەی پێغەمبەر بەکار نەهێناوەو هیچ بەڵگەی ئەقڵیی

---

[9] عباس قدیانی، تاریخ ادیان ومذاهب در ایران، انتشارات انیس، تهران، ١٣٧٤، ص ٢٧٢.

لێ هەڵنەکڕاندون))[١٠]. ئەمە بەم مانایە دێ کە بەلای ئیسماعیلییەتەوە گەیشتن بەڕاستییە ڕەهاکان کەدەرفەتێك بۆ ئاشکراکردنی نهێنییە یەزدانییەکان دەڕەخسێنێ، یەکسانە بەگەیشتن بەبەهەشتو لەم ڕووەوە پەی نەبردن بەڕاستییە ڕەهاکان هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ نەزانیدا نیە.

هەڵوێست بەرامبەر بەکێشەکانی تر شوێن پێی هەمان تێڕوانینی هەڵگرتو لەم سەروبەندەدا ئیسماعیلییەکان بانگەشەیان بۆ قیامەت بەمانا باوەکەی نەکردو وای بۆ چون کەزیندوبونەوە بەواتا ئاینییەکەی بەمانای گەڕانەوەی ماددی بۆ ژیان نیە بەڵکو تەنها گەڕانەوەیەکی ڕوحانییە. یارمەتیدەر بۆ بلاوکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە، ئەوەیە کەدەقە پیرۆزەکان ئەم بابەتەیان بەیەکجارەکی یەکلا نەکردۆتەوەو پەراوێزێکیان تێدا هێشتۆتەوە ڕێی داوە هەندێ بۆچون لەبارەیەوە سەر دەربێنێ. چەردەیەك لەهۆنراوەکانی ناسر خەسرەو دەربارەی زیندوبونەوە تێڕوانینێکی ڕونمان لەسەر ئەوە بۆ دروست دەکەن کەئیسماعیلییەکان باوەڕیان بەوە نەبوە کەمردووەکا ن لەڕۆژی قیامەتدا بەجەستەوە زیندو دەبنەوە. ئیسماعیلییەکان چەمکە باوەکەی چێژو خۆشییە جەستەییەکانی ڕۆژی قیامەتیان پوچەڵ کردەوەو هەندێ بۆچونی تازەیان داهێنا کەپاکیی ڕوحانی بەسەریدا زاڵە. ئیسماعیلییەکان نکوڵییان لەبونی هەمو چێژو خۆشییەکی جەستەیی لەڕۆژی قیامەتدا کردو لەو بڕوایەدا بون کەپرنسیپی بەدەست هێنانی چێژو خۆشیی جەستەیی وەك پاداشتێکی تەقوای ئاینیی سەردەمی ژیانی ماددی لەگەڵ پرنسیپی خاوێنیی ڕوح و بەرزیی بیروباوەڕی پیرۆزدا وێك نایەتەوە. سەبارەت بەگیروگرفتی ئەو دەقانەش کەبەڵێنیان بەباوەڕداران داوە لەژیانی پاش مردندا چێژو خۆشیی جەستەییان بۆ دابین بکەن، هەندێ لەبیرمەندانی ئیسماعیلییەت وا پاساویان هێنایەوە کەمەبەست لەو دەقانە هاندانی باوەڕدارانە بۆ گوێڕایەڵی. هەندێ لەنوسینەکان بەلای ئەوەدا دادەشکێنن کە مادام ژیانی پاش مردن تەنی

[١٠] ابن عربي، الفتوحات المكية في معرفة الاسرار المالكية والملكية، الجزء الثاني، دار الكتب العربية، القاهرة، ١٣٢٩هـ، ص ٦٤٤.

ماددیی تێدا نیە، کەواتە زۆر ئاساییە کە نە چێژی جەستەیی هەبێ نە ئەشکەنجەی جەستەیی[11].

ئەم نمایش کردنەی بیروباوەڕی ئیسماعیلییەکان دەرفەتی تێبینی کردنی لایەنێکی گرنگی بیروباوەڕیان دەرەخسێنێ کەڕێزگرتنە لەئەقڵو زاڵ کردنی لایەنی روحانی بەسەر لایەنی ماددیو بانگەشەکردن بۆ بیروڕایەکی وا کەباوەڕهێنان بەشێوەیەکی ئارەزومەندانەو پاش بیر لێ کردنەوە ئامانجی سەرەکیی ژیانی ئاینییە چونکە باوەڕی راستەقینە تەنها زادەی ئەقڵە کەئەویش گوزارشتێکی لۆجیکییە لەتێگەیشتنی راستیی رەها. ئەمەش لەنوسینەکانی قازی نوعمانو ناسر خەسرەوو ئیخوانولسەفاو هی تردا بەڕونی دیارە.

کاریگەریی فەلسەفەی یۆنان لەسەر ئیسماعیلییەت شتێکی رونو دیارە. شایانی باسە کەکوردستانی باکورو وردتر شاری ئورفە (روهای دێرین) یەکەم شوێنە فەلسەفەی یۆنانو فەلسەفەی رۆژهەلاّت تێیدا بەیەك گەیشتن، ئەویش کاتێك خوێندنگە فەلسەفییەکەی ئورفە دامەزراو سریانەکانی شارەزای زمانی یۆنانی کەوتنە وەرگێڕانی نوسینەکانی فەلسەفەی یۆنان بۆ سەر زمانی سریانی. ساڵی ٤٨٩ ئیمپراتۆری بیزانت زینۆن لەکۆششێکدا بۆ خەفەکردنی کاریگەریی خوێندنگەی ئورفە کەزیاتر بەخوێندنگەیەکی نەستوریی دادەنا، خوێندنگەکەی داخست. بەلاّم لەم کارەدا هیچی بەهیچ نەکرد چونکە سریانەکان خوێندنگەیەکی تریان لەنوسەیبین کردەوەو ئەم خوێندنگەیە دواتر بوو بەسەنتەرێکی گرنگی لاهوتو فەلسەفە. ساڵی ٥٢٩ کاتێك ئیمپراتۆری بیزانت جۆستنیان خوێندنگەی ئەسینای داخست، حەوت کەس لەفەیلەسوفە ئەفلۆتینییەکانی ئەم خوێندنگەیە رویان کردە ئێران. لێرەدا فارسەکان بۆ سود وەرگرتن لەزانستی سریانەکان هونەرێکی زۆریان نواند. گەواهییەکەش ئەوەیە کەزۆربەی هەرە زۆری مامۆستاکانی شاری گوندیشاپور کەپاشای ساسانی نەوشیروان لەسەدەی

---

[11] مارشال گ. س. هاجسن، فرقه اسماعیلیه، ترجمه فریدون بدره ای، چاپ چهارم، شرکت انتشارات علمیو فرهنگی، تهران، ۱۳۷۸، ص ۳۳ (گفتار مترجم).

شەشــەمی زاینیــدا دروســتی کــردوە، ســریان بــون[12]. ئەمــە دەریــدەخا کــەپێك گەیشتنی فەلسەفەی یۆنانو فەلسەفەکانی رۆژهــەلات لەئورفــە، دواتــر پــەرەی سەندو ئاسەوارێکی زۆری لەسەر رەوشی فەلسەفیی ئێــران بــەجێ هێشــت. لــەم چوارچــێوەیەدا، پــاش روخــانی دەوڵــەتی ساســانی لەســەر دەســتی عەرەبــە موسڵمانەکانو بونی ئێران بەوڵاتێکی موســڵمان، ئێــران رەوشــێکی فەلســەفیی بەهێزی تێدا بوو کەتێیدا فەلسەفەی یۆنان تێکەڵ بەفەلســەفەکانی رۆژهــەلات بوو و ئەمەش زەمینەیەکی لەباری بۆ پێك گەیشتنێکی سەرەتاییی فەلســەفەی یۆنانو بیروبــاوەڕی ئیســلام فەراهــەم کــرد. لەئاکامــدا موســڵمانەکان کەوتنــە هەوڵدان بــۆ زیــاتر شــارەزابون لەفەلســەفەی یۆنــان. لــەو سۆنگەیەشــەوە کــە عەرەبەکان زمانی یۆنانییــان نــەدەزانی، شــوێن پێــی فارســەکانیان هــەڵگرتو وەرگێڕە سریانەکانیان هاندا ئاسەوارە فەلسەفییە یۆنانییــەکان وەربگێڕنــە ســەر زمانی عەرەبی.

لەم بارەیەوە تیۆرییە ئەفلاتونییەکەی پرشنگدانەوە کلیلی تێگەیشتنی هەمو کاریگەرییەکی فەلسەفەی یۆنان لەسەر بیروبــاوەڕی ئیســلام پێکــدێنێ چــونکە لەناو هەمو تیۆرییە فەلســەفییەکانی یۆنــان هــیچ تیۆرییــەك بەقــەد تیۆرییــە ئەفلاتونییەکەی پرشنگدانەوە کاری نەکردۆتە سەر بیروبــاوەڕی ئیســلام. مایــەی تێڕامانە کەکاریگەریی فەلســەفەی یۆنــان لەســەر ئیســماعیلییەت بــەتیۆریی پرشــنگدانەوە دەســت پێــدەکا. هــەر ئــەم تیۆرییەشــە کەگروپــە نهێنییەکــەی ئیخوانولسەفا پێکهاتەی فەلسەفیی خۆی لەسەر دامەزراند[13]. بەجۆرە، هەر یەك لەبزوتنەوەی ئیسماعیلیو گروپی ئیخوانولسەفاو زۆربەی گروپــە ســۆفیگەرەکان لــەوەدا یەکدەگرنــەوە کــەئامرازیان بــۆ تۆکمــەکردنی کرۆکــی فەلســەفەکەیان، تیۆریی پرشنگدانەوەیە.

---

[12] هنري كوربان، تاريخ الفلسفة الاسلامية، ترجمة نصير مروة وحسن قبيسي، الطبعة الثانية، دار عويدات للنشر والطباعة، بيروت، ١٩٩٨، ص ٥٦.

[13] جولد تسيهر، العقيدة والشريعة في الاسلام، ترجمة محمد يوسف موسى، دار الرائد العربي، القاهرة، ١٩٤٦، ص ٢١٣.

لەڕوی فەلسەفییەوە، هۆی کارایی‌و گورج‌و گـۆڵیی جوڵانـەوەی ئیسـماعیلی دەچێتەوە سەر ئـەوەی کەجوڵانەوەکـە توانیویـەتی بەشـێوەیەکی سـەرکەوتووانە ئـەفلاتونیزمی نـوێ تێکـەڵ بەفیسـاگۆریانیزمی نـوێ بکـات. ئاشکراشـە کەئەفلاتونیزمی نوێ لەگەوهەردا بەرچاوترین گوزارشتە لەتێکهەڵکێش بـونی کەلتوری ڕۆژهەڵات‌و فەلسەفەی یۆنان. ئـەفلۆتین (٢٠٤-٢٧٠)، دامـەزرێنـەری ئەفلاتونیزمی نوێ، لەمیسر لەدایك بووەو لەئەسکەندەریەی خوێندووەو پێکـەوە سازاندنی فەلسەفەو ئاین بناغەی فەلسەفەکەی پێکدێنێ. ئەم ئامانجـە هـەمان ئەو ئامانجەیە کەئیسماعیلییەت هەوڵی بۆ داوە. لـەکاتی لەشکرکێشـییەکەیدا بۆ سەر ئێران، ئەفلۆتین یاوەری ئیمپراتۆر گۆردیانی سێیەم بوو. ئەم یاوەرییە ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساند کە بەشـێوەیەکی قـوڵتر سـەرودەر لەکـەلتوری ئێـران دەر بکات. پاش تیرۆرکردنی ئیمپراتۆر بەدەستی سـەربازەکانی، ئـەفلۆتین روی کـردە هاران لەکوردستانی باکورو دە ساڵی تێدا گوزەراند. لەسەر دەستی شـاگردەکەی، فەرفۆریوسی سوری، بیروباوەڕەکانی ئەفلۆتین تێکەڵ بەبیروباوەڕەکانی فیساگۆرسی یۆنان بون[14]. ئەوەی زۆرتر باوە ئەوەیە کەبڵاوبونەوەی ئەفلاتونیزمی نوێ لەسوریا بەئەندازەیەکی فراوان، یارمـەتیدەر بووە بۆ بەئاسانی دزەکردنی بۆ نـاو پێکهاتـە فەلسـەفییەکانی ئیسـماعیلییەت. خوێنـدنی کتێبـی کۆمـاری ئـەفلاتون لەخوێندنگــە ئایدیۆلۆژییــە ئیســماعیلییەکاندا ڕەنگدانــەوەی پابەنــدبونی ئیســماعیلییەتە بــەناوەڕۆکی کتێبەکــە[15]. ســەرکەوتنی سەرســوڕهێنەری ئیسماعیلییەکان لەپێکهێنانی شانە لـەزۆر شـوێندا، بـۆ پتـەوی‌و تۆکمـەیی‌ی بیروباوەڕەکانی ناو کتێبی کۆماری ئەفلاتون دەگەڕێتەوە. بەڵام گومان لەوەدا نیـە کەناکرێ ئەوە لەبیر ببرێتەوە کەبەشێکی زۆری سەرکەوتنەکە پەیوەندیی بەوەشەوە هەیە کەئیسماعیلییەکان وەستایانە توانیویانە هەندێ لەو بیروباوەڕانە بەجۆرێك هەموار بکەن کەخەڵکی بەئاسانی لێی تێبگەن‌و لەهەمان کاتیشدا بیروباوەڕەکە لەچوارچێوەی گشتیی تێڕوانینە ئیسلامییەکان نەترازێ.

---

[14] محمد عبدالحميد الحمد، اخوان الصفا والتوحيد العلوي، الرقة، ١٩٩٨، ص١١٦.

[15] عارف تامر، اسماعيليه وقرامطه در تاريخ، ترجمه دكتر حميرا زمردي، انتشارات جام، تهران، ١٣٧٧، ص ٥٨.

ئیسماعیلییەت بەشێوەیەکی ئاسۆیی بیروباوەڕەکانی بڵاو کردەوەو لەگۆشە نیگای بەستنەوەی چەمکە ئایدیۆلۆژییەکان بەڕیفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانەوە تەماشای مەسەلەی پەرەپێدانی بیروباوەڕی کرد. بەڵام ئیسماعیلییەت بانگەشەی بۆ شێوە کارێکی دیاریکراو نەکردو هەڵبژاردنی تاکتیکە گونجاوەکانی بۆ هەرێمەکان هێشتەوە، ئەویش بەپێی بارودۆخو پێداویستییە سیاسییەکانیان. لەهەمو بارو دۆخێکدا، ئایدیۆلۆژیا وەك بەهێزترین ئامرازەکانی پتەوکردنو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئیسماعیلی مایەوە. ئایدیۆلۆژیا، تەنانەت لەو هەلومەرجانەشدا کەسەرکردایەتیی ناوەندیی تێدا لاواز بوو، بەسەر هەمو هەڵسوکەوتی گروپە ئیسماعیلییەکاندا زاڵ بوو، هەستی تۆکمەیی‌ی سەقامگیرتر کردو دەرفەتی گونجاوی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیی‌یەکان پێك هێنا. داهێنانی ڕێوشوێنی تازەی کارکردن کە لەگەڵ ژینگە لۆکالییەکاندا بگونجێ، هیچ تەگەرەیەکی نەخستە بەر ڕێی جێبەجێ کردنی بیروباوەڕە گشتییەکان.

لەباشوری عیراقدا، لەشوێنێکدا کەجوتیارەکان ژیانێکی کولەمەرگییان تێدا دەبردە سەرو ململانێی چینایەتیی نێوان جوتیارانو ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ تێیدا لەوپەڕی توندوتیژیدا بوو، ئیسماعیلییەت واتایەکی پیرۆزی بەشۆڕش بەخشی‌و مەسەلەی زەویی وەك ئامرازی بەرهەم هێنان بەپێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکانەوە بەستەوە. جوڵانەوەی ئیسماعیلییە قرمتییەکانی باشوری عیراق نمونەی بانگەشەکردنە بۆ شۆڕش لەڕێی ئایدیۆلۆژیاوە.

سەرەڕای پەیوەندیی نامۆی نێوان قرمتییەکانو جوڵانەوەی ئیسماعیلی‌و ئەگەری دانانی بزوتنەوەی قرمتی بەبزوتنەوەیەك کەدەشێ لەئیسماعیلییەت جیا بووبێتەوە، پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکانی بزوتنەوەی قرمتی بەشێوەیەکی گشتی دەرفەتێکی وا دەڕەخسێنن کەبتوانرێ بەو چاوە سەیری بکرێ کەبزوتنەوەیەکە ویستویەتی بیروباوەڕە گشتییەکانی ئیسماعیلییەت بەڕێوشوێنێکی تایبەت‌و بەبێ دەرچون لەچوارچێوەی گشتییەکەی ئیسماعیلییەت جێبەجێ بکات. ئاشکراشە کە لەکاتێکدا جوڵانەوەی ئیسماعیلی پەلوپۆی دەهاوێشت، پەیوەندیی نێوان قرمتییەکانی باشوری عیراق‌و ناوەندی سەرکردایەتیی ئیسماعیلییەکان

لەسەلەمیە لەسوریا لەبەر هەندێ هۆی نارۆشن، بەڵام زۆرتر ئایدیۆلۆژی، توشی سەرەنگرێ بوو. لەکاتێکدا ناوەندی سەرکردایەتیی ئیسماعیلییەکان خۆی ئامادە کردبوو بانگەشە بۆ تیۆریی ئایدیۆلۆژیی تازە بکات، بزوتنەوەی قرمتیی باشوری عیراق هێشتا سور بوو لەسەر ئیمامەتیی محەمەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی جەعفەری سادق[١٦]. بەشێوەیەکی گشتی، سەرەڕای کاریگەریی بەهێزی ئایدیۆلۆژیا لەسەر رەفتاری، بزوتنەوەی قرمتیی باشوری عیراق لەژێر کاریگەریی ژینگە جوتیارییەکەی خۆی مایەوەو وای دانا کەئەرکەکەی نەهێشتنی دەسەڵاتی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵو دابەشکردنی زەوییە بەسەر جوتیاراندا.

گومان لەوەدا نیە کەئیسماعیلییەت سیستمە ئابورییە- کۆمەڵایەتییەکەی خۆی بەپشت بەستن بەفەلسەفەیەکی سیاسی دامەزراندوە. بەرنامە ئابورییە- کۆمەڵایەتییەکە جەخت دەکاتە سەر مۆرکی چینایەتیی پەیوەندییەکان. شتێکی بەڵگەنەویستیشە کەبزوتنەوەی ئیسماعیلی تەنها لەو کاتەدا بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ کردووە کەسیاسەتەکەی سەبارەت بەپەیڕەوکردنی هێز بۆتە هۆی راماڵینی دەسەڵاتی دەوڵەت. لەڕوی کردارەکییەوە، بەرنامە ئابورییە- کۆمەڵایەتییەکەی ئیسماعیلییەکان تەنها لەو شوێنانەدا هاتە دی کەهەلومەرجەکەیان رێی دا گواستنەوە لەقۆناغی خۆشاردنەوە بۆ قۆناغی خۆئاشکراکردن روو بدات. بەجۆرە، پاش ئەوەی قەڵەمڕەوێکی بەرینی باشوری عیراق کەوتە ژێر دەسەڵاتی قرمتییەکان، ئیسماعیلییە قرمتییەکان پێکهاتەی ئابوری- کۆمەڵایەتیی تایبەتیان دامەزراندو سیستمێکی گوزەرانیان داهێنا کە لەسیستمی گوزەرانی دەوروبەریان جیاواز بوو.

سیستمی ئابوری- کۆمەڵایەتیی قرمتییەکان لەسەر بنەمای پارچە پارچە کردنی خاوەنێتیی گەورەی زەویو دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا دامەزراوە[١٧]. شایستەی تێڕامانە کەهەر هەوڵێك بۆ هێنانە دیی پێکهاتەی ئابوری- کۆمەڵایەتیی تازەو جیاواز لەسیستمی ئابوری- کۆمەڵایەتیی دەوڵەت،

---

[١٦] حسن بزون، القرامطة بين الدين والثورة، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، ١٩٩٧، ص ٢٤٥.

[١٧] بندلي جوزي، من تاريخ الحركات الفكرية في الاسلام، دار رؤية للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٦، ص١٦٩.

هەمیشـــە بـــە بـــەکارهێنانی زەبروزەنگـــەوە گـــرێ دراوە چـــونکە ئـــەو هێـــزە کۆمەڵایەتییانـــەی ســـەرگەرمی هێنانـــە دیـــی ئـــەو پێکهاتانـــەن، بەرێوشـــوێنی ئاشتییانە پێکهاتە داواکراوەکانیان پێ نایەتە دیو ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانـەش کەدژی هێنانە دیی ئەو پێکهاتانەن، بۆ پاراستنی سیستمی پێشو لێبڕاوانـە دژی هەوڵەکە دەوەستنەوە. لێرەدا خەبات لـەپێناوی هێنانـە دیـی پێکهاتـەی تـازەدا دوراییەکی نۆژەنکارانە وەردەگرێ. بزوتنەوەی ئیسماعیلی بۆیە لەگەڵ سیستمی پێشودا توشی پێکادان هات چونکە بەبێ رامالینی دەسـەڵاتی ئۆرۆستۆکراسـیی کشتوکاڵ هیچ پێکهاتەیەکی ئابوریی نوێ نەدەهاتە دی. لەئاستی ئـەم خاڵـەدا، ئامانج لەسەندنەوەی زەوی لەئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵی باشوری عیراق گۆڕینی سیســـتمێکی بـــەزۆر ســـەپێنراوە بەسیســـتمێك کـــەدەتوانێ ملکەچـــبونی ئارەزومەندانەی پەیڕەوەکان مسۆگەر بکات. بێگومـان ئـەم کۆششـە گوزارشـت لەدیدی ئیسماعیلییەکان بـۆ مانـای دادپـەروەری دەکـاو ئـەوەش رون دەکاتـەوە کەهێزە کۆمەڵایەتییەکان دەستپێشخەری لەپشتگیری کردنـی هـیچ سیاسـەتێك ناکەن ئەگەر ئەو سیاسەتە گوزارشت لەبەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان نـەکات. لەم سۆنگەیەوە ئیسماعیلییەت کەوتە هەوڵدان بۆ ئافراندنی پێکهاتەیـەك کـە لەگەڵ بەرژەوەندیی چینایەتیی پەیڕەوەکانیدا بگونجـێ بـۆ ئـەوەی هانـدەرێك بـۆ پابەنـدبون بـەبیروباوەڕو پاراسـتنی بەرژەوەندییـەکانی خـۆی پێـك بێنـێ. لـەم چوارچێوەیەدا، قرمتییـەکان سیسـتمێکی هـەرەوەزیان داهێنـا کـەناویان نـابوو سیســتمی ئولفــەت (ئاشــنایەتی) و ئامانجەکــەی هاوبەشــبون بــوو لــەموڵكو ساماندا[18].

بزوتنەوەی ئیسماعیلیی لێ دەرچێ، هەمو مێژوی ئیسلام هیچ بزوتنەوەیـەکی تری تێدا نیە لەڕوانگەی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامگەراوە بانگەشەی بۆ دابەشکردنی زەوی بەســەر جوتیارانــداو نەهێشــتنی دەســەڵاتی ئۆرۆستۆکراسـیی کشـتوکاڵی کردبـێ. بــەم واتایــە، بزوتنــەوەی ئیســماعیلی تاکــە بزوتنەوەیــە روبــەڕوی ئۆرۆستۆکراسیی کشـتوکاڵ بۆتـەوەو جوتیـارانی لـەدژی ئـەم ئۆرۆستۆکراسـییە

[18] حسن بزون، القرامطة بين الدين والثورة، المصدر السابق، ص ١٩٠.

هاندابیّ‌و پاش نەهێشتنی دەسەڵاتی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵیش یەکەی ئابوری- کۆمەڵایەتیی لەسەر بنچینەی پارچە پارچە کردنی خاوەنێتیی گەورەی زەوی‌و هێنانە دیی ئابوریی بچوك بچوك دامەزراندبیّ کەبەرهەمهێنەری بچوك تێیدا پشت بەبەرهەمی خۆی ببەستیّ‌و هیچ بەشێکی لیّ نەدا بەئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ.

ئەو سیستمە ئابوری- کۆمەڵایەتییەی کەئیسماعیلییەت لەباشوری عیراقی داهێنا، ریّك هەمان ئەو سیستمەیە کەتەکیەی بارزان لەکۆتاییی سەدەی نۆزدەهەمدا جێبەجێی کرد. لێرەدا بزوتنەوەی ئیسماعیلی بەرگی بزوتنەوەیەکی دژ بەئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ لەخۆوە دەپێچیّ. ئیسماعیلییە قرمتییەکانی باشوری عیراق وەك چۆن بەخەبات‌و تێکۆشان زەوییان لەچنگ ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ دەرهێنا، شێخایەتیی بارزانیش توانی رابەرایەتیی تێکۆشانی جوتیاران لەدژی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ بکات.

لەبیروباوەڕی بارزانیدا مەسەلەی نەهێشتنی دەسەڵاتی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ بەرگی مەسەلەیەکی ئایدیۆلۆژیی لەخۆوە پێچاوە. ئەمەش ئەوە دەردەخا کەپاش سەرکەوتنی خەباتی دژی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ، شێخەکانی بارزان ئۆرۆستۆکراسییەکی ئاینی- کشتوکاڵییان پێکنەهێناو توانییان رەوشی چینایەتیی خۆیان وەك بەشێکی گونجاو لەگەڵ ئەو پێکهاتە ئابوری- کۆمەڵایەتییەی دایانمەزراند، بپارێزن. لەنێو کورددا دیاردەی بونی ئۆرۆستۆکراسییە ئاینییەکان بەئۆرۆستۆکراسیی ئاینی- کشتوکاڵی دیاردەیەکی گشتییە. ئەم دیاردەیە تەنها پاش ساڵی ١٩٦٩، واتە پاش لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی شێخایەتییەکە، لەناو بارزانییەکاندا دەرکەوت. سیّ شێخایەتی کە لەبیروباوەڕی نەقشبەندیدا لەگەڵ شێخایەتیی بارزاندا یەکدەگرنەوە، بەو قۆناغەدا تێپەڕیون کەتێیدا ئۆرۆستۆکراسییە ئاینییەکە بۆتە ئۆرۆستۆکراسیی ئاینی- کشتوکاڵی. لەشێخایەتیی نەهریدا کەشێخەکانی رەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر باپیرە گەورەیان، شێخ شەمسەددین، کەگوایە ئەویش رەچەڵەکی دەچێتەوە سەر خەلیفە عەباسییەکان، ئۆرۆستۆکراسیی ئاینی لەوەرچەرخانێکی سەرسوڕهێنەردا بوو بەئۆرۆستۆکراسییەکی بەهێزی ئاینی- کشتوکاڵی‌و لەسەردەمی شێخە بەناوبانگەکەیدا، عوبەیدوڵڵای نەهری، لەساڵی ١٨٨٠ دا

لەشکرێکی گەورەی پێك هێناو توانی قەڵەمڕەوێکی فراوانی زەوی لەورمێوە تا مەهاباد لەئێرانییەکان بسەنێتەوە[19]. هەر یەك لەدوو شێخایەتییە نەقشبەندییەکەی سورچی‌و بیارەش هەمان چارەنوسیان بەخۆوە بینی‌و لەکۆتاییدا ئۆرۆستۆکراسییە ئاینییەکەیان بوو بەئۆرۆستۆکراسییەکی ئاینی- کشتوکاڵی. لەناو هەمو شێخایەتییە قادری‌و نەقشبەندییەکاندا تەنها شێخایەتیی بارزان نەیهێشت ئۆرۆستۆکراسییە ئاینییەکەی ببێ بەئۆرۆستۆکراسییەکی ئاینی- کشتوکاڵی.

لەبوارێکدا کەپەیوەندیی بەم مەسەلەیەوە هەیە، پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی‌و رێکخستنی سیاسی- ئابوریی ئیسماعیلییەکانی لقە نزارییەکەی ئێران بەسەرکردایەتیی حەسەن سەباح لەکۆتایی‌ی سەدەی یانزەهەم‌و سەرەتای سەدەی دوانزەهەمدا، لەگەوهەردا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو پێکهاتەیەدا نیە کەقرمتییەکان لەباشوری عیراق‌و بەحرێن‌و رۆژهەڵاتی نیمچە دورگەی عەرەبدا دایانمەزراند.

بەمجۆرە، لانی کەم دوو نمونەی ئەو پێکهاتە ئابوری- کۆمەڵایەتییانەمان چنگ دەکەوێ کەئیسماعیلییەکان دایانمەزراندون، یەکێکیان لەباشوری عیراق‌و بەحرێن‌و رۆژهەڵاتی نیمچە دورگەی عەرەب‌و ئەوی تر لەباکوری ئێران لەسەر دەستی سەرانی ئالموت. هەردو نمونە لەماك‌و گەوهەردا لەگەڵ ئەزمونی سەدەی نۆزدەهەمی بارزاندا یەکدەگرنەوە کەئەزمونێکە پێکهاتەیەکی ئابوری- کۆمەڵایەتیی لەسەر بنەمای ئابوریی بچوك‌و نەهێشتنی دەسەڵاتی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ هێنایە دی.

لەشیکردنەوەی گشتیدا هەر سێ نمونە لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش‌و گرنگ یەکدەنگن، هەرە دیارترینیان دژایەتی کردنی دەوڵەتە وەك دەسەڵاتێکی گشتی‌و دژایەتی کردنی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ وەك رەنگدانەوەی سیستمێکی ئابوریی پڕ زوڵم‌و زۆر. ئەم هەڵوێستە کەروخسارێکی توندوتیژی لەدژی دەوڵەت لەخۆوە پێچاوە، لەهەڵوێستی توندوتیژی دژایەتی کردنی ئۆرۆستۆکراسیی

[19] دکتۆر عەزیز شەمزینی، جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، چاپی چوارەم، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی‌ی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٢١-١٢٢.

کشتوکاڵ جیا نابێتەوە. ئەوەی مایەی پاکانەکردنە بۆ دژایەتی کردنی دوو لایەن لەیەك کاتدا ئەوەیە کەدەوڵەتو ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ لەزۆربەی کاتەکاندا یەك لایەن یاخود دو لایەنی تەواوکەری یەکترییان پێکهێناوە. بەلاّم جیاوازییەکیش هەیە پەیوەندیی بەهەلومەرجی هەر سەردەمێکەوە هەیە. لەکاتێکدا ئیسماعیلییە قرمتییەکانی باشوری عیراقو رۆژهەلاّتی نیمچە دورگەی عەرەب روبەڕوی دەوڵەتی عەبباسی بونەوە، نەدەکرا دەوڵەتی عەبباسی وەك دەوڵەتێکی دەرەبەگو ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ وەك چینێکی بەدەوڵەتەوە نوساو، لێك جیا بکرێنەوە. لەبەر ئەوە، لەتێکۆشانی ئیسماعیلییەکاندا لێك ئالاّبونێك لەنێوان هەڵسوڕانیان لەدژی دەوڵەتو هەڵسوڕانیان لەدژی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ رویداو ئەم دو هەڵسوڕانە لێك جیا نەکرانەوە.

دەشێ هەمان شت لەناوچەی دەیلەمی باکوری ئێران ببینرێ. لەوێ بزوتنەوەی ئیسماعیلی وەك بزوتنەوەیەکی دژ بەحوکمڕانیی تورکە سەلجوقییەکان خۆی نواندو ئیسماعیلییەکان لەکەلەپوری سیاسییاندا خەباتی دژ بەبێگانەیان تێکەڵ بەخەباتی دژ بەئۆرۆستۆکراسیی  کشتوکاڵ کرد. بەپێی ئەم نۆڕینە، حوکمڕانیی سەلجوقییەکان دوو روخساری تەواوکەری یەکتریی لەخۆدا کۆ کردبوّوە. حوکمڕانییەکە لەلایەك نوێنەرایەتیی دەسەلاّتی بیانیی تورکی دەکردو لەلایەکی تریشەوە نوێنەرایەتیی دەسەلاّتی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکالّی دەکردو لەم سۆنگەیەوە تێکهەڵکێش بونێك لەخەباتی دژ بەدەوڵەتو خەباتی دژ بەئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵدا هاتە ئاراوە.

لەهەمو یەکە ئابورییە پێکهێنراوەکاندا هەڵسوکەوت لەگەڵ سروشتدا لەهەڵسوکەوت لەگەڵ بازاڕدا پەرەسەندوتر بوو و بزوتنەوەی ئیسماعیلی کارێکی نەنواند شتێکی وای لێ هەڵبکرێندرێ کە بەنیازە ئابوریی جوتیارە بچوکەکان بکا بەئابوریی بازاڕ، ئەویش لەبەر ئەوەی بزوتنەوەی ئیسماعیلی پێی وابو ئابوریی بازاڕ لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی پەرەپێدانی جیاوازییە چینایەتییەکان، بۆیە ئابوریی بازاڕی ئافەروز کرد تاکو جیاوازیی چینایەتی لەنێو جوتیارە بچوکەکاندا پەیدا نەبێ. لەهەمو یەکەکاندا، شانبەشانی یەکە ئابورییە-

کۆمەڵایەتییەکان، یەکەی سوپایی پێك هێنرا. لێرەدا خاڵە تازە گرنگەکە ئەوەیە کە لەهەمو نمونە ناوبراوەکاندا پێکهاتە ئابورییە- کۆمەڵایەتییە داهێنراوەکـان پەیوەندیی گرژیان لەگەڵ دەوروبەردا هەبوە. زۆربەی جاریش هەمو ناکۆکییەکان لەگەڵ دەوروبەردا بەرێوشوێنێك چارەسەر کراون کەتوندوتیژی بەسەریدا زاڵ بوە.

بزوتنەوەی ئیسماعیلی کەرتبونی ئایدیۆلۆژیی گەورەی بەخۆوە بینی. لەئێران حەسەن سەباح بەپشتگیری کردنی باڵی نزاریی ئیسماعیلییەتو داننەنان بە دەسەڵاتی فاتیمییەکانو ناوەندی سەرکردایەتییان لەقاهیرە، سەربەخۆیی لقە ئێرانییەکەی ئیسماعیلییەتی بەدەست هێنا. حەسەن سەباح، تەنانەت پێش ئەوەی دەست بەسەر قەڵای ئالموتدا بگرێو بیکا بەناوەندی سەرکردایەتیی ئیسماعیلییەکانی ئێران، جەختی لەسەر رۆڵی ئایدیۆلۆژیا لەتێکۆشاندا کردبۆوە. تێکۆشانەکەی لەسۆنگەی زاڵبونی دەسەڵاتی تورکە سەلجوقییەکان بەسەر ئێراندا، لەتێکۆشانێکی ئاینییەوە بوو بەتێکۆشانێکی ئاینی- نەتەوەیی. ئەمەش یارمەتییدا بیروباوەڕەکانی لەنێو ئێرانییەکاندا بڵاو بکاتەوە. ئەگەر شەیدابونی حەسەن سەباح بە بەکارهێنانی تیرۆری سیاسی بۆ لەناوبردنی نەیارە سیاسییەکانی وەلاوە بنێین، ئەوا فایلەکەی وەك نیشتمانپەروەرێکی ئێرانیی تێکۆشەر لەپێناوی رامالینی دەسەڵاتی بێگانەدا پڕ سەروەریو شانازییە. ئەویش، وەك سەرکردە ئیسماعیلییەکانی پێش خۆی، لەشێوەی سەرکردایەتی کردندا وا لەشەریعەت گەیشتبو کەدەبێ بەشێوەیەکی توندڕەوانە جێبەجێ بکرێ. ئەوەی کەمێژونوس عەلادین عەتا مەلك جوینی لەکتێبەکەی ((مێژوی جیهانگەشا))دا لەسەری نوسیوە، وێنایەکی رۆشنمان دەربارەی رابەرێك پێشکەش دەکا کەئایدیۆلۆژیا دەخاتە سەروی هەمو شتێکەوەو سەرخستنی تێکۆشانی ئیسماعیلییەتی لێ بترازێ خەمی هیچ شتێکی تری نیە. بەپێی ((مێژوی جیهانگەشا))، حەسەن سەباح مەیو مۆسیقای لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی قەدەغە کردبوو و فەرمانی کوشتنی دو کوڕی خۆیشی، کەحوسەینو محەمەدن، دەرکردبوو، یەکێکیان بەگوناهی تاوانێك کەپاشان دەرکەوت کوڕەکە هیچ دەستی تێدا نەبوەو بڕیارەکەش پەلەی تێدا کراوەو ئەوی تریان بەگوناهی خواردنەوەی مەی. حەسەن سەباح هەمیشە دوبارەی دەکردەوە

کەئەو بەکوشتنی دو کوڕەکەی خۆی، دەرفەتی بۆ کەس نەهێشتۆتەوە بڵێ گوایە ئەو بۆ کوڕەکانی خۆی تێکۆشاوە[20].

هەندێ هۆ وامان لێ دەکەن بچینە سەر ئەو باوەڕەی کەبیروباوەڕە ئیسماعیلییەکانی ئالموت لەلای کورد نامۆ نەبونو ئەو بیروباوەڕو بۆچونانە لەنێو کورددا دەنگدانەوەیان هەبوە. بەپێی گەڕیدەی ئیتالیایی مارکۆ پۆلۆ، گەورەی ئالموت دو نوێنەری هەبوە کەئالموت سەرچاوەی بیرو ئەندێشەو رەفتاریان بووەو سەرگەرمی پێکهێنانی شانەی نهێنی بون لەناو دانیشتواندا، یەکێکیان لەدیمەشقو ئەوی تر لەکوردستان[21].

بزوتنەوەی ئیسماعیلی سێ گورزی کاریگەری تێسرەوێنرا کەزۆر کاریگەرییان خستە سەر توانای بەردەوامبونی. لەساڵی ١١٧٠دا سەلاحەددینی ئەیوبی دو خوێندنگەی بۆ وتنەوەی وانەی هەردو مەزهەبی شافعیو مالکی لەقاهیرە کردەوەو قازییە ئیسماعیلییەکانی دەرکرد. بەم کارە، رێی بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی مەزهەبی سوننە لەمیسر خۆش کردو بۆ ساڵی دواتریش خەلافەتی فاتیمیی ئیسماعیلیی هەڵوەشاندەوەو میسری گێڕایەوە بۆ سەر سوننەگەرایی[22]. لەو مێژووە بەدواوە، ئیسماعیلییەکان بەرە بەرە تەواوی دەسەڵاتی خۆیان لەباکوری ئەفریقیا لەدەستدا. گورزی دوەمیش لەسەر دەستی هۆلاکۆی مەغۆل بوو کەساڵی ١٢٥٦ حوکمڕانیی ئالموتی لەناو بردو دەسەڵاتی سیاسیی ئیسماعیلییەکانی لەئێران لەڕەگو ریشەوە دەرهێنا. گورزی سێیەمیش لەساڵی ١٢٧٣دا رژێمی مەمالیکی میسر وەشاندی، کاتێک سوڵتان بیبەرسی یەکەم سەربەخۆیی لقی رۆژئاوایی ئیسماعیلییە نزارییەکانی سوریای نەهێشتو

---

[20] الدكتور محمد السعيد جمال الدين، دولة الأسماعيلية في ايران، الدار الثقافية للنشر، القاهرة، ١٩٩٩، ص ١٧٦-١٧٧.

[21] برنارد لويس، الحشيشية: الاغتيال الطقوسي عند الاسماعيلية النزارية، ترجمة الدكتور سهيل زكار، الطبعة الثانية، دار قتيبة للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٦، ص ٣٥٨.

[22] الدكتور محمد جمال الدين سرور، تاريخ الدولة الفاطمية، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٩٥، ص ١٢١-١٢٢.

هیچ سام‌و شەوکەتێکی بۆ ئیسماعیلیەکان نەهێشت‌و ئەم کارەی تەواوکەری کردەوەکانی هۆلاکۆ بوو لەئێراندا[٢٣].

لەم روەوە زیاتر بیر بۆ ئەوە دەچێ کەدەشێ لقی رۆژهەلاتی ئیسماعیلییەت کەخۆی لەئەزمونی ئالموتدا دەنوێنێ، لەلقی رۆژئاوای لەسوریا، لەنێو کوردا کاریگەرتر بووبێ. بەلام بەنەمانی ئالموت، کاریگەریی ئیسماعیلییەت لەکوردستان ریشەکێش نەکرا. بەشێوەیەکی گشتی، ئیسماعیلییەکانی ئالموت بۆ بلاوکردنەوەی بیروباوەڕیان‌و پێکهێنانی شانە، پەناگەی گونجاویان لەکێوە سەختەکانی کوردستاندا دۆزییەوە.

سەرەنجامی نەمانی ئالموت تەنها ناوەستێتە سەر لەبەریەك هەلوەشانەوەی شیرازەی رێکخستن. لێرە مەسەلەکە تەنها مەسەلەیەکی رێکخراوەیی نیە، بەلکو سایکۆلۆژیشە چونکە نەمانی هێز دەبێتە مایەی هەست بەسوکایەتی‌و پێویست بەگۆڕینی رێوشوێنە کارپێکراوەکان بەرێوشوێنی تر دەکاو تەنانەت پێویست بەپێداچونەوەی هەندێ لەو بیروباوەڕانە دەکا کەدەشێ ئاشکرابونیان زیان لەگروپەکە بدا.

شتێکی بەلگەنەویستە کەنەمانی سەرکردایەتیی ناوەندی ئازادییەکی زۆرتر بەگروپەکان دەبەخشێ‌و وایان لێ دەکا لەسەر نەبونی سەرکردایەتیی ناوەندی رابێن‌و لەهەلسوڕاندا پشت بەخۆ ببەستن. پاش ئالموت، گروپە ئیسماعیلییە نزارییەکان پەرش‌و بلاو بون یاخود لەهەندێ ژینگەی دابڕاوو گۆشەگیردا گیرسانەوەو بیروباوەڕی ئایینیی خۆیان شاردەوەو سەرگەرمی خۆگونجاندن بون لەگەل ژینگەیەکدا کەزۆربەی جار بەچاوی دۆستایەتی‌و رێزەوە نەیدەڕوانییە بیروباوەڕیان. ئەوەی لێرەدا لەبەرچاوە ئەوەیە کەژمارەیەکی زۆری گروپ‌و کۆمەل‌و لایەنگری پەراگەندەو پەرش‌و بلاو تەواوی هەول‌و رەنجی خۆیان بۆ هێشتنەوەی بلێسەی بیروباوەڕی ئیسماعیلییەت بەکلپە سەندویی خستۆتە گەڕ.

[٢٣] الدكتور فرهاد دفتري واخرون، الاسماعيليون في العصر الوسيط، ترجمة سيف الدين القصير، الطبعة الثانية، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، ١٩٩٩، ص ٢٥٥.

لەسۆنگەی لەبەر یەك ترازانی دەزگای ئایدیۆلۆژیی ناوەندیو نەمانی سمبولی هەیبەتە سیاسییەکەیەوە، هەر گروپێك کە بەڕیشە دەچۆوە سەر ئیسماعیلییەت ناچار بوو بەڕێوشوێنی جیاواز پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیی خۆی بپارێزیو پشت بەهێزو توانای خۆی ببەستێ. ئەمە لەوەدا دەردەکەوێ کەهەر گروپێك تێڕوانینو وێژەی خۆی بەشێوەیەکی جیاواز پەرە پێداو لەبەرامبەریشدا کەوتە ژێر کاریگەرییەکی زۆری لۆکالی کەرِوخساری ناوچەییی پێ بەخشیو زۆربەی جار ئەم روخسارە وای لێ کرد کەم تا زۆر دەستبەرداری چەندەها رێو رەسمو نەریتو چەمکی رەسەن بێ یاخود بکەوێتە گۆڕینی هەندێ لەبیروباوەڕەکانو بەرهەم هێنانی بیردۆزەو چەمکی نوێ. تەواوی ئەمانە کاریان کردە سەر ناسنامەی ئاینیو بونە مایەی دورخستنەوەی ناسنامەکە لەرەگو ریشەی جارانی.

نزمیی ئاستی هۆیە ماددییە پشتیوانەکانی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ، ئەگەرچی بوە مایەی دژوارکردنی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ بەڵام نەیتوانی بەتەواوی تەگەرە لەبڵاوبونەوەی بدا. دەستە پەراگەندەو پەرتەوازەکان سەرکردایەتیی نهێنیی ناوچەییو پەناگەو خوێندنگەو شانەیان بەوپەڕی لێوەشاوەییو لێهاتوویییەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ دامەزراند. نەبونی هیچ سانسۆرێکیش لەسەر سەرکردایەتییە ناوچەیییەکان وای کرد بتوانن وێژەیەك بەلەبەرچاوگرتنی ژینگەو کەلتورە لۆکالییەکانی دەوروبەری خۆیان بەرهەم بێنن. لەهەلومەرجێکی وادا پەیدابونی دەلاقەی ئایدیۆلۆژی لەنێوان ئەو گروپانەدا سەرەڕای ریشەی ئایدیۆلۆژیی هاوبەشیان، شتێکی زۆر ئاسایی دەبێ.

ئازەربایجانی ژێر حوکمڕانیی ئیلخانە مەغۆلەکان بوو بەناوەندی سەکردایەتیی نهێنیی دەستە پەرتەوازە ئیسماعیلییەکان. مێژوی نهێنیی ئیسماعیلییەتی نزاری چەند ئاماژەیەکی بۆ پەیدابونی کوڕێکی روکنەددینی خورشای ئیمامی بیستو حەوتەمی ئیسماعیلییەتی ئێرانیو دوایین گەورەی پیاوی ئالموت، کەشەمسەددین محەمەدە، تێدا بەدی دەکرێ. پاش شەمسەددین ململانێیەك لەنێو ئیسماعیلییەکاندا بۆ جێ گرتنەوەی سەری هەڵداو بەپەیدابونی دوو بەرە کۆتاییی هات کەهەر یەك لەقاسم شاو محەمەد شا

سەرکردایەتیی یەکێکیان دەکرد[24]. بەکارهێنانی نازناوی شکۆداری وەك ((شـا)) بـۆ ئامـاژەکردن بـۆ میراتگرانـی شەمسـەددین بەڵگـەی ڕوانینـی پاشمـاوەی ئیسماعیلییە نزارییەکانە بۆ دوبارەکردنەوەی سەروەرییەکانی رابردوو.

ئەوەنـدە هۆیـە هەیـە کـەوامان لێ بکـەن بچـینە سـەر ئـەو بـاوەڕەی کەپەیوەندییەکی تەماوی لەنێوان سەفەوییەکانو بیروباوەڕی ئیسماعیلیدا هەیە. لەم بارەیەوە ئاماژە بۆ ئـەوە دەکـرێ کـەبیروباوەڕی شـێخ جونەیـد، بـاپیرەی شـا ئیسـماعیلی یەکـەم، بیروبـاوەڕێکی رونو رۆشـن نـەبوە. بەشـێوەیەکی گشـتی، زانیارییـەکانی نـاو دەستنوسـە پارێزراوەکـەی ژمـارە ١٦٣٤ی کتێبخانـەی نیشتمانیی تاران کەنوسـەرەکەی شـیعەیەکی دوانـزە ئیمامییـەو نـاوی محەمـەد موتەرجیمی ناسراو بەئیسپناقچییە، یەك تۆزقاڵ گومـان لەسـەر ئـەوە نـاهێڵن کەبیروباوەڕی شێخ جونەید فرِی بەسەر بیروباوەڕی شیعەی دوانزە ئیمامییەوە نیە.

بەشێکی زۆری مێژونوسەکانی سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەم لـەو بڕوایـە دان کە کەلتوری ئاینیی شێخ جونەیدو سوڵتان حەیدەر لەگەوهەردا جیاواز بـووە لەکەلتوری شیعەی دوانـزە ئیمـامیو تـەواو هـاوجوت بـووە لەگـەڵ بیروبـاوەڕی بزوتنەوەی جەلالی کەبزوتنەوەیەکە دژایەتیی سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانیی کردووەو سەبارەت بەچەمکە بنەڕەتییەکانی ئیسلامی سوننەگەرا دیدی جیـاوازی هەبوە. خوێندنەوەی دەقـی نامەکـەی سـوڵتان یـەعقوبی سـەرۆکی خێڵـی ئـاق قۆینلۆی تورکمانو سوڵتان بایەزیدی دووەم بۆچونێکی وا دروسـت دەکـا کەئـەم دوو سەرکردە تورکە هیچ گومانیان لەوەدا نەبوە کەسوڵتان حەیدەر دامەزرێنەری مەزهەبێك یان ئاینێکی تازەیە کەروخسارەکەی بەلایانەوە رۆشن نـەبوە[25]. ئەمـە بەو واتایە دێ کەسەرۆکی ئاق قۆینلۆو سوڵتانی عوسمانی سـەریان لـەبیروباوەڕی

---

[24] دکتر فرهاد دفتری، تاریخ وعقاید اسماعیلیه، ترجمـه دکـتر فریـدون بـدره ای، چـاپ دوم، نشـر و پژوهش فرزان روز، تهران، ١٣٧٦، ص ٥٠٨-٥١٠.

[25] دکتر محمد کریم یوسف جمالی، تشکیل دولت صفوی وتعمیم مذهب تشیع دوازده امامی بـه عنـوان تنها مذهب رسمی، مؤسسه انتشارات امیر کبیر شعبه اصفهان، اصفهان، ١٣٧٢، ص ٩٨.

سـولّتان حەیـدەر دەرنـەکردوەو ئەوپەڕەکـەی هـەر ئەوەنـدەیان لیّ هەلّکرانـدوە کەبیروباوەڕەکەی لەبیروباوەڕی ئیسلام ناچیّ.

بەشیّوەیەکی تایبەت مایەی سەرنج راکیّشانە کەئیسپناقچی ئاماژە بـۆ ئـەوە دەکـا کەدەشـیّ سـولّتان حەیـدەر بـاوەڕی بەمەزهـەبی بەکتاشـی هـەبوو بـیّ کەمەزهەبیّکی سـۆفیگەرایەو سـەردەمی پەیـدابونی دەچـیّتەوەو سـەر سـەدەی شانزەهەم. ناوهیّنانی بیروباوەڕی سولّتان حەیدەر بەچەند ناویّك لەوانـە سـەبعییە (حەوتانە)، بەلّگەی بەهیّز بۆ ئەو تیۆرییە پەیدا دەکا کەپەیوەندییـەك لـەنیّوان بیروباوەڕی سولّتان حەیدەرو بیروباوەڕی ئیسماعیلییەت شـك دەبـا، ئـەویش لـەو روانگەیەوە کە لەئیسماعیلییەتدا میّـژوی ئـاینی لەحـەوت قۆنـاغ پیّکهـاتووەو ئیسماعیلی کوڕی جەعفەری سـادق ئیمـامی حەوتـەمی ئـەو خانەدانەیـە کـە بەعەلیی کوڕی ئەبو تالب دەست پیّـدەکا[26]. ئـەو زانیارییانـەی کەئیسپناقچـی دەربارەی سولّتان حەیدەر دەیخاتە بەر چاو، دەبنـە مایـەی سـەقامگیرکردنی ئـەو رایەی پیّی وایە رکابەرییەکی سـەختو دژوار بـۆ چەسـپاندنی ئـەو مەزهەبـەی کەپیّویستە بکریّتە مەزهەبی فـەرمیی دەولّـەتی ئیّـران، لەسـەرەتادا لـەنیّوان تەریقەتی حەیدەریی جەلالیو مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامیدا لەگۆڕیدا بووە[27].

بووە[27].

پاش ئالموت دیاردەیەکی گرنگ دەکەویّتە بەرچاو. دوا بەدوای نەمانی ئالموتو برانەوەی دەسەلاّتی سیاسیی، ئیسـماعیلییەتو سـۆفیگەری زۆرتـر لیّـك نزیـك بونەوە، بەتایبەتی لـەو گۆشـە نیگایـەوە کەهـەردو بیروبـاوەڕ پشـت ئەسـتورن بەڕاڤەکردنی ناواخنی دەقە پیرۆزەکانو پابەندبون بەژیانی زاهیدی. پـاش ئـالموت ئیسماعیلییەت چیتر وەك ئایدیۆلۆژیایـەکی دەسـەلاّتدار نـەماو بانگهیّشـتکارە ئیسماعیلییەکان بون بەسۆفیو بۆ بلاّوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆیانو پیّکهیّنـانی شانەی ئیسماعیلی- سۆفیگەرا بەشیّوەی دەرویّشو سـۆفی بەهـەمو شـویّنیّکدا بلاّو بونەوەو لەسـۆنگەی ئیسـلامپاریّزیو ژیـانی تەنگدەسـتیو مشـورخواردنی

---

[26] دکتر مهدی محقق، اسماعیلییه، انتشارات اساطیر، تهران، ۱۳۸۲، ص۳۱.

[27] دکتر محمد کریم یوسف جمالی، تشکیل دولت صفوی وتعمیم مذهب تشیع دوازده امـامی به عنـوان تنها مذهب رسمی، ص ۱۵۰.

کاروباری ئاینییەوە، ڕێزێکی بێ پایانیان لێ گیرا. لەسەر دەستی ئەو دەروێش‌و سۆفییانە، چەندەها نەوە پەروەردە بون کەبەها ئیسماعیلییە تێکەڵ کراو بەبەها سۆفیگەرەکانیان پاراست‌و بەبێ ئەوەی هیچ ڕێنماییەکیان لەهیچ سەرکردایەتییەکی ناوەندییەوە پێ بگا، گەرایان داناو شانەیان پێك هێنا.

ئەوەی لەم ڕووەوە سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کەتێڕوانینی ئیسماعیلییەت‌و سۆفیگەری بۆ دەقە پیرۆزەکان جیاوازە لەتێڕوانینی ئیسلامی فەرمی. لەم سەروبەندەدا نە ئیسماعیلییەت بەڕوکەشی دەقە پیرۆزەکان ڕازی دەبێ نە سۆفیگەری. بەپێچەوانەوە، هەردوکیان لەو بڕوایەدان کەناواخنی دەقە پیرۆزەکان نهێنیی یەزدانیی تێدایە مەگەر تەنها شارەزاکان سەرودەریان لێ دەرکەن‌و جیاوازیی نێوان تێگەیشتنی ڕوکەشی دەقە پیرۆزەکان‌و ناواخنیان جیاوازییەکی بنچینەیی‌یە. بەلای ئیسلامی فەرمییەوە، کەئیسلامێکە هیچ نەریتێکی ئەرتۆدۆکسییانەی تێدا بەدی ناکرێ، موسڵمان هەر ئەوەندەی لێ داوا کراوە کەپابەندی ڕوکەشی دەقەکان بێ‌و شۆڕبونەوە بەناخی دەقەکاندا دەشێ باوەڕی بلەقێنێ‌و لەچوارچێوەی باوەڕی ڕاستەقینەی دەربێنێ. بەلای ئیسلامی ناواخنگەراشەوە، دیوی دەرەوەی دەقە پیرۆزەکان بڕێکی کەم زانستیان تێدایەو ڕازیبون بەم بڕە کەمە موسڵمان لەدوراییەکانی زانستی ڕەها بێبەش دەکاو ئەم موسڵمانە لەلاساییکەرەوەیەکی کورتبین هیچی تر نابێ. لەم باری سەرنجەوە، دەقە پیرۆزەکان دوو خوێندنەوەیان هەیە، یەکێکیان ڕوکەشەو دەبێتە هۆی پابەندبونێکی میکانیکییانە بەدەقەکان، موسڵمان لەگەرم‌و گوڕیی باوەڕ بێبەش دەکاو هیچ دەرفەتێك بۆ بەکارهێنانی هۆش ناهێڵێتەوە. ئەوی تر، خوێندنەوەیەکی قوڵە ناخی دەقە پیرۆزەکان دەسمێ‌و زانین‌و ئەزمون دەکاتە مەرجی هەر پابەندبونێك بەدەقەکان. لەنێوان ئەم دو خوێندنەوەیەدا سیستمی بەها ئەخلاقییەکان جیاوازیی هەیە چونکە ئیسلامی فەرمی جەخت دەکاتە سەر پابەندبونی دەقاودەق، لەکاتێکدا ئیسلامی ناواخنگەرا جەخت دەکاتە سەر پابەندبونێك کەزانین بنەماکەیەتی. مەسەلەکە لەئیسلامی ناواخنگەرادا بەو سەرەنجامە دەگا کەپابەندبونی ڕاستەقینە بەبێ زانین هیچ بەهایەکی نابێ. ئەمەش ناوەڕۆکی ئابستمۆلۆژیی سۆفیگەری پێکدێنێ.

ئەمە بەو مانایە دێ کە بەلای ئیسماعیلییەکانەوە بونی مانایەکی شاراوە بۆ دەقە پیرۆزەکان کرۆکی بنچینەیی‌ی ئەو شەریعەتە پیرۆزە یەزدانییە پێکدێنێ کەڕاستییەکەی هەڵقوڵاوی خوایە[٢٨]. راڤەکردنی دەقە پیرۆزەکان بەپشت بەستن بەمانا شاراوەکانیان نەك بەمانا روکەشەکانیان، یەکێ لەگرنگترین رێوشوێنەکانی بەئایدیۆلۆژیاکردنی خەبات لەدژی دەوڵەت پێکدێنێ. ئیسماعیلییەت خۆی بەگوزارشتی مێژویی‌ی هەوڵی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی راستی دادەناو لەو بڕوایەدا بوو کەڕاستیی شاراوە لەناواخنی دەقە پیرۆزەکاندا چنگ دەکەوێ‌و بەبێ زانینی مانا قوڵەکانی ئەو دەقانە کەس لێیان تێناگا. دواتر، مەسەلەکە بەو سەرەنجامە گەیشت کەئیسماعیلییەکان مێژویەکی ئایینییان لەسەر بنچینەی قۆناغە یەك لەدوای یەکەکان بۆ خۆیان دروست کردو بیروباوەڕێکی کۆزمۆلۆژیی سۆفیگەرانەیان لەسەر بنەمای زانین داهێنا. لەڕوانگەی ئیسماعیلییەکانەوە، مێژوی ئایینی لەسەر بنەمای رابوردنی حەوت قۆناغی پێغەمبەرایەتیی بەماوە جیاواز دامەزراوەو ئەرکی مەهدیی ئیسماعیلی لەسەردەمی ئیسکاتۆلۆژیدا* پەردە هەڵماڵینە لەڕوی راستییە شاراوەکان[٢٩]. بەم رێبازە، ئیسماعیلییەکان پێشبینیگەرایی‌یەکی گەشبینانەیان بۆ پەیڕەوەکانیان دابین کرد کەبوە مایەی توندوتۆڵ کردنی پابەندبونیان بەبیروباوەڕو هاندانیان بۆ زاڵبون بەسەر دژوارییەکاندا.

سەرەتا، هیچ یەکتر ناسینێك لەنێوان سۆفیگەری‌و ئیسماعیلییەتدا نەبوو و هیچ کامێکیشیان چوارچێوە بیرمەندییەکانی لاکەی تری بەدڵ نەبوو بەڵام زۆری نەخایاند خاڵە هاوبەشەکان لێکی نزیك کردنەوەو بونە مایەی تۆکمەکردنی پەیوەندیی نێوانیان. لەکۆتاییدا، دوای کاڵبونەوەی سنوری نێوانیان تا ئەندازەیەکی زۆر، وای لێ هات هەر فەیلەسوفێکی سۆفی بەو چاوە سەیر دەکرا

---

[٢٨] هاینز هالم، الفاطميون وتقاليدهم في التعليم، ترجمة سيف الدين القصير، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، ١٩٩٩، ص ٨٣.

* ئیسکاتۆلۆژی eschatology باوەڕ بەئاخیرەت و هەر چی پەیوەندیی بەئاخیرەتەوە وەك زیندوبونەوە، سزا لەدۆزەخ، پاداشت لەبەهەشت‌و هی تر.

[٢٩] الدكتور فرهاد دفتري، مختصر تاريخ الاسماعيليين، ص ١٠٣-١٠٥.

کەئیسماعیلییە[30]. هەمو ئەم فاکتەرانە دەستیان لەو تێکهەڵکێش بونەدا هەبو کەپاشتر لەنێوان ئیسماعیلییەتو سۆفیگەریدا هاتە دی. ئەمە لێی رادەبینرێ بەو مانایە بێ کە خاڵی هاوبەش لەنێوان ئیسماعیلییەتو سۆفیگەریدا پێش ئەوەی ئەم دو لایەنە لەدواییدا تێکهەڵکێشی یەکتری بن، هەر هەبوە. گومانیش لەوەدا نیە کەئەم تێکهەڵکێش بونە بووە مایەی تۆکمەکردنی پێکهاتەی ئایدیۆلۆژییانو یارمەتیدەریش بوو بۆ فەراهەم کردنی کەشو هەوایەك کەدەروێشو سۆفییە ئیسماعیلییەکان تێیدا دەستیان ئاوەڵاتر بوو بۆ گەرا دانان لەهەمو ئەو شوێنانەدا کەپێیدا تێپەڕین یان تێیدا نیشتەجێ بون.

[30] فلاديمير ايفانوف، آلموت ولاماسار، ترجمة جمانة رستم، دار التكوين للتأليف والترجمة والنشر، دمشق، ۲۰۰۷. ص ٤٢-٤٣.

## تەوەری دووەم

# ریشە سۆفیگەرییەکان

گومـان لـەوەدا نیـە کـەبیروباوەڕی بـارزانی لەبەشـێکی گرنگـی پێکهاتـە فیکرییەکانیدا پشت ئەستورە بە بەها سۆفیگەرییەکان. ئـەم بەهایانـە ریشـەی دووەمـی بیروبـاوەڕی بـارزانی پێکـدێنن. پەیوەنـدیی بیروبـاوەڕی بـارزانی بەسـۆفیگەرییەوە کـۆنترە لـەوەی کـەزانراوە. لەمێـژوی شـێخایەتیی بارزانـدا وەرچەرخانێکی گرنگ هەیە ئەویش وەرچـەرخانە بـەلای نەقشـبەندیدا. مێـژوی مەزەندەکراوی ئەم وەرچەرخانە کەوتۆتە نێـوان سـالانی ١٨٢٠و ١٨٢٥و بـیر بـۆ ئەوە دەچێ کە لەو ماوەیەدا عەبدولڕەحمان، کەلێرە بەدواوە پێـی دەوتـرێ شـێخ، مۆڵـەتی رێنمـاییی لەتەریقـەتی نەقشـبەندی وەرگرتـوە[٣١]. لـەم بـوارەدا دو گیروگرفتی مێژویی دێنە پێش. یەکەم، ئێمە بەوردی نازانین شـێخ عەبـدولڕەحمان مۆڵەتی رێنماییی لەکێ وەرگرتووەو ئەگەر واش دابندرێ کەشێخ عەبـدولڕەحمان مۆڵەتەکەی راستەوخۆ لەشێخ خالد نەقشبەندییەوە وەرگرتوە، ئەوا دەبێ بەڵگەی بەهێزمان بۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەیە بەدەستەوە بێ. ئەوی راستیش بـێ، هـیچ شتێك رێ لەوە ناگرێ وای دابنـێین کەشـێخ عەبـدولڕەحمان مۆڵـەتی رێنمـاییی لەشـێخایەتیی نـەهریی دراوسـێ وەرگرتـووە. ئـەوەی لـەم بارەیـەوە بەپاڵپشـت دادەنـدرێ، ئەوەیـە کەئـەو شـێخەی پـاش شـێخ عەبـدولڕەحمان رابەرایـەتیی شێخایەتییەکەی کردوە، واتە شێخ عەبدولسەلامی یەکـەم، مۆڵـەتی رێنمـاییی لەنەهری وەرگرتووە[٣٢]. دووەم، تەمومژێك سەبارەت بـەو تەریقەتـە سـۆفیگەرییە هەیە کەتەکیەی بارزان پێش بـونی بەنەقشـبەندی، پـەیڕەویی لێ کـردووە. لـەم بوارەدا بەڵگەی رون هەیە کەبەر لەوەی سۆفیگەریی نەقشبەندی پەسند بکـرێ،

[٣١] بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦-١٩١٤، ص ٣٣.
[٣٢] هەمان سەرچاوە، ل ٣٥.

سۆفیگەریی قادری ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتداری شێخایەتیی نـەهریی پێکهێنـاوە، کەچی هیچ بەڵگەیەك لەسەر قادریبونی تەکیەی بارزان پێش وەرچەرخان بـەلای نەقشبەندیدا نیە.

شـێوەی وەرچـەرخانی تەکیـە قادرییـەکان بـەلای نەقشـبەندیدا ئاسـانیی وەرچەرخان لەتەریقەتێکی دیاریکراوی سۆفیگەرییەوە بـەرەو تەریقـەتێکی تـری سۆفیگەرانە دەردەخا. ئەوەی کەبۆتە مایەی ئاسانکردنی ئەم وەرچـەرخانە خێـراو هـێمنو کتـوپڕە، کـەمیی جیاوازییـەکانی نێـوان هـەردو تەریقەتـە. یـەکێ لەکاریگەرییەکانی ئەم وەرچەرخانە، نۆژەن کردنەوەی پێکهاتە سۆفیگەرییەکانی ئەو ناوەندانەیە کە بەلای نەقشبەندیدا دایانشکاند، چونکە پـەراوێزی ئـەزمونی سۆفیگەرانە لەتەریقەتی نەقشبەندیدا، لەوەی تەریقەتی قادری فراوانترە. ئـەوەی ئەمە دەسەلمێنێ ئەوەیـە کەشـێخ خالـد نەقشـبەندی لـەدیکۆمێنتی وەرگرتنـی مۆڵەتی ڕێنمایی لەشێخ عەبدوڵلای دەهلەوی لەهیندستان، نەك هـەر مۆڵـەتی ڕێنمایی لەتەریقەتی نەقشبەندی وەردەگـرێ، بـەڵکو لەچـوار تەریقـەتی تـریش وەردەگرێ کەبریتین لەقادری، چەشتی، سوهرەوەردیو کوبرەوی[٣٣]. ئەمـە شـتێکی وای لێ هەڵدەکرێنرێ کەتەریقەتی نەقشبەندی کۆکەرەوەی هەر چـوار تەریقـەتی سۆفیگەریی ناوبراوە.

گومان لەوەدا نیە کەئامانجی سۆفیگەری، تۆکمەکردنی باوەڕە لەڕێی بڕێکـی زۆرتری زانینی روحانییەوە. جیاوازیی ئەزمونی سـۆفیگەری لەئـەزمونی ئـاینی لەوە دایە کەئەزمونی سۆفیگەری هەوڵ دەدا سنوری ئـەزمونی ئـاینیی ئاسـایی تێپەڕێنێ[٣٤]. ئەمە بەو مانایە دێ کەئەزمونی سۆفیگەری هەوڵ دەدا لەچوارچێوە باوەکانی ئـەزمونی ئـاینیی ئاسـایی بـترازێو ئامـانجی دورتـر بەدەسـت بێنـێ. لەڕوانگەی سۆفیگەرییەوە، ئاین هەر رێو رەسمو رێسا نیە، بەڵکو شـتی واوەتـر لەرێو رەسمو رێساکان هەیەو بچوك کردنەوەی ئاین بەڕادەیـەك کەتـەنها مانـای

---

[٣٣] بۆ دەقی ڕێنمایییەکە بڕوانە: محمد رئوف توکلی، تاریخ تصوف در کردستان، چاپ دوم، انتشارات توکلی، تهران، ١٣٨١، ص ٢٤٠.

[٣٤] الدکتور نصر حامد ابوزید، هکذا تکلم ابن عربي، الطبعة الثانية، المرکز الثقافي العربي، الدار البيضاء، ٢٠٠٤، ص ٧٥.

جێبەجێ کردنی فەرزە دانراوەکانو دورکەوتنەوە لەکردارە قەدەغەکراوەکان بدا، ژیانی روحانی لەئاین دادەماڵێو دەیکاتە پەرستنێکی رۆتینیی پشت ئەستور بەلاسایی کردنەوە. مەراقی بەدەست هێنانی پەیوەندییەکی بەهێزتر لەگەڵ ئافەرینەردا گرنگترین ئامانجەکانی سۆفیگەری پێکدێنێ.

سۆفیگەری پەیوەندیی بەو هەوڵانەوە هەیە کەئامانجەکەیان بەدی هێنانی بالاترین پلەی خاوێنیی روحانییەو بەم پێودانگە، سۆفیگەری رێوبانێکە ئەویندارانی راستیی رەها پێیدا دەڕۆن. بێگومان بەبێ تێکهەڵکێش کردنی ئاینو فەلسەفە ئەمە نایەتە دی چونکە ئەزمونی ئاینیی ئاسایی نە لەتوانای دایە راستیی رەها بۆ دیندار دابین بکاتو نە ئەرکەکەی دابین کردنی راستیی رەهایە. چوارچێوەی ئەزمونی ئاینیی ئاسایی بە بەراورد لەگەڵ چوارچێوەی ئەزمونی سۆفیگەریدا، ئەوەندە تەنگەبەرە کە لەدیاریکردنی قەدەغەکراوەکانو دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی شەریعەت تێناپەڕێ. بەبێ فەلسەفە، کەئەویش لێرەدا وەك ئەو رێگایە وایە کەئاینو راستیی رەها پێك دەگەیەنێ، کەس بۆی نالوێ پێ بنێتە ناو جیهانی نهێنییە یەزدانییەکانەوە.

لەم روەوە کێشەکە لەوەدایە کەئاین لەگەوهەردا فەلسەفە رەت دەکاتەوە چونکە فەلسەفە بۆ ناو وردو درشتی ئەو باسانە شۆڕ دەبێتەوەو کەئاین بەپێویستی نازانێ تاوتوێ بکرێن. تێڕوانینێکیش هەیە وای دەبینێ کەچونە ناو وردەکارییەکان لەوانەیە ببێ بەمایەی لەق کردنی باوەڕ. ئاینو سۆفیگەری دو دیدی جیاوازیان بۆ باوەڕ هەیە. لەم روەوە باوەڕی ئاینی باوەڕێکی داماڵدراوە، واتە لەچوارچێوەی مانا روکەشەکانی دەقە پیرۆزەکان ناترازێو لاسایی کردنەوە بەشتێکی خراپ دانانێ، لەکاتێکدا باوەڕی سۆفیگەرانە زادەی تێپەڕینە بەقۆناغێکی دورو درێژی گەڕانی سەختو پڕوکێنەر بەدوای راستیدا. کەواتە، بە لەبەرچاو گرتنی ئەم دو نۆڕینە، دو جۆر راستی هەیە. راستییەکی سازو ئامادە کەپێویستی بەلێکۆڵینەوەو تێڕامان نیەو راستییەکی تر کەبەبێ گەڕانو خۆماندوکردن کەس بەدەستی ناهێنێ.

لەمێژوی ئیسلامدا تەنها دو بزوتنەوە هەوڵیانداوە ئاینو فەلسەفە تێکهەڵکێشی یەکتری بکەن کەبریتین لەبزوتنەوەی ئیسماعیلیو بزوتنەوەی

سۆفیگەری. ئەم دو بزوتنەوەیە چەند لەگەڵ یەکتریدا لەسەر تێکهەڵکێش کردنی ئاینو فەلسەفە یەکدەنگن، ئەوەندەش لەئامانجدا جیاوازن. بزوتنەوەی ئیسماعیلی هەر لەسەرەتاوە بەرگێکی سیاسیی لەخۆوە پێچا چونکە پێی وابو ئـەو سیسـتمە سیاسییەی لەئارادایە شەرعی نیە. بەرامبەر بەناشەرعیبونی سیستمی سیاسـی، ئیسـماعیلییەت خـۆی وەك گوزارشـتی مێـژویی‌ی پێویسـتیی موسـڵمانان بەسیستمێکی ئالتـەرناتیڤ ناسـی. هـەوڵی ئیسـماعیلییەت بـۆ تێکهـەڵکێش کردنـی ئـاینو فەلسـەفە وا خـۆی دەنوێنـێ کەهەوڵێکـە بـۆ بـەدی هێنـانی ئایدیۆلۆژیایـەك کەناونیشـانێك بـۆ جولانـەوە سیاسـییەکە دەسـتەبەر بکـاو ئایدیۆلۆژیایەکی تۆتالیتـاریش بـۆ رابەرایـەتی کردنـی دەوڵـەتو کۆمـەڵ بـۆ دەوڵەتی پاشەڕۆژ فەراهەم بکات، لەکاتێکدا مەیلی سیاسـی لـەناو بزوتنـەوەی سۆفیگەریدا بەلاوازی مایەوەو ئەو بۆچـونە زاڵ بـوو کەپێکهاتـە عیرفانییـەکان ئەوەندە بەرزن هیچ بەهایەکیان بۆ ئامانجە سیاسییەکان نەهێشتۆتەوە.

لەگەڵ نەمانی جولانەوەی ئیسماعیلیدا پاش لەشکرکێشیی مەغۆل بۆ سـەر بەشی رۆژهەڵاتی جیهـانی ئیسـلام لەسـەدەی سـیانزەهەمدا، تـەنها بزوتنـەوەی سـۆفیگەری پرنسـیپی تێکهـەڵکێش کردنـی ئـاینو فەلسـەفەی پـێ پـارێزرا. لەمێژوی مۆدێرنداو لەگەرمەی تینو تاوی هـەوڵی چاکسـازیخوازە بەرچـاو رونـە ئیسلامییەکاندا بۆ نۆژەن کردنـەوەی ئیسـلام لەسـەدەی نۆزدەهەمـدا، بیرۆکـەی تێکهەڵکێش کردنی ئـاینو فەلسـەفە سـەرلەنوێ لەسـەر دەسـتی ریفۆرمـەری شیعەی ئێرانی جەمالەددینی ناسراو لەلای عەرەبو تـورك بەئـەفغانیو لـەلای ئێرانییەکان بەئەسەد ئابادی، سەری هەڵدایەوە. بەم پێیە، جەمالەددین لەگۆشە نیگای فەلسەفەوە تەماشای ئاینی کردو لەو بڕوایەدا بوو کەنەهێشتنی کۆسپو لەمپەرەکانی نێوان ئاینو فەلسەفە لێی رادەبینرێ ببێتە داینـەمۆی بزوتنـەوەی ریفۆرمی ئاینی[٣٥]. سەرەنجامەکانی ئەم هەوڵە ئاماژە بۆ سەرکەوتنێکی زۆر لـەم بوارەدا ناکەن. هەر چۆنێك بێ، تێکهەڵکێش کردنی ئـاینو فەلسـەفە هەمیشـە

[٣٥] دکتۆر ماهر شەریف، ئازادیی بیروڕا لەنێوان ریفـۆرمی دینـیو ئیسـلامی سیاسـیدا، وەرگێڕانـی رەشید ئیبراهیم، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٣،ساڵی شەشەم، ئـابی ١٩٩٨، ل ١٣٢-١٣٣.

وەك كارێكی دژە باوو هەندێ جار وەك كارێكی مایەی ترس‌و دڵەڕاوكێ ماوەتەوە چونكە ئیسلامی فەرمی لەهەمو سەردەمەكاندا وازی لەبەرهەڵستی كردنی ئەم تێكهەڵكێش كردنە نەهێناوە.

لەڕوانگەی سۆفیگەرییەوە، تێكهەڵكێش كردنی ئاین‌و فەلسەفە خۆی لەخۆیدا ئامانج نیە، بەڵكو بەهاكەی لەوەدایە كەئەم تێكهەڵكێش كردنە لێی رادەبینرێ ئەزمونی ئاینیی ئاسایی شكۆدارتر بكاو شەریعەت لەڕزین رزگار بكا. ئیخوانولسەفا بەو جۆرە گوزارشت لەمە دەكەن كەشەریعەت بەهۆی نەزانی‌و گومڕاییەوە پیس‌و پۆخڵ بووەو لەم سۆنگەیەوە پێویستی بەخاوێن كردنەوە هەیە، فەلسەفەش ئەو ئامرازەیە كەبۆ خاوێن كردنەوەی شەریعەت دەكرێ ئومێدی لەسەر هەڵچنرێ[36]. بەم پێیە، رۆڵێك كەبۆ خاوێن كردنەوەی ئاین بەفەلسەفە رادەسپێردرێ، لێی رادەبینرێ پاكیی لەدەستدراو بۆ شەریعەت بگێڕێتەوە.

گومان لەوەدا نیە كەسۆفیگەری ریشەی گنۆستیكیی هەیەو گنۆستیزمیش لەتۆكمەكردنی تاسە سۆفیگەرییەكانی ناو چەندین ئاینی ئاسمانی‌و نائاسمانیدا رۆڵێكی كارای هەبوە. گنۆستیزم Gnostsiem لەچەردەیەك بیروڕاو بۆچون پێكدێ كە لەقاڵبێكی فەلسەفیدا داڕێژراون. بەهۆی ئەمەوە، گنۆستیزم ئاینێكی فەلسەفیی لێ پێك هات‌و لەڕەوتی پەرەسەندنیدا ئەوەندە تین‌و تاوی سەند كەتوانی بەپلەو شێوەی جیاواز دزە بكاتە ناو بیروباوەڕی مانیزم‌و مەسیحایەتی‌و ئیسلام.

كاریگەریی گنۆستیك لەسەر سۆفیگەری هەر لەسەرەتاوە دیارو رۆشنە. وشەی گنۆستیزم دەچێتەوە سەر وشە یۆنانییەكەی Gnosis كە بەمانای زانین یان زانینی ناوەڕۆك دێ. دەربارەی مانای Gnos مێژونوسی تورك محەمەد فوئاد كۆپریلی وا گوزارشتی لێ كردوە كە ((زانینە باڵا پڕ نهێنییەكەیە))[37]. ئەم

---

[36] الدكتور خليل ابراهيم السامرائي، دراسات في الفكر العربي، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٦، ص ٢٥٤.

[37] حسين قاسم العزيز، البابكية او انتفاضة الشعب الاذربيجاني ضد الخلافة العباسية، مكتبة النهضة، بغداد، ١٩٦٦، ص ٢٩٥.

مانایە، بەرامبەرەکەی لەدەستەواژە سۆفیگەرە ئیسلامییەکاندا وشەی عیرفانە، لەمێژوی سۆفیگەریدا هەردو وشەی عیرفانو سۆفیگەری یەك مانایان هەیە. بەڵام وشەی یەکەم لەنێو ئێرانییەکاندا باوەو وشەکەی تر لەنێو عەرەبدا. وشەی ((عارف)) (واتە زانا) کەئاماژە بۆ سۆفیگەری دەکا، بەرامبەر بەوشەی گنۆستیکە کە کەسێکە سنوری ئەزمونی ئاینیی ئاسایی بڕیوەو گەیشتۆتە زانینی راستیی رەهاو سەروەدەری لەنهێنییە یەزدانییەکان دەرکردووە.

کەواتە، رونە کەسۆفیگەری جەخت دەکاتە سەر زانینو لەم رووەوە نەزانی رەت دەکاتەوە. ئەم جەخت کردنە لەگنۆستیزمەوە وەرگیراوە. ئەوەی لەم بارەیەوە گنۆستیزم لەفەلسەفەکانی دی جیا دەکاتەوە، دیدی تایبەتی گنۆستیزمە بۆ زانین. لەڕوانگەی گنۆستیزمەوە، زانین لەزانینی دەرونەوە دەست پێدەکاو ئەم زانینە کە بەسەرەتای هەمو زانینێك دادەنرێ، سەرەنجامەکەی بەزانینی سروشتو چارەنوسی مرۆڤ دەگات. لەئاکامدا، پاش ئەوەی زانینەکە دەگا بەلوتکە، بەرەو ناسینی خوا دەچێ[٣٨]. ئەمە لێی رادەبینرێ بەم واتایە بێ کەبۆ ئەوەی مرۆڤ راستیی رەهای چنگ کەوێ، واتە بۆ ئەوەی بگا بەخوا، دەبێ بەناسینی ناخو دەرونی خۆی دەست پێ بکاو ئەمە لێی رادەبینرێ بیگەیەنێ بەزانینی تەواوی نهێنییەکانی بون. ئەم بیرۆکەیە لەفەلسەفەی سۆفیگەری ئیسماعیلی موحیددینی ئیبن عەرەبیدا زۆر رۆشنە. ئیبن عەرەبی وا گوزارشت لەم بیرۆکە بەڕیشە گنۆستیکییە دەکا کەمرۆڤ دیوی دەرەوەو دیوی ناوەوەی هەیەو بەدەرون پەی بەزانستەکان دەبا[٣٩]. لای ئیبن عەرەبی چەمکی زانا مانایەکی هەیە کەلای خەڵکانی تر ئەو مانایەی نیە. ئەو پێی وایە تەنها کەسێك شایستەی ئەوە بێ پێی بوترێ زانا ئەو کەسەیە کەدیوی دەرەوەو دیوی ناوەوە بزانێ. ئەم بیرۆکەیە روخسارێکی وای لەخۆوە پێچاوە کەوەك وەڵامێك بۆ زانایی پیاوانی ئاین دێتە بەر چاو. ئیبن عەرەبی واوەتر دەڕواو دەڵێ "ئەو کەسەی کەهەردوکیان (واتە دیوی

---

[٣٨] فراس السواح، الوجه الاخر للمسيح: موقف يسوع من اليهود واليهودية واله العهد القديم ومقدمة في المسيحية الغنوصية، دار علاء الدين للنشر والتوزيع والترجمة، دمشق، ٢٠٠٤، ص ٦٦.

[٣٩] ابن عربي، المعرفة، تحقيق محمد امين ابو جوهر، الطبعة الثانية، دار التكوين للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٦، ص ٦٣.

ناوەوەو دیوی دەرەوە) کۆ ناکاتەوە، نە زانایەکی تایبەتە نە هەڵبژاردەیە))[40].
بەشیکردنەوەی ئەم تێڕوانینە فەلسەفییە، هەست بەپەیوەندیی نێوان زانینی دیوی دەرەوەو دیوی ناوەوەو نێوان سەلماندنی زانایی دەکەین. ئەمە بەو مانایە دێ کەیەکێ لەمەرجەکانی ئەندامێتی لەگروپی هەڵبژاردەکانو بەدەست هێنانی زانایی، زانینی دیوی ناوەوەو دیوی دەرەوەیە. خاڵێك کەپێویستی بەتێڕامان هەیە ئەوەیە کەبیروباوەڕە فەلسەفییەکەی ئیبن عەرەبی پانتاییەکی فراوانی لەهەڵسوڕانی پەروەردەیی سالآنی شەستەکانی سەدەی بیستەمی شێخ ئەحمەد بارزانیی پێنجەم شێخی شێخایەتیی بارزاندا داگیر کردووەو لەبەر ڕۆشنایی بیروباوەڕی ئیبن عەرەبیو مامۆستایەتیی شێخ ئەحمەد، چەندین کەس کەئارەزوی فێربونیان هەبو، فێری زانستەکانی ئاین بون (بڕوانە: سالآنی کۆتایی).
تێڕوانینی گنۆستیزم بۆ خوا کاریگەریی لەسەر پێکهاتە فەلسەفییەکانی سۆفیگەری بەجێ هێشتو لەئاکامی ئەم نۆڕینە ئایدیالیستییەدا کەهیچ سنورێك بۆ پایە بەرزیی زاتی خوا دانانێ، جیهانی ماددە بەچاوی سوکایەتییەوە تەماشا کراو زێدەڕۆیی لەبەرز ڕاگرتنی بەهای جیهانی روحدا کرا. بەپێی، گنۆستیزم، خواوەندێك کەئەم جیهانە ماددییەی ئافراندووە، ئەو خواوەندە نیە کەئێمە دەیناسین، هەروەها ئەو خواوەندەش نیە کە لەجولەکایەتیدا بە یەهوە ناسراوە، بەڵکو ئافەرینەری ئەم جیهانە ماددییە خواوەندە نورانییە بەرزەکەیە کەهیچ ناوێکی نیەو مەسیح بانگەشەی بۆ کردووەو ناوی ناوە باوك. ناوەڕۆکی تیۆرییەکە ئەوەیە کەئەو جیهانە ماددییەی مرۆڤی تێدا دەژی دەستکردی خوا نیە، بەڵکو دەستکردی خواوەندێکی نزمترە کەخواوەند یەهوەی تەوراتە. ئەم خواوەندە، بەپێچەوانەی خواوەندە نورانییەکەوە، دڵڕەقو توڕەو تۆسنو بێ لێبوردنو بێ بەزەییەو هەمیشە داوا لەمرۆڤ دەکا لەسەر ڕێو ڕەسمی پەرستن بڕواو بەسزاچەشتن دەیتۆقێنێ[41]. جیاوازیی زۆری نێوان خواوەندی جولەکایەتیو خواوەندی مەسیحایەتی، کەگوایە هەردوکیان یەك خواوەندن، بەو سەرەنجامە

---

[40] هەمان سەرچاوە، ل ٧٣.
[41] فراس السواح، الوجه الاخر للمسيح، المصدر السابق، ص ٧١-٧٢.

گەیشت کەلێك جیا بکرێنەوەو بەدو خواوەندی جیاو جیاواز دابندرێنو وا تەماشا بکرێن کەهەردوکیان دەستیان لەپەیداکردنی جیهاندا هەیە. بەم دەربڕینە، جیهان دوو بناوانی هەیە نەك یەك، یەکێکیان ئافەرینەری جیهانە کەخواوەندێکی نزمتری ئافراندووە تاکو ئەرکی پەیداکردنی جیهانی ماددی بگرێتە ئەستۆ چونکە خوای نورانیی ئافەرینەر لەوە گەورەترە کەئەرکی پەیداکردنی جیهانی ماددی بگرێتە ئەستۆ، ئەوی تریش دروستکەری جیهانە کەئەرکی دروست کردنی جیهانی ماددیو رێکخستنی شەریعەتەکانی ئەم جیهانەی گرتۆتە ئەستۆ. لێرەدا ئەرکی سۆفیگەری، تێپەڕاندنی خواوەندە دروستکەرەکەو گەیشتنە بەخواوەندی ئافەرینەری نورانی کە لەسۆنگەی شکۆمەندییەوە بێزی نایە ماددە پەیدا بکا.

بەپشت بەستن بەم تیۆرییە یاخود لەژێر کاریگەریی ئەم تیۆرییە، تیۆریی پرشنگدانەوەی خودایی لەسەر دەستی ئەفلۆتین لەخوێندنگە فەلسەفییەکەی ئەسکەندەریە پەیدا بوو. ئەم تیۆرییە بەتیۆرییەکی هەموارکراوی گنۆستیزم دادەنرێو هەوڵدانێکیشە بۆ زۆرتر نزیك خستنەوەی گنۆستیزم لەویژدانی مرۆڤایەتیو دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێك بۆ خواوەندی دروستکەر.

تیۆریی پرشنگدانەوەو تیۆریی گنۆستیزم لەسەر ئەوە یەکدەنگن کەئافەرینەر لەوە بەرزترە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ جیهانی ماددی پەیدا بکات. لەکاتێکدا گنۆستیزم وای بۆ دەچێ کەجیهان بەرهەمی خواوەندێکی نزمترە کە بەدروستکەری جیهان نەك بەئافەرینەری دادەنرێ، تیۆریی پرشنگدانەوە وای بۆ دەچێ کەجیهان لەبریسکەو رۆشنایی‌ی ئافەرینەر پەیدا بووە چونکە ئافەرینەری نا ماددی لێی ناوەشێتەوە جیهانی ماددە بەشێوەیەکی راستەوخۆ دروست بکات[42]. لەم تیۆرییەدا سێکۆچکەیەکی پیرۆز هەیە کە لەئافەرینەرو ئەقڵی کاراو دەرون پێکدێ. لێرەدا ئافەرینەر جیاوازیی لەگەڵ هەمو شتێکدا هەیەو لەسەروی هەمو شتێکیشەوەیەو داهێنەری ئەقڵی کاراشە. ئەقڵی کاراش ئەو

[42] الدكتور صابر عبده ابازيد محمد، فكرة الزمان عند اخوان الصفا (دراسة تحليلية مقارنة)، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٩، ص ٣٣٤.

دەرونە تێکراییەی لێ دروست بووە کەبونەوەری زیندوو و ئەم جیهانە ماددییە گەورەیەی لێ کەوتۆتەوە[٤٣].

بەوردبونەوە لەم تیۆرییە، بەڕونی دەردەکەوێ کەتیۆرییەکە لەوەدا لەگەڵ تیۆریی گنۆستیزمدا یەکدەگرێتەوە کەدوو بناوانی بۆ جیهان دیاری کردووەو هێزێکی لاوەکیش هەیە کەئافەرینەر هەمو مەرجە پێویستەکانی پەیداکردنی جیهانی ماددیی پێ بەخشیوە. ئەم تیۆرییە لەڕێی فارابییەوە چووە ناو فەلسەفەی ئیسلامیو[٤٤] لەپێکهاتە بیریارییەکانی هەردو جولانەوەی ئیسماعیلیو سۆفیگەریدا بەشێوەیەکی کاریگەرانە ڕەنگی دایەوە.

ئەم تیۆرییە رۆشناییەکی زۆری خستە سەر کرچو کاڵیی جیهانی ماددیو بوە مایەی سەقامگیرکردنی شکۆمەندیی جیهانی میتافیزیك. ئەم سوکایەتی کردنە بەجیهانی ماددی، سیمایەکە بەسەر هەمو بیروباوەڕە سۆفیگەرییەکاندا زاڵە. لەم چوارچێوەیەدا ئەزمونی سۆفیگەری بوو بەڕەنگدانەوەی سوکایەتی کردن بەجیهانی ماددی. پاش دەست بەردان لەجیهانی ماددی کەجیهانێکە لەبیروباوەڕی سۆفییانەدا نرخێکی ئەوتۆی نیە، گەڕان بەدوای سەرچاوەی زانیندا خۆی لەخۆیدا دەبێ بەئامانجێکی بنچینەیی. مەبەست لەگەڕان بەدوای سەرچاوەی زانیندا گەیشتنە بەو راستییە ڕەهایەی کە لەڕێی عیرفانەوە چنگ دەکەوێ. لێرەدا سۆفیگەری بەو جۆرە پێناسە دەکرێ کەهەوڵدانێکە بۆ بڕینی سنورە ماددییەکان بۆ گەیشتن بەڕەوشێکی ڕەهای لەبن نەهاتوو. لەڕێی دۆزینەوەی پەیوەندییەك لەگەڵ سەرچاوەی زانیندا، واتە لەڕێی بەستنەوەی ناسوت بەلاهوتەوە، لەبری خۆ سەرقاڵ کردن بەدەقەکانی شەریعەت، سۆفی مەبەستی خۆی دەپێکێ[٤٥].

---

[٤٣] محمد عبدالحميد الحمد، اخوان الصفا والتوحيد العلوي، المصدر السابق، ص ١١٦.

[٤٤] الدكتور حسام الدين الآلوسي، دراسات في الفكر الفلسفي الاسلامي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢، ص ١١٧.

[٤٥] الدكتور نصر حامد ابو زيد، هكذا تكلم ابن عربي، المصدر السابق، ص ٢٤-٢٥.

بەپێی دەستەواژەکانی ئیبن عەرەبی، قۆناغێکی نەزانی (جاهیلی) هەیەو[٤٦] ئەم قۆناغە پەیوەندیی بەسەردەمی پێش پەیدابونی ئیسلامەوە لەسەدەی حەوتەمی زاینیدا نیە. مەبەستی ئیبن عەرەبی ئەوەیە کەقۆناغێك هەیە کەوتۆتە پێش ئەزمونی روحانیەتی سۆفیگەرانە کەقۆناغی نەزانییە، واتە ئەو قۆناغەی کەتێیدا تاك زانستێکی وای بەدەست نەهێناوە کە بەهۆیەوە شایستەی چونە ناو جیهانی عیرفانەوە بێ. ئەو کەسە، لەبەر ئەوەی هێشتا ئەو زانستەی بەدەست نەهێناوە، لەڕوانگەی ئیبن عەرەبییەوە، نەزانە. ئەگەرچی ئیبن عەرەبی لەڕەوتی ئاماژەکردندا بۆ ژیانی خۆی بەر لەوەی ببێ بەسۆفی ئەم گوزارەیەی بەکار هێناوە، بەڵام دەتوانرێ وا لێك بدرێتەوە کەماناکە لەوە فراوانترە کەتەنها ژیانی ئیبن عەرەبی بگرێتەوە.

لەسۆفیگەریدا تەماشاکردنی ژیانی ماددی بەچاوێکی سوکەوە گەیشتە رادەی شکۆمەندکردنی هەژاری. خۆشگوزەرانی لەسۆفیگەریدا هیچ بەهایەکی نیە چونکە لەڕوانگەی سۆفییەکانەوە تەنها یەك رێوشوێن مرۆڤ بەدەوڵەمەندی دەگەیەنێ، ئەویش ئەزمونی روحانییە، بەڵام ئەم دەوڵەمەندییە دەوڵەمەندیی پارەو پوڵو سامان نیە بەڵکو دەوڵەمەندییەکی روحانییە کە لەوە ترازاوە بتوانرێ نرخی بۆ دابندرێ. هەمو ئەو دەوڵەمەندانەی کە بەئەزمونی روحانیەتی سۆفیگەریدا تێپەڕیون، چیتر بەبایەخەوە تەماشای جیهانی ماددییان نەکردووە. ئیبراهیم کوڕی ئەدهەم، کە بەیەکەم سۆفیی موسڵمانی ئێران لەسەدەی هەشتەمی کۆچیدا دادەنرێو یەکێکیش بووە لەمیرە دەرەبەگەکان، بەهۆی ئەزمونی روحانییەوە گەیشتە قۆناغی دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی میتافیزیکداو لەناو خەڵکیدا وا باسی دەکرا کە لەڕێگای خەونەوە هیچ لەمپەرێك لەنێوان ئەوو خوادا نەماوە[٤٧]. ئەمە بەو واتایە دێ کەسۆفیگەری هەمو کۆسپو لەمپەرەکانی بەردەم سۆفیگەرەکانی بۆ پەیوەندی کردن بەجیهانی روحانییەوە ڕامالیوە. هەر ئەم ئەزمونەشە کەبستامی وا گوزارشتی لێ کردووە

---

[٤٦] هەمان سەرچاوە، ل ٣٣.

[٤٧] جان شو فليبي، التصوف و المتصوفة، ترجمة عبدالقادر قنيني، دار افريقيا الشرق، بيروت، ١٩٩٩، ص ٣٠-٣١.

کەوەك چۆن پێغەمبەر موحەممەد میعراجێکی دژە باوی کردووە، ئەمیش وەکو ئەو، میعراجی کردووەو چوە بۆ کەشکەلانی ئاسمان[٤٨].

لەشکۆمەندکردنێکی ئاشکرای هەژاریدا، شێخ عەبدولقادر گەیلانیی دامەزرێنەری سۆفیگەریی قادری، ئامۆژگاریی کورەکەی کرد کەدەست لەبیروباوەڕی سۆفیگەری هەڵنەگرێو سەرنجی راکێشا کەگەوهەری سۆفیگەری هەشت خەسڵەتە، هەشتەمیان هەژارییەو لەلیستی سازکراوی خەسڵەتەکانی گەیلانیدا دوو خەسڵەت هەن پەیوەندییان بەهەژارییەوە هەیە کەغوربەت (دوری لەوڵات) و پۆشینی خوریيە[٤٩].

ئەم فەلسەفەیە کە لەماكو ناوەڕۆکدا فەلسەفەی هەژاران پێکدێنێ، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیروباوەڕی بارزانی بەجێ هێشت (بڕوانە: سۆسیۆلۆژیای پەیوەندییەکان). ئەوەی کەجوتیارە هەژارەکانی هاندا پشتگیریی تەکیەی بارزان بکەن لەململانێیدا لەگەڵ ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵیدا، دڵنیابون بوو لەم تێڕوانینە. بە بەراورد لەگەڵ شێخایەتییەکانی تردا، شێخایەتیی بارزان تا ئەو کاتەی لەساڵی ١٩٦٩ دا لەبەر یەك هەڵوەشایەوە، هەر بەردەوام بوو لەسەر شکۆمەندکردنی هەژاری، ئەویش بەپێچەوانەی هەمو شێخایەتییە قادریو نەقشبەندییەکانی ترەوە کە لەبەر بونی ئۆرۆستۆکراسییەکانیان بەئۆرۆستۆکراسییەکی ئاینی- کشتوکاڵی، شکۆمەندکردنی هەژاری تیایاندا بوو بە بەشێك لەرابردوی دێرینی سۆفیگەری. تەنها شێخایەتیی بارزان بەهای وێژەیی‌ی شکۆمەندکردنی هەژاریی پاراست کەشکۆمەندییەکە لەماكو ناواخندا داشکاندنێکی سەرەتایی‌ی بەلای بەدی هێنانی یەکسانیدا تێدایەو بەچاوێکی سوکەوە تەماشای جیهانی ماددیی پڕ شەڕانگێزیو دور لەجیهانی روحانی دەکا.

لەڕوی مێژوویی‌یەوە، تیۆریی پرشنگدانەوە رێی بۆ دەرکەوتنی تیۆریی یەکپارچەیی‌ی بون خۆش کرد. لەسەر بناغەی تیۆریی پرشنگدانەوە، بنچینەی

---

[٤٨] هەمان سەرچاوە، ل ٣٧.

[٤٩] محمد رئوف توکلي، تاريخ تصوف در کردستان، ص ١٤٥.

پێویست بۆ تیۆریی تێکهەڵکێش بونی ئافەرینەرو جیهان دانراو هەردوکیان بەرەنگدانەوەی یەك شتی لەجیابونەوە نەهاتوو دانران. ئەمەش لەفەلسەفەی یەکپارچەیی‌ی بونی ئیبن عەرەبی‌و لەهەمو ئەو فەلسەفە سۆفیگەرییانەدا بەرونی دەردەکەوێ کە لەژێر کاریگەریی تیۆریی پرشنگدانەوەدان، چ ئیسلامی بن چ هندی[50]. کرۆکی تیۆرییەکە ئەوەیە کەگەردوون یەك بونی هەیە، واتە بونی خواو بونی جیهان لێك جیا نابنەوەو لەم سۆنگەیەوە یەك بونو یەك راستی هەیە ئەویش بونو راستیی خوایە[51]. لەروی ناوەرۆکەوە، تیۆرییەکە چوارچێوەی خۆنواندنی یەزدان فراوانتر دەکا، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە لەبەر ئەوەی جیهانی ماددی لەبنەرەتدا زادەی تیشكو پرشنگی خوایە، ئەوا ئەم جیهانە لەخوا دانەبراوەو راستییەکی تر بەتەنیشت راستیی رەهاوە پێکناهێنێ. بەدەربرینێکی تر، هیچ بونێکی روحانیی سەربەخۆو بونێکی ماددیی سەربەخۆ نیە، بەڵکو تەنها یەك بونی لێك ئاڵاوی تێکهەڵکێشو یەکگرتووی لێك دانەبراو هەیە.

گومان لەوەدا نیە کەدیدی ئاینو دیدی عیرفانی پشت ئەستور بەتیۆریی یەکپارچەیی‌ی بون لەم مەسەلەیەدا جیاوازیی هەیە. لەروانگەی ئاینەوە، خوا ئافەرینەرەو جیایە لەئافەریدەی خۆی‌و بونی بەهیچ بونێکی ترەوە پەیوەست نیە، لەکاتێکدا عیرفانی پشت ئەستور بەتیۆریی یەکپارچەیی‌ی بون رێچکەیەکی تر دەگرێتە بەرو وای دەبینێ کەجیهان پڕ گەوهەری خوایەو ئەو ئاکامەیە کەخۆنواندنی یەزدان پێی گەیشتووەو لەم رووەوە راستیی رەهای خوا لەناخی هەمو شتێکدا خۆی دەنوێنێو هەر چی لەجیهاندا هەیە رەنگدانەوەی خوایە[52].

لەئاکامی ئەم تیۆرییەدا ئافەرینەرو ئافەریدە تێکهەڵکێشی یەکتری دەبن. عیرفانی پشت ئەستور بەیەکپارچەیی‌ی بون لەو بڕوایە دایە کەهەمو شتێکی

---

[50] الدکتور حسام محي الدین الآلوسي، بواکیر الفلسفة قبل طالیس او من المیثولوجیا الی الفلسفة عند الیونان، الطبعة الثانیة، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت، ١٩٨١، ص ١٤٠.

[51] حسین مروة، النزعات المادیة في الفلسفة العربیة- الاسلامیة، الجزء الثاني، الطبعة السابعة، دار الفارابي، بیروت، ١٩٨٥، ص ٢٧٧.

[52] هاشم کەریمی، ئاینو دەسەڵات لەپرۆسەی مێژوی روحانیەتی شیعەدا، مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٩.

ئەم جیهانە ڕەنگدانەوەی خۆنواندنی خوایە، چونکە ئەم عیرفانە بەمە ویستویەتی کەرەستەی پێویست بۆ ئاسان کردنو ڕونکردنەوەو پاساودانی میکانیزمی پەیوەندی کردنی عیرفان بەڕاستیی ڕەهاوە، واتە پەیوەندی کردنی سنوردار بەبێسنورەوە، دەستەبەر بکات. بەپێی ئەم تیۆرییە، خوا لەوە بەرزترە کەماددە لەهیچەوە دروست بکاو جیهان لەبنەڕەتدا لەهیچەوە دروست نەکراوە بەڵکو دەرهاوێشتەی پرۆسەیەکی ئافراندنی ناڕاستەوخۆیە بەهۆی پرشنگدانەوەی زاتی خواوە.

کەلەپوری ئیسماعیلی بیرۆکەی دروستکەری جیهانی تێدایە[٥٣]. ئەم بیرۆکەیە بنچینەی ناسینی هەمو فەلسەفەیەکە کە لەژێر کاریگەریی تیۆرییە گنۆستیکییە کۆنەکەدایە دەربارەی دوو بناوانەکەی بون کەیەکێکیان ئافەرینەرەو ئەوی تر دروستکەرە. بەلاّم ((دروستکەرە)) ئیسماعیلییەکە، وەك لەتیۆریی گنۆستیکدا هاتوە، خواوەند نیە، بەڵکو بەو چەشنەیە کە لەتیۆریی پرشنگدانەوەدا هاتووە. لەم سەروبەندەدا بەوەی کەتیۆریی پرشنگدانەوە دانەوە تیۆریی دروستکەری لەبەرگێکدا کەجیاوازە لەبەرگی گنۆستیك لەخۆ گرت، فەلسەفە هەنگاوێك لەیەکپارچەیی‌ی بون نزیك بۆوە. لەیەکپارچەیی‌ی بوندا جیهان لەهیچەوە یان بەڕێکەوت پەیدا نەبوە، بەڵکو ڕواڵەتێکی خۆنواندنی یەزدانە. ئەم بیرۆکەیە بەهەمان ناوەڕۆك لەبیروباوەڕی خوێندنگەی خورشیدیدا هەیە، کەخوێندنگەیەکە شێخ ئەحمەد بارزانی لەناوەڕاستی سالاّنی شەستی سەدەی ڕابردودا بناغەکەی داناوەو ناوەکەشی لەخورشیدەوە هاتووە کەپێشبینی دەکرا پاش کۆچی دوایی‌ی شێخ ئەحمەد لەساڵی ١٩٦٩دا ڕابەرایەتیی شێخایەتیی بارزان بکات. خوێندنگەی خورشیدی لەدەقێکدا کەزۆر لەدەقە بەکارهێنراوەکەی تیۆریی یەکپارچەیی‌ی بونەوە نزیکە، گوزارشت لەم بیرۆکەیە دەکاو لەم سەروبەندەدا دەقەکە دەڵێ ((هیچ شتێك لەهیچەوە نابێ (چونکە) نەبون مانای نەبونە))[٥٤] (بڕوانە: خوێندنگەی خورشیدی).

---

[٥٣] الدکتو علي نوح، الاسماعیلیة بین خصومها وانصارها، دار التوحید للنشر، حمص ، ٢٠٠٠، ص ١٢٠،

[٥٤] دکتۆر عەبدوڵلا غەفور، بارزانم چۆن دیت، چاپخانەی ئاپیك، ستۆکهۆڵم، ل ٦٢.

گومان لەوەدا نیە کەئەزمونی سۆفیگەری سەرگەرمی دارشتنی بۆچونێکی روحانی بوو بۆ باوەڕ کەجیاوازە لەتێڕوانینە باوەکە، بۆچونێك کەرێ‌و رەسم‌و نەریتەکان تێدەپەڕێنێ‌و ئازادییەکی زۆرتری بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی میتافیزیکدا هەیە. لەم خاڵەدا بەتایبەتی، ئەزمونی سۆفیگەری زێدەڕۆیی لەهەوڵدانەدا بۆ تێکهەڵکێش کردنی لاهوت‌و ناسوت کردوە. لەکاتێکدا چەندین سۆفیی وەك فارابی لەسەر سنوری پەیوەندیی دەرونی لەگەڵ خوادا گیرسانەوەو خۆیان لەوە پاراست کەبڵێن ئەم جیهانە شێوەکانی خۆنواندنی خوا بەرجەستە دەکا، سۆفیگەریی پشت ئەستور بەتیۆریی یەکپارچەیی بون گەیشتە ئەندازەی دروستکردنی پەیوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ خوادا.

سۆفیگەری خۆی بەنوێنەری ژیانی روحانی داناوە. ئەوەی گوزارشت لەمە دەکا، فەرمودەیەکی دروستکراوی پێغەمبەرە کە دەڵێ ((ئەوەی کەدەیەوێ لەگەڵ خوادا دابنیشێ، با لەگەڵ سۆفییەکاندا دابنیشێ)). راستییەکەش ((دانیشتن لەگەڵ خوادا)) دور نەبو لەبیروباوەڕی سۆفییەکان کەبیرکردنەوەیان بیرکردنەوەیەکە لەوە رادەبینێ کەناسوتی مرۆڤ بتوانی بگا بەلاهوتی خواو هەر ئەم بیرکردنەوەیەشە کەهانی دان هیچ لەمپەرێك لەبەردەم بەدی هێنانی پەیوەندییەکی لەو جۆرە نەهێڵن.

لەلای حەللاج، لێك ئاڵانی لاهوت‌و ناسوت گەیشتە بالاترین ئاست‌و خۆی لەقەرەی بەرجەستەبون دا، واتە گیرسانەوەی گیانی خوا لەجەستەی مرۆڤدا. حەللاج سۆفیگەری‌و ئیسماعیلییەتی پێکەوە کۆ کردەوە. گومانیش لەوەدا نیە کەحەللاج تێکەڵی گەورە سۆفییەکانی رۆژگاری خۆی ببو، لەسەروی هەموویانەوە جونەیدی کوڕی محەمەد. بەپێی خەتیبی بەغدادی، سۆفییەکان بەرامبەر بەحەللاج یەکڕا نەبون‌و زۆربەشیان حەللاجیان بەیەکێك لەخۆیان دانەدەنا، بەڵام ئەوانی تر پەسندیان کردو هەندێکیشیان ناویان نابوو زانای یەزدانی. بەگوتەی خەتیبی بەغدادی، حەللاج لەلای فارسەکان بە ئەبو عەبدوڵلای زاهید ناسراوە[55]. ئیبن کەسیریش لەم گوتەیەدا پشتگیریی خەتیبی بەغدادی دەکاو دەڵێ فارسەکان کەنامەیان بۆ حەللاج نوسیوە، بەئەبو عەبدوڵلای زاهید ناویان

[55] الخطيب البغدادي، تاريخ بغداد او مدينة السلام، تحقيق مصطفى عبدالقادر عطا، المجلد الثامن، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٤، ص ١١٢-١١٣.

هێناوه[٥٦]. ئەم نازناوە خۆی لەخۆیدا سەرنجڕاکێشە چونکە نازناوەکە هەمان نازناوی ئەبو عەبدوڵڵای شیعییە، کەبانگخوازی ئیسماعیلییەکان بوو لەباکوری ئەفریقیاو دەستی لەدامەزراندنی دەوڵەتی فاتیمیدا هەبو. دکتۆر کامل مستەفا شیبی لەم رووەوە دەڵێ مەسەلەکە وەك ئەوە وایە ئیسماعیلییەکان پشتیان بەدوو بانگخواز بەستبێ کەهەردوکیان یەك نازناویان هەبوە، یەکێکیان لەرۆژئاوادا کەئەبو عەبدوڵڵای شیعییەو ئەوی تر لەرۆژهەڵاتدا کەحەللاجە. یەکێ لەبەڵگەکانی ئیسماعیلیبونی حەللاج، بەئاشکرا پێداهەڵدانی دامەزراندنی دەوڵەتی فاتیمییە[٥٧]. ئەگەر وای دابنێین حەللاج باوەڕی بەیەکپارچەیی بون هەبوە، هەروەك لێکۆڵیاری ئەڵمان تۆلۆك پێی وایە[٥٨]، ئەو کات باوەڕی حەللاج بە بەرجەستەبون دەبێ بەشتێکی ئاسایی چونکە یەکپارچەیی بون لەبنەڕەتدا خواو جیهان لێك جیا ناکاتەوەو بونی هەردوکیان بەیەك بون دەزانێ، ئەمەش لەئاکامدا زەمینەیەکی لەبار بۆ ئەوە دەڕەخسێنێ کەهەر پەرەپێدانێکی تیۆرییەکە ببێ بەمایەی داهێنانی تیۆریی بەرجەستەبون.

سەرەڕای ئەمە، بیرۆکەی بەرجەستەبون لەئیسلامدا پێش تیۆریی یەکپارچەیی بون بەماوەیەکی زۆر سەری دەرهێناوە. یەکەم دەرکەوتنی ئەم بیرۆکەیە بۆ سەردەمی عەلیی کوڕی ئەبو تالب دەگەڕێتەوە، کاتێك هەندێ لەلایەنگرەکانی عەلی کەدواتر بەناوی سەبەئییە ناویان دەرکردو سەر بە عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء بون، بانگەشەیان بۆ ئەوە کرد کەگوایە بەشێك لەروحانیەتی خوا لەجەستەی ئیمام عەلیدا بەرجەستە بووە[٥٩]. جیاوازیی نێوان بەرجەستەبونی سەبەئیو بەرجەستەبونی حەللاجی لەوە دایە کەسەنگو بەهای

[٥٦] ابن كثير، البداية والنهاية، تحقيق وتوثيق عبدالرحمن اللادقي ومحمد غازي بيضون، المجلد السادس، الجزء الحادي عشر، الطبعة العاشرة، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٧، ص ١٥٩.

[٥٧] الدكتور كامل مصطفى الشيبي، الصلة بين التصوف والتشيع، الطبعة الثانية، دار المعارف بمصر، القاهرة، ١٩٦٩، ص ٣٧٠.

[٥٨] آن مارى شيمل، ابعاد عرفانى اسلام، ترجمة عبدالرحيم گواهى، چاپ پنجم، دفتر نشر فرهنگى اسلامى، تهران، ١٣٨٤، ص ١٣١.

[٥٩] الدكتور نايف معروف، الخوارج في العصر الاموي، الطبعة الرابعة، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٩٤، ص ٤٧.

ئەم پرنسیپە لەسەردەمی ئەمەوییەکاندا کاری بەسەر پاساوە روحانییەکانەوە نیەو هیچ تیۆرییەکی گشتیی لێ پێك نەهاتوەو زیاتر تایبەت بووە بەئیمام عەلی. کاتێك ئەم بەرجەستەبونە لەگەڵ بەرجەستەبونی حەللاجیدا بەراورد دەکرێ، دەردەکەوێ کەهیچ مەیلێکی روحانیی تێدا نیە. بەرجەستەبونی سەبەئی پەیوەندیی بەهەوڵی بەرزکردنەوەی شانو شەوکەتی ئیمام عەلییەوە هەیەو پەیوەستی ئەو هۆیە سیاسییانەیە کەپەیوەندارن بەململانێی ئیمام عەلی لەگەڵ باڵە ئەمەوییە یاخییەکەدا، لەکاتێکدا بەرجەستەبون لای حەللاج پەیوەندیی بەهیچ هۆیەکی سیاسییەوە نیە.

لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە. سیستمی پەروەردەی روحانیی تیمی هەڵبژێردراوەکان کە لەساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردودا لەسەر دەستی شێخ ئەحمەد بارزانی پێك هات، پشت ئەستور بوو بەچەردەیەك ئەدەبیاتی سۆفیگەرانە، لەوانە ئەدەبیاتی حەللاج (بڕوانە: ساڵانی دوایی).

سۆفیگەری چەشنە پیرۆزییەکی بۆ سۆفییەکانی خۆی دەستبەر کرد، ئەویش لەو روانگەیەوە کەسۆفییەکان کەسانێکن توانیویانە بەسەر هەمو ئەو کۆسپو ئاستەنگانەدا زاڵ بن کەدێنە بەر رێی گەیشتن بەڕاستیی رەها. ئەم پیرۆزییە بەرگێکی مەعسومیەتی ناڕاگەیەنراوی کردە بەر کردارو گوفتاریان. لەم سەروبەندەدا سۆفی مەولانا جەلالەددینی رومی مەعسومیەت دەخاتە پاڵ حەللاجەوە چونکە وای دەبینێ کەسۆفی ویستی خوا دەردەبڕێو دڵی نوری خوای لێ دەبارێ[60].

بچوکترین گومان لەوەدا نیە کەئەم روانینە لێی رادەبینرێ ببێ بەمایەی پایەدارکردنی پێگەی رابەری سۆفی لەناو پەیڕەوەکانیدا. لەم رووەشەوە لێکچواندنێك هەیە بایەخێکی زۆری هەیە، ئەویش ئەوەیە کەسۆفییە بەرایییەکان پێیان وابوو بونی شێخ لەنێو مریدەکانیدا وەك بونی پێغەمبەرە لەنێو پەیڕەوەکانیدا. لەم بیرۆکەیەدا، کاتێك شێخ بەپێغەمبەر دەچوێنرێ، ئاستی پەیڕەوەکانیش بۆ ئاستی هاوەڵەکانی پێغەمبەر، واتە ئەو موسڵمانە بەرایییانەی

[60] الدکتور کامل مصطفی الشیبي، الصلة بین التصوف والتشیع، المصدر السابق، ص ٣٩٠.

لەسەدەی حەوتەمی زاینیدا لەمەککەو مەدینە لەگەڵ پێغەمبەر موحەممەددا ژیاون، بەرز دەکرێتەوە. بەڵام سۆفییەکانی پاشتر پەرەیان بەم بیرۆکەیە داو وایان دانا کەخۆشەویستیی پەیڕەوەکان بۆ شێخ لەسەرەنجامدا دەیانگەیەنێ بەفەنابون لەشێخداو ئەم فەنابونەش لەکۆتاییدا دەیانگەیەنێ بەفەنابون لەپێغەمبەر موحەممەددا[61]. هەندێ جاریش چاوپۆشی لەفەنابون لەپێغەمبەر موحەممەددا کراوەو مەسەلەکە دەمودەست بەرەو فەنابون لەخوادا ڕۆییوەو بانگەشە بۆ ئەوە کراوە کەفەنابون لەشێخدا سەرەتای فەنابونە لەخوادا[62]. بەشێوەیەکی گشتی، لەهەمو ئەم نمونانەدا ئامانج لەسیستمە پەیڕەوکراوەکەی ئاکار پایەدارکردنی ڕۆڵی رابەری سۆفییە لەژیانی روحانیی پەیڕەوەکاندا.

لەبیرکردنەوەی سۆفیگەرانەدا، ژیانی سۆفیگەرانە بەندە بەویستو ئارەزوی جیهانی باڵا کەبەهایەکی پیرۆز بەویستو ئارەزوی رابەری سۆفی دەبەخشێ، ئەویش لەو روانگەیەوە کەرابەری سۆفی گوزارشت لەویستو ئارەزوی خوا دەکا. لەم بارەیەوە هەندێ لەئەفسانە سۆفیگەرییەکان دەیگێڕنەوە کەئەگەر رابەرە سۆفییەکە مردو هیچ کەسێکی لەپاش خۆی بەرابەری گروپە سۆفییەکە دانەنابوو، باڵندەیەکی سەوز لەئاسمانەوە پەیدا دەبێو لەسەر سەری کەسێك دەنیشێتەوە. ئیتر ئەمە نیشانەی ئەوەیە کەئەم کەسە بەرابەری تازەی گروپەکە هەڵبژێردراوە[63]. مەبەست لەم ئەفسانەیەو لەئەفسانەی تری لەم بابەتە ئەوەیە وا نیشان بدرێ کەخوا خۆی کەسێك بۆ رابەرایەتی کردنی گروپەکە هەڵدەبژێرێو پەیڕەوەکان مافیان نیە لەم بارەیەوە هیچ راو بۆچونێکیان هەبێ چونکە ئەم مەسەلەیە لەدەرەوەی ویستو ئارەزوی مرۆڤ یەکلا کراوەتەوە.

[61] آن ماری شیمل، ابعاد عرفانی اسلام، ص ٣٩٥.
[62] الدکتور محمد احمد درنیقة، الطریقة النقشبندیة واعلامها، جروس برس، طرابلس، ١٩٨٧، ص ٤٥.
[63] آن ماری شیمل، ابعاد عرفانی اسلام، ص ٣٩٣.

# بەشی دووەم
# خۆشاردنەوەو ئاشکراگەرایی

## تەوەری یەکەم

# تەقیە

بارزانییەکان بەدڵنیاییەوە گروپێکی نهێنی پارێز پێکدێنن‌و توانیویانە نهێنییەکانی زۆربەی بیروباوەڕەکانیان بپارێزن. ئەم نهێنی پاراستنە تارایەکی تەمومژاویی بەسەر ئەم بیروباوەڕانەدا داوە. توانای هەر گروپێك بۆ ڕێگرتن لەئاشکرابونی نهێنییەکانی پێوانەی هەمو نهێنی پاراستنێك پێکدێنێ. لەو سۆنگەیەشەوە کەپاراستنی نهێنییەکان کارێکی ئاسان نیە، هەمو گروپێك سیستمێکی بەهێز بۆ ڕێگرتن لەدەرچونی نهێنییەکان‌و ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا دادەنێ، ئەم سیستمەش پێی دەوترێ تەقیە.

چەمکی تەقیە بەشێوەیەکی تایبەت پەیوەندیی بەشیعەوە هەیە بەڵام ناوەڕۆکەکەی کەئاماژە بۆ شاردنەوەی بیروباوەڕو دەرخستنی ئادگارێکی جیاواز دەکا، نایکاتە شتێکی تایبەت بەشیعە بەڵکو کایەکەی ئەوەندە درێژ دەکاتەوە کەتەواوی ئەو گروپانە بگرێتەوە کەناچارن بیروباوەڕیان بشارنەوە یاخود سەرگەرمی پاراستنی نهێنییە ئاینییەکانیانن. ئەمە بەو واتایە دێ کەتەقیە لەڕوی مێژوییەوە داهێنانی شیعەکان نیە. بەڵام شیعەکان، بەپێچەوانەی خەڵکانی ترەوە، ڕەواییان بەتەقیە بەخشی‌و بنەماکانی تەقیەیان وەك بەشێکی تیۆریی پەیوەندییە گشتییەکان‌و چۆنێتیی‌ی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەری سیاسی‌و کۆمەڵایەتیدا ڕێکخست. ئەمە نۆڕینێکی وای لەلای شیعە فەراهەم کرد کەتێیدا هەر پەیوەندییەکی گرێبەست ئاسای نێوان شیعەو نێوان دەوروبەر کرایە پەیوەندییەکی ناپیرۆزو شیاوی لێ پاشگەزبونەوە، هەر کات هەلومەرجێکی گونجاو هاتە ئاراوە. لەئاکامی ئەم پرۆسەیەدا هەر شیعەیەك‌و هەر کەسێك کەهانای بۆ تەقیە بردبێ، کەوتۆتە شاردنەوەی بیروباوەڕی خۆی‌و خەریکی دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی تێکەڵبون بووە لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا.

بەکردەوە، تەقیە پەیوەستە بەناچارییەوە. ئەمە وای لەتەقیە کردوە ببێ بەتاکتیکێك بۆ پاراستنی خاوێنیی بیروباوەڕو ئاشکرا نەکردنی پەنهانییەکانی، ئەویش لەترسی چەوسانەوە. بەم مانا گشتییە، تەقیە بەر لەوەی کەلای شیعەکان پەیدا ببێ، هەر هەبوە. لەم روەوە دەتوانرێ تێبینیی ئەوە بکرێ کە لەقۆناغی ئیسلامی مەککیدا چەند نمونەیەکی تەقیە کەئاین پاکانەی بۆ کردون، هەبوە. پاش ئەوەش کەموسڵمانەکان مەککەیان گرت، زۆرینەی تاکەکانی چینی ئۆرۆستۆکراتی بتپەرستی مەککە وایان بەباش زانی کەپاش ئەوەی هیچ ئامرازێکی ئایدیۆلۆژییان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئیسلام بەدەستەوە نەما، بەڕوکەش ئیسلام پەسند بکەنو کێشەو گێچەڵ لەخۆیان دور بخەنەوە.

لەناو کورددا مێژوی تەقیە بۆ سەدەی حەوتەمی زاینی دەگەڕێتەوە. پێدەچێ یەکەم یەکتر ناسینی کوردو عەرەبە موسڵمانەکان دۆستانە نەبووبێ چونکە دەرکەوتنی ئیسلام لەناوچە کوردنشینەکاندا هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی جەنگاوەرە عەرەبەکاندا. لەڕوی ئاینییەوە، پەیدابونی ئیسلام بەپوکانەوەی ئەو ئاینەوە بەستراوەتەوە کەپێش ئیسلام لەنێو کورددا باو بوو، کەزەردەشتایەتییە.

لەساڵی ١٥ی کۆچی بەدواوە فارسو کورد کەوتنە تەنگەتاوی چونکە بونە دو گەلی بن دەستی ئەو دەسەڵاتدارانەی کەبیروباوەڕی ئاینییان جیاواز بوو لەبیروباوەڕی زەردەشتایەتی، ئاینی فەرمیی ساسانییەکان. هەردوکیان بۆ پاراستنی بیروباوەڕی جارانیان سەرانەیان دا یان بۆ نەدانی سەرانە یاخود لەترسی کوشتن، خۆیان وەك موسڵمان نیشاندا. لەنێو کوردو فارسدا وەرچەرخان بەلای ئیسلامدا بەشێنەیی‌و لەسەرخۆ کەوتە گەڕ. لەناو فارسەکاندا ریتمی وەرچەرخان بەلای ئیسلامدا بە بەراورد لەگەڵ کورددا، خێراتر بەڕێوە چوو. سروشتی شاخاوی‌و پێکهاتە ئابورییە- کۆمەڵایەتییەکان کە لەجیهانی دەرەوە دابڕا بونو سستیی هەنگاونان لەژیانی کۆچەرییەوە بەرەو کشتوکاڵ، هەمو مەرجە پێویستەکانی رێکخستنی پرۆسەی تەقیەیان بۆ کورد پێك هێنا. بەم مانایە، کورد پێش شیعە تەقیەی وەك رێوشوێنێك بۆ پاراستنی ناسنامەی کەلتوریی هەڕەشە لێکراوی خۆی بەکار هێناوە.

پێدەچێ موسڵمانە بەراییەکان بەقەد موسڵمانەکانی پاش خۆیان بەتەنگ ئیسلامەوە نەبووبن‌و بەقەد ئەوانیش لەئیسلام نەگەیشتبن. ئەگەرچی بەڵگەی بەهێز لەسەر ئەوە نیە کەکورد لەسەدەی حەوتەمی زاینیدا کۆمەڵ کۆمەڵ‌و بەفراوانی ئیسلامی پەسند کردوە، بەڵام ئەوەی کەڕونە ئەوەیە کەهەرەس هێنانی سیاسیی زەردەشتایەتی کەئاینی فەرمیی دەوڵەتی ساسانی بوو، هیچ لەمپەرێکی لەبەردەم پەسندکردنی ئاینە تازەکەی نەهێشت، بەتایبەتی کەئەو ئاینە ئاینی فەرمیی دەوڵەتێکی پان‌و پۆڕ بوو کەعەرەبە موسڵمانەکان حوکمڕانییان دەکرد.

وەرچەخانی کورد بەلای ئیسلامدا لەسەدەی حەوتەمی زاینیدا بەشێوەیەکی ساردو سڕ دەستی پێ کرد. ئەم پرۆسەیە بەدرێژاییی دوانزە سەدە بەردەوام بوو تا لەدواییدا لەسەدەی هەژدەهەمدا بەسەرەنجامی کۆتایی گەیشت. خۆ بەموسڵمان نیشاندان کەزادەی ترس بوو لەسزا شەرعییەکان، دەرفەتی پاراستنی هەیکەلی گشتیی بیروباوەڕی ئاینیی لۆکالی بۆ تەقیەکاران پێك هێنا. جوگرافیاش ئەو هەلەی بەکوردەکان بەخشی کە لەچیا سەختەکاندا بەشێوەی گروپی داخراوو پەراگەندەو لەسزا تۆقیو بەدابرِوای بژین‌و پەیڕەوی لەرێ‌و رەسم‌و نەریتی باوی خۆیان بکەن. بەڵام وەرچەرخان بەلای ئیسلامدا بەمانای سڕینەوەی هەمو داب‌و نەریت‌و کەلتوری لۆکال نایە چونکە پاش ئەوەی پەیڕەوانی ئەو کەلتورانە لەکۆمەڵگا داخراوەکانی خۆیان بەدزییەوە درێژەیان بەکەلتورەکانی خۆیان دا، بەشێکی زۆری داب‌و نەریت‌و کەلتورە لۆکالەکان بەزیندویی مانەوە.

زۆر گروپ بۆ ماوەیەکی دورو درێژ توانییان بیروباوەڕی رەسەنی خۆیان بشارنەوەو برِێکی زۆری ئاسایشی  خۆیان دەستەبەر بکەن‌و تەنانەت بیروباوەڕو بەهاو کەلتورەکانیشیان پەرە پێ بدەن. لەکاتێکدا تەقیە لەلای شیعەی دوانزە ئیمامی واتایەکی ئاینیی هەیەو لەدیدی ئیبن بابەوەیهەوە فەرزێکی ئاینییەو بۆ رێکخستنی پەیوەندیی نێوان شیعەو ناشیعە تا ئەو کاتەی ئیمام مەهدی پەیدا دەبێ، ئەرکێکی پێویستە[١]، لەلای کورد تەقیە ناچێتە سەر کاروباری شێوەی

---

[١]عبدالله فهد النفيسي، دور الشيعة في تطور العراق السياسي الحديث، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٣، ص ٣١.

ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان پەیڕەوانی کەلتورە نهێنییەکانو پەیڕەوانی کەلتورە ئاشکراکانو زیاتر پەیوەندیی بەپێویستیی پاراستنی نهێنییەکانی بیروباوەڕەوە هەیە. لەم ڕووەوە ئێزدییەکان، کاکەییەکان، گروپی هەقە، بارزانییەکانو شەبەك بەڵگەی بەهێز بۆ دەرفەتی سەرکەوتن لەشاردنەوەی بیروباوەڕو چەواشەکردنی دەوروبەری کۆمەڵایەتیو ڕێکخستنی ڕەفتار بەپێی یاسای کۆمەڵایەتیی تایبەت پێکدێنن. پەرەسەندنی گشتی پاڵی بەو گروپانەوە نا تا ڕێوشوێنی تازە بۆ شاردنەوەی بیروباوەڕی خۆیان بدۆزنەوە چونکە لەسەرەنجامدا بارودۆخێك داهات کەچیتر ئەم گروپانە تێیدا بۆیان نەڕەخسا بەیەکجارەکیو بەشێوەیەکی ڕەها خۆیان لەجیهان دابڕنو گۆشەگیریش چیتر بۆی نەلوا بەقەد جاران ناسنامەیەکی تایبەت بەگروپەکان ببەخشێ.

بەڵام سەرەڕای پێویستیو بایەخی تەقیە بۆ گروپە خاوەن ناسنامە تایبەتەکان، ئەندازەی پابەندبونی هەر گروپێك بەتەقیە وەکیەك نیەو ئەم پابەندبونە بەپێی چەردەیەك فاکتەر لەوانە هەلومەرجی تایبەتی هەر گروپێكو تۆکمەییی پێکهاتە کەلتورییەکانیو ڕادەی ئامادەبونی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانو ڕادەی پەسندکردنی بیروباوەڕەکانی لەلایەن دەوروبەری کۆمەڵایەتییەوەو ڕادەی لێبوردن بەرامبەر بەبانگەشەکردن بۆ بەهای تازەو جیاواز لەبەها گشتییەکان، لەگروپێکەوە بۆ گروپێکی تر جیاوازە.

بارودۆخی هەر گروپێك بڕیار لەسەر ڕادەی پێویستییی بەتەقیەو شێوەی پەیڕەوکردنی دەدا. لەم سەروبەندەدا هۆی ئەوەی کەئێزدییەکان لەگروپەکانی تر زێدەتر پێویستیان بەتەقیە هەبووە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئێزدییەکان بەپێچەوانەی گروپەکانی ترەوە کە بەگونجاویان زانیوە لەسنوری ئیسلام نەچنە دەرێ، ویستویانە لەدەرەوەی چوارچێوەی گشتیی ئیسلام بمێننەوە. بۆ ئێزدییەکان تەقیە ڕوخساری سیاسەتی خۆپاراستن وەردەگرێ. لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ سەرنجی ئەوە بدەین کەبارودۆخی تایبەتی ئێزدییەکان هانی دان تاکتیکی تازە بۆ تەقیە بەکار بێنن کەهەرە گرنگەکەیان تێکەڵ کردنی بیروباوەڕیانە بەچەندین باوەڕی ناسەرەکیی ئیسلام. ڕمێن پەیداکردن بۆ فۆرمە عەرەبییە هەموارکراوەکەی ناوی ئێزدییەکان کەشێوەی ((یەزیدی)) وەردەگرێ و زیاتر ئاماژە بۆ پەیوەندییەکی مێژوییی

ساغنەکراوە لەنێوان ئەم ناوەو ناوی یەزیدی کوڕی مەعاویەی دووەمین خەلیفەی ئەمەوییەکان دەکا، پێدەچێ شێوەیەك بێ لەشێوەکانی تەقیە بەمەبەستی تێکهەڵکێش کردنی ئێزدییەکان کەموسڵمان نین لەگەڵ دەوروبەرە موسڵمانەکەیان، دەوروبەرێك کەزۆر لەو گروپانە دەسڵەمێتەوە کەبەها ئاینیو کۆمەڵایەتییەکانیان دەچنەوە سەر سەرچاوەی نائاسمانی. ئەوەش کەپشتگیری لەمە دەکا ئەوەیە کەسەرقاڵبونی موسڵمانەکان لەدوا دوایی قۆناغی حوکمڕانیی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففانو تەواوی ماوەی حوکمڕانیی عەلیی کوڕی ئەبو تالب دا بەدوبەرەکیی ناوخۆیی چەکدار وای کرد ئاگایان لەو بەها ئێزدییانە نەبێ کە لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامدا نەدەگونجان. بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند، چونکە پاش ئەوەی کەئەمەوییەکان دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، دەشێ ئەم رِوداوە ئێزدییەکانی هاندابێ نزیکترین ناوی عەرەبی بۆ وشەی یەزدان یان ئیزەد هەڵبژێرنو بۆ خۆناساندن بەکاری بێنن. ئێزدییەکان لەهەرەس هێنانی دەوڵەتی ساسانییەوە وازیان لەبەدناوکردنی سێ ئاینە ئاسمانییەکە هێنا. هەر یەك لەنیپۆرو شاکر خسباكو لووك بەپشت بەستن بەبەڵگەی رون، دەری دەخەن کەئێزدییەکان رێزی کتێبەکانی تەوراتو سرودەکانی داوودو ئینجیلو قورئان دەگرنو نیشانەکانی ئاسمانیان تێدا دەبیننو سەری رێزو نەوازش بۆ پێغەمبەرانی هەر سێ ئاین دادەنەوێنن، ئەگەرچی هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئێزدییاتیو ئەو کتێبە پیرۆزانەو پێغەمبەرانی ئەو ئاینانەدا نیە. بۆ نیشاندانی زۆرترین رێز بۆ شوێنەکانی خواپەرستی، سەرکردە روحانییە ئێزدییەکان رێیان بەپەیڕەوەکانیان داوە سەردانی مزگەوتو کەنیسە بکەن[٢]، ئەمەش هەڵوێستێکە شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کە بەلای ئێزدییەکانەوە هەمو شوێنەکانی پەرستن وەك یەکنو لەهەموشیاندا پایەو پیرۆزیی خوای داهێنەر پارێزراوە، ئەگەرچی زۆربەی جار موسڵمانو مەسیحییەکان هۆی سەردانەکان تێناگەنو زۆریشیان پێ خۆش نیە چونکە بەچاوی سەرزەنشت کردنەوە دەڕواننە بیروباوەڕی ئێزدییەکان.

[٢]عدنان زيان فرحان، الكرد الايزيديون في اقليم كردستان، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٤، ص ٢٣١.

تەقیەی ئێزدییانە سەرتاپاگیر نیە چونکە ناگاتە رادەی شاردنەوەی ناسنامەی کەلتوریو لەبنەڕەتدا ئامانجەکەی کردنی ئێزدییەکانە بەفاکتەرێکی پەسندکراو لەکۆمەڵدا. هەوڵی هەندێ لەمیرو شێخە ئێزدییەکان بۆ بردنەوەی رەچەڵەکی خۆیان بۆ سەر مەروانی کوڕی حەکەمی چوارەم خەلیفەی ئەمەوییەکان[3] دەکرێ بەو چاوە سەیر بکرێ کەهەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی رەچەڵەکی هاوبەش لەنێوان موسڵمانانو ئێزدییەکان بۆ کەم کردنەوەی گوشاری سەر ئێزدییەکان. بێگومان بانگەشەکردن بۆ ئەم رەچەڵەکە هاوبەشە کەپێویستی بە بەڵگەی بڕینەرەوە هەیە، بەو مانایە نیە کەئێزدییەکان پێی لەسەر دادەگرن بەڵام دەشێ بەئاشکرا باسکردنی، فاکتەرێکی یارمەتیدەر بێ بۆ باشتر تێکهەڵکێش بونیان لەگەڵ کۆمەڵدا.

تەقیەی ئێزدییەکان بەڕونی نیشانی دەدا کەکەلتورە دەستڕۆیشتووەکان لەتوانایدایە گۆڕانکاری لەبیروباوەڕی ئەو گروپانەدا دروست بکەن کەترسی سزادانیان لێ نیشتووە. دیارە ئامانج لەتەقیەی ئێزدییانە ناساندنی ئێزدیاتییە وەك ئاینێکی شایستەی لێبوردن، سەرەڕای جیاوازیی بیروباوەڕەکانی لەگەڵ ئیسلامدا. بەڵام ئێزدییاتی پاش زیاتر لەهەزار ساڵ تەقیەی بەردەوام بەو سەرەنجامە گەیشت کەدەست لەهەندێ لەبیروباوەڕە رەسەنەکانی خۆی هەڵگرێو هەندێ چەمكو بۆچونو ناو لەئیسلام بخوازێ بەبێ ئەوەی ئەو چەمكو بۆچونو ناوانە لەڕوی مێژوو و لوجیکەوە هیچ پەیوەندییەکیان بەبیروباوەڕی ئێزدییاتییەوە هەبێ.

هەر چۆنێك بێ، ئێزدییەکان سەرکەوتو بون لەداهێنانی ستراکتۆرێکی کەلتوریی تایبەت بەخۆیان کەڕوخساری دەرەوەی لەپێکهاتە کەلتورییەکانی ئیسلام وەرگیراوەو لەهەمان کاتیشدا وەرگرتنەکە نەبۆتە مایەی سڕینەوەی گەوهەری پێکهاتە رەسەنەکانیان. مانەوەی ئەم پێکهاتانە تا ئەمڕۆ بەم واتایە دێ کەڕەزامەندیی گشتییان بەدەست هێناوەو فاکتەرێکی یارمەتیدەریشن بۆ کەم کردنەوەی بەگومان کەوتنی موسڵمانان لەبیروباوەڕی ئێزدییەکان.

---

[3] الدكتور خلف الجراد، اليزيدية واليزيديون، دار الحوار للنشر والتوزيع، اللاذقية، ١٩٩٥، ص ١٦.

هەندێ رێو رەسمی وەك خۆشۆردن بەئاوی بیری زەمزەمو جەژنی قوربانو چیای عەرەفاتو شەوی ناوەڕاستی مانگی شەعبان رەنگی وێنایەکی رونی رەوتی تەقیەی ئێزدییانە دەرێژنو نیشانی دەدەن کەتەقیەی ئێزدییەکان پشتی بەمیتۆلۆژیای ئیسلام بەستوە. لەم سەروبەندەدا هیچ پەیوەندییەکی مێژویی لەنێوان زەمزەمی ئیسلامو زەمزەمی ئێزدییاتی نیە بەلاّم هەولّی ئێزدییاتی بۆ خواستنی زەمزەم لەمیتۆلۆژیای ئیسلامو بردنی بۆ ناو میتۆلۆژیای ئێزدییاتی، کۆششێکە مەبەستەکەی داهێنانی رایەڵەی هاوبەشە لەنێوان ئێزدییاتیو ئیسلامدا. بیری زەمزەم کەوتۆتە مەککەوەو ئەم بیرە لەئیسلامدا هیچ شتێك لەپیرۆزیدا شان لەشانی نادا. میتۆلۆژیای ئیسلام هەڵکەندنی بیرەکە دەخاتە ئەستۆی ئیسماعیلەوە کە باپیرە ئەفسانەییەکەی عەرەبە. پاش سەدان ساڵ بیرەکە داتەپی بەلاّم میتۆلۆژیای ئیسلام لەکۆششێکدا بۆ پشت راست کردنەوەی پیرۆزیی بیرەکە، وای کرد عەبدولموتتەلیبی باپیری پێغەمبەر موحەممەد شوێنەکەی بدۆزێتەوەو سەرلەبەر هەڵی بکەنێتەوە. ئەم چیرۆکە کەپشت بەهیچ بنچینەیەکی مێژویی نابەستێ، ناوەڕۆکێکی هێماییی هەیە چونکە ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی بنیاتنەری کەعبەو پێغەمبەر موحەممەدی کوڕەزای عەبدولموتتەلیبی دووەم دۆزەرەوەی بیری زەمزەم پێکەوە دەبەستێتەوە. سەرەڕای کرچو کاڵیی پەیوەندیی نێوان زەمزەمی ئیسماعیل کەمێژوی ئەفسانەییی دەچێتەوە سەر رۆژگاری پێش لەدایکبونی مەسیحو نێوان زەمزەمی عەبدولموتتەلیب کەمێژوی دەچێتەوە سەر سەدەی حەوتەمی زاینیو نێوان زەمزەمی ئێزدییەکان کەمێژوی زانراوی دەچێتەوە سەر سەدەی سیانزەهەمی زاینی، دیارە مەبەست لەخواستنی ناوی زەمزەم لەمیتۆلۆژیای ئیسلام هەوڵدانە بۆ رونکردنەوەی ئەوەی کەپەیوەندیی مێژوییی نێوان ئاینەکان پەیوەندییەکی نەپساوەیەو سەرەڕای جیاوازیی ئاینەکان دەتوانرێ سیستمی بەهاکانی نێوان پەیڕەوانی ئاینەکان یەکپارچە بکرێ. پاپا ئەنستاس کەرمەلی رونی کردۆتەوە کە لەئێزدییاتیدا دۆزەرەوەی بیری زەمزەم شێخ ئادیی کوڕی موسافیرە کە لەمیتۆلۆژیای ئێزدییاتیدا کەسایەتییەکی نامۆو لەهەمان کاتدا لەڕوی رێو رەسمەوە خاوەن پلەو پێگەیەکی بنەڕەتییە[٤]. ئەمە بەم واتایە دێ کەلێرە زیاد لەخواستنێك هەیەو ئێزدییاتی تەنها بەوە دانەکەوتوە

٤ هەمان سەرچاوە، ل ١٧٦-١٧٧.

کەناوی بیرەکە لەمیتۆلۆژیای ئیسلام وەرگرێ، بەڵکو لەو سۆنگەیەوە کەپێویستی بە بەخشینی رۆڵێکی کاریگەرترە بە ئەفسانە، خودی عەبدولموتتەلیب لەمیتۆلۆژیای ئیسلام وەردەگرێو بەشێوەی شێخ ئادی دەیداتەوە. هەندێ لەگێڕانەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەشێخ ئادی جۆگەیەکی لەئاوی قودس بۆ بیری زەمزەم هەڵبەستوە. لێرەشدا چەمکی پیرۆزی بەشێوەیەکی تایبەت لەئیسلامەوە وەرگیراوە چونکە تێکەڵبونی ئاوی بیری زەمزەم بەئاوی قودس پیرۆزیی بیرەکە سەرنجڕاکێشتر دەکا. بەڵام لێرەدا پیرۆزی هیچ مانایەکی نیە چونکە لەئێزدیياتیدا قودس هیچ پیرۆزییەکی نیەو تەنانەت میتۆلۆژیای ئێزدیياتیش هیچ ئاماژەیەکی بۆ پیرۆزیی قودس تێدا بەدی ناکرێ.

لەگوندی باعدرێی بارەگای میرایەتیی ئێزدیياتی لەشێخان، وێنەی پارێزراوی بەرانێك هەیە کەئاماژەیە بۆ ئەو بەرانەی کەپێغەمبەر ئیبراهیم بەپێی هەردو گێڕانەوەی تەورات‌و قورئان بەقوربانی کوڕەکەی کردوە[٥]. پیرۆزکردنی ئەم قوربانیکردنە بەو سەرەنجامە گەیشت کەئێزدییەکان وەك موسڵمانەکان رێو رەسمی جەژنی قوربان بەڕێوە بەرن، ئەگەرچی روداوەکە هیچ پەیوەندییەکی بەمیتۆلۆژیای کۆنی ئێزدیياتییەوە نیە. خواستنی ناوی هەندێ شوێن وەك چیای عەرەفات کەچیایەکە لای ئێزدییەکان دەڕوانێتە سەر دۆڵی لالش یان ئەنجامدانی رێو رەسمی شەوی ناوەڕاستی مانگی شەعبان، لەمیتۆلۆژیای ئێزدیياتیدا بایەخێکی زۆریان نیە بەڵام ئەمانە هەر هەمویان لەناوەڕۆکدا رەنگدانەوەی پرۆسەی سەرلەنوێ داڕشتنەوەن بەجۆرێك کەناتوانن وەك گوزارشتێکی مێژویی لەپەرەسەندنی بیروباوەڕە ئێزدییەکان خۆیان بنوێنن. پێناسەی ئێزدیياتی بۆ تەقیە لەئامانجدا جیاوازیی لەگەڵ تەقیەی هیچ گروپێکی تردا نیە کە لەچەوسانەوەو سزای بەکۆمەڵ دەترسێ‌و ئامانجەکەش پاراستنی پەیکەری گشتیی بیروباوەڕو دورخستنەوەی کاریگەرییە زیانبەخشەکانی بەگومان کەوتنی زۆرینەیە لەتایبەتمەندییە لۆکالەکانی.

کتێبی پیرۆزی ئێزدییەکان کەپێی دەوترێ جیلوە دو جار جەخت لەسەر تەقیە دەکاتەوە. لەبەرایی‌ی کتێبەکەدا خوا لەپەیڕەوەکانی داواکارە نهێنییەکانی کتێبە

---

[٥] عبدالرزاق الحسني، اليزيديون في حاضرهم وماضيهم، الطبعة الحادية عشرة، مكتبة اليقظة العربية، بغداد، ١٩٨٧، ص ١٠٨.

پیرۆزەکە بپارێزن‌و لەبێگانەی بشارنەوە. لەبەشی چوارەمیش ڕێنمایی‌یەکان داوا لەپەیڕەوەکان دەکەن وریای بێگانەکان بن‌و لەم چوارچێوەیەدا خوا داوا لەئێزدییەکان دەکا سنورێك بۆ پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بێگانەدا دانێن بۆ ئەوەی گوناهبار نەبن‌و لەڕێی ڕاست لانەدەن[٦].

لەلای گروپی هەقەش، تەقیە زیاتر لەتەقیەی بارزانییەکان دەچێ، ئەویش لەو ڕوەوە کە لەهەردوکیاندا ڕەگ‌و ریشەی پاساو هێنانەوە بۆ جێبەجێ نەکردنی فەرزە ڕۆتینییەکان دەچێتەوە سەر سۆفیگەری‌و نۆڕینی بۆ دیوی ناوەوەی مانای وشەکانی دەقە پیرۆزەکان.

بیروباوەڕی هەقە فرە تەمومژ دێتە بەر چاو. هەقەکان‌و بارزانییەکان لەدوو تایبەتمەندیدا هاوبەشن. لەیەکەمیاندا هەردوکیان دوو کۆمەڵگای کەلتوریی داخراویان دامەزراندووەو لەدووەمیشیان هەردوکیان، بەبێ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یەکتریدا، شەریعەتێکی بێ ڕێ‌و ڕەسمیان بەرهەم هێناوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان کۆمەڵگای بارزانییەکان‌و کۆمەڵگای هەقەکاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە کەکۆمەڵگای هەقەکان بەلێبوردنترەو زیاتر بەلای ئاشتیی کۆمەلایەتیدا دادەشکێنێ. ڕەنگە هۆکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کەهەقەکان نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی ئاسۆیی بیروباوەڕی خۆیان پەخش بکەن‌و نشینگەکانیشیان بەسەر قەڵەمڕەوێکی بەربڵاوی زەویدا دابەش بووە.

بیروباوەڕی هەقە بەلای زۆرینەی سوننەوە چەردەیەك باوەڕی لەخۆ گرتوە کە لەگەڵ بنەما گشتییەکانی ئیسلامدا وێك نایەنەوە. بەشێوەیەکی گشتی، هەقە بەردەوام بەچاوی سوسەو گومانەوە سەیر کراون‌و بەگومانکەوتن لەبیروباوەڕیان نەیهێشتوە بەئاسانی تێکهەڵکێشی دەوروبەرە سوننەکەی خۆیان بن. بەگشتی، دەتوانرێ هۆی بەگومانکەوتنی دەوروبەر لەبیروباوەڕی هەقە، ببرێتەوە سەر هەڵوێستی هەقە لەدوو مەسەلەی بنچینەیی: یەکێکیان پەیوەندیی بە بانگەشەی

---

[٦] بۆ دەقی تەواوی کتێبی ((جیلوە)) بڕوانە:
ئەنستاس ماری کەرمەلی، کتێبی ئێزدییەکان جیلوەو مەسحەفا ڕەش‌و بیبلۆگرافیای ئێزدییاتی، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی‌و ڕۆژنامەوانیی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٧٣-٧٨.

وەلانانی فەرزە شەرعییە ئاسایی‌یەکانەوە هەیە کەئەمەش پرنسیپێکی بنچینەیی‌ی پێکهاتە کەلتورییەکانی هەقە پێکدێنیٚ‌و فاکتەری سەرەکیی جیابونەوەیانە لەدەوروبەری کۆمەلاّیەتیی خۆیان. ئەوی تر پەیوەندیی بەهەندیٚ بۆچونی کۆمەلاّیەتیی پێشکەوتوترو کراوەترەوە هەیە کەچەردەیەك وێناو چەمکی جوانیان لەخۆ گرتووە وەك یەکسانیی کۆمەلاّیەتی‌و هەرەوەزیی کۆمەلاّیەتی‌و مافەکانی ژن. ئەم خالّەی دوایی‌یان مایەی وروژاندنی مشتومڕێکی زۆرە چونکە لەسۆنگەی ئەم مەسەلەیەوە کۆمەلێّك تۆمەتی نارەواو بیٚ بەلّگە کەئاماژە بەبونی چەشنە ئیباحیەتێك دەکەن، بەخوتو خۆڕایی خراونەتە پالّ گروپی هەقەوە.

هەقەکان لەترسی چەوسانەوە ناچار بون بۆ پاراستنی بەردەوامبونی کۆمەلّگاکەیان هانا بۆ تەقیە بەرن. ئەوان نکۆلّی لەوە ناکەن کەبیروباوەڕیان پابەندیان ناکا بەجێبەجیٚ کردنی فەرزە شەرعییەکان. مایەی سەرنجدانە کەمستەفا عەسکەری، کە بەرەچەلّەك دەچێتەوە سەر بنەمالّەیەکی شێخەکانی هەقە، لەکتێبەکەیدا دەربارەی هەقە وای بۆ دەچیٚ کە لەرێنمایی‌یەکانی دوو رابەری روحانیی هەقەدا، واتە شێخ عەبدولکەریمی شەدەلّەو مامە رەزا، بانگەشە بۆ جێبەجیٚ نەکردنی ئەرکە شەرعییەکان بەیەکجارەکی نەکراوە، گوایە لەنێو هەقەکاندا تەنها یەك گروپ هەیە، کەگروپی برا سەیارە، بەئاشکرا بانگەشە بۆ جێبەجیٚ نەکردنی فەرزەکان بەتەواوی دەکا[٧]. بەلاّم دان پێدانانی بەوەی کەزۆرینەی هەقەکان پابەند نین بەنوێژو رۆژو بەو مانایە دیٚ کەپرنسیپی جێبەجیٚ نەکردنی ئەم دوو ئەرکە پرنسیپێکی بنچینەیی‌ی بیروباوەڕی هەقە پێکدێنیٚ. هەندیٚ لەئاماژەکان باس لەوە دەکەن کەشێخ عەبدولکەریمی شەدەلّەو مامە رەزا بەتەواوی دەستیان لەنوێژ هەلّنەگرتبو. بەلاّم لەبەرامبەریشدا بەلّگەی ئەوەندە بەهێز نیە کەئەم دوو رابەرە وەك سەرجەمی موسلّمانە سوننەکان بەتەنگ نوێژکردنەوە بووبن. زیاتر بیر بۆ ئەوە دەچیٚ کەهەولّی رابەرەکان بۆ خۆنیشاندان وەك نوێژکەر، لەچوارچێوەی پرۆسەی تەقیە ناترازیٚ. لەپەراوێزی لاپەڕەکانی کتێبە ئاماژە پێکراوەکەی مستەفا عەسکەریدا، محەمەد مەلا کەریم وای بۆ دەچیٚ کەمەبەست

---

[٧] مستەفا عەسکەری، ئاوڕدانەوەیەك لەبزوتنەوەی هەقە، چاپخانەی عەلا، بەغدا، ١٩٨٣، ل ٥٢.

لەهەوڵدانی هەردوو رابەرەکەی هەقە بۆ خۆنیشاندان وەك نوێژکەر، ساغکردنەوەی پابەندبونە بەرێو رەسمە شەرعییەکانی ئیسلام[٨].

کەمترین گومان لەوەدا نیە کەرابەرە روحانییەکانی هەقە هەم بەئەرکی خۆیانو هەم بەقازانجی خۆیانو پەیڕەوەکانیان زانیوە کەهیچ ئاسەوارێکی بەدوگومانی لەبیروباوەڕیان نەهێڵنو بۆ خۆ رزگارکردن لەهەر گێچەڵێکی گەورە بەباشیان زانیوە بکەونە گەڕ بۆ بەدەست هێنانی متمانەو سەلماندنی نیاز پاکی. پاساوەکانی هانا بردنی هەقە بۆ تەقیە لەپاساوەکانی هانا بردنی بارزانییەکان بۆ تەقیە بەهێزترن چونکە دەوروبەری هەقە لەهەقە رۆشنبیرترەو پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا لەچاو پەیوەندیی هەقە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، پەرەسەندوترو بەهێزترە.

لەدوو روداودا بونی هەڕەشەی کۆمەڵایەتی ساغ دەبێتەوە. لەم سەروبەندەدا رابەری روحانیی هەقەکان، شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە، خەریك بوو بەدەستی موسڵمانێکی سوننیی توندڕەو کەخۆی ئامادە کردبوو رابەری هەقە لەکۆڵ ئیسلام بکاتەوە، تیرۆر بکرێ[٩]. هەقەکان ئەم روداوە بە بەڵگەی دڵپاکیو تۆکمەییی بیروباوەڕیان دەدەنە قەڵەم چونکە کابرای سوننەی توندڕەو کەبۆ تیرۆرکردنی رابەری هەقە دزەی کردبووە ناو هەقەکان، هەر ئەوەندەی بەخۆ زانی کە لەسەر دەستی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە دەبێ بەهەقە. ئەم روداوە کەهەمزە عەبدوڵڵا لەساڵی ١٩٨٣ دا لەوتارێکدا دەربارەی ئەزمونی لەگەڵ هەقەکاندا باسی کردووە، دەری دەخا کەهەقەکان دەیانزانی ئەگەر وریا نەبنو بیروباوەڕەکانیان نەشارنەوە، گەڕیان پێ دەکرێو گێچەڵیان بۆ دروست دەبێ. روداوەکەی تر پەیوەندیی بەگفتوگۆیەکی مەلا مستەفای حاجی رەسوڵو مامە رەزای رابەری روحانیی هەقەوە هەیە کە لەسلێمانی بەڕێوە چووەو لەمیانەیدا مەلا مستەفا بەڕوی مامە رەزادا تەقییەوەو پێی وت کەدەبێ بەپێی رێو رەسمی ئیسلام سزا بدرێن چونکە وازیان لەنوێژ هێناوە[١٠]. لەئیسلامدا سزای وازهێنان لەنوێژ یەکێکە لەسزا قورسەکانو بەئاسانی

---

[٨]هەمان سەرچاوە، ل ٥٣.

[٩]هەمان سەرچاوە، ل ٦٤.

[١٠]هەمان سەرچاوە، ل ٦٧.

دەگاتە رادەی کوشتن. روداوەکە گوزارشت لە بەگومانکەوتنی سوننە لەبیروباوەڕی هەقە دەکا، بەگومانکەوتنێك کەدەگاتە ئەندازەی تەماشاکردنیان وەك هەڵگەڕاوەو شایستەی کوشتن.

لەلای کاکەیی‌یەکاندا تەقیە دوراییەکی تری هەیە. کاکەیی‌یەکان بەڕوکەش بەشێکی موسڵمانان پێکدێنن‌و گوتاری ئاینیی ئاشکرایان وایان دەردەخا کەگروپێکی موسڵمانی خاوەن ناسنامەیەکی تایبەتن. کاکەیی‌یەکان بیروباوەڕەکانیان ئاشکرا ناکەن‌و بانگەشەشی بۆ ناکەن. ئاجریان، زانای بەڕەگەز ئەرمەن کە لەکاکەیی‌ی کۆڵیوەتەوەو لەناساندنیاندا ناوی ئەهلی هەقی بۆ بەکار هێناون، سەرنجی داوە کە کاکەیی‌یەکان سڵ لەموسڵمانەکان دەکەنەوەو هەوڵ دەدەن بیروباوەڕی خۆیان لەزۆرینە سوننییەکە بشارنەوە. خودی خۆیشی هانی دان خۆیان رابگەیەنن[١١].

کاکەیی‌یەکان وەك هەمو ئەو گروپانەی کە لەخۆیان رانابینن بتوانن بیروباوەڕی خۆیان ئاشکرا بکەن، لەمێژە هانایان بردۆتە بەر تەقیە وەك رێوشوێنێك بۆ خۆ دەرباز کردن لەئەگەری چەوساندنەوەیان. ستراکتۆری ئاینیی کاکەیی‌یەکان لەچەردەیەك بیروباوەڕی نەسازاو لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلام پێکدێ. کاکەیی‌یەکان بەپێچەوانەی هەقەو بارزانییەکانەوە لەخۆیان رانابینن بتوانن بەپشت بەستن بەدەقە پیرۆزەکانی ئیسلام پاکانە بۆ رەفتاری ئاینیی خۆیان بکەن. بۆیە، بۆ خەفەکردنی بەگومانکەوتنی دەوروبەرە موسڵمانەکەیان لەبیروباوەڕیان، کاکەیی‌یەکان پێداویستییەکانی چەشنێکی دیاریکراوی تەقیەیان لەسەر بنەمای خواستنی هەندێ لەرواڵەتە دەرەکییەکانی ئیسلام بۆ خۆیان فەراهەم کردو لەم چوارچێوەیەدا پەنایان بردە بەر پەیڕەوکردنی خەتەنە کەنەریتێکە پێغەمبەر موحەممەد بۆ لێك جیاکردنەوەی ئیمانداران لەنائیمانداران لەجولەکەی وەرگرتوە. بەپێچەوانەی ئەوەی کە لەجولەکایەتی‌و ئیسلامدا باوە، ئەم نەریتە لەکاکەییدا هیچ پیرۆزییەکی نیە. لەڕەوتی هەوڵدانیشیاندا بۆ تێکهەڵکێش بون لەگەڵ دەوروبەری موسڵمانی

---

[١١] ئاجەریان‌و چەند لێکۆڵیارێکی تر، چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، دەزگای چاپ‌و بلاّوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٢٨.

خۆیاندا، کاکەییەکان ناوی موسڵمانان لەخۆ دەنێن. کاکەییەکانی شەش گوندە دابڕاوەکەی سەر زێی گەورە، ڕێك وەك زۆربەی کاکەییەکانی کەرکوك، لەسەر هەمان پلان دەڕۆنو زۆربەی جار رابەرە ئاینییەکانیان نازناوی ((مەلا)) بەکار دێنن کە لەلیستی پلە ئاینییە سونییەکانی کورددا نزمترین پلەی ئاینییە. ناوی ((ئەهلی هەق)) خۆی لەخۆیدا ئاماژە بۆ تەقیە دەکا چونکە ئەم ناوە ئیسلامییە کەڕەنگدانەوەی پاکیزەییو خاوێنییە، شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەگروپەکە خواپەرستەو بەهیچ شێوەیەك لەڕێساکانی ئیسلام لاینەداوە. بەهەمان پێودانگ، هەندێ بزاڤی تر، وەك حروفییە، ناوی وایان لەخۆ ناوە کەئاسەواری باش لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی موسڵمان بەجێ دێڵێ. کردنەوەی شوێنێك بۆ ئیمام عەلیی کوڕی ئەبو تالب لەبیروباوەڕی کاکەییدا هەوڵێکە بۆ تێکهەڵکێش کردنی ئاینو مێژوو و خۆشاردنەوە لەژێر چەتری کەسێك کە بەلای زۆربەی موسڵمانە شیعەو سوننەکانەوە سەنگی ئاینیی خۆی هەیە، لەکاتێکدا ئیمام عەلی هیچ پەیوەندییەکی بەبیروباوەڕی کاکەییەوە نیە.

لەناو هەمو گروپە خاوەن ناسنامە تایبەتەکاندا، ئێزدییەکانو کاکەییەکان بەشێوەیەکی تایبەت لەو بڕوایەدان کەڕەگو ریشەی بیروباوەڕەکانیان پەیوەندیی پتەوی بەئیسلامەوە نیە. بەڵام سەرەڕای ئەم پەیوەندییە لاوازە بەئیسلامەوە، کاکەییەکان کەئێزدییەکان لەوان بوێرتر دێنە بەرچاو، هێشتا بەگونجاوی نازانن پەلە لەخۆ راگەیاندن وەك پەیڕەوانی ئاینێکی تایبەت بکەن.

ساڵی ٢٠٠١ یەکێ لەسەیدەکانی کاکەیی کەسەید تالب شوکر دەروێشە، لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی ((تایم))[١٢] کە لەسلێمانی دەردەچو، رایگەیاند کە کاکەیی ((ئاینێکی تایبەتە)). دیارە ئەم دانپێدانانە ئاشکرایە بڕێکی زۆر بوێریو راستگۆییی تێدایە، هەرچەند زۆر درەنگ راگەیەنرا. دەشێ وای دابنێین کەئەمە یەکەم ئاماژەیە بۆ سەرەتای کۆتایی هاتنی سەردەمی شاردنەوەی راستییەکان. لەم چاوپێکەوتنەدا دەردەکەوێ کەکاکەییەکان ساڵانێکە بەردەوام لەمشتومڕدان سەبارەت بەخۆ راگەیاندن وەك گروپێکی

---

[١٢] تایم ٣١/١٢/٢٠٠١.

تایبەتو بەیەکجارەکی وازهێنان لەتەقیە. بەڵام ئەم بیرکردنەوەیە لەترسی ئاکامە کتوپڕو ناچاوەڕوانکراوەکان هێشتا رارایی‌و دودڵیی پێوە دیارە. دەروێش ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کەیەکەم پرۆژەی وازهێنان لەتەقیە، لەساڵی ١٩٢١دا سەری دەرهێنا، کاتێك داوا لەسەید فەتاح سەید خەلیلی رابەری روحانیی کاکەیی‌یەکان کرا دوایی بەسەردەمی خۆشاردنەوە بێنێ‌و کاکەیی‌یەکان بۆ قۆناغی ئاشکراگەرایی بگوێزێتەوە. بەڵام سەید فەتاح دودڵ بوو لەکۆتایی هێنان بەقۆناغی نهێنیی بیروباوەڕ کەقۆناغێکە رەنگە تەمەنی دەوروبەری هەزار ساڵ ببێ. دەروێش هۆی سڵکردنەوەی کاکەیی‌یەکانی بردەوە سەر ترس لەناساندنیان وەك گروپێکی هەڵگەڕاوەو پەشیمان لەئیسلام چونکە سەدان ساڵە کاکەیی‌یەکان وەك موسڵمان خۆیان نیشانداوە. کاکەیی‌یەکان چاك سەرودەر لەوە دەردەکەن کەوازهێنانی یەکجارەکی لەتەقیە، بەتەواوی بەندە بەڕادەی لێبوردەیی‌ی کۆمەڵ بەرامبەریان‌و واشی دەبینن کەمادام خۆئاشکراکردن زیان لەکەس نادا، مافی خۆیانە بیروباوەڕی خۆیان ئاشکرا بکەن‌و خۆیان رابگەیەنن.

بەڵام وازهێنان لەتەقیە شتێکی ئاسان نیە چونکە پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکانی کاکەیی زیاتر لەهەشت سەدەیە لەسەر شاردنەوەی بیروباوەڕەکانیان راهاتون‌و کاکەیی‌یەکان بەدرێژایی‌ی ئەو ماوەیە بەگۆشەگیری ژیاون‌و نهێنییەکانی بیروباوەڕەکەی خۆیان بەشاردراوی هێشتۆتەوە. تا ئێستاش رۆشنبیرانی کاکەیی روبەڕوی گوشارێکی زۆر بونەتەوەو بەردەوام داوایان لێ دەکرێ چیتر نهێنییەکان ئاشکرا نەکەن[١٣]. بەپێی دەقێکی پیرۆزی دێرینی ٨٠٠ ساڵە کەدەخرێتە پاڵ سوڵتان سەهاکەوە، کەیەکێکە لەپێنج رابەرە ئاینییە گەورەکەی ئەهلی هەق، هەر چی نهێنییەکانی ئاین ئاشکرا بکا، بەخراپترین شێوە سزا دەدرێ[١٤]. ئەمە دەریدەخا کەشاردنەوەی بیروباوەڕ دیاردەیەکە لەگەڵ پەیدابونی بیروباوەڕی کاکەییدا پەیدا بووە.

---

[١٣] ئەیوب رۆستەم، یارسان لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی- دینی سەبارەت بەکاکەیی، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیریی هەورامان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٤٤-٤٥.

[١٤] هەمان سەرچاوە، ل ١٦٧-١٦٨.

گومان لەوەدا نیە کەناتوانرێ چاوپۆشی لەبونی پەیوەندی لەنێوان جۆرە پەیڕەوکراوەکانی تەقیەی گروپە ئاینییەکاندا بکرێ. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کەسەرەڕای بونی پەیوەندیی بەهێز یان لاواز، تەقیەکان بەپێی هەلومەرجی تایبەت لەڕوی ئامرازو هۆو شێوەکانەوە جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە.

بیروباوەڕی بارزانی پەیوەندیی بەچەشنە رێکخستنێکەوە هەیە کەبنچینەکەی، بڵاوبونەوەی ئاسۆیی‌ی بیروباوەڕە کەڕێوشوێنێکە لەمەسیحایەتیدا بەمژدەدان‌و لەئیسلامدا بەبڵاوکردنەوەی بانگەواز ناسراوە. ئەم رێوشوێنەی بانگەشەکردن بۆ بیروباوەڕ بەهیچ شێوەیەك لەبیروباوەڕی ئێزدییاتی‌و هەقەو شەبەکدا نیەو کاکەیی‌یەکانیش هەرگیز پەیڕەوییان لێ نەکردوە چونکە ئەوان چاوەڕوانن میراخور جیهانشور لەجیهانی بالآوە بۆیان دابەزێ‌و بیروباوەڕەکەیان بەسەرانسەری جیهانی خوارەوەدا بڵاو بکاتەوە[١٥]. بەچاوپۆشین لەجیاوازییە گەوهەرییەکانی نێوان مەسیحایەتی‌و ئیسلام، هەم مەسیحییەکان‌و هەم موسڵمانەکان سەرگەرمی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆیان بون بەشێوەیەکی ئاسۆیی لەنێو ئەو گروپانەی کەئاینی نائاسمانییان هەیە. دواتر، پێشبڕکێی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئاینی بەهۆی پەیدابونی خوێندنگەو رەوت‌و مەزهەبی جیاوازەوە، پێشبڕکێی نێوان گروپەکانی ناو یەك ئاینی لێ کەوتەوەو لەم سۆنگەیەوە پەیڕەوانی هەر مەزهەبێك کەوتنە هاندانی پەیڕەوانی مەزهەبێکی تر بۆ هەڵگەڕانەوە لەمەزهەبەکەیان‌و باوەڕهێنان بەمەزهەبی تر. ئەمە بەشێوەیەکی رونتر لەمەسیحایەتیدا دەردەکەوێ‌و هەروەها لەئیسلامدا، بەڵام بەئەندازەیەکی کەمتر. لەئیسلامدا بنچینەی سیاسەتی شیعەی دوانزە ئیمامی‌و ئیسماعیلییەکان بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ بووە لەنێو موسڵمانان‌دا بەمەبەستی کردنیان بەشیعەو بەئیسماعیلی.

لەسەر ئەم بنچینەیە، شێخایەتیی بارزان بەوپەڕی لەخۆدڵنیابون‌و پێداگرتنەوە کەوتە کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکەی بەشێوەیەکی ئاسۆیی لەنێو موسڵمانانی ناوچەکانی دەوروبەردا. لەقۆناغە بەراییی‌یەکاندا شێخایەتیی بارزان وابەستەی شێخایەتیی نەهری بوو لەهەرێمی هەکاری. ئەگەرچی وا دێتە پێش چاو

---

[١٥] ئاجەریان‌و چەند لێکۆڵیارێکی تر، چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، سەرچاوەی پێشو، ل ٥٢.

کەبارزان زۆر هەوڵی رازیکردنی سەرانی شێخایەتیی نەهریی دابێ، بەڵام ململانێیەك کەئەستەمە لەهۆکانی سەرهەڵدانی دڵنیا بین، لەنێوان هەردو شێخایەتیدا سەری دەرهێناو گەیشتە رادەی شەڕو پێکادان. لانی کەم دوو کەس لەشێخەکانی بارزان کەشێخ عەبدولسەلامی یەکەمو شێخ محەمەدن، بونە مایەی وروژاندنی شێخایەتیی نەهریو لەئاکامدا خۆیان دوچاری ململانێو کێشمەکێشێکی سەخت کرد. لەسۆنگەی ئەم ململانێیەوە دەرفەتی هاوکاریی نێوان هەردو شێخایەتی دای لەکزی.

شێخایەتیی نەهری خۆی بەنمونەی خاوێنیی ئاینی دادەنا. رونیشە کەئەم شێخایەتییە خۆی بەهەندێ بیروباوەڕ پابەند کردبوو کە لەسەرەنجامدا بونە مایەی فەراهەم کردنی وێنایەك کەگوایە ئێرانییە شیعەکان لەدەرەوەی چوارچێوەی ئیسلامدانو تورکە عوسمانییە سونەکان کەوتونەتە دەرەوەی چوارچێوەی راستو دروستی شەریعەت[16]. لەسەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا کە لەساڵی ١٨٨٠دا جەنگێکی پیرۆز لەدژی ئێرانییە شیعەکان هەڵدەگیرسێنێو گرژییەك دەخاتە پەیوەندیی نێوان ئێرانو دەوڵەتی عوسمانییەوە، نەهری لەبیروباوەڕی بارزانییەکان زیاتر بەگومان کەوت. ئەگەرچی ئەستەمە بەوردەکارییەوە باسی هۆکانی تەقینەوەی ململانێی نێوان هەردو شێخایەتی بکرێ، ئەویش لەسۆنگەی کەمیی سەرچاوەی نوسراوەوە، بەڵام دەکرێ بۆچونێکی وا ساز بکرێ کەهۆی راستەوخۆی ململانێکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەشێخ عەبدولسەلامی یەکەم (کۆچکردوی ساڵی ١٨٤٤) ناوی غەوسی لەخۆ نابوو، کەنازناوێکی سۆفیگەرانەیەو لەنازناوی شێخ عەبدولقادر گەیلانیی شێخی بەناوبانگی قادرییەوە وەرگیراوە[17]. بەکارهێنانی نازناوی ((غەوس)) پایە بەرزیی پێگەی روحانیی شێخایەتیی بارزانی لێ هەڵدەکرێندرێ بەڵام لەپێکهاتە کەلتورییە سۆفییەکاندا نازناوەکە واتای قوڵتری هەیەو ئاماژەیە بۆ چەشنە پەیوەندییەکی تایبەت لەگەڵ

---

[16] دکتۆر عەزیز شەمزینی، جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، سەرچاوەی پێشو، ل ٧٧.

[17] بازیل نیکیتین، کوردناسی، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەییو رۆژنامەوانیی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٤٢.

ئاسماندا تا ئەندازەی فەنا لەزاتی خوادا. ئەمە وای لەنەهری کرد وا بڕوانێتە مەسەلەکە کەشێخایەتیی بارزان سنوری خۆی بەزاندووەو خۆیو شوێنکەوتووەکانی پێویستیان بەتەمێ کردن هەیە. بەجۆرە، دەڤەرەکە لەشکرکێشییەکی سەختی بۆ سەر پەیڕەوانی شێخ عەبدولسەلام بەخۆوە بینیو خودی عەبدولسەلام ناچار بوو خۆی بشارێتەوە. لەسەردەمی شێخ محەمەدیش (١٨٣٧-١٩٠٢) کەکوڕی شێخ عەبدولسەلامی یەکەمە، ململانێ سەری هەڵدایەوەو شێخایەتیی بارزان تالاّوی مەینەتییەکی دژواری چەشت. دوای دانانی شێخ محەمەد بەدەسەلاّتی نەهریداو ملکەچ کردنی بۆ دەسەلاّتی شێخ عوبەیدوڵلاّی نەهریو پەشیمانبونەوە لەهەمو ئەو شتانەی بووبوونە هۆی دروست کردنی گێچەڵ، کۆتایی بەکێشەکە هات[18]. ئەگەرچی شێخایەتیی بارزان سەری بۆ شێخایەتیی نەهری دانەواند بەلاّم هەوڵدانی بۆ دابین کردنی بڕێك ئازادی پەکی نەکەوت.

پاش تێکشکانی جەنگەکەی شێخ عوبەیدوڵلاّ لەدژی ئێران لەساڵی ١٨٨٠دا، جەنگێك کەبارزانییەکان بەشدارییان تێدا نەکرد، شێخایەتیی بارزان هەلێکی زێڕینی بۆ خۆڕزگارکردن چنگ کەوت. بەهۆی ئەم جەنگەوە، شێخایەتیی نەهری بالاّدەستیی وێژەییی خۆی لەدەستداو رابەرە روحانییەکانی دەسەلاّتی پێشانیان نەما، بەتایبەتی پاش دورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵلاّی نەهری بەخاووخێزانەوە بۆ حیجاز. دوا بەدوای ئەمە، شێخ محەمەد بۆ پەرەپێدانی فاکتەرەکانی هێز، هەلەکەی قۆستەوەو چیتر پێویستی بەوە نەما دڵسۆزیو گوێڕایەڵیو نیاز پاکیی خۆی بۆ شێخایەتیی نەهری رابگەیەنێ.

لێرە بەدواوە، ئیدی شێخایەتیی بارزان ترسی چەوسانەوەی نەما. شێخ محەمەد پانتاییی دەسەلاّتی خۆی بەرفراوان کردو کەوتە بلاّوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی. ئەمە یەکەم جار بوو لەدەرەوەی بەرەبابی بەروژ پەیڕەو پەیدا بکرێ[19]. بەلاّم سەرەڕای ئەم سەرکەوتنانە، شێخ محەمەد هەر دودڵ بوو لەئاشکراکردنی بەرنامەی ئابوریی

---

[18] هەمان سەرچاوە، ل ٤٤.

[19] مامخان شێروانی، بارزانو رەچەڵەکی بارزانییان، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیو مێژوییی لەسەر بارزان تا بەهاری ١٩٧٤، لەندەن، ١٩٧٤، ل ٥١.

خۆی‌و پێی وابوو هێشتا کاتی راگەیاندنی نەهاتوە. بەڵام شوێنکەوتەکانی گەرم‌و گوڕ بون‌و بەزەحمەت خۆیان پێ کۆنترۆڵ دەکرا. بۆیە، لەخۆیانەوەو بەبێ گەڕانەوە بۆ شێخ، لەگوندی دوری کەوتنە نەهێشتنی خاوەنێتیی‌ی تایبەتی زەوی‌و لەم کارەدا ئومێدێکی زۆریان لەسەر بەدی هێنانی کۆمەڵێکی بێ چەوسانەوەی دەرەبەگەکان‌و پشت ئەستور بەدادو یەکسانی هەڵچنی بوو. شێخ محەمەد ئەم کارەی پێ باش نەبوو و لەم بارەیەوە میانڕەویی نواند. بەبۆچونی ئەو، تا رەوشێکی لەبارتر بۆ دەست پێکردنی بەرنامە ئابورییەکە نەڕەخسێ، پێویستە درێژە بەتەقیە بدرێ[20]. ئەم سیاسەتە تا کۆچی دوایی‌ی شێخ محەمەد لەساڵی ١٩٠٢دا درێژەی کێشا.

پاش شێخ محەمەد، شێخ عەبدولسەلامی دووەم کۆنفدراسیۆنێکی خێڵەکیی لەچوار بەرەباب پێکهێنا کەبریتی بون لەبەروژ، مزوری، شێروان‌و دۆڵەمەڕی‌و سەردەمەکەی زەبروزەنگێکی زۆرتری لێ کەوتەوە چونکە کێشمەکێشێکی دژواری لەدژی ئۆرۆستۆکراتەکانی خێڵی زێبار هەڵایساندو لەگەڵ خێڵەکانی برادۆست‌و رێکانی‌و سورچیدا تێوەگلاو توشی بەربەرەکانێیەکی سەخت هات[21]. بەجۆرە، فاکتەری ترس لەچەوسانەوە بەرۆکی بیروباوەڕی بارزانییەکانی بەر دا.

بەڵام سەرەڕای ئەمە، چەشنەکەی تری تەقیە کە بەهیچ شێوەیەك ناچێتەوە سەر ترس لەچەوسانەوە، بەڵکو زیاترو بەشێوەیەکی سەرەکی دەچێتەوە سەر زینۆفۆبیا، واتە ترس لەبێگانەو ترس لەکاریگەرییان لەسەر خاوێنیی بیروباوەڕ، هەر درێژەی کێشا. ئەم رەوشەی بیروباوەڕی بارزانی زۆر لەڕەوشی بیروباوەڕی دروزی سوریاو لوبنانەوە نزیکە. وەك چۆن بیروباوەڕی بارزانی، پاش بڵاوبونەوەی‌و ململانێی سەختی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا، توانی پەراوێزێکی فراوانی ئاسایش بۆ خۆی دابین بکات، دورزییەکانیش پێش ئەوان بەسەدان ساڵ هەمان ئەندازەی ئاسایشیان بەدەست هێنا. هەردو گروپ دوو کۆمەڵگای داخراوی ئەوپەڕی نهێنی پارێزیان بۆ خۆیان پێك هێنا.

---

[20] بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي، المصدر السابق، ص٨٣.

[21] مامخان شێروانی، هەمان سەرچاوە، ل ١٠-١١.

تەقیە، بەو جۆرەی کە لەناو بارزانییەکاندا پیادە کراوە، هەمان ئەو بنچینانەی هەیە کە لەناو دورزییەکاندا کاری پێ کراوە. لێرەدا دەبینین تەقیە دەرهاوێشتەی پێداویستییەکانی پاراستنی قەوارەی فیزیکی نیە، بەڵکو دەرهاوێشتەی پێداویستییەکانی پاراستنی قەوارەی کەلتورییەو بەم پێیە، هەڵقوڵاوی بنەماکانی بیروباوەڕە کەپاراستنی نهێنی بەشێکی بنەڕەتیی پێکهاتەکەی پێکدێنێ. ئەوەی کەدورزییەکان لەتەقیەی رادەبینن کەگوایە میتۆدێکی بنچینەییو رێچکەیەکی رەسەنی عیرفانەو[22] لەهەمان کاتیشدا هۆی نهێنی پارێزیی خۆیانی پێ پاساو دەدەن، دەقاودەق بیروباوەڕی بارزانییەکانیش دەگرێتەوە.

گومان لەوەدا نیە کەپەلهاوێشتنی ئاسۆیی‌ی بیروباوەڕی بارزانی‌و پێکهێنانی کۆنفدراسیۆنی خێڵەکی، بیروباوەڕی بارزانیی لەوە رزگار کرد کەناچار بێ بەزۆر خۆی لەگەڵ دەوروبەری نەیاردا بگونجێنێ‌و بەم خۆگونجاندنە ئاسایشی خۆی مسۆگەر بکات. شێخایەتیی بارزان دوا بەدوای ئەمە، کەوتە پیادەکردنی سیاسەتێکی میانڕەوتر. لەسەردەمی عەبدولسەلامی دووەمدا شێخایەتییەکە لەسەر ئەنجامدانی چەردەیەك چاکسازیی کۆمەڵایەتی لەناو کۆنفدراسیۆنە خێڵەکییەکە گیرسایەوەو ئەم چاکسازییانە بونە هۆی سەقامگیرکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی- ئاینی. خاڵێك کەلێرەدا شایستەی تێبینی کردنە ئەوەیە کەبیروباوەڕی بارزانی پاش پێکهێنانی کۆنفدراسیۆنە خێڵەکییەکە، لەسۆنگەی چەند هۆیەکەوە کەلامان رون نین، چیتر بۆی نەلوا پەل بهاوێ. رەنگە هەندێ لەهۆکان پەیوەندییان بەو بۆچونەوە هەبێ کەپێی وایە پەلهاوێشتنی ئاسۆیی چیدی سودی نەماوە، یاخود ناکرێ پاکی‌و نهێنییەکانی بیروباوەڕ بەبێ دیاریکردنی سنوری رونی ئەندازەی پەلهاوێشتنە ئاسۆیی‌یەکە بپارێزرێن. لەم سۆنگەیەوە، بیروباوەڕەکە تەنها لەنێو خێڵە ئەندامەکانی کۆنفدراسیۆنەکەدا جێی بۆ خۆی کردەوەو شێخایەتی وازی لەهەڵپەی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕە ئاینییەکانی لەدەرەوەی سنوری کۆنفدراسیۆنەکە هێنا.

---

[22] الدكتور سامي نسيب مكارم، اضواء على مسلك التوحيد (الدرزية)، دار صادر، بيروت، ١٩٦٦، ص ٦٥.

ئەو هەلومەرجەی شێخایەتیی بردە سەر ئەو باوەڕەی کەگەیشتۆتە قۆناغی تێربون لەبلاّوبونەوەی بیروباوەڕدا رونو رۆشن نیە. ئەمە تا رادەیەکی زۆر لەهەلومەرجی دورزییەکان دەچێ کەگەیشتنە قۆناغێك چیتر کەسانی نادورزییان لەبیروباوەڕی دورزیدا بەئەندام وەرنەگرت. لەم سەروبەندەدا سەرنج دراوە کەدورزییەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە کەسیان وەرنەگرتوەو دوای ئەوەی کەمیر بەشیر شەهابیان بەئەندام وەرگرت، دەرگای وەرگرتنی بێگانەیان بۆ هەتا هەتایە داخست[٢٣]. بارزانییەکان پاش ئەوەی کەکۆنفدراسیۆنە خێڵەکییەکەیان پێك هێنا، هەمان شتیان کردو هەمو چالاکییەکانی تایبەت بەبلاّوکردنەوەی بیروباوەڕیان راگرت.

[٢٣] الدکتور مصطفی الشکعة، اسلام بلا مذاهب، الطبعة الثانیة، الدار المصریة للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧١، ص ٢٩٠.

## تەوەری دووەم

# قۆناغی ئاشكراگەرایی

بیروباوەڕی بارزانی وەك بیروباوەڕێكی بێ ڕێو ڕەسم خۆی دەنوێنێ، واتە پەیڕەوەكانی ئەم بیروباوەڕە هیچ فەرزێكی شەرعییان لەسەر نیە. كاتێك لەپەیوەندیی نێوان بیروباوەڕی بارزانیو بیروباوەڕەكانی تر دەكۆڵدرێتەوە، ئەم مەسەلەیە وەك تایبەتمەندییەك كەبیروباوەڕی بارزانی لەبیروباوەڕەكانی تر جیا دەكاتەوە، دەردەكەوێ. ئەم پرنسیپە بەتێكڕایی لەبیروباوەڕی ئیسماعیلی-سۆفیگەرییەوە وەرگیراوە. مایەی تێڕامانە كەبزوتنەوەی ئیسماعیلیو بزوتنەوەی سۆفیگەری لەسەر ئەوە هاوڕان كە لەهەندێ هەلومەرجدا پێویست ناكا فەرزەكان جێبەجێ بكرێن بەڵام لەمەسەلەی لابردنی فەرزەكاندا هەر بزوتنەوەیەك بڕو بیانوی خۆی هەیە. بەشێوەیەكی گشتی، بڕو بیانووەكان هەر چییەك بن، لەكۆتاییدا هەر بەو سەرەنجامە دەگەن كەجێبەجێ كردنی فەرزەكان بەپێویست نازانرێ.

نۆڕینی ئیسماعیلی- سۆفیگەری بۆ باوەڕ جیایە لەنۆڕینی بیروباوەڕەكانی تر. لێرە، بەئاسانی پەی بەوە دەبرێ كەگوێ بەپەیوەندیی نێوان باوەڕو جێبەجێ كردنی فەرزەكان نەدراوە. لەڕاستیشدا، ئەگەر ئەم گوێنەدانە وەلاوە بنرێ، تێبینی ئەوە دەكرێ كەباوەڕ لەجێبەجێ كردنی فەرزەكان جیا كراوەتەوە. ناوەڕۆكی پرنسیپەكە ئەوەیە كەباوەڕ دیاردەیەكی دەروونییەو ڕێو ڕەسمیش لەڕوی شێوەو جموجوڵەوە گوزارشتە لەروخساری دەرەوەی باوەڕ. لەبەرەنجامی كۆتاییدا ڕێو ڕەسمەكان لەڕوی روخسارە دەرەكییەكانەوە دەبنە وێناو بەرجەستەكەری ئەو باوەڕەی كە لەدڵ دا چەسپیوە.

ئەم مەسەلەیە هەر كەدەست پێدەكا وەك مەسەلەیەكی سەختو دژوار دێتە پێش. تەنانەت لەسەردەمی پێغەمبەر موحەممەدیش، موسڵمانە بەراییەكان

سەرقاڵی شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان باوەڕو جێبەجێ کردنی فەرزەکان بون. لەو گفتوگۆ تێروتەسەلانەی کەسەلمان فارسی ڕێکی خستو هەر یەك لەعەلیی کوڕی ئەبو تالبو ئەبو زەری غەفاریو عەماڕی کوڕی یاسرو کەسانی تر بەشدار بون تێیدا یاخود ئامادە بون تێیدا، لەچەند لایەکەوە مەسەلەی باوەڕ تاوتوێ کرا، لەوانە لەو ڕووەوە کەبۆ هەڵسەنگاندنی باوەڕ تا چ ئەندازەیەك دەبێ پشت بەپێوەری جێبەجێ کردنی ڕێو ڕەسمەکان ببەسترێ. جێی سەرنجە کەتێڕوانینی سەلمان پشت بەسیستمێکی ئاکار دەبەستێ کەڕێو ڕەسمە ئاینییەکان ناکاتە پێوانەی باوەڕ. ئەگەرچی سەلمان بێ ئەندازە دەستی لەدنیا هەڵگرتبو، بەڵام هەمیشە توانجی لێ دەدرا کەگوایە لەمزگەوت کەم نوێژ دەکا[٢٤]. سەلمان باوەڕی وابوو کەسیستمی بەهاکانی پشت بەستو بەباوەڕ بەڕادەی جێبەجێ کردنی فەرزەکان ناپێورێ بەڵکو بەڕادەی پابەندبون بەناوەڕۆكو واتای فەرزەکان پێوانە دەکرێ.

لەبیروباوەڕی ئیسماعیلیدا نەهێشتنی فەرزەکان بەمەسەلەی ڕۆژی قیامەتەوە بەستراوەتەوەو لەم سەروبەندەدا پەیماننامەی کۆمەڵایەتیی ئیسماعیلی کەوتە پەرەپێدانی چەردەیەك بیروباوەڕی پێشبینگەرا سەبارەت بەڕۆژی قیامەت. هۆی لابردنی فەرزەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەپاش ئەوەی ئیسماعیلییەکان مانا گومو شاردراوەکانی ناو دەقە پیرۆزەکان تێگەیشتن، جێبەجێ کردنی فەرزەکان هیچ مانایەکی نەما. لەسوریا ڕابەری ئیسماعیلییە نزارییەکان ڕاشیدوددین سینان لەنیوەی دووەمی سەدەی دوانزەهەمدا قۆناغی قیامەتی ڕاگەیاند[٢٥]. ئاشکرایە کەمەبەست لەقیامەت ئەو قیامەتەیە کەڕواڵەتێکی ڕوحانیی هەیە. لێرەدا گوزارەی ((قیامەت)) ناوەڕۆکێکی تایبەت پەیدا دەکاو بەچەشنێك بەکار دێ کەزیاتر ئاماژە بۆ ناپێویستیی جێبەجێ کردنی ڕێو ڕەسمەکان دەکا، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کەقۆناغی پێش چونە ناو بەهەشت هیچ جۆرە ڕێو ڕەسمێکی تێدا نابێ. ئەم شەریعەتە کە لەسەر بنچینەی بنیاتنانی کۆمەڵێکی بێ ڕێو ڕەسم

---

[١] محمد عبدالحميد الحمد، اخوان الصفا والتوحيد العلوي، المصدر السابق، ص ٤٤-٤٥.

[٢] الدكتور فرهاد دفتري، خرافات الحشاشين واساطير الاسماعيليين (دراسة في اصول الخرافات وتاريخ وضعها وتطورها منذ العصور الوسطى حتى القرن التاسع عشر)، ترجمة سيف الدين القصير، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، ١٩٩٦، ص ٧٤-٧٥.

دامەزراوە، هیچ ئاماژەیەکی بۆ کۆتایی هاتنی قۆناغی خۆشاردنەوەو دەست پێکردنی قۆناغی ئاشکراگەرایی، واتە کۆتایی هاتنی قۆناغی بەناچاری هانا بردنە بەر بەکارهێنانی تەقیەو شاردنەوەی بیروباوەڕی راستەقینەو دەستپێکردنی قۆناغی رەوینەوەی ترسو راگەیاندنی بیروباوەڕو سەرلەبەر رێکخستنەوەی ژیان لەسەر بنەمای تازە، تێدا بەدی ناکرێ.

ئەگەر لەبۆچونی دروز سەبارەت بەنەهێشتنی فەرزەکان ورد ببینەوە، ستراکتۆری ئاکاری سەردەمێکمان بۆ رون دەبێتەوە کەتێیدا پێویست بەجێبەجێ کردنی فەرزەکان ناکا. دروز لەو بڕوایە دان کەهیچ فەرزێکیان لەسەر نیە چونکە ئەوان ئەم قۆناغەیان تێپەڕاندووەو چیتر پێویستیان پێ نیەو وای بۆ دەچن کەهەر فەرزێك لەتای تەرازوودا، لەتاکەی تردا واتایەکی ئاکار هاوتایەتی[٢٦]. شیکردنەوەی ئەم بۆچونە لێی رادەبینرێ بەو مانایە بێ کەواتا پەنهانو شاردراوە ئەخلاقییەکانی فەرزەکان لەپێشی پێشەوەن نەك خودی فەرزەکان.

لای دروز راڤەکردنی دەقە پیرۆزەکان روخسارێکی وا لەخۆوە دەپێچێ کە لەگەڵ بیروباوەڕەکانیاندا رێکدەکەوێو بەم پێیە ئەوان پێیان وایە ئەو ئایەتەی قورئان کەدەفەرموێ ((ولمن خاف مقام ربه جنتان)) ئاماژەیە بۆ بونی دوو بەهەشت: بەهەشتێك لەجیهانی سەرەوەو ئەوی تر لەجیهانی خوارەوە. یەکەمیان روحانیو نورانییە، روحەکان پاش ئەوەی کەدەگەن بەبالاترین ئاستی باوەڕو هەمو خراپەیەکیان دادەماڵدرێ، روی تێدەکەنو لەوێ دەگیرسێنەوە، ئەمەش پاش ئەوەی کە بەچەند ئەزمونێکی تری ژیاندا تێدەپەڕن. بەهەشتەکەی تریش لەسەر زەوییەو بەدڵنیاییەوە هی ئەوە نیە کەشان لەشانی بەهەشتی جیهانی سەرەوە بدا بەڵام ئەگەر روحەکان بەم بەهەشتەدا تێنەپەڕن، هەرگیز ناتوانن بگەن بە بەهەشتی سەرەوە[٢٧].

---

[٣] الدكتور سعيد مراد، الفرق والجماعات الدينية في الوطن العربي قديما وحديث، دار عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، القاهرة، ١٩٩٧، ٢٠١.

[٤] امجد عزام، الموحدون الدروز بين الخطأ والصواب، دار الاوائل للنشر والتوزيع والخدمات الطباعية، دمشق، ٢٠٠٣، ص ٦٤-٦٥.

ئەم لێکدانەوەیە دیوێکی تری هەیە. مادام دوو بەهەشت هەیە، کەواتە دەبێ دوو قیامەتیش هەبێ، یەکێکیان گەورەیەو لەئاسمانەو ئەوی تر بچوکەو لەسەر زەوییە. ئەمە گوزارشت لەویستێکی لێبڕاو بۆ هێنانە دیی قیامەتو بەهەشت لەسەر زەوی دەکا. پاڵنەری ئەم ویستە، جێبەجێ کردنی پرنسیپە ئیسماعیلییەکەی ڕاگەیاندنی قیامەتی روحانییەو لەڕێی ئەم قیامەتەوە بەدەست هێنانی بەهەشت لەسەر زەوی رادەگەیەنرێ.

لەئالموت لەئێران، کاتێك حەسەن سەباح دەسەلاتێکی ئیسماعیلیی توندوتۆڵی دامەزراندو رۆڵی ئایدیۆلۆژیای لەسەقامگیرکردنی مەرجەکانی دەوڵەتدا ساغ کردەوە، ئیسماعیلییەکان تێگەیشتنێکی ئیسماعیلییانەیان بۆ کۆمەڵگای لەڕێو ڕەسم دامالْدراو چەسپاند. ئەگەرچی تۆماری حەسەن سەباح هیچ هەوڵێکی بۆ نەهێشتنی فەرزە ئاینییەکان تێدا بەدی ناکرێ، بەلام سروشتی بیروباوەڕی ئیسماعیلییەتو داشکاندنی بەلای بەدی هێنانی مەزهەبێکی بێ ڕێو ڕەسمو جەخت کردنە سەر کەشە ئایدیۆلۆژییە گەرمو گوڕەکەی زاڵ بەسەر هەرێمەکانی ژێر دەسەلاتی ئالموتدا، دەریدەخا کەڕاگەیاندنی بڕیاری نەهێشتنی فەرزەکان بۆ هەلومەرجێکی لەبارتر هەڵگیرا بوو. بەجۆرە، دەبینین چوارەم حوکمڕانی ئالموت، ئیمام حەسەنی دووەم، لەساڵی ١١٦٤دا، پاش چل ساڵ لەمردنی حەسەن سەباحو دەوروبەری دوو ساڵو نیو پاش هاتنە سەر کاری لەئالموت، هەڵوەشاندنەوەی فەرزەکان رادەگەیەنێ.

ئیمام حەسەنی دووەم وەك حوکمڕانی دەیلەمو نوێنەری ئیمامە نزارییە گومەکان، بەپێودانگی سێ فەرمانڕەواکەی پێش خۆی، نەهاتە سەر کار، بەڵکو وەك ئیمامێکی پەردە لەڕوو هەڵماڵدراو هاتە سەر کار. لە١٧ی ڕەمەزانی ساڵی ٥٥٩ی کۆچیدا، کەڕۆژێکە لەمەودوا لەمێژوی ئیسماعیلییەکانی ئێراندا ناوبانگ پەیدا دەکا، ئیمام حەسەنی دووەم نوێنەرانی چەند شاندێکی لەدەوری خۆی کۆکردەوەو نامەیەکی بۆ خوێندنەوە کەگوایە لەئیمامی زەمانەوە پێی گەییوەو پێی ڕاگەیاندن کەئیمامی زەمان هەندێ لەفەرزە ئاینییەکانی لەسەر لابردونو قۆناغی قیامەتی روحانیی دەست پێکردووە. هەر لەم بۆنەیەدا ئیمام حەسەن خۆی

وەك جێگری ئیمامی زەمان ناساندو بەم پێودانگە دەسەڵاتێکی ڕەهای بەدەست هێناو بەپێی تیۆرییە تیۆکراتییە باوەکە بووە نوێنەری خوا لەسەر زەمین[٢٨].

لەنامە خوێندراوەکەدا، ئیمام حەسەنی دووەم وا پاکانەی بۆ نەهێشتنی فەرزەکان کرد کەچیتر خوا پێویستی بەفەرزەکان نیەو وتی ئیمامی زەمان بۆیە نوێژو ڕۆژوی لەسەر لابردون چونکە خوا نە پێویستی بەنوێژی ئەوانە نە بەڕۆژویان، بەڵام زەکاتی هێشتەوەو بەڵێنی دا کەهەموی چەند ساڵێك نابا ئەویشیان لەسەر لادەبا[٢٩].

ئیسماعیلییە نزارییەکان چ لەئێراندا چ لەسوریا، قیامەتەکەی خۆیان بەشێوەیەکی سمبول ئاسا راڤە کردو رایانگەیاند کەشوێنکەوتووانی جێگری ئیمام توانای تێگەیشتنی راستییان چنگ کەوتووە یاخود پەیان بەناواخنی ئاین بردووەو لەم سۆنگەیەوە توانیویانە بەهەشتێك لەجیهانی ماددیدا بەدەست بێنن، گوایە هۆی لابردنی نوێژو ڕۆژوو و فەرزەکانی تر لەسەریان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئەم شوێنکەوتووانە بەئاستێك گەیشتون کەتێیدا راستییە ڕەهاکە تێدەگەنو ژیانیان لەبەهەشتی سەر زەوی هیچ مانایەك بۆ فەرزەکان ناهێڵێتەوە. لەڕوی ئیسکاتۆلۆژییەوە، ئەمە بەم واتایە دێ کەشوێنکەوتووانی جێگری ئیمام مادام پاش راگەیاندنی قیامەتی جیهانی خوارەوە لەبەهەشتی سەر زەوی دەژین، ئەوا بەدڵنیایی‌یەوە بەهەشتە راستەقینەکەیان پاش قیامەتی راستەقینە، مسۆگەرە.

قۆناغی دوایی‌ی ژیانی دەسەڵاتی ئالموت بایەخێکی تایبەتی هەیە. دوا بەدوای راگەیاندنی قیامەت کەڕوداوێکە زۆر خراپ لەجیهانی ئیسلامدا دەنگی دایەوەو بۆ ناشیرین کردنو ناوزڕاندنی ناوبانگی ئیسماعیلییەتی ئێرانی بەکار هات، پێدەچێ ئیسماعلییەکان لەبەر بەگومانکەوتنی گروپە سوننیو شیعییەکان لەهۆکانی داهێنانی نەریتی ڕۆژی قیامەتی جیهانی خوارەوە، هەستیان بەبڕێك گۆشەگیری کردبێ. لەم سەروبەندەدا ئیسماعیلییەکانی ئێران کەوتنە ژێر فشارێکی سایکۆلۆژیی توندەوە. ئەگەر بڕوانینە سیاسەتی شەشەم فەرمانڕەوای

---

[٥] الدكتور فرهاد دفتري، مختصر تاريخ الاسماعيليين، المصدر السابق، ص ٢٤٨.

[٦] پل آمیر، خداوند آلموت حسن صباح، ترجمه ذبیح الله منصوری، چاپ ششم، انتشارات بدرقه جاویدان، تهران، ١٣٨٥، ص ١٢٤.

ئالموت، جەلالەددین حەسەن، دەتوانین هەست بەچەشنە پاشگەزبونەوەیەك لەبیروباوەڕی رۆژی قیامەت بکەین. جەلالەددین داوای لەشوێنکەوتووەکانی کرد پابەندی شەریعەت بن بەمۆدێلە سوننیە باوەکەو کەوتە دامەزراندنی پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ بەغدادا کە لەو سەردەمەدا خەلیفە ناسر حوکمی دەکرد[٣٠].

سەرەڕای پیادەکردنی ئەم سیاسەتە، هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە کەجەلالەددین وازی لەبیروباوەڕی ئیسماعیلی هێناوەو وردتر وازی لەبیروباوەڕی رۆژی قیامەت هێناوە. ئەستەمیشە بوترێ ناوبراو گەڕاوەتەوە سەر ئیسلامی سوننی. هەر چۆنێك بێ، لایەنگرەکانی وا تەماشای ئەم سیاسەتەیان کرد کەبادانەوەیە بەلای سیاسەتی تەقیەدا، سیاسەتێك کەبنەڕەتەکەی دەچێتەوە سەر شیعەی دوانزە ئیمامی کەئیسماعیلییەکان پەیوەستی ئایدیۆلۆژییان لەگەڵیاندا هەیە. ئەگەر تەگبیرەکەی جەلالەددین بەتەقیە بدەینە قەڵەم، دەبێ وای دابنێین کەجەلالەددین بەم هەنگاوە بەشێوەیەکی فەرمی کۆتایی هاتنی سەردەمی ئاشکراگەرایی‌ی راگەیاندوەو چۆتەوە سەر پیادەکردنی بیروباوەڕی نهێنی بەو چەشنەی کەجاران پەیڕەویی لێ کراوە.

قۆناغی کۆتایی‌ی دەسەڵاتی ئالموت لەجەلالەددین بەدواوە دوو دیاردەی بەخۆوە دیوە کەهەردوکیان ئاسەوارێکی زۆر لەسەر هەڵسوڕانی ئیسماعیلییەکان لەسەردەمی تەقیە، واتە لەسەردەمی شاردنەوەی بیروباوەڕی راستەقینەیان‌و خۆگونجاندن لەگەڵ رەوشەکەدا، بەجێ دێڵن. لەدیاردەی یەکەمدا وای لێ هات کە هەر ئیمامێکی نزاری ئەوەندە دەسەڵاتی چنگ کەوت کەبتوانێ ڕەوشەکە لەسەر بنەمای گونجان‌و نەگونجانی لەگەڵ قۆناغی راگەیاندنی قیامەتدا هەڵبسەنگێنێ، واتە دەرفەتێکی وای چنگ کەوت کە بەهۆیەوە دەیتوانی بڕیار لەسەر ئەوە بدا کەڕەوشەکە بۆ لابردنی فەرزە ئاینییەکان لەبارە یان لەبار نیەو لەسەرەنجامدا ئەو دەسەڵاتەی بەدەست هێنا کەبڕیار لەسەر دەست پێکردنی سەردەمی خۆشاردنەوە بدا، واتە بەڕوکەش پیادەکردنی ئیسلامی فەرمی‌و شاردنەوەی بیروباوەڕی راستەقینە. ئەم دیاردەیە پاش روخانی ئالموت لەسەر دەستی مەغۆڵ‌و

[٣٠] الدكتور فرهاد دفتري، مختصر تاريخ الاسماعيليين، المصدر السابق، ص ٢٦١.

پەرتەوازەبونی ئیسماعیلییەکان باوی سەندو لەم سۆنگەیەوە ئەرکی هەڵسەنگاندنی رەوشەکە کەوتە دەستی بانگهێشتکارە پەراگەندەکان لەهەمو شوێنێکدا. دیاردەی دووەم خۆی لەلێك نزیکبونەوەی زیاتری ئیسماعیلییەتو سۆفیزمدا دەبینێتەوە، بەتایبەتی لەو گۆشە نیگایەوە کەهەردو بیروباوەڕ پشت بەراڤەکردنی ناواخنی دەقە پیرۆزەکان دەبەستنو بەشێوەیەکی توندوتۆڵ پابەندن بەژیانی زاهیدی. دوا بەدوای روخانی ئالموتو نەمانی ئیسماعیلییەت وەك ئایدیۆلۆژیایەکی سەردەست، بانگهێشتکارە ئیسماعیلییەکان بایاندایەوە سەر سۆفیگەریو بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆیان دەروێشایەتییان لەهەمو شوێنێکدا کرد. ئەم دەروێشانە بەدەست بەردان لەخۆشیی دنیاو مشورخواردنی کاروباری ئاینیی دانیشتوان رێزێکی بێ پایانیان بۆ خۆیان پەیدا کردو بەسودوەرگرتن لەم رێزە گەرایان لەهەمو شوێنێك دانا.

پەرەسەندنێك کەگۆڕانی بیروباوەڕێك لەبیروباوەڕێکی بەرێو رەسم زاخاودراوەوە بۆ بیروباوەڕێکی بێ رێو رەسم بەخۆیەوەی دەبینێ، دەرفەتێك بۆ پاراستنی چوارچێوەی گشتیی ئاین دەهێڵێتەوەو رۆڵی فەلسەفە لەژیانی روحانیدا سەقامگیر دەکا. ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو پەرەسەندنەیە کەهەندێ بیروباوەڕی ئاینیی وەك مەسیحایەتی بەخۆیەوەی دیوە. ئاشکرایە کەمەسیحایەتی لەئاینێکەوە کە بەشێوەیەکی بنچینەیی پشت ئەستورە بەپەرستنێکی بێ رێو رەسم، بوو بەئاینێکی زاخاودراو بەرێو رەسمو پشت ئەستور بەئاماژەو هێماو سرودو لاوانەوەو نوێژو فەرزی شەرعی. مەسیحایەتی لەسەردەمی مەسیحداو هەروەها لەنیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی زاینیدا وەك ئاینێکی سادەو ساکارو بێ رێو رەسمی ئاڵۆز مایەوە[31]. پێش ئەوەی پەیکەری رێو رەسم بەپشت بەستن بەپلەبەندیو فەرزی شەرعی لەسەر دەستی پۆلس دابمەزرێو بەر لەوەی ستراکتۆرە فەلسەفییە تایبەتەکەی بەسەرەنجامی کۆتایی بگا، مەسیحایەتی بنەما گشتییە بنچینەیییەکانی لەجولەکایەتی وەردەگرتو بەشێوەیەکی تایبەت جەختی دەکردە سەر پرنسیپی لێبوردنو فراوانکردنی چەمکی برایەتیی مرۆڤایەتی. لەو کاتەدا

---

[31] سیرغي ا. توكاریف، الادیان في تاریخ شعوب العالم، ترجمة الدكتور احمد م. فاضل، دار الاهالي للطباعة والنشر والتوزیع، دمشق، ١٩٩٨، ص ,٥١٦

مەسیحایەتی ستراکتۆرێکی تەواوی سەبارەت بەڕێو ڕەسم نەبوو و زیاتر جەختی دەکردە سەر نوێژێکی ناڕۆشنو بێ سەروبەرو زۆرتر بانگەشەی بۆ باوەڕی ڕەها بەپێغەمبەرایەتیی مەسیحو پەیامە ئاسمانییەکەیو تیۆریی خۆبەخت کردنی لەپێناوی مرۆڤدا دەکرد. بەڵام ئەم ئاینە لەڕەوتی پەرەسەندنیدا بوو بەئاینێکی زاخاودراو بەڕێو ڕەسمو پاشان ئایدیۆلۆژیایەکی ئاینی- کۆمەڵایەتیی وای لێ پێك هات کە بەشێوەیەك لەقاڵب درا کەلێی رادەبینرا لەهەلومەرجێکی دیاریکراودا ببێ بەچەشنێکی دیاریکراوی دۆگما.

مایەی بیرلێکردنەوەیە کەبونی بیروباوەڕە بەڕێو ڕەسم زاخاودراوەکان بەبیروباوەڕی بێ ڕێو ڕەسم هەمیشە بەیەك سەرەنجام دەگات ئەویش پەیدابونی شەریعەتێکە پابەندبون بەسیستمی مۆراڵو ژیانی روحانی، نەك پابەندبون بەجێبەجێ کردنی ئەرکە ئاینییەکان، بەسەر پەیڕەوەکانی خۆیدا دەسەپێنێ. بەڵام پاساوی داماڵینی ڕێو ڕەسمەکان لەبیروباوەڕەکە هەمو جار یەك پاساو نیە. هەندێ جار، بەپشت بەستن بەبۆچونێك کە ویلفیرد مادلۆنگ، پرۆفیسۆر لەزانکۆی ئۆکسفۆردو شارەزا لەبواری مێژوی گروپە ئیسلامییەکانی سەردەمی ناوەڕاست، بانگەشەی بۆ کردووە، پاساوی نەهێشتنی ڕێو ڕەسم گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوەکان. ئەوەی ئەمە ساغ دەکاتەوە ئەوەیە کە لەهەندێ قۆناغدا لەناو قرمتییەکانی بەحرێندا بانگەواز بۆ زیندوکردنەوەی ئاینی ئادەم دەبینرێ کەگوایە ئاینی ئادەم ئاینێکە نە شەریعەتی تێدایە نە ڕێو ڕەسم[32]. لێرەدا سەرچاوەی ڕەواییی مەسەلەکە پشت بەستنە بەبنەچو بناوانی سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤ لەسەر زەوی. لەسایەی ئەم پاساوەدا هەڵگەڕانەوە لەشەریعەتو ڕێو ڕەسمەکان بەرگی خۆدزینەوە لەجێبەجێ کردنی شەریعەتو ڕێو ڕەسم لەخۆوە ناپێچێ بەڵکو بەرگی گەڕانەوەیەکی ڕەوا بۆ ڕەگو ریشە بەراییەکان لەخۆوە دەپێچێ.

لەتێڕوانینی سۆفیگەریدا، ناسینی خوا پێویستی بەنزیکبونەوەیە لەزاتی خوا. لەو سۆنگەیەشەوە کەئەم لێ نزیکبونەوەیە بەبێ لابردنی لەمپەری نێوان ناسوتو لاهوت نایەتە دی، سۆفیگەری سەرگەرمی لابردنی لەمپەرەکە بوو. وێنای

---

[9] الدكتور فرهاد دفتري، الاسماعيليون في العصر الوسيط، المصدر السابق، ص ٦٢.

سۆفیگەرانە بۆ لەمپەری نێوان ناسوتو لاهوت جەخت دەکاتە سەر خاڵێکی گرنگ ئەویش ئەوەیە کەشەریعەت دیوارێکە کەوتۆتە نێوان ناسوتو لاهوتو هەر هەوڵێك بۆ پێك گەیاندنی ناسوتو لاهوت پێویست بەنەهێشتنی شەریعەت دەکا. دیسان ئەم خاڵە مەسەلەی روو و ناواخنی دەقە پیرۆزەکان دەخاتەوە بەرچاوو بەپێی شێوەی بیرکردنەوەی سۆفیگەرانە، واتا زمانەوانییە راستەوخۆکانی ناو دەقە پیرۆزەکان گوزارشت لەو مانایە دەکەن کەخەڵکی سادەو رەشۆکی بەئاسانی تێی دەگەن. ئەمەش روی دەرەوەی دەقە پیرۆزەکانە، لەکاتێکدا ناوەڕۆکی راستەقینەی دەقە پیرۆزەکان لەوە دژوارترە کەخەڵکانی ئاسایی سەری لێ دەربکەنو ئەم ناوەڕۆکە تەنها بۆ ئەو کەسانە ئاشکرا دەبێ کە لەزانیندا پلەی بەرزیان بەدەست هێناوە. وشەی "زانین" (مەعریفەت) مانایەکی تایبەتی هەیەو ئەو کەرەستە بنچینەیی‌یە پێکدێنێ کەعارفەکان (زاناکان) پێویستیان پێیەتی. سێکوچکەی زمانەوانیی وشەکانی "مەعریفەت"و "عارف"و "عیرفان" پێکهاتە بنچینەیی‌یەکانی پێکەوە بەسترانی ناسوتو لاهوت پێکدێنن. بەپشت بەستن بەواژە سۆفیگەرییەکان، ناوەڕۆکی یەکەم پێی دەوترێ "شەریعەت"و هی دووەم "حەقیقەت" (راستی) یان "یەقین"[٣٣]. کاتێك عارفەکان ناوەڕۆکی دووەم بەدەست دێنن، چیتر پێویستیان بەجێبەجێ کردنی فەرزەکان نابێ چونکە مەعریفەت (زانین)، واتە گەیشتن بەڕاستیی رەها، وایان لێ دەکا پێویستیان بەجێبەجێ کردنی هیچ رێو رەسمو فەرزێك نەبێ. شایستەی تێڕامانیشە کەدورزییەکان، کەگروپێکی ئیسماعیلینو بیروباوەڕیان جێبەجێ کردنی هیچ فەرزێکی تێدا نیە، بەخۆیان دەڵێن ((عارف))[٣٤].

لەگەرمەی کێشمەکێشی مێژوییی نێوان شیعەو سوننەدا، هەندێ جار نەهێشتنی فەرزەکان دورایی‌یەکی ئایدیۆلۆژیی پێ دراو بۆ خۆشکردنی ئاگری دژایەتی کردنی سوننە سودی لێ وەرگیرا. ئەوەش بەڵگەیە کەکاتێك شێخ حەیدەری باوکی شا ئیسماعیلی یەکەمی سەفەوی فەرزەکانی لەسەر دەورێشە کڵاو

---

[١٠] محمد امين ابو جوهر، الاسماعيليون بين الاعتزال والتشيع، الطبعة الثانية، دار التكوين للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٦، ص ٥٧.
[١١] امجد عزام، الموحدون الدروز بين الخطأ والصواب، المصدر السابق، ص ١٩.

سورەکانی سوپاکەی لابرد، دوراییەکی ئایدیۆلۆژیی دایە بڕیارەکەیو وا پاکانەی بۆ هێنایەوە کە لێرە بەدواوە پاداشتی پابەندبونی سوننەکان بەجێبەجێ کردنی فەرزەکان بۆ حەیدەرییەکان دەبێ کەلایەنگری ئەون[٣٥]. مەبەست ئەوەیە کەسوپای حەیدەری سوپایەکە هێندە بۆ خاوێنیی بیروباوەڕ دڵسۆزو بەئەمەکە کەکەس لەم بارەیەوە شان لەشانی نەداو لەسۆنگەی ئەم دڵسۆزییەوە فەرزی لەسەر نیە چونکە لەپێناوی بیروباوەڕی دروستدا تێدەکۆشێ. لەم پاساوەدا نەهێشتنی فەرزەکان هەم بەرگی سزادانی لەخۆوە پێچاوە هەم بەرگی پاداشتو بەم پێودانگە مەسەلەکە بۆ سوننەکان سزادانە چونکە پاداشتی جێبەجێ کردنی فەرزەکانیان لێ دەسەنرێتەوەو وەکو ئەوەیان لێ دێ کەهەر لەبنچینەدا فەرزەکانیان جێبەجێ نەکردبێو بۆ حەیدەرییەکانیش پاداشتە چونکە ئەو پاداشتەی لەسوننەکان دادەماڵدرێ لەتۆماری پاداشتەکاندا بۆ حەیدەرییەکان دەنوسرێ.

لەم بابەتەدا پێداگرتنی بیروباوەڕی بارزانی لەسەر پاراستنی نهێنییەکان هەر هەوڵێك بۆ زانینی شێوەی راگەیاندنی لابردنی فەرزەکان لەلایەن تەکیەوە دەکاتە هەوڵێکی سەختو دژوار. وازهێنانی ئارەزومەندانە لەفەرزەکان بەقەدەر ئەوەی کەبۆتە مایەی کەمکردنەوەی توندوتۆڵیی پابەندبونی میکانیکییانە بەفەرزەکان، ئەوەندەش پابەندبونی بەپێوەرە مۆرالییەکان توندوتۆڵتر کردووە. دەکرێ لەم گۆشە نیگایەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکرێ کەداشکاندنێکە بەلای خۆڕاپسکاندن لەتەگەرەو کۆتو بەندەکانی بەردەم رەهاییی ئەزمونی روحانی بەبێ ئەوەی مەسەلەکە بگا بەرادەی دەرچون لەچوارچێوەی گشتیی ئیسلام.

بەپێچەوانەی گەلێك بیروباوەڕی هاوشێوەوە، ستراکتۆری ئایدیۆلۆژیی بیروباوەڕی بارزانی هیچ ئەدەبیاتێکی ئاینیی نیە. شێخایەتیی بارزان بیروباوەڕێکی سادەو بێ ئەدەبیاتی نوسراوو بێ رێو رەسمی پێشکەش بەشوێنکەوتووەکانی کردو ئەم بیروباوەڕە ستراکتۆرێکی فەلسەفیی سەرتاپاگیری لێ نەکەوتەوە. بەڵام شێخایەتیی بارزان توانی هاوسەنگییەك لەنێوان وازهێنان لەڕێو رەسمی ئاساییی پەرستنو

---

[١٢] دکتر منوچهر پارسا دوست، شاه اسماعیل اول پادشاهی با اثرهای دیرپای در ایران وایرانی، چاپ دوم، شرکت سهامی انتشار، تهران، ١٣٨١، ص ١٤٦.

پاراستنی پێکهاتە ئەخلاقییە توندوتۆڵەکان دروست بکا. پێش بارزانییەکانیش بەسەدان ساڵ، دورزییەکان سەرکەوتنی بەرچاویان لەم بارەیەوە بەدەست هێنا.

وەك لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد، زانیاریی پێویست سەبارەت بەرێوشوێنی هەڵوەشاندنەوەی فەرزە ئاینییەکان لەبارزان لەبەردەستدا نیە. لەکاتێکدا ئەم ئەرکە لەئالموت لەسەر دەستی ئیمامی چوارەم، حەسەنی دووەم، بەبێ پەیدابونی کێشە هاتە دی، دوبارە بونەوەشی لەبارزان دەشێ بەبێ کێشە هاتبێتە دی. جیاوازیی نێوان ئالموتو بارزان پەیوەندیی بەرێوشوێنی جێبەجێ کردنی ئەرکەکەوە نیە، بەڵکو پەیوەندیی بەو گۆڕانەوە هەیە کە بەدرێژایی ماوەیەکی دورو درێژ بەسەر بیرۆکە بەراییەکەدا هاتووە. بەم پێودانگە، بیروباوەڕی ئیسماعیلی لەئالموت پشت ئەستور بوو بەستراکتۆرێکی ئیسکاتۆلۆژیی توندوتۆڵو تۆکمە، لەکاتێکدا ستراکتۆرە ئیسکاتۆلۆژییەکەی بارزان بەقەد ستراکتۆرە ئیسکاتۆلۆژییەکەی ئالموت توندوتۆڵو تۆکمە نیە چونکە سەرچاوەی هێزی ستراکتۆری ئیسکاتۆلۆژیی ئالموت بەشێوەیەکی لێبڕاوانە پشت ئەستور بوو بەپەیوەندیی راستەوخۆی ئیمام بەپەیامەکانی ئیمامی زەمانەوە، ئەویش لەو روانگەیەوە کەئیمام لەدەستی دێ بەهەندێ رێوشوێنەوە کەبۆ کەسی ئاشکرا نەکردوە، پەیوەندی بەجیهانی میتافیزیکەوە بکا، لەکاتێکدا رابەرە روحانییەکانی شێخایەتیی بارزان میانڕەوتر دێنە بەرچاوو بانگەشە بۆ هیچ چەمکێکی لەم جۆرە ناکەن، ئەگەرچی ئەمە بوە هۆی خەفەبونی تینو تاوی ئیسکاتۆلۆژیی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژیی بیروباوەڕی بارزانی، بەڵام نەبوە مایەی تەگەرەدان لەبەدیهاتنی ئامانجی داواکراو. لێرە جیاوازییەکە زۆر نیە چونکە تێکڕای پرۆسەکە پشت بەدەسەڵاتی رابەری روحانیی دنیایی دەبەستێ زیاتر لەوەی کەپشت بەدەسەڵاتی رابەری روحانیی رۆژی قیامەت ببەستێ.

خاڵێك کەلێرە شایستەی بایەخ پێدانە ئەوەیە کەبونی بیروباوەڕی بارزانی بەبیروباوەڕێکی بێ رێو رەسم رێگر نەبوو لەجێبەجێ کردنی فەرزەکان. ئەوەی کە لەبیروباوەڕی بارزانیدا هەیە جیاوازە لەوەی کە لەبیروباوەڕەکانی تردا بەدی دەکرێ. لەم روەوە ئاشکرایە کە لەسەردەمی ئاشکراگەراییی باشوری عیراقو بەحرێندا هەڵوەشاندنەوەی فەرزەکان بەشێك بوو لەپێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکانو پەیوەندیی بەنزیکبونەوەی دەرکەوتنی مەهدیی چاوەڕوانکراوەوە هەبو. لەسوریاو

ئالموتیش هەڵوەشاندنەوەکە هاوتەریب بوو لەگەڵ رۆژی قیامەتو قۆناغی ژیانی ئیسماعیلییەکان لەبەهەشتی سەر زەویدا. لەهەردو نمونەدا هەڵوەشاندنەوەکە تەواوو یەکجارەکی بوو، بەو مانایەی کەهەڵوەشاندنەوەکە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نەبو. لێرە جیاوازییەکە پەیوەندیی بەرادەی رادیکالبونی هەڵوەشاندنەوەکەوە هەیەو ئەوەی کەزۆرتر رێی تێدەچێ ئەوەیە کەهەڵوەشاندنەوەی فەرزەکان لەنمونە ناوبراوەکاندا روخسارێکی رادیکال بەسەریدا زاڵەو بەم پێودانگە هەڵوەشاندنەوەکە هیچ رەوایی‌یەکی بۆ جێبەجێ کردنی فەرزەکان نەهێشتەوە، لەکاتێکدا لەبارزاندا بڕیارەکە بەو ئەندازەیە رادیکال نەبوو چونکە رێ لەکەس نەگیرا خەریکی جێبەجێ کردنی فەرزەکان بێ.

سنوری نێوان قەدەغەکردنو هەڵوەشاندنەوە سنورێکی رونە. بەبرەوترین پاساو لێرە ئەوەیە کەچیتر کەس پێویستی بەرێو رەسم نیە. لەلایەکی ترەوە، پێویستی‌و ناپێویستیی فەرزەکان شتێکە دەوەستێتە سەر بارودۆخو بەم پێودانگە هەر کات پێویستی کرد، هیچ رێگرێك لەبەردەم گەڕانەوە بۆ سەر رێو رەسمەکان نیە. لەکتێبەکەیدا دەربارەی رۆڵی بارزانییەکان لەمێژوی سیاسیی کورددا لەماوەی نێوان ١٩١٤و١٩٥٨دا، ئەیوب بارزانی ئاماژەیەکی گرنگ بۆ ئەوە دەکا کەشێخ ئەحمەد بارزانی، کە ناودارترین شێخەکانی بارزانە، سالآنی زیندانیبونی لە ١٩٤٧ـەوە تاکو ١٩٥٨ لەهەردو بەندیخانەی بەسرەو بەغدا بەنوێژو رۆژوو برۆدتە سەر[٣٦]. بەلآم هەر چۆنێك بێ ئەمە لەدیاردەیەکی نائاسایی ناچێ. هەواڵێك کە لەژمارەی رۆژی ١٨ی ئازاری ١٩٤٦ی رۆژنامەی "کوردستان" بلآو کراوەتەوە، نیشانی دەدا کەمەلا مستەفا بارزانی، رابەری کوردی عیراق لەساڵی ١٩٥٨ـەوە تا ساڵی ١٩٧٥، کاتێك لەساڵی ١٩٤٥ دا لەجەنگدا لەدژی عیراقییەکان شکستی هێناو پەنای بردە بەر ئێران، نوێژی رۆژی هەینیی لەمزگەوتی مەهاباددا کردوە[٣٧].

[١٣] ایوب بارزاني، المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤- ١٩٥٨، دار نشر حقائق المشرق، جنيف، ٢٠٠٢، ص ٣٢٥.

[١٤] بچۆرەوە سەر کۆکراوەی تەواوی ژمارەکانی رۆژنامەی ((کوردستان)) لە: رەفیق ساڵحو سدیق ساڵح (ئامادەکردن)، رۆژنامەی کوردستان، دەزگای چاپو بلآوکردنەوەی ئاراسو بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی‌و رۆژنامەوانیی کوردی (پرۆژەی هاوبەش)، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٠٧.

بیروباوەڕی بارزانی تاکە بیروباوەڕ نیە کە لەدەرەوەی چوارچێوەی سیستمی ڕێو ڕەسمی گشتی بەهایەك بەباوەڕی ئاینی ببەخشێو لەم مەسەلەیەدا لەگەڵ چەند تایفەیەکی تردا یەکدەنگە، لەوانە، بۆ نمونە، شەبەك. لەم سەروبەندەدا شەبەك بەتەنیشت شاری موسڵەوە لەکۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی- شوانکارەدا دەژین، ڕەچەڵەکی زۆربەی بیروباوەڕیشیان دەچێتەوە سەر بەکتاشیو کتێبی ((بویوروق))کە بەزمانی تورکی نوسراوەو ناوەڕۆکەکەی دایەلۆگێکی ئایدیۆلۆژیی نێوان شێخ سەدرەددینو شێخ سەفییەددینی ئەردەبیلیی دامەزرێنەری تەریقەتی سەفەوییە، یەکێ لەگرنگترین کتێبە پیرۆزەکانیان پێکدێنێ[٣٨].

شەبەك لۆجیکێکی پاساو ئامێز بەچەمکی نەهێشتنی فەرزەکان دەبەخشن. ئەم لۆجیکە ئەوەندە ئاڵۆزە کەهیچ پەراوێزێك بۆ ساغکردنەوەی بەهای مێژوییی ڕوداوەکانی ڕابردوو ناهێڵێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا پشت بەستن بەئەنجامەکان تاکە پاساوی نەهێشتنی ڕێو ڕەسمەکان پێکدێنێ، نەك دەوڵەمەندکردنی ئەزمونی ڕوحانی. بەم پێودانگە، نوێژ بۆیە لابراوە گوایە ئیمام عەلی لەکاتێکدا کەبۆ نوێژکردن چوە بۆ مزگەوت، پەلامار دراوەو بریندار کراوەو پاشانیش کوژراوە. ڕۆژوی ڕەمەزانیش بۆیە لابراوە چونکە ئیمام عەلی لەو مانگەدا کوژراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەبەکەکان شەش ڕۆژی مانگی موحەڕڕەم بەڕۆژو دەبن[٣٩]. پرنسیپێك کەڕەواییی بەنەهێشتنی فەرزەکان داوە بەتەواوی پشت ئەستورە بەوەی کەدڵسۆزی بۆ ئیمام عەلی، دڵسۆزییەك کەسنوری ئاساییی خۆی دەبەزێنێ، کەم تا زۆر، گەرەنتییەك بۆ سوك کردنی پابەندبون بەڕێو ڕەسمە ئاینییەکان پێکدێنێ.

بەپێی ئەو پاساوانە، ئەوە دەردەکەوێ کە لەبیروباوەڕی شەبەکدا نەهێشتنی فەرزەکان هیچ دوراییەکی ئیسکاتۆلۆژیی نیە، لەکاتێکدا لەبیروباوەڕی ئێزدییەکاندا کەگروپێکی ناموسڵمانی کوردن، ئەم دوراییە ڕونو ئاشکرایە. لەم سەروبەندەدا شێخ ئادی (کەناوەکەی لەوشەی عودەی عەرەبییەوە وەرگیراوە)

---

[١٥] زهير كاظم عبود، الشبك في العراق، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٦، ص ٢٤.

[١٦] عباس العزاوي، الكاكائية في التاريخ، شركة التجارة والطباعة المحدودة، بغداد، ١٩٤٩، ص ٩٨,

سیاسەتێکی هەڵسوڕاوی بۆ چاککردنی بیروباوەڕی ئێزدییاتی پیادە کرد. بەپێی مەقریزی لەکتێبەکەیدا ((السلوك لمعرفة دول الملوك)) شێخ ئادی پێنج نوێژەکەی لەسەر شوێنکەوتووەکانی لابردووە. ئەو وردەکارییانەش کەمیر شەرەف خان لەکتێبی ((شەرەفنامە))دا دەیانخاتە بەرچاو، دەرفەتێك بۆ تێگەیشتنی بیانوی ئیسکاتۆلۆژیی لابردنی فەرزەکان پێکدێنن. بەپێی شەرەف خان، شێخ ئادی هێزێکی نائاسایی‌ی هەیە کەدەرفەتی دەداتێ بەئایندا بچێتەوەو بەم پێیە ئەو چۆتە سەر ئەو باوەڕەی کەئاینی پشت ئەستور بەچەمکی فەرزە جێگیرەکان هیچ سودێکی لێ هەڵناوەرێ. ئەمەش هانیدا فەرزەکان هەڵبوەشێنێتەوە. خاڵی شیاوی تێڕامان پەیوەندیی بەم پەیمانەوە هەیە کەشێخ ئادی پاش نەهێشتنی فەرزەکان داویەتی گوایە بۆ لەمەولا خۆی لەباتی شوێنکەوتووەکانی، فەرزەکان جێبەجێ دەکاو ئۆباڵی جێبەجێ نەکردنی فەرزەکانیان دەخاتە ئەستۆی خۆیەوە. لایەنی ئیسکاتۆلۆژیی مەسەلەکە لەوە دایە کەشێخ ئادی بڕیاری داوە شوێنکەوتووەکانی بباتە بەهەشت بەبێ ئەوەی پەکخستنی فەرزەکان هیچ ئاسەوارێك لەسەریان بەجێ بێڵێ[40].

بەڵام کاتێك دەچینەوە سەر بیروباوەڕی بارزانی، دەردەکەوێ کە لەبەر ئەوەی بیروباوەڕی بارزانی وەك بیروباوەڕێکی نهێنی پارێز خۆی دەنوێنێ، دوراییی ئیسکاتۆلۆژیی ئەم بابەتە بەپێی پێویست رونو رۆشن ناکەوێتە بەرچاو. هەر چۆنێك بێ، توێژینەوەی زۆرتر سەبارەت بەوردەکارییەکانی ئەم بابەتە پێویستی بەبایەخێکی تایبەتە چونکە ئەو بیروباوەڕانەی پشت بەچەمکی نەهێشتنی رێو رەسم دەبەستن، بەو مانایەی کەباسمان کردووە، پێویستیان بەخۆنواندنێکە گوزارشت لەمانای لێپرسراوەتی بکات. ئەمە بەم واتایە دێ کەتەکیە، واتە تاکە لایەن کەتوانای لابردنی فەرزەکانی هەیە، ئەوەی بۆ پەیڕەوەکانی خۆی مسۆگەر کردوە کە لەرۆژی قیامەتدا بەهۆی جێبەجێ نەکردنی ئەرکە ئاینییەکانەوە پەکیان ناکەوێ. لێرەدا بۆ ئەوەی مەسەلەکە نەچێتە خانەی مەزەندەکارییەوە، پشت بەستن بەچەند بڕگەیەکی گرنگی کتێبەکەی ئەیوب بارزانی لێی رادەبینرێ بتوانێ

[17] الدكتور خلف الجراد، اليزيدية واليزيديون، المصدر السابق، ص، ٣٠.

مەزەندەكارییە روتەكە بكا بەڕاستیی رونو ئاشكرا. كتێبی "بارزانو بزوتنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی كورد ١٨٢٦-١٩١٤)) ئاماژەیەكی هەرە گرنگی دەربارەی دورایی ئیسكاتۆلۆژیی رۆڵی تەكیە لەخۆ گرتووە. ئەیوب بارزانی دەڵێ هەر بارزانییەك ((جگە لەشەفاعەتی شێخەكەی لەئاخیرەتدا، چاوەڕوانی هیچ پاداشتێكی تر ناكا))[41]. ئەم بڕگەیە فرە گرنگە چونكە ئاماژە بۆ رۆڵی ئیسكاتۆلۆژیی تەكیە لەڕۆژی قیامەتدا دەكا. گومانیش لەوەدا نیە كەمەسەلەی دیاریكردنی رۆڵی ئیسكاتۆلۆژیی دامەزراوەی ئاینی بابەتێكی یەكجار ئاڵۆزەو لەبیری ئیسلامیدا تێكەڵ بەچەمكی شەفاعەت دەبێ كەمەزهەبەكانی ئیسلام كۆدەنگییان لەسەر وردەكارییەكانی نیە (بڕوانە: سیستمی گوێڕایەڵی).

دروستكردنی پەیوەندی لەنێوان نەهێشتنی فەرزەكانو رۆڵی ئیسكاتۆلۆژیی تەكیەدا دەرفەتێك بۆ گەلاڵەكردنی وێنایەكی رون دەربارەی پاساوە ئایدیۆلۆژییەكانی تەكیەی بارزان سەبارەت بەنەهێشتنی فەرزەكان پێكدێنێ. بەم پێیە، تەكیە كەشێخ نوێنەرایەتیی دەكا، ئەركی دەستەبەركردنی بەهەشت بۆ شوێنكەوتووەكانی دەگرێتە ئەستۆ بەبێ ئەوەی ئەو شوێنكەوتووانە لەسۆنگەی جێبەجێ نەكردنی فەرزەكانەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بكرێ.

لێرەدا، بەبێ شێواندنی رۆڵی دورایی ئیسكاتۆلۆژیی نەهێشتنی فەرزەكان، دەرفەت هەیە ئاماژە بۆ چەند پاساوێكی تری نەهێشتنی فەرزەكان بكەین كە لەگەوهەردا هیچ كامێكیان جیاوازییان لەگەڵ هیچ پاساوێكی تردا نیە. ئەم پاساوانە لەگەوهەردا پشت ئەستورن بەپرنسیپی گەیشتن بەڕاستیی رەها. لەبیروباوەڕە سۆفییەكاندا گەیشتن بەڕاستیی رەها كەهەندێ جار وەك دانیشتن لەگەڵ خوادا ناوزەد كراوە، بالاترین شێوەی گوزارشت كردنە لەئامانجەكانی ژیانی روحانی. لەدایەلۆگی نێوان مامە رەزای رابەری ئاینیی هەقەو مەلا مستەفای حاجی رەسولدا لەسالانی چلەكاندا، مامە رەزا پێی لەسەر ئەوە داگرت كەگروپەكەی مافی خۆیەتی ستراكتۆری ئایدیۆلۆژیی خۆی لەسەر بنەمای لابردنی فەرزەكان دابمەزرێنێو زیاتر جەختی لەسەر ئەوە كرد كەهەقەكان چیتر پێویستیان

---

[18] بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦-١٩١٤، ١٩٨٠، ص٤.

بەکڕنوش بردن نیە، واتە چیتر پێویستیان بەنوێژکردن نیە چونکە گەیشتون بە "یەقین" کەئامانجیانە. بەپێی ئەم بۆچونەی هەقە سەبارەت بەیەقین، گەیشتن بەیەقین، واتە گەیشتن بەڕاستیی ڕەها، مایەی نەهێشتنی فەرزەکانە. گومان لەوەدا نیە کەئەم بۆچونە لەناوەڕۆکدا پشت ئەستورە بەدەقێکی پیرۆزی قورئان کەتێیدا لەفەرمانێکی یەزدانیدا داوا لەکڕنوشبەر کراوە تا گەیشتن بەیەقین کڕنوش ببا (ئایەتی: واسجد لربك حتى يأتيك اليقين). مامە ڕەزا لەسەروبەندی گفتوگۆکە وتی ((ئێمە گەیشتوینەتە غایە. یەقینمان پەیدا کردووە، ئیتر پێویستمان بەسوجدە نیە))[٤٢].

بیروباوەڕی هەقەش بیروباوەڕێکی نهێنی پارێزە. بۆیە، زۆر ئەستەمە دورایی‌یەکی ئیسکاتۆلۆژی بۆ نەهێشتنی فەرزەکان بسەلمێنرێ بەڵام دڵنیابون لەو ئاماژانەی کەتیۆریی سۆفیگەری لەبواری گەیشتن بەیەقین دەریاندەبڕیێو تیایاندا سنورێکی یەکلاکەرەوە لەنێوان لاهوتو ناسوتدا بەدی ناکرێ، هەلومەرجێکی گونجاو بۆ دۆزینەوەی ڕۆڵێکی ئیسکاتۆلۆژی بۆ رابەری ئاینی لەئەزمونی روحانیی هەقەدا فەراهەم دەکا.

بیروباوەڕی بارزانیش لەم وێنایە دور نیە. لەو سۆنگەیەوە کەبیروباوەڕی بارزانی بیروباوەڕێکی سۆفیگەرانەیە، گەیشتن بەیەقین، بەو چەشنەی کەمامە ڕەزای هەقە باسی کردووە، دەرفەتێکی وای بۆ دەرەخسێ کە بۆ ستراکتۆرە ئایدیۆلۆژییەکانی بیروباوەڕی بارزانی بشێ. ئەمەش دەبێتە مایەی سەقامگیرکردنی پاساوە ئەخلاقییەکانی لابردنی ئەرکە ئاینییەکان.

لەم سۆنگەیەوە، لەکاتێکدا نەهێشتنی ئەرکەکان هاوکۆلکەی هاوبەشی هەمو بیروباوەڕە سۆفییەکان پێکدێنێ، جیاوازییەکە زیاتر دەوەستێتە سەر وردەکارییەکانی تایبەت بەم بابەتەو ڕۆشنیو ناڕۆشنیی ڕۆڵی ئیسکاتۆلۆژیی دامەزراوەی سۆفیگەریو ڕواڵەکاتی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان لاهوتو ناسوت.

---

[١٩] مستەفا عەسکەری، ئاوڕدانەوەیەك لەبزوتنەوەی هەقە، سەرچاوەی پێشو، ل ٦٧-٦٨.

# بەشی سێیەم
# پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان

# تەوەری یەكەم

## سۆسیۆلۆژیای پەیوەندییەكان

لەبەر كـەمیی سەرچـاوەی بەردەسـت، نـاتوانین بۆچـونێكی رون سـەبارەت بەشـێوازی كاركردنی شێخەكانی تەكیـەی بـارزان بـۆ بڵاوكردنـەوەی بیروبـاوەڕ گەڵاڵـە بكـەین. لـەم سـەروبەندەدا پێـداگرتنی تەكیـەی بـارزان لەسـەر دۆزینـەوەی رێگەیـەكی سـەربەخۆ بـۆ بانگەشەكردن بۆ بیروباوەڕەكانی، هۆیەكی گرنگـی بـەگومـان كـەوتنی دەوروبـەر لـەنیازو مەرامی تەكیە پێكدێنێ. ئەم لێ بەگومان كەوتنە لاكانی تری هاندا هەڵوێستێكی توند بنوێنن. دەتوانرێ بەو جۆرە سەیری مەسەلەكە بكرێ كـەهۆی شكسـتی تەكیـە لەهێنانـە دیی ئاشتییەكی پایەدار لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كەبارزان پـەی بـەوە نەبردبو كەدراوسێكانی چاوەڕێی ئەوەی لێ دەكەن پابەندی سنوری دەسـەڵاتی خـۆی بـێ‌و ئەوە تێ بگات كەئەگەر لەو سنورە بترازێ، گەڕی پێ دەكرێ. ئەوەی كەڕوشیدا، وابو.

وردبونەوە لەسیاسەتی بـارزان رونـی دەكاتـەوە كـەبارزان هـەنگاوی وای هـەڵێنا بـوو ئـــەوەی لێ هەڵـــدەكرێنرا كەدەیـــەوێ دەستڕۆیشـــتوییی نـــەهری لـــەباكورو دەســـەڵاتی دامـــەزراوەی دەرەبەگایـــەتیی خێڵـــی زێبـــار لەباشـــور بپوكێنێتـــەوە. ئیـــدی لەســـۆنگەی چەردەیەك هۆوە كەڕون‌و دیار نین، شێخایەتیی نەهری لەسـەردەمی سـەید تـەها نـەهریی یەكەمەوە كەیفی بەتەكیەی بـارزان نـەدەهات. سـاردو سـڕیی پەیوەندییـەكان مـاوەیـەكی زۆری خایاندو لەم سەروبەندەدا پەیڕەوانی هەر شێخ نشینێك بون بەنەیاری یەكتری[1].

سەبارەت بەشێخایەتیی نەهری، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بكرێ كەمێـژو بەدەگمـەن شـێخ نشـینێكی بـەهێزو بەسـام‌و شـەوكەتی وەك نـەهریی تێـدا هەڵكـەوتوە. ئەگـەر هـەردو شێخایەتی بەراوردی یەكتری بكەین، دەچینە سەر ئەو باوەڕەی كەقورسـاییەكـە لەهـەمو رویەكەوە بەلای نەهرییە. شێخەكانی نـەهری وایـان بـڵاو كردبـۆوە كەگوایـە رەچـەڵەكیان

---

[1] بازیل نیكیتین، كوردناسی، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٠-٤٢.

دەچێتەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانیی دامەزرێنەری تەریقەتی سۆفیگەریی قادری. چ ئەمە راست بێ یان راست نەبێ، یەکلاکردنەوەی ئەرکێکی گرانە. خانەدانی نەهری لەبلاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆیدا سەرکەوتنی بێ نمونەی بەدەست هێنا بوو. لەسەر دەستی ئەو خانەدانە، نەهری لەگوندێکی فەرامۆش‌و پەراوێزخراوەوە بوو بەناوەندێکی بەرزی توێژینەوە روحانییەکان. لەدەستنیشان کردنی جیاوازییەکانی نێوان نەهری‌و بارزاندا ئەم خاڵەی دوایی‌یان زۆر گرنگە چونکە بارزان لەڕوی ئاستی زانستە ئاینی‌یەکانەوە بەهیچ شێوەیەك نەیتوانی خۆی لەقەرەی نەهری بداو شێخەکانی بارزان بۆ ماوەیەکی دورو درێژ لەنەهری زانستیان وەردەگرت. خاڵێکی جیاوازیی زۆر گرنگیش هەیە پەیوەندیی بەپێگەی چینایەتییەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کەبارزان بەردەوام پابەندی کێشەی هەژاران بووەو هەمیشە مەراقی بووە پەیوەندیی نێوان دامەزراوەی دەرەبەگایەتی‌و جوتیاران دەستکاری بکات، لەکاتێکدا نەهری نوێنەرایەتیی ئۆرۆستۆکراسیی ئاینی- کشتوکاڵیی دەکردو وای نەدەبینی کەدامەزراوەی دەرەبەگایەتی سەرگەرمی پیادەکردنی سیاسەتی داپلۆسینی کۆمەڵایەتییە. لەم بارەیەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کەخانەدانی نەهری خانەدانێکی زەویدار بوو، خاوەنی ٢٠٠ گوند بوو کە بەسەر ئێران‌و دەوڵەتی عوسمانیدا دابەش بوو بوو[٢]، لەکاتێکدا شێخەکانی بارزان خاوەنی یەك گوندیش نەبون.

شێخایەتیی نەهری لەناوچەکانی دەسەڵاتی خۆیدا ئاسایشێکی رێژەیی‌ی بەدەست هێنا، پەیڕەوەکانی خۆی لەدزو جەردەو رێگر پاراست‌و دەسەڵاتی روحانیی پەلی هاوێشتە چەندەها شوێنی کوردستان‌و ئەودیوی کافکاس‌و داغستان‌و ئەناتۆلیا[٣]. هەر کە لەتەریقەتی قادرییەوە وەرچەرخایە سەر تەریقەتی نەقشبەندی لەسەردەمی سەید تەهای یەکەمدا لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، دەسەڵاتی روحانیی نەهری ئەوەندەی دی پەرەی سەندو ژمارەی پەیڕەوەکانیشی زیادی کرد. لەسەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینیدا، کەسێیەم میری نەقشبەندیی شێخایەتییەکەیە پاش هەر یەك لەسەید تەهای

[٢] نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردو عەجەم (مێژوی سیاسیی کوردەکانی ئێران)، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٨٤.

[٣] محەمەد حەمە باقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٠) لەبەڵگەنامەی قاجاریدا، دەزگای چاپ‌و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٤٧.

یەکەمو شێخ محەمەد سالّح، شێخایەتییەکە ئەوە لەکەللەی دا کەرۆلێك لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بنوێنێ، بەلاّم ئەم هەوڵە توشی گێچەڵی کردو بوو بەسەرەتای دەستپێکی پوکانەوەی. ئەمەش بەقازانجی شێخایەتیی بارزان شکایەوە چونکە پاش ئەوەی عوسمانییەکان خانەدانی نەهرییان بۆ حیجاز دورخستەوە، دەرفەتێکی لەبار بۆ بوژانەوەی شێخایەتیی بارزان پێك هات.

لەو سۆنگەیەشەوە کەبیروباوەڕی بارزانییەکان لەبنەڕەتدا پشت بەپێکهاتەیەکی تۆکمەی سۆفیگەرانە دەبەستێ، داشکاندن بەلای دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکانی رەشو روتدا، وەك شتێکی زۆر ئاسایی دێتە بەرچاو. لێرەدا بیروباوەڕی بارزانییەکان بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ بیروباوەڕێکی وەك وەهابیزم دا یەکناگرێتەوە کەبیروباوەڕێکە پێکهاتەکانی هیچ ئەزمونێکی سۆفیگەرانە لەخۆ ناگرنو لەبزوتنەوەیەکی ئەرتۆدۆکسی بۆ خاوێن کردنەوەی ئاین لەچڵكو خڵتە بەولاوە هیچی تر نیە. وەهابیزم، رێك بەپێچەوانەی بیروباوەڕی بارزانییەکانەوە، هیچ دیدێکی کۆمەلاّیەتیی نیەو زیاتر بانگەشە بۆ ئەوە دەکا کەبنەمای دابەشبون، ئاینە نەك پێگەی کۆمەلاّیەتی. ئەمەش وای لێ کرد لەسنوری پابەندبون بەبیروباوەڕ بەو چەشنەی کە لەسەرچاوە بەرایییەکاندا پەیڕەو کراوە، واوەتر نەڕوا. بەپێچەوانەوە، بیروباوەڕی بارزانییەکان نوێرینێکی جیاوازی هێنایە پێشو تیۆرییەکی داهێنا ماکە بنچینەیییەکەی ماکێکی کۆمەلاّیەتی بوو. ئەگەرچی هەردو بیروباوەڕ لەسەر پرنسیپی دادی نمونەیی کۆکن، کەپرنسیپێکە بەتەواوی لەئیسلامەوە سەرچاوە دەگرێ، بەلاّم لەناسینی داد دا جیاوازی دەکەوێتە نێوانیان.

پێناسەی وەهابیزم بۆ داد لەچەمکەکانی ئیبن حەنبەلو ئیبن تەیمییەوە سەرچاوە دەگرێ کەداد لەناوەڕۆکە کۆمەلاّیەتییەکەی دادەماڵنو بانگەشە بۆ پارێزگەرایییەکی توندو سفت دەکەن کەپێی وایە رازیبون بەدابەشبونی کۆمەلاّیەتی یەکێکە لەمەرجەکانی خۆ دورەپەرێز راگرتن لەگوناه و لەم روەوە رەتکردنەوەی دابەشبونە کۆمەلاّیەتییەکان خۆگوناهبارکردنو دەستدرێژییە بۆ سەر هۆو مەبەستە ئاشکرانەکراوەکانی دابەشبونی خەڵکی بەسەر دەوڵەمەندو هەژاردا. بیروباوەڕی بارزانییەکان چەمکی پێچەوانەی بانگەشە وەهابییەکانی تێدایە. بەپێی ئەو بیروباوەڕە، ئاشتیی کۆمەلاّیەتی بەبێ دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی داهاتەکان نایەتە دی. پێداگرتن لەسەر ئەم پرنسیپە تەنانەت لێی رادەبینرێ رەوایی بەهەر کارێك ببەخشێ کەئامانجەکەی بەدی هێنانی دادی

نمونـەییـیە لـەڕێی بـەکارهێنانی ڕێوشـوێنە تێکـدەرەکانی ئاشـتیی کۆمـەڵایەتییـەوە. ئەگەرچی ئەمە تاڕادەیەك گوزارشت لەتونـدڕەویی بیروبـاوەڕی بـارزانی دەکـا، بـەڵام ئـەم جۆرە بۆچونە لەکۆمـەڵێکدا کە لەسەر کەلتوری هێـز راهـاتوە، بـەنامۆو ناتـەبا دانـانرێ. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەبیروباوەڕی بارزانییەکان بڕی پێویستی ڕەوایی‌ی بۆ ویستی گۆڕان دابین کردوە.

بـەجۆرە، لەبـەر پابەنـدبون بـەدورایی‌ی کۆمـەڵایـەتیی چـەمکی دادپـەروەری، کـە لەناوەڕۆکـدا دورایـی‌یـەکی مـاددییـە، شـێخایەتیی بـارزان، بەپێچـەوانەی شـێخایەتیی نەهرییـەوە، نـەیتوانی هـیچ جـۆرە ئاشـتەوایی‌یـەکی کۆمـەڵایـەتی لـەنێوان پـەیڕەوەکانی کەزۆربەی هەرە زۆریان جوتیاری کۆڵەوارن‌و لەنێوان ئۆرۆسـتۆکراتەکانی دەوروبەرەکەیـدا کەزۆربـەی هـەرە زۆریـان زەویـدارن‌و لـەڕوی مێـژویی‌و تیـۆرییـەوە چـینێك پێکـدێنن دەوڵەمەندییەکەی پشت ئەستورە بەرەنج‌و ماندوبونی جوتیاران، بەدی بێنێ.

بیروباوەڕی بارزانییەکان بەهەمان ئەزمونی مەسیحایەتی‌و ئیسلامدا تێپـەڕیوە. ئـەوە بۆ خۆی بەڵگەیە کەهەر یەك لەمەسیحایەتی‌و ئیسلام لەڕوی ئاکارەوە پابەندبونی خۆیـان بەپشـتیوانی کـردن لەهـەژاران‌و چەوسـاوەکان سـاغ کـردەوە. لەسـەرەتای بانگەشـەکەدا هەژاران‌و بێنەوایان‌و کۆیلەکان کەتامەزرۆی جیهانێکی دادپەروەرترو ئاشتیخوازتر بـون، زۆربەی باوەڕداره بەرایی‌یەکانیان پێکدەهێنا. بەر لـەوەی پابەنـدبون بەپشـتگیری کردنـی هـەژاران کـزو خەفـە ببـێ، مـۆرکی کۆمـەڵایـەتیی بانگەشـەکە ڕۆشـنتر بـوو. دواتـر، کەدەوڵەمەندەکان وەرگیران، مۆرکـە کۆمـەڵایەتییەکـە گـۆڕانی بەسـەردا هـات. نهێنیـی سەرکەوتنی شێخایەتیی بارزان لـەوە دایـە کەپشـتیوانیی لەهـەژاران کـردوە، بەتایبـەتی جوتیارەکـان کـەگیریان بەدەسـت دڵڕەقیـی دەرەبەگەکانـەوە خواردبـوو. وەك چـۆن مەسـیحایەتی‌و ئیسـلام لەسـەرەتادا وەك ڕزگارکـەری بێچـارەو هـەژاران لـەژیانی کوڵەمـەرگی‌و نەهامـەتی دەهاتـە پـێش چـاو، بیروبـاوەڕەی بـارزانیش وەك ڕزگارکـەر لەجیهانی پڕ جەورو ستەم دەهاتە پێش چاوی جوتیارەکان.

گفتوگۆیـەکی نێـوان شـێخ عـەبدولسـەلامی دووەم‌و قایمقـامی ئامێـدی بەوەکالـەت لەساڵی ١٩٠٤دا ئەوەی لێ هەڵدەهێنجرێ کەتەکیەی بارزان لەو بڕوایـەدا بـوە کـەئاسمان پەیامێکی پیرۆزی پێ سـپاردوە کـەلابردنی زوڵـم‌و زۆرە لەسـەر چەوسـاوەکان. بێگومـان ئەمـە بـەو مانایـە دێ کەتەکیـەی بـارزان بەئـەرکی خـۆی زانیـوە ڕابەرایـەتیی توێـژی

پەراوێزخراوو بەچاوی سوك تەماشاكراوی كۆمەڵ بكات، هەستی چینایەتیو ئاینییان بوروژێنێو هێزی كاریگەریان لێ پێك بێنێ. ئەمە دەقاودەق وەك تەگبیرەكانی هەر یەك لەشێخ جونەیدو سوڵتان حەیدەرو لەپاش ئەوانیش سەفەوییەكانە، كەتوانییان لەشكرێكی بەبیروباوەڕی تا ئەوپەڕی گوێڕایەڵ لەخەڵكانی سۆفیو دەروێشو لەتوێژی پەراوێزخراوو مافخوراوو بەچاوی سوك تەماشاكراوی كۆمەڵ دروست بكەن. ئەو گروپە كۆمەلایەتییانەی كەجەبەرتیی مێژونوسی بەناوبانگی میسر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بۆ سوكایەتی پێ كردن بە حەرافیش ناویان دەبات، دەقاودەق ئەو گروپە كۆمەلایەتییانەن كەتەكیەی بارزان ئاوڕی لێ دانەوەو بایەخی تەواوی پێ دان.

لەگفتوگۆكەیدا لەگەڵ لێپرسراوە عوسمانییەكەدا لەئامێدی، شێخ عەبدولسەلام وای دانا كەپەیامەكەی فریاكەوتنی ستەمدیدەكانەو لەم بارەیەوە وتی ((ئێمە لەوە زیاترمان نەكردوە كەگروپێكی ژێردەستە لەبن دەستی زۆرداران دەربێنینو ئازادیی پێ ببەخشین))[4]. ئەگەرچی ئەم وتە وروژێنەرە خۆی لەخۆیدا چوارچێوەی ئەجندەیەكی سەرتاپاگیرو دیدێكی رۆشن پێكناهێنێ، بەلام پشتگیریی تەكیە لەچەوساوەكان بەئاشكرا تێیدا رەنگ دەداتەوە. لەو سۆنگەیەشەوە كەبزوتنەوەی بارزانی لەسەردەمی عەبدولسەلامی دووەم دا گەیشتبوە ئەوەگی گەشانەوەی روحانیەتی خۆی، دەكرێ وا سەیری ئەم وتەیە بكرێ كە بەدروستی گوزارشت لەئامانجە كۆتاییەكانی بزوتنەوەكە دەكا. لەم بوارەدا تێبینی دەكرێ كەشێخایەتیی بارزان لەهەلومەرجێكدا چالاكیی نواند كەهیوای بەدەستهێنانی زەویو هەمواركردنی پەیوەندیی نێوان جوتیارانو زەویدارەكان، ئیلهامبەخشی كۆمەلانی خەڵكی جوتیار بوو. عەبدولسەلام كەپەی بەگرنگیی زەوی بۆ جوتیاران دەبرد، رای وا بوو كەبەرهەڵستی كردنی دەرەبەگایەتی ((ئەركێكی ئاینییە))و دەگاتە ئاستی ((رزگاركردن لەكۆیلەداری))[5].

گومان لەوەدا نیە كەدەكرێ لەزۆر لاوە بزوتنەوەی بارزانی بەبزوتنەوەیەكی جوتیارانە بژمێردرێ. چارەنوسی ئەم بزوتنەوەیە لەهەندێ قۆناغداو بەو پێیەی كەجوتیاران لەشكرە بنچینەییەكەیان پێكهێناوە، تارادەیەكی زۆر بەند بوو بەڕادەی سەركەوتنی لە

[4] صديق الدملوجي، امارة بهدينان الكردية و امارة العمادية، الطبعة الثانية، دار آراس للطباعة والنشر، اربيل، ١٩٩٩، ص ٨٣.
[5] هەمان سەرچاوە، ل ٨٤.

بەدەستهێنانی دەستکەوت بۆ جوتیاران. بزوتنەوەی بارزانی نە هیچ دیدێکی سیاسیی هەبوو نە هیچ دیدێکی شاری. زاڵبونی مۆرکی جوتیارانە بەسەر ئەم بزوتنەوەیەدا، نیشانی دەدا کەبزوتنەوەکە زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوە کەنەیەڵێ هەڵسوڕانی لەچوارچێوەی کاروباری جوتیاران بترازێ.

بیروباوەڕی تەکیە گوزارشتی لەو پێداویستییانەی ژیان کرد کەجوتیارەکان دەیانویست. بەمجۆرە، لەساڵی ١٨٩٦ بەدواوە پاش ئەوەی بارزانییەکان هەیبەتی خێڵی زێبارو هاوپەیمانەکانیان شکاندو قۆناغێکی ئاشتی دەستی پێ کرد، سروشتی رێکخستنە ئابوری- کۆمەڵایەتییەکەی شێخایەتیی بارزان وردە وردە رۆشن بۆوە. بنچینەی مادیی ئەو رێکخستنە، هاوبەشبونە لەداهاتی گشتیو پێکەوەنانی یەکەی ئابوری- کۆمەڵایەتی- سوپایی‌ی تایبەت. ئەم مۆدێلە رەنگدانەوەی ژیانێکی هەرەوەزە کە بەهۆیەوە بەرهەمهێنەر لەکۆتو بەندە ماددییەکانی بەرهەم هێنان رزگاری دەبێو لەپاڵو سەپانو خزمەتکاری زەویدارەکانەوە دەبێ بەزەویدارێکی بچوك یان بەبەشێك لەو سیستمە ئابورییەی کەبنەماکەی هەرەوەزو نەهێشتنی خاوەنێتیی گەورەی زەوییە. یەکەم هەوڵ بۆ رێکخستنی هەرەوەزی داهاتی گشتی بۆ نیوەی دووەمی دوا دەیەی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، کاتێك جوتیارانی گوندی دوری دەستیان بەهەڵوەشاندنەوەی خاوەنێتیی تایبەتو دامەزراندنی کۆمیۆنێکی ئابوری کرد بەڵام شێخ محەمەد هەوڵەکەی راگرت[٦] چونکە پێی وابو هێشتا کاتی خۆئاشکراکردن نەهاتوە (بڕوانە: تەقیە). هەر چۆنێك بێ، تەکیەی بارزان پاش شێخ محەمەد کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەی خۆیو لەگەڵ دەستپێکردنی سەدەی بیستەمدا دەستی بەهێنانە دیی رێکخستنە ئابوری- کۆمەڵایەتییەکەی خۆی کرد.

ریشەی بەشێکی بیروباوەڕی هاوبەشبون لەداهاتی گشتیدا دەچێتەوە سەر رێنمایی‌یە بەرایی‌یەکانی ئیسلام. بەڵام ئەم رێنمایی‌یانە زۆر لەسەر ئەم بابەتە نەدواونو تەنها داهاتی ئاوو لەوەڕگای خۆڕسكو کەرەستەی خۆگەرم کردنەوەیان کردۆتە شەریکایەتیو زەوییان لێ هەڵاوێر کردوە، ئەگەرچی زەوی لەشارستانێتییە کشتوکاڵییەکاندا یەکێکە لەگرنگترین ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی ماددی. بەمجۆرە، هاوبەشبون لەبەرهەم هێنانی

---

[٦] بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦-١٩١٤، المصدر السابق، ص٨٣.

زەویدا پەیوەستێکی بەهێزی لەگەڵ ئیسلامی کلاسیکیدا نیە. بەشێوەیەکی گشتی، بناوانی بیروباوەڕی هاوبەشبون لەنێو ئەو گروپانەدا کەهەڵی پراکتیزەکردنیان بۆ هەڵکەوت، لەبنەڕەتەوە لەفەلسەفەی یۆنانەوەو وردتریش لەکتێبی ((کۆمار))ی ئەفلاتونەوە وەرگیراوە، وەك لەبیروباوەڕی ئیسماعیلیدا دەردەکەوێ.

لەنێوان بزوتنەوەی بابەکی خورەمیو بزوتنەوەی بارزانیدا زۆر روخساری هاوبەش هەیە، بەڵام نابێ ئەوە فەرامۆش بکرێ کەجیاوازیی گەوهەریش لەنێوانیاندا هەیە. روخسارە هاوبەشەکان زیاتر کاریان بەسەر لایەنە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە نەك لایەنە ئاینییەکان. ئەگەر دوراییەیە ئاینییەکانی بزوتنەوەی بابەك بخەینە لاوە کەئەوانەش لەڕوی مێژوییەوە مانای خۆیان هەیە، دەکرێ بەو چاوە سەیری بزوتنەوەی بارزانی بکرێ کەدرێژەپێدانی مێژوویی بزوتنەوەی بابەکە.

بزوتنەوەی بابەك جگە لەوەی کە بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی جوتیارییە، دو روخساری هەیە کە لەبزوتنەوەی بارزانیدا بەدی ناکرێن. یەکێکیان ئەوەیە کەبزوتنەوەی بابەك پاڵنەری سیاسیی بەڕواڵەت نەتەوەیی هەبوەو ئامانجەکەی سنوردانان بوو بۆ قۆرخ کردنی دەسەڵات لەلایەن عەرەبەوە. لێرە، فاکتەری نەتەوەیی تێکهەڵکێشی فاکتەری ئاینی دەبێ چونکە شکانی فارس لەبەردەم عەرەبدا نەك هەر روخانی دەوڵەتەکەیانی لێ کەوتەوە بەڵکو، جگە لەمە، بوە مایەی لەدەستدانی ئاینەکەشیان. بەڵام سەرەڕای هەمو شتێك، پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکانی بزوتنەوەی بابەك بەپێی ئەوەی کەپێویستە، رون نین بەڵام بۆ زانینی تۆکمەیی ئەو پێکهاتە ئایدیۆلۆژییانە دەتوانرێ ئەندازەی کاریگەرییان لەسەر جەماوەر بکرێ بەپێوانە. بەردەوامبونی بزوتنەوەکە بۆ ماوەی ٢٢ساڵو لەسەردەمێکدا کەهێشتا دەوڵەتی عەبباسی پێی نەخستبوە ناو قۆناغی کلۆڵیو بێهێزییەوە، ئەوەی لێ هەڵدەهێنجرێ کە بزوتنەوەکە لایەنگرێکی زۆری هەبوەو پەیڕەوەکانیشی دلاوەرانە شەڕیان کردوە.

روخسارەکەی تر کە لەبزوتنەوەی بارزانیدا نیە ئەوەیە کەبزوتنەوەکەی بابەك لەناوەڕۆکدا بزاڤی زیندوکردنەوەی هەندێ ئاینی کۆنی وەك مەزدەکییە یاخود لانی کەم پەیوەندیی بەڕابردوی شارستانی- ئاینیی فارسەکانەوە هەبوە. ئەوەی کەمێژونوسانی ئیسلام لەم بارەیەوە گێڕاویانەتەوە تەنها بۆ دژایەتی کردنی بزوتنەوەکە نەبوە بەڵکو بڕێکی زۆر راستگۆیی تێدا بوە.

ئەوەی هەردو بزوتنەوە کۆ دەکاتەوە، ماکی کۆمەلایەتییە. لەبزوتنەوەی بارزانیدا مەسەلەی زەوی مەسەلەیەکی سەرەکیی پێکهێناوە. پێش ئەم بزوتنەوەیە بەنزیکەی هەزار ساڵ، بابەك هەمان مەسەلەی وروژاندبوو. هەردو بزوتنەوە، هەر یەکێکیان لەناوچەی خۆی، یەکەی ئابوری- کۆمەلایەتی- سوپایییان لەسەر بنەمای کێلانی زەویو بەرپەرچدانەوەی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵی پێکهێنا. لەبزوتنەوەی بابەکدا، بانگەشەکردن بۆ مافی جوتیاران لەبەدەستهێنانی زەویدا چەردەیەك پاساوی کەلتوریی پتەوی لەپشتەوە بوو و ئەوەی لەم بارەیەوە بۆ سەرکردەکانی بزوتنەوەی بابەك هەڵکەوت، بەپێی پێویست بۆ سەرکردەکانی بزوتنەوەی بارزانی هەڵنەکەوت. ئەوە بەڵگەیە کە لەئاینی مەزدەکیداو هەروەها لەو بیروباوەڕە خورەم دینانەی کەبەشێکی پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیی بزوتنەوەی بابەکیان پێك هێنا، بانگەشەکردن بۆ هاوبەشبون لەساماندا بانگەشەیەکی نامۆ نەبوو و هیچ پێداگرتنێکیش لەسەر خاوەنێتیی تایبەت بەدی ناکرێ[7]، لەکاتێکدا کێشەکانی شێخایەتیی بارزان جۆرێکی تر بون وەك کێشەی سەقامگیریی خاوەنێتیی تایبەت لەکەلتوری ئاینیداو کلۆلیی دەقە پیرۆزەکان لەباسکردنی هەندێ مەسەلەی وەك هاوبەشی لەبەرهەم هێنانی زەویداو هەڵوەشاندنەوەی خاوەنێتیی گەورە.

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێ کەهەردو بزوتنەوە یەك پێناسەیان بۆ داد هەیە کەبنچینەکەی هەڵوەشاندنەوەی خاوەنێتیی تایبەتی زەوییە یاخود هەڵوەشاندنەوەی خاوەنێتییە دەرەبەگییەکانە کەئەمەش ماناکەی دەرهێنانی زەوییە لەبن دەستی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ. دیارە بیروباوەڕی بابەك نەك هەر پەسندکراوی جوتیارانی فارسو کورد بووە، بەڵکو پەسندکراوی ئەرمەنەکانیش بوە، ئەویش بەو بەڵگەیەی کەجوتیارانی ئەرمەن پشتگیرییان لەبزوتنەوەکە کردوەو بەژمارەیەکی زۆر چونەتە ناو سوپای بابەکەوە[8]. بابەك لەبزوتنەوەکەیدا پەی بەگرنگیی زەوی بردبو. نوسینەکانی تەبەریو زۆربەی مێژونوسە موسڵمانەکان ئاماژەی رونیان سەبارەت بەرەچەڵەکی

[7] خیال امروهوی و دکتر سید علی مهدی نقوی، عقاید مزدك، چاپ دوم، مؤسسه مطبوعاتی عطائی، تهران، ۱۳۵۲ ه. ش، صص، ٦۲-٦۳.

[8] الدكتور عبدالرحمن محمد العبد الغني، ارمينية وعلاقاتها السياسية بكل من البيزنظيين والمسلمين، مؤسسة الكويت للتقدم العلمي، الكويت، ۱۹۸۹، ص ۱۰٤.

چـینایەتیی بابـەك تێدایـەو لـەوێ بـاس کـراوە کەبابـەك لـەڕوی چـینایەتییەوە سـەر بەبنەماڵەیەکی جوتیار بوە[9].

بەهەمان پێودانگ، لـەکاتی بەراوردکردنـدا دەتـوانین تێبینیـی ئـەوە بکـەین کەئـەو ڕێکخستنە ئابوری- کۆمەڵایەتی- سوپایی‌یـەی کەشـێخایەتیی بـارزان بـۆ پـەیڕەوەکانی داهێنا، لەناوەڕۆکدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئـەو ڕێکخسـتنە ئـابوری- سیاسـییەدا نیـــە کەقرمـتییـــەکان لەباشـــوری عـــیراق‌و ڕۆژهـــەڵاتی نیمچـــە دورگـــەی عـــەرەب‌و ئیسماعیلییەکانی لقە نزارییەکەی ئێـران بەسـەرکردایەتیی حەسـەن سـەباح لـەکۆتایی‌ی سەدەی یانزەهەم‌و سەرەتای سەدەی دوانزەهەمدا دایانهێنابوو.

لەهەمو نمونەکاندا کێشەی زەوی بەڕونی دیارە. مەسـەلەکە لـەوە دایـە کەئـەم نمونانـە بونە مایەی فۆرمۆلەبەندی کردنی تێڕوانینێکـی ئایـدیۆلۆژیی تێکهەڵکێشـکراو لەگـەڵ سیسـتمێکی کۆمـەڵایـەتی- ئـابوری تایبەتـداو تـەبا لەگـەڵ ئـەو سیسـتمی بەرگرییـەدا کەپێداویستییەکانی ئاسایشـی دەرەکیـی دابـین دەکـرد. لـەم سـەروبەندەدا قرمـتییـەکان لەباشوری عیراق دەستکەوتی گرنگیان بەدەست هێنـا. دوا بـەدوای تێکۆشـانێکی دژوار کـــەداماڵینی دەســـەڵاتی زەویـــدارە ئۆرۆســـتۆکراتەکانی لێ کەوتـــەوە، قرمـتییـــەکان بەپەیوەندییەکانی پاشکۆیەتیدا چونەوەو کەوتنە دامەزراندنی سـتراکتۆری کۆمەڵایـەتی‌و ئـابوریی تـازەو گونجـاوتر لەگـەڵ بیروباوەڕیـان‌و تـەباتر لەگـەڵ مەرجـە پێویسـتەکانی یەکسـانیدا. بـەکردەوە، قرمـتییـەکان کۆتـایی‌یـان بەچەوسـاندنەوەی جوتیـاران لەلایـەن زەویدارەکانەوە هێناو بێگاری دەرەبەگەکانیان نەهێشت‌و کەوتنە خـۆ بـۆ کـەم کردنـەوەی جیاوازیی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان. لێـرەدا یەکـەم پەیـدابونی راسـتەقینەی یەکـەی کۆمـەڵایەتی- ئابوری- سوپایی‌ی پشت بەستوو بەچەشـنە ژیـانێکی هـەرەوەزو دامـەزراو لەسەر بنەمای خۆبژێویی بەرهەمهێنەرانەو لەڕوی سـوپایی‌یـەوە پشـت بەسـتو بەبـەرگری لـەخۆکردن، دەبیـنین. ئـەو رسـتەیەی کـە لـەکتێبی ((اتعـاظ الحنفـا))دا لەسـەر زاری مەقریزیدا هاتووەو تێیدا دەڵێ ((هیچ کەسێك لەنێویانـدا، جگـە لەشمشـێرو چـەکەکەی، هیچـی تـری نـەبوە))[10] ئـەوەی لێ هەڵـدەکرێنرێ کـە مـەقریزی باسـی پێکهێنـانی کۆمەڵگایەکی چەکدار دەکا.

---

[9] دکتر غلامحسین صدیقی، جنبشهای دینـی ایرانـی در قرنهـای دوم وسـوم هجـری، چـاپ دوم، شـرکت انتشاراتی پاژنگ، تهران، ١٣٧٥، ص ٢٨٨.

[10] المقريزي، اتعاظ الحنفا، تحقيق الدكتور جمال الدين الشيال، دار الفكر العربي، القـاهرة، ١٩٦٧، ص ١٥٧.

لەبەحرێنو رۆژهەلاّتی نیچمە دورگەی عەرەبیش قرمتییەکان سیستمێکی پێشکەوتوی ژیانی بەکۆمەلّیان دامەزراند. لەوێ، زەوییانە نەماو سیستمێکی پشت ئەستور بەویست دامەزرا. دەولّەت بۆ بەهێزکردنی توانای پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی گشتی، سیستمی نوێی کۆکردنەوەی باجەکانی بەستندنی باج لەکەشتیو حاجیو مرواریگرو هاوولاّتییەکانی تۆکمەتر کرد. تەگبیرەکانی دەولّەت لەسەردەمی حوکمڕانیی حوسەینی کوڕی بەهرامی ناسراو بەئەبو سەعیدی جەنابی بەلّگەی ئەوەن کەسیاسەتی ئابوریی دەولّەت کەبوە مایەی دەستەبەرکردنی دارایی‌ی گشتی، خۆی لەخۆیدا ئامانج نەبوە. جەنابی، سیستمێکی دارایی‌ی بەکۆمەلّی دامەزراندو هەنگاوەکانی بونە مایەی پتەوکردنی ژیانی گشتی. لەوێ، دەولّەت هانای بردە بەر تەگبیرێك کەچوارچێوەیەکی سایکۆلۆژیی گونجاوی بۆ پەرەپێدانی بەرهەم هێنان پێك هێنا، ئەویش دابەش کردنی زەوی بوو بەسەر هەمو ئەوانەی کە لەخۆیان رادەبینی بتوانن سودی لێ وەربگرن[11].

هەندێ ئاماژە وامان لێ دەکەن بچینە سەر ئەو باوەڕەی کەقرمتییەکان مۆدیلێکی سادەی دیموکراسییان دامەزراندوە. دیارە ئەم مۆدێلە زادەی هەلّچونێکی سەرپێیی نەبوە چونکە جەنابی ئەنجومەنێکی شورای لەدوانزە ئەندام بۆ تاوتوێ کردنی ئەو بڕیارانەی کەپێویستە بدرێن، پێك هێنا[12]. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە لەوێ چەند یەکەیەکی کۆمەلاّیەتی- ئابوری- سوپایی‌ی تایبەت هەبوە. پێدەچێ قرمتییەکان دامالّینی خاوەنێتی‌ی زەویی گەورەو بەخۆڕایی دابەشکردنی بەسەر جوتیاراندا لەئیسماعیلییەکان فێر بووبن[13]. فاکتەری هاندەر لەم روەوە تێکەلّ بەجیهانبینییەك بوە ئەرکەکەی هێنانە دیی دادە لەکۆمەلّگایەکی کشتوکالّیدا کەناسر خەسرەوی مێژونوسی ئیسماعیلیی بەرەچەلّەك ئێرانی وای داناوە کە لەسی هەزار جوتیار پێکهاتوە[14].

لەهەمو ئەو شوێنانەی کەتوانرا پێکهاتەی نوێی کۆمەلاّیەتی- ئابوریو لەکاتی پێویستیشدا پێکهاتەی سوپایی‌یان لێ دابمەزرێنرێ، پێش دامەزراندنی یەکەکان

[11] الدکتور مصطفی غالب، الحرکات الباطنیة في الاسلام، دار الاندلس للطباعة والنشر والتوزیع، بیروت، بدون سنة الطبع، صص ١٧٠-١٧٣.
[12] هەمان سەرچاوە، ل ١٥٢.
[13] هەمان سەرچاوە، ل ١٦٦.
[14] ناصر خسرو، سفرنامة، ترجمة یحیی الخشاب، مطبوعات معهد اللغات الشرقیة، القاهرة، ١٩٤٥، ص ٢٢٥.

قۆناغێك لەئارادا بـوە كەتێیـدا بێزاربـون لـەو پێكهاتانـەی كەهـەبون گەیشـتبوە رادەی ئامادەیی بۆ ئەنجامـدانی هـەركارێك برێكـی دیـاریكراوی گـۆڕانی پـێ بێتـە دی. ئەمـە بەڕونی لەهـەر یـەك لەباشـوری عـیراق و ڕۆژهـەڵاتی نیمچـە دورگـەی عـەرەب و ئـالموت و دواتریش، پاش سەدان ساڵ، لەبارزان دەبینرێ. لێرەدا پارێزگەرایی وەك بیرۆكەیـەكی بـێ نرخ خۆی دەنوێنێ. كاركردن بەبێ جەربەزەیی بەكەڵكی هـیچ كۆششـێك بـۆ دۆزینـەوەی چوارچێوەیەكی كۆمەڵایەتیی نوێ بۆ پەیوەندییە گشـتییەكان نایـە. جموجۆڵـەكان لەهـەر یـەك لـەئالموت و بـارزان سـەرەنجامی سـەركەوتوی تاڕادەیـەك وەكیـەكیان لێ كەوتـەوەو لەئاكامدا پێكهاتەی تازە هاتـە گـۆڕێ كـەجێی پێكهاتـە كۆنـەكانی گرتـەوە. هـەر یـەك لەبزوتنـەوەكانی قرمتییـەكان و ئـالموت و بـارزان لـەوەدا یەكدەگرنـەوە كەهەرسـێكیان توانیویانە ستراكتۆری تازە لەسەر بناغەی دەرهێنانی ناوچەیەكی دیاریكراو لەبن دەستی دامـەزراوەی دەرەبەگایـەتی دروسـت بكـەن. بێگومـان گەیشـتن بـەم سـەرەنجامە بـەبێ بەكارهێنانی سیاسەتی هێـزو هانـدانی گـەلی ئـازادكراو بـۆ بـەرگری كـردن لەپێكهاتـە تایبەتەكانی خۆی، نەدەهاتە دی.

وردبونەوە لەپێكهاتە كۆمەڵایـەتی- ئابوریـیـەكانی ئیسـماعیلییەكانی لقـی نزاریـی ئێران لەقەڵەمڕەوی ئالموت لەكۆتاییی سـەدەی یانزەهـەم و سـەرەتای سـەدەی دوانزەهـەم، نیشانی دەدا كەئـەو پێكهاتانـە جیاوازییـەكی ئـەوتۆیان لەگـەڵ پێكهاتـە كۆمەڵایـەتی- ئابوریـیـەكانی قرمتییەكانـدا نیـە. تەنانـەت پـاش تێپـەڕینی حـەوت سـەدە بەسـەر ئـەو پێكهاتانەدا، تێبینیی جیاوازییەكی كاریگەر لـەنێوان پێكهاتـەكانی ئـالموت و پێكهاتـە كۆمـەڵایەتی- ئابورییەكانی بارزان ناكرێ. لەم سەروبەندەدا تێبینی كراوە كەدامـەزراوەی دەرەبەگایەتیی سەلجوقی و دامـەزراوەی دەرەبەگایـەتیی زێبـاری زۆر لێـك دەچـن و هـەردو دامەزراوە لەو خاڵەدا یەكدەگرنەوە كەبنـەمای دامەزرانـدنی هـەردوكیان دەچـێتەوە سـەر داپلۆسـینی كۆمەڵایـەتی. جیاوازییەكـە زیـاتر ناسـنامەی چەوسـێنەرەكان دەگرێتـەوە. لەناوچەكانی بـاكورو بـاكوری ڕۆژهـەڵاتی ئێـران حوكمڕانـە دەستڕۆیشـتووەكان بەرەگـەز تورك بون و زۆرینەی جوتیارەكان فارس بون، لەكاتێكـدا لەناوچـەكانی زێبـار چەوسـاوەو چەوسـێنەرەكان یـەك ناسـنامەی ڕەگـەزی و یـەك كـەلتوریان هـەبو. دیـارە تێكـەڵ بـونی فاكتەری نەتەوەیی بەفاكتەری چینایەتی لـەئالموت بۆتـە مایـەی كڵپەسـەندن و جۆشـدانی هەست و هەڵوێستەكان و پێكهێنانی بزاڤێكی سیاسیی دینامیكترو پایەدارتر.

حەسەن سەباح لەئالموتو دەوروبەری سەرکەوتنی بەسەر سەلجوقییەکاندا بەدەستهێناو لێرەوە تەنگوچەڵەمە دژوارەکە دەست پێدەکا چونکە پاش ئەوەی ئیسماعیلییەکان قەڵەمڕەوێکی فراوانیان لەبن دەستی دامەزراوەی دەرەبەگایەتیی سەلجوقییەکان دەرهێنا، مەسەلەکە لەمەسەلەی بەدی هێنانی دادو یەکسانییەوە گۆڕا بۆ مەسەلەی چۆنێتیی ڕێکخستنی ئەو دادو یەکسانییە.

ئیسماعیلییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەنگوچەڵەمەیە چەند پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی- ئابوری- سوپاییی شیاوی بەردەوامبونیان دامەزراند کەئابورییە گشتییەکەیان پشت ئەستور بوو بەچەشنە ژیانێکی بەکۆمەڵو پڕۆژەی هەرەوەزی وەك پەرەپێدانی رایەڵەکانی ئاودێرانو دروست کردنی قەڵاو ڕێکخستنی باجی ئاینیو دابەشکردنی داهاتو سامان[15].

لەنێو کورددا هەر بارزانییەکان نین کەچەشنە ژیانێکی بەکۆمەڵیان هێناوەتە گۆڕێو پەیوەندیی نێوان دامەزراوەی دەرەبەگایەتیو جوتیارەکانیان بەقازانجی جوتیاران هەموار کردۆتەوە. لەم سەروبەندەدا تێبینیی ئەوە کراوە کەبارزانییەکانو گروپی هەقە کەزۆربەی پەیڕەوەکانی لەناوچەکانی نزیك شاری سلێمانی دەژین، لەئامانجە گشتییەکاندا زۆر لێك نزیکن.

بەراوردی نێوان تەگبیرو هەنگاوەکانی شێخەکانی بارزانو شێخەکانی هەقە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ، بونی جیاوازیی بنەڕەتی لەشێوەی کارکردندا نیشان دەداو بەشێوەیەکی تایبەت تێبینیی ئەوە دەکەین کەئەنگێزەی دامەزراندنی شێخایەتی لەلای پەیڕەوانی هەقە بەو شێوەیەی کە لەلای بارزانییەکاندا هەیە، ئەنگێزەیەکی بەهێز نیە، جگە لەوەی کەشێخەکانی هەقە لەهەوڵەکانیاندا بۆ پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی پەرۆشتر دێنە بەر چاوو تا پێیان کرابێ سەرگەرمی دامەزراندنی تەونێکی فراوانی پەیوەندیی بەردەوامو پتەو بون لەگەڵ دەوروبەری خۆیاندا. ئارەزوی خۆدورخستنەوە لەبانگەشە کردن بۆ سیاسەتی بەکارهێنانی هێز بۆ یەکالاکردنەوەی کێشەی زەوی لەنێوان جوتیارانو دەرەبەگەکان، لەلای سەرکردەکانی هەقە ئارەزویەکی رونو رۆشنە. ئەوەی ئەمە ساغ دەکاتەوە ئەوەیە کەمامە رەزا، رابەری روحانیی هەقەکان، بەبێ پەنا

---

[15] د. فرهاد دفتري، مختصر تاريخ الاسماعيليين، المصدر السابق، صص ٢٢٥-٢٢٦.

بردنه بەر هێز، دەسەڵاتی روحانیی خۆی بەکار هێناو زەویی لەزەویدارە گەورەکان سەندەوەو پاشان بەسەر جوتیاراندا دابەشی کرد[16]. سەرکەوتنی مامە رەزا لەم بوارەدا بەبێ پەنا بردنە بەر هێز، بەڵگەی ئەوەیە کەتوانیویەتی خواستە دژ بەیەکەکان لەگەڵ یەکتریدا بسازێنێ. لەو نەبەردە کۆمەڵایەتییەدا مامە رەزا بەشێوەیەکی ئاشتییانە ئەو ئامانجانەی بەدەست هێنا کەشێخایەتیی بارزان بەشەڕ بەدەستی هێنان. بەڵام پێویستە ئەوەش لەبەر چاو بێ کەسەرکردەکانی هەقە، لەبەر چەردەیەك هۆ کەپەیوەندییان بەفاکتەری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، روبەڕوی بەرهەڵستیی دڕندانەی زەویدارە ئۆرۆستۆکراتەکان نەبونەوە چونکە ئەو زەویدارانە زیاتر بەلای ساتوسەودادا دایانشکاند. ئاشکراشە کەهۆی ملکەچیی زەویدارەکان بۆ دەسەڵاتی روحانیی شێخەکانیان دەچێتەوە سەر ئەوەی کەخۆیانو جوتیارەکان رێزو پیرۆزینێکی زۆریان بۆ دەسەڵاتی روحانیی سەرکردەکانی هەقە هەبوە. بەجۆرە، لەنێو هەقەکاندا ململانێی نێوان زەویدارانو جوتیاران لەنێو یەك چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا یەکلا کرایەوە. ئەمە بەو واتایە دێ کە لەکاتێکدا سەرکردەکانی هەقە خۆیان لەخۆشکردنی ئاگری دابەشبونە چینایەتییەکان پاراست، شێخایەتیی بارزان لەبنەڕەتدا لەڕێی بەکارهێنانی هێزەوە بۆ یەکلاکردنەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان پرۆژەی خۆی سەپاندو لەئاکامدا هیچ بوارێك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان لەنێو یەك چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا لەوێ پێك نەهات.

هەقە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی- ئابوریی خۆی لەسەر بناغەی ژیانی بەکۆمەڵ دروست کرد. خۆشبەختانە ئەو پێکهاتانە، بەپێچەوانەی ئەوەی بارزانەوە، پێویستیان بەوە نەبو کەپێکهاتەی سوپایییان بخرێتە پاڵ. شێخەکانی هەقە ملکەچبونێکی ئارەزومەندانەیان بۆ پەیڕەوەکانیان بەدەست هێنا. ئەمەش هۆی پەیوەندیی بەهێزو بەردەوامی نێوان شێخەکانو پەیڕەوەکانیان رون دەکاتەوە. لەئاکامدا رابەرانی هەقە تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتو بون لەروبەڕوبونەوەی ئەو گیروگرفتانەی کەدەرهاوێشتەی هەلومەرجە ناسەقامگیرەکان بون.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، نوێرینی کۆمەڵایەتییانەی هەقە هەمو کات یەکگرتو نەبوە. لەم سەروبەندەدا لقی حەمەسوری هەقەکان ئارەزویەکی رادیکاڵتری سەبارەت

[16] رەئوف محەمەد زوهدی، بۆ لەهەقە کەوتنە تەقە، چاپخانەی ئەلحوادس، بەغدا، ١٩٨٥، ل ١٧٨.

بەژیانی کۆمەڵایەتی نیشانداو رەخنەیەکی زۆری لەبیرو بۆچونە کۆنەپارێزییەکانی رێسا ئاسایییەکانی هەقە گرت. لەم بوارەدا حەمەسور پابەندبونێکی زۆرتری بەسیستمە توندوتۆڵەکانی ئاکار نیشانداو زیاتر بەلای بەدی هێنانی دادپەروەرییەکی قوڵتردا دایشکاند.

دابەشکردنی سامانو داهاتو دامەزراندنی دارایی‌ی گشتیو سەندنەوەی زەوی لەدامەزراوەی دەرەبەگایەتی، ژێرخانی ئەو بیروباوەڕانە پێکدێنێ کەپێکهاتەکانیان پێویستیان بەچەشنێکی دیاریکراوی ژیانی بەکۆمەڵ هەیە. سەرخانی بەهاو کەلتورەکانی ئەو بیروباوەڕانەش لەو پرنسیپانە پێکدێ کەگوزارشت لەخاوێنیی ئایدیۆلۆژیاو پاکیزەیی‌ی نمونەیی دەکەن وەك داد، برایەتیو ئاشنایەتی کەبۆ پایەدارکردنی تۆکمەیی‌ی کۆمەڵایەتی مەرجی گرنگن. بنچینەی هەمو ئەو پرنسیپانەی کەسەرخانی کۆمەڵایەتی پایەدار دەکەن، پشت بەو بیرۆکەیە دەبەستێ کەهەر کۆمەڵگایەك ستراکتۆری تازەی تێدا پەیدا ببێ جیاوازە لەکۆمەڵگای پێشوو و کرۆکی پەیوەندییە گشتییەکانیش، لەم چوارچێوەیەدا، پشت بەو تیۆرییە دەبەستێ کەپێی وایە تاکەکان چیدی مل بۆ پەیوەندیی زۆردارەکی کەچ ناکەن، بەڵکو پەیوەندیی برایانەیان لەنێواندایە نەك بەرژەوەندیی دژ بەیەكو پڕ کێشمەکێشو ململانێ.

خودی ئەم بیرۆکەیە لەئیسلام نامۆ نیە. ئەوە بۆ خۆی نیشانەیە کە لەساڵی یەکەمی کۆچیدا پێغەمبەر موحەممەد کارێکی وای ئەنجام دا کەکاریگەریی زۆر لەسەر پتەوکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی ناو کۆمەڵگا تازە بەموسڵمانبووەکەی یەسرب بەجێ هێشت، ئەویش بڵاوکردنەوەی برایەتی بوو لەنێو پەیڕەوەکانیدا، کاتێك هەر مەککییەك یەسربییەکی وەك برا بۆ هەڵبژێردرا. ئەم پرۆسەیە کە لەمێژوودا ناوی ((برایەتی))ی لێ نراوە، لەڕوی مێژوویی‌یەوە گوزارشت لەپێویستی‌ی دامرکاندنەوەی تینو تاوی جیاوازییەکانی نێوان مەککییەکانو یەسربییەکان دەکا. لەڕوی مێژوویی‌یەوە، پرۆسەی برایەتی یەکەم ئاماژەی رونە بۆ دابەشبونی کۆمەڵگای یەسرب بەسەر دو گروپی موسڵمانان دا: ئەنسارەکان، واتە یەسرببیەکانی هەردو خێڵی ئەوسو خەزرەجو کۆچبەرەکان، واتە ئەو مەککییانەی کەهەندێکیان بەئارەزوی خۆیان مەککەی بت پەرستیان بەجێ هێشتبوو و هەندێکیشیان بەزۆر.

دەشێ هەمو ئەو برایەتییانەی کەدواتر گروپە ئایدیۆلۆژییەکان بانگەشەیان بۆ کردن، درێژبونەوەیەکی وێژەیی برایەتییەکەی یەسرب بن. بەڵام لێرەدا پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێ کەبرایەتییەکەی یەسرب لەبنەڕەتدا ئامانجەکەی بەرز راگرتنی فاکتەرە ئایدیۆلۆژییەکانی تایبەت بەپاکیو خاوێنیی بیروباوەڕو سڕینەوەی ئاسەواری جیاوازییەکان بوە.

پرۆسەکانی برایەتیی دوا بەدوای برایەتییەکەی یەسرب، ئەگەرچی رۆڵی فاکتەرە نامادییەکانیان نادیدە نەگرتوە، بەڵام تا پێیان کرابێ بایەخیان بەیەکپارچەیی بەرژەوەندییە مادییەکان داوە. هۆی ئەم دیاردەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئەم پرۆسانە لەهەلومەرجێکی جیاواز لەهەلومەرجی یەسرب یاخود لەنێو شارستانێتیی کشتوکاڵیدا یاخود لەژینگەی وادا هەڵکەوتون کە نەدەکرا رۆڵی زەوی وەك ئامرازی سەرەکیی بەرهەم هێنان لەچوارچێوەی دامەزراوەی دەرەبەگایەتیی رۆژهەڵاتیدا لەبەرچاو نەگیرێ.

بەمجۆرە، بیرۆکەی برایەتی وەك بیرۆکەیەکی رەسەنی ئیسلام دێتە بەر چاوو ئەوەی زیاتر رەسەنیی ئەم بیرۆکەیەی چەسپاندوە ئەوەیە کەدەقە پیرۆزەکانی قورئان جەختیان لەسەر بایەخەکەی کردۆتەوە. لەبارودۆخی پێکهێنانی برایەتییەکەی یەسرب، برایەتییەکە بەیەکجاری وەك برایەتییەکی ئابستراکت خۆی نواند کەفاکتەرە مادییەکان هیچ رۆڵێکیان تیدا نەبو. پرۆسەکە شێوەی رێکخستنی پەیوەندییەکانی لەسەر ئاستی تاك وەرگرت زیاتر لەوەی لەسەر ئاستی گشتیی وەربگرێ. بەڵام لەو گروپانەدا کەبانگەشەیان بۆ ژیانی بەکۆمەڵ کردوە، پێکەوە بەسترانی برایەتیی کۆمەڵایەتیو فاکتەرە ئابورییەکان شتێکی رونو ئاشکرایە. زۆرینەی ئەم گروپانە بۆچونیان وابو کەوازهێنانی مرۆڤ لەهەڵپەی بەدەستهێنانی سامان مەرجی سەرەکیی برایەتییەو بەبێ دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانو داهات، هیچ برایەتییەکی راستەقینە نایەتە دی. ئەمە هەمان بیرۆکەیە کەکۆمۆنیستەکان لەسەدەی نۆزدەهەمەوە بانگەشەی بۆ دەکەن کەگوایە پاش ئەوەی مرۆڤ واز لەهەڵپەی بەدەستهێنانی سامان دێنێ، برایەتیی راستەقینە پەیدا دەبێ.

بەپێی هەمان تێڕوانین، دەشێ بیروباوەڕی بارزانییەکان ئەوەی لێ هەڵبکرێندرێ کەسامانو زەویداری، مایەی دروست کردنی رقو کینەو لەم سەروبەندەدا رزگاربونی مرۆڤ لەهەڵپەی بەدەستهێنانی سامان تەباترو گونجاوتری دەکا. لەم چوارچێوەیەدا،

پەیوەندییەك لەنێوان هەژاریو پاكیدا دەردەكەوێ. لەم بیروباوەڕانەدا پرنسیپەكانی برایەتی پشت بەپرنسیپەكانی پاكیی نمونەیی دەبەستن. لەم نێوانەدا پەیوەندیی نێوان هەژاریو برایەتی لەپەیوەندیی نێوان دەوڵەمەندی وبرایەتی پتەوتر دەبێ. لێك ئالآنی چەمكی هەژاری كە لەبنەڕەتدا چەمكێكی ئابورییەو چەمكی برایەتی كە لەڕوی ئەركەوە رواڵەتێكی كۆمەلآیەتیی هەیە، رێ بۆ دامەزراندنی كۆمەڵگایەك كەكەمترین بڕی دابەشبونی چینایەتیی تێدایە، خۆش دەكا. ئەم بیرۆكەیە لێی دەوەشێتەوە بتوانێ ئەو فاكتەرانە دەستنیشان بكا كەبونە هۆی بلآوبونەوەی مەسیحایەتیو ئیسلام لەسەرەتای دەركەوتنیاندا لەنێو هەژارانو كۆیلەكاندا زیاتر لەبلآوبونەوەیان لەنێو چینە خۆشگوزەرانەكانداو بەهەمان پێودانگیش لێی رادەبینرێ بتوانێ ئەو فاكتەرانە دیاری بكا كە وایان كرد بیروباوەڕی تەكیەی بارزان هەوەڵ جار لەنێو هەژارانو لانەوازانو بێچارەكاندا بلآو ببێتەوە.

ئەو سەرچاوە نوسراوانەی كەباسی چۆنێتیی بلآوبونەوەی بیروباوەرەكانی تەكیەی بارزان دەكەن زۆر كەمن. لەم بوارەدا شێخایەتیی بارزان لەسەرەتای هەڵسوڕانیدا گەرایەكی كەمی داناو پاشان توانی پەرە بەو گەرایە بداو بەهۆیەوە بیروباوەڕی ئاینی خۆی بلآو بكاتەوە. كەمترین گومان لەوەدا نیە كەشێخەكانی بارزان لەسەرەتای دەركەوتنیاندا نەیانتوانیوە هێزی دامەزراوەی دەرەبەگایەتیی زێبار پشت گوێ بخەنو بۆشیان نەلواوە بەبێ سلكردنەوە لێكدانەوەو تێڕوانینی خۆیان دەربڕن. بەم واتایە، تەكیە بۆ خۆپاراستن لەهەر زەبرێك، بەوپەڕی وریایییەوە بیروباوەڕی خۆی بلآوكردۆتەوەو بۆ خۆی وای بەچاك زانیوە كەوەك كۆمەڵەیەكی نهێنی، زیاتر لەوەی وەك گروپێكی ئایدیۆلۆژیی جەماوەری، كار بكا، بەشێوەیەكی گشتی، ئەگەر بڕوانینە شێوەی كاركردنی رێكخراوەكانی فتووە كە لەژینگە جیاوازەكانی جیهانی ئیسلامدا دەركەوتنو بەرگی رێكخستنێكی كۆمەلآیەتی- ئاینییان لەخۆوە پێچاو زۆرینەی ئەندامەكانیان دەروێشو هەژار بون[١٧]، ئەو باوەڕە پەیدا دەكەین كەشێوەی كاركردنی بارزانییە بەراییەكان تاڕادەیەكی زۆر لەشێوەی كاركردنی ئەو رێكخراوانە دەچێ.

---

[١٧] راجر سێیڤری، ئێرانی سەردەمی سەفەوی، وەرگێڕانی سەلاحەددین ئاشتی، بنكەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٢٧٥.

بەجۆرە، هەمو ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی کەدەوروبەر سڵیان لێ دەکاتەوەو بەچاوی سوسەو گومانەوە سەیریان دەکاو تایبەتمەندییەکانیان بەئەندازەی پێویست لەگەڵ تایبەتمەندییە گشتییە باوەکاندا وێك نایەنەوە، هەوڵ جار گەرا لەنێو هەژارەکاندا دادەنێن. لەبارزاندا بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ لەسەردەمی شێخ عەبدولڕەحماندا لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دەستی پێ کرد. پێ رەش کەناوی خوازراوی لێکۆڵیار ئەیوب بارزانییە، باس لەوە دەکا کەکاتێك شێخ عەبدولڕەحمان یەکەم شانەی مریدی پێکهێنا ژمارەی ئەندامەکانی زۆر کەم بوون بەڵام ئامادەیی‌یەکی زۆریان بۆ تێگەیشتن‌و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکە تێدا بوو[18]. لەو رۆژگارەدا تەنها هەژارەکان بیروباوەڕەکەیان پەسند کرد. دیارە ئەمەش نیشانەیەکی تایبەتەو شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەپەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان بیروباوەڕەکەو بیرکردنەوەو بەرژەوەندیی لایەنگرەکاندا هەیە. تەنانەت لەناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی دامەزراوەی دەرەبەگایەتیی زێبارییەکانیش، تەنها هەژارەکان چونە پاڵ بارزانییەکانەوە. لەم بارەیەوە ئاکرێ نمونەیەکی زیندومان بۆ پێکدێنێ. بڵاوبونەوەی بیروباوەڕەکە لەئاکرێ کەشارێکە لەدەرەوەی دەسەڵاتی شێخایەتیی بارزان، واتایەکی تایبەتی هەیە چونکە لەوێدا بارزانییەکان تەنها لەگەڕەکی گورەڤا کەهەژارترین گەڕەکی شارەکەیە توانییان بیروباوەڕی خۆیان بڵاو بکەنەوە[19].

ئەندێشەی برایەتی کە لەسەر بنەمای ژیانی بەکۆمەڵ‌و پاکیزەیی‌ی کۆمەڵایەتی‌و نەمانی چەوسانەوەو جیاوازی دامەزراوە، وەك ئەندێشەیەکی فرە قەشەنگ‌و دڵگیر هاتۆتە بەرچاو، نەك هەر لەنێو جوتیارە لایەنگرەکانی بیروباوەڕی شێخایەتیی بارزان بەڵکو هەروەها، پێش ئەوان، لەنێو ریزی جوتیارانی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکانیش لەهەمو شوێنێکدا.

لەباشوری عیراقدا قرمتییەکان پێیان وابو ژیانی بەکۆمەڵ پێویستی بەدارایی‌یەکی گشتییەو لەم سەروبەندەدا چونە سەر ئەو باوەڕەی کە تا جیاوازییە چینایەتییەکان توندوتیژتر بن‌و تا چەوسانەوەی ئابوری سەختترو دژوارتر بێ، برایەتیی گشتی نایەتە دی.

[18] بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦- ١٩١٤، المصدر السابق، ص ٣٣.

[19] هەمان سەرچاوە، ل ٣٩.

لەسایەی سیستمێکدا کەپێی وتراوە سیستمی ((ئولفەت))، پەیوەندیی گشتی بۆ تۆکمەکردنی یەکڕیزیی کۆمەڵایەتیی یەکە کۆمەڵایەتی- ئابوری- سوپاییەکان سەقامگیر کرا. بەپشت بەستن بەراپۆرتێکی مەقریزی سەبارەت بەسیستمی ئولفەت، دەردەکەوێ کەئەم سیستمە دوو بناغەی هەبوە، یەکێکیان دارایی گشتییە بۆ مشورخواردنی هەژاران‌و ئەوی تر یەکسانییە لەخاوەنێتیی زەویدا[20].

لەئالموت خەفەبونی دابەشبونە چینایەتییە توندەکان بڵاوبونەوەی کەلتوری برایەتیی لێ کەوتەوەو لەئاکامی ئەمەدا ئیسماعیلییەکان کەوتنە بەکارهێنانی وشەی ((هاوڕێ)) بۆ بانگ کردنی یەکتری[21]. ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی وشە ئالموتییەکەی ((هاوڕێ)) هیچ جیاوازیی لەواتا ئایدیۆلۆژییەکەی وشەی ((هاوڕێ))ی گروپە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا نیە. لەم بوارەدا هەندێ ئاماژە هانمان دەدەن بچینە سەر ئەو باوەڕەی کەکەلتوری برایەتی، بەو شێوەیەی کە لەئالموت‌و لەشوێنەکانی تردا دەبینرێ، لەهەندێ قۆناغی مێژودا لەنێو کورددا باو بوە. ئەوەی ئەمە ساغ دەکاتەوە ئەوەیە کەدوو وشەکەی ((کاك))و ((برادەر)) لەزمانی بازاڕدا بۆ بانگ کردنی بێگانە بەکار دەهێنرێن. لەزمانی کوردیی مۆدێرندا وشەی ((کاك)) واتای برا دەدا، وشەی ((برادەر))یش واتای دۆست دەدا بەڵام ئەم وشەیە لەبنەڕەتدا بەمانای ((برا)) دێ‌و لەزمانی پەهلەویشدا بەشێوەی باراتار بەهەمان مانا دێ[22] و لەفارسیی تازەشدا تا ئەمڕۆ هەر ئەم مانایەی هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی، بیرۆکەی بونی پەیوەندییەك لەنێوان هەژاری‌و برایەتیدا کەلتوری برایەتیی هەژارەکانی لێ کەوتەوەو هەژاریی لەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەوە کردە دیاردەیەکی روحانی. کتێبەکانی کە لەبەر دەستی سۆفییەکاندا بون، فەرمودەیەکی پێغەمبەر موحەمەد دەگێڕنەوە کەوتویەتی ((هەژاری، شانازییەو من

[20] المقريزي، اتعاظ الحنفا، المصدر السابق، ص ١٥٧.

[21] دكتر فرهاد دفترى، تاريخ عقايد اسماعيليه، ص ٤٠٦.

[22] دكتر محمد معين، فرهنگ فارسى، جلد اول، مؤسسة انتشارات امير كبير، چاپ هيجدهم، تهران، ١٣٨٠ (٢٠٠٢)، ص ٤٩١.

شانازیی پێوە دەکەم))[٢٣]. تەنها بارزانییەکان نین کە لەبیروباوەڕی خۆیاندا بەهایان بۆ هەژاری دانا بێ‌و لەم ڕووەوە بارزانییەکان لەگەڵ چەندەها گرووپی دیکەدا هاوڕان. دەکرێ سەرنجی ئەوە بدرێ کەگرووپەکانی ئەهلی هەق مەیلێکی خۆڕسکیان بەلای بەرز ڕاگرتنی هەژاریدا هەیە. کاکڵەی بیرۆکەکەش ئەوەیە کەئەو ڕێییەی مرۆڤ بەخوا دەگەیەنێ بەنێو هەژاریدا تێدەپەڕێ، گوایە هەژارەکان بەشێوەیەکی خۆڕسك خاوێن‌و داوێن پاکن، بۆیە هەژارەکان لەدەوڵەمەندەکان زیاتر لەخواوە نزیکن. جگە لەمە، بیرۆکەیەکی تریش لەنێویاندا باوە کەتەواوکەری بیرۆکەی پێشووە، وای دەبینێ کەپاشاو سوڵتانەکان لەڕۆژی قیامەتدا بەسزای خۆیان دەگەن. ڕەنگە هۆی پەیدابونی ئەم بیرۆکەیە بچێتەوە سەر ئەوەی کەپەیڕەوانی ئەم گرووپە تا سەرەتای دەستپێکی سەدەی بیستەم لەچینە نزمەکان بون‌و زۆربەی هەرە زۆریشیان لەخێڵە ڕەوەندو دانیشتوانی گوندو خەڵکی گەڕەکە هەژارەکانی شارەکان‌و دەروێش بون‌و هیچ گرووپی دەوڵەمەند لەنێویاندا نەبوە[٢٤].

لەزمانی کوردیدا وشەی ((کاك)) بۆ برا بەکار دێ. ئەگەرچی زۆر ئەستەمە کاتێکی دیاریکراو بۆ پەیدابونی ئەم وشەیەو گوزارشت کردنی لەو مانایە دەستنیشان بکەین، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەوەیە کەمانای وشەکە پەیوەندیی بەبراییەوە هەیە. گرووپی کاکەیی، واتە گرووپە خۆماڵییەکەی ئەهلی هەقی کوردستانی عیراق، پەیوەندیی بەچەمکی برایەتی‌و چەمکی کۆمەڵگای داوێنپاك‌و هەرەوەزەوە هەیە. بۆچونی کاکەیی‌یەکان دەربارەی برایەتی بەپرنسیپە گشتییەکەوە بەستراوەتەوەو ئەمە دوراییەکی گشتی بەچەمکەکە دەبەخشێ کەتێیدا تەواوی پەیڕەوە کاکەیی‌یەکان لەچوارچێوەی ئایندا دەبنە خوشك‌و برای یەکتری. ئەمەش هاوشێوەی مەسیحایەتی‌و ئیسلامە کە لەهەردوکیاندا مەسیحییەکان‌و موسڵمانەکان هەر یەکێکیان لەچوارچێوەی ئاینی خۆیدا دەبنە خوشك‌و برای یەکتری. بەڵام لەکاکەییدا، برایەتییەکی تەنگەبەرتر لەنێوان ژن‌و پیاوێك یاخود لەنێوان چەند ژن‌و پیاوێکدا هەیە کەتێیدا ژن‌و پیاو بەپێی پەیمانێکی

٢٣ دکتر سید ضیاء الدین سجادی، مقدمه ای بر مبانی عرفان وتصوف، سازمان مطالعه وتدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)، چاپ دهم، تهران ١٣٨٣ (٢٠٠٥)، ص ٢٣.

[٢٤] دائرة المعارف الاسلامية، المجلد الثالث ص ١٠٣.

تایبەت وەك خوشك‌و برای یـەكتری هەڵسـوكەوت لەگـەڵ یەكتریـدا دەكـەن[٢٥]. دیـارە ئـەم پەیمانە دەشێ كاتی بێ یاخود بەتایبەت بۆ هەلومەرجێكی دیاریكراوی پەیوەندیی نێوان ژن‌و پیاو تەرخان كرابێ. بەڵام وشەی ((كاك)) كە بەناوی گروپی كاكـەییـەوە نوسـاوە، بەر لەوەی ببێ بەنیشانەی كاكەیی، لـەنێو چـەند گروپێكـی تـری ئـەهلی هەقـدا هـەبوە. لەنێو موشەعشەعییەكاندا، كەگروپێكی ئـەهلی هـەق‌و حـوكمڕانێی چـەندەها دەڤـەری كرماشان‌و لوڕستان‌و خۆزستـان‌و باشـوری عیراقیـان كـردوە، مایـەی سـەرنج راكێشـانە كەڕەزای دووەم لەبنەماڵەی سەید محەمەد نوربەخشی یـەكێ لەدامەزرێنـەرانی بیروبـاوەڕی ئەهلی هەق، لەنێو پەیڕەوەكانی‌و لەنوسـینەكانیاندا بـەناوی كاكـە رەدا ناسـراوەو بـەپێی هەنـدێ بەڵگـە هاوسـەردەمی سـەید محەمـەد موشەعشـەعی ناسـراو بـە شاخۆشـین بـوە. ئاشكراشە كـە لـەژێر كاریگـەریی شـێوەی ئاخـافتنی گروپـی دانیشـتوانی لـوڕو لـەكی ناوچـەكە، رەزا بۆتـە رەدا. لـەم روەوە بەڵگـەی رون لەسـەر ئـەوە هەیـە كـەگۆڕی نـاوبراو كەوتۆتە سەر رێـی نێـوان هـەردو شـاری خـورەم ئابـادو ئەلیشـتەر لەهـەرێمی لوڕسـتان لەئێران[٢٦].

چەمكی برایەتیی كاكەیی زۆر لەچەمكی برایەتیی ئیزیدییەكانەوە نزیكە كـە لەسـەر دوو ئەستوندەك دامـەزراوە، یەكێكیان كاری بەسەر پەیوەندیی ناوخۆیی‌یەوە هەیـەو ئـەوی تـر كـاری بەسـەر پەیوەنـدیی دەرەكییـەوە هەیـەو وردتـر تایبەتـە بەپەیوەنـدی لەگـەڵ موسڵمانانـدا. سەبارەت بەپەیوەندیی ناوخۆیی، هەر تـاكێكی ئێـزدی، پیـاو بـێ یـان ژن، برایەك یان خوشكێك لەچینی پیاوانی ئاین بۆ خـۆی هەڵدەبـژێرێ[٢٧]. ئەگـەر دەمانـەوێ سەرودەر لەهۆكانی پەنا بردنە بەر ئەم تەگبیرە دەركـەین، دەبـێ لـەوە بكۆڵینـەوە كـەئایا تەگبیرەكە چ سودێكی بۆ تۆكمەكردنی تەونی كۆمـەڵایەتی‌و سـەقامگیركردنی دەسـەڵاتی پیاوانی ئاین هەیە. لەپەیوەندیی دەرەكیدا، ئیزیدییەكان پێیان باشە پەیوەندییەك لەسـەر شـێوەی برایـەتی لـەنێوان خۆیـان‌و موسـڵمانەكاندا بێننـە دی كەزۆربـەی جـار لـەكاتی ئەنجامـدانی رێ‌و رەسمـی خەتەنەكردنـدا بەمەبەسـتی هێنانـە دیـی پەیوەندییـەكی

[٢٥] جون س. كيست، الحياة بين الاكراد: تاريخ الايزديين، ترجمة عماد جميل مزوري، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٥، ص ٩٤.

[٢٦] سیاوش دلفانی، تاریخ مشعشعیان (اهل حق)، بحر العلوم، قزوین ١٣٧٩، ص ١٨٣-١٨٥.

[٢٧] جون س. كيست، الحياة بين الاكراد: تاريخ الايزديين، المصدر السابق، ص ٩٤.

درێژخایــەنو نەپســاوەو بــەردەوام لەگــەڵ خێزانێکــدا لــەدەرەوەی چوارچــێوەی ئــاینی ئیزیدیاتی، سازی دەکەن. بەم برایەتییەش دەوترێ کریف[28].

لەلای دورزییەکان، وەك چۆن لەلای بارزانییەکان باوە، چەمکی برایەتی روخسارێکی فرە تونـدوتۆڵ وەردەگـرێو بنچـینەی ئەخلاقییانـەی هـەمو پەیوەندییـەکی کۆمـەڵا یـەتی پێکدێنێ. برایەتییەکە هەمو دورزییەك بەوە پابەنـد دەکـا کـەببێ بـەهاوکارو پشـتیوانی هــەر تــاکێکی گروپەکــە[29]. شایســتەی تێڕامانیشــە کەدورزییــەکان ناویــان لــەخۆ نــاوە ((ئیخوان)) واتە ((برایان))[30].

بەپێی بیروباوەڕی بارزانییەکان کەزۆربەی هەرە زۆریـان هـەژار بـون، هـەژاری مایـەی بەخشینی بڕێکی فراوانی تـەوژمی روحانییـە بـەمرۆڤ، بـەکاراکردنو بەگەڕخسـتنی ئـەو تەوژمی روحانییە، هەژارەکان لەسۆنگەی بوێریو دلاوەرییانەوە، کەشێکی پـڕ ئـەنگێزەی جۆشدراویان ئافراندو ئامـادەبونێکی لـەبن نـەهاتویان بـۆ بەرپەرچدانەوەی دامـەزراوەی دەرەبەگایەتی نیشاندا. ئەمە چ هەر لەسەرەتاوە نەخشەی بۆ کێشـرا بـێ چ دەرهاوێشـتەی رەوتی روداوەکان بووبێ، وای لەتەکیە کرد بـەدڵی پـەیڕەوەکانی هەڵبسـوڕێو هەیبـەتێك بـۆ ئەزمونـە مێـژوویی‌یەکـە پەیـدا بکـاو لەچوارچـێوەیەکی دیـاریکراودا سـەرکەوتنێك بـەقازانجی پـەیڕەوە هـەژارەکانی خـۆی بەدەسـت بێنـێ. رێزگـرتن لەهـەژاران لەبنەڕەتـدا بیرۆکەیەکی مەسیحییەو ئیسلام لەوی وەرگرتوە.

ئایەتــەکانی ئینجیــل وێنایــەکی رۆشــنی هەڵوێســتی مەســیحایەتی بەرامبــەر بەدەوڵەمەنــدانو کەڵەکــەکردنی ســامان نیشــان دەدەن. بــەپێی ئایــەتی ١٩ی بەشــی شەشەمی ئینجیلی مەتتا، فەرمانی ((هیچ گەنجینەو سامانێك بۆ خۆتان لەسـەر زەمـین پاشەکەوت مەکەن))[31] پێویستی بەهیچ لێکدانەوەیەك نیە. بەهەمان پێـودانگ، ئایـەتی ٢٤ی هـەمان بـەش کـەدەڵێ ((نـاتوانن هـەم خـوا بپەرسـتن هـەم پـارە))[32] بەڕاشـکاوی

---

[28] الدكتور خلف الجراد، اليزيدية واليزيديون، المصدر السابق، ص ١٣٠.
[29] الدكتور مصطفى غالب، الحركات الباطنية في الاسلام، المصدر السابق، ص ٢٥٩.
[30] الدكتور حسن امين البعيني، دروز سوريا ولبنان في عهد الانتداب الفرنسي ١٩٢٠-١٩٤٣، المركز العربي للابحاث والتوثيق، بيروت، ١٩٩٣، ص ٢٤.
[31] الكتاب المقدس، العهد الجديد، انجيل متى، دار المشرق، بيروت، ١٩٨٣، ص ١٠.
[32] هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

نیشانی دەدا کەخواپەرستیو کۆکردنەوەی سامان پێکەوە هەڵناکەن. بەپێی ئایەتی ٣٥ی بەشی نۆزدەهەمیش، مەسیحایەتی واوەتـر دەڕواو لـەم سـەروبەندەدا مەسـیح داوا لـەلاوە دەوڵەمەندەکە دەکا تەواوی ماڵکی خۆی بفرۆشێو پارەکەی بەسەر هەژاراندا دابـەش بکـا. ئـەو دەقـە پـیرۆزەی کـەدەڵێ "ئەسـتەمە دەوڵەمەنـد بچـێتە مەلـەکوتی ئاسمانـەوە"[٣٣] مانایـەکی وای لێ هەڵدەکرێنرێ کـەرێی گەیشـتن بـەخوا بەهەژاریـدا تێدەپـەرێو ژیـانی خـۆشو بـاوەڕی راسـتەقینە لەگـەڵ یەکتریـدا هەڵناکـەن. ئـەم بیرۆکەیـە بـەم ناوەڕۆکـەوە گواسترایەوە بۆ ناو ئیسلامو لەم رووەوە دەتوانین وای دانێین کەئایەتی ٢٤ی سورەتی تۆبە رەنگدانـەوەی ئایەتـە ناوبراوەکـانی ئینجیلـە، ئـەویش لـەو تێڕوانینـەوە کـە لەکاتێکـدا ئینجیـل داوا لەدەوڵەمەنـدەکان دەکـا واز لـەداراییو سـامانی خۆیـان بێـنن، قورئـان بانگەشە بۆ ئەوە دەکا کە "ئەوانەی زێڕو زیو پاشەکەوت دەکەن" بۆیان نالوێ بچـنە نـاو مەلـەکوتی خـواوە. لەهـەردو ئاینـدا بەبانگـەواز داوا لەدەوڵەمەنـدەکان کـراوە دارایـیو سامان لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە. دواتر، پاش ئـەوەی ئاسـتەنگ هاتـە سـەر رێـی جێبـەجێ کـردن، ئیسـلام بەبیرۆکەکـەدا چـۆوەو نیشـانی دا کەپێکـەوە هـەڵکردنی ژیـانی خـۆشو باوەڕی راستەقینە شتێکی گونجـاوەو ئەگـەر دەوڵەمەنـدەکان زەکـات بـدەن، واتـە ئەگـەر رێـژەی ٢,٥٪ی لێ دەرکـەنو بیـدەن بەهـەژاران، سـامانەکەیان خـاوێن دەبێتـەوە. ئـەم بیرۆکەیە کاتێـك لەگـەڵ بیرۆکـە مەسـیحییەکەدا بـەراورد دەکـرێ، کـەم رادیکـالتر بـەلاَم بەکردەوە میانڕەوترو گونجاوتر لەگەڵ بەرژەوەنـدیی دەوڵەمەنـدانو هـەژاران دا دێتـە بـەر چاو. ئیسلام تەنانەت پاش ئەوەش کەزەکات جێـی قەدەغـەکردنی کۆکردنـەوەی سـامانی گرتەوە، بەناوەڕۆك ئەنگێزە سۆفیگەرییە سەرەتاییـەکانی خـۆی پاراسـتو پێـی لەسـەر ئەوە داگرت کەتێنو تاوی باوەڕ لەلای هەژاران سەقامگیرترە تا لەلای دەوڵەمەندان.

وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانەی تەکیەی بارزان زۆر لەئەنگێزە سـۆفییەکانی قۆنـاغی سەرەتای دەستپێکی ئیسـلامەوە نـزیکن. لـەم تێڕوانینـەوە، پەیوەنـدیی نێـوان هـەژاریو باوەڕ هەمیشـە لەپەیوەنـدیی نێـوان دەوڵەمەنـدیو بـاوەڕ بـەهێزترە. دیـارە لـەم بـوارەدا مـەیلێکی بەئەنقەسـت بـۆ هێشـتنەوەی نیشـانەکانی هـەژاری وەك یـەکێ لـەگرنگترین مەرجەکانی باوەڕو بەڵگەی خاوێنیی روحانی هەیە. بەپێی ئەم تێڕوانینەو بەو جـۆرەی کـە

[٣٣] هەمان سەرچاوە، ل ٣٥.

لەگەڵ ئەنگێزەی سۆفیگەریدا دەگونجێ‌و ئاسەواری روخساری دنیایی لەسەر ژیانی روحانیی کەم دەکاتەوە، شێخ عەبدولسەلامی یەکەم (کە لەساڵی ١٨٦٥ ـەوە تا ساڵی ١٨٨٤ شێخایەتییەکەی بەڕێوە بردووە) نانی گەنمی نەدەخوارد چونکە ئەو نانەی بەخواردنی دەوڵەمەندان دەزانی‌و پێی وابو لاسایی کردنەوەی دەوڵەمەندان لەخواردندا کارێکە لەکەسێکی وەکو ئەو ناوەشێتەوە. عەبدولسەلام تەنها بەوە دانەکەوت بەڵکو ئەوەشی لەخۆی قەدەغە کرد کە لەسەر دۆشەکی نەرم بخەوێ‌و لەکۆشکدا بژی‌و نەشیهێشت دوو ژنەکەی زێڕو خشڵ بکرن[٣٤]. لەچوارچێوەی تێگەیشتنی سۆفیگەرانەدا، هەڵسوکەوتی عەبدولسەلام بەشتێکی سەیر ناژمێردرێ‌و ئەم هەڵسوکەوتەی تاڕادەیەکی زۆر لەهەڵسوکەوتی گروپە قبتییە سۆفیگەرەکانی سەرەتای سەدەی یەکەمی زایینی دەچێ کەئەندامەکانیان بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە وازیان لەدارایی‌و سامانی خۆیان هێنا، رویان کردە چۆڵەوانی، دەستیان بەخواپەرستی کردو خواردنیان تەنها نان‌و ئاو بوو[٣٥]. بارزانییەکان تەنها بەمە دانەکەوتن، چونکە چەند زاهیدێکیان لەنێودا پەیدا بوو کەتەنهاو تەنها روەکیان دەخواردو تەنانەت لەخواردنی روەکیش زێدەڕۆیی‌یان دەکرد چونکە لەنێو روەکدا تەنها ئەوەیان دەخوارد کەخۆڕسك بوو، واتە ئەو روەکەیان نەدەخوارد کەمرۆڤ بەکشتوکاڵ بەرهەمی هێناوە بەڵکو تەنها ئەوەیان دەخوارد کەسروشت هێناویەتییە دی[٣٦].

بەم واتایە، دەکرێ وا دابندرێ کەبیروباوەڕی بارزانی لەبنەڕەتدا فەلسەفەی هەژارانە. بەڵام وشەی "هەژار" تەنها واتا ماددییەکە ناگرێتەوە کەپەیوەندیی بەکەمیی بڕی داهاتی ماددییەوە هەیە، بەڵکو واتا سۆفیگەرییەکەش دەگرێتەوە کەجەخت دەکاتە سەر پێویستیی ناسینی خواو بانگەشەکردن بۆ هەژاریی مرۆڤ هەرچەند دەوڵەمەندیش بێ چونکە مرۆڤ چەندی هەبێ هەر ناگاتە ئەوەی کەخوا هەیەتی. بەتەنیشت وشەی هەژارەوە دو وشەی تر هەن کە تاڕادەیەك هەر ئەو مانایە دەدەن‌و پەیوەندیشیان بەفەلسەفەی هەژارییەوە هەیە، ئەم دو وشەیەش بریتین لە "دەروێش"و "قەلەندەر". وشەی یەکەم

---

[٣٤] بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦-١٩١٤، المصدر السابق، ص ٣٧.
[٣٥] احمد عثمان، الاصول المصرية في اليهودية والمسيحية، مكتبة الشروق، القاهرة، ١٩٩٩، ص ١٦١.
[٣٦] بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦-١٩١٤، ص ٥٧.

هاوتــای وشــەی ســۆفییە بــەڵام پەیوەندیشــی بەســواڵکردنەوە هەیــە کەدیاردەیەکــە بەهەژارییەوە نوساوە. بەڵام مانای روحانییەکەی وشەی ((دەروێش)) پەیوەندیی بەسواڵو گــەدایی‌یــەوە نیــە، بــەڵکو پەیوەنــدیی بەدۆزینــەوەی راســتیی رەهــاوە هەیــە کەگــەڕانو لێوردبونــەوەی دەوێ. قەڵەنــدەریش بــەمانای ((هــەژاری گــەڕۆك)) یــاخود ((هــەژاری سواڵکەر)) دێو لەشێوەزاری کوردی هــەولێرو دهۆکــدا بــەمانای ((بەســتەزمان)) دێ، واتــە ئــەو کەســەی کەخــەڵکی بــەزەیی‌یــان پێــدا دێتــەوە. بــەپێی مــەقریزی، گروپــی قەڵەندەرەکان بـۆ یەکـەم جـار لەدیمەشـق لەسـاڵی ١٢١٣ دەرکـەوتوە[٣٧] . بـەڵام بنـەڕەتی وشەکە کەبنەڕەتێکی عەرەبی نیە، رونـی دەکاتـەوە کەقەڵەنـدەرەکان پـێش ئـەو رێکەوتـە هــەبون کەمــەقریزی دیــاریی کــردوە. جیــاوازیی نێــوان قەڵەنــدەرو هــەژار لــەوە دایــە کەقەڵەندەرەکان بەئەنقەست جەستەی خۆیان ئازار دەداو وا تێدەگەیشـتن کـەدەبێ جەسـتە ملکەچــی روح بــێو لــەم ســەروبەندەدا ســەرو ریشــیان دەتاشــیو هــەرگیز سێکســیان نەدەکرد[٣٨]. لەنێو گروپە ئاینییەکانـدا، لقـی حەمەسـوریی هەقـە زۆر لەقەڵەندەرەکانـەوە نزیکە چونکە حەمەسورییەکان دژی زاوزێ بون.

لەدوا شیکردنەوەدا، بزوتنەوەی بارزانی ئامرازی خـەباتی جوتیـارانو راپەڕینـەکانیان بوو لەدژی دامـەزراوەی دەرەبەگایەتی. ئەم بزوتنەوەیە پێکهاتەی کۆمـەڵایـەتی- ئـابوری- سوپایی‌ی نـوێو لـەڕوی ئاینییــەوە بیروبـاوەڕی وای لێ کەوتـەوە کەبانگهێشـتی بـۆ دادی نمونەیی دەکردو لەناواخندا چـەردەیەك نـۆڕینی ئایدیالیسـتیو سیسـتمێکی تونـدوتۆڵی ئاکارو چەندین بەهای کۆمەڵایەتیی تایبەت بەیەکسانیو کاری هەرەوەزی پێشنیار کـرد. ئــەم بیروباوەڕانــە پــێش بزوتنــەوەی بــارزانی لەچــەندان بزوتنــەوەی تــر دەرکــەوتبون وەك بزوتنەوەی ئەخیات (کە لەوشەی "اخ"ی عەرەبییەوە وەرگیراوە) کەدەوڵەتی عوسمانیی لێ کەوتەوە. لەڕوی ریشەی ئایدیۆلۆژیایی‌یـەوە بزوتنـەوەی ئـەخیات پشـت ئەسـتور بـوو بـە کەلتوری برایەتیو بەرز راگرتنی پێگەی هەژارانو بـەدی هێنـانی دادی نمونـەیی. بـەپێی مێــژونوس روس نیکــۆلای ئیفــانۆڤ، دەوڵــەتی عوســمانی زادەی ســەرکەوتنی راپەڕینــە جەماوەرییــــەکانی بزوتنــــەوەی ئەخیاتــــە کەئامانجەکــــەیان بەرهەڵســــتی کردنــــی

[٣٧] سبنسر ترمنجهام، الفرق الصوفية في الاسلام، ترجمة الدكتور عبدالقادر البحراوي، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٩٧، ص ٣٩٨.

[٣٨] هەمان سەرچاوە، ل ٣٩٩.

ئۆرۆستۆکراسیی بیزانس‌و زەویدارە گەورەکانی ئەناتۆلیا بوو. بیروباوەڕی عوسمانییە بەرایی‌یەکان چەردەیەك نۆڕینی ئایدیالیستیی یۆتۆبیایی دەربارەی وەکیەکی‌و پشتگیری کردنی ئازادی‌و فریاکەوتنی لێقەوماوان‌و رەتکردنەوەی پەیوەندییەکانی سێرفداری‌و کۆیلایەتیی نێوان جوتیاران‌و زەویدارانی تێدا بەدی دەکرێ. لەو رۆژگارەدا وەها دەهاتە پێش چاو کەئەو بێ بەزەیی‌و دڵڕەقییەی کە لەڕێسا پەیڕەوکراوەکانی کارگێڕانی عوسمانییە بەرایی‌یەکاندا هەیە، لەو بێ بەزەیی‌و دڵڕەقییە کەمترە کە لەسیستمەکانی بیزانتەکان‌و سەفەوییەکانی ئێران‌و مەمالیکی میسردا هەیە[39]. لێرەدا خاڵی شایستەی تێڕامان‌و بایەخدان ئەوەیە کەپێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەژێر کاریگەری‌و تین‌و تاوی چەند بزاڤێکی ئاینیی دیاریکراو بوون. لەم چوارچێوەیەدا تێبینیی ئەوە دەکەین کەئایدیۆلۆژیای ئیسلامگەرای عوسمانییەکان بەشێوەیەکی بنچینەیی پشت ئەستور بوو بەتیمە سۆفیگەرو دەروێشەکان‌و وردتر پشت ئەستور بوو بەتەریقەتی بەکتاشی[40]. ئەوەی دەربارەی ئەم تەریقەتە زانراوە ئەوەیە کەجوڵانەوەیەکە لەبزوتنەوەی بابایی جیا بۆتەوە کەئەویش بەنۆرەی خۆی لەسەر دەستی بابا ئیسحاق پەلی هاوێشتۆتە کوردستانی باکورو بیروباوەڕەکەشی تێکەڵە بووە لەبیروباوەڕی ئیسماعیلی‌و سۆفیگەری‌و پشت ئەستوریش بووە بەسیستمێکی ئاکار کەبناغەکەی دادی کۆمەڵایەتی‌و یەکسانیی یۆتۆبیایی بووە.

بەهۆی دوو مەسەلەوە، یەکێکیان تایبەتە بەهەڵوێست بەرامبەر بەئافرەت‌و ئەوی تر تایبەتە بەهەڵوێست بەرامبەر بەکەمینە ئاینییەکان‌و وردتر بەرامبەر بەمەسیحییەکان‌و جولەکە، تێگەیشتنی چوارچێوەی گشتیی سۆسیۆلۆژیای پەیوەندییەکان لەلای بارزانییەکان بەشێوەیەکی باشتر بەڕێوە دەچێ. بەپێچەوانەی هەمو دراوسێکانییەوە، شێخایەتیی بارزان رێزێکی زۆری لەئافرەت گرت‌و لەبەشێکی ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی عەبدولسەلامی دووەمدا هەوڵ درا رێ لەزەوتکردنی مافی ئافرەتان بگیرێ. ئەگەرچی ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لەمەسەلەی ژناندا خۆیان لەقەرەی یەکسانیی ژن‌و پیاو نەداو لەچوارچێوەی کۆنەپارێزی نەترازان‌و زیاتر جەختیان کردە سەر

---

[39] نیقولای ایفانوف، الفتح العثماني للاقطار العربية ١٥١٦-١٥٧٤، ترجمة يوسف عطا الله، الطبعة الثانية، دار الفارابي، بيروت، ٢٠٠٤، ص ١٨.

[40] هەمان سەرچاوە، پێشەکییەکە کەدکتور مەسعود زاهیر نوسیویەتی، ل ٣٨.

ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە ناوخۆیی‌یەکان بەجۆرێك کەبڕی پەیوەندیی زۆردارەکی کەم بکەنەوەو چانسی  پەیوەندیی ئارەزومەندانە زیاتر بکەن، بەڵام ئەمە بەس بوو بۆ تۆمەتبارکردنی بارزانییەکان بەوەی کە لەسنوری داب‌و نەریتی دێرین هاتونەتە دەرێ. بارزانییەکان لەهەمو ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانیاندا گیانی کۆنەپارێزییان پاراست‌و بەوردی لەوە گەیشتن کەپەیوەندییەکی پتەو لەنێوان ملکەچیی ئارەزومەندانەو تۆکمەیی‌ی تەونی کۆمەڵایەتیدا هەیە. لەڕوانگەی بارزانییەکانەوە، پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی سنورێکی هەیە نابێ ببەزێنرێ چونکە ئەمە بەها دێرینەکان هەڵدەتەکێنێ. لەکۆمەڵێکدا کەهێشتا مانای پەرەسەندن تێنەگەیشتبو، شتێکی ئەوپەڕی دژە باو بوو کەشێخ محەمەد بارزانی لەڕۆژانی سێشەممەو هەینی‌دا لەتەکیە وانە بەژن‌و پیاو بڵێتەوە[٤١].

ئەگەر بەتەرازوی ئەم سەردەمەی خۆمان ئەم دەستپێشخەرییە بکێشین، دەستپێشخەرییەکە وەك شتێکی زۆر ئاسایی دێتە بەر چاو، بەڵام بەپێوانەکانی ئەو سەردەمە مەسەلەکە بەو چاویلکەیە سەیر نەدەکرا.

ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی بارزانییەکان سەبارەت بەئافرەت‌و ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی دروزدا بکەین، دەردەکەوێ کەئاستی ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی بارزانییەکان زۆر نزمە. بارزانییەکان پارێزگارتر دێنە بەرچاو چونکە لەم بوارەدا شتێکی وایان نەنواند ببێ بەقورمشی بەگەڕخستنی کۆمەڵ‌و بۆ پێشەوە بردنی. ئاشکرایە کە لەنێو دروزدا پیاو لەژنێك زیاتر ناهێنێ‌و تەڵاقیش نیمچە قەدەغەکراوە[٤٢]. ئەمەش گوزارشت لەسروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکا لەبنەڕەتدا رەنگدانەوەی هەوڵدانە بۆ دابین کردنی بڕێکی زۆرتری یەکسانی لەنێوان ژنان‌و پیاواندا. دیارە ئەمەش لەنێو بارزانییەکاندا نابینرێ.

هەقەکانیش لەبارزانییەکان کەم پارێزگارتر نین. لەم روەوە سەرنج دراوە کەپێداگرتن لەسەر کەلەپوری کلاسیکیی ئیسلام سەبارەت بەشوێنی ئافرەت لەکۆمەڵدا، دیاردەیەکی هاوبەشە. بەڵام هەقەکان وەك بارزانییەکان، دەستیان هەبو لەداهێنانی هەندێ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای بەشداری کردنی ژن شانبەشانی پیاو

---

[٤١] بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦-١٩١٤، المصدر السابق، ص ٤٤.
[٤٢] امجد عزام، الموحدون الدروز بين الخطأ والصواب، المصدر السابق، ص ٩٨.

لەبەرهەمهێنانی کشتوکاڵدا. ئەگەرچی ئەمە بەگشتی نەگەیشتە رادەی سەلماندنی مـافی ژنان لەبەدەستهێنانی ئابوریی سەربەخۆدا، بەڵام سـەلماندنی شـەریکایەتیی کۆمـەڵایـەتی لەبارودۆخێکدا کەبیرکردنەوەی پارێزگارانە تێیدا نەیدەتوانی واوەتر بـڕوا، خـۆی لەخۆیـدا بەهەنگاوێکی پۆزەتیڤ دەژمێردرێ. مایەی تێڕامانیشە کەشێخەکانی هەقە هیچ سـڵیان لەوە نەکردۆتەوە کەکچی خۆیان بدەن بەخەڵکانی رەشۆکی[43] . ئەمە بەو واتایە دێ کەئـەم رابەرە روحانییانە بانگەشەیان بۆ هیچ رژێمێکی چینایەتی نەکردوەو ویستویانە دامێنـی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییـەکان بـەرینتر بکـەن‌و لـەم رووەوە جیاوازییـە چـینایەتییەکانیان بەجیاوازیی لاوەکـی زانیـوە. لەئەنجامـدا، ئـەم سیاسـەتەی شـێخەکانی هەقـە پەیوەنـدیی بـەردەوام‌و جـێگیرو دۆسـتانەی لەگـەڵ پەیڕەوەکانـدا لێ کەوتـەوە. بـەڵام پەیوەندییـە کۆمـەڵایەتییەکان، نە لەلای هەقەکان تێکەڵ بـەمیتۆلۆژیا بـوو نـە لـەلای بارزانییـەکان. پێکهاتە روحانییەکانی هەقەو بارزانییەکان هیچ دوراییەکی ئەفسانەیی‌یان نیـە. ئەمـە کاکەیی‌یەکان ناگرێتەوە کەپێکهاتە روحانییەکانیان برێکـی زۆر دوراییـی ئەفسـانەیی‌ی تێدا بەدی دەکرێ. لەکوردستانی عیراقدا هیچ گروپێکی ئاینی لەدەوڵەمەنـدیی لایـەنیی ئەفسانەیی‌ی بیروباوەڕەکاندا، تەنانەت سـەبارەت بەلایەنـەکانی تایبـەت بەسۆسـیۆلۆژیای پەیوەندییەکانیش، شان لەشانی کاکەیی‌یەکان نادا.

لەلای کاکەیی‌یەکان، بەو جۆرەی کە لەنێو مەسیحییەکاندا باوە، رێزگرتن لـەئافرەت تێکـەڵ بـەمیتۆلۆژیا دەبـێ. لـەبیروباوەڕی یارسـاندا، بەرامبـەر بەمریـەمی پـاکیزەی مەسیحایەتی، جەلالە خانم هەیە. وەك چۆن لەدایکبونی مەسیح لەمریەمی پاکیزە بـەبێ باوك بەکارێکی بان سروشتی دادەنرێ، لەدایکبونی مبارەك شا، ناسراو بەشـا خۆشـینی لوڕستانی بەبێ باوك لەجەلالە خانمی کچی میرزا ئامانی حـوکمڕانی هـەرێمی لوڕسـتان لەئێران لەساڵی ١٠١٥ دا بەکارێکی بـان سروشـتی دادەنـرێ. بێگومـان ئـەم دو روداوە کەبەدو روداوی بان سروشتی دەژمێردرێن، بونە هۆی بوختان دروسـت کـردن بـۆ هـەردو خانم. بەڵام بـاوەڕی پـەیڕەوەکان بـەڕەهایی‌ی مـوعجیزە، چەشـنە پیرۆزییـەکی نـەك هـەر بەمنـاڵە تازە لەدایکبوەکە بەخشی، بەڵکو بەدایکیشی. لەم جـۆرە روداوانـەدا کـە لەگـەڵ یاساکانی سروشتدا وێك نایەنەوە، گومان خستنە پاڵ پاکیزەیی‌ی دایکـەوە، لەڕوانگـەی

[43] رەئوف محەمەد زوهدی، بۆ لەهەقە کەوتنە تەقە، سەرچاوەی پێشو، ل ١٠٦.

پەیڕەوەکانەوە وەك گومڕایی‌و دەرچون لەچوارچێوەی گشتیی بیروباوەڕە باوەکان وایە. ئیدی لەبری سەرکۆنەو سەرزەنشت کردن، ژنەکە دەبێ بەنمونەی بەرجەستەکردنی خاوێنیی روحانیەت‌و توانای خوا. بەپێچەوانەی مەسیحەوە کە لەمەسیحایەتی‌و ئیسلامدا بەروحی خوا دەژمێردرێ، شا خۆشین لەروحی خوا پەیدا نەبووە بەڵکو لەتیشکی خۆر پەیدا بوە کەدزەی کردۆتە ناو سکی جەلالە خانمەوە[٤٤]، دەقە پیرۆزەکانی یارسان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەپاش ئەوەی شا خۆشین گەیشتە تەمەنی سی‌و دو ساڵییەوە روحی خوا چوە ناو لەشییەوە[٤٥]. ئیتر وەك چۆن مەسیحی بێ باوك رابەرایەتیی پەیڕەوە باوەڕدارەکانی کرد، شا خوشینیش بەهەمان شێوە وەك رابەرێکی روحانی، رابەرایەتیی پەیڕەوەکانی خۆی کرد.

بەپێی سەرەنجام کەکتێبی پیرۆزی یارسانەکانە، ژنهێنان ئەرکێکی ئاینییە. بەڵام دامەزراوەی هاوسەرگیری، بەهەمان شێوەی لای بارزانییەکان، پەیوەندیی زۆردارەکیی تێدا نیە. یارسانەکان زۆر بەلای فرە ژنیدا ناچن بەڵام قەدەغەشی ناکەن‌و ئەگەر ژنێك نەزۆك بوو، مێردەکەی مافی ژنهێنانی تری دەبێ بەمەرجێك ژنەکە رازی بێ مێردی ژنی بەسەردا بێنێ[٤٦].

سەبارەت بەکەمینە ئاینییەکان‌و وردتر مەسیحی‌و جولەکە، بیروباوەڕی بارزانی شتێکی وای دەرنەبڕیوە ببێ بەمایەی تۆمەتبارکردنی بەدەمارگیریی ئاینی‌و لەم بوارەدا شێخایەتیی بارزان پاکانەی بۆ هیچ دوژمنایەتی کردنێکی کەمینە ناموسڵمانەکان نەکردوە. لەم روەوە بارزان بێوەی‌و بێ زیان خۆی نواندو زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو کەپەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ کەمینەکاندا هەبێ. وردبونەوە لەرەفتاری تەکیەی بارزان دەریدەخا کەتیۆریی دەوڵەمەندیی روحانیی ئیسلام‌و کرچ‌و کاڵی‌و پوکانەوەی مەسیحایەتی‌و جولەکایەتی لەروی روحییەوە، پانتاییەکی فراوانی بایەخ‌و بیرکردنەوەی شێخایەتییەکەی داگیر نەکردوەو ئەم مەسەلەیە وەك مەسەلەیەکی لاوەکی تەماشا کراوە.

---

[٤٤] ئەیوب رۆستەم، یارسان لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی- دینی سەبارەت بەکاکەیی، سەرچاوەی پێشو، ل ٩٧.

[٤٥] هەمان سەرچاوە، ل ٩٨.

[٤٦] سەدیق بۆرەکەیی، کاکەیی‌یەکان‌و رێ‌و رچەکەیان، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٤٢-٤٣.

بەشێوەیەکی گشتی، کورد لێبوردنێکی شایستەی ڕێزلێنانی بەرامبەر بەمەسیحیو جولەکە نواندووەو لەڕەفتاری گشتیدا شتێکی وای دەرنەبڕیوە گەفو هەڕەشەی بۆ سەر کەمینە ئاینییەکان تێدا بێ. لەم سەروبەندەدا تێبینی ئەوە دەکرێ کەهەمو بیروباوەڕو ئەندێشە سۆفیگەرییەکان ململانێیان لەگەڵ مەسیحییەکانو جولەکەدا نەکردووەو بەشایستەیان نەزانیوە کە رکەبەریی ئایدیۆلۆژییان لەگەڵدا بکەن، ئەگەرچی لەلێکدانەوەی دەقە پیرۆزەکانو تێڕوانینە ئاینییەکانو هەڵسوکەوتی گشتیدا لەگەڵیاندا یەکدەنگ نەبون. لێرەدا خاڵی شیاوی تێڕامان ئەوەیە کەشێخە بەرایی‌یەکانی بارزان، لەنێو هەمو گوندەکانی ناوچەکەدا، بارزانیان بۆ لێ نیشتەجێبون هەڵبژارد، گوندێك کە بەتەنیشت موسڵمانەوە، مەسیحیو جولەکەی لێ بوو و ژمارەی جولەکەش تێیدا لەسەرجەمی ژمارەی مەسیحیو موسڵمان زیاتر بوو[٤٧] (بڕوانە: بارزانو بارزانییەکان). هۆی هەڵبژاردنی بارزان بۆ نیشتەجێبون تێیدا تا ئێستا رون نیە. بەڵام بیر بۆ ئەوە دەچێ کەئەم گوندە بەخۆڕایی هەڵنەبژێردراوەو شێخە بەرایی‌یەکان لەو سۆنگەیەوە هەڵیانبژاردووە کەزیاتر بەکەڵکی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕیان هاتوەو بۆ جێگیرکردنی رابەرایەتیی ئاینی خۆیان کەڵکی هەبوە.

لەکاتی سەرهەڵدانی گرژییەکەی نێوان شێخ عەبدولسەلامی دووەمو کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانیدا، هانا بردنی شێخی بارزان بۆ مەسیحییەکان گوزارشت لەتۆکمەیی‌ی پەیوەندیی دۆستایەتیی نێوانیان دەکا. هانا بردنی دواتری بۆ روسەکان، دوژمنی خوێنەخۆیی عوسمانییەکان، نیشانی دەدا کەشێخ بەخراپی نەزانیوە هاوکاریی دەوڵەتێك بکا کە لەلای موسڵمانان بەنوێنەری توندڕەوترین مەزهەبی مەسیحایەتی ناسرا بوو.

بەڵام ساڵانی پاشتر گرژییەك کەوتە نێو پەیوەندیی بارزانییەکان لەگەڵ مەسیحییەکاندا، بەتایبەتی پاش دەرکەوتنی ئینگلیز لەویلایەتی موسل لەساڵی ١٩١٨ بەدواوە، پێشهاتێك هەلومەرجێکی وای لەگەڵ خۆیدا هێنایە کایەوە کەکورد تێیدا وای لێکدایەوە کەمەسیحییەکان بونەتە پشتو پەنای ئینگلیزەکانو لەگەڵ سیاسەتەکەیاندا هاوتەگبیرو هاوڕان. لەگۆشە نیگای بەرژەوەندیی ئاینەوە، شێخ ئەحمەدی رابەری ئاینیی بارزانییەکان گرژییەکانی لەگەڵ نەیارە دێرینەکانی لەخێڵی زێبار خاوکردەوەو هێزێکی

---

[٤٧] بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦-١٩١٤، المصدر السابق، ص ٢٤.

بەسەرکردایەیتی محەمەد سدیق بۆ پشتگیری کردنیان لەشەڕدا لەدژی ئینگلیز نارد. لەشەڕی ساڵی ١٩١٩ی بیرا کەپرەدا زێبارییەکانو بارزانییەکان پێکەوە لەگەڵ هێزەکانی بریتانیا بەشەڕ هاتنو زۆری نەبرد دەستیان بەسەر بیرا کەپرەو ئاکرێدا گرت[٤٨]. پاشتر، بڵاوبونەوەی واتەواتی ئەوەی کەگوایە ئینگلیزەکان دەیانەوێ ئاشورییەکان لەگوندە بارزانییەکاندا نیشتەجێ بکەن، بارزانییەکانی وروژاندو لەم کەینو بەینەدا بارزانییەکان لەنیازو مەبەستی ئاشورییەکان بەگومان کەوتن (بڕوانە: ساڵانی تاراوگە).

---

[٤٨] الدكتور فرست مرعي، انتفاضة بهدينان الكردية ضد الاستعمار البريطاني سنة ١٩١٩، مؤسسة بانكى حق للنشر، انقرة، ٢٠٠٦، ص ٨٠-٨٢.

## تەوەری دووەم

# چەمکی میللەت

بارزانییەکان لەڕەوتی خۆناساندندا وەك گروپێکی جیاوازو جیا لەدەوروبەری خۆیان، دەستەواژەی ((میللەت)) بەکار دێنن[٤٩]. بەڵام هەر ئەوان بە تەنها ئەم دەستەواژەیە بەکار ناهێنن، بەڵکو سورچییەکانیش بەهەمان واتا بەکاری دێنن. ئەم دەستەواژەیە لەبنەڕەتدا لەعەرەبییەوە وەرگیراوەو بەمانای ((شەریعەتو ئاین))دێو بۆ ئاماژەکردن بۆ گروپە ئاینییەکان، وەك میللەتی موسڵمانو میللەتی جولەکە، بەکار دەهێنرێ. لەزمانی عەرەبیدا دەستەواژەکە مانای ڕێبازو ڕێوشوێنی ئاینی دەدا[٥٠]. چەمکی میللەت بۆ ئەو گروپە مرۆییانە بەکار دێ کەژیانو گوزەرانیان بەپێودانگی سیستمێکی ئاینیو کۆمەڵایەتیو ئابوریی دیاریکراو ڕێکدەخەن.

بەپێی چەمکە کۆنە عوسمانییەکە، دەستەواژەی ((میللەت)) ئاماژەیە بۆ گروپو کەمینە ناموسڵمانەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی. لەکۆتاییی سەدەی هەژدەهەمدا گۆڕانێك لەناوەڕۆکی دەستەواژەکە بەدی دەکرێ چونکە لەم سەروبەندەدا دەستەواژەکە بەو سەرەنجامە گەیشتبوو کە لەزمانی تورکیدا وەك هاوتای دەستەواژەی ((نەتەوە)) بەکار بهێنرێ[٥١].

کورد دەستەواژەی میللەتی بەمانا گشتییەکەی بەکار هێناوە کەئاماژە بۆ گروپێکی خاوەن ئاینێکی هاوبەشو ڕێبازێکی ژیان دەکا. لەسەردەمی ڕابونی

---

[٤٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ خدر بارزانی، شارەزا لەبواری کۆمەڵایەتیی بارزانییەکان لەسلێمانی لە ٢٧/٥/٢٠٠٧.

[٥٠] ابن منظور، لسان العرب، الجزء الثالث عشر، الطبعة الثالثة، تحقيق امين محمد عبدالوهاب ومحمد الصادق العبيدي، دار احياء التراث العربي للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ص ١٨٨.

[٥١] دکتۆر بورهان یاسین، لەئیمپراتۆریەتەوە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی: پەڕینەوە لەفەرمانڕەواییی عوسمانییەوە بەرەو تورکیای مۆدێرن، وەرگێڕانی ڕێبوار خالد، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە١، ساڵی شانزەهەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٠.

گیانی کوردایەتیدا، کورد لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەدواوە ئەم دەستەواژەیەی بۆ گوزارشت کردن لە ((نەتەوە)) بەکار هێنا. لەسالآنی چلەکانیش، چوارچێوەی گشتیی دەستەواژەکە تەسك کرایەوەو بۆ گوزارشت کردن لە ((گەل)) بەکار هات. لەسەرەتای سالآنی حەفتاکاندا دەستەواژەکە لەبەر دوو هۆ کەمتر بانگەشەی بۆ کرا، یەکێکیان لەبەر باسك ئەستوربونی بزاڤی کەلتوری کەسەرگەرمی تۆکمەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی بوو لەرِێی پاککردنەوەی زمانی نوسین لەوشە بیانییەکانو دووەمیشیان لەبەر پەرەگرتنی پێویستیی جیاکردنەوەی دەستەواژەی ((نەتەوە)) لەدەستەواژەی ((گەل)) لەبواری رۆشنبیریدا. لەنیوەی هەفتاکان بەدواوە دەستەواژەکە دای لەکزیو زۆر بەکەمی لەنوسیندا بەکار هات.

بەکارهێنانی ئەم وشەیە لەلایەن بارزانییەکانەوە چ مانایەکی هەیە؟ یەکەم بەکارهێنانی دەستەواژەی میللەت لەئیسلامدا بۆ سەردەمی پێغەمبەر موحەممەد دەگەرِێتەوەو دەقەکانی قورئان زیاتر پشتگیری لەو واتایە دەکەن کەمیللەت ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێکی ئاینیی جیاواز. بەپێی ئەو مانایەی کەبارزانییەکان بۆ دەستەواژەی میللەتی بەکار دێنن، ئێزدییەکانیش، کەگروپێکی ناموسڵمانن، میللەت پێکدێنن، هەروەها ئەهلی هەقو گروپەکانی شەبەكو هەقەو عەلەوییەکان. بەگشتی، میللەت ئاماژە بۆ کۆمەڵێکی ئاینی دەکا کەشەریعەتەکەی لەشەریعەتی دەوروبەرە کۆمەلآیەتییەکەی جیاوازە، یاخود ژیانی ئاینیو کۆمەلآیەتیو ئابوریی لەچەند رویەکەوە لەدەوروبەرە گشتییەکەی خۆی جیایە. بەم مانایە، چەمکی میللەت لەچەمکی کەمینەی ئاینی نزیك دەبێتەوە.

هەمو ئەو کۆمەلآنەی میللەت پێکدێنن، پشت بەرِایەڵێك بەهای ئەخلاقیو کۆمەلآیەتیو کەلتوری دەبەستن کەمایەی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی گروپەکەن. لەبەر ئەم هۆیە، رێکخستنی گروپەکە لەسەر ئەو بنەمایەی کەتاکەکانی، میللەت پێکدێنن، لەناوەرِۆکدا ناسنامەیەکی تایبەت بەگروپەکە دەبەخشێ کە لەدەوروبەری خۆی جیای دەکاتەوە. بەم مانایە، پێغەمبەر موحەممەد لەمەککە میللەتێکی موسڵمانی پێك هێناو لەیەسرب، پاش کۆچکردن لەمەککەوە کەوتە فراوانکردنی بەشێوەیەکی ئاسۆیی. پاساوی میللەت پاراستنی ئەو رێبازەی ژیانە کەدەشێ لەسۆنگەی جیاوازیی لەدەوروبەری خۆی یاخود

لەسۆنگەی نەسازانی لەگەڵ ئەو دەوروبەرەدا، هەست بەگەفو هەڕەشە لێ کردن بکا. پێغەمبەر موحەممەد لەڕەوتی هەوڵو کۆششەکانیدا بۆ بەهێزکردنی چەمکی میللەت، کەوتە تۆکمەکردنی پەیوەستە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان شوێنکەوتووەکانی خۆی لەڕێگای کردنی هەمویان بەبرای یەکتریو لەم چوارچێوەیەدا بڕیاریدا هەر کۆچکەرێکی مەککە برایەکی لەیەکێ لەدوو خێڵەکەی ئەوسو خەزرەج هەبێ، پرۆسەیەك کەوەك سیمبولی تۆکمەکردنی میللەتی موسڵمان چوە مێژووەوە. ئامانجی ئەم هەنگاوە، نەهێشتنی ناکۆکیی نێوان دوو گروپە بنچینەیی‌یەکەی ئیسلام بوو کەکۆچکەرانو پشتیوانانن. لەقۆناغەکانی دواتردا، سیاسەتی پێغەمبەر موحەممەد کە لەبەر رۆشنایی‌ی شەڕو کەوکردنێکی هێمنو لەسەرخۆ هەڵدەسەنگێنرێ، کەوتە هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی یەکجارەکیی گروپی موسڵمان لەجولەکەو مەسیحییەکانو دانانی باوەڕی موسڵمانان بەبالاتر لەباوەڕی جولەکەو مەسیحی‌و بەرزکردنەوەی پێگەیان لەلای خواو ناساندنی وەك پێگەیەکی باشتر لەپێگەی جولەکەو مەسیحی. لەسالانی کۆتایی‌ی ژیانیدا، کاتێك ئیسلام بوو بەڕایەڵێکی بەهای روحانیی تەواو جیاواز لەجولەکایەتی‌و مەسیحایەتی، ئیسلام بووە ئەو پەیماننامە کۆمەڵایەتییە بەهێزەی کەژیانی موسڵمانانو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوروبەردا رێکدەخا.

خاڵە گرنگەکەی شایستەی تێڕامان لەهەمو ئەو گروپانەی کەمیللەت پێکدێنن، جیاوازییانە لەدەوروبەری کۆمەڵایەتییان. ئەم بیرۆکەیە لەبنچینەدا لەجولەکایەتی‌و مەسیحایەتییەوە وەرگیراوەو پاشتر چۆتە ناو ئیسلام. بیرۆکەی جیاوازی لەدەوروبەر بیرۆکەیەکە پشت بەچەردەیەك بەها دەبەستێ کەناسنامەیەکی تایبەت بەگروپەکە دەبەخشن. لەو سۆنگەیەشەوە کەهەر جیاوازییەك ستراکتۆری تایبەتی خۆی هەیە، بەدڵنیایی‌یەوە هەر دەبێ هێماو سیمبولی خۆی هەبێ، بەمجۆرە، جولەکایەتی خەتەنەی کردە سیمبولی جیاکردنەوەی جولەکە لەگروپەکانی تر، ئیسلامیش، دواتر، هەمان رێچکەی گرتە بەر. بارزانییەکانیش جامانەی سوریان بۆ خۆجیاکردنەوە لەدەوروبەری خۆیان کردە سیمبول (بڕوانە: جامانەی سور).

جەخت کردنی ئەو گروپانەی بەشێوەی میللەت خۆیان ڕێکخستوە لەسەر فاکتەری جیاوازبون، بەدڵنیاییەوە بەو سەرەنجامە دەگات کەتاك لەسەر هۆکارە جیاکەرەوەکان رابێ‌و زیاتر دڵی بەگروپەکە بکرێتەوە. پێداگرتنی ئەو گروپانە لەسەر پتەوکردنی فاکتەرەکانی جیاوازی، وەك بەشێکی بایەخدان بەناسنامەی خۆیان وەك میللەتێکی تایبەت دێتە پێش چاو. هەندێ لەو داب‌و نەریتانەی کەگروپەکە هان دەدەن شێلگیرانەتر هەڵسوکەت لەگەڵ سیستمی بەهاکاندا بکا، بەپێودانگی ئەم نۆرینە شی دەکرێنەوە. دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور کە لەنیوەی یەکەمی سالآنی حەفتای سەدەی بیستەمدا نزیکەی ساڵ‌و نیوێك لەناو بارزانییەکاندا ژیاوە، تێبینیی کردوە کەبارزانییەکان یەك رۆژ پاش موسڵمانە سوننەکان جەژن دەکەن[٥٢]. ئەمە بەو مانایە دێ کەبارزانییەکان، لانی کەم تا ناوەڕاستی سالآنی حەفتاکان، لەگەڵ موسڵمانانی سوننە مەزهەبدا جەژنیان نەکردووە. ئەم نەریتە لەوەی شیعەکان دەچێ کەرۆژێك پاش سوننەکان جەژن دەکەن بۆ ئەوەی لەیەك رۆژدا لەگەڵ سوننەکاندا جەژن نەکەن. ئەگەرچی لەم مەسەلەیەدا بارزانییەکان‌و شیعەکان لێك دەچن، بەڵام لەم روەوە تایبەتمەندی هەیە، چونکە بارزانییەکان پەراوێزێکیان بۆ ئەو ئەگەرە هێشتۆتەوە کە لەگەڵ سوننەدا لەیەك رۆژدا جەژن بکەن، ئەویش ئەگەر هات‌و بەچاوی خۆیان مانگیان بینی. ئەوسا شێخایەتی بۆی هەیە رۆژی دواتر بکاتە جەژن‌و گوێ نەداتە ئەوەی کەموسڵمانە سوننەکان لەو رۆژەدا جەژن دەکەن یان نا. لەگەڵ ئەوەشدا، دەشێ ئەم نەریتە بەو ئاکامە بگا کە بارزانییەکان هەندێ جار رۆژێك پێش موسڵمانانی سوننە جەژن بکەن ئەگەر بەچاوی خۆیان مانگیان بینی‌و لەناوچەکانی تری موسڵماناندا مانگ نەبینرا. دیارە رێسا گشتییەکە ئەوەیە کەکاتێك شەرع دروستیی مەسەلەکە یەکلا دەکاتەوە، بارزانییەکان چاوەڕێی موسڵمانانی تر ناکەن رۆژی جەژنیان بۆ دیاری بکەن. لێرەدا هەمو بڕیارێك لەم بارەیەوە دەوەستێتە سەر سروشت نەك راگەیاندنی فەرمی.

[٥٢] دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، بارزانم چۆن دیت، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٣.

ئەو گروپانەی کەپێکهاتەی کۆمەڵایەتییان پشت ئەستورە بەچەمکی میللەت، هەندێ جار پاساوی ئایدیۆلۆژیی پێویست بۆ بەهێزکردنی پابەندبونی تاکەکانیان بەفاکتەرە جیاکەرەوەکان دەهێننەوە. لەم روەوە هەر یەك لەعەلەوییەکانی کوردستانی باکورو کاکەیی‌یەکانی کوردستانی باشور دوو نمونەی دیار پێکدێنن. عەلەوییەکان دەڵێن گوایە بەردانەوەی ریش‌و سمێڵ چانسێکی زۆرتر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان دابین دەکا. بۆ زۆرتر هاندانیان بۆ بەردانەوەی ریش‌و سمێڵ، رابەرەکانیان بڵاویان کردۆتەوە کەهەر تاڵە مویەکی ریش‌و سمێڵی عەلەوییەکان حۆرییەکی نەشمیل‌و شۆخ‌و شەنگ خۆی پێوە هەڵواسیوە[٥٣]. لێرەدا دەتوانرێ سەرنجی ئەوە بدرێ کەسرودە پیرۆزەکانی کاکەیی ئەرکی ئاینی‌و ئەرکی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بەیەکتری دەکەن‌و هەندێ لەو رێ‌و رەسمانە هەڕەشەی ئەوە دەکەن کەهەر تاکێکی یارسان ئامادەی رێ‌و رەسمی سەرسپاردنی پەرستگا نەبێ، مافی کاکەییبونی لێ دەسەنرێتەوە. ئەو سرودەی لەم بۆنەیەدا پێشکەش دەکرێ وێنەسازییەکی دەستڕەنگینی تێدایە کەپەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان پێویستیی تاك بەگروپەکەو پێویستیی بە بەها روحانییەکان پێکدێنێ. بۆ سەقامگیرکردنی هەستی پابەندبون بەرێ‌و رەسمەکە لەدەرونیاندا، سرودەکە هەوڵ دەدا ئەوە لەویژدانی ئامادەبوواندا بچەسپێنێ کەهەر چی ئەرکی رێ‌و رەسمە پیرۆزەکە بەجێ ناهێنێ، لەرۆژی قیامەتدا بەیارسان ناژمێردرێ[٥٤].

ئەو کۆمەڵانەی پشت بەچەمکی میللەت دەبەستن، گەورەترین کێشەیان چۆنێتی‌ی پاراستنی خاوێنیی روحانیەت‌و ئەنگێزەی پاکی‌و بەرزی‌و شکۆو شێوەی بەردەوامبونە، ئەویش لەو گۆشە نیگایەوە کەخۆیان بەگوزارشتی نەمریی بیروباوەڕو بەها بەرزەکان دادەنێن. هەست کردن بەخاوێنی کەهەمیشە بەسەر پەیوەندییەکانیاندا زاڵە، لەبەرامبەردا وا لەو کۆمەڵانە دەکا وای بۆ بچن کەتێکەڵبون بەکۆمەڵگا کەم خاوێنەکان ئاسەواری زیانبەخشی لێ دەکەوێتەوە.

---

[٥٣] محەمەد رەسول هاوار، کوردو کوردستانی باکور لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دوهەمی جیهان، بەرگی یەکەم، ناوەندی چاپەمەنی‌و راگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٩٣.

[٥٤] ئەیوب رۆستەم، یارسان لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی- دینی سەبارەت بەکاکەیی، سەرچاوەی پێشو، ل ١٦٧.

هەست بەخاوێنی تەنها زیندووەکان ناگرێتەوە، بەڵکو تەنانەت مردووەکانیش دەگرێتەوە. لەم سەروبەندەدا دەبینین مەسیحییە بەراییەکان ئەوەندەی کە لەتوانایاندا بوو تێکەڵ بەبێگانە نەبونو تەنانەت گۆڕستانەکانیشیان لەگۆڕستانی نامەسیحییەکان جیا کردەوە. دواتر، ئەم تەگبیرە بۆ ناو ئیسلام گوێزرایەوەو وای کرد موسڵمانەکان گۆڕستانی خۆیان جیا بکەنەوەو لێنەگەڕێن ناموسڵمانی تێدا بنێژرێ.

بەپشت بەستن بەو پرنسیپەی کەپێی وایە گروپە پایە بەرزەکان تێکەڵاوبون لەگەڵ گروپە نزمەکان بەزیانبەخش دادەنێن، ئەو کۆمەڵانەی لەسەر بنەمای میللەت دامەزراون سڵ لەزێدەڕۆیی کردن لەپەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا دەکەنەوە. بەم پێودانگە، لەجولەکایەتیدا پیاو بۆی نیە ژن لەگروپێکی خەتەنە نەکراو بێنێ چونکە خەتەنە لەنەریتی جولەکەدا بەسیمبولی پاکی دادەنرێو لەم سۆنگەیەوە هاوسەرگیریی پیاوێکی جولەکە لەگەڵ ژنێکی ناجولەکەدا بەو واتایە دێ کەرەنگە ئەو پیاوە بکەوێتە ژێر کاریگەریی خراپی کەلتوری گروپە خەتەنە نەکراوەکە. هۆی تێکەڵ نەبونی جولەکە لەگەڵ فەلەستینییەکاندا بۆ خودی ئەم فاکتەرە ئایینییە دەگەڕێتەوە.

گروپ بۆ پاراستنی پاکیی خۆی، سنوری دیاریکراو بۆ دروستکردنی هاوسەرگیری لەدەرەوەی گروپەکە دادەنێو دەشێ تا ئەندازەی قەدەغەکردن زێدەڕۆیی بکا. بۆ ڕێگرتن لەتێکەڵاوی بەیەکجارەکی، هەندێ لەباوەڕەکان خۆ دورخستنەوەیان لەبێگانە خستە چوارچێوەی ئامۆژگارییە پیرۆزەکانەوە. بەم پێودانگە، تیۆرییەکەی ناو سفری عزرای تەورات وای داناوە کەخواوەند داوای لەجولەکە کردوە هاوسەرگیری لەگەڵ گەلانی خەتەنە نەکراودا پێك نەهێنن. عزرا لەهەوڵدانێکدا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئامۆژگارییە، بەجولەکەی ڕاگەیاند کەئەم گوناهە دەشێ وا لەخواوەند بکا هەمویان لەناو بەرێ[55]. ئیسلام هەمان هەڵوێستی جولەکایەتیی هەیەو لەم سۆنگەیەوە ڕێ نادرێتە موسڵمان هاوسەرگیری لەگەڵ

[55] الكتاب المقدس، العهد العتيق، المجلد الاول، دار المشرق، بيروت، ١٩٨٣، الفصل السابع، الايات ١-١٥، ص ٧٩٨-٨٠٠.

گروپە نایەکتاپەرستەکاندا پێك بێنێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەراوێزێکی تەنگەبەر هێڵدراوەتەوە، تێیدا رێ بەپیاوی موسڵمان دراوە ژنی مەسیحی یان جولەکە بێنێ بەڵام رێ نادرێتە ژنی موسڵمان شوو بەپیاوێکی ناموسڵمان بکا.

شایستەی لێوردبونەوەو تێڕامانە کەگروپە توندڕەوەکان بایەخێکی لەئەندازەبەدەر بەمەسەلەی قەدەغەکردنی هاوسەرگیریی دەرەکی دەدەن. دیارە رێکەوت نیە حاخام مائیر کاهانا پڕۆژەی یاسایەك بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی هاوسەرگیریی دەرەکی بخاتە بەردەم پەرلەمانی ئیسرائیلەوە[٥٦].

ئەم مەسەلەیە هێشتا ئاڵۆزە. لەنێو بارزانییەکاندا مەسەلەی هاوسەرگیریی دەرەکی فرە دژوار دێتە بەرچاو. باسکی پارێزگار هێشتا لەو بڕوایە دایە کەهاوسەرگیریی دەرەکی هەڕەشەی لەبەریەك هەڵوەشانەوە لەتۆکمەیی‌ی گروپەکە دەکا. ئەگەرچی لەمەسەلەی هاوسەرگیریی دەرەکیدا بارزانییەکان وەك گروپێکی موسڵمان هیچ کۆسپو دژوارییەك رێیان لێ ناگرێ، بەڵام ئەوان هێشتا وای بەگونجاو دادەنێن کە لێنەگەڕێن کچەکانیان لەدەرەوەی گروپەکەیان شوو بکەن بۆ ئەوەی تۆکمەیی‌ی کۆمەڵایەتیی خۆیان بپارێزن. دیارە روداوێکی لەو چەشنە، وەك ئەزمون نیشانی داوە، دەشێ گێچەڵی لێ بکەوێتەوە[٥٧].

ئاشکرایە کەهەمو ئەو گروپانەی وەك میللەت خۆیان رێکخستوە، لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە سنورێکیان بۆ کرداری پەسندکراوو پەسند نەکراو دیاری کردوە، هەر هەموشیان دژی ئەوەن ژنانیان لەدەرەوەی گروپەکە شوو بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم دیاردەیە کە بەئاشکرا لەناو بارزانییەکاندا هەیە، لەناو هەندێ گروپی تریش هەیە کەپێکهاتە ناوخۆیی‌یەکانیان بەشێوەی میللەت رێك نەخستووە. نەك هەر بارزانییەکان لێناگەڕێن ئافرەتیان لەدەرەوەی گروپەکە شوو بکا، بەڵکو لەناو کورددا گروپی تریش لێناگەڕێ، وەك ئاغاکانی دزەیی

---

[٥٦] سامي الذيب، مؤامرة الصمت ختان الذكور والاناث، دار الاوائل للنشر والتوزيع والخدمات الطباعية، دمشق، ٢٠٠٣، ص ٥٢.

[٥٧] لەم رووەوە بڕوانە: ماځان شێروانی، بارزانو رەچەڵەکی بارزانییان: لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیو مێژوویی لەسەر بارزان تا بەهاری ١٩٧٤، سەرچاوەی پێشو، ل ٤١.

لەباشوری هەولێرو میرەکانی خۆشناو[٥٨]. دیارە ئەم قەدەغەکردنە پیاوان ناگرێتەوە کەبۆیان هەیە ئافرەتی نابارزانی بێنن. بەم پێودانگە، لەسێ ژنەکەی مەلا مستەفا، یەکێکیان بەرەچەڵەك ناچێتەوە سەر بارزانییەکان. لەماوەی یانزە ساڵی ژیانی تاراوگەی ئاوارە بارزانییەکان لەڕوسیا، دوا بەدوای روخانی کۆماری مەهاباد لەساڵی ١٩٤٦دا، زۆریان ژنی روسییان هێناو ئەم مەسەلەیە کێشەی لەناو بارزانییەکاندا دروست کرد چونکە ژمارەیەکی زۆری بارزانییانی بەبیرکردنەوە پارێزگار دژی دروستکردنی هاوسەرگیری بون لەگەڵ ژنانی بیانیدا[٥٩]. پاش ئەوەی لەساڵی ١٩٨٣دا هەزاران بارزانی لەسەر دەستی سەددام حسێن لەناو بران، هەزاران بێوەژنو کچی گەنجی بێ مێردو کۆستکەوتوو روبەڕوی کێشەی شوکردن بونەوە چونکە رێسا خۆماڵییە توندەکان رێیان نەدەدا لەدەرەوەی گروپەکە شوو بکەن.

قەڵەمڕەوێك کەبارزانییەکانی لێ دەژی، سێ میللەتی گرتۆتە خۆ کەبریتین لەبارزانییەکانو نەستورییەکانو ئێزدییەکان. خاڵی یەکانگیریی ئەم سێ میللەتە ئەوەیە کەهەرسێکیان بە بەردەوامی پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کەدەستەبەرکردنی ئاسایشیان دەوەستێتەوە سەر تۆکمەکردنی پەیوەندیی ناوخۆییو لەم روەوە ئەوەندەی کە مێژوی ئابورییان جەخت دەکاتە سەر پەیوەندی لەگەڵ سروشتدا ئەوەندە جەخت ناکاتە سەر پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەردا.

ئەم توندوتۆڵییە لای ئێزدییەکان کەمیللەتێکی ناموسڵمان پێکدێنن، بەهێزتر دێتە بەرچاو. ناسنامەی ئێزدییاتی پشت بەو بنەمایە دەبەستی کەئێزدی ئەو کەسەیە کەدایكو باوکی ئێزدین[٦٠]. ئەم پێناسەیە لای بارزانییەکان کەمتر بانگەشەی بۆ دەکرێ چونکە نەریت رێ دەدا بارزانییەك لەباوکێکی بارزانیو دایکێکی نابارزانی بێ. بەپێی پێناسە ئێزدییەکە، هاوسەرگیریی دەرەکی بەگشتی

---

[٥٨] دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، بارزانم چۆن دیت، سەرچاوەی پێشو، ل٢٦.

[٥٩] بۆ وردەکاریی ئەم بابەتە، بڕوانە: زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەرییەکانم لەساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٧دا، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٠٩-٢١٠و ٢١٨.

[٦٠] عبدالرزاق الحسني، اليزيديون في حاضرهم وماضيهم، المصدر السابق، ص ٨٨.

پەسندکراو نیە چونکە ئەم هاوسەرگیرییە مەرجە ئاینیو کۆمەڵایەتییەکانی چەمکی میللەت بەشێوە ئێزدییەکە لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێ.

ڕێسا گشتییەکە ئەوەیە کەهەمو ئەو گروپانەی بەشێوەی میللەت ڕێك خراون، سنورێکی وایان بۆ تێکەڵبون لەگەڵ دەوروبەری کۆمەڵایەتیو جیهانی دەرەوەدا کێشاوە کەناتوانن لێی دەرباز بنو هەوڵو تێکۆشانیان لەپێناوی پاراستنی تایبەتمەندییە خۆیییەکاندا لەڕوی ئامانجە گشتییەکانەوە لەپێشی پێشەوەی هەمو هەوڵەکانیانە. میللەتەکان چەند لەڕوی تۆکمەییی کۆمەڵایەتییەوە هێز پەیدا بکەن، کەئەمەش بەپێداگرتن لەسەر تایبەتمەندییە خۆیییەکان دێتە دی، ئەوەندەش بەدژواری دەبینن بتوانن خۆیان لەگەڵ دەوروبەری کۆمەڵایەتییاندا بسازێنن. لەسۆنگەی ئەم ڕەوشەوە، ئەم میللەتانە دوژمنداریی درێژخایەنیان لەگەڵ دەوروبەردا بەمیرات بۆ دەمێنێتەوەو ئەم دوژمنایەتییانەیان بەئەستەم پێ چارەسەر دەکرێ.

هەر سێ گروپ لەپەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ دەوروبەردا توشی نەسازانو گرژی هاتون. ئاشکرایە کەئەم نەسازانو گرژییە ئاسەواری قوڵی لەسەر شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوریی هەر سێ گروپ بەجێ هێشتوە. تێوەگلانی بارزانییەکان لەپەیوەندیی گرژو لەدەستدانی فاکتەری هەست کردن بەدڵنیایی لەپەیوەندییاندا لەگەڵ دەوروبەردا، پاڵنەری بنەڕەتیی جەخت کردنیانە لەسەر پێکهێنانی دەستەی هەمیشە چەکدارو سڵکردنەوە لەگەفو هەڕەشەو گوڕەشەی نەیاران. هەر یەك لەئاشورییەکانو ئێزدییەکانیش بەهەمان شێوە ڕوبەڕوی پەیوەندیی گرژ لەگەڵ دەوروبەردا بونەوە. بۆ نیشاندانی ڕادەی گرژیی پەیوەندیی ئاشورییەکان لەگەڵ دەوروبەردا، هێندە بەسە بزانین ئاشورییەکان وا تەماشای مەغۆلە دڕندەکانیان کردووە کەڕزگارکەرن[٦١]. جیاوازیی نمونەی ئاشورییەکان، بە بەراورد لەگەڵ نمونەی بارزانییەکانو ئێزدییەکاندا، لەوە دایە کەئاشورییەکان بەپێچەوانەی بارزانییەکانو ئێزدییەکانەوە ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخسا کەپەیوەندی لەگەڵ هێزەکانی دەرەوەی

---

[٦١] قسطنطين بيتروفيج ماتفيف بارمتي، الاشوريون والمسألة الاشورية في العصر الحديث، ترجمة ح. د. م، الاهالى للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ١٩٨٩، ص ٣١.

ناوچەکەدا دابمەزرێنن، ئەویش لەو گۆشە نیگایەوە کەمەسیحین‌و ئەوروپایی‌یەکانیش ویستویانە بەرگی پارێزەری مەسیحییە چەوساوەو بندەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەخۆوە بپێچن. بەجۆرە، لەساڵی ١٥٣٥ـەوە، دوا بەدوای ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و فەرەنسا، ئەو مافە بۆ ئاشورییەکان سەلێنرا کەداوای کۆمەك لەفەرەنسییەکان بکەن[٦٢]. لەسۆنگەی مەراقی دابین کردنی ئاسایشەوە، ئاشورییەکان بەبێ گوێدانە ئەوەی کەئەوان نەستورین‌و روسەکان پەیڕەوی مەزهەبی ئەرتۆدۆکسن، بڕیاریان دا هاوپەیمانی لەگەڵ روسەکاندا ببەستن. ئەو راو بۆچونانەی کە لەجەنگی کریماوە دەریانبڕیوە، شتێکی وایان لێ هەڵدەکڕێندرێ کەئاشورییەکان ئامادەیی‌ی ئەوەیان تێدا بوە کەتەنانەت واز لەمەزهەبە مێژویی‌یە نەستورییەکەی خۆیشیان بێنن‌و بچنە سەر مەزهەبی ئەرتۆدۆکس[٦٣]. بەدڵنیایی‌یەوە ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کەلای ئاشورییەکان ئاسایش لەپێشی پێشەوە بووە نەك بیروباوەڕ.

ئەم سێ گروپە بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر روبەڕوی هەڕەشە دەرەکییەکان بونەوە. لەهەندێ هەلومەرجدا هەندێ لەشێخەکانی بارزان ناچار بون خۆیان بشارنەوەو لەم سەروبەندەدا شێخ عەبدولسەلامی دووەم بۆ خۆ رزگارکردن لەعوسمانییەکان پەنای بردە بەر کافکاس. لەناو ئەم سێ گروپەدا دووانیان کەئاشورییەکان‌و ئێزدییەکانن، لەڕاونان‌و تەنگ پێهەڵچنین خراپتریان بەسەر هات‌و لەهەندێ قۆناغی مێژوییدا زۆر بێ بەزەیی‌یانە کوشتاریان لێ کرا. لەکاتێکدا ئاشورییەکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا روبەڕوی قەسابخانەکانی میر بەدرخان بونەوە، ئێزدییەکان لانی کەم پێش ئەم قەسابخانانە بەسێ دەیە، لەشکرکێشیی دڕندانەیان لەسەر دەستی کاربەدەستە جەلیلییەکانی موسل کرایە سەر[٦٤] لەم سەروبەندەشدا محەمەد پاشای میری سۆران لەسۆنگەی پاڵنەری

---

[٦٢] هەمان سەرچاوە، ل ٣٣.

[٦٣] هەمان سەرچاوە، لەم بارەیەوە بڕوانە دەروازەی چوارەم، ل ٦٥-٨٢.

[٦٤] عدنان زيان فرحان، الكرد الايزيديون في اقليم كردستان: دراسة سياسية، اقتصادية واجتماعية من بداية القرن التاسع عشر حتى نهاية الحرب العالمية الاولى (١٨٠٠-١٩١٨)، المصدر السابق، ص ٥٤.

ئاینییەوە نەخشەی بۆ لەناوبردنی ئێزدییەکان کێشاو لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا شالاوێکی سەختی داپلۆسینی بردە سەریان[٦٥].

لەناوخۆدا ئاشورییەکانو ئێزدییەکان سیستمی ئابوریی خۆیان لەسەر بناغەی دەرەبەگایەتی دامەزراندو لەم بوارەدا ئێزدییەکان بایەخێکی تایبەتیان بەتێکهەڵکێش کردنی هەردو دەسەلاتی ئاینیو خێڵەکی دا. لەناو هەر سێ گروپدا، ئاشورییەکان لەمەسەلەی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا سەربەسترو کراوەترن. بەلاّم یەکە ئابوریی- کۆمەلاّیەتییەکانی بارزانییەکان لەسۆنگەی سروشتی سیستمی ئابورییانەوە، لەوەی ئاشورییەکانو ئێزدییەکان پتەوترو تۆکمەتر دێنە بەر چاو. بارزانییەکان لەسیستمی ئابوریدا پشت ئەستور نەبون بەدەرەبەگایەتی بەڵکو زیاتر جەختیان کردە سەر پارچە پارچە کردنی ئابوریی گەورەو بەم شێوەیە توانییان داهاتێك بۆ جوتیاری هەژار نەك بۆ دەرەبەگ دابین بکەن. لەڕوی بەرهەم هێنانەوە، ئاشورییەکانو ئێزدییەکان لەکۆششدا بۆ کردنی بەشێکی ئابورییان بەئابوریی کالاّیی، بۆ بەدیهێنانی ئابورییەك لەپێناوی بازاڕدا، سەرکەوتوتر دێنە بەر چاو. ئەم تایبەتمەندییە لەلای بارزانییەکان نیە چونکە بارزانییەکان لەئابوریی بازاڕدا کلۆڵ بونو نەیانتوانی شان لەشانی ئاشورییەکانو ئێزدییەکان بدەن. لەم سەروبەندەدا ئاشورییەکان پەیوەندیی بازاڕیان لەگەڵ تورکیاو ئێرانو روسیادا دامەزراند[٦٦] و ئێزدییەکانیش پەیوەندییەکی پێشکەوتوی بازاڕیان لەگەڵ ماردینو موسلو بەغدادا هەبوو[٦٧] و بەشێوەیەکی گشتی، موسل بۆ ماوەیەکی دورو درێژ بازاڕی ساغکردنەوەی بەروبومی ئێزدییەکان بوو.

بەپێی هەلومەرجی گوزەرانی هەر میللەتێك، بارزانییەکان لەڕوی کراوەییی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانەوە لەدو گروپەکەی تر بەختەوەرتر دێنە بەر چاو. بەپێچەوانەوەی دو گروپەکەی ترەوە، لەڕوی ئاینییەوە هیچ لەمپەرێك لەبەردەم تێکهەڵکێش بونی بارزانییەکانو موسڵمانانی تر نەبوە. مەرجی تێکهەڵکێش

---

[٦٥] هەمان سەرچاوە، ل ١٠٦-١٠٨.

[٦٦] قسطنطين بيتروفيج ماتفيف بارمتي، الاشوريون والمسألة الاشورية، المصدر السابق، ص ٦٠.

[٦٧] عدنان زيان فرحان، الكرد الايزيديون في اقليم كردستان، المصدر السابق، ص ٢٠٥.

بونی کۆمەڵایەتی، پێکەوە سازانە. ئەم مەرجە ئاشورییەکانو ئێزدییەکان ناگرێتەوە چونکە موسڵمان نین. بەڵام ئاشورییەکان بە بەراورد لەگەڵ ئێزدییەکاندا بەختەوەرتر بون چونکە ئەگەرچی پیاوەکانیان نەیانتوانیوە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتانی موسڵماندا بکەن، بەڵام پیاوانی موسڵمان توانیویانە ئافرەتی ئاشوری بێنن، لەکاتێکدا هاوسەرگیریی نێوان موسڵمانانو ئێزدییەکان هەم ئاینی ئیسلام رێی پێ نادا هەم ئاینی ئێزدییاتی. ئیسلام رێ بەموسڵمانان نادا ژنانی ئێزدی بخوازن، مەگەر ببن بەموسڵمان. بەپێوانەکانی ئیسلامی توندڕەو، دۆزینەوەی پاساو بۆ بێبەشکردنی ئێزدییەکان لەمافی ژیان کارێکی دژوار نەبوە. لەسۆنگەی ئەم هۆیانەوە، هیچ گروپێك بەقەدەر ئێزدییەکان نەکەوتۆتە بەر شاڵاوی چەوسانەوە چونکە کەلتوریان نە لەگەڵ ئیسلامدا وێك دێتەوە نە لەگەڵ مەسیحایەتیدا.

لەناو هەر سێ گروپدا پێویستیی دەستەبەرکردنی ئاسایش پەراوێزێکی فراوانی بایەخ داگیر دەکا. لەسۆنگەی ئەم پێویستییەوە هەر سێ گروپ شانبەشانی یەکە ئابورییە- کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان، یەکەی چەکداریشیان بۆ پاراستنی پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکانیان پێکهێنا.

زۆربەی کات ئەو گروپانەی بەشێوەی میللەت خۆیان رێکخستوە، بەئەستەم لەگەڵ دەوروبەری کۆمەڵایەتیی خۆیاندا دەگونجێن. ئەم رەهاییە بەشێوەیەکی گشتی هەمو ئەو گروپانە دەگرێتەوە کە لەپانتاییەکی دیاریکراوی زەویدا کە بەنیشتمانێکی کۆمەڵایەتی دادەندرێ، کۆمەڵگایەکی تایبەتمەند پێکدێنن. لەو بارودۆخەدا دەشێ لەمپەرە جوگرافییەکانی وەك روبارو چیا ببنە سنوری سروشتیی نیشتمانە کۆمەڵایەتییەکە. لەم سەروبەندەدا چەند هۆکارە جوگرافییەکان ببنە مایەی تۆکمەترکردنی چەمکی نیشتمانی کۆمەڵایەتی، ئەوەندەش هەست کردن بەناسنامەی میللەتگەرایی تۆکمەتر دەبێ.

هەزارو چوار سەد ساڵ لەمەوبەر پێغەمبەر موحەممەد وتی ((خەڵکی دوو میللەت هیچ بەمیرات بۆ یەکتری بەجێ ناهێڵن)). ئەم رستەیە کەواتایەکی قوڵی گرتۆتە خۆ، واتا سەرزارەکییەکەی خۆی تێدەپەڕێنێ چونکە مەسەلەکە لەناوەڕۆکدا تەنها میرات ناگرێتەوە بەڵکو بەچەند وشەیەك گوزارشت لەسروشتی پەیوەندیی

نێوان میللەتەکان دەکاو لەڕوی کۆمەڵایەتیو ئاینییەوە قوڵیی دەلاقەی نێوانیان نیشان دەدا.

ئەزمونەکانی دورزیو عەلەویو بارزانی دەری دەخەن کەپەیدابونی میللەتی بچوکتر لەناو میللەتە گەورەکەدا کارێکی دژوار نیە. ئیسلام بەو پێیەی کەمیللەتێکی گەورەیەو خۆی لەناو سنوری نەتەوەییدا تێ ناترنجێنێ، لەقۆناغی جیاوازدا چەندەها میللەتی خۆماڵیی لێ پەیدا بوو. لەو هەرێمانەدا کەڕوخسارێکی چیایی بەسەریاندا زاڵە، وەك کوردستانو سوریاو لوبنانو ئەناتۆلیاو ئێران، چەند میللەتێکی بچوك سەریان دەرهێنا کەهیچ کامێکیان سنوری گشتیی ئیسلامیان نەبەزاند، بەرگی ئیسلامیان لەخۆ دانەماڵی، زۆر بەوریایی بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیان پاراستو پەرەیان بەپێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانیان دا.

بەڵام سەرەڕای ئەو هەمو فاکتەرەی هێز کەتاکەکانی میللەتەکان بەیەکترییەوە گرێ دەدەنو پەیوەستی کۆمەڵایەتییان پتەوتر دەکەن، ئەو میللەتانە بەو پێیەی کەدیاردەی کۆمەڵایەتین، بەدرێژایی ڕۆژگار کەوتونەتە ژێر ئاسەواری فاکتەرەکانی پەرەسەندنی گشتیو بەهۆی ئەمەوە گۆڕان بەسەر پێکهاتە ئایدیۆلۆژیو ماددییەکانیاندا هاتووە. چەمکی بارزانیی میللەت لەڕوی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانی بەخۆوە دیوە. چەمکی سەرەتایی میللەت هەمو تاکەکان بەبێ جیاوازی دەگرێتەوەو لەم روەوە جیاوازییە چینایەتییەکانی نێوان تاکەکان لەنزمترین ئاستدا دەبن. لێرەدا یەکسانی خۆی لەخۆیدا دەبێ بەئامانجو هیچ مانایەك بۆ ململانێی تاکەکان نامێنێتەوە. ئەم قۆناغە کە لەناو بارزانییەکاندا قۆناغی نمونەیی دادی کۆمەڵایەتی پێك دێنێ، لەسەردەمی پەیدابونی شێخایەتییەوە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا تا ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم درێژەی هەیە.

لەناوەڕاستی ساڵانی شەستەکان بەدواوە دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین کەچەمکی میللەت ناتوانێ گوزارشت لەفاکتەکان بکات، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کەدوای ئەوەی جیهانی سیاسەت کەوتە پەرەپێدانی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانو کردنی یەکسانیی نمونەیی شێخایەتییەکە بە بەشێك لە کەلەپوری رابردوو، جیاوازی لەنێو بارزانییەکاندا سەری هەڵدا. بەمجۆرە، چەمکی میللەت واتا

گشتییەکەی خۆی لەدەستداو چیتر نەیتوانی پشت بەمانای یەکسانی ببەستێ. وەك هەر سیستمێکی کۆمەلاّیەتی کەبنچینەکەی جیاوازییە نەك یەکسانی، سیستمەکە درزی تێکەوت‌و کەمینەو زۆرینەی لێ کەوتەوە، زۆرینەیەك کەنوێنەرایەتیی ستراکچەری خوارەوەی گروپەکە دەکاو هەمو ئەو دەستەو توێژانە دەگرێتەوە کەپێگەی کۆمەلاّیەتییان لێناگەڕێ بەدەستەو توێژی دەوڵەمەند بژمێردرێن‌و کەمینەیەك کەتوانیویەتی بۆ بەدەستهێنانی قازانج سود لەپێگەی ئاینی‌و کۆمەلاّیەتی‌و سیاسیی خۆی وەرگرێ. دکتۆر عەبدوڵلاّ غەفور وای دەبینێ کەگروپی یەکەمی بارزانییەکان بەرامبەر بەگروپی کرمانجە لەناو دەزەیی‌یەکاندا[٦٨]. ((کرمانج)) بەمانای ئەو چینە دەستەنگ‌و هەژارە دێ کەخزمەتی دەرەبەگە دەوڵەمەندەکان دەکا. لەچوارچێوەیەکی کۆمەلاّیەتیی فراوانتردا، لەسیستمی دەرەبەگایەتیی دێرینی کورددا ((کرمانج)) بەمانای ((مسکێن)) بەرامبەر بە ((ئاغا))دێ.

لەو سۆنگەیەشەوە کەئەو گروپانەی بەشێوەی میللەت خۆیان رێکخستووە، رێسای تایبەتیان بۆ خۆیان داناوە، وەرگرتنی هەر گروپێك لەو گروپانە مەرجی بۆ دادەنرێ. سیستمێك کەشێخەکانی بارزان دایانهێنا، فراوانخوازە، واتە بەشێوەیەکی ئاسۆیی پەل دەهاوێ‌و ئەو کەسانە بەئەندامی تازە وەردەگرێ کەبڕیاریان داوە چیتر دان بەدەسەلاّتی ئۆرۆستۆکراسیی زێباردا نەنێن‌و بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە سەر بۆ دەسەلاّتی شێخایەتیی بارزان دادەنەوێنن.. ئەم گواستنەوە ئارەزومەندانەیە لەپەسندکردنی زۆردارەکیی دەسەلاّتی زێبارەوە بۆ پەسندکردنی ئارەزومەندانەی دەسەلاّتی شێخایەتیی بارزان، لەگەوهەردا گواستنەوەی رەوایی‌یە لەدەسەلاّتێکی ناخۆشەویستەوە بۆ دەسەلاّتێکی خۆشەویست‌و وازهێنانێکی ئارەزومەندانەشە لەبەها کۆنەکان‌و پەسندکردنی بەهای تازەیە.

لەبیروباوەڕی بارزانیدا وەرگرتنی ئەندامی تازە لە گروپەکە بەچەمکی تۆبە کردنەوە بەستراوەتەوە. ئەم چەمکە یەکسانە بەچەمکی شایەتمان لەئیسلامداو هەردوکیشیان فرە سادەو ساکارن.

---

[٦٨] دکتۆر عەبدوڵلاّ غەفور، بارزانم چۆن دیت، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٨.

بایەخی تۆبەکردن لەوە دایە کەیەکەم هەنگاوی بەئەندام وەرگیرانە. بەپێی سۆفی ئەبو نەسری سەرراج، گەشتی گەیشتن بەڕاستیی ڕەها لەحەوت قۆناغ پێکدێو بەتۆبەکردن دەست پێدەکا. تاك لەو سۆنگەیەوە کەتوانایەکی سنورداری هەیە، ناتوانێ لەخۆیەوە بگا بەڕاستیی ڕەها، بۆیە پێویستی بەکەسێکە پشتیوانی لەپێداویستییە روحانییەکانی بکاو ڕێی راستی پیشان بدا. لێرەدا رۆڵی ڕێ پیشاندەر دەردەکەوێ چونکە تاك ئەگەر ڕێ پیشاندەرێکی نەبێ ڕێی راستی پیشان بدا، هەرگیز بەمەبەستی خۆی ناگا. یەکەم مەرجی بەدەستهێنانی متمانەی ڕێ پیشاندەر تۆبەکردنە لەسەر دەستی ئەو ڕێ پیشاندەرە تاکو ئەستۆ پاکیی خۆی بسەلێنێو هیچ گوناهێکی نەمێنێو لەم سەروبەندەدا دەبێ بەڵێنی ئەوە بدات کەخاوێنیی روحیی خۆی دەپارێزێ[٦٩].

لەسەردەمی پێغەمبەر موحەممەددا ڕێو ڕەسمی چونە ناو میللەتی ئیسلام ڕێو ڕەسمێکی سادەو ساکار بوو و ئەم ڕێو ڕەسمە دوای کۆچی دوایی‌ی پێغەمبەریش بەسادەیی مایەوە. هەر ئەندامێکی نوێ کەدەیویست ببێ بەئەندام لەمیللەتی ئیسلام، واتە بۆ ئەوەی کەببێ بەموسڵمانێکی راستەقینە، دەبوایە دان بەیەك خوایی‌و پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەر موحەممەددا بنێ. ئەم ڕێو ڕەسمە ساکارە کە بەوتنی رستەیەکی یانزە وشەیی بەڕێوە دەچێ، پێی دەوترێ شایەتمان.

لەڕوی ستراکچەری ئایدیۆلۆژییەوەو لەڕوی ڕەچاوکردنی ژیانی ئاینیی سەردەمی پێغەمبەر موحەممەدەوە، شایەتمان بەمانای وازهێنان لەو بیرۆکەیە دێ کەگوایە خوا خواوەندی خواوەندەکانە، وەك مەککییەکان بانگەشەیان بۆ دەکردو ئەمەش لەگەوهەردا داننانە بەوەی کەخوا تاکە خواوەندو بێ هاوتایە. هەر چۆنێك بێ، داننان بەم مەرجە بەلای عەرەبە بتپەرستەکانەوە کارێکی دژوار نەبو چونکە عەرەبەکان لەبنەڕەتدا باوەڕیان بەخوا هەبوو و بەشایستەی ئەوەشیان دەزانی کەئەوپەڕی ڕێزی لێ بگیرێ. لەم مەسەلەیەدا خاڵی بنچینەیی‌ی ناتەبایی‌یان لەگەڵ پێغەمبەر موحەممەددا باوەڕهێنانیان بوو بەوەی کە لەپاڵ خواوە کەخواوەندی خواوەندەکانە، خواوەندی نزمتر هەیە کەپێویستە خۆیان لێ نزیك بکەنەوەو ڕێزیان

---

[٦٩] الدكتور خليل ابراهيم السامرائي، دراسات في تاريخ الفكر العربي، المصدر السابق، ص ٢٨٤.

لێ بگرن. دەرکەوتنی ناوی خوا بەشێوەی ((هەلاه)) لەنوسینە هەڵکۆڵراوەکانی سەفا کەمێژویان بۆ پێنج سەد ساڵ پێش پەیدابونی ئیسلام دەگەڕێتەوە، بەڵگەی دێرینیی ئەم ناوە پیرۆزەیە[٧٠]. بۆ ئەوپەڕی گوزارشت کردن لەگەورەیی‌ی خوای خواوەندی خواوەندەکان، عەرەبەکان لەکاتێکدا بتیان بۆ هەمو خواوەندە ناسراوەکان دروست کردبوو، هیچ بتێکیان بۆ خوا دروست نەکردبوو چونکە پێیان وابوو خواوەندی خواوەندەکان کە لەهەمو خواوەندەکانی تر مەزنترەو ئافەرینەری خواوەندەکانو تێکڕای جیهانە، پێویستی بەوە نیە بتی بۆ دروست بکرێ.

ناتەبایی‌یە بنچینەیی‌یەکەی تری نێوان عەرەبە بتپەرستەکانو پێغەمبەر موحەممەد پەیوەندیی بە بەشی دووەمی شایەتمانەوە هەیە کەباوەڕهێنان بەپێغەمبەرایەتیی پێغەمبەر موحەممەد بەمەرجێکی پێویست دادەنێ. ئەم ناتەبایی‌یە لەو سۆنگەیەوە کەپەیوەندیی بەچەردەیەك هۆکارەوە هەیە، پەیوەندییەکی گرژی لەنێوان دانیشتوانو گەورە پیاوانی بت پەرستی مەککەو نێوان پێغەمبەر موحەممەددا دروست کرد.

چەمکە ساکارەکەی تایبەت بەشێوەی وازهێنانی تاك لەمیللەتی پێشوی خۆی‌و بون بەئەندام لەمیللەتێکی تازە کەئیسلامە، بەشێوەیەکی گشتی هەر ئەو ڕێ‌و ڕەسمەیە کەبارزانییەکان ئەندامی تازەیان لەگروپەکەی خۆیان پێ وەرگرتووە.

هەر کەسێك بیویستایە بچێتە پاڵ گروپی بارزانییەکان، لەو سۆنگەیەوە کەموسڵمانە پێویستی بەوە نەبو شایەتمان بێنێ بەڵام شێخایەتیی بارزان لەبری چەمکی شایەتمان، چەمکی تۆبەکردنی داهێنا. تۆبەکردن، کە لەزۆربەی تەریقەتە سۆفیگەرەکاندا هەیە، لەناوەڕۆکدا بەو مانایە دێ کە ئەندامە تازەکە خوازیارە لەگوناهی ژیانی رابردوی خۆش بن.

تۆبەکردن کەیەکێ لەگرنگترین مەرجەکانی ئەوەیە کەدەبێ لەسەر دەستی شێخ ئەنجام بدرێ، لەناوەڕۆکدا گوزارشت لەوە دەکا کەئەندامە تازەکە ئامادەیە بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە دەستبەرداری تەواوی بەها کۆنەکانی خۆی بێ‌و باوەڕ

---

[٧٠] الدكتور فيليب حتي واخرون، تاريخ العرب، الجزء الاول، دار الكشاف للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت، ١٩٤٩، ص ١٤١.

بەو بەها تازانە بێنێ کەدەیبەنە ناو گروپە تازەکەو لەژێر ڕۆشنایی‌یان ژیانێکی تازە دەست پێدەکا. ئەندامە تازەکە چەند بەدڵو بەگیان باوەڕی بە بەها تازەکان بێ، ئەوەندە زۆرتر کاراو جێی متمانە دەبێ.

مەرجی ئەوەی کەدەبێ تۆبەکردن لەسەر دەستی شێخ ئەنجام بدرێ، لەگەوهەردا ئاماژەیە بۆ دانانی ئەندامە تازەکە بەرێبەرایەتیی روحانیی شێخدا. میکانیزمی وەرگرتنی ئەندامانی تازە، پێغەمبەر موحەممەد لەسەردەمی خۆی دایهێناوەو پاشان بەمیرات بۆ موسڵمانانی بەجێ هێشتوە. لەو سۆنگەیەوە، ئەوانەی کەموسڵمان نەبون‌و دەیانویست ببن بەموسڵمان، ئەو دەرفەتەیان بۆ پێك هات کە بتوانن لەسەر دەستی هەر موسڵمانێك موسڵمانبونی خۆیان رابگەیەنن‌و دواتریش موسڵمانبون گەیشتە رادەیەك کەپێویستی نەکرد لەسەر دەستی هیچ موسڵمانێك رابگەیەنرێ. ئەم تایبەتمەندییە یارمەتیی ژمارەیەکی زۆری دا ببن بەموسڵمان. بەمجۆرە، تەنانەت لەسەردەمی پێغەمبەر موحەممەدیش وەرگرتنی ئەندامی تازە لەگروپی موسڵمانان پێویستی نەدەکرد هەر لەسەر دەستی پێغەمبەر ئەنجام بدرێ. پێغەمبەر کە لەوێ نەدەبو یاخود کاتێك هاوەڵەکان بەئیشوکاری بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ بۆ شوێنێك دەنێردران، هاوەڵەکان دەسەڵاتی ئەوەیان هەبو کەموسڵمانبونی بت پەرستەکان‌و تۆبەکردنیان پەسند بکەن. ژمارەیەکی زۆری ئەندامە تازەکان کەشەیدای گەیشتن بون بەئاستێکی باڵاتری پاکیزەیی‌ی روحانیەت، پێیان خۆش بوو لەسەر دەستی پێغەمبەر، نەك لەسەر دەستی خەڵکانێکی ئاست نزمتر، ببن بەموسڵمان. بێگومان ئەمە بەدڵخوازو ئارەزوی خۆیان بوو، دەنا دەیانتوانی لەسەر دەستی هەر موسڵمانێك کەگومان لەئیسلامبونی نیە، ببن بەموسڵمان.

شێخایەتی لەسەر ئەم رێبازە رۆیی بەڵام لەوردەکاریدا نەیتوانی ئەزمونە تایبەتەکەی خۆی بگەیەنێتە ئاستی ئەزمونەکەی پێغەمبەر موحەممەد. هۆی ئەمە بەشێوەیەکی بنچینەیی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەشێخایەتییەکە ئەو مافەی تەنها بۆ شێخ بەرەوا زانیوە کەخەڵکی لەسەر دەستی تۆبە بکەن، واتە مافی وەرگرتنی ئەندامی تازە لەگروپەکە تەنها بۆ شێخ سەلمێنرا بوو. بێگومان ئەمە زۆر کاریگەریی لەسەر هەڵسوڕانی پرۆسەی وەرگرتنی ئەندامی تازە بەجێ هێشت

چونكه تەنها شێخ نەك كەسێكی تر بۆی هەبو بڕیار لەسەر وەرگرتنی ئەندامی تازە بداو هەر كات لەبەر هەر هۆیەك شێخ لەوێ نەبوایە، پرۆسەی وەرگرتنی ئەندامی تازە پەكی دەكەوت.

بۆ گروپی بارزانی، تۆبەكردن دەستەواژەیەكە بەكەڵكی وەرگرتنی ئەندامی تازە دێ. بەكردەوە، هەر ئەندامێك پێویستایە ببێ بەئەندام لەگروپەكە، دەبوایە لەسەر دەستی شێخ تۆبە بكا. زیاتر بیر بۆ ئەوەی دەچێ كەماوەی نێوان ١٨٦٥و ١٨٨٤ كەتێیدا شێخ عەبدولسەلامی یەكەم شێخایەتیی كردووە، ماوەیەكی یەكلاكەرەوەیە لەوەرچەرخانی جوتیارانی خێڵی زێبار بەلای بیروباوەڕی بارزانیدا. بەپێی ئەیوب بارزانی، كاتێك جوتیارانی زێبار بەلێشاو ڕژانە سەر تەكیەی بارزانو كەوتنە تۆبەكردن لەسەر دەستی شێخو وەرچەرخانە سەر بیروباوەڕی بارزانی، چینی ئۆرۆستۆكراتی زێبارو خێڵەكانی تر ترسێكی زۆریان لێ نیشتو كەوتنە دنەدانی كاربەدەستانی عوسمانی لەدژی بارزان. خۆشبەختانە، كاربەدەستانی عوسمانی پاش ئەوەی لەسكالاكانیان كۆڵییەوە، چونە سەر ئەو باوەڕەی كەهیچ سەرپێچییەك لەئاین روی نەداوە[71]. بەپێی دەقەكەی ئەیوب بارزانی، رێو رەسمی تۆبەكردن سەرباری ئەوەی كە لەسەر دەستی شێخ عەبدولسەلامی یەكەم ئەنجام دەدرا، لەڕوی شوێنەوە لەناو خودی تەكیەی بارزان بەڕێوە دەچو.

ئەگەرچی ئەیوب بارزانی لەڕەوتی باسكردنی هەڵسوڕانی شێخ عەبدولسەلامی یەكەمو هەلومەرجی رۆژگارەكەی دەچێتە سەر باسكردنی مەسەلەی تۆبەكردن، بەڵام وردەكارییەكانی ئەم پرۆسە گرنگە ناگێڕێتەوە. هەر چۆنێك بێ، ئەوەی زیاتر ڕێی تێ دەچێ ئەوەیە كەپرۆسەكە میكانیزمو دابو نەریتی سادەو ساكاری هەبوە كە لەگەڵ ئاستی رۆشنبیریی نزمی جوتیارە نەخوێندەوارەكاندا دەگونجا. لەو سەروبەندەدا دەبوایە ئەندامە تازەكە شێخی بارزان بەڕابەری روحانیی خۆی دابنێو پەیمان بدا كەگوێڕایەڵی دەبێو باوەڕی تەواوی بەپێكهاتە ئایدیۆلۆژییە گشتییەكانی شێخایەتییەكە دەبێ. لەو نۆڕینەشەوە كەپرۆسەكە پرۆسەی تۆبەكردنە، پرۆسەكە لەناوەڕۆكدا تێكهەڵكێشكردنی دوو پرۆسەی هاوتەریبە،

[71] بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦- ١٩١٤، ١٩٨٠، ص ٣٦.

یەکێکیان خۆپاك کردنەوەو داماڵینی گوناهەکانی ژیانی رابردووە بەچەشنێك کەمەسەلەکە وەك ئەوەی لیٚ دیٚ کە ئەندامە تازە وەرگیراوەکە سەرلەنویٚ لەدایك دەبێتەوەو ژیانێکی تازە دەست پێدەکاتەوەو ئەوی تریان پرۆسەی رازیبونی شێخە بەوەرگرتنی ئەندامە تازەکە.

نزیکترین رێوشوێنی تۆبەکردن لەبیروباوەڕی بارزانی ئەو رێوشوێنەیە کەشێخ سەفییوددینی ئەردەبیلی دایهێناوە کەدەشیٚ تەریقەتە سۆفیگەرەکەی لەرِیٚی پەیرِەوە سۆفیگەرە گەرِۆکەکانییەوە گەیشتبێتە ناوچەکە.

شێخ سەفییوددینی ئەردەبیلی لەدایکبوی ساڵی ١٢٥٢ی یەکیٚ لەگوندەکانی ئەردەبیلە لەئێران. شێخ زاهید گەیلانی هەمو زانینو زانستی خۆی بۆ شێخ سەفی گواستەوەو بەجۆرێك ئامادەی کرد کەپاش خۆی بتوانیٚ جێی بگرێتەوە. شێخ سەفی پەی بەوە بردبوو کەپێویستە پێکهاتەی سۆفیگەرانەی تازە دابهێنریٚ، بۆیە هەر کەجێی شێخ گەیلانیی گرتەوە، دەمو دەست کەوتە بانگەشەکردن بۆ تەریقەتێکی سۆفیگەرانەی تازە کەدواتر بەتەریقەتی سەفەوی ناوبانگی دەرکرد. دواتر، ئەم تەریقەتە ناوی خۆی بەو دەوڵەتە بەخشی کە شا ئیسماعیلی یەکەمی سەفەوی دایمەزراند. تەریقەتەکەی شێخ سەفی لەدەرەوەی گەیلانو ئازەربایجان باوی سەندو لایەنگرانێکی زۆری لەکوردستانو سوریا بۆ خۆی پەیدا کرد[٧٢]. لەو تێرِوانینەشەوە کەشێخ سەفی درێژەپێدانی شێخ زاهید گەیلانییە، هەندیٚ کەس وای بۆ دەچن کەدامەزرێنەری راستەقینەی تەریقەتە سۆفییەکە نابیٚ شێخ سەفی بیٚ بەڵکو دەبیٚ شێخ زاهید گەیلانی بیٚ چونکە شێخ سەفی هەمو زانستی خۆی لەشێخ گەیلانی وەرگرتوەو تەریقەتەکەشی لەدرێژەپێدانی تەریقەتی گەیلانی بەهەندیٚ دەستکارییەوە هیچی تر نیە[٧٣].

بەڵام سەرەڕای هەمو شتێك، تەریقەتەکەی شێخ سەفی کە بەئاشکرا کاریگەریی قوڵی شێخ گەیلانیی پێوە دیارە، هەندیٚ رێوشوێنی تایبەت بەخۆیشی

---

[٧٢] دکتر منوچهر پارسادوست، شاه اسماعیل اول پادشاهی با اثرهای دیرپای در ایران وایرانی، ص ١١٩.

[٧٣] ایلیا پاولوویچ پتروشفسکی، اسلام در ایران از هجرت تا پایان قرن نهم هجری، ترجمه کریم کشاورز، چاپ هفتم، انتشارات پیام، تهران، ١٣٦٣، ص ٣٨٤.

تێدایە کەگرنگترینیان ڕێوشوێنەکانی تایبەت بەچۆنێتیی وەرگرتنی تاکە لەگروپەکە.

شێخ سەفی پێی وابو هەر کەسێك خۆی لەگوناهەکانی پێشوی پاك نەکاتەوە، بەئەندام لەگروپەکەی وەرناگیرێ. ئەندامە تازەکەش دەبێ لەسەر دەستی شێخ تۆبە بکاو بەڵێن بدا کە بەهیچ شێوەیەك لەمەولا لەگوناه نزیك نابێتەوە[74]. ئەگەر بڕوانینە ڕێنماییەکانی شێخ سەفی بۆ پەیڕەوەکانی، دەچینە سەر ئەو باوەڕەی کەشێخ سەفی زیاتر جەختی کردۆتە سەر ڕۆڵی ویستو هەوڵیداوە ئەزمونی پەیڕەوەکە بگەیەنێتە ئەو ئاستەی کەپەیڕەو چیتر لەدابین کردنی گوزەرانی خۆیدا پشت بەرەنجو ماندوبونی خەڵکانی تر نەبەستێ. بەم پێیە، شێخ سەفی بەپێچەوانەی بیروباوەڕە سۆفیگەرییەکانەوە کەپەرستن لەکار جیا دەکەنەوە، هەوڵیدا هاوسەنگییەك لەنێوان پەرستنو کاردا پێك بێنێو پەیڕەوەکانی هان بدا لەسواڵ دور بکەونەوەو بۆ دەستەبەرکردنی بژێوی خۆیان فێری پیشەیەك بن یان کارێك بکەن. پاش ئەوەی شێخ جونەید ئەردەبیلی بەجێ هێشتو لەساڵی ١٤٤٨دا خۆیو دەروێشەکانی لەکوردستانی باکور گیرسانەوە، نەوەکانی شێخ سەفی لەکوردستانی باکورەوە بیروباوەرەکەیان بڵاو کردەوەو لەدەروێشەکان لەشکری قزلباشیان پێك هێنا[75]. لەکوردستاندا بەری بناغەی دەوڵەتی سەفەوی دانرا کەدواتر شا ئیسماعیلی یەکەم دایمەزراند. بەجۆرە، شێخ سەفی لەزنجیرەی سەفەویدا یەکسانە بەشێخ تاجەددین لەزنجیرەی بارزانیدا.

بەپێی هەندێ بۆچون رەچەڵەکی بنەماڵەی سەفەوی دەگەڕێتەوە سەر کورد گوایە باپیرەی شێخ سەفی، فەیروز شا، لەکوردەکانی سنجانەو لەسەدەی دەیەمدا کورد لەئازەربایجانو ئاران هەبوە. ئەم دوو ناوچەیە بەدرێژایی سەدەها ساڵ لەژێر تەوژمی بڵاوبونەوەو پەلهاوێشتنی کورد بون. ئەوەی ئەمە ساغ دەکاتەوە ئەوەیە کەکاتێك سەلجوقییەکان لەئازەربایجانو کوردستانو ئارانو ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا گیرسانەوە، لەگەڵ میرایەتییە کوردە پەراگەندەکاندا بەشەڕ هاتن، لەوانە میرایەتیی رەوادی کەدەستی بەسەر قەڵەمڕەوێکی فراوانی ئازەربایجاندا گرتبوو و ئەحمەدیل

[74] دکتر منوچهر پارسا دوست، شاه اسماعیل اول پادشاهی با اثرهای دیرپای در ایران وایرانی، ص ١٢٠.

[75] هەمان سەرچاوە، ل ١٣٣.

لەخانەدانی ڕەوادی حوکمڕانیی هەردوو شاری تەوریزو ئەردەبیلی دەکرد. یەکەم ناوچە کە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی‌ی قەرەقۆینلۆ تورکمانەکاندا تەریقەتی سەفەویی تێدا بلاو بۆوە، قەڵەمڕەوە فراوانەکەی نێوان ئەردەبیل‌و موغانە کەناوچەیەکە خێڵی چاکرلووی لێ دەژیا. بەپێی ئیبن عەرەبشا، خێڵی چاکرلوو بەرەچەڵەك کوردە[٧٦].

لەڕوی ناوەڕۆك‌و نمونەی مێژوویی‌یەوە، هەر وەك چۆن بزوتنەوەی سەفەوی بەرهەمی بزاڤی تۆبەکردن بووە، بزوتنەوەی بارزانیش بەرهەمی ئەو بزاڤە بوە. پەرەسەندنی بزاڤی تۆبەکردن لەسەردەمی شێخ عەبدولسەلامی یەکەمدا بەدەستپێکی ڕاستەقینەی پەیدابونی شێخایەتیی بارزان‌و دەرکەوتنی بارزانییەکان وەك ئەکتەرێکی بەرچاو دادەنرێ، چونکە لەسۆنگەی ئەم بزاڤەوە تەکیە بوو بە سەنتەری سەرکردایەتی‌و بارزانییەکانیش لەکەمینەیەکی بێ بایەخەوە بونە گروپێکی جیاواز لەبیروباوەڕی ئاینیدا. بەم واتایە، میللەت بەپێی پێناسەی ناوبراو، دەرهاوێشتەی بزاڤی تۆبەکردنە چونکە بزاڤی تۆبەکردن ئەو بزاڤە بوو کەگۆڕانێکی دراماتیکیی لێ کەوتەوەو بەهۆیەوە هەنگاو لەبیروباوەڕەوە بەرەو گروپ هەڵهێنرا، واتە گواستنەوەیەك لەئاستی وێژەیی‌ی روتەوە بەرەو ئاستێکی ماددیی گشتی هاتە دی. ئەم گواستنەوەیە سەرچاوەی مێژوویی‌ی کەف‌و کوڵ‌و هێزی بیروباوەڕ پێکدێنێ.

هەر بەو چەشنەی کەهەردو تەریقەتی سەفەوی‌و بارزانی پاش پەرەسەندنی بزاوتی تۆبەکردن، لەهەلومەرج‌و کات‌و شوێنی جیاوازدا، لەبیروباوەڕی روتەوە بون بەگروپ، شۆڕبونەوە بەناخی مێژوی ئیسلامدا رونی دەکاتەوە کەئەم پرۆسەیە رەگ‌و ریشەی خۆی هەیە. یەکەم بزاوتی تۆبەکردن لەئیسلامدا لەکۆتایی‌ی سەدەی حەوتەمی زاینیدا پاش کوژرانی ئیمام حوسەین لەساڵی ٦٨٠ی زاینی پەیدا بوو، ئەویش بزاوتی تۆبەکارە شیعەکانە. تا ئەندازەیەك دەتوانرێ تۆبەکارە بارزانییە بەرایی‌یەکان بە تۆبەکارە شیعە بەرایی‌یەکان بچوێنرێن. بەم پێیە، لەکاتێکدا تۆبەکارە کوفییەکان یەکەم نیگاو نیشانەی ئەو گروپە بون کەدواتر گروپی شیعەی لێ پێکدێ‌و ئەندامەکانی پەیوەندیی سیاسی‌و بیروباوەڕی ئاینی کۆیان دەکاتەوەو

[٧٦] فاروق سومر، نقش ترکان اناتولی در تشکیل وتوسعه دولت صفوی، ترجمه دکتر احسان اشراقی ودکتر محمد تقی امامی، نشر گسترده، تهران، ١٣٧١، ص ٥-٦.

ڕێکخستنی سوپایی بۆ دژایەتیکردنی دەوڵەتی ئەمەوی پێکدێنن[٧٧]، بەهەمان شێوە تۆبەکارە بارزانییە بەراییەکان، واتە ئەوانەی کە بەلێشاو لەسەر دەستی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم تۆبەیان کرد، بەیەکەم نیگاو نیشانەی ئەو گروپە ئاینییە دەژمێردرێن کە پەیتا پەیتا نەشونمای کردو گەورە بوو.

لێرەدا نابێ ئەوەمان لەیاد بچێ کەجیاوازییەکی زۆر لەهۆکانی پەیدابوندا لەنێوان هەردو بزوتنەوە لەئارادایە. بزوتنەوەی تۆبەکارە شیعەکان زادەی هەستی شەرمەزرابیە لەکوژرانی ئیمام حوسەین. هەمو ئەوانەی بناغەی ئەم بزاڤەیان دامەزراند یان بەشدارییان تێدا کرد، ئەو هەستە بەسەریاندا زاڵە کە لەشەڕی کەربەلادا کەمتەرخەمییەکی زۆریان بەرامبەر بەئیمام حوسەین نواندووەو لەتەنگانەدا فریای نەکەوتون. لەئاکامدا بزوتنەوەی تۆبەکارەکان بزوتنەوەیەکی سیاسی- کۆمەلآیەتی- ئاینیی لێ کەوتەوە کەئامانجەکانی خۆی بەڕونی دیاری کردو ئاسەواری لەسەر ڕەوتی مێژوویی پەرەسەندنی گروپی شیعە بەجێ هێشت. بەلآم بزوتنەوەی تۆبەکارە بارزانییەکان بەرگێکی دیکەی لەخۆوە پێچا. ئەم بزوتنەوەیە زادەی هەست بەگوناه و شەرمەزاری نەبوو بەڵکو دەرهاوێشتەی هەست کردن بوو بەپێویستیی هێنانە دیی ژیانێکی یەکسانترو لەئاکامدا بزاڤێکی کۆمەلآیەتی- ئاینیی وای لێ کەوتەوە کەئومێدی ئایندەیەکی گەشتری بەگروپەکە بەخشی. لەژێر ئالآی شێخایەتییەکەدا تۆبەکارە بارزانییەکان ژیانێکی تازەیان بۆ خۆیان پێکەوە نا کە لەژیانی پێشویان جیاوازو پشت ئەستور بوو بەستراکتۆری کۆمەلآیەتی- ئابوری- ئاینیی تازە.

ڕێو ڕەسمی تۆبەکردن لەناوەڕۆکدا ئاماژە بۆ خۆ خاوێن کردنەوە دەکاو ئەگەر لەتێڕوانینێکی سەرتاپا سۆفیگەرییەوە سەیری بکەین، کاکڵەی نەریتەکە وا خۆی دەنوێنێ کەتاك بەبێ خۆڕاپسکاندن لەگوناهەکانی ناتوانێ ئەندامێتیی گروپێك بۆ خۆی مسۆگەر بکات کەستراکتۆری ئایدیۆلۆژیی پشت بەپاراستنی خاوێنیی بیروباوەڕ دەبەستێ. کاتێك تاك لەسەر دەستی شێخ خۆی خاوێن دەکاتەوە، شایستەی ئەوە دەبێ کەڕۆڵێکی دیار بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان بگێڕێ.

---

[٧٧] الدكتورة سميرة مختار الليثي، جهاد الشيعة في العصر العباسي الاول، هيئة انصار اهل البيت، قم، ١٩٨٣، ص ٢٧.

# بەشی چوارەم

# سیمبول و فاکتەرەکانی تۆکمەیی

## تەوەری یەکەم

# سیستمی گوێڕایەڵی

تا ساڵی ١٩٦٩ کەدوایین بەهێزترین رابەری روحانیی بارزانییەکان، شێخ ئەحمەد، کۆچی دوایی‌ی کرد، لەنێو هەمو گروپە ئاینییەکانی کورددا، هیچ سیستمێکی گوێڕایەڵی لەڕوی توندوتۆڵی‌و تۆکمەیی‌یەوە شانی لەشانی سیستمی گوێڕایەڵیی بارزانییەکان نەدەدا. ئەگەرچی لەبیروباوەڕی بارزانیدا شێخەکان کاریزمایان هەیەو بەپێی پێگەی ئاینی بەپیرۆز دادەنرێن‌و ئەگەرچی لەوەتەی تەکیەی بارزان بۆتە سەنتەری هێز، ئەم تایبەتمەندییانە بۆ هەمو شێخەکانی بارزان تایبەتمەندیی هاوبەش بووە، بەڵام ئەوەی شێخ ئەحمەد لەوانەی پێش خۆی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کەکاریزمایەکی زۆرترو پێگەیەکی لەوانەی پێشوو پیرۆزتری هەبوە. لەئاکامدا سەردەمەکەی، سیستمێکی توندوتۆڵترو تۆکمەتری گوێڕایەڵیی بەخۆوە بینی.

تۆکمەیی‌ی سیستمی گوێڕایەڵیی بارزانی یەکێکە لەگرنگترین نیشانەکانی بیروباوەڕی بارزانییەکان. سیستمی گوێڕایەڵی سیستمێکی تایبەت بەو بەهایانەیە کە بەهۆیانەوە ویست‌و شێوەی گوزەران‌و شێوازی بیرکردنەوەو تێڕوانینی تاك بۆ ژیان، بەزۆر یان بەخۆشی، بەپێی چەردەیەك بەهاو باوەڕو رێسای رێکخەر، مل بۆ ویستی کەسێك یان گروپێك یان دامەزراوەیەك بەمەبەستی بەدی هێنانی زۆرترین بڕی دیسپلین‌و پابەندبون‌و تۆکمەیی، کەچ دەکا.

ئاشکرایە کەشێخایەتیی بارزان بەسیستمێکی توندوتۆڵی گوێڕایەڵی سیاسەت‌و هەڵسوڕانی خۆی تۆکمە کردو لەم بوارەدا لەدراوسێکانی سەرکەوتووتر بوو. بەراوردکردنی سیستمی گوێڕایەڵیی بارزان لەگەڵ سیستمی گوێڕایەڵیی پەیڕەوکراوی ئۆرۆستۆکراسییە ئاینییە قادری‌و نەقشبەندییەکان ئەم مەسەلەیە ئاشکرا دەکا.

ئەو سیستمی گوێڕایەڵییەی کەشێخایەتیی نەهری بەدیی هێنا، بەقەد سیستمی گوێڕایەڵیی بارزانییەکان توندوتۆڵ نەبو. شێخایەتیی نەهری بەهەوڵ و ڕەنجی بنەماڵەیەك دامەزرا کەرەچەڵەکی خۆی دەبردەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی[1]. دەسەڵاتی ئاینیی ئەم بنەماڵەیە تێکەڵ بەدەسەڵاتی ماددی کرابوو و ئەمەش ئۆرۆستۆکراسییەکی ئاینیی بەهێزی لێ کەوتەوە. روخساری ئاینیی دەسەلات دەرفەتێکی وای بۆ شێخەکانی نەهری پێك هێنا کەملکەچ کردنێکی ئارەزومەندانە بۆ پەیرەوەکانیان بەدی بێنن. بەمجۆرە، سیستمی گوێڕایەڵیی شێخایەتیی نەهری، زادەی لێك ئالانی پاساوە ئاینییەکان و هێزی ماددی بوو. لەم رووەوە دەتوانرێ سەرنجی ئەوە بدرێ کەسێ تایبەتمەندی دەستیان هەبوە لەداڕشتنی سیستمی گوێڕایەڵیی شێخایەتیی نەهریداو لەم بارەیەوە ئەم سێ تایبەتمەندییە کرۆکی جیاوازییەکانی نێوان هەردو سیستمی گوێڕایەڵیی هەر یەك لەنەهری و بارزان پێکدێنن. یەکەم، بەشێکی گرنگی دەسەلاتی نەهری پشت ئەستور بوو بەسامانی ماددی. سەربارى ئەوەی کەشێخەکانی نەهری، وەك لەمەوبەر ئاماژەمان پێدا، لەگەورە زەویداران بون، دەستخستنی دارایی یەکی زۆر بەشێوەیەکی بەردەوام، بۆ بەرجەستەکردنی نیشانەکانی ئۆرۆستۆکراسی، نیشانەی تۆکمەیی ئابوری و ڕێکوپێکیی هەڵسوڕانی بنەماڵەکەیە. بەپێی لۆرد کورزون کە لەماوەی نێوان ۱۸۸۹-۱۸۹۰دا پەیامنێری ڕۆژنامەی لەندەنیی ((تایمس)) بوو لەئێران، نەهری لەسەردەمی شێخ عوبەیدوڵلادا ڕۆژانە لانی کەم ۵۰۰ میوانی هەبوە[2]. دووەم، ئاشکرایە کەنەهری سیستمی جیاوازییە چینایەتییەکانی هێشتەوەو لەو سۆنگەیەوە کەشێخەکان دەسەڵاتی ئاینیی و سامانی ماددییان تێکهەڵکێشی یەکتری کردبوو، بەدڵنیایی یەوە لەبەرژەوەندیی شێخایەتییەکەدا نەبو هەستی چینایەتی بوروژێنێ. بەشێوەیەکی گشتی، لەنەهری هاوسەرگیریی بەرژەوەندیی ماددی و بەرژەوەندیی ئاینی، سیستمێکی

[1] محەمەد حەمە باقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (۱۸۸۰) لەبەڵگەنامەی قاجاریدا، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٣.

[2] جرج ن. كرزن، ايران وقضيه ايران، جلد ۲، چاپ دوم، ترجمه غ. وحيد مازندرانى، مركز انتشارات علمى وفرهنگى، تهران، ١٣٦٢ ش، ص ۷۰۱.

کۆمەڵایەتیی ئۆلیگارچیی هێنایە کایەوە. هەندێ بڕگەی گرنگی یاداشتەکانی وەفایی، شاعیری سەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵاو خزمەتکاری دەروازەکەی بۆ ماوەی چوارده ساڵ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەرۆژگاری شێخ محەمەد ساڵح دا کەپاش شێخ تەهای یەکەم (کۆچکردوی ساڵی ١٨٥٣) فەرمانڕەوایی‌ی شێخایەتییەکەی گرتە دەست، زەویدارەکان پێشێلکارییەکی زۆریان دەرهەق بەجوتیارەکان دەکردو شێخیش خۆی لەهیچ تێنەدەگەیاند[٣]. سێیەم، هەمو ئەمانە، شان بەشانی چەند فاکتەرێکی تر کەپەیوەندییان بەپێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکانی شێخەکانی نەهرییەوە هەیە، وایان کرد نەهری لەرەفتاری کۆمەڵایەتییدا، لەفەلسەفەی هەژاران دور بکەوێتەوە. ئەگەرچی نەهری لەسەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵادا، کەدوا مەزنترین‌و بەناوبانگترین شێخەکانی بوو، لەجاران زیاتر پابەندی پشتگیری کردنی هەژاران بوو، بەڵام ئەمە نەگەیشتە رادەی هەموارکردنی پەیوەندیی نێوان جوتیاران‌و زەویدارەکان بەقازانجی جوتیاران. بەپێی وەفایی، زۆربەی کاتی شێخ عوبەیدوڵڵا "بەداوەریکردن‌و سەندنی مافی هەژاران بەسەر دەبرا"[٤]. گومان لەوەدا نیە کەشێخ عوبەیدوڵڵا زۆر دادپەروەرو بەتەنگ پاراستنی مافەکانی هەژارانەوە بوەو لەم رووەوە سەرجەم هەژارەکان کەپێویستیان بەکەسێك بوو مافەکانیان بۆ بگێڕێتەوە، ئەوەندە خۆشیان دەویست ناویان نابوو "باوك"[٥]. ئاشکراشە کەشێخ عوبەیدوڵڵا لەو گۆشە نیگایەوە سەیری مەسەلەکەی دەکرد کەهەڵسوکەوتی جوان لەگەڵ جوتیارە هەژارەکاندا نیشانەی گەورەیی‌و بەخشندەیی‌یەو خۆیشی بەپارێزگاری کردن لێیان ئارخەیان‌و ئاسودە دەبو. بەڵام دڵسۆزیی بۆ مەسەلەی هەژاران بەو رادەیە نەگەیشت کەلایەنگری گۆڕینی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی نێوان جوتیاران‌و زەویدارەکان بێ.

---

[٣] وەفایی، بیرەوەرییەکانی وەفایی، گردو گۆی ماموّستا قازی محەمەد خزر، وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٣٥.

[٤] هەمان سەرچاوە، ل٣٦.

[٥] دکتۆر جەلیلی جەلیل، راپەڕینی کوردەکان (١٨٨٠)، وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان، چاپخانەی زەمان، بەغدا، ١٩٨٧، ل ١٠٧.

هەر چۆنێك بێ، ئەگەرچی لێك ئالاندنی دەسەلاتی ئاینیو دەسەلاتی ماددی بوە مایەی تۆکمەکردنی سیستمی گوێڕایەڵیی نەهری، بەلام ئەم لێك ئالاندنە بەقەد ئەوەی کەویستویەتی هەردو دەسەلات بچەسپێنێ، ئەوەندەش بەو ئاکامە گەیشت کەجیاوازییە چینایەتییەکانی نێوان هەژارانو زەویدارە دەوڵەمەندەکان بچەسپێنێ. لەکۆتاییدا، ئەم تێکهەڵکێش کردنە رواڵەتی لاسەنگیی پەیوەندییەکانی نێوان شێخایەتییەکەو پەیڕەوەکانی پێ نەشاردرایەوە. لەق بونی سیستمی گوێڕایەڵی لەگەڵ دەستپێکی تێکەڵ بونی بازاڕی خۆماڵی بەبازاڕی سەرمایەداریی ئەوروپایی و هەنگاو هەڵهێنان بەشێنەیی لەدەرەبەگایەتییەوە بەرەو سەرمایەداری، ئاکامێکی سروشتیی ئەو هەلومەرجەیە کەتێیدا گومان لەڕەوایی‌ی بەردەوامبونی پەیوەندیی لاسەنگی جوتیارە هەژارەکانو زەویدارەکان پەیدا بوو. کورتەی باس ئەوەیە کەشێخەکانی نەهری پەیوەندییەکی زۆردارەکیی داپۆشراو بەڕوخسارەکانی باوکایەتیو دادپەروەریو ئاشتیی کۆمەلایەتییان دامەزراندو لەو سۆنگەیەوە سیستمی گوێڕایەڵییان نەیتوانی پێداویستییەکانی دەسەلاتی ئاینیو بەرژەوەندییەکانی دەسەلاتی ماددی لەگەڵ یەکتریدا بسازێنێ.

بەتەنیشت بارزانییەکانەوە، خێڵەکانی زێبارو برادۆستو سورچی بەپشتیوانیی پێداویستییە ماددییەکان سیستمی گوێڕایەڵیی خۆیان دامەزراند. بەلام ئۆرۆستۆکراسییە حوکمڕانەکانی ئەم خێلانە بەشێوەی جیاواز پاساویان بۆ دەسەلاتی خۆیان هێنایەوە. لەکاتێکدا ئۆرۆستۆکراسیی زێبار پەیوەندیی زۆردارەکیی پتەوی دامەزراند کەهیچ جۆرە تێکهەڵکێش کردنێکی هەردو دەسەلاتی ئاینیو ماددیی تێدا نەبوو و لەم سۆنگەیەوە سیستمی گوێڕایەڵیی بەشێوەیەکی رەها لەسەر بنەمای پەیوەندیی زۆردارەکی دامەزراندبوو، هەردوو ئۆرۆستۆکراسییەکەی برادۆستو سورچی سەرگەرمی دامەزراندنی پەیوەندیی هەمەجۆر بون لەگەڵ پەیڕەوەکانیاندا. بەلام پێکهاتەکانی برادۆست رۆڵێکی زۆریان بەفاکتەرە ئایدیۆلۆژییەکان نەدەبەخشی. بەمجۆرە، لەوێ بەرەنجامی کۆتایی تێکهەڵکێش بونێکی پتەوی دەسەلاتی ئاینیو دەسەلاتی ماددیی لێ نەکەوتەوە، لەکاتێکدا سورچییەکان توانییان هەردو دەسەلاتی ئاینیو ماددی تێکهەڵکێشی

یەکتری بکەن‌و لەم تێکهەڵکێش کردنی هەردو دەسەڵاتەوە ئۆرۆستۆکراسیی سورچی سەرچاوەی گرت. بەڵام هیچ کام لەدوو ئۆرۆستۆکراسییەکەی برادۆست‌و سورچی نەیتوانی سیستمێکی تۆکمەی گوێڕایەڵی دابمەزرێنێ، ئەگەرچی دەتوانرێ جەخت لەسەر ئەوەی بکرێ کەئۆرۆستۆکراسیی سورچی لەم بوارەدا لەئۆرۆستۆکراسیی برادۆست سەرکەوتوتر بووە، چونکە ئۆرۆستۆکراسیی سورچی لەئۆرۆستۆکراسیی برادۆست زیاتر بەرگی ئۆرۆستۆکراسیی ئایینی لەخۆوە پێچابوو. مانەوەی ناوەڕۆکی پەیوەندییەکە وەك پەیوەندییەکی زۆردارەکی لەنێوان هەردو ئۆرۆستۆکراسی‌و پەیڕەوەکانیاندا، وەك ئەوەی لەنەهری دەبینرێ، کاری کردە سەر ڕێزگرتنی کۆمەڵ لەپاکانەکانی گوێڕایەڵی. ئەمەش بوە هۆی بەرهەم هێنانی سیستمێکی گوێڕایەڵیی پشت ئەستور بەپەیوەندیی لاسەنگی نێوان جوتیارە هەژارەکان‌و زەویداران.

تایبەتمەندیی سیستمی ملکەچیی بەکۆمەڵ لەوە دایە کە لەیەك کاتدا دوو جۆر پەیوەندیی هاوتەریبی تێدایە کەپەیوەندیی زۆردارەکی‌و پەیوەندیی ئارەزومەندانەیە. تێکهەڵکێش کردنی دەسەڵاتی ئایینی‌و دەسەڵاتی ماددی بەو سەرەنجامە گەیشت کەپەیوەندیی زۆردارەکی‌و پەیوەندیی ئارەزومەندانە تێکەڵاوی یەکتری بون. لەم چوارچێوەیەدا، بەرامبەر بەدەسەڵاتی ئاینی، پەیوەندیی ملکەچکردنی ئارەزومەندانە هاتە ئاراوەو بەرامبەر بەدەسەڵاتی ماددی، پەیوەندیی ملکەچکردنی زۆردارەکی. جیاوازیی نێوان هەردو پەیوەندی لەوە دایە کەیەکەمیان پەیوەندیی ملکەچکردنەو ئەوی تریان لەگەوهەردا پەیوەندیی مل پێ کەچ کردنە. لەو سۆنگەیەشەوە کەهاوسەنگی، روخسارێکی زاڵە بەسەر پەیوەندییەکانی ملکەچکردنی ئارەزوومەندانەو مل پێ کەچ کردنی زۆردارەکیدا، مەرجەکانی پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی هەر دەمێننەوە. بەپێچەوانەوە، شێواندنی هاوسەنگییەکە بەقازانجی پەیوەندیی زۆردارەکی، کەئەمەش ئەو ئەنجامەیە کەزۆربەی ئۆرۆستۆکراسییە ئایینییەکان بەهۆی گەشەکردنی پەیوەندیی سەرمایەداری لەناوچە کشتوکاڵییەکاندا پێی گەیشتن، بوە هۆی پەرەپێدانی ئارەزوی بەکارهێنانی زەبروزەنگ‌و تەنگەبەرکردنی پەراوێزی متمانە لەپەیوەندیی نێوان هەردو لادا.

هەمو ئۆرۆستۆكراسییە ئایینییەكان لەكۆتاییدا روبەڕوی نەگونجانی چوارچێوە مێژوییی‌یە ناتەباكان بونەوە. دیارە ئەمە ئاكامی سروشتیی هەمو پەیوەندییەكی لاسەنگە چونكە پەرە ئەستاندنی پەی بردن بە بەرژەوەندییە چینایەتییە ناتەباكان كاری كردە سەر میتۆدی بیركردنەوەی شوێنكەوتووەكانو دوراییی‌یەكی چینایەتیی بەشێوەی هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی ماددیی ئۆرۆستۆكراسیی ئاینی بەخشیو لەسەرەنجامی كۆتاییدا پابەندبون بەڕابەرایەتیی ئاینی بووە پابەندبونێكی سەرزارەكی یان روكەش.

هەر وردبونەوەیەك لەچارەنوسی ئۆرۆستۆكراسییە ئاینییەكان بەو سەرەنجامە دەگات كەشێخایەتیی بارزان بەپێچەوانەی هەمو ئۆرۆستۆكراسییە كشتوكاڵیو ئاینییەكانی دەوروبەری خۆیو ناوچە دورەكانەوە، لەبەر چەردەیەك هۆ كەپەیوەندییان بەشێوەی پێكهاتە خۆیی‌یەكانییەوە هەیە، خۆی لەوە پاراست كەئۆرۆستۆكراسییەكی ئاینیی لێ بكەوێتەوە.

لێرەدا مەسەلەكە پەیوەندیی بەئۆرۆستۆكراسییە ئاینییەكانی ناوچە دراوسێكانەوە نیە، چونكە هەمو ئۆرۆستۆكراسییە ئاینییەكانی تر نەیانتوانی سیستمێكی پتەوی گوێڕایەڵی دروست بكەن. لەم سەروبەندەدا نەقشبەندییەكان لەشێخایەتیی بیارە پێكهاتەیەكی ئایدیۆلۆژیی هاوشێوەی پێكهاتەی ئایدیۆلۆژیی نەهرییان دامەزراندو بەهۆیەوە دەسەڵاتی ئۆرۆستۆكراسیی ئاینییان، بەتایبەتی لەڕۆژگاری هەردو شێخ حوسامەددینو عەلادیندا، گەیاندە لوتكە. بەهەمان پێودانگ، تەریقەتی قادری كەتەریقەتێكی سۆفیگەرییەو پێش پەیدابونی نەقشبەندی لەنێو كورددا باو بووە، لەڕەوتی پەرەسەندندا گۆڕانی لەشێوەی دەسەڵاتدا بەدی هێناو لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەسەڵاتی ئاینیو دەسەڵاتی ماددیی تێكهەڵكێشی یەكتری كردو وەك چۆن وەهابیزم بوو بەئایدیۆلۆژیای فەرمیی میرە سعودییەكان، ئەویش بوو بەئایدیۆلۆژیای فەرمیی میرەكانی بابان لەهەرێمی سلێمانیو ئیتر لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەدواوە ناكرێ وەك فەلسەفەی هەژاران تەماشای بكرێ. تەریقەتی تاڵەبانیش كەلقێكی قادرییە، بەهەمان سەرەنجام گەیشت.

بەمجۆرە، لەکاتێکدا چەندین ئۆرۆستۆکراسیی ئاینی لەدەوروبەری بارزان‌و مەڵبەندە نەقشبەندی‌و قادرییەکانی باشوری زێی بچوك پەیدا بون، لەبارزاندا هیچ ئۆرۆستۆکراسییەکی ئاینی پەیدا نەبو. ئەمەش کاریگەریی لەسەر تایبەتمەندییەکانی سیستمی گوێڕایەڵیی بیروباوەڕی بارزانییەکان هەبو.

هەوڵدان بۆ تۆکمەکردنی دەسەڵاتی ئاینی، شێخەکانی بارزانی دوچاری ململانێیەکی سەخت کرد لەگەڵ دەوروبەری خۆیاندا چونکە بارزان تەنها بەپەیداکردنی پەیڕەوانی تر دەیتوانی پەلوپۆ بهاوێ. لەسەرەنجامی کۆتاییدا، ئەم رەوشە بەکردەوە بەمانای دامالینی هێزی بەرهەم هێنان لەدامەزراوەی دەرەبەگایەتی دەهات.

ئاشکرایە کەبیروباوەڕی بارزانی هیچ تێکهەڵکێش کردنی دەسەڵاتی ئاینی‌و ماددیی تێدا نیەو شێخەکانیشی نەبون بەزەویدار. دیاردەیەك کەهەم لەسەردەمی قادریدا هەم لەسەردەمی نەقشبەندیدا لەنەهری‌و هەروەها لەسلێمانیی قادری‌و بیارەی نەقشبەندی‌و هەروەها لەنێو تاڵەبانییەکاندا دەبینرێ‌و تێیدا دەسەڵاتی ئاینیی شێخەکان تێکەڵ بەدەسەڵاتی ماددیی زەویداری بووەو ئەمەش روخسارێکی ئاینیی بەدامەزراوەی دەرەبەگایەتی بەخشیوە، لەشێخایەتیی بارزاندا نابینرێ. ئەمە بەو واتایە دێ کەبارزان هیچ جۆرە پەیوەندییەکی زۆردارەکیی بەرهەم نەهێناوەو ملکەچبونی پەیڕەوەکانیشی ملکەچبونێکی تەواو ئارەزومەندانە بووە. بەمجۆرە، لەکاتێکدا شێخایەتییەکە لەڕەوتی پەلهاوێشتنی شێنەییی ئاسۆییدا توشی هیچ رکابەرییەك لەگەڵ جوتیاراندا بۆ بەدەست هێنانی زەوی نەبوو، هەلومەرجێکی وای پێکهێنا کەتێیدا توانی پەیڕەوەکانی بباتە سەر ئەو باوەڕەی کەملکەچکردنیان بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لێی رادەبینرێ ئازادییان بۆ بەدەست بێنێ. ئاشکراشە کەهەلومەرجی ململانێی دژواری نێوان بارزان‌و نەیارەکانی، یەکێ لەگرنگترینی ئەو فاکتەرانە بوو کەبونە هۆی دابین کردنی بنچینەیەکی خورت‌و توندوتۆڵ بۆ سیستمی گوێڕایەڵی.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ بۆ لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی هۆی توندوتۆڵیی سیستمی گوێڕایەڵیی بارزانییەکان تەنها بەم تێڕوانینە رازی بین. دیارە لەم بارەیەوە هۆی کاریگەرتر هەیە کەڕەنگدانەوەی پەیکەرە ئایدیۆلۆژییە

تایبەتەکانەو بۆتە مایەی فۆرمۆلەبەندی کردنی سیستمی توندوتۆڵی گوێڕایەڵی شێخایەتییەکە.

لێرەدا مەسەلەکە پەیوەندیی بەم تیۆرییەوە هەیە کەپێی وایە لەنێو مرۆڤدا کەسانێکی روحانی هەن توانای پێکەوە گرێدانی ناسوتو لاهوتیان هەیە، واتە بەهرەی بەستنەوەی جیهانی خوارەوەیان بەجیهانی سەرەوە هەیەو لەسۆنگەی ئەم بەهرەیەوە شایستەی چەردەیەك ئاوەڵناوی ئاینین کەڕەنگدانەوەی پێگەیانە لەناو پەیڕەوەکانیاندا وەك کەسانێکی خاوەن پایەی بەرز. شێخەکانی بارزان دەسەڵاتی خۆیان لەسەر ئەو بنچینەیە دامەزراند کە دەسەڵاتەکە لەکەوشەنی جیهانی ماددی واوەتر دەڕوا. ئەم تیۆرییە لەبیروباوەڕی ئیسماعیلییەکاندا شتێکی نامۆ نیە بەڵام خودی بیرۆکەکە بیرۆکەیەکی ئیسماعیلی نیە چونکە رەگو ریشەکەی لەمە قوڵترەو بەرەچەڵەك دەچێتەوە سەر بیروباوەڕی گنۆستیك کە لەکەناڵی فەلسەفەی یۆنانییەوە بۆ ناو ئیسماعیلیەت گوێزراوەتەوە. ماكو کرۆکی تیۆرییەکە باس لەوە دەکا کەڕابەری روحانی تەنها رابەرێکی روحانی نیە بەڵکو هەروەها رزگارکەری پەیڕەوەکانێتی لەگێچەڵو شەڕانگێزییەکانی جیهانی ماددی.

بەم پێیە، شێخایەتیی بارزان پەراوێزی تیۆرییەکەی فراوانتر کرد، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی کەمەسەلەکە لەوە تێدەپەڕێ کەرزگارکردنی پەیڕەوەکان لەدامەزراوەی دەرەبەگایەتی تەنها رزگارکردن بێ لەستەمی ماددی. لەم روانگەیەوە شێخایەتییەکە پەیڕەوەکانی خۆی بردە سەر ئەو باوەڕەی کەئەوان تەنها لەچەوسێنەرانی جیهانی ماددی رزگار نەکراون، بەڵکو هەروەها ژیانی نەمریی جیهانی باڵاشیان بۆ مسۆگەر کراوە.

بەمجۆرە، کاتێك بیروباوەڕی بارزانی لەگەڵ بیروباوەڕی ئۆرۆستۆکراسییە ئاینییەکاندا بەراورد دەکرێ، دەتوانرێ تێبینیی ئەوە بکرێ کەبارزان لەئۆرۆستۆکراسییە ئاینییەکان زۆرتر بەتەنگ رزگارکردنی پەیڕەوەکانی بووە لەگێچەڵو شەڕانگێزییەکانی جیهانی ماددی. پابەندبونی بارزان بەم ئەرکە مانای هەست کردن بەلێپرساوەتی دەگەیەنێ، لەکاتێکدا بەهەند وەرنەگرتنی ئەم ئەرکە لەلایەن ئۆرۆستۆکراسییە ئاینییەکانەوە مانای هەست کردنێکی

**کەمتر بەلێپرسراوەتی دەگەیەنێ. هۆیەك كەوای كرد بەكارهێنای چەمكی ((رزگاركەر)) لەئۆرۆستۆكراسییە ئاینییەكاندا كارێكی دژوار بێ، ئەوەیە كەڕزگاركەر پەیوەندییەكی بەتین لەنێوان رزگاربونی تاك لەگێچەڵو شەڕانگێزییەكانی جیهانی ماددیو لەنێوان دەستەبەركردنی چونە ناو مەلەكوتی ئاسمان دروست دەكا. ئەم بیرۆكەیەش لەماكو سەرچاوەدا بیرۆكەیەكی سۆفیگەرانەیەو لەگەڵ خۆشگوزەرانیی ئۆرۆستۆكراسییە ئاینییەكاندا وێك نایەتەوە.**

**ریشەی چەمكی ((رزگاركەر)) دەچێتەوە سەر گنۆستیك كەئاینێكە لەمەسەلەی تێگەیشتنی جیهاندا پشت بەفەلسەفە دەبەستێ. لەسەدەی دووەمی زاینیدا گنۆستیكی ئەفلوتینیی تازە لەو ولاتانەدا گەشایەوە كە لەژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریی رۆمانیدا بونو ترادیسیۆنە فەلسەفییەكەی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراند كەتێكڕای بون زادەی تیشكو درەوشانەوەی زاتی خوایەو ئەم تیشكو درەوشانەوە پیرۆزە چەند بەرەو نزمی چووە، ئەوەندە تروسكەی كەمتر بووەو لەخەفەترینو خامۆشترین درەوشانەوەو ناپاكترین روناكی، جیهانی ماددی پەیدا بووە. لێرەدا، دەبینین گنۆستیك هەولێداوە جیهانی ماددی وەك جیهانێكی پڕ گێچەڵو شەڕانگێزیو جیهانی بالاَ وەك جیهانێكی بەرزو پاكو پیرۆز نیشان بداتو لەتێڕامانێكی پڕ رەشبینیدا جیهانی روحی یەكسان بەجیهانی روناكیو جیهانی ماددەی یەكسان بەجیهانی تاریكی كردوە. لەم روانگەیەوە، گنۆستیك جەختی كردە سەر پێویستیی وازهێنان لەخۆشگوزەرانیی ماددیو رووكردنە دورەپەرێزیو دەست لەدنیا بەردان[٦]. دواتر، ئەم نۆڕینە بۆ ناو مەسیحایەتیو پاشان بۆ ناو ئیسلام گوێزرایەوە. لایەنێكی مەسەلەكە كە لەم بارەیەوە كاری بەسەر ئیسلامەوە هەیە، ئەوەیە كە لەئیسلامدا مەبەست لەوشەی "دنیا" جیهانی ماددییەو ئەم وشەیە لەفەرهەنگی دەستەواژە ئاینییەكانی ئیسلامدا بەمانای ((ژێرەوە)) دێو لەماكو ناوەڕۆكدا مانایەكی سوكو چروكی هەیە.**

---

[٦] ئارتور كریستێنسێن، ئێرانی سەردەمی ساسانییەكان، وەرگێڕانی سەلاحەددین ئاشتی، بنكەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٤٦.

چەمکی "رزگارکەر" لەهەمو کتێبە گنۆستیکییەکاندا هەیە. لەهەمو ئەم کتێبانەدا بەڵێنی دەرکەوتنی رزگارکەرێك کەڕابەرایەتیی پەیڕەوە پاکەکانی خۆی دەکاو بەرەو رزگاریی هەمیشەییان دەبا، بەرچاو دەکەوێ[7]. لەسەدەی دووی زاینییەوە چەشنە تێکهەڵکێش بونێك لەنێوان گنۆستیك‌و مەسیحایەتیدا هاتە دی‌و ئەوەی ئەم تێکهەڵکێش بونە نیشان دەدا ئەوەیە کەگنۆستیکەکان بیروباوەڕەکانی ئینجیلیان کردە بەڵگەی راست‌و رەوانیی بانگەشەکەیان. لەهەندێ لەدەقە پیرۆزەکانی ناو ئینجیلەکاندا ناوی رزگارکەر بەرچاو دەکەوێ کەمەسیحە. پێدەچێ بەشێکی زۆری فێرگە گنۆستیکییەکان بەو چاوە سەیری مەسیحایەتییان کردبێ کەگوزارشتێکی مێژوییی گنۆستیکەو لەم سۆنگەیەوە ژمارەیەکی زۆری گنۆستیکەکان بون بەمەسیحی، لەو روانگەیەوە کەمەسیح ئەو رزگارکەرە چاوەڕوانکراوەکەیە[8]. دەکرێ وا دابندرێ کەدەرکەوتنی بیرۆکەی "رزگارکەر" لەئینجیلەکاندا ئەنجامی کەوتنە ژێر کاریگەریی بۆچونە گنۆستیکییەکانە دەربارەی ئەم بابەتە.

تەنها مەسیحایەتی نیە کەچەمکی رزگارکەری لەگنۆستیك وەرگرتبێ. پێش یان پاش ئەمە یان پاش تێکهەڵکێش بونی مەسیحایەتی‌و گنۆستیك‌و رەنگە لەڕێی مەسیحایەتییەوە، چەمکی رزگارکەر لەبیروباوەڕی زەردەشتیدا دەرکەوت. بەشێوەیەکی گشتی، زەردەشتی وەك گنۆستیك‌و مەسیحایەتی، وردەکاریی زۆری دەربارەی رزگارکەر نەخستۆتە بەر دەست. بەپێی ئاینی زەردەشتی، زەردەشت پاش سێ هەزار ساڵ لەئافراندنی جیهان پەیدا بووەو جیهان پاش زەردەشت تەنها سێ هەزار ساڵی تر بەردەوام دەبێ. جیاوازیی نێوان زەردەشتی‌و مەسیحایەتی لەوەدایە کە لەمەسیحایەتیدا رزگارکەر خودی مەسیحەو لەزەردەشتیدا رزگارکەر هەر هەزار ساڵ جارێك تازە دەبێتەوەو لەسەرەتای هەر هەزار ساڵێکدا رزگارکەرێك (سۆشیانس) لەڕەچەڵەکی زەردەشت پەیدا دەبێ کەشەڕی دوژمنەکان‌و رابەرایەتیی پەیڕەوەکانی دەکا[9]. ناوهێنانی زەردەشت وەك

---

[7] هەمان سەرچاوە، ل ٤٧.

[8] هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

[9] هەمان سەرچاوە، ل ١٩٠.

((رزگارکەری رەگەزی مرۆڤ))لـەو هەرێمانـەدا کەتێکـەڵاوبونی کـەلتورەکانیان بەخۆوە دیبو[10]، بەو چاوە تەماشا دەکرێ کەنیشاندەری تـێنو تـاوی کاریگەرییـە گنۆستیکییەکانە.

زنجیرەیەکی درێژی بیروباوەڕەکان لەزەردەشتیو مەسـیحایەتییەوە تـا ئیسـلامو دواتر ئیسماعیلیەت، بەپلەی جیاواز گنۆستیك کاری تـێ کـردون. ئـەوەی لێـرە پەیوەندیی بەچەمکی رزگارکەرەوە هەیە، ئەوەیە کەپاساوی دەرکەوتنی رزگارکەر لەمەسـیحایەتیدا جیایـە لەپاسـاوی دەرکـەوتنی لەئیسـلامدا. لەکاتێکـدا مەسیحایەتی وای بۆ دەچێ کەمەسیح، پاش گوناهە گەورەکە، لەپێناوی مرۆڤـدا ((خۆی بەخت کردووە))و مرۆڤی لەنەفرەتی هەمیشەیی رزگار کـردووە، ئیسـلام وای دەبینـێ کەدەرکـەوتنی پێغەمبـەر موحەممـەد زادەی دلۆڤـانیو دڵنـەرمیی خوایەو لەم سەروبەندەدا ناردنی دوایین پێغەمبەر لەلایەن خواوە، چانسێکی تـری بۆ دەستبەرکردنی رزگاریی هەمیشەیی بۆ مرۆڤ پێك هێناوە.

کاریگەریی گنۆستیك لەهەمو ئەو بیروباوەڕانـەدا کـەبیردۆزەی رزگارکـەریان بەپلەی جیاواز تێدا بەدی دەکرێ، رونو ئاشکرایە. تەماشاکردنی جیهانی ماددی بەچاوێکی سوکەوە بەهێمای بەرز راگرتنـی پـیرۆزیو پـاکیو بـاڵایی جیهـانی نامادی دادەنرێ. لەگەڵ سـەقامگیربونی ئـەم چوارچـێوەیەدا، رۆشـن دەبێتـەوە کەگنۆستیك رەنگدانـەوەی فەلسـەفەی ئـەو هەژارانەیـە کەمـەراقی گەنجینـەو سامانی جیهانی ماددییان نیە. کاتێك گنۆسـتیك لەڕوانگـەی ئـەو ئامانجانـەوە هەڵدەسەنگێنرێ کەخۆی بۆ خـۆی دانـاوە، دەردەکـەوێ کەهـەمو مەبەسـتەکەی بانگەشەکردنە بۆ توانای گەیشتنی مرۆڤ بەڕاستیی رەها. گنۆستیك لەڕەوتی خۆ ناساندندا وا خۆی ناساندووە کەرێگای رزگاربونی مرۆڤەو نوێنەرایەتیی زانسـتی راستی دەکا[11]. بەدی هێنانی ئەم ئامانجە، نە پێویستی بەرێو رەسمی ئاینییەو نە ئیکلیرۆسی ئاینیی دەوێ. ئەمەش وای کردوە گنۆستیك خۆی لەخۆیدا فەلسەفەی ئاینێکی بێ رێو رەسمو بێ ئیکلیرۆس بێ. بـەڵام لەدیـدی گنۆسـتیکەوە هـەمو

[10] هەمان سەرچاوە، ل ٤٥.

[11] هەمان سەرچاوە، ل ٤٨.

مرۆڤێك لێی رانابینرێ بتوانێ بگا بەڕاستیی رەهاو لەبەر ئەوەی توانای تاکەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە وەك یەك نیە، تاکـەکان پێویسـتیان بەکەسـانێك دەبێ رێ نیشاندەرو رزگارکەر بن. لێرەوە بیرۆکەی رزگارکەر دەردەکـەوێ. گومـان لەوەدا نیە کەڕزگارکەر تـەواوی نیشـانەکانی پیرۆزیـی تێدایـە، بـەڵام نـەك وەك کەسێکی پیرۆز، بەڵکو وەك پەیوەستی نێوان جیهانی مـاددەو جیهـانی روحو وەك خـاوەنی ئـەو بەهایـەی کەدەرفـەتی دەداتـێ بتوانـێ پەیوەنـدی بـەجیهانی میتافیزیکەوە بکا.

گنۆستیك هەمو ئەم بەهرانەی دا بەمەسیحایەتی وەك ئـاینو بەمەسـیح وەك رزگارکەر. هـەر یـەك لەزەردەشـتیو مەسـیحایەتیو ئیسـلام بـەو بیروباوەڕانـە دەستیان پێ کرد کەجیهانی مـاددی بـەقێزەون دادەنـێنو برێکـی زۆری مـەیلی سۆفیگەرانە بۆ خۆیـان دەهێڵنـەوە. بـەڵام پێویسـتیی زەردەشـتی بەپشـتیوانیی پاشـاکانو پێویسـتیی مەسـیحایەتی بـەوەرگرتنی گەلـە بـت پەرسـتەکانو پشتیوانیی رۆماو پێویسـتیی ئیسـلام بەڕاکێشـانی مەککـە بـەلای خۆیـدا بـۆ دەستبەرکردنی بڵاوبونەوە، مەیلە سۆفیگەرییەکانی ناو ئەم ئاینانەی کـز کـردو هانی دان رێو رەسمی ئاڵۆز بۆ پەیڕەوەکانیان پەیدا بکەن.

مـەرجەکانی گنۆستیك بـۆ رزگارکـەر، دواتـر بـۆ نـاو بیروبـاوەڕی شـیعەکان گوێزرانەوەو لەلای ئیسـماعیلییەکان گەیشـتنە لوتکـە. وردبونـەوە لەسروشـتی بیروباوەڕی بارزانی نیشانی دەدا کەئەم بیروباوەڕە تیۆریی رزگارکەری تێدایە. لـەم بارەیەوە دەتوانرێ سـەرنجی ئـەوە بـدرێ کەپێکهاتـەی ئایـدیۆلۆژیی بیروبـاوەڕی بارزانی لەو گۆشە نیگایەوە کـەهیچ سـنورێك بـۆ پیرۆزیـی رابـەرەکان دانانـێو چـەندی پـێ دەکـرێ سیسـتمی گوێڕایـەڵی بـەهێزو تۆکمـە دەکـاو رۆڵێکـی ئیسکاتۆلۆژی بەشێخەکان دەبەخشێ، دۆخێکـی وا پێکـدێنێ کەتێیـدا بـەرگی رزگارکەر دەکاتە بەری رابەرە روحانییەکانی.

بەم شـێوەیە، بیروبـاوەڕی بـارزانی کەسـایەتیی رزگارکـەری لەشـێخەکانیدا بەرجەستە کردو لەم روەوە مـایەی تێڕامانە کەتوانای پەیوەندی کـردن بـەجیهانی میتافیزیکـەوە سەرچـاوەی پیرۆزیـی رزگارکـەر پێکـدێنێ. لـەنێو هـەمو ئـەو بیروباوەڕانەدا کەبانگەشەیان بۆ بیرۆکـەی رزگارکـەر کـردووە، پەیوەنـدی کـردن

بـەجیهانی ئـەودیوی مـاددەوە لـەناوەڕۆك‌و گەوهـەردا پرنسـیپێکی ناڕۆشـن‌و تەمومژاوییەو لەتوانادا نیە بزانرێ ئەو پەیوەندی کردنە چۆن دێتە دی. بەگشتی، ئـەم بابەتـە دەچـێتە چوارچـێوەی پەنهانییـە تایبەتـەکانی هـەر بیروباوەڕێـك‌و شیکردنەوەی تەلیسمەکانی زۆر دژوارە.

لەنێوان بیرۆکەی رزگارکەرو شێوەی گوزەران لەو پێکهاتـە کۆمەڵایەتییانـەی کەچەشنە ژیانێکی بەکۆمەڵیان تێدایە، پەیوەندییەکی بەتین هەیە. چوارچـێوەی گشتیی ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییانە رونی دەکاتەوە کە لەهەمویانـدا هـەرەوەزو هاوبەشـی لـەداهاتی گشـتیدا، نەهێشـتنی کۆیلـەداری‌و بێگـار، نەهێشـتنی خاوەنێتی‌ی زەویی فراوان‌و دابەشکردنەوەی زەوی، سەرباری ئاکاری کۆمەڵایـەتیی تایبەت، بەدی دەکـرێ. بـەڵام ئـەم پێکهاتـە کۆمەڵایەتییانـە پشـت ئەسـتورن بەپشتگیری‌و هاوکاریی چەشنە پێکهاتەیەکی ئاینی کە بەپێچـەوانەی پێکهاتـە ئاینییەکانی ترەوە، نە ئیکلیرۆس‌و نە چـینی پیـاوانی ئـاین‌و نـە هـیچ چەشـنە ریزبەندییەکی لەهەیکەلی گشتیدا هەیەو نە پێویسـتی بـەرێ‌و رەسمـە، نـە بـە ئەرکی ئاینی.

تێگەیشتنی فەلسەفیی ئیسماعیلییەت بۆ کۆمەڵگای بەهەشتی سـەر زەوی لەم پێکهاتانەدا رەنگی داوەتەوە. بەکردەوە، ئەم کۆمەڵگایانە لەباشوری عـیراق‌و رۆژهـەڵاتی نیمچـە دورگـەی عـەرەب لەسـەر دەسـتی قرمتییـەکان‌و هـەروەها لەئالموت لەئێران لەسەر دەستی ئیسماعیلییە نزارییەکان دامەزران.

وەك لەهـەمو بیروباوەڕەکـانی بیرۆکـەی رزگارکـەردا بـاوە، لـەبیروباوەڕی بارزانییەکانیشـدا رزگارکـەر رۆڵـی خـۆی وەك گوزارشـتێك لـەدوراییی‌یـە فەلسەفییەکەی ویست دەبینێ. بەجۆرە، چوارچـێوەیەك کەڕابـەرە روحانییـەکانی شێخایەتیی بارزان بەرگی رزگارکەریان تێدا کردۆتە بـەر، نیشـانی دەدا کەئـەو رابەرانە پەیڕەوەکانیان لەچاوچنۆکیی سـامانی مـاددی رزگـار کـردووەو ئەرکـە ئاینییەکانیان لەکۆڵ کردونەتەوە، ئـەویش لـەو روانگەیـەوە کەپـەیڕەوەکان بـێ پەروان لەوەی کەڕابـەرە روحانییەکـەیان دەتوانـێ لێپرسـراوەتیی گوناهـەکانیان بگرێتە ئەستۆو لەجیهانی میتافیزیکدا لێخۆشبونیان بۆ دەستەبەر بکـات. ئـەم بیرۆکەیـــە زۆر لەبیرۆکـــەی رزگارکـــەری مەســـیحایەتییەوە نزیکـــە چـــونکە

لەمەسیحایەتیدا مەسیح بەتاقی تەنیا گوناهی هەمو مرۆڤایەتیی لەملی خۆی ناو بەم کارەی مرۆڤی لەداوێن پیسی خاوێن کردەوە. هێزی ئەم بیرۆکەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کەمادام مەسیح لێی رادەبینرێ بتوانێ پەیوەندی لەگەڵ جیهانی میتافیزیکدا دابمەزرێنێو توانیویەتی ئاگاداری راستییە رەهاکە بێو ئاشنایەتی لەگەڵ هەمو ئەو نهێنییانەدا پەیدا بکا کەمرۆڤی ئاسایی بۆی نەلواوە بیانزانێ، لەم سۆنگەیەوە باوەڕ بەمەسیح خۆی لەخۆیدا بۆ مسۆگەرکردنی رزگاربون بەسە. دانانی باوەڕ بەپێغەمبەرایەتیی مەسیح وەك تاکە مەرجی رزگاربون، لەسەرەتای پەیدابونی ئیسلامدا کاریگەریی لەسەر ئیسلام بەجێ هێشتو لەم سەروبەندەدا باوەڕ بەپێغەمبەرایەتیی پێغەمبەر موحەممەد تا ماوەیەکی درێژی قۆناغی مەککە بەس بوو بۆ بونی بتپەرست بەموسڵمان. لەم خاڵەدا جیاوازیی نێوان هەردو ئاین پەیوەندیی بەو ژینگەیەوە هەیە کەهەر یەکێکیان لێی پەیدا بووە، چونکە لەکاتێکدا مەسیحایەتی لەژینگەیەکی یەکتاپەرستدا پەیدا بوو، ئیسلام لەژینگەیەکی فرە خوادا سەری دەرهێنا. ئەمە رونی دەکاتەوە کەمەسیح پێویستی بەبانگهێشت کردنی جولەکە بۆ یەکتاپەرستی نەبوە چونکە جولەکە لەبنەڕەتدا یەکتاپەرست بووەو تەواوی هەوڵو کۆششی مەسیح بۆ ئەوە بووە کەجولەکە باوەڕ بەپێغەمبەرایەتییەکەی بکات. ئەم ئەرکە بەشێوەیەکی دژوارتر روبەڕوی پێغەمبەر موحەممەد بۆوە چونکە ئەرکی پێغەمبەر موحەممەد بانگهێشت کردن بوو بۆ دوو پرنسیپی هاوتەریب کەتاکیی خواو پێغەمبەرایەتیی خۆی بوو.

بیرۆکەی رزگارکەر تەنانەت لەنێو تەریقەتی نەقشبەندیشدا دەبینرێ، بەڵام نەك بەشێوەیەکی زەق. لەنەقشبەندیدا بیرۆکەی رزگارکەر بەشێوەی ((رێ نیشاندەر)) نەك بەشێوەی ((رزگارکەر)) دەردەکەوێ. لەبەر جیاوازیی نێوان سروشتی ((رزگارکردن))و سروشتی ((رێ نیشاندان))، جیاوازی لەرادەی پابەندبونی پەیڕەوو ئاستی لێپرساوەتیی رێ نیشاندەر پەیدا دەبێ، جگە لەوەی کەمانای سایکۆلۆژیی رزگارکردن کاریگەرییەکی زۆرتر لەمانای سایکۆلۆژیی رێ نیشاندان دەنوێنێ. جیاوازییەکی تریش هەیە پەیوەندیی بەسروشتی کارەوە هەیە چونکە رێنمایی کردنی نەقشبەندییانە ئەوەندەی بەرگێکی ئەخلاقی

لەخۆوە دەپێچێ ئەوەندە بەرگێکی ئیسکاتۆلۆژی لەخۆوە ناپێچێ‌و لەم رووەوە رێ نیشاندەر پەیرەو خاوێن دەکاتەوە، لەخراپەو کەموکوڕی رزگاری دەکاو بەناسینی خوای دەگەیەنێ[12]. سەبارەت بەخودی ئەم خاڵە، لەنێوان بیروباوەڕی نەقشبەندی‌و بیروباوەڕی بارزانیدا جیاوازی هەیە چونکە شێخەکانی بارزان خۆیان لێپرساوەتیی ناسینی خوا دەگرنە ئەستۆو پەیڕەوەکانیان نابەنە سەر ڕێی ناسینی خوا بەشێوەیەکی رەها. نەقشەبەندی بەجەخت کردنی لەسەر رۆڵی وێژەیی رێ نیشاندەری روحانی، بەشداریی لەپتەوکردنی پلەو پایەی رابەری روحانیی بارزانییەکاندا کردو لەئاکامدا سیستمی گوێڕایەڵیی بارزان برێکی زۆرتری تۆکمەیی بەخۆوە بینی.

شێخایەتیی بارزان بانگەشەی بۆ هیچ ئیکلیرۆسێکی ئاینی نەکردو بەهۆی ئەمەوە چینی پیاوانی ئاین لەشێخایەتییەکەدا پەیدا نەبو. بەلام دەبێ ئەوە لەبەرچاو بێ کە لەهەمو بیروباوەڕە ئیسلامییەکانی ناوچەکەدا نەبونی ئیکلیرۆس روخسارێکی گشتییە. ئێزدییاتیی لێ بترازێ کەپێدەچێ مێژوی دەرکەوتنی پلەبەندییە ئاینییەکانی بۆ سەدەی دوانزەهەمی زاینی بگەڕێتەوە، بیروباوەڕە لۆکالییەکانی کورد نە هیچ پۆلینێکی ئاینییان بەخۆوە دیوە نە هیچ چینێکی تایبەت بەپیاوانی ئاین. بەهەر حاڵ، ئێزدییاتی پەیوەندیی بەئیسلامەوە نیەو ئێزدییەکان بڕوایان وایە کەشێخ عودەی کوڕی موسافر، کەکەسێکی نامۆیە لەمێژوی ناوچەکەدا، داهێنەری ئەو پۆلینەیەو[13] ئەگەر داهێنەریشی نەبێ رەنگە ئەو کەسە بێ کە سەرلەنوێ رێکی خستبێتەوە.

لەم بوارەدا، بیروباوەڕی بارزانی وەك درێژەپێدانێکی رەسەنی بیروباوەڕی ئیسماعیلییەکان دێتە بەرچاو. لەگۆشەنیگای پەیوەندیدار بەئیکلیرۆسەوە، بەراوردکردنی بیروباوەڕی بارزانی لەگەڵ هەر یەك لەمەسیحایەتی‌و ئیسلام لێکچونێکی ئاشکرا دەردەخا. وەك چۆن مەسیحایەتی‌و لەدوای ئەویش ئیسلام بەبێ ئیکلیرۆس دەستیان پێ کرد، بیروباوەڕی بارزانییەکانیش بەبێ ئیکلیرۆس

---

[12] الدكتور محمد احمد درنيقة، الطريقة النقشبندية واعلامها، المصدر السابق، ص ٤٣.

[13] الدكتور ممو فرمان، ضوء على فلسفة الديانة اليزيدية، مجلة الثقافة الجديدة، العدد ٢٤٣، ١٩٩٢، ص ١١٠.

دەستی پێ کرد. بەدرێژاییی ئەو ماوەیەی کەمەسیح بانگەشەی تێدا کرد، مەسیح لەهەمو ژیانی پێغەمبەرایەتییدا، بانگەشەی بۆ هیچ ئیکلیرۆس و پۆلینێکی ئاینی نەکردو لەدوانزە هاوڕێکەشی کەبۆ بلاوکردنەوەی ئاینەکەی بە بەردەوامی لەگەڵیدا بون، هیچ چینێکی ئاینی پێك نەهات. دیارە مەسیح ئەمانەی بۆ ئەوە هەڵنەبژاردبوو کەئیکلیرۆسیان لێ پێك بێنێ بەڵکو بۆ ئەوە هەڵیبژاردبوون کەفێری بنەماکانی ئاینە تازەکەیان بکات. مەسیح تەنانەت لەئەوەگی جولانەوە ئاینییەکەشی پێویستی بەئیکلیرۆسێکی یاریدەدەر نەبوو و تا کۆتایی، جگە لەخۆی کەس نەبوو بتوانێ چوارچێوەی گشتیی بیروباوەڕی ئاسمان دەستنیشان بکاو پەیوەندی بەجیهانی میتافیزیکەوە بکات.

خاڵێك کەلێرە شایستەی تێڕامانە ئەوەیە کەمەسیح، بەتاقی تەنیا، بەبێ ئیکلیرۆس روبەڕوی ئیکلیرۆسێکی بەهێزی جولەکە بۆوە کە لەسەرۆکە ئاخوندەکانو چینی فریسییەکان پێکهاتبو. هەمو لێکدانەوەکانی ئینجیلیش بایەخ بەململانێی نێوان مەسیحو ئیکلیرۆسی جولەکە دەدەن. هەندێ لەراڤەکانی ئینجیل ئاماژەیان بۆ ئەوە تێدایە کەگوایە ئەو پاسەوانانەی مەسیحیان گرت، سەربازی رۆمانی نەبون بەڵکو پاسەوانی هەیکەلی پیرۆز بونو سەربازە رۆمانییەکان تەنها بۆ دڵنیابون لەکۆنترۆڵ کردنی ئاسایش لەگەڵ پاسەوانەکانی هەیکەلدا چوو بوون[١٤]. ئەمە رادەی دوژمنایەتیی نێوان مەسیحو چینی پیاوانی ئاینی جولەکە نیشان دەدا. بەلام مەسیحایەتی لەپاش مەسیح بەبێ ئیکلیرۆس نەمایەوەو لەسەدەی یەکەمی زاینی بەولاوە گەلالەی پەیدابونی ئیکلیرۆسێکی تایبەت بەمەسیحایەتی، پاش نوسینی ئینجیلەکانو پەسندکردنی چوار دانە لێیان دەرکەوت.

هەمان شت ئیسلامیش دەگرێتەوە. دەستپێکی ئیسلام هیچ ئیکلیرۆسی ئاینیی تێدا نیە. بەدرێژاییی ٢٣ ساڵ کەتەمەنی ئەو بانگەوازەی پێغەمبەر موحەممەدە کە لەمەککەوە بۆ بلاوکردنەوەی ئیسلام دەستی پێ کرد، پێکهاتە

[١٤] الدكتور بروس بارتون وآخرون، التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، الطبعة الرابعة، ترجمة ولـيم وهبة وآخرون، جمعية الكتاب المقدس، لندن، ٢٠٠٢، ص ٢٢٣١.

ئاینییەکانی ئیسلام هیچ چەشنە ئیکلیرۆسێکی ئاینیو هیچ پۆلینێکی ئاینییان بەخۆوە نەبینی. بەدرێژاییی ئەم ماوەیە، پێغەمبەر موحەممەد بەتاقی تەنیا، بەبێ ئەوەی پێویستی بەچینێکی پیاوانی ئاین بێ، مشورخۆری کاروباری پێکهاتە ئاینییەکان بوو. لەم بوارەدا ئەو هەلومەرجەی بۆ پێغەمبەر موحەممەد هەڵکەوت، جیاواز بوو لەو هەلومەرجەی بۆ مەسیح هەڵکەوت چونکە ئیسلام لەژینگەیەکدا پەیدا بوو کە لەبنەڕەتدا بێ ئیکلیرۆسی ئاینی بوو. لەم سەروبەندەدا خزمەتکارانی کەعبە بەمانای وشەکە چینێکی ئاینییان پێك نەدەهێنا بەڵکو زۆربەیان کارمەندی خۆبەخش بون. بەشێوەیەکی گشتی، مەککە، لەباری سەرنجی ئاینییەوە، بەو پێیەی کە لەبنچینەدا شاری حەج کردن بووەو هیچ دەسەڵاتێکی گشتیی تێدا نەبوە[15]، پێویستی بەچینێکی فراوانی پیاوانی ئاین نەبوە، بەڵکو تەنها پێویستی بەهەندێ خزمەتکار بووە کە لەوەرزی حەج دا هەندێ ئەرکی دیاریکراویان جێبەجێ دەکرد وەك حیجابەت (کلیلداری)، واتە پاراستنو هەڵگرتنی کلیلەکانی کەعبە، ریفادەت (بەخشینو یارمەتیدان) واتە دەستەبەرکردنی خواردن بۆ حاجییە هەژارەکان، ئاوگێڕان کەدابین کردنی ئاو دەگرێتەوە. ئەم خزمەتگوازییانە بەشێوەی خۆبەخش پێشکەش دەکرانو بەڕێککەوتن لەنێوان نوێنەرانی بەرەبابەکانو ئۆرۆستۆکراسیی مەککەدا بەردەوام دەستاودەستیان پێ دەکرا. لەم سۆنگەیەوە موسڵمانەکان بەهیچ شێوەیەك بەو چاوە سەیری عەبدولموتتەلیبی باپیری پێغەمبەر موحەممەدو ئەبو تالیبی مامیان نەکردوە کە دوو پیاوی بت پەرستن، ئەگەرچی هەردوکیان پێش پەیدابونی ئیسلام ئەو ئەرکەیان گرتبوە ئەستۆ کە خواردن بۆ حاجییە هەژارەکانو ئاو بۆ حاجییەکان دابین بکەن.[16]

لەبەر ئەم هۆیە، ئەوەی کەدژایەتیی پێغەمبەر موحەممەدی کرد چینی پیاوانی ئاینی بت پەرست نەبو، بەڵکو چینی ئۆرۆستۆکراتە بازرگانەکان بوو کەئاینە تازەکە سوکایەتیی بەفرە خوداییو بتەکانیان دەکردو ئەمەش لێی

---

[15] الدكتور علي حسين الخربوطلي، تاريخ الكعبة، دار الجيل، بيروت، ١٩٧٦، ص ٥٩.
[16] الدكتور سيد عبدالعزيز سالم، تاريخ العرب قبل الاسلام، مؤسسة شباب الجامعة، الاسكندرية، ١٩٩٧، ص ٣١٦-٣١٨.

رادەبینرا شـانو شـکۆیان وەك خزمـەتکارانی پایتـەختی ئـاینیی عـەرەب کـەم بکاتەوەو زیان لەبازرگانییان لەگەڵ سوریاو یەمەن بدا. تەنانەت بەدرێژاییی ئەو دە ساڵەش کەپێغەمبەر موحەممەد لەیەسربی بردە سەر، ئیسـلام چـینی پیـاوانی ئاینی بەخۆوە نەبینی. ئەگەرچی ئیسلام دژی بـونی ئیکلیرۆسـی ئاینییـە، بـەڵام پاش نەمانی پێغەمبەر موحەممەد پێویستیی بونی مجێور، راڤەکار، رێنیشـاندەر، بانگـدەر، بانگهێشـتکار، دادوەر، پێشـنوێژ، وتـارخوێن، فـەتوادەر، سـۆفیگەرو دەروێش چەشـنە ئیکلیرۆسـێکی پەیـدا کـرد ئەرکەکـەی پاراسـتنی خـاوێنیی ئایدیۆلۆژیی ئیسلامو مشورخواردنی کاروباری ئاینیی موسـڵمانان بـوو. لێـرەدا ئەرکی خزمەتکردنی ئاین بوو بەپیشە یاخود بوو بەچەشنێکی دیاریکراوی ژیان.

وردبونەوە لەرەفتاری هـەردو پێغەمبـەر مەسـیحو موحەممـەد کەپێویسـتیان بەئیکلیرۆس نەبوە، دەریدەخا کەهەردوکیان بەشێوەیەك هەڵسـوکەوتیان کـردووە کە لەگەڵ هەلومەرجی باوی سەردەمەکانیاندا دەگونجـا. ئەگەرچـی هـەردوکیان سەرقاڵی بڵاوکردنـەوەی بیروباوەڕەکانیـان بـون بـەڵام هـیچ کامێکیـان زانسـتە ئاینییەکانی خۆی بەکەس نەبەخشی. ئەمە وای کرد بتوانن، تا کۆتـایی، هـەمو ئەو کێشانە کۆنترۆڵ بکەن کەپەیوەندییان بەئاینەکانیانەوە هـەبو. هـەردوکیان، بەو پێیەی کەسروشیان بۆ دێ، لەڕێی گەیاندنی پەیامی ئاسمـانو تۆکمـەکردنی توانای رەهایانو هێشتنەوەی توانای پەیڕەوەکانیان بەکرچو کاڵی، پیرۆزیی خۆیان چەسپاند.

لەکاتی بەراوردکردندا، بیروباوەڕی بارزانی گەوهەرو زاتی خۆی بەهیچ شـتێك تۆکمە ناکا. بەڵام جیاوازییەکە لەوە دایـە کەمەسـیحایەتیو ئیسـلام وەکـو دوو ئاینی بێ ئیکلیرۆس دەستیان پێ کردو پاش کۆچ کردنی دامەزرێنەرەکانیان هیچ کامێکیان بـەبێ ئیکلیرۆسـێکی تایبـەت نەمایـەوە. بیروبـاوەڕی بـارزانی وەکـو مەسیحایەتیو ئیسلام بـەبێ ئـیکلیرۆس دەسـتی پـێ کـردو لـەم خاڵـەدا هـیچ جیاوازیی لەگەڵیاندا نیـە بـەڵام لـەوەدا جیـاوازیی لەگەڵیانـدا هەیـە کەئـەو، بەپێچەوانەی مەسیحایەتیو ئیسلامەوە، تا کۆتـایی بـەبێ ئـیکلیرۆس مایـەوە. ئەمە بەو سەرەنجامە گەیشت کەسیستمی تاکڕەوی لـەناو بارزانییەکانـدا رەگـی

داکوتاو هەر رابەرێکی روحانی لەناویاندا تاساڵی ١٩٦٩ پیرۆزییەکەی بەمیرات بۆ رابەرەکەی پاش خۆیو سیستمی گوێڕایەڵیی بەوپەڕی توندوتۆڵیو پتەوییەوە بەجێ دەهێشت.

وەك چۆن ئیسلام بەبێ ئیکلیرۆس دەستی پێ کرد، ئەو بیروباوەڕانەش کەلقێکی ئیسلام پێکدێنن، وردتر شیعەگەری، بەبێ ئیکلیرۆس دەستیان پێ کرد. بەدرێژایی ئەو قۆناغەی کە لەخەلیفایەتیی عەلیی کوڕی ئەبو تالیبی یەکەم ئیمامی شیعەکانەوە دەست پێ دەکاو بەکۆچی دوایی حەسەن عەسکەریی ئیمامی یانزەهەمی شیعەکان دوایی دێ، شیعە هیچ ئیکلیرۆسێکی ئاینیی بەخۆوە نەدیوە. لەگەڵ راگەیاندنی غەیبەتی محەمەدی مەهدیی ئیمامی دوانزەهەمی شیعەدا کەگوایە لەئایندەیەکی نادیاردا بۆ رزگار کردنی پەیڕەوەکانی خۆی دەگەڕێتەوە، شیعە بەبێ هیچ ئیمامێکی مەعسوم لەنەوەی ئیمام عەلیو فاتیمەی کچی پێغەمبەر موحەممەد مانەوە. لەسەدەی دەیەمی زایینی بەدواوە، هەست کردنی شیعە بەپێویستیی بونی چینێکی پیاوانی ئاین بۆ خزمەت کردنی بیروباوەڕەکانیان، پەرەی سەند. قۆناغی پاش راگەیاندنی غەیبەتی ئیمام مەهدی کەنزیکەی سەد ساڵێکی خایاند، رۆڵێکی فرە گرنگی هەبو لەسازکردنی زەمینەی لەبار بۆ پێکهێنانی ئیکلیرۆسێکی شیعی، بەڵام فاکتەری یەکلاکەرەوە لەم بوارەدا دەرکەوتنی نەجەفە. ئەم شارە لەساڵی ١٠٠٢ دا لەسەر دەستی عیزدوددەولەی بوەیهی دامەزرا[١٧]. ئاشکراشە کەسەردەمی حوکمڕانیی بوەیهییەکان بەقوڵی کاری کردە سەر فۆرمۆلەبەندی کردنی ئیکلیرۆسی شیعی لەنەجەف کەبووە بارەگای ئاخوندی گەورەی شیعەکان چونکە بوەیهییەکان بونە فاکتەرێکی هاندەر بۆ تاو سەندنی هەستی شیعەگەری لەڕێگای یادکردنەوەی ساڵڕۆژی عاشوراوە کەیادی کوژرانی ئیمام حوسێنو هەڤاڵەکانێتی لەدەشتی کەربەلا لەسەر دەستی ئەمەوییەکان. دواتر، لەگەڵ بونی بەسەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی ئاینیی دور لەدەسەڵاتی حکومەت، نەجەف لەپاش مەککەو مەدینەو قودس، بوو بەچوارەم پیرۆزترین شار لەجیهانی ئیسلامدا.

---

[١٧] عبدالله فهد النفيسي، دور الشيعة في تطور العراق السياسي الحديث، المصدر السابق، ص ٤٧.

پەیدابونی سەفەوییەکان لەسەرەتای سەدەی شانزەهەمدا بەفاکتەرێکی گرنگی پتەوکردنی دەسەڵاتی ئیکلیرۆسی شیعی دادەنرێ چونکە لەسایەی تین‌و تاوو کەف‌و کوڵی ئایدیۆلۆژیی سەفەوییەکاندا، شیعەکان یەکێ لەبەهێزترین ئیکلیرۆسە ئایینییەکانی مێژویان پێك هێنا.

لەم سەروبەندەدا ئیسماعیلییەکان، سەرەڕای رابردووی شیعەگەرییان، هیچ چینێکی ئاخوندی ئایینییان پێك نەهێنا. ئەگەرچی ئیسماعیلییەکان لەگەڵ شیعەی دوانزە ئیمامیدا لەسەر دەرکەوتنی مەهدی یەکدەنگن، بەڵام ئەوان، بەپێچەوانەی شیعەی دوانزە ئیمامییەوە، بەپێویستیان نەزانیوە ئیکلیرۆسێکی ئاینی بۆ قۆناغی پێش دەرکەوتنی مەهدی پێك بێنن. هۆکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەمەهدیی ئیمساعیلییەکان لەمەهدیی شیعەی دوانزە ئیمامی جیایەو گەڕانەوەی ئەم مەهدییە ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی شەریعەتێکی نوێ لەجیهاندا. ئەو سەرکەوتنەی کەئیسماعلیەت پێش دەرکەوتنی مەغۆل لەسەدەی سیانزەهەمی زاینیدا، لەڕوی رێکخراوەیی‌یەوە بەسەر شیعەگەرایی‌ی دوانزە ئیمامیدا بەدەستی هێنا، ئەوەی لێ هەڵدەکرێندرێ کەپێکهاتەی ئایدیۆلۆژیی ئیسماعیلیەت بەڕادەیەك پتەوو تۆکمە بووە کەپێویستی بەداهێنانی هیچ ئیکلیرۆسێکی ئاینی نەبوە.

وردبونەوە لەسیستمی گوێڕایەڵی پەردە لەڕوی چەند لایەنێکی گرنگی پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکانی رێبەرایەتیی ئاینیی بارزانییەکان هەڵدەماڵێ. ئاشکرایە کەیەکێ لەگەورەترین فاکتەرەکانی خورتیی سیستمی گوێڕایەڵی پەیوەندیی بەپیرۆز راگرتنی رابەرایەتیی ئاینییەوە هەیە. پیرۆزگەرایی رەوشێکی ئابستراکت نیەو لەخۆیەوە پەیدا نابێ بەڵکو پێویستی بەپاساوو ئامراز هەیە. لەم رووەوە شێخایەتیی بارزان بڕێکی زۆری پیرۆزیی بەڕابەرەکانی بەخشی‌و بێگومان ئەمەش سیستمی گوێڕایەڵیی ئێجگار تۆکمە کرد. پیرۆزگەرایی خۆی لەخۆیدا شتێکی گرنگە. ئەو خاڵەی لێرە شایانی تاوتوێ کردنە پەیوەندیی بەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەوە هەیە: ئایا پیرۆزی لەبیروباوەڕی بارزانیدا لەچییەوە سەرچاوە دەگرێ؟

لەسەدەی دوانزەهەمدا شەهرستانی، کەیەکێکە لەناودارترین مێژونوسانو ئایینناسەکانی سەردەمی خۆی، لەکتێبەکەیدا ((الملل والنحل)) خاڵێکی شایستەی تێڕامانی وروژاندو بەهۆیەوە ئاینو رۆڵی تاکی بەیەکترییەوە بەستەوە. پێش شەهرستانی کەس خۆی لەقەرەی ئەم مەسەلەیە نەداوەو پاش ئەویش زۆر بایەخی پێ نەدراوە. شەهرستانی لەڕەوتی شیکردنەوەی کیسانیەدا، کەگروپێکە باوەڕی بەئیمامەتی محەمەدی کوڕی حەنەفیە هەیە، بۆچونێکی وای هێنایە پێش کەتیۆریی کیسانیە لەماكو ناوەڕۆکدا بانگەشە بۆ ئەوە دەکا کە ((ئاین گوێڕایەڵیی یەك پیاوە))[18]. ئەگەرچی رستەکە بەکیسانیەوە نوساوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی رەنگدانەوەی ئەو چەرخەیە کەرستەکەی تێدا وتراوە چونکە لەو چەرخەدا سەرکردە ئاینیو سیاسییەکان بیانوی ئاینییان بۆ پاساودانی رەفتاریانو بەخشینی رەوایی بەبانگەشەکانیان و دەستەبەرکردنی گوێڕایەڵیی پەیڕەوەکانیان دەهێنایەوە. بەپێی شەهرستانی، گوێڕایەڵی بەئەندازەیەك بەسەر ئایندا زاڵ بوو کەپەیڕەوەکان لەسەر داوای رابەر دەستیان لەرێسا شەرعییە کلاسیکییەکانی وەك نوێژو رۆژوگرتنو زەکاتو حەج هەڵگرت[19]. لەدیدی ئاینییەوە، گوێڕایەڵی تەنها لەو کەسانە دەوەشێتەوە کەپەیڕەوەکانیان مەرجەکانی پیرۆزییان تێدا دەبینن. ئەمەش بەدڵنیاییەوە بەو واتایە دێ کەلێك ئاڵاندنی گوێڕایەڵیو پیرۆزی، رواڵەتێکی ئایدیۆلۆژی بەملکەچیی ئارەزوومەندانەی تاکەکان دەبەخشێ.

لەم تێکهەڵکێش بونە بابەتی مەعسومیەت پەیدا دەبێ کەخۆی لەخۆیدا روخسارێکی گرنگی روخسارەکانی پیرۆزگەراییو یەکێ لەمەرجەکانی پێکدێنێ. بابەتی مەعسومیەت وەك بابەتێکی سەربەخۆ دەرناکەوێ چونکە ئەم بابەتە بەنۆرەی خۆی تێکەڵ بەبابەتی پەیوەندیی نێوان ناسوتو لاهوت دەبێ. بەجۆرە، پیرۆزی بەبێ مەعسومیەتو مەعسومیەتیش بەبێ توانای پەیوەندی کردن بەجیهانی میتافیزیکەوە هیچ بایەخێکی نابێ. مەعسومیەت بەڵگەیەکی

---

[18] الشهرستاني، الملل والنحل، الجزء الاول، تحقيق محمد سيد كيلاني، دار المعرفة، بيروت، ١٩٨٣، ص ١٤٧.

[19] هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

بەهێزی بوونی پەیوەندییەکی بەهێزە لە نێوان ناسوتی زەمینو لاهوتی بالاّ. نمونەکانی مەعسومیەت لەئیسلام دەری دەخەن کەمەعسومیەت ئامرازێکی کارای بەر دەستی رابەری روحانییە بۆ کارکردنە سەر پەیڕەوەکانی.

سەرچاوەی پیرۆزی لەمەسیحایەتیدا بەڕونی لەوەی ئیسلام جیاوازە. ئەگەرچی لەمەسیحایەتیو ئیسلامدا سەرچاوەی پیرۆزی یەك سەرچاوەیە، ئەویش خوایە، بەلاّم لەمەسیحایەتیدا سەرچاوەی پیرۆزی تەنها لەپێغەمبەرایەتیی مەسیحدا خۆی نانوێنێ، بەڵکو لەشتی تریشدا خۆی دەنوێنێ گرنگترینیان ئەوەیە کەمەسیح بەپێی پێشبینییەکانی تەورات هاتۆتە ئاراوە. بەلاّم لێرەدا گیروگرفتەکە لەوە دایە کەجولەکە چاوەڕێی مەسیحیان وەك پاشا دەکرد نەك وەك پێغەمبەرو لەم نۆڕینەدا پاشایەتییان دەخستە بان پێغەمبەراتییەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە، مەتتا کەیەکێ لەگرنگترین نوسەرانی ئینجیلە، بەو چەشنەی کە لەتەوراتدا پێشبینی کرابوو، رەچەڵەکی یەسوعی مەسیحی بردەوە سەر داوود. لەڕاستیدا ئەمە لەباتی ئەوەی چارەسەری گرفتەکە بکا، ئاڵۆزتری کرد. بۆیە مەتتا هەڵوەستەی کردو دەریخست کەئەو پاشایەتییەی تەورات باسی دەکا، پاشایەتییەکی راستەقینەو بەو مانایە نیە کە لەنێو خەڵکیدا باوە، بەڵکو پاشایەتییەکی هێمایییە. لەم سەروبەندەدا ئینجیلەکەی مەتتا وای بۆ چوو کەمەسیح وەك پاشایەکی زەمینی نەنێردراوە بەڵکو وەك پاشایەکی ئاسمانی نێردراوەو شانشینەکەی لەشانشینەکەی داوود مەزنترەو پاشایەتییەکەی، بەپێچەوانەی پاشایەتیی داوودەوە، نابڕێتەوەو کۆتایی نایە[٢٠].

ئیسلامو مەسیحایەتی لەسەر ئەوە هاوڕان کەمەسیح روحی خوایە بەلاّم لەسەر سروشتەکەی یەکناگرنەوە، چونکە ئیسلام سەرەڕای ئەوەی کەمەسیح بەڕوحی خوا دادەنێ، سورە لەسەر سروشتی ناسوتییانەی. گروپە مەسیحییەکان لەسەر ئەوەی کەئاخۆ مەسیح لاهوتە یان لاهوت- ناسوتە دیدی جیاوازیان هەیە. سەرەڕای پیرۆزیی مەسیح، ئینجیل لەهیچ شوێنێکدا باسی مەعسومیەتی ناکا. ئەم بیرۆکەیە تەنها لەئیسلامدا هەیە.

[٢٠] الدكتور بروس بارتون واخرون، التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، المصدر السابق، ص ١٨٦١.

بەپێی دکتۆر کامل مستەفا شیبی کە بەقوڵی لەپەیوەندیی نێوان سۆفیگەریو شیعەگەریی کۆڵیوەتەوە، مەعسومیەت بابەتێکە نوسینە ئاینییەکانی جولەکایەتیو مەسیحایەتی خۆیان لەقەرەی نەداوەو موسڵمانە بەراییەکانیش لەمشتومڕیاندا لەگەڵ مەسیحییەکاندا باسیان نەکردوەو تەنانەت خودی قورئانیش بەڕونی باسی مەعسومیەتی پێغەمبەرانی نەکردوە[21].

بەڵام پەیڕەوەکانی پێغەمبەر موحەممەد هیچ گومانێکیان لەمەعسومیەتی نەبوو. پێغەمبەر موحەممەد بەپشت بەستن بەسروشو بەوەی کەرەفتارو هەڵسوکەوتی گوزارشت لەویستی خوا دەکا، مەعسومیەتی خۆی سەقامگیر کرد. بەمجۆرە، پیرۆزیی پێغەمبەران لەخواوە سەرچاوە دەگرێو پەیوەندیی پێغەمبەران بەجیهانی میتافیزیکەوە ئەو دەسەڵاتەیان پێ دەبەخشێ کەڕابەرایەتیی پەیڕەوەکانیان بکەن چونکە ئەو پەیڕەوانە تەنها لەڕێی پێغەمبەرانەوە دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ جیهانی میتافیزیکدا دابمەزرێنن.

پیرۆزیی پێغەمبەران شتێکی تایبەتە چونکە ئەو پێغەمبەرانە لەسەر داوای خۆیان نەبونەتە پێغەمبەر، بەڵکو لەسەر داوای خوا بونەتە پێغەمبەر. ئەگەرچی سەردەمی پێغەمبەران بەکۆچی دوایی‌ی پێغەمبەر موحەممەد لەساڵی ٦٣٢ی زاینیدا کۆتایی‌ی هات، بەڵام ئەو بیروباوەڕانەی کە لەجیهانی پاش پێغەمبەرایەتی پەیدا بون، بەردەوام بون لەسەر بانگەشەکردن بۆ بیرۆکەی ئەوەی کەڕابەرە روحانییەکان، ئەگەر مەعسوم بن، دەتوانن وەك پێغەمبەران پەیوەندی بەجیهانی میتافیزیکەوە بکەن. بەمجۆرە، دەبینین پیرۆزیی رابەرە روحانییەکانی جیهانی پاش پێغەمبەرایەتی پشت ئەستورە بەتوانای پێکەوە گرێدانی لاهوتو ناسوت. بەڵام لەبەر ئەوەی ئاستی ئاینیی رابەرە روحانییەکان شان لەشانی پێغەمبەران نادا، تواناشیان بۆ پەیوەندی کردن بەجیهانی میتافیزیکەوە، لەڕوی تیۆرییەوە، لەتوانای پێغەمبەران کەمترە، بەڵام گومان لەوەدا نیە کەکارو کردەوەیان درێژەپێدانی کارو کردەوەکانی سەردەمی پێغەمبەرانە.

---

[21] الدكتور كامل مصطفى الشيبي، الصلة بين التصوف والتشيع، المصدر السابق، ص ٣٨٥.

رواڵەتەکانی مەعسومیەت لەسیستمی گوێڕایەڵیدا دەردەکەون. چەند مەعسومیەت پێکهێنەرێکی بنەڕەتیی پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکان بێ، ئەوەندەش بەشێوەیەکی کاریگەرتر لەسیستمی گوێڕایەڵیدا ڕەنگدەداتەوە.

شیعەکان پەرەیان بەچەمکی مەعسومیەت داو چەمکەکەیان لەپێغەمبەرانەوە بۆ ئیمامەکانی خۆیان گواستەوە. ئەم بیرۆکەیە نە لەسەردەمی ئیمام عەلیدا هەبوو نە لەسەردەمی چوار ئیمامەکەی پاش ئەودا. بەمجۆرە، سەرچاوەی پیرۆزیی پێنج ئیمامە بەراییەکەی شیعە جیایە لەسەرچاوەی پیرۆزیی ئیمامەکانی تر. بۆ ئیمام عەلی کەپەیڕەوەکانی بەدامەزرێنەری بنەماڵەی دوانزە ئیمامیی دادەنێن، مەعسومیەتو توانای پێکەوە گرێدانی لاهوتو ناسوت ناچنە چوارچێوەی پیرۆزییەوە. هەمان شت حەسەنو حوسەینی کوڕانی ئیمام عەلی دەگرێتەوە. شیعەکان بۆ پیرۆزکردنی ئیمام عەلی پشتیان بەو بەهانەیە بەست کەوەك چۆن پێغەمبەر موسا یوشەعی کوڕی نونی ڕاسپارد پاش خۆی ببێ بەڕابەری جولەکەو پیشەی ئاخوندیی پشتاوپشت بۆ بنەماڵەی یوشەع هێشتەوە[22]، پێغەمبەر موحەممەدیش شوێن پێی موسای هەڵگرتو ڕابەرایەتی کردنی موسڵمانانی بەئیمام عەلی ڕاسپارد.

بۆ پیرۆزکردنی نەوەکانی، شیعەکان تەنها بەمافی خەلیفایەتیی ئیمام عەلی دانەکەوتن، بەڵکو پێیان لەسەر سەرچاوەیەکی تر داگرت. بۆ بەدی هێنانی ئەم مەبەستە، لەڕێی فاتیمەی کچی پێغەمبەر موحەممەدەوە ڕەچەڵەکی بنەماڵەی عەلییان بەپێغەمبەر موحەممەدەوە گرێداو جەختیان لەسەر پاکنژادیی لقی فاتیمەییو خانەدانی حوسەین کرد چونکە ئەم میتۆدە تۆرەمەی ئیمام عەلیو فاتیمەی کچی پێغەمبەر موحەممەد تێکهەڵکێشی یەکتری دەکا. لەئاکامی ئەم بۆچونەدا تیۆرییەکەی محەمەد باقری ئیمامی پێنجەمی شیعەکان داهات کەپێی وایە بۆ بەخشینی ڕەوایی بەبنەماڵە پیرۆزەکە، باوکایەتیی ئیمام عەلی بەتەنها بەس نیە، بەڵکو پێویستە ڕەچەڵەکی فاتیمەییانەی بخرێتە پاڵ[23]. بەپێی ئەم

[22] احمد الكاتب، تطور الفكر السياسي الشيعي من الشورى الى ولاية الفقيه، الطبعة الثالثة، دار الشورى، لندن، ٢٠٠٥، ص ٦٩.
[23] هەمان سەرچاوە، ل ٧١.

تیۆرییــە، محەمــەدی کــوڕی ئیمــام عــەلی لەخەولــەی ژنــی دووەمــی، لــەمافی داواکردنی ئیمامەتی بێبەش کرا.

پاش ڕاگەیاندنی ئەوەی لەئەدەبیاتی شیعەدا بەگومبونی درێژخایەنی ئیمامی دوانزەهەم ناو نــراوە، گرفتەکــە چــوە ئــەو قالّبــەوە کــەئایا ئیکلیرۆســی ئــاینی لەجیهانی پاش نەمانی ئیمامە مەعسومەکان تا چ ڕادەیەك ڕەوایی‌ی هەیــە و چ پەیوەندییەك لەنێوان ئیکلیرۆسی ئاینی و ئیمامی گومدا هەیە. زۆری نەخاییانــد شیعەکان چونە سەر ئــەو بــاوەڕەی کەموجتەهیــدەکانیان لــەو ســۆنگەیەوە کــە لەمەسەلە فیقهییەکاندا تەواوی دەسەلاّتی ئیمــامی دوانزەهــەمیان هەیــە بــەلاّم پلەیان بەدلّنیایی‌یەوە ناگاتە ئاستی پلەی ئیمامەکان، بەکردەوە جێگری ئیمامــە گومەکەن. ئەم پاکانەیە باوەڕی ئاینیی شیعەو پابەندبونی بەڕابەڕایەتیی ڕوحانی بە گەرمو گوڕی هێشتەوە چونکە لێــرە بــەدواوە پــەیڕەوەکان بــەو چــاوە ســەیری موجتەهیدیان کرد کە وتەبێژی ئیمامی گومە.

بــەلاّم جێگرەکــانی ئیمــام چــیتر ئــەو دەرفەتــەیان نــەما کــەلاف‌و گــەزافی مەعسومیەت لێ بدەن چونکە پێشتر ئەم تایبەتمەندییەیان تەنها بەدوانزە ئیمامە پیرۆزەکە بەخشی بوو و خۆیان لێ بێبەش کردبوو و لەم سۆنگەیەوە بۆیــان نــەلوا بانگەشە بۆ ئەوە بکەن کە لەتوانایان دایە پەیوەنــدی بــەجیهانی میتافیزیکــەوە بکــەن یــاخو دەتــوانن ناســوت‌و لاهــوت پێکــەوە گــرێ بــدەن. بــەلاّم ئەمــە ئیسماعیلییەت ناگرێتەوە.

لەئیسماعیلییەتدا بیرۆکەی پیرۆزی بەپۆلێن کردنــی خەلّکــەوە بەســتراوەتەوەو لــەو پــۆلێن کردنــەدا نــاوی پێغەمبــەر یەکــەم نــاوە لەلیســتی پلەکانــداو بەدلّنیایی‌یەوە لــەناو گروپەکــەدا پێغەمبــەر دەســەلاّتی ڕەهــای هەیــە چــونکە پێغەمبەر نوێنەرایەتیی پەیامی ئاسمان دەکا. پــاش ئــەو، ئیمــام دێ. جیــاوازیی نێوان هەردو پلە لەوە دایە کەئیمام لەجیهانی پاش پێغەمبەراتی سەرکردایەتیی گروپەکەی دەکات. کرۆکی پۆلێنە ئیسماعیلییەکە جەخت دەکاتــە ســەر ئــەوەی کەچینی ڕوحانییەکان، کە لەچــەند پلەیــەکی جیــاواز پێکــدێ، چــینێکە لێــی دەوەشێتەوە خەلّکی بەرەو ڕزگاربون ببات. ئەم بیرۆکەیە لەبنەڕەتــدا بیرۆکەیــەکی گنۆستیکییەو لەڕێی فەلسەفەی یۆنانەوە بۆ ئیسماعیلییەت‌و لەوەوە بــۆ هــەمو ئــەو بیروباوەڕانــە گوێزراوەتــەوە کەئیســماعلییەت کــاری تێکــردون یــاخود

لەئیسماعیلیەت جیا بونەتەوە. بەپێی پۆلینە گنۆستکییەکە، مرۆڤ سێ جۆرە، بالآترینیان چینی روحانییەکانە کە کەسانێك دەگرێتەوە پەیوەندییان بەجیهانی میتافیزیکەوە هەیەو ئەمانە رزگاربونیان مسۆگەرەو شارەزاییی تەواویان لەپەنهانییەکانی زانیندا هەیە. دوو چینەکەی تر یەکێکیان چینی ماددییەکانە کەپێکهاتەیان بۆ دەربازبون لەسنوری جیهانی ماددی یارمەتیدەر نیەو ئەوی تر چینی ناوەڕاستە کەیەکێ لەتایبەتمەندییەکانی هەڵکشانو داکشانە، واتە رزگاربونو فەوتان، بەپێی رادەی ملکەچیی بۆ چینی روحانییەکان[٢٤].

تیۆریی حوججەتەکانی ئیسماعیلیەت ئاماژەیە بۆ نۆڕینێکی دینامیکی بۆ چۆنێتیی رێکخستنی پاساوە ئایدیۆلۆژییەکانی کاری بانگهێشتکاران لەشوێنە بەربلآوەکاندا. هەر چۆنێك بێ، تیۆریی حوججەتەکان تیۆرییەکی تەمومژاوییەو بنەڕەتەکەی بونی دوانزە پیاوە پێیان دەوترێ حوججەت کەنوێنەرایەتیی مەزهەبی ئیسماعیلی دەکەن، بیروباوەڕ پەخش دەکەن، توانای بەستنەوەی ناسوتو لاهوتیان هەیەو بەکردەوە خۆیان بەجێگری ئیمام مەهدیی گوم دادەنێن. مەقریزی دەڵێ ژمارەی ئەم حوججەتانە ((هەمیشە لەهەمو سەردەمێکدا دوانزە کەسە))[٢٥]. دەسەڵاتی حوججەتەکان لەتوانای بەستنەوەی ناسوتو لاهوتەوە سەرچاوە دەگرێ چونکە بەپێی ئەم توانایە رێنماییی‌یان لەجیهانی میتافیزیکەوە پێ دەگاو ئەمەش لەسەرەنجامدا دەیانکا بەسەرچاوەی رێساو یاسا. ئەم بیرۆکەیە لەسۆفیگەریدا هەیەو لەم روەوە ئیبن عەرەبی، کەسۆفییەکە لەکۆتاییی سەدەی دوانزەهەم و سەرەتای سەدەی سیانزەهەمدا ژیاوە، دەڵێ نەقیبەکان ((لەهەمو کاتو شوێنێکدا دوانزە نەقیبن نە کەم دەکەن نە زیاد، ژمارەیان بەقەد دوانزە ژمارەکەی بورجەکانی گەردونەو هەر نەقیبێك ئاشنای تایبەتمەندیی هەمو بورجەکانە))[٢٦].

---

[٢٤] یوسف کرم، تاریخ الفلسفة الیونانیة، الطبعة الثالثة، دار القلم، بیروت، ص ٢٤٥.

[٢٥] المقریزي، المواعظ والاعتبار بذکر الخطط والاثار، الجزء الثاني، تحقیق الدکتور محمد زینهم ومدیحة الشرقاوي، مکتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٨ ص ١٣٠.

[٢٦] ابن عربي، الفتوحات المکیة في معرفة الاسرار الملکیة والمالکیة، الجزء الثاني، المصدر السابق، ص ٧.

ئەو زانیارییانەی سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی فەرزەکان لەئالموت لەئێران لەبەر دەستدان، دەریدەخەن کەڕابەرە روحانییەکان بۆ مسۆگەرکردنی گوێڕایەڵیی پەیڕەوەکان پێویستیان بەپاساوی بەهێز هەبوە. لەساڵی ١١٦٤ دا ئیمام حەسەنی دووەم بەپەیڕەوەکانی خۆی راگەیاند کەفەرمانی لەئیمام مەهدیی گومەوە پێ گەیشتوە کەتێیدا ئیمام داوای هەڵوەشاندنەوەی فەرزەکان دەکات. ئەم راگەیاندنە سروشتی پەیوەندیی نێوان حەسەنی دووەمو ئیمام مەهدی رون دەکاتەوە کەتێیدا ئیمام مەهدی لەڕێی حەسەنی دووەمەوە لەجیهانی میتافیزیکەوە رێنمایی بۆ پەیڕەوەکانی دەنێرێ. لێرەدا، مەسەلەکە پەیوەندیی بەحەسەنی دووەمەوە وەك جێگری ئیمام نیە بەڵکو پەیوەندیی بەوەوە هەیە کەحەسەنی دووەم لەتوانایدایە ناسوتو لاهوت بەیەکترییەوە ببەستێتەوەو پەیوەندی لەگەڵ جیهانی میتافیزیکدا دابمەزرێنێ. پشت بەستنی حەسەنی دووەم بەنامەی ئیمام مەهدی بۆ هەڵوەشاندنەوەی فەرزەکان بەو واتایە دێ کەدەسەڵاتە روحییەکانی حەسەنی دووەم رێی پێ نادەن، بەبێ پشت بەستن بەپاڵپشتێکی روحانیی گەورەتر، فەتوای هەڵوەشاندنەوەی فەرزەکان دەر بکات. ئەم بیرۆکەیە لەئالموت رونترو ئاشکراترە تا لەلای رابەرە قرمتییەکان کەدەیانگوت گوایە کار بەراسپاردەو فەرمانەکانی مەهدیی گوم دەکەن[٢٧]. لای بارزانییەکانیش ئەم بیرۆکەیە رونو ئاشکرا نیە چونکە ئەو میتۆدەی کەشێخی بارزان فەرزەکانی پێ هەڵوەشاندۆتەوە هێشتا رون نیە. هەر چۆنێك بێ، راگەیاندنێکی لەم چەشنە بەبێ دڵنیابونی پەیڕەوەکان لەتوانای شێخ بۆ بەستنەوەی ناسوتو لاهوت نابێ چونکە بەهرەی پەیوەندی کردن بەجیهانی میتافیزیکەوە تاکە مەرجی بنچینەییی راستو رەوانیی پاساوەکانی هەڵوەشاندنەوەی فەرزەکانەو بەبێ ئەم تایبەتمەندییە هیچ سیستمێکی توندوتۆڵی گوێڕایەڵی نایەتە دی.

چەندین نمونەی مێژویی رونی دەکەنەوە کەدەسەڵاتی رەهای رابەرانی بیروباوەڕەکان بەبێ بەستنەوەی ناسوتو لاهوت نایەتە دی. پێغەمبەرەکانی لێ بترازێ کەپاساوو سەرچاوەی دەسەڵاتیان رونو ئاشکرایە، دەسەڵاتی رابەرانی

---

[٢٧] الدکتور فرهاد دفتري، مختصر تاریخ الاسماعیلیین، المصدر السابق، ص ٩٦.

بیروباوەڕەکان کەشان لەشانی پێغەمبەرەکان نادەن، پێویستی بەپاساوی بەهێزە بۆ بەدەست هێنانی سیستمێکی تۆکمەی گوێڕایەڵی. بابەك خورەمی لەم بارەیەوە بەنمونەیەکی بەهێز دادەنرێ. بابەك بڵاوی کردەوە گوایە روحی مامۆستاکەی، جاویدان، چۆتە ناو جەستەیەوە[٢٨]. گومان لەوەدا نیە کەتاکە هاندەر بۆ ئەم بانگەشەیە بەدەست هێنانی دەسەڵاتێکی زۆرترە چونکە بابەك بۆ سەپاندنی گوێڕایەڵی بەسەر پەیڕەوەکانیدا پێویستی بەڕەوایی بوو. ئەگەر بابەك خۆی بەدرێژەپێدانی جاویدان دانەنایە، رەوایی‌ی بەدەست نەدەهێنا. بۆیە ئەوەی بە بەڵگە هێنایەوە کەگیانی جاویدان لەجەستەیدا گیرساوەتەوە. لەسۆنگەی ئەم ئەفسانەیەوە، بابەك سیستمێکی پتەوی گوێڕایەڵی دامەزراند، ئەگەرچی زانیاریمان دەربارەی بیروباوەڕو سەرۆکایەتیی روحانیو سیاسیو مەرجەکانی سیستمی گوێڕایەڵیی جاویدان زۆر کەمە. بەشێوەیەکی رەها، جوڵانەوەکەی بابەك تاکە جوڵانەوە نیە بۆ تۆکمەکردنی سیستمی گوێڕایەڵیی خۆی، پەنا بباتە بەر ئەفسانە، چەندەها جوڵانەوەی تر، لەوانە جوڵانەوەی سەفەوی، بەهەمان رێچکەدا رۆییون.

لەسەرچاوەی پیرۆزیدا جیاوازیی سەفەوییەکان لەخەڵکانی تر لەوەدایە کەئەوان بەشێوەیەکی سیستماتیك پیرۆزیی ئاینیو ئەفسانەیان تێکەڵاوی یەکتری کردووە. سەفەوییەکان بۆ بەزۆر سەپاندنی شیعەگەری بەسەر سوننەکاندا هەوڵو تەقەللایەکی زۆریان دا. تاکە هۆی سەرکەوتنی بێ وێنەیان لەماوەی ژیانی یەك نەوەدا، ئەو توندوتیژییە لەڕادەبەدەرەیە کە لەدژی هەمو ئەو دانیشتوانە سوننانە بەکاریان هێنا کەنەیانویست واز لەسوننەگەری بێننو بچنە سەر شیعەگەری. سەفەوییەکان سیستمێکی یەکجار توندوتۆڵی گوێڕایەڵییان دامەزراندو سوپایەکیان لەدەروێشەکان پێك هێنا لەمێژوی جەنگدا هیچ سوپایەك لەڕوی دیسپلینەوە شانی لەشانی نەداوە. لەسەردەمی مەغۆلەوە کەسەردەمێکی پڕ یادەوەریی فرە ناخۆشو دڵتەزێن دەربارەی کوشتنی بەکۆمەڵو هەڵسوکەوتی

---

[٢٨] ابن الاثير، الكامل في التاريخ، الجزء الخامس، تحقيق الشيخ خليل مأمون شيحا، الطبعة الثانية، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٧، ص ٣٤٥.

دڕندانەو بێ بەزەیی‌یانە بەبیر دێنێتەوە، ڕۆژهەڵات هیچ سوپایەکی وەکو سوپای قزلباشی سەفەویی، زێدەڕۆ لەبەکارهێنانی زەبروزەنگ لەدژی دانیشتوان، بەخۆوە نەدیوە.

شا ئیسماعیلی یەکەم خۆی بەکوڕی ئیمام عەلی‌و فاتیمەی کچی پێغەمبەر موحەممەد دادەنا[29]. ئەم فرزەندەیی‌یە نابیۆلۆژییە، بەپێی بیروباوەڕی مەسیحایەتی لەباوکایەتیی نابیۆلۆژیی خوا بۆ مەسیح دەچێ. شا ئیسماعیل بۆ سەقامگیرکردنی پیرۆزیی خۆی، بەئاشکرا بلاوی کردەوە کەئەو سمبول‌و نهێنیی خوایە[30]. ئەمەش بەمانای ئاشکراکردنی توانای بەستنەوەی ناسوت‌و لاهوت دێ. وەك هەر سیستمێکی توندوتۆڵی گوێڕایەڵی کەگورو هێزی لەرەوایی‌ی ڕەهاوە سەرچاوە دەگرێ، فەرمانەکانی شا ئیسماعیل رەت نەدەکرانەوە. ئەوە بۆ خۆی گەورەترین بەڵگەیە کەسوپای قزلباش تاکە سوپایە لەمێژوی ڕۆژهەڵاتی موسڵماندا تیمی گۆشت مرۆخۆری تێدا بێ کەهەر ئەوەندە بوو شا ئیسماعیل فەرمانی خواردنی کەسێکی بدایە، ئەندامانی تیمەکە تێی دەوروکان‌و پارچە پارچەیان دەکردو بەبێ هیچ دودڵییەك دەیانخوارد[31].

لەنێو هەمو سیستمەکانی گوێڕایەڵیدا، سیستمی گوێڕایەڵیی نەقشبەندی کەتەریقەتێکی سۆفیگەرییەو شێخ بەهادین نەقشبەندی بوخاریی ناسراو بەشا نەقشبەند دایمەزراندووەو لەسەر دەستی مەولانا خالد شارەزوری لەنێو کورددا بلاو بۆتەوە، کەم توندوتیژ دێتە بەر چاوو زیاتر جەخت دەکاتە سەر مەرجە ئەخلاقییەکان. لەنەقشبەندیدا کەبیروباوەڕی بارزانی بەلقێکی دادەنرێ، تۆکمەیی‌ی سەرچاوەی پیرۆزی پەیوەندیی بەوەوە هەیە کەپێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکان چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ گەیشتن بەخوا پێکدێنن. لەم بارەیەوە شا نەقشبەند دەڵێ ((ڕێگای ئێمە کورتترین ڕێگایە بەرەو خوا))[32]. ڕستەیەك کەپاش ئەمە دێ، واتاو ئاماژەی وای تێدایە کەپەیوەندیی بەناوەڕۆکی

---

[29] هاشم کەریمی، ئاین‌و دەسەڵات لەپرۆسەی مێژوی روحانیەتی شیعەدا، سەرچاوەی پێشو، ل ٩٥.
[30] هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.
[31] هەمان سەرچاوە، ل ٩٦.
[32] الدکتور محمد احمد درنیقة، الطریقة النقشبندیة واعلامها، المصدر السابق، ص ٢٤.

بیرۆکە گنۆستیکییەکەی رزگارکەرەوە هەیە، چونکە نەقشبەندی لەناوەڕۆکدا بیروباوەڕی رزگاربونە. ئەوەی ئەمە رون دەکاتەوە ئەوەیە کەشا نەقشبەند لەڕستە تەواوکەرەکەدا جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کەهەر چی پەیوەندیی بەبیروباوەڕەکەیەوە نەکات ((ئاینەکەی لەمەترسیدایە))[33]. بەمجۆرە، کاریگەریی گنۆستیك لەسەر نەقشبەندی جێی گومان نیە. لەو سۆنگەیەشەوە کەنەقشبەندی لەبنەڕەتدا بیروباوەڕی رزگاربونە، باوەڕهێنان بەبیروباوەڕی نەقشبەندی دەبێتە تاکە رێوشوێن بۆ رزگاربون‌و ئەمە بەهەمان شێوە لەبیروباوەڕی بارزانیدا هەیە.

لێرەدا رۆڵی رابەری روحانی دەردەکەوێ. بۆ دەستەبەرکردنی رزگاربون، ئەم رابەرە لەنێوان پەیڕەوەکانی‌و جیهانی میتافیزیکدا دەبێ بە "پرد"[34]. بەڵام لەبەر ئەوەی سەرچاوەی پیرۆزی بەبێ خۆگرێدان بەهێمایەکی باڵاترەوە رێك ناکەوێ، شێخ لەڕوانگەی نەقشبەندییەوە لەجیاتی پێغەمبەر موحەممەد دەبێ[35]. لەسەر ئەم خاڵە نەقشبەندی‌و قادری هاوڕان[36]. ئەمەش لەگەوهەردا بەو مانایە دێ کەگوێڕایەڵیی شێخ هیچ جیاوازیی لەگوێڕایەڵیی پێغەمبەر نیە.

سیستمی گوێڕایەڵی لەنەقشبەندیدا لەسەر ئەو بنچینەیە دامەزراوە کەتاك پێویستی بەڕێ نیشاندەرەو لەم سەروبەندەدا ئەرکی رێ نیشاندەر بریتی دەبێ لەخاوێن کردنەوەی پەیڕەوەکانی بەو شێوەیەی کە لەسۆفیگەریی مەسیحیدا هەیەو هاندانیان بۆ بەسوکایەتی تەماشاکردنی جیهانی ماددی[37]. بەڵام سیستمی گوێڕایەڵیی نەقشبەندی بەشێوەیەکی ئەخلاقی‌و بەپشت بەستن بەتۆکمەکردنی دوراییی پاتریارکیی پەیوەندیی نێوان شێخی رێ پیشاندەرو پەیڕەوەکان، خۆی ناواخنی خۆی تۆکمە دەکا. ئەوەی کەتاك شێخی هەبێ، بیرۆکەیەکی دێرینی سۆفیگەرییەو ئیبن عەرەبی بەشێوەیەکی زۆر توندڕەوانە

---

[33] هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

[34] هەمان سەرچاوە، ل ٤٤.

[35] هەمان سەرچاوە، ل ٤٣.

[36] الدكتور مكرم الطالباني، الشيخ عبدالرحمن الطالباني العالم المتصوف وشاعر العشق الالهي ومرشد الطريقة القادرية الطالبانية، الجزء الاول، مركز خاك للنشر والاعلام، السليمانية، ٢٠٠٣، ص ٦١.

[37] الدكتور محمد احمد درنيقة، الطريقة النقشبندية واعلامها، المصدر السابق، ص ٤٢-٤٣.

گوزارشتی لێ کردووەو وای داناوە کەهەر کەسێك شێخی نەبێ، شەیتان دەبێ بەشێخی[38]. لێرەدا بایەخی باوکایەتیی وێژەییی شێخ دەردەکەوێو ئەم باوکایەتییە تارادەیەك هاوشێوەی چەمکی باوکایەتیی وێژەییی خوایە کە لەمەسیحایەتیدا پەیڕەوەکان باوەڕیان پێیەتیو دەیخەنە سەروی باوکایەتیی بیۆلۆژییەوە[39]. لەم سەروبەندەدا نەقشبەندی، بەپێچەوانەی هەمو بیروباوەڕە سۆفیگەرەکانەوە، پەراوێزێکی گەورەتر بۆ پەیوەندیی روحانیی نێوان شێخو پەیڕەوەکانی دەهێڵێتەوەو لەسیستمی گوێڕایەڵیدا ئەوەندەی پشت بەفەلسەفەی خۆشەویستی دەبەستێ، ئەوەندە پشت بەفەلسەفەی هێز نابەستێ. لێرەدا دەرفەتێکی وا دەرەخسێ کەبەهۆیەوە دەتوانین تێبینیی ئەوە بکەین کەبیرباوەڕی بارزانی پەیتا پەیتا لەبیروباوەڕی نەقشبەندی دور دەکەوێتەوەو لەگەڵیدا ناگونجێو هەر لێرەش پەیوەستی نێوان هەردو بیروباوەڕ دەپچڕێو نەگونجانو نەسازان جێی دەگرێتەوە.

لەبیروباوەڕی بارزانیدا بیرۆکەی فەنابونی پەیڕەوەکان لەرابەری روحانیدا نییە، چونکە بیرۆکەی فەنابون پشت بەفەلسەفەی خۆشەویستی دەبەستێ. ئەگەر لەرێسا ئایدیۆلۆژییەکانی سیستمی گوێڕایەڵیی بیروباوەڕی بارزانی ورد بینەوە، سەرنج دەدەین کەلێك ئالاَبونێك لەنێوان خۆشەویستیو گوێڕایەڵیدا هەیە. ئەم بیرۆکە سۆفیگەرییە لەبیروباوەڕەکانی مەسیحایەتیدا بەدی دەکرێ. لەو سۆنگەیەشەوە کەشێخی رێ نیشاندەر لەبیروباوەڕی نەقشبەندی ئەو رێوبانەیە کەبەرەو رزگاربون دەچێ، خۆشەویستی کەڕێی گوێڕایەڵی خۆش دەکا، پەیڕەوەکان هاندەدا فەنا لەخۆشەویستیی شێخدا بکەنو وای دابنێن کەبەبێ فەنابون لەناخی شێخ بەهیچ شێوەیەك ناگەنە ئاستی فەنابون لەخوادا[40]. بەم پێیە، رێ نیشاندەری نەقشبەندی پێی دەکرێ ئومێدێك بەپەیڕەوەکانی ببەخشێ کەئەگەر بەردەوام بن لەسەر خۆشەویستیی ئەو، کەئەمەش سەرەتای دەستپێکی فەنابونە لەجیهانی میتافیزیکدا، دەتوانن بگەن بەفەنابون لەخوادا.

---

[38] جان شو فليبي، التصوف والمتصوفة، المصدر السابق، ص ٩٩.
[39] الدكتور محمد احمد درنيقة، الطريقة النقشبندية واعلامها، المصدر، السابق، ص ٤٥.
[40] هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

سەربار، دەبێ مەسەلەکە لەو روانگەیەشەوە لێی بکۆڵدرێتەوە کەچەند پەیوەندیی بەجیهانی میتافیزیکەوە هەیە. ئەمەش دوراییە ئیسکاتۆلۆژییەکەی تەواوی بابەتەکە پێکدێنێ‌و تایبەتە بەرۆڵی رابەری روحانی لەرۆژی قیامەتدا، کاتێك جیهانی ماددی لەناو دەچێ‌و جیهانی میتافیزیك تاکە جیهان دەبێ. لەبیروباوەڕی بارزانییەکاندا پەراوێزێکی ئیسکاتۆلۆژی هەیە پەیوەندیی بەو رۆڵەوە هەیە کەشێخ لەرۆژی قیامەتدا دەیگێڕێ. کرۆکی رۆڵەکە باس لەوە دەکا کەشێخ لەو رۆژەدا دەتوانێ شەفاعەت بۆ پەیڕەوەکانی بکاو بیانبا بۆ ناو بەهەشت[41]. ئەم مەسەلەیە لەسەر دو ئاست هەڵدەسوڕێ. لەجیهانی ماددیدا شێخ فەرزە ئاینییەکان لەسەر پەیڕەوەکانی لادەباو کاروباری ژیانی رۆژانەیان هەڵدەسوڕێنێ‌و لەجیهانی میتافیزیکداو وردتر لەرۆژی قیامەتدا، ئەرکەکەی مسۆگەرکردنی چونی پەیڕەوەکانێتی بۆ ناو بەهەشت. گرنگیی ئەم لایەنە لەسیستمی گوێڕایەڵیدا فرە یەکلاکەرەوەیە چونکە چارەنوسی پەیڕەوەکان دەوەستێتە سەر رەزامەندیی شێخ لەهەڵسوکەوتیان. بەشێوەیەکی رەها، هاتنە دەرەوە لەو چوارچێوەیەی کەبیروباوەڕی بارزانی بۆ سیستمی گوێڕایەڵیی داناوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کەپەیڕەوەکان لەجیهانی ماددیدا پشتیوانی خۆیان لەدەست بدەن‌و لەجیهانی میتافیزیکیش لەرۆژی قیامەتدا بەبێ شەفیع بمێننەوە. سڵ کردنەوەی پەیڕەوەکان لەدەست بردن بۆ کارێك کە لەدەستدانی پشتیوانی‌و رەزامەندیی شێخی لێ بکەوێتەوە، توندوتۆڵیی سیستمی پەیڕەوکراوی گوێڕایەڵی زیاتر دەکات.

لەبیروباوەڕی بارزانیدا چەمکی ((شەفیع)) تێکەڵ بە چەمکی ((رزگارکەر))بووەو بەدرێژەپێدانی ئیسکاتۆلۆژیی ئەم چەمکە دادەندرێ. بەڵام جیاوازیی نێوانیان لەوە دایە کەرۆڵی رزگارکەر لەجیهانی ماددیدا دەردەکەوێ، لەکاتێکدا کەرۆڵی شەفیع پاش نەمانی جیهانی ماددی‌و زیندوبونەوەی مردووەکان‌و دادگایی کردنیان لەجیهانی میتافیزیکدا دەردەکەوێ.

[41] بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦- ١٩١٤، المصدر السابق، ص ٤.

لەئیسلامدا شەفاعەت پەیوەندیی بەرۆڵی ئیسکاتۆلۆژیی پێغەمبەر موحەممەدەوەیەو لەنێو هەموو ئەو پێغەمبەرانەدا کەئیسلام دان بەپێغەمبەرایەتییاندا دەنێ، شەفاعەت تایبەتە بەپێغەمبەر موحەممەد. مەبەستی بنچینەییی فەلسەفەی شەفاعەت خورت کردنی سیستمی گوێڕایەڵییە بەو پێیەی کەسەلماندنی رۆڵی ئیسکاتۆلۆژیی پێغەمبەر موحەممەد لەجیهانی میتافیزیکدا دەبێتە هۆی خورت کردنی سیستمی گوێڕایەڵی لەجیهانی ماددیدا.

بەڵام هەموو موسڵمانەکان بەتەواوی پابەندی ئەم بیرۆکەیە نەبوون و لەم سەروبەندەدا شیعە دوانزە ئیمامییەکان کەبنەماڵە پیرۆزەکەی ئیمام عەلی بەهێمای چەرخێکی پیرۆزی مێژوو دادەنێن، شەفاعەتیان کرد بەدوو ئاستەوە، یەکێکیان گشتییەو بۆ پێغەمبەر موحەممەد بەتاقی تەنیا تەرخان کراوەو ئەوی دی تایبەتەو بۆ ئیمام عەلی سەلمێنراوە. بەپێی ئەم تیۆرییە، پێغەمبەر موحەممەد لەڕۆژی قیامەتدا شەفاعەت بۆ هەموو موسڵمانان دەکا، بەڵام ئیمام عەلی شەفاعەت تەنها بۆ پەیڕەوەکانی خۆی دەکا. شیعەکان پەراوێزە تەنگەبەرەکەی ئاستی تایبەتی شەفاعەتیان بەئەندازەیەك بەرین کرد کەهەر دوانزە ئیمامە پیرۆزەکە، لەئیمام عەلییەوە تا ئیمام محەممەدی مەهدی، بگرێتەوە. شێخ موفید بەم چەشنە گوزارشت لەمە دەکاو دەڵێ ((بەشەفاعەتی ئەوان، خوا گەلێك گوناهکار رزگار دەکا))[٤٢].

لەم بوارەدا تێگەیشتنی هەڵوێستی ئیسماعیلییەت بەرامبەر بەشەفاعەت هەندێ دژواریی تێدایە، ئەویش لەبەر یەکێ لەم دوو هۆیە: یان لەبەر ئەوەی ئیسماعیلیەت بەتێروتەسەلی لەم بابەتەی نەکۆڵیوەتەوە، یان لەبەر ونبوونی زۆر سەرچاوەی ئیسماعیلی لەم بارەیەوە پاش لەشکرکێشیی مەغۆڵ و پوکانەوەی ئیسماعیلییەت. بەڵام هەندێ فاکتەری تر هاندەرن بۆ وروژاندنی بۆچوونێك سەبارەت بەوەی کەدەشێ ئیسماعیلیەت پەیڕەویی لەتیۆریی شەفاعەتی شیعەی دوانزە ئیمامی کردبێ، چونکە هەردو پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیی ئیسماعیلییەت و

[٤٢] الشيخ المفيد، اوائل المقالات، الطبعة الثانية، دار المفيد، بيروت، ١٩٩٣، ص ٤٧.

شـیعه‌گه‌ری سـه‌باره‌ت به‌گه‌ڕانـه‌وه‌ی مه‌هـدی (سـه‌ره‌ڕای دیـدی جیاوازیـان بـۆ که‌سایه‌تی‌و ئه‌رکه‌که‌ی)و پیرۆزیی کوڕانی ئیمام عه‌لی له‌فاتیمه‌و ناساندنیان وه‌ك میراتگرانی پێغه‌مبه‌ر موحه‌ممه‌د، یه‌ك تێڕوانینیان هه‌یه‌. به‌ڵام له‌هـه‌مان کاتـدا ده‌کرێ وا دابندرێ که‌ڕه‌نگـه‌ ئیسـماعیلیه‌ت ئـه‌م تایبه‌تمه‌ندییـه‌ی له‌پێغه‌مبـه‌ر دامــاڵی بــێ چــونکه‌ ئیســماعیلییه‌ت، به‌پێچــه‌وانه‌ی شــیعه‌گه‌ریی دوانــزه‌ ئیمامییــه‌وه‌، پێــی وایــه‌ مه‌هــدی به‌شــه‌ریعه‌تێکی تــازه‌وه‌ دێتــه‌وه‌و هــه‌مو شه‌ریعه‌ته‌کانی تر پوچه‌ڵ ده‌کاته‌وه‌. ئه‌مه‌ به‌و مانایه‌ دێ کـه‌دور نیـه‌ مه‌هـدیی ئیسماعیلییه‌کان ئاستی گشتی‌و تایبه‌تی شه‌فاعه‌ت بۆ خۆی قۆرخ بکات یاخود لانی که‌م له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ر موحه‌ممه‌ددا دابه‌شی بکات. لـه‌م باره‌یـه‌وه‌ کتێبێکـی ئیسماعیلی که‌ تا ئێستا نه‌زانراوه‌ کێ نوسیویه‌تی، به‌شێوه‌یه‌کی ته‌مومژاوی له‌م بابه‌تـه‌ ده‌دوێ‌و وای بـۆ ده‌چـێ کـه‌ ((ئـه‌وه‌ی که‌ده‌ره‌قـه‌تی شـه‌فاعه‌ت دێـت‌و شه‌فاعه‌تی لێ په‌سه‌ند ده‌کرێ، ته‌نها ئه‌و که‌سه‌یه‌ که‌ له‌هه‌ردو جیهانی روحانی‌و ئاینیدا پێگه‌ی به‌رزی هه‌یه‌))[43].

هیچ به‌ڵگه‌ی به‌هێز له‌سه‌ر ئـه‌وه‌ نیـه‌ کـه‌بیروباوه‌ڕه‌ سـۆفیگه‌رییه‌کان مـافی شــه‌فاعه‌تیان به‌ســۆفییه‌کان به‌خشــی بــێ‌و ئامــاژه‌ ســۆفیگه‌رییه‌ کــورت‌و ته‌ماوییــه‌کان ســه‌باره‌ت به‌شــه‌فاعه‌ت شــتێکی وایــان لێ هه‌ڵناکرێنــدرێ که‌ســۆفییه‌کان شانبه‌شـانی پێغه‌مبــه‌ر موحه‌مــه‌د رۆڵێکـی ئیسـکاتۆلۆژییان به‌خۆیان به‌خشیوه‌. له‌بریتی ئه‌مه‌، ده‌بینین هه‌ندێ له‌سـۆفییه‌کان، له‌وانـه‌ ئـه‌بو تالبی مه‌ککی، وه‌ك شیعه‌کان سنوری شه‌فاعه‌ت درێژ ده‌که‌نـه‌وه‌و بانگه‌شـه‌ بـۆ تیۆریی مافی شه‌فاعه‌ت بـۆ پێغه‌مبـه‌ران به‌شـێوه‌یه‌کی سـه‌ره‌کی‌و پاشـان بـۆ زاناکان‌و پاشـان بـۆ شـه‌هیده‌کان لـه‌ڕۆژی قیامه‌تـدا ده‌کـه‌ن[44]. ئـه‌م ده‌ربڕینـه‌ به‌تێکڕایی هیچ واتایه‌کی رۆشن به‌ده‌سـته‌وه‌ نـادا چـونکه‌ کـه‌ناوی پێغه‌مبـه‌ران دێنێ به‌کۆ ناویان دێنێ‌و ئه‌مه‌ش بـه‌و مانایـه‌ دێ کـه‌مافی شـه‌فاعه‌ت تـه‌نها تایبه‌ت به‌پێغه‌مبه‌ر موحه‌ممه‌د نیه‌ به‌ڵکو بۆ هه‌مو پێغه‌مبه‌ره‌کانه‌، ده‌سته‌واژه‌ی

---

[43] رودولف شتروطمان، اربعة كتب اسماعيلية، المصدر السابق، ص ٤٢.

[44] الدكتور كامل مصطفى الشيبي، الصلة بين التصوف والتشيع، المصدر السابق، ص ٤٠١.

زاناکانیش هەمو دەستە روحانییەکان دەگرێتەوە لەوانە، بەدڵنیاییەوە، سۆفییەکان. بەڵام هەر چۆنێك بێ، ئەم چەشنە دەقە ناڕۆشنەو چەندەها دەقی تری ناڕۆشن، خراپ لەسەر هەڵوێستی راگەیەنراوی سۆفیگەری ناشکێتەوە چونکە سۆفیگەری لەهەڵوێستی راگەیەنراویدا پێی وایە شەفاعەت تایبەتمەندە بەپێغەمبەر موحەممەد. بایەخی دەقەکەی ئەبو تالبی مەککی لەوە دایە کە بەڕونی نیشانی دەدا کە لەنێو سۆفییەکاندا راو بۆچونی جیاواز دەربارەی ئەم بابەتە هەیە.

لەبیروباوەڕی بارزانییەکاندا لەمەسەلەی شەفاعەتدا ئاستی تایبەت زاڵە. ئەمەش بەو واتا دێ کەشێخی بارزان لەڕۆژی قیامەتدا بارزانییەکانی لێ بترازێ شەفاعەت بۆ هیچ کەسێکی تر ناکا چونکە ئەرکی شەفاعەت کردن بۆ خەڵکانی تر تایبەت بەپێغەمبەر موحەممەدە. لەنێو بیروباوەڕی بارزانییەکاندا پرنسیپی شەفاعەت دوو سەرچاوەی هەیە، یەکێکیان پەیوەندیی بەبیروباوەڕی شیعەگەرییەوە هەیە چونکە چەمکی شەفاعەت لەبیروباوەڕی بارزانیدا لەچەمکی شەفاعەتی بیروباوەڕی شیعەگەری دەچێ‌و جیاوازیی نێوانیان پەیوەندیی بەرۆڵی ئیسکاتۆلۆژیی شەفیعەکانەوە نیە، بەڵکو پەیوەندیی بەکەسایەتیی خودی شەفیعەکانەوە هەیە. لەکاتێکدا ئیمام عەلی‌و نەوەکانی لەڕۆژی قیامەتدا شەفاعەت بۆ گروپی خۆیان دەکەن، شێخەکانی بارزان شەفاعەت بۆ پەیڕەوەکانی خۆیان دەکەن. لەم سەروبەندەدا سەرچاوەی دووەم پەیوەندیی بەبیروباوەڕی شیعەگەرییەوە هەیەو وردتر پەیوەندیی بەو بیروباوەڕانەوە هەیە کەمافی شەفاعەت، وەك لەگوتەی ئەبو تالبی مەککیدا دەردەکەوێ، جگە لەپێغەمبەر موحەممەد بەچەند گروپێکی تری روحانییەکان دەبەخشن.

چەمکی شەفاعەت هاوتای چەمکێکی ترە کەچەمکی مەعسومیەتە[٤٥]. ئەوی راستیش بێ، شەفاعەت تەنها رەنگدانەوەی مەعسومیەتەو یەکێ لەمەرجە بنەڕەتییەکانی شەفیع، مەعسومیەتە. ئەم لێك ئاڵانەی چەمکی

[٤٥] الرزينة ر. لالاني، الفكر الشيعي المبكر، تعاليم الامام محمد الباقر، ترجمة سيف الدين القصير، دار الساقي بالاشتراك مع معهد الدراسات الاسماعيلية، بيروت، ٢٠٠٤، ص ١٠٢.

شەفاعەتو چەمكی مەعسومیەت رێزێكی زۆرتر بۆ شەفیع دابین دەكاو سیستمی گوێڕایەڵییەكەی پتەوتر دەكا. مایەی تێڕامانە كەبیری ئیسلامگەرا مەعسومیەت وەك لوتفێكی خوایی نیشان دەدا كەمەعسوم بۆ چاكە هان دەداو لەگوناهی دەپارێزێ[٤٦]. لەو سۆنگەیەشەوە كەئەم كەسە پشت بەلوتفی خوا دەبەستێو خوا بەهرەی گوناه نەكردنی پێ بەخشیوە، سیستمی گوێڕایەڵییەكەی هەمو مەرجەكانی خورتیو تۆكمەییی تێدا هەڵدەكەوێ.

[٤٦] الدكتور حسن حميد عبيد الغرباوي، العصمة في الفكر الاسلامي، دار طيبة ومكتبة اضواء البيان، دمشق، ٢٠٠٧، ص ٢٦.

## تەوەری دووەم

# جامانەی سور

لەنێو هەمو خێڵەکاندا، تەنها بارزانییەکان جامانەی سور دەبەستن. ئەم مەسەلەیە پێشینەی خۆی هەیەو پەیوەندیی بەڕیشەی بیروباوەڕی بارزانییەکانەوە هەیە. لەم روەوە بۆچونێك هەیە پەیوەندییەك لەنێوان رەنگی سور وەك دروشمی بارزانییەکانو لەنێوان کۆمۆنیزم دا بەدی دەکا بەڵام ئەم پەیوەندییە بەهیچ شێوەیەك راست نیە. تەنانەت لەنێو بارزانییەکانیشداو بەتایبەتی لەنێو گەنجەکانیاندا، هەندێ وای بۆ دەچن کەدەرکەوتنی جامانەی سور دەچێتەوە سەر رۆژگاری گەڕانەوەیان لەروسیاوە لەساڵی ١٩٥٨دا. بەڵام ئەم بۆچونە زادەی نەزانینە زیاتر لەوەی کەزادەی کۆشش بێ بۆ سەلماندنی کاریگەریی کۆمۆنیزم لەسەر بارزانییەکانو هیچ بنەمایەکی بەهێزیشی نیە چونکە جامانەی سور بەر لەوەی بارزانییەکان لەساڵی ١٩٤٧دا پەنا بۆ روسیا بەرن، دروشمی بازرانییەکان بووە. بۆیە، چەوتیی بونی پەیوەندییەك لەنێوان دروشمی بازرانییەکانو دروشمی کۆمۆنیزم پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە نیە.

یەکەم ئاماژەی رون بۆ جامانەی سور بۆ ساڵی ١٩٠٩ دەگەڕێتەوە، ئەویش لەهۆنراوەیەکدا کەباس لەشەڕێکی نێوان شێخ عەبدولسەلامی دووەمی بارزانیو دەرەبەگەکانی خێڵی زێبار دەکا[٤٧]. بەهەر حاڵ، دروشمی جامانەی سور لەبیروباوەڕی بارزانییەکاندا پەیوەندیی بەبیروباوەڕێکی شۆڕشگێڕانەو هەلومەرجێکی دیاریکراوەوە هەیە. ساڵی ١٨٩٥ شێخ نشینی بارزان روبەڕوی گەورەترین گەلەکۆمەکێ لەهەموو مێژوویدا بۆوە کەلایەنەکانی پێکهاتبوون

[٤٧] سەبارەت بەهۆنراوەکە، بچۆوە سەر: بي رش، بارزان و حركة الوعي الكردي ١٨٢٦-١٩١٤، ١٩٨٠، ص١١٥-١١٦.

لەئۆرۆستۆکراسیی خێڵە بەهێزەکەی زێبارو شێخ نشینی سورچییەکانی بجێل‌و شێخ نشینی نەهری بەسەرۆکایەتیی محەمەد سدیق نەهری‌و برادۆست کەدواتر شێخ نشینی لۆلانی لێ پێك هات‌و چەند خێڵێکی تر[٤٨]. گەلەکۆمەکێکە گوشارێکی زۆری خستە سەر بارزان‌و دواتر، پاش زنجیرەیەك شەڕو پێکادان، بۆی لوا دەست بەسەر خودی بارزاندا بگرێ.

لەو سەردەمەدا گەورەترین کێشەی بارزان ئەوە بوو کە لەدەوروبەرێکی نەیار دایە. نەیارە بەهێزەکەی ئەم شێخ نشینە، ئۆرۆستۆکراسیی دەرەبەگی خێڵی زێبار بوو. بەڵام پێداگریی بارزان لەسەر بەهاکان هەیبەتی زیادکردو وای کرد بتوانێ زۆربەی جوتیارە چەوساوە رەشوڕوتەکان بەلای خۆیدا راکێشێ. ئەمەش بوە مایەی دەرکەوتنی وەك لایەنێکی بەسام‌و بێباك.

کۆتایی هێنان بەسەردەمی شاردنەوەی بیروباوەڕ، واتە کۆتایی هێنان بەتەقیە، بەڕونی لەسەردەمی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم دا دەستی پێ کرد. شێخ محەمەد لەڕێی بەکارهێنانی هێزەوە رێزو هەیبەتێکی زۆری بۆ شێخ نشینەکە پەیدا کرد و لەسەردەمی ئەودا پەیڕەوەکانی بەقۆناغێکی گواستنەوەدا بەرەو نەهێشتنی تەقیە تێپەڕین. شێخ محەمەد پێی ناخۆش بوو پەیڕەوەکانی هەم دڵسۆزی تەکیەی بارزان بن هەم دڵسۆزی ئۆرۆستۆکراتەکانی خێڵی زێبار بن‌و لەم روەوە ناچاری کردن خۆیان ساغ بکەنەوەو تەواوی دڵسۆزییان تەنها بۆ تەکیەی بارزان بێ. ئیتر کەپەیڕەوەکانی لەچنگ دەرەبەگەکانی زێبار رزگارکرد، تەکیەی بارزانی بۆ کردن بەتاکە سەرچاوەی بەهای کۆمەڵایەتی. لەڕاستیدا ئەمە سەرەتای کۆتایی هێنان بوو بەسەردەمی شاردنەوەی بیروباوەڕ. ئیتر لێرەوە سەردەمی ئاشکراگەرایی دەست پێ دەکا کەتێیدا بارزان دەبێتە تاکە سەرچاوەی بەهاکان.

شێخ عەبدولسەلامی دووەم درێژەی بەپەیامی ئەو شێخانەی پێش خۆی دا کەئەرکی بەرپەرچدانەوەی ئۆرۆستۆکراسیی زێباریان دەست پێ کردبوو. خۆشبەختانە لەو سەردەمەدا زۆری نەبرد بەرەی دوژمنەکانی درزو ناتەبایی

---

[٤٨] هەمان سەرچاوە، ل ٧٤.

تێکەوت. لەئاکامی ململانێی نێوان بەرەبابە ئۆرۆستۆکراتە رکابەرەکانی نێو خێڵی زێباردا، هەندێ لەو بەرەبابانە بۆ خۆ دەربازکردن لەهەندێ کێشەی گەورەتر، بەلای شێخ عەبدولسەلام دا دایانشکاندو ئەمەش بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی ئۆرۆستۆکراسی هەلێکی لەبار بوو. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کەبۆ خۆی دیاریی کردبوو، شێخ عەبدولسەلام رەوایی‌ی بەوە دا کەببێ بەهاوپەیمانی بەشێکی دەرەبەگەکانی زێبار لەدژی بەشە هەرە درو دەستڕۆیشتووەکەو ئەمەش سەرکەوتنی بەرچاوی لێ کەوتەوە.

لێرە هەلومەرجێکی گونجاو بۆ هەڵایساندنی خەباتێکی شۆڕشگێڕانە دەبینین چونکە ململانێی چینایەتیی نێوان جوتیارە رەشوڕوتەکانو ئۆرۆستۆکراتە دەرەبەگەکانی خاوەنی زەوی‌و سامانو دەسەڵات کەململانێ‌یەکە بنچینەیەکی ئابوریی هەیە، گەیشتۆتە ترۆپك. ئەوەی تێکۆشانی جوتیارەکانی تۆکمەتر کرد، ئەو بیروباوەڕانەی تەکیەی بارزان بوو کەبانگەشەیان بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەی جوتیاران دەکردو داوایان دەکرد چیتر دەستڕۆیشتوەکانو دەوڵەمەندەکان لەسەر رەنج‌و ماندوبونی هەژاران نەژین‌و لەم سەروبەندەدا ئەو مافەیان بۆ چەوساوەکان دەسەلماند کەبەگژ چەوسێنەرەکانیاندا بچنەوە. بازران لەسەردەمی شێخ محەمەدەوە چەند جوڵانەوەیەکی جوتیاریی وروژاند کەئامانجەکەیان بەدی هێنانی داد بوو. لەسەردەمی شێخ عەبدولسەلامی دووەم دا ئەو جوڵانەوە جوتیارییانە گەیشتن بەترۆپکی رێکخستن‌و هێز. لەم بوارەدا پێکدادانی سەخت‌و خوێناوی لەنێوان جوتیاران‌و دەرەبەگەکاندا، لەنێو خێڵەکانی شێروان‌و مزوریدا، رویدا. هەندێ لەسەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەجوتیارەکان کەوتنە پەیجوری دەرەبەگەکان‌و توندوتیژییەکی زۆریان لەدژیان بەکار هێنا. ئەم زێدەڕۆیی کردنە لەکوشتوبڕو بەکارهێنانی زەبروزەنگ رادەی ئامادەیی‌ی جوتیارەکان بۆ بەکارهێنانی هێز لەدژی چەوسێنەرەکانیان دەردەخا.

فەلسەفەی بارزان سەبارەت بەئازادی، جوتیارە چەوساوەکانی خستە جمین‌و جوڵەوە. لەکاتێکدا ئەم راپەڕینانەی جوتیاران بەشێوەیەکی گشتی روخسارێکی پێشکەوتنخوازانەیان هەبوو، داشکاندن بەلای بەکارهێنانی زەبرزەنگدا بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ، داشکاندنێکی توندڕەوانە بوو بەڕادەیەك کەخودی شێخ

عەبدولسەلام نارەزاییی لەئەندازەی بەکارهێنانی زەبروزەنگەکە دەربڕی[٤٩]. ئەگەرچی شێخ عەبدولسەلام دژی بەکارهێنانی زەبروزەنگ نەبوو، بەڵام پێدەچێ بیری بۆ ئەوە نەچووبێ کەدەشێ جوتیارە راپەڕیوەکان بەو ئەندازەیە زێدەڕۆیی لەبەکارهێنانی زەبروزەنگدا بکەن.

تایبەتمەندیی بنەڕەتیی ئەو بزوتنەوانەی جوتیاران ئەوەیە کەسەرکردایەتی یەکەیان، وەك لەشۆڕشە دیموکراتەکاندا باوە، سەرکردایەتییەکی بورژوازی نەبوە. ئەمەش بەو مانایە دێ کەهەڵنەکەوتنی سەرکردایەتییەکی شاری بۆ ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕییە جوتیارییانە وای کرد دەست گرتن بەسەر زەویدا ببێ بەئامانجی سەرەکیی ململانێکەو لەم سۆنگەیەوە ئەگەرچی ململانێکە بەقازانجی جوتیاران یەکلا بۆوە بەڵام ئەم ئاکامە بەوە کۆتاییی نەهات کەبەرهەمی کشتوکاڵ ببێ بەبەرهەمێکی کاڵایی، واتە نەبو بە بەرهەمێك لەپێناوی بازاڕدا.

هەر چۆنێك بێ، نەبونی سەرکردایەتییەکی شاری بۆ بزوتنەوە جوتیارییەکان روخساری شۆڕشگێڕییان لێ داناماڵێ. بزوتنەوە جوتیارییەکان بەپشتیوانیی شێخایەتیی بارزان سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەیان بەسەر ئۆرۆستۆکراتەکانی زێباردا بەدەست هێنا. بەم سەرکەوتنانە شێخایەتیی بارزان ئاسایشی خۆی لەسەر بنەمای دڵسۆزیی جوتیارە تازە رزگاربووەکان دامەزراند.

شێخ عەبدولسەلام پڕۆژەکەی خۆی بەهەندێ روخساری دەرەکی سەقامگیر کرد. لەکاتێکدا ژمارەی پەیڕەوەکانی زیادی دەکردو تا دەهات زیاتر پشتیوانیی هەژارەکانی بەدەست دەهێنا، جامانەی سوری کردە دروشمێك بۆ پەیڕەوەکانی. هەڵبژاردنی ئەم دروشمە پەیوەندیی بەو هەلومەرجەوە هەیە کەتێیدا تەکیەی بارزان ئەوەندە لەخۆی دڵنیا بو کەترسی لەئاشکراکردنی بیروباوەڕی خۆی نەمابوو. ئەمە بەمانای دوایی هێنان بەسەردەمی شاردنەوەی بیروباوەڕو بەئاشکرا چوونە نێو سەردەمی ئاشکراگەرایی، بەبێ سڵەمینەوە لەچەوسانەوە، دێ.

---

[٤٩] هەمان سەرچاوە، ل١١٦.

دروشمی سوری بیروباوەڕی بارزانییەکان هاوتای نەریتی خەتەنەیە لەلای باوەڕدارەکانو دروست لەلای جولەکەو مەسیحییە بەرایییەکانو موسڵمانەکان. مەبەستی سەرەکیی خەتەنە لەهەر سێ ئایندا لێك جیاکردنەوەی باوەڕدارانو ناباوەڕدارانە، بەتێبینی کردنی ئەوەی کەئەم نەریتە لەجولەکایەتیدا لەلێك جیاکردنەوەی باوەڕدارانو ناباوەڕداران واوەتر دەڕوا. لەجولەکایەتیدا خەتەنە پەیوەندیی بەو پەیمانەوە هەیە کە لەنێوان خوا(خواوەند یەهوە لەبیروباوەڕی جولەکەدا)و پەیڕەوە باوەڕەدارە جولەکەکاندا لەئارادایە. ئایەتی ٤٥ی کتێبی ئافراندن گوزارشت لەو پەیمانە دەکا کەتێیدا خواوەند بەپێغەمبەر ئیبراهیمی وتوە((ئەمەیە پەیمانی من لەگەڵ ئێوەداو پاشان لەگەڵ نەوەی تۆدا: هەر نێرینەیەکتان خەتەنە دەکرێ. گۆشتە نەرمەی چووك دەبڕنو ئەمە نیشانەی پەیمانی نێوان منو ئێوە دەبێ))[٥٠]. مەسیحییە بەرایییەکان بەردەوام بون لەسەر ئەم نەریتەو وەك نیشانەی پەیمانی نێوان خواو باوەڕدارە مەسیحییەکان سەیریان کرد بەڵام پاش ئەوەی پۆلس لەڕەوتی دەستکاری کردنی رێو رەسمە مەسیحییەکاندا پەکی ئەم نەریتەی خست، ئەوانیش وازیان لێ هێنا. ئەم نەریتە لەجولەکایەتییەوە بۆ ناو ئیسلام گوێزرایەوە. ئەگەرچی ئیسلام بەقەد جولەکە ئەوەندە بەتەنگ ئەوەوە نەبوە کەخەتەنە وەك نیشانەیەکی پەیمانی نێوان خواو موسڵمانەکان سەیر بکات، بەڵام لەو روانگەیەوە کەنیشانەیەکە بۆ جیاکردنەوەی موسڵمان لەناموسڵمانی بتپەرستی عەرەب، نەریتەکە ناوەڕۆکی خۆی لەدەست نەدا.

وەك چۆن جولەکەو مەسیحییە بەرایییەکان بەباشیان زانی هەندێ تەگبیری وەك نەریتی خەتەنە بۆ خۆجیاکردنەوە لەناباوەڕدارەکان هەبێ، بەهەمان شێوە شێخ عەبدولسەلامیش بەپێویستی زانی هەندێ تەگبیری گونجاو بۆ جیاکردنەوەی بارزانییەکان لە نابارزانییەکان پیادە بکات.

---

[٥٠] الكتاب المقدس، الطبعة العربية، دار المشرق، بيروت، ١٩٨٣، الفصل السابع عشر، الايات ١٠-١١، ص ٣٠.

بەهەر حاڵ، سەرەنجامەکانی خەتەنە وەك ڕەنگدانـەوەی پـەیمانی نێـوان خـواو جولەکـە لەجولەکایـەتیو مەسـیحایەتیی بەراییـداو هـەروەها وەك نـەریتێکی لەجولەکایـــەتی وەرگـــیراو بـــۆ لێـــك جیاکردنـــەوەی موســـڵمانو ناموســـڵمان لەئیسلامدا، لەو سنورە نەگیرسانەوە کەهەر ئاینێـك بـۆ خـۆی دیـاریی کردبـوو بەڵکو سنورەکەیان تێپەڕاندو واوەتر ڕۆیینو مەسـەلەکە بـەو ئەنجامـە گەیشـت کەخەتەنە بـوو بـەهێماو مـەرجی پـاکیزەیی. ئەمـە بـەو مانایـە دێ کـەپیاوی خەتەنەکراو لەڕوی ئاینییەوە بوو بەپیاوێکی پاكو پیـاوی خەتەنـە نـەکراو بـوو بەپیاوێکی گڵاو. بەم پێیە، لەتەوراتدا پیاوی خەتەنە نەکراو پیاوێکی گڵاوەو بەم پێودانگە هەر چی جولەکە نیە پێی دەوترێ خەتەنـە نـەکراو، واتـە ئـەو پیـاوە پیاوێکی ناپاکەو جەستەی هیچ نیشانەیەکی گەلە هەڵبژێردراوەکەی خوای پێـوە نیە[51]. هەمان شت ئیسـلامیش دەگرێتـەوە چـونکە ئـەویش خەتەنـەی کردۆتـە مـــەرجی ڕوخســـارەکیی بەموســـڵمانبونو هێمـــای پـــاکیزەیی. ئـــیتر وەك چـــۆن لەجولەکایەتیدا پیاوی خەتەنە نەکراو گڵاوە، لەئیسلامیش هەر وایە.

لەبیروباوەڕی بارزانییەکاندا هێمای سور هـەر ئـەو ئەرکـەی پـێ سـپێردراوە کەخەتەنـە لەجولەکایـەتیو ئیسـلامدا پێـی سـپێردراوەو لـەم ڕووەوە خەتەنـە لەبنچینەدا هێمای لێك جیاکردنەوەی باوەڕدارانو نا باوەڕدارانە. گومـان لـەوەدا نیە کەئەو لێك جیاوازییەی بەهۆی خەتەنەوە دوو گروپی جیاوازی پێ لێـك جیـا دەکرێتەوە، لەو جیاوازییە قوڵترە کەهێمای سور بارزانییـەکانی لەنابارزانییـەکان پێ جیا دەکرێتەوە چونکە لەجولەکایەتیو مەسـیحایەتیی بـەراییو ئیسـلامدا پەیڕەوانی ژێر چەتری یەك ئاین لەخـەڵکانی دەرەوەی ئاینەکـە جیـا دەکرێنـەوە، لەکاتێکدا لەبیروباوەڕی بارزانییەکاندا هێمای سور پەیڕەوانی بیروباوەڕی بـارزانی لەپەیڕەوانی دەرەوەی ئەو بیروباوەڕە، کەهەردوکیان لەچوارچێوەی یـەك ئـاین دان، جیا دەکاتەوە.

---

[51] سامی الذیب، مؤامرة الصمت، ختان الذكور والاناث، دار الاوائل للنشر والتوزیع والخدمات الطباعیة، دمشق، ٢٠٠٣، ص ٥٠.

وەك چۆن خەتەنە لەجولەكایەتی‌و مەسیحایەتیی بەراییو ئیسلام دا هەنـدێ سەرەنجامی لەسەر ئاستی كۆمەڵایەتی و سایكۆلۆژی لێ كەوتەوە، بەهەمان شێوە هێمـای سـوری بیروبـاوەڕی بارزانییـەكانیش هـەمان سـەرەنجامی لێ كەوتـەوە. لەهەردوو نمونەدا، ئامرازی لێـك جیاكردنـەوەی تاكـەكانی گروپـە ئاینییەكـەو تاكەكانی گروپەكانی تر بوە هۆی پەیدابونی هەستی خۆ بەگەورەترو خۆ بەبەرزتر زانیو بەپاكترو شایستەترو باڵاتر زانینی گروپەكە.

پاساوی تەورات بـۆ پێویسـتیی لێـك جیاكردنـەوەی جولەكـەو گـەلانی تـر دەچێتەوە سەر فەرمایشتێكی خودایی كەخەتەنەی بەسەر جولەكـەدا سـەپاندوەو ئەمەی بەنیشانەی پەیمانی نێوان خواو جولەكە داناوە، لەو روانگەیەوە كەجولەكە پەیوەندیی لەگەڵ خوادا قۆرخ كردوەو خواش ئەوان بەتاكە پەیڕەوی خۆی دادەنێ. مەسیحایەتیی بەراییش لەم مەسەلەیەدا شوێن پێی هەمان پاساوی هـەڵگرتوە. ئەگەرچی ئیسلام لەم روەوە پاساوێكی رونی پێ نیە بـەڵام پابەنـدبون بەخەتەنـە خۆی لەخۆیـدا پابەندبونـە بەپاسـاوەكانی تـەورات لـەم بارەیـەوە. لـەبیروباوەڕی بارزانییەكاندا هیچ پاساوێك بـۆ كردنـی رەنگـی سـور بـەهێمای جیاكردنـەوەی بارزانییەكان لەنابارزانییەكان نیە. شێخ نشینی بـارزان بـۆ رونكردنـەوەی هـۆی پێویستیی جیاكردنەوەی پەیڕەوەكانی لەخەڵكانی تـر هیچـی نەدركانـدوە بـەڵام گومان لەوەدا نیە كەئەم لێك جیاكردنەوەیەی بەپێویسـت زانیـوە. لێـرە لایـەنی گرنگی مەسەلەكە ئەوەیە كەهەڵبژاردنی رەنگی سور بەهێما ریشەی مێژوویی‌ی خۆی هەیە كە بەدڵنیاییی‌یەوە پەیوەندیی بەبیروباوەڕی بارزانییەكانەوە هەیە.

وردبونەوە لەمێژوی نیوەی یەكەمی سەدەی یەكەمی كۆچـی رونـی دەكاتـەوە كەرەنگی سور ئاماژە بۆ شـتێكی دیـاریكراو ناكـا كەپەیوەنـدیی بـەبیروباوەڕەوە هـەبێ. بـەڵام ئـەم رەنگـە لەچـەند نمونەیـەكی دەستنیشـانكراودا پەیوەنـدیی بەجەنگو بەپێنج كەسەوە هەیە كەبریتین لەسـەماكی كـوڕی خەراشـەی ناسـراو بەئەبو دوجانەی ئەنساری لەخێڵی ساعیدە، خالدی كوڕی وەلیـد، فـەزلی كـوڕی ئەبو سوفیانو زیادی كوڕی ئەبو سوفیانی كوڕی ئەلحرسو حەمزەی مامیان.

ئەبو دوجانە پەیوەندیی بەهیچ دیدێكی فیكرییەوە نیەو ژیاننامەكەی تـەنها ئەوەی لێ هەڵدەكرێنرێ كەیەكێك بوە لەشـەڕكەرە ئازاكـانو لەدژایـەتی كردنـی

بتپەرستیدا لەهیچ نەسڵەمیوەتەوەو بـاوەڕێکی پتـەوی بەئیسـلام هـەبوە. ئـەبو دوجانە لەم ڕووەوە کـەناوبانگی دەرکـردووەو خراوەتـە ریـزی پاڵەوانانـەوە، زیـاتر قەرزاری پێغەمبەر موحەممـەدە کـە لـەنێو هـەمو پاڵەوانـە دلێرەکانـدا ئـەوی هەڵبژاردو شمشێرێکی پێشکەش کرد بـەو مەرجـەی کـە لـەهیچ موسـڵمانێکی رانەوەشێنێ و تا دەچەمێتەوە بتپەرستی پێ بکوژێ. بـۆ ئـەبو دوجانـە بەدەسـت هێنانی شمشێرەکە دەستکەوتێکی گەورە بوو چونکە بـەوەی کـەخودی پێغەمبـەر خەڵاتی کردووەو ئەو شمشێرە نایابەی پێ بەخشیوە، دەردەکـەوێ کەئـەبو دوجانـە شایستەی خەڵات کردن بوەو پێغەمبەر لێی رابینیوە سەری ئیسـلامی پـێ بـەرز بکاتەوە. بەکردەوە، لەو رۆژگارەدا ئـەو مەرجانـەی ئیسـلام پێویسـتی پـێ بـوو، لەئەبو دوجانەدا بەدی دەکران: بیروباوەڕی پتەوو پێداگرتن لەسەر دژایەتی کردنی بتپەرستی تا بەتەواوی لەناوبردنی. ئـەوەی بەسـەر سەرگوزشـتەی ژیـانی ئـەبو دوجانەدا زاڵـە ئەوەیـە کـەباوەڕی تـەواوی بـەوە هـەبوە کەتاکـە ڕێوشـوێن بـۆ سـەقامگیرکردنی پێکهاتـە ئایدیۆلۆژییـەکانی ئیسـلام بـەکارهێنانی هێـزو زەبروزەنگـە. سەرچـاوەکانی کەسەرگوزشـتەی ژیـانی پێغەمبـەر موحەممـەد دەگێڕنەوە، باس لەوە دەکەن کەئەبو دوجانە کاتێك بۆ شەڕ خـۆی تـەیار دەکـرد، ناوچەوانی خۆی بەپارچە پەڕۆیەکی سور دەبەست[٥٢].

لەنمونەکانی تردا ڕەنگی سور هیچ ئاماژەیەکی بۆ خەبات لـەدژی بتپەرسـتی تێدا بەدی ناکرێو زیاتر پەیوەندیی بەدیدێکی سوپاییەوە هەیـە بەمەبەسـتی فراوان کردنی قەڵەمڕەوی ئیسلام. لێرە نمونەکان پەیوەنـدییان بەجـەنگی نێـوان موسڵمانانو بیزانتەکانـەوە هەیـە لەسـوریای باشـور، ئـەو جەنگـەی کەبـەلای موسڵمانەکانەوە جەنگێکی پیرۆز بوە چونکە یارمەتییان دەدا ئاینەکـەیان ببەنـە دەرەوەی بیابان. سەرچاوەکان شتێکی وایـان لێ هەڵناکرێنـدرێ کەموسـڵمانەکان ڕەنگی سوریان وەك هێمایەکی گشتی بۆ بەرجەسـتەکردنی تێکۆشـانیان لـەدژی بیزانتەکان بەکار هێنا بێ. لەو نمونانەدا ڕەنگی سور تاكو تەرا وەك ئاماژەیـەکی

[٥٢] محمد بن سعد بن منيع ابو عبدالله البصري الزهري، الطبقات الكبرى، دار صادر، بيروت، ص ٥٥٦.

ناڕۆشن دەکەوێتە بەرچاو. بەپێی گێڕانەوەی واقیدی، خالدی کوڕی وەلید لەکاتی هێرش کردنە سەر سەربازە بیزانتەکاندا پارچە پەڕۆیەکی سوری لەناوچەوانی خۆی دەبەست بەڵام ئەم پەڕۆ سورە گوزارشت لەهیچ مانایەکی دیاریکراو ناکا[٥٣].
خالدی کوڕی وەلید یەکێکە لەبەناوبانگترین فەرماندە سوپایی‌یە موسڵمانەکان کە لەکاروباری جەنگ‌و شەڕوشۆڕدا ئەوەندە کارامەو بەتوانا بوو، پێغەمبەر موحەممەد ناوی نابوو شمشێرە هەڵکێشراوەکەی خوا. دەشێ لەو سەردەمەدا بەستنی ناوچەوان بەپەڕۆی سور لەکاتی شەڕدا نەریتێکی باو بووبێ، هەرچەند ئەستەمە سەبارەت بەهۆکانی ئەم نەریتە بگەین بەئەنجامێکی یەکلاکەرەوە. ئەوەی پشتیوانی لەم بۆچونە دەکا ئەوەیە کەواقیدی ناوی سێ فەرماندەی تری سوپا دێنێ کەبریتین لەفەزلی کوڕی ئەبو سوفیان‌و زیادی کوڕی ئەبو سوفیانی کوڕی ئەلحەرس‌و حەمزەی مامیان کەهەرسێکیان لەکاتی شەڕدا لەدژی بیزانتەکان پارچە پەڕۆیەکی سوریان لەناوچەوانیان دەئالآند[٥٤].

لای شیعە ڕەنگی ڕەش‌و سور تێکهەڵکێشی یەکتری دەبن‌و هەر یەکێکیان بەهایەکی وێژەیی‌ی هەیە. ڕەش ئاماژەیە بۆ نەگبەتی‌و نەهامەتیی هەوەڵ سێ ئیمامە بنچینەیی‌یەکەو هەروەها ئاماژەیەکیشە بۆ ئەزمونێکی پڕ پەژارەو چەوسانەوەو راونان‌و پاکتاوکردن. ئەگەرچی عەباسییەکان پێش شیعەکان ڕەشیان بەدروشم هەڵبژارد بەڵام ڕەشی عەباسییەکان ئەو مانایە لەخۆ ناگرێ کە لەدروشمی ڕەشی شیعەکاندا دەبینرێ. ئەوەی زیاتر ڕێی تێدەچێ ئەوەیە کەڕەش لەسەردەمێکی درەنگدا بۆتە دروشمی شیعەکان‌و ڕەنگە ئەمە پاش نەمانی دەسەڵاتی سیاسیی عەباسییەکان بووبێ یاخود لانی کەم پاش کزبوونی دەسەڵاتی سیاسییان بووبێ. بەهەر حاڵ، شیعەکان لەسۆنگەی ئەزمونێکی تفت‌و تاڵی پڕ ئازارەوە، بەوپەڕی ڕەشبینییەوە تەماشای مێژوویان کردو تەنها لەسەردەمانێکی

[٥٣] ابو عبدالله بن عمر الواقدی، فتوح الشام، دار الجیل، بیروت، ص٢١٩.
[٥٤] هەمان سەرچاوە، ل٢٦٥.

درەنگدا دڵی پـەیڕەوەکانیان خـۆش کـردو هیـوای ئایندەیـەکی گەشـتریان پـێ بەخشین.

بەپێچەوانەی ڕەنگی ڕەشەوە کەگوزارشت لەئەوپەڕی بێئومێدی دەکا، ڕەنگـی سـور نـاوەڕۆکێکی میتۆلـۆژیو ئومێـدێکی زۆری بەهێنانـە دیـی جیهـانێکی یەکسانترو دادپەروەرتر تێدا بەدی دەکرێو سەرباری هەمو ئەمانەش ڕێزێکی بـێ پایانی بۆ گیانی پێداگرتن لەسـەر گەیشـتن بەئامانجـە دیاریکراوەکـان تێدایـە. هەرچەند هـەردوو دروشـم گوزارشـت لەهەسـت دەکـەن بـەڵام جیاوازییەکـەیان لەوەدایە کەهەر یەکێکیان گوزارشـت لەهەسـتێکی جیـاواز دەکـا. لەکاتێکـدا ڕەشبینی بەسەر یەکەمیاندا زاڵە، گەشبینییەکی گۆشکراو بەکاراییو سـوربون بەسەر ئەوی تردا زاڵە.

میتۆلۆژیـای شـیعە، کەئەرکەکـەی هانـدانی پەیڕەوەکانـە بـۆ دڵنیـابون لەمسۆگەریی سەرکەوتنی یەکجارەکی لەئایندەیەکی نادیـاردا، هـیچ بایـەخێك بەدروشمە ڕاستەقینەو بنچینەییەکەی شـیعە، کـەڕەنگی ڕەشـە، نـاداو تـەواوی بایـەخی خـۆی بـەڕەنگی سـور دەدا. لانـی کـەم لـەدوو بۆنـەدا، ڕەنگـی سـور لەمیتۆلۆژیای شیعەدا گوزارشتە لەتێکۆشـانی شـیعە بـەراییەکان دژی ئـەو بەرهەڵسـتکارانەی کـەڕەفتاری خراپیـان کـارێکی وای کـردوە گومـان لەموسڵمانبونیان بکرێ.

بەجۆرە، لەشەڕی سەففیندا کەشەڕێکە ساڵی ٦٥٧ لەنێوان سـوپای عـەلیی یەکەم ئیمـامی شـیعەو سـوپای مەعاویـەی کـوڕی ئـەبو سـوفیانی سـەرۆکی ئۆرۆستۆکراسیی مەککە لەنزیك لێواری دەستە ڕاسـتی ڕوبـاری فـورات ڕویـدا، میتۆلۆژیای شیعە بەهایەکی وێژەییی دایە ئـەو پـەڕۆ سـورەی کەپـەیڕەوەکانی ئیمام عەلی لەکاتی شەڕەکەدا ناوچەوانی خۆیان پێ بەست. کرۆکی بیرۆکەی پەڕۆ سورەکە لەدەوروخولی ئەوەدا دەسوڕێتەوە کەئەوانەی پەڕۆکەیان لەتەوێڵی خۆیـان ئاڵاند ئەوانە بون کە لەڕوی ئاکاری بـەرزو بیروبـاوەڕی بێگـەردەوە کـەس شـانی لەشانیان نەدەداو ڕکابەرەکانیشیان لەسوپای مەعاویەدا نەك هـەر تێگەیشـتنی کرچو کاڵیانو هەوڵی بەدفـەڕیان بـۆ بەدەسـت هێنـانی دەسـتکەوتی مـاددیو دڵخۆشبونیان بەپارەو دەسـەڵات سـوكو چـروکی کـردن بـەڵکو لـەپاڵ ئەمـەدا

دەرکەوتنیان وەك دوژمنی ئیمام عەلیو نەسەلماندنی رەوایی‌ی دەسەلاتەکەی، هەمو ئەو بەهاو مەرجانەی لیّ دامالیّن کەپیّویستە لەموسلّماندا هەبن.

ئەوەی ئەم بیرۆکەیەی زیاتر لەنیّو میتۆلۆژیای شیعەدا چەسپاند ئەوەیە کەسەففین سەرکەوتوو و بەزیوی لیّ نەکەوتەوەو سەرەنجامی پاشتری روداوەکان بەشکستی بیروباوەڕی بەرزو سەرکەوتنی بەرەی بەدکاران کۆتایی‌ی هات.

ئەم بۆچونە بەهەمو سەرەنجامو وردەکارییەکانییەوە پاش کەمتر لەچارەکە سەدەیەك لەشەڕی کەربەلا دوبارە بۆوە. ئیتر لەو روانگەیەوە کەشەڕی کەربەلا بەکردەوە بوو بەدرێژەپێدانی شەڕی سەففینو هەروەها لەو روانگەیەوە کەدوو لایەنە بەرایی‌یەکەی ململانێکە رقو قینەکانیان بەمیرات بۆ نەوەکانیان بەجیّ هێشت، میتۆلۆژیای شیعە زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو کەهەمو بەهاو ئاماژەکانی شەڕی سەففین بۆ شەڕی کەربەلا بگوازێتەوە. سالّی ٦٨٠ حوسەین، سێیەم ئیمامی شیعەو بەرجەستەکاری پاكو خاوێنی‌ی بیروباوەڕ پاش ئیمام عەلیی باوکی، چوە سەر ئەو باوەڕەی کەپێشینەو ناوبانگو بەهاکانی بنەمالّەکەی هانی دەدەن بکەوێتە گەڕ بۆ گێڕانەوەی سەروەری بۆ بنەمالّەکەیو سەندنەوەی مافی زەوتکراوی حوکمڕانی لەیەزیدی دووەم خەلیفەی ئەمەوییەکان. راپۆرتەکانی کە لەکوفەوە پیّی دەگەیشتن، هانیان دا پەیڕەوەکانی خۆی کۆ بکاتەوەو روو بکاتە عیراق بۆ رابەرایەتی کردنی یاخیبونێکی چەکدار لەدژی دەولّەت، بەلاّم هەر کەگەیشتە ئەویّ بۆی دەرکەوت کەچیتر ناتوانیّ بەدلّسۆزیی لایەنگرە عیراقییەکانییەوە بنازیّ. لەدەشتی کەربەلادا حوسەین روبەڕوی سوپاکەی عوبەیدوللاّی کوڕی زیادی والیی ئەمەوییەکان لەکوفە بۆوە. ئەگەرچی دەیزانی تەرازوی هێز لەبەرژەوەندییدا نیە بەلاّم لەبەر چەردەیەك هۆ کەپەیوەندییان بە بەها خێلّەکی‌و بیروباوەڕە شۆڕشگێڕییەکانییەوە هەیە، روبەڕوبونەوەی لەکشانەوە پیّ مەردانەتر بوو. شەڕەکە کارەساتێکی گەورەی لیّ کەوتەوەو هێزەکانی حوسەین قڕیان تێخرا.

میتۆلۆژیای شیعە وەك چۆن لەسەففین دا دوراییی‌یەکی پڕ بەهاو هێمای دایە پەڕۆی سور، لەکەربەلاش هەر وای کرد. لێرە، حوسەینو لایەنگرەکانی پەڕۆی سوریان لەناوچاوانیان بەستو دلێرانە روبەڕوی هەمان ئەو هێزە شەڕانگێزە

بونەوە کەدەوروبەری چارەکە سەدەیەك لەمەوبەر باوکی لەسەففین روبەڕوی ببۆوە. لێرە روبەڕوبونەوەکە وەك هینەکەی سەففین روبەڕوبونەوەی دوو لایەنە کەیەکێکیان رەوایی‌و بیروباوەڕی خاوێنی لەپشتەوەیەو ئەوی تریان نوێنەرایەتیی جیهانی شەڕانگێزی ماددی دەکا. لەسەردەمی بوەیهییەکاندا میتۆلۆژیای شیعە لەگێڕانەوەی وردو درشتی چۆنێتی‌ی کوژرانی حوسەین دا گەیشتە ئەوەگ، کاتێك مەرگەساتەکە رێ‌و رەسمی تایبەتی لێ کەوتەوە[55]. ئەرکی ئەو رێ‌و رەسمە ئەوە بوو کەئەوە بەبیری نەوەکانی شیعەدا بێنێتەوە کەسزادانی بکوژانی حوسەین بەهەر نرخێك بێ، لەئەستۆی ئەوان دایەو ئەرکیانە لەژیاندا.

لەقۆناغەکانی پاشتردا میتۆلۆژیای شیعە زیاتر پەرەی بەچەمکەکانی داو پاش ئەوەی شیعەگەری بەهەردوو لقە دوانزە ئیمامی‌و ئیسماعیلییەکەی لەسەر پیادەکردنی تیۆریی ئیمامی مەهدی گیرسایەوە، میتۆلۆژیای شیعە ستراکتۆری خۆی لەسەر بناغەی دروست کردنی پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان مێژوی پڕ ئێش‌و ئازاری شیعەو نێوان دەرکەوتنی مەهدی لەکاتێکی نادیاردا بۆ گێڕانەوەی پاکیزەیی‌ی لەدەستدراو بۆ جیهان، دامەزراند. لەو میتۆلۆژیایەدا مەهدی ئەو ئەرکانە بۆ شیعە جێبەجێ دەکا کە لەمەوبەر شیعەکان نەیانتوانی بوو جێبەجێیان بکەن. رۆڵێك کە بەمەهدی دەسپێردرێ رۆڵی تۆڵەسێنە. ئەمەش بەڕونی لەتێزەکانی نەجەفی‌دا دەردەکەوێ کەتیایاندا مەهدی دەچێتە کوفەو هەر چوار مزگەوتەکەی ئەم شارە دەڕوخێنێ[56]. لەسەروبەندی گێڕانەوەی وردەکارییەکانی دەرکەوتنی مەهدی‌دا، میتۆلۆژیای شیعە هەمان ئەو هێماو ئاماژانە بەکار دێنێتەوە کە لەگێڕانەوەی دوو شەڕەکەی سەففین‌و کەربەلادا بەکار هێنراون. بەم پێیە، فاکتەرێکی هاوبەش لەنێوان عەلیی ئیمامی یەکەمی شیعەو لەنێوان حوسەینی سێیەم ئیمامی شیعەو لەنێوان مەهدیی دوانزەهەم ئیمامی شیعە لەلای شیعە دوانزە ئیمامییەکان، پەیدا دەبێ. ئەو فاکتەرە

---

[55] غلامحسين مصاحب، دايرة المعارف فارسى، جلد دوم، بخش اول، مؤسسة انتشارات امير كبير، تهران، ص ٢١٩١.

[56] بهاء الدين علي بن عبدالكريم عبدالحميد النجفي، منتخب الاضواء المثيرة، مؤسسة الامام الهادي، قم، ١٤٢٠هـ، ص ٣٤١.

هاوبەشەش پەڕۆی سورە. ئیتر بەشێوەیەك کەڕوخسارێکی دراماتیکیی زۆری پێوە دیارە، نەجەفی لەدەمی باقری پێنجەم ئیمامی شیعەوە دەیگێڕێتەوە کەمەهدی لەهەرێمی خوراسان پەیدا دەبێ، رابەرایەتیی دوانزە هەزار شۆڕەسوار دەکاو ناوچەوانی خۆی بەپەڕۆیەکی سور دەبەستێ[٥٧].

لێرە دەبینین هێمای پەڕۆی سور لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازیی هەیە. رۆژگاری پێش شەڕی سەففین رۆژگارێکی پڕ پاشاگەردانیو پشێوی بوو و تێیدا هیچ کۆدەنگییەك لەسەر رەواییی دەسەڵاتی ئیمام عەلی نەبوو. لەسەففین دا پەڕۆی سور ئاماژە بۆ ئەو لایەنە دەکا کەنوێنەرایەتیی پاکیزەییی شۆڕشگێڕانەو بیروباوەڕی بێگەرد دەکا. هەرچەند لێرە هێماکە لەڕوی سۆفیگەریی ئەرتۆدۆکسییەوە تێرو تەسەلە بەڵام لەگەوهەردا پشت ئەستوریشە بەبڕێکی دیاریکراوی هێز کەهەڵسوڕاندنی ململانێکە زۆر پێویستی پێیەتی. لەکەربەلادا ئەگەرچی پەڕۆی سور ئاماژە بۆ ئەو لایەنە دەکا کەنوێنەرایەتیی پاکیزەییی شۆڕشگێڕانە دەکا بەڵام لێرە پەڕۆی سور ئەوەندەی وەك هێمای بەشەڕهاتنێکی دۆڕاوو بێ ئومێد دەکەوێتە بەرچاو ئەوەندە وەك هێمای دلاوەریو جەربەزەییی شۆڕشگێڕانە دەرناکەوێ. بەڵام ئەم هێمایە وەك هەمو ئەو هێمایانەی کەپاش مردنی خاوەنەکانیان دەبن بەهێمای پیرۆز، لەمیتۆلۆژیای شیعەدا بوو بەئاماژەیەك بۆ پێداگرتن لەسەر بیروباوەڕو خۆبەدەستەوە نەدان، بەمەش میتۆلۆژیا شکستی حوسەینی کردە سەرکەوتنێکی ئەفسانەیی چونکە ئەو حوسەینەی کە لەشەڕەکەدا کوژرا نەمریی پێ بەخشراو کرایە پاڵەوانێکی مەرگبەزێنو سمبولی شۆڕشگێڕیو پاکیزەیی. لێرە شکست دەبێ بەسەرکەوتنو کوژراو لەمردن بەهێزتر دەبێ. بەڵام لەلای نەجەفی، پەڕۆی سور بایەخێکی ئیسکاتۆلۆژیی هەیەو پەیوەندیی بەدوایین قۆناغی بەردەوامبونی جیهانی ماددەوە هەیە. نەجەفی باسی گەنجینەیەکمان لەگوندی تالقان بۆ دەکاو دەرکەوتنی مەهدیمان بەپەڕۆیەکی سورەوە بۆ دەگێڕێتەوە. ئەم دەرکەوتنە کتوپڕەی مەهدی ئاماژەیەکە بۆ ئەو قۆناغەی کەهەق بەسەر ناهەق دا سەردەکەوێ

[٥٧] هەمان سەرچاوە، ل٣٤٣.

چونکە ئەرکی مەهدی گێڕانەوەی پاکیزەیی‌یە بۆ جیهانێك کە لەمێژە پاکیزەیی‌ی خۆی لەدەستداوەو لەم سەروبەندەدا دەکەوێتە پەیجوری ئەو کەسانەی کەبونە هۆی بڵاوبونەوەی زوڵم‌و زۆرو ستەم‌و پاشان رابەرایەتیی پەیڕەوەکانی خۆی بۆ شوێنی شایستە دەکا.

بەڵام میتۆلۆژیای شیعەی پاش نەجەفی لەڕەوتی ئاماژەکردن دا بۆ کەسانێك کەچەند سەدەیەك پاشتر دەردەکەون‌و خزمەتی مەسەلە بنەڕەتییەکەی شیعە دەکەن، ناچار دەبێ هەندێ لەگوزارەکانی نەجەفی بەکار بێنێ. بەمجۆرە، چەشنە گۆڕینەوەیەکی رۆڵ پەیدا دەبێ‌و لەم سەروبەندەدا خوانساری لە((روضات الجنات))دا پێشبینی‌یەکی ئیمام عەلی دەگێڕێتەوە کە لەناوەڕۆکدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو پێشبینی‌یەدا نیە کەنەجەفی لەدەمی ئیمام باقری گێڕاوەتەوە. جیاوازییەکە لەوە دایە کەشا ئیسماعیل سەفەوی دەچێتە جێی مەهدی‌و ((گەنجینەکە))لەتالقانەوە بۆ ئەردەبیل دەگوازرێتەوەو شا ئیسماعیل پەڕۆیەکی سور لەناوچاوانی خۆی دەبەستێ‌و خۆی دەکا بەشاری تەورێزدا[٥٨]. بەراوردکردنی پێکهاتەی بیروباوەڕی بارزانییەکان لەگەڵ پێکهاتەی بیروباوەڕی ناو میتۆلۆژیای شیعەدا رونی دەکاتەوە کەنمونەی دروشمی سوری بارزانییەکان لەدوو نمونەکەی سەفەفین‌و ئیسماعیلی سەفەوی نزیکترە تا لەدو نمونەکەی ئیمام حوسەین‌و مەهدی‌و لەم سەروبەندەدا دوو نمونەکەی ئەم دواییە هەستی شێواوو پەشۆکاویان لێ دەکەوێتەوە چونکە نمونەی یەکەمیان بەکارەسات کۆتایی‌ی هاتوەو دووەمیشیان لەچوارچێوەی گشتیی ئەفسانەو چیرۆکی بەرئاگردان تێناپەڕێ، لەکاتێکدا لەدوو نمونەکەی سەفەفین‌و ئیسماعیلی سەفەوی‌دا هێز تێکەڵ بەبیروباوەڕ دەبێ‌و جۆش‌و خرۆشی‌و گەرم گوڕیی باوەڕی ئاینی دەبێتە پێوانەیەك بۆ دڵسۆزی‌و مافی ژیان.

پەیوەندیی کورد بەشیعەگەرییەوە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکی تەمومژە. ئەگەرچی هەندێ ئاماژە سەبارەت بەپەیوەندیی بەرایی‌ی نێوان کوردو

---

[٥٨] خوانساری، روضات الجنات في احوال العلما والسادات، ج١، مکتب اسماعیلیان، قم، ١٣٩١ ق، ص١٠٧.

شیعە هەیە بەڵام چوارچێوەی سیاسیی ئەم پەیوەندییە رون نیەو سەرەڕای ئەو تەمومژەی کە بەسەر پەیوەندیی نێوان کوردو شیعەگەریدا زاڵە، کورد نەیتوانی خۆی لەکاریگەریی بەهێزی بیروباوەڕی شیعە، بەتایبەتی بیروباوەڕی شیعەی ئیسماعیلی، بپارێزێ. لەچاخی ناوەڕاستدا دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین کەنزیکترین دوو میرنشینی شیعە لەکوردەوە دوو میرنشینەکەی موسڵو نوسەیبین بووە. یەکەمیان بنەماڵەی حەمدان حوکمڕانیی کردوەو دوومیان بنەماڵەی موسەییەب کە لەسەردەمی بوەیهییەکاندا دەستی بەسەر موسڵ دا گرتو دەسەڵاتی گەیشتە حەلەب[٥٩]. ئیدی لەسۆنگەی پتەویی پێکهاتەی بیروباوەڕی شیعەوە، ئەو بیروباوەڕە کاریگەریی لەسەر کوردیش بەجێ هێشت. شیعەکان بەهۆی ئەو دەستکەوتە سیاسییانەوە کە لەقۆناغی جیاجیا بەدەستیان هێنا، توانییان بیروباوەڕی خۆیان باشتر تێکەڵ بەبیروباوەڕی خۆماڵیی ژینگە کەلتورییە جیاوازەکان بکەن.

میتۆلۆژیای شیعە لەڕەوتی هەوڵو کۆشش دا بۆ بەدی هێنانی رزگاریی کۆمەڵایەتی، کاریگەریی لەسەر مەزن کردنو بەرز راگرتنی رۆڵی ویست بەجێ هێشت. ئەم میتۆلۆژیایە وەك چۆن دروشمی سوری کردە هێمای ئەو لایەنەی کەئامانجەکەی دەستەبەرکردنی مافو پشت راستکردنەوەی نیازە پاكو جوامێرەکانە، بەهەمان ناوەڕۆکی نمونەییەوە بۆ نێو ئەو بزوتنەوە سیاسییانە گوێزرایەوە کە لەڕێی ناساندنی رەوایی‌ی بەرپەرچدانەوەی زوڵمو ستەمی دەوڵەتەوە بەهایەکی هەمەگیرو گشتلایی‌یان بەژیان بەخشی. ئەمەش لەیاخیبونەکەی بابەکی خوڕەمی‌دا دەردەکەوێ.

رەنگی سور وەك دروشمی بزوتنەوەی خوڕەم دینان گوزارشتێکی چڕی ناوەڕۆکی بزوتنەوەکەیە. ئەم بزوتنەوەیە کەدەوڵەتی عەباسیی شەرمەزار کردو لافو گەزافی نوێنەرایەتی کردنی ویستی خوای لێ سەندەوە، توانی قەڵەمڕەوێکی فراوانی زەوی لەچنگ دەسەڵاتی دەوڵەت دەربێنێو هەیبەتو سامو شەوکەتی خەلیفەی بەغدا داڕزێنێو گومان بخاتە سەر رەوایی‌و بەها ئاینی‌یەکانی‌یەوە.

---

[٥٩] الشیخ محمد حسین المظفري، تاریخ الشیعة، مکتبة بصیرتي، قم، ص ص ١٠٤-١٠٥.

بزوتنــــەوەی خــــورەم دینـــان لـــەنیوەی یەکـــەمی ســـەدەی نۆیـــەمی زایـــنیدا بەسەرکردایەتیی بابەکی خـورەمی سـەری دەرهێنــاو لەچـەندین رووەوە بـەرگی بزوتنەوەیەکی جوتیاریی لەخۆوە پێچاو بەشێوەکی بەربڵاو ئازەربایجـانو هـەرێمی چیاکانی گرتەوە.

بزوتنەوەی خورەم دینـان بەبزوتنەوەیـەکی شۆڕشـگێڕ دەژمێـردرێ. وەك چـۆن بزوتنــەوەی بــارزانی لەســەردەمی شــێخ عەبدولســەلامی دووەم دا ڕەنگدانــەوەی پێویستیی جوتیاران بوو بەدادو بـەهای روحـی، بزوتنــەوەی خــورەم دینــان زیــاد لەهەزار ساڵ پێش بزوتنەوەی بارزانی، ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو پێویستییـە بـوو لەو هەرێمانــەدا کەبزوتنەوەکـەی تێـدا هەڵایسـا. بـەم پێودانگــە، بزوتنەوەکــە گوزارشتی لەو بەها کۆمەڵایەتییانە کرد کەپاشان بەڕونترین شێوە لەئامانجەکانی بزوتنەوەی بارزانیدا بەرجەستە بون. ڕێکـەوتیش نیــە کەهــەردو بزوتنــەوە یــەك دورشمیان هەیە کەڕەنگی سـورە. زۆربــەی کــات خــورەم دینــان بەســورەکان نــاو دەبــران[٦٠]. ئەمـــەش بۆچـــونێکی وا گەڵاڵــە دەکــا کەلایــەنگرانی بزوتنەوەکــە دروشمەکەیان بەشێوەی جامانەی ســور یــان ئــاڵای ســور یــان کــڵاوی ســور یــان بەروانکەی سور بەرجەستە کردوە. سەرچاوە مێـژوییـیـە سـریانییەکان بەڵگـەی بەهێز سەبارەت بەبڵاوبونەوەی ئەم بزوتنەوەیە لەنێو کورددا دەخەنە بەر دەسـتو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەساڵانی بیستی سەدەی نۆیەمی زایـنیدا هەڵسـوڕانی چڕی خورەم دینان لێواری ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دجلەی گرتبۆوە[٦١].

تەنانەت چەند سەدەیەك پاش دامرکاندنی بزوتنەوەی خورەم دینان، دەتـوانرێ سەرنجی ئەوە بدرێ کەبیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی ئەم بزوتنەوەیە، بەشێوەی جیاوازو لەهەلومــەرجی تــەواو جیــاواز لەهەلومــەرجی ســەدەی نۆیــەم، بــەمیرات بــۆ بزوتنەوەکانی تر ماوەتەوە. شیکردنەوەی پێکهاتە ئایدیۆلۆژییـەکانی بزوتنــەوەی قرمتییەکان کەبزوتنەوەیەکـە زۆربـەی بۆچـونەکانی لەبزوتنــەوەی ئیســماعیلی وەرگرتووە، دەمانگەیەنێتە سەر پاشماوەی کاریگـەریی بزوتنــەوەی خــورەم دینــان

---

[٦٠] ارشاك بولاديان، الاكراد من القرن السابع الى القرن العاشر الميلادى وفق المصادر العربية، ترجمة مجموعة من المترجمين، دار التكوين، دمشق، ٢٠٠٤، ص٩٥.
[٦١] هەمان سەرچاوە، ل٩٦-٩٧.

لەسەر بزوتنەوەی قرمتـی. ئـەوەی ئەمـە رون دەکاتـەوە ئەوەیـە کەمێژوونوسـی بەغدایی ئبنولجوزی، کەنزیکەی سێ سەد ساڵ پاش بابەکی خورەمی دەرکـەوتوە، لەکتێبەکـەی((المنـتظم))دا وای دەربڕیـوە کەبزوتنـەوەی قرمتـی درێژەپێـدانی بزوتنـەوەی خـورەم دینانـەو هـەر لـەو کتێبەشـدا ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردوە کەقرمتییەکان وەك خورەم دینان بەسـورەکان(موحەممـەرە)ناویـان دەرکردبـوو[٦٢]. ئەمە، جگە لەوەی کە لەناوەڕۆکدا بـەو واتایـە دێ کەپەیوەنـدیی ئایـدیۆلۆژیی پتەو لەنێوان قرمتییەکانو بزوتنەوەی خورەم دینان‌دا هـەبوە، بـەو واتایـەش دێ کەقرمتییەکان ناوو دروشمی بزوتنەوەکەیان لەبزوتنەوەی خورەم دینان وەرگرتووە.

لەلای تایفەکانی ترو وردتر لەلای تایفەی ئەهلی هەق، پیرۆز راگرتنی رەنگی سور لەسنوری پێویستی ناترازێ. لێـرە رەنگـی سـور نابێتـە سمبـولێکی رەهـاو بەجۆرێك بەکار دێ کەجیاوازە لەبەکارهێنانی وەك دروشم لەلای خـورەم دینـانو وەك رێوشوێنێکی جیاکردنەوەی پەیڕەوان لەناپەیڕەوان لـەلای لایـەنگرانی شـێخ حەیـدەرو سـەفەوییەکانو بارزانییـەکانو وەك گوزارشـتێك لەبـەرەی هـەق لەمیتۆلۆژیای شیعە، بەڵام گومان لەوەدا نیـە کەبەکارهێنانەکـە بـەبێ بـەهای بەرز نیە.

ئەهلی هەق نە وەك دروشم پشت بەڕەنگی سور دەبەسـتن نـە وەك هێمایـەکی رەها بەڵکو وەك نازناو. ئەمـەش مانای خۆی هەیەو بەتەواوی لەگـەڵ پێکهاتـەی بیروباوەڕی ئەهلی هەقدا گونجاوە. لانی کەم چوار کـەس لەپێشـەوا ناسـراوەکانی ئەهلی هەقو ئەو تایفانەی کەبیروباوەڕیان لـەبیروباوەڕی ئـەهلی هەقـەوە نزیکـە "سور" وەك نازناو بەکار دێنن. بایـەخی بـەکارهێنانی "سـور" وەك نازنـاوێکی پیرۆز لەوە دایە کەئەم نازناوە هەم لـەمیتۆلۆژیای شـیعەو هـەم لـەلای خـەڵکی رەشۆکی، نازناوی ئیمام عەلییە[٦٣]. لـەنێو رابـەڕانی خانـەدانی ئاتـەش بـەگی‌ی تایفەی ئـەهلی هەقـدا، سـەید مبـارەك نازنـاوێکی شـکۆداری هەیـە کـە شـا قرمزییە، واتە سور. لەسەید محەمەد فەلاح موشەعشەعی دامەزرێنـەری تایفـە

---

[٦٢] حسن بزون، القرامطة بين الدين والثورة، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، ١٩٩٧، ص١١٨.
[٦٣] سیاوش دلفانی، تاریخ مشعشعیان(اهل حق)، بحر العلوم، قزوین، ١٣٧٩، ص ٩٨.

ئاینی‌یه ناوبراوه‌كه‌وه تا محه‌مه‌د به‌گی دووه‌م، ته‌نها سه‌ید مباره‌ك به‌سور ناسراوه. ئه‌گه‌رچی هۆی ئه‌م نازناوه ده‌گه‌ڕێته‌وه سه‌ر ره‌نگی پێسته ئامالٚ سوره‌كه‌ی، بـه‌لاٚم په‌یڕه‌وه‌كانی ئه‌مه‌یان وا لێكدایه‌وه كه‌ئاماژه‌یه‌كه بۆ به‌هره‌یه‌كی روحی كه‌سـه‌ید مباره‌ك ده‌كاته به‌رجه‌سته‌كاری زاتی ئیمام عه‌لی[٦٤] و ده‌رخه‌ری چه‌شـنه هێزێكـی نائاسایی كه‌نوێنه‌رایه‌تیی هێزی هه‌ق ده‌كا. ئه‌مه لـه‌و هۆنراوانـه‌دا ده‌رده‌كـه‌وێ كه‌په‌یڕه‌وه‌كانی بۆ پێداهه‌ڵگوتن‌و به‌شان‌و باڵ هه‌ڵـدانی هۆنیویانه‌تـه‌وه‌و تێیـدا ئه‌وه‌نده به‌زێده‌ڕۆیی‌یه‌وه په‌سه‌ندی ده‌كـه‌ن كه‌ده‌بێتـه ئـه‌و كه‌سـه‌ی كـه((ده‌سـت به‌سه‌ر جیهاندا ده‌گرێ، له‌وشكایی‌یه‌وه تا سه‌ر ده‌ریا))[٦٥].

تا ئێستاش له‌نێو كاكه‌یی‌یه‌كانی ناوچه‌ی هه‌وراماندا بنه‌ماڵه‌یـه‌كی دێـرین هه‌یه نازناوی میر سوری هه‌ڵگرتووه‌و به‌ڕه‌چه‌ڵه‌ك ده‌چێته‌وه سـه‌ر سـه‌ید محه‌مـه‌د میر ئه‌حمه‌دی كـوڕی شـێخ عیسـای بـرای سـوڵتان سـه‌هاك كـه‌كتێبی پـیرۆزی كاكه‌یی‌یه‌كان، سه‌ره‌نجام، چه‌ند هۆنراوه‌یه‌كی ئه‌وی له‌خۆ گرتوه[٦٦]. هه‌مان نازنـاو له‌لای ئیسحاقی كوڕی محه‌مه‌دی كوڕی ئه‌حمه‌دی كوڕی ئه‌بان نـه‌خعیی پێشـه‌وای تایفه‌ی ئیسحاقی‌ی عه‌له‌ویی عیراق له‌نیوه‌ی دووه‌می سـه‌ده‌ی نۆیـه‌می زایـنی‌دا دوباره ده‌بێته‌وه[٦٧].

په‌یوه‌نـدیی گروپـه نهێنـی‌یـه‌كان بـه‌ڕه‌نگی سـوره‌وه وه‌ك هێمـای بیروبـاوه‌ڕ، هه‌میشه په‌یوه‌ندییه‌كی ته‌مومژ بووه. له‌سـه‌ده‌ی پانزه‌هـه‌م دا واژه توركییه‌كـه‌ی قزلباش كه به‌مانای سـه‌ر سـوره‌كان دێ، بـوو بـه‌ناوێكی تایبـه‌ت بـه‌گروپێكی ئایدیۆلۆژیی هه‌ره دیسپلیندارو گوێڕایه‌ڵ‌و له‌ڕوی ئاینی‌یه‌وه به‌هه‌ڵپه‌و بـه‌جۆش‌و خرۆش كه‌تین‌و تاوی غیره‌تی سۆفیگه‌رانه ئه‌ندامه‌كانی هان ده‌دا بیروباوه‌ڕی خۆیان به‌وپه‌ڕی دڵڕه‌قـی‌و زه‌بروزه‌نگـه‌وه به‌سـه‌ر دانیشـتوانی ژێـر ده‌سـه‌لاٚتی خۆیانـدا

---

[٦٤] هه‌مان سه‌رچاوه، ل٩٧.

[٦٥] هه‌مان سه‌رچاوه، ل٩٨.

[٦٦] سه‌دیق بۆره‌كه‌یی، كاكه‌یی‌یه‌كان‌و رێ‌و رچه‌كه‌یان، وه‌زاره‌تی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ١٣-١٤.

[٦٧] الشیخ جعفر السبحاني، تاريخ الاسماعيلية، دار الاضواء، بيروت، ١٩٩٩، ص٤١٨.

بسەپێنن. لەڕوی مێژوییەوە کڵاوی سوری قزلباشەکان نزیکترین نمونەیە لەو جامانە سورەی کەبارزانییەکان بەهێمای خۆیان هەڵبژاردوە.

بەهەند وەرگرتنی ئەوەی کەیەکەم دەرکەوتنی کڵاوی سوری قزلباشەکان لەهەندێ ناوچەی کوردستانی باکور بوە، بایەخێکی زۆری هەیە. دەرکەوتنی هەوەڵ جاری ئەم کڵاوە سورەی قزلباشەکان لەنێو ئەو خێڵە تورکمانانەی کەچەشنە کۆنفدراسیۆنێکی خێڵەکیی تونددوتۆڵیان لەگەڵ یەکتریدا دروست کردبوو، هیچ لەئەندازەی بایەخەکەی کەم ناکاتەوە. ئەم خێڵانە رۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لەدەرکەوتنی دەوڵەتە توندوتیژەکەی سەفەوییەکاندا گێڕا. بەرێداچونو هەڵسورانی ئەم روداوە میکانیزمێکی ئەوپەڕی ئاڵۆزو بەڕوخسار نارۆشنو لێڵی لەخۆ گرتوەو تائێستا زانیاریی پێویست سەبارەت بەرێوشوێنی بەموسڵمانبونی ئەو خێڵە تورکمانانە نیەو زیاتر بیر بەلای ئەوەدا دادەشکێ کەئەم وەرچەرخانە وەرچەرخانێکی ئاسایی نەبوەو پێش روودانی وەرچەرخانەکەو هەروەها هاوکات لەگەڵ رودانیدا، هەندێ بیروباوەڕی تر کەپەیوەندیی پتەویان بەچەمکە ئاساییەکانی ئیسلامەوە نەبوە، دزەی کردۆتە نێو بیروباوەڕی ئەو خێڵانە.

دیارە ئەم خێڵانە کە لەسەردەمی سەلجوقییەکانەوە لەو ناوچانە نیشتەجێ بوو بوون، کەوتبونە ژێر کاریگەریی بزوتنەوەی بابایی کەبزوتنەوەیەکە بابا ئیسحاق سەرکردایەتیی کردوەو بۆچونی وا هەیە کەبیروباوەڕی بابا ئیسحاق تێکەڵە بووە لەبیروباوەڕی شیعەی ئیسماعیلیو سۆفیگەری. زۆرتر بیر بۆ ئەوە دەچێ کە بابا ئیسحاق لەهەڵسوڕانیدا هەوڵی هێنانە دیی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژیی تایبەتی داوەو بانگەشەی بۆ چەمکەکانی یەکسانی و داد و ژیانی هەرەوەز و دەرونپاکی کردووە و ئەو بیروباوەڕانە کاریگەریی قوڵیان لەسەر دانیشتوانی کورد و تورکمان بەجێ هێشتووە. بەربڵاویی ئەو قەڵەمڕەوەی کەبزوتنەوەی بابایی لەتەرسوسەوە تا ئاماسیە تێیدا تەشەنەی کرد، گوڕو رادەی بڵاوبونەوەی ئاسۆیی‌ی بیروباوەڕە باباییەکان دەردەخا. بابا ئیسحاق دەیگوت گوایە رەچەڵەکی دەچێتەوە سەر

ناوچەی سومەیسات یان شومەیشات لەدەستە راستی روباری فورات[٦٨]. ئەم ناوچەیە لەڕوی مێژوییەوە بەسوریاوە بەستراوەتەوەو لەسەردەمی ڕۆمانەکاندا کەلتوری یۆنانی زاڵ بوو تێیدا بەڵام ئەمڕۆ ناوچەکە بەشێکە لەویلایەتی ئورفە لەتورکیا.

لێرە دەتوانرێ تێبینی ئەوە بکرێ کە وشەی(بابا)مانای زمانەوانیی خۆی تێپەڕاندووە. ئەم وشەیە لەنێو کورددا زۆر باوەو بەمانای "باوك" دێ. بەڵام جگە لەم مانایە، وشەکە لەسەر ئاستێکی تەنگەبەرتر بەشێوەیەکی تر بەکار دەهێنرێ‌و مانای(بێنەوا)یان(هەژار)دەداو بەتێکهەڵکێش کردنی هەردوو مانا لایەنێکی بیروباوەڕی کۆمەڵایەتیی بزوتنەوەی باباییمان چنگ دەکەوێ. لێرە وشەی(بابا) لەپاڵ وشەی ئیسحاق، ئەرکی ئاماژەکردن بۆ(پێشەوا)یان(رابەر)دەگرێتە ئەستۆو لەم بوارەدا سەرنج دەدرێ کەنازناوەکە دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی بەخاوەن نازناوەکە دەبەخشێ‌و بەم دەسەڵاتە ئەرکەکانی وەك پێشەوای گروپ پتەوترو تۆکمەتر دەبێ. تێکهەڵکێش کردنی ڕۆڵی باوك لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ڕۆڵی پێشەوا لەسەر ئاستی ئاینی یان سیاسی، گورێکی بەتینتر دەداتە بزوتنەوەکەو پابەندبونی لایەنگران بەو بەرنامەیەی کەپێشەوا بۆیان دادەنێ، تۆکمەتر دەکا. هێزی داشکاندن بەلای سەپاندنی دەسەڵاتی باوك (پاتریارك)بەسەر کۆمەڵدا، لەبنچینەدا لەو سیستمە خێڵەکییەوە سەرچاوە دەگرێ کەدەسەڵاتێکی پاتریارکیی بۆ سەرۆکی خێڵ دابین دەکرد. ئەم تێکهەڵکێش کردنەی لایەنی کۆمەڵایەتیی وشەکە بەلایەنە ئاینی یان سیاسییەکە، لەگەڵ ئەو تێکهەڵکێش کردنەی لایەنی دنیایی‌و لایەنی ئاینی‌یەدا هاوجوتە کەپاپای ڤاتیکان وەك پێشەوای ئاینی- سیاسی‌ی مەسیحییە کاتۆلیکەکانی جیهان، لەسەدە ناوەڕاستەکاندا ئەنجامی داوە.

ڕەگ‌و ریشەی ئەم بیرۆکەیە بەقوڵی لەنێو بارزانیەکاندا هەیە. تا ساڵی ١٩٦٩ شێخ ئەحمەد بارزانی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی باوك‌و لەسەر ئاستی بیروباوەڕ ڕۆڵی پێشەوای ئاینی‌ی دەگێڕا. بەڵام ئەوانەی پاش ئەو هاتن،

[٦٨] محمد محمدی، پژوهشی دقیق اهل حق: تاریخچه، عقاید، فقه، مؤسسه فرهنگی وانتشاراتی پاژینه، تهران، ١٣٨٤، ص٥٠.

لەبەر چەردەیەك هۆ كەپەیوەندییان بەنەسازانی بەرژەوەندییەكانی نێوان سەركردایەتیی سیاسیو ئاینییەوە هەیە، نەیانتوانی لایەنی كۆمەڵایەتی تێكەڵ بەلایەنی ئاینی بكەن. لەم سەروبەندەدا سەركردایەتیی سیاسی هەوڵیدا چەمكی"باوك" بەرادەیەك درێژ بكاتەوە كەتەواوی گەل نەك هەر خێڵ بگرێتەوە. ئەمەش لەوەدا دەردەكەوێ كەئەگەر بچینە سەر ئەدەبیاتی سیاسی، دەبینین ئەو ئەدەبیاتە زۆر جار مەلا مستەفا بارزانیی بە(باوكی كورد)ناو بردوە. ئەگەرچی دەشێ ئەم دەستەواژەیە بەمەبەستی پرۆپاگەندە بەكار هاتبێ، بەلام ناونانەكە لەرەگو ریشەدا كاری بەسەر بۆچونەكانی بزوتنەوەی باباییەوە هەیە.

ناوەرۆكی دووەمی وشەكە كەمانای "هەژار"دەدا، ئاماژە بۆ دیدە كۆمەلایەتییەكانی ناو بزوتنەوەكە دەكا كەپەیوەندییان بەپتەوكردنی هەماهەنگیو پەیوەستو یەكریزیی كۆمەلایەتیو هێنانە دیی پەیوەندیی برایانەوە لەنێوان تاكە باباكان دا هەیە، واتە لەنێوان ئەو كەسانەی كەسامانی ماددییان نیەو بەپێی سیستمی بەكۆمەڵ كردنی هۆیە گشتییەكانی بەرهەم هێنان كار دەكەنو پێویستییەكی زۆریان بەسەقامگیركردنی رۆڵی ئابوریی خاوەنێتیی تایبەت نیە.

لەنێو كوردە ئێزدییەكانیشدا نازناوی بابا برێكی زۆر رێزی كۆمەلایەتیی تێدایە بەلام زۆربەی جار ئەم نازناوە بەنازناوێكی شكۆداری ترەوە دەلكێنرێ كەشێخەو لەهەردوكیاندا نازناوی شكۆداری بابا شێخ پێكدێ. بەسەرنجدان لەوەی كە "شێخ" لەریزبەندیی سیستمی چینایەتیی ئێزدییەكاندا بەچینە هەرە پایە بەرزەكەی كۆمەڵ دەوترێ، دەردەكەوێ كەنوسانی"بابا" بەم نازناوەوە هەوڵێك بۆ بەرزو مەزن كردنی رۆڵی كۆمەلایەتیی چینی شێخەكان دەردەخا.

بەهەمان پێودانگ، نازناوی(بابا) لەلای سەیدە بەرزنجییەكانیش شایستەی رێزێكی كۆمەلایەتیی زۆرە. رێكەوت نیە، تەنانەت لەنێو كوردی سوننەش، هەندێ نازناو بدۆزینەوە كەوشەی(بابا)تێیدا پێكهێنەرێكی بنچینەییە وەك بابا شێخ كەناوەرۆكەكەی تێكهەڵكێش كردنی ئەركی كۆمەلایەتیو ئەركی ئاینیی تێدا دەبێتەوە. ئیتر بەم پێودانگە، دەتوانرێ پەیوەستێك لەنێوان مانای وشەی(بابا) بەچەمكە باباییەكەیو وشەی(بابان)بدۆزرێتەوە كەنازناوی ئەو

خانەدانە ئۆرۆستۆکراتەیە کە تا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهــەمی ســەردەمی عوسمانییەکان حوکمڕانیی ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی باشوری کــردوە. لــەم سەروبەندەدا سەرنج دراوە کەسەرچاوە مێژوییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەهەر یــەك لەدامەزرێنــەری میرنشــینەکە لەســەدەی شــانزەهەم دا مــیر پــیر بــوداقو دامەزرێنەری دوایــین بنەماڵــەی ئۆرۆســتۆکراتی دەســەڵاتداری میرنشــین فــەقێ ئەحمەد، نازناوی بابایان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە[٦٩]. دەشێ ئەمــە بــەو مانایــە بــێ کەهەمو میرە حوکمڕانەکانی میرنشینەکە نازناویان بابا بووبێ.

ساغکردنەوەی ڕەچەڵەکی کوردانەی بابا ئیسحاق کــارێکی فــرە دژوارە بــەڵام ئەگەر ئەوە ڕاست بێ کەڕیشەی دەچێتەوە ســەر ناوچــەی سومەیســات، ئــەوا تــا ڕادەیەك جوگرافیا بۆ ساغکردنەوەی کوردبونی ئەم کابرایە دەبێ بەپشتیوان. لەم ڕووەوە دەبێ سەرنجی ئەوە بدرێ کە بەپێی هەندێ بۆچون ڕیشەی ناوبراو دەچــێتەوە سەر خوراسانو ڕەچــەڵەکی شاگردەکەشــی کــەحاجی بەکتاشــە دەچــێتەوە ســەر هەمان شوێن[٧٠]. بەڵام ئەگەر بابا ئیسحاق هــەمان ئــەو ســوڵتان ئیســحاقە بــێ کەخۆمان دەیناسین، ئــەوا هــەمو گومانێــك ســەبارەت بەڕەچــەڵەکی کوردانــەی دەڕەوێتەوە چونکە سوڵتان ئیسحاق لەو نوسینانەی لەپاش خۆی بەجێی هێشتون بەئاشکرا دان بەکوردبونی خۆیدا دەنێ[٧١].

زانیاریی ورد سەبارەت بەچارەنوسی بابا ئیسحاق نیەو هیچ بەڵگەیەکی پتــەو ئەو واتەواتانەی پێ پشت ڕاست ناکرێتەوە کەگوایە بابا ئیسحاق لەپشێوییەکانی بزوتنەوەی باباییدا کوژراوە. زۆر کەس، لەوانە ئیبن بیبی لەکتێبەکەیدا سەبارەت بەمێژوی سەلجوقییەکان، جەخت لەســەر تیــۆریی کــوژرانی دەکەنــەوەو هەنــدێ کەسی تر وای بۆ دەچن کەناوبراو توانیویەتی فریای خۆی بکــەوێو لــەکێوەکانی

---

[٦٩] دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٤٦-٤٧.

[٧٠] دکتر مصطفی کامل الشیبی، تشیع وتصوف تا اغاز سده دوازدهم هجری، ترجمه علی رضا ذکاوتی قراگزلو، مؤسسة انتشارات امیر کبیر، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٠، ص ٣٥١و ٣٥٦.

[٧١] صدیق صفی زاده، دوره هفتوانه (جزوی از نامه مینوی سرانجام)، کتابخانه طهوری، تهران، ١٣٦١ ش، ص٧٣.

زاگرۆس دا خۆی بشارێتەوە. لـەم سـەروبەندەدا تیۆرییـەکی شایسـتەی تێڕامـان هەیە کەدکتۆر سـەعید خـان کوردسـتانی بانگەشـەی بـۆ کـردوە، وای دادەنـێ کەگوایە سولّتان ئیسحاقی دامەزرێنەری گروپە عەلەوییەکـەی ئـەهلی هـەقی کێوەکانی زاگرۆس‌و حاجی بەکتاشی شاگردی، لەبنەڕەتـدا یـەك کەسـن، گوایـە پاش ئەوەی سولّتان ئیسحاق ئەرکی خـۆی لـەزاگرۆس جێبـەجێ کـرد، کتـوپڕو بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەبەرچاوان گـوم بـوو ولـەپڕ لەکوردسـتانی بـاکور بەناوی حاجی بەکتاش دەرکەوتەوە[٧٢].

وردبونـەوە لـەبیروباوەڕی بزوتنـەوەی بابـایی هەسـتێکی وا دروسـت دەکـا کەبیروباوەڕی بارزانییەکان زۆر لێوەی نزیکە. بزوتنەوەی بابایی بزوتنەوەیەکـە وەك بانگهێشـتێکی ئـاینی دەرکـەوت‌و بانگـەوازی بـۆ چەشـنە سۆسـیالیزمێکی سەرەتایی‌و برایەتی‌ی کۆمەلاّیەتی بلاّو کردەوە. پێوەری تایبەتی ئەم بزوتنەوەیە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان خواوەندی پەروەردگارو پەیڕەوەکانی، پشت ئەسـتور بوو بەلابردنی ئەرکە ئاینی‌یەکان. بزوتنەوەی بابایی وەك بزوتنەوەیەکی عەلـەوی دەستی پێ کرد بەلاّم لقەکانی ئـەم بزوتنەوەیـە هـەر یەکـەیان بـەپێی ژینگـەی ناوچـەیی‌ی خـۆی پـەرەیان بەبۆچـون‌و دیـدەکانی خۆیـان داو هەندێکێشـیان وەرچەرخانە سەر شیعەگەری. فاکتەرێك کەهـەمو لقـەکان لەسـەری یەکـدەنگ بون، بنەمای سۆفییانەو بیروباوەڕی باتنی بوو.

بەکتاشییەکان بزوتنەوەی بابایی‌یان بـەمیرات بـۆ مایـەوەو محەمـەدی کـوڕی ئیبراهیمی کوڕی موسای خوراسانی بەناوی حاجی بەکتاشـەوەو وەك شـاگردێکی بابا ئیسحاق چوە مێژووەوە. حاجی بەکتاش بیروبـاوەڕە سـۆفییەکانی خـۆی پـەرە پێـداو هەنـدێ ڕێ‌و ڕەسمـی تایبـەت بەدەروێشـەکانی داهێنـا کـەمۆمی تێـدا دادەگیرساو ئەوەی بەسەر پەیڕەوەکانیدا سەپاند کەکلاّوێکی تایبەت لەسەر بنـێن تا لەو خەڵکانە جیـا بکرێنـەوە کـەباوەڕیان بەتەریقەتـە ئـاینی‌یەکـەی نـەبوو. فاکتەری یارمەتیدەر بۆ بلاّوبونـەوەی بیروبـاوەڕی بابـایی لـەنێو تورکمانـەکانی

---

[٧٢] محمد علی سلطانی، سەگفتار تحقیقی در آئین اهل حق، نشر سها، تهران، ١٣٧١، ص٢٢.

ئەناتۆلیادا بڵاوبونەوەی بیروباوەڕی نوسەیری – ئیسماعیلی بوو لەنێو چەردەیەك خێڵی کۆچەری تورکمان، لەوانە شاملو، کە لەگروپە باتنییەکانی حەلەبو سیواسەوە فێری ئەو بیروباوەڕە بوو بوونو پەرەشیان پێ دابوو.

بزوتنەوەی بابایی کاریگەریی لەسەر بزوتنەوەی سەفەوی بەجێ هێشت کەدواتر سەری دەرهێنا. یەکێ لەڕوخسارەکانی ئەو کاریگەرییە کڵاوە سورەکەی قزلباش بوو کەبزوتنەوەی سەفەوی لەبزوتنەوەی بابایی وەرگرت[٧٣].

ئەگەرچی قزلباشەکان بەسەفەوییەکانەوە بەستراونەتەوە بەڵام یەکەم دەرکەوتنیان لەکوردستانی باکوردا، لەنێو ئەو خێڵە تورکمانانەدا بوو کەشێخ جونەید پێشەوایەتیی دەکردن. کڵاوە قووچەکە سورەکەی قزلباش، بەو جۆرەی کە لای سەفەوییەکان دەرکەوت، بەڕونی ئاماژە بۆ شیعەی دوانزە ئیمامی دەکا. ئەم کڵاوە زۆربەی جار لەخوری یان لەموو دروست دەکرا، سەرێکی نوك تیژی هەبوو، دوانزە قەڵشتی باریکی لێ دەکراو لەهەر قەڵشتێکدا ناوی یەکێ لەدوانزە ئیمامە ناسراوەکەی شیعەی جەعفەری دەنوسرا.

بەر لەوەی کڵاوی سور ببێ بەسمبولی فەرمیی دەوڵەت، لەسمبولێکی ئاساییی دەروێشەکان بەولاوە هیچی تر نەبوو. لێرە پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کەدەشێ ئەم کڵاوە سورە لەسەرەتادا بەو چەشنە ئاڵۆز نەبوو بێو زیاتر لەسەردەمی سەفەوییەکاندا ئەم هەموو تیفتیفەو ئاڵۆسکاوییەی بەخۆوە دی بێ. ئەوەش کەزیاتر بیری بۆ دەچێ ئەوەیە کەئەم کڵاوە لەسەرەتادا قەڵشتی وای تێدا نەبووە کەوەك هێمایەك بۆ دوانزە ئیمامەکە بەکار هاتبێ. ئەمەش بەو مانایە دێ کەئەم قەڵشتانە دواتر زیاد کراون.

کاتێکی دیاریکراو بۆ دەرکەوتنی کڵاوی سور نیە بەڵام ئەوەی زیاتر رێی تێدەچێ ئەوەیە کەئەم کڵاوە لەسەردەمی بزوتنەوەی باباییو پاشان لەسەردەمی شێخ جونەیدی باوکی سوڵتان حەیدەردا پەیدا بووە. وەستاییو دەستڕەنگینیی شێخ جونەیدو سوڵتان حەیدەر لەوە دایە کەتوانیویانە لەدەروێشە بەوەفاکان،

---

[٧٣] صدر حاج سید جوادی وبهاء الدین خرمشاهی، دایرة المعارف فارسی، ج٣، سازمان دایرة المعارف تشیع، تهران، ١٣٦٨ ش، ص ص ٩-١٠.

ئەوانەی پاشان بەکڵاو سورەکان ناویان دەرکرد، سوپایەك پێك بێـنن. بیروبـاوەڕی شێخ جونەیدو سوڵتان حەیدەر تا ئێستا ڕۆشن نیە بـەڵام دەشـێ بیروباوەڕەکـەیان تێکـەڵ بـەبیروباوەڕی بزوتنـەوەی بابـایی بووبـێو زۆریـش بـەلای عەلەویەتـدا دایشکاندبێ. لەم ڕووەوە هەندێ لەسەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەبیروباوەڕی سـوڵتان حەیـدەر هاوئاهـەنگ بـووە لەگـەڵ بیروبـاوەڕی بزوتنـەوەی جـەلالیی ئەناتۆلیادا کەبزوتنەوەیەك بـوە بنەماکـەی پـیرۆز ڕاگرتنـی ئیمـام عـەلی بـوەو بەچـەندەها بۆچـونی ئیسـماعیلیو نوسـەیریو بابـایی گـۆش کرابـوو، دەروێشەکانیشی کڵاوی سوری قوچەکیان لەسەر دەکرد[٧٤]. ئەمە دەری دەخـا کـە لەو سەردەمەدا چەندەها گروپ کەدەشێ هەر هـەموی لقـی بزوتنـەوەی بابـایی بووبێ، هێماکەیان کڵاوی سور بووە.

قزلباشەکان بەوپەڕی هێزەوە گوزارشتیان لەبیروباوەڕی خۆیان کـردو ڕۆڵێکـی کاریگـەریان لەپێکـەوەنانی دەوڵـەتی سـەفەویدا گێـڕا. مێـژوی قزلباشـەکان خۆخەریك کردنێکی زۆری بە بەرزکردنی پلەو پایەی ئیمـام عـەلی تـا ئەنـدازەی گەیاندنی بەئاسـتی خواوەنـدێتی تێدایـە. دیـارە بیروبـاوەڕی ئـەوانیش گـۆڕانی بەسـەردا هـاتوە چـونکە پـاش باوەڕهێنـان بەخوایـەتیی ئیمـام عـەلیو هەڵوەشاندنەوەی هەمو پابەندبونێك بەئەرکە ئـاینییـەکان، دەسـتبەرداری ئـەو بیروباوەڕە بونو چونە سەر هەندێ بیروباوەڕی تر کەیارمەتیی دان بکەونە خـۆ بـۆ کەم کردنەوەی مەزنایەتیی ئیمام عەلی بەڵام نەك تا ئەنـدازەی یەکسـان کردنـی بەمرۆڤی ئاسایی. ئەم وەرچەرخانە کەفو کوڵی بەخواوەند دانانی ئیمام عـەلیی کـەم کـردەوە بـەڵام لەهـەمان کاتـدا بـەرەو بانگەشـەکردن بـۆ پرنسـیپی بەرجەستەبون(حلـول) (بـەمانای بـونی جەسـتەی مـاددی بەنشـینگەی گیـانی بـەرزتر)هـەنگاوی هـەڕاوی هـەڵێنا. ئـەم پرنسـیپە چارەسـەرێکی فەلسـەفیی مامناوەنجی بوو لەنێوان وازهێنان بەیەکجارەکی لەبـەخوادانانی ئیمـام عـەلیو لەنێوان دابەزاندنی پلەو پایەی تا ئاستی مرۆڤی ئاسایی. بـەمجۆرە، قزلباشـەکان

---

[٧٤] محمد كريم يوسف جمالی، تشكيل دولت صفوی وتعميم مذهب تشيع دوازده امامی به عنوان تنها مذهب رسمی، مؤسسه انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٧٢ش، ص١٥١.

چونە سەر ئەو باوەڕەی کە لەشەڕی خەیبەردا خوا لەئیمام عەلیدا بەرجەستە بوو و گــوڕو تینێکــی وای پــێ بەخشــی کــەبتوانێ دەرگــای شــارەکە هەڵکــەنێو دەرفەتێکی وا بــۆ موســڵمانەکان بڕەخسـێنێ کـەبتوانن خۆیـانی پیێـدا بکـەنو جولەکە لەناو بـەرن. هەنـدێ لەگروپـەکانی پاشمـاوەی تورکمانـە قزلباشـەکان کەڕیشەیان دەچێتەوە سەر ناوچـەکانی سـیواسو ئەماسـیەو توقـات لـەتورکیاو ئەمڕۆ لەرۆژئاوای ئێراندا بەرِوملو ناسراون، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کەسـوڵتان ئیسماعیلی سەفەوی بەرجەستە خوایییەکەی ئیمام عەلی بووە[٧٥].

سوڵتان حەیدەر بۆ بەرز ڕاگرتنی کڵاوی سور دەستەواژەیەکی شیاوی تێڕامانی بەکار هێناو ناوی نا تاجی قزلباش[٧٦]. ئەم ناوە هەیبەتێکی زۆرتری دایـە کـڵاوی سورو کاریگەرییەکی سایکۆلۆژیی گەورەی لەسەر لایەنگرانی سـوڵتان حەیـدەر بەجێ هێشت. کڵاوی سور ئـەرکی خـۆی بـەڕێکوپێکی ئـەنجام دا، پـەیڕەوەکانو ناپەیڕەوەکانی لێك جیاکردەوەو ئەرکەکانی سـەر شـانی خـاوەنی کڵاوەکـەی وەك شۆڕشگێڕێکی هەڵگری پەیامی بیروباوەڕی دروست دیاری کرد.

سەفەوییەکان کڵاوی سوریان کردە هێمـای خـەباتی شۆڕشـگێڕانە لـەپێناوی ئامانجە پیرۆزەکاندا. ئەو هەلومەرجو هۆیانەی سەفەوییەکانیان هاندا کڵاوی سور بکەن بەدروشمی خۆیان، بەوردی رونو رۆشـن نـین. دیـارە سـەفەوییەکان خۆیـان بەنوێنەری خاوێنیی بیروباوەڕو پاسەوانی بەئەمەکی پرنسیپە ئاینییەکان داناوەو لــەخۆیان رابینیــوە بــبن بــەپارێزەری پرنســیپە گرانبــەهاکانی شــیعەگەری. سەفەوییەکان توانییان پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیان پەرە پێ بدەنو بـەلای شــیعەگەریی جەعفەریــدا وەرچــەرخێن. ئاشکراشــە کــە لــەکاتی پرۆســەی وەرچەرخانەکەدا هەندێ لەئاسەوارەکانی قۆناغی پێشویان لەگەڵ خۆیاندا بـردوە لەوانە، بەشێوەیەکی تایبەت، کڵاوی سور و لەم سەروبەندەشدا ناوی قزلباشـیان بەمیرات بۆ مایەوە.

---

[٧٥] محمد محمدی، پژوهشی دقیق اهل حق، ص٥٨.

[٧٦] صدر حاج سید جوادی وبهاء الدین خرمشاهی، دایرة المعارف فارسی، جلد اول، بخش دوم، ص ٢٥٤٨.

جەخت كردنی سەفەوییەكان لەسەر بردنەوەی رەچەڵەكیان بۆ سەر سوڵتان حەیدەر مەسەلەیەكی جێی سەرنجە. سەفەوییەكان بۆ زیاتر بەهەیبەتو پیرۆز راگرتنی دروشمەكەیان، ناوێكی بەسامو شەوكەتیان لیّ نا كەتاجی حەیدەرییە، نازناوێك كەبردنەوەی رەچەڵەك بۆ سەر سوڵتان حەیدەرو ناوهێنانی تاج وەك هێمای دەسەڵاتو هێز، پێكەوە گریّ دەدا. كردنی كڵاوی سور بەهێما لەسەردەمی سەفەویدا هاوتەریبە لەگەڵ پابەندبونی سەفەوییەكان بەلێك جیاكردنەوەی پەیڕەوانو ناپەیڕەوان. بۆ گروپێكی وەك سەفەوییەكان كەخۆیان بەپاكیزەترین نمونەی باڵای ئاكارو لێوەشاوەترین پارێزەری ئاین زانیوە، بەهەند وەرگرتنی مەسەلەی لێك جیاكردنەوەی پەیڕەوانو ناپەیڕەوان شتێكی زۆر گرنگە. تێگەیشتنی سەفەوییەكان لەپێویستیی لێك جیاكردنەوەی پەیڕەوانو ناپەیڕەوان مەسەلەی لێك جیاكردنەوەی شیعەو سوننە تێدەپەڕێنیّ، ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە یەكێ لەو مەسەلانەیە كەسەفەوییەكان زیاد لەپێویست بایەخیان پێداوە. ئەم مەسەلەیە لەگەوهەردا هەوڵدانێكە بۆ جیاكردنەوەی باوەڕدار لەناباوەڕدار چونكە بیری زاڵ بەسەر سەفەوییەكاندا هەمان ئەو بیرەیە كە لەزۆربەی كتێبە كلاسیكییە توندڕەوەكانی شیعەدا هاتوەو كاكڵەكەی ئەوەیە كەباوەڕ نەهێنان بەدروستیی لیستی دوانزە ئیمامەكەو نكوڵی كردن لەگەڕانەوەی ئیمامی دوانزەهەم، بەكوفر دەژمێردریّ. ئەم بیرە ئەگەرچی درەنگ چۆتە ناو كتێبەكانی شیعە بەڵام شادەماری سەرەكیی پێكهاتەی ئایدیۆلۆژیی سەفەوییەكانی پێك هێناوە كەبنچینەكەی، تەنگەبەركردنی چوارچێوەی ئیسلامە بەئەندازەیەك كەتەنها شیعەكان بگرێتەوە.

جگە لەمە، فاكتەرێكی تر هەیە شایستەی تێڕامانەو پەیوەندیی بەململانێی توندی نێوان سەفەوییەكانو عوسمانییەكانەوە هەیە. ئەم فاكتەرە لەڕوی سیاسییەوە دەستی هەبوو لەگیرسانەوەی سەفەوییەكان لەسەر پێویستیی بونی دروشمێك كەپەیڕەوەكانیان لەپەیڕەوانی عوسمانییەكان پیّ جیا بكرێتەوە.

هاندەر بۆ هەڵبژاردنی كڵاوی سور بەدروشم بەخشینی ئادگارێكی دەرەكییە بەمەیلە ئاینییەكە، مەیلێك كەدواتر لەبەر تەشەنە سەندنی ململانێی نێوان سەفەوییە شیعەكانو عوسمانییە سوننەكان روخسارێكی سیاسیی بەخۆوە بینی.

زۆربەی نوسەرە ئێرانییەکان، لەوانــە دکتــۆر جــەمالی کەنوســینی تێروتەســەلی سەبارەت بەپێکهێنانی دەوڵەتی سەفەوی هەیە، پێیان وایە سەفەوییەکان کــڵاوی سوریان بۆ جیاکردنەوەی شیعە لەســوننە هەڵبــژاردوە بــەڵام هەنــدێ لەنوســەرە ڕۆژئاواییی‌یەکان دروشمەکــە دەبەنــەوە ســەر ئــەوەی کەســەفەوییەکان ویســتویانە تورکــە ئێرانییــەکان لەعوسمانییــەکان یــان شــیعە ئێرانییــەکان لەســوننە عوسمانییەکان جیا بکەنــەوەو لــەم ســەروبەندەدا بەرامبــەر بــەکڵاوە ســەوزەکەی عوسمانییەکان کەپێی دەوترا یەشیل باش، کڵاوی ســوریان بەدروشــم بــۆ خۆیــان هەڵبــژاردوە. ئەگەرچــی ئەســتەمە مێــژوی پەیــدابونی کــڵاوە ســەوزەکەی عوسمانییەکان لەئاسیای بچوك بەوردی دیاری بکرێ بەڵام ئەوەی زۆرتر بــیری بــۆ دەچێ ئەوەیە کەیەکەم دەرکەوتنی دیــارو بەرچــاوی ئــەم کــڵاوە دەچــێتەوە ســەر لەشکرکێشییەکەی ســوڵتان ســەلیمی یەکــەم بــۆ ســەر شــیعە تورکمانــەکانی ناوەڕاستی ئەناتۆلیا لەسەرەتای سەدەی شانزەهەم دا[٧٧].

کاتێك لەدەفتەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی ورد دەبینەوە، دیاردەیــەك ســەرنجمان ڕادەکێشێ کەدەشێ بەڵگەی ئــەوە بــێ کەعوسمانییــەکان هــەر بــەکارهێنانێکی ڕەنگی سوریان بەدژی خۆیــان زانیــوە. لــەم چوارچێوەیەدا، ســەرنج دەدەیــن کــە لەسەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونی‌دا، عوسمانییــەکان کــەپێیان نــاخۆش بــوو خێڵە تورکمانەکانی وەرساق تەرسوس‌و ئەدەنە بەجێ بــێڵن‌و بــارو بنــە لــەئێران بخەن، ناوی هەمو ئەو خێڵانــەیان لەدەفتــەرە فەرمییەکانــدا بەمەرەکــەبی ســور تۆمار کرد، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کەئیتر ئەم خێڵانە لێــرە بــەدواوە بــەدوژمنی سەرسەختی دەوڵەتی عوسمانی دەژمێردرێن[٧٨].

ســەفەوییەکان چەشــنە پیرۆزییــەکیان بەدورشمەکــەیان بەخشــی. لــەژێر کاریگەریی کەف‌و کوڵ‌و هەڵچونی پڕاوپڕ دەمارگیردا، سەفەوییەکان بانگەشەیان بۆ ئەوە کرد کەگوایە شا ئیسماعیلی سەفەوی خەوی بەشێخ حەیدەری باوکی‌یەوە دیوەو شێخ حەیدەر لەجیهانی غەیبەوە فەرمانی پێداوە کەداوا لەپەیڕەوەکانی بکا

[٧٧] محمد كريم يوسف جمالي، تشكيل دولت صفوى، ص ٨١-٨٢.
[٧٨] هەمان سەرچاوە، ل٩٤.

کلاوی سور بکەنە سەر چونکە کـلاوی سـور ئاماژەیـە بـۆ ئەوپـەڕی دڵسـۆزیی پەیڕەوەکان بۆ دوانزە ئیمامەکە[٧٩] .

چەمکی پیرۆزی لەلای سەفەوییەکان بەشێوەی ڕێزگرتن لەبزاڤە سیاسییەکەی شا ئیسماعیلی یەکەم دوبارە دەبێتەوە، بزاڤێك کەسەرەنجام بەتێهەڵکێش کردنـی ئاین بەدەوڵەتو مەزهەب بەسیاسەت کۆتایی‌ی هات. لەکۆششێکدا بـۆ کردنـی میتۆلۆژیای سەفەوی بەدرێژەپێدانی میتۆلۆژیای شـیعە، راسـتی‌یـەکان تێکـەڵ بەئەفسانە کران. دیارە لەڕەوتی هەوڵو کۆششێکدا بـۆ تۆکمـەکردنی سـتراکتۆرە ئایدیۆلۆژییەکانی بزوتنەوەی سەفەوی، تیۆریسـینەکانی بیروبـاوەڕی سـۆفیگەری زۆر بەلایانــەوە گــرنگ بــوو خــەباتی ســەفەوییەکان بخەنــە چوارچــێوەیەکەوە کەگوزارشت لەخەباتی شیعە بەرایی‌یەکان بکات. ئەمە ئەو هۆیە رون دەکاتــەوە کە تیۆریسینەکانی بزوتنەوەی سـەفەویی هانـداوە شـا ئیسـماعیلی یەکـەم بـە "گەنجینــە" نــاو بــەرنو خــۆیو تێکۆشــانەکەی بەدرێژەپێــدانی تێکۆشــانو کەسایەتیی ئیمام عەلی دابنێن. هەمو ئەمەش لەچوارچێوەیەکی تایبەتـدا رێـك خرا کەتێیدا شا ئیسماعیلی یەکـەم وەك بەرجەسـتەکارێکی میتۆلـۆژیی ئیمـام عەلی، بەلاسایی کردنەوەی لایەنگرانی ئیمام عەلی لەسەففینو لایەنگرانی ئیمـام حوسەین لەکەربــەلا بــەپێی گێڕانــەوەی میتۆلۆژیــای شـیعە، پەڕۆیــەکی ســور لەسەری دەبەستیو لەشاری ئەردەبیل دەردەچێ.

لێــرە، بــەکارهێنانی پــەڕۆی ســور بــۆ دۆزینــەوەی پەیوەندییــەك لــەنێوان هەڵسوڕانی شا ئیسماعیلی یەکەمو تێکۆشانی ئیمام عەلیو حوسـەینی کـوڕی، زادەی هەوڵدانێکە بۆ ناساندنی بزوتنەوەی سەفەوی وەك درێژەپێـدانی بزوتنــەوەی شــیعە بــەرایی‌یــەکانو نیشــاندانی وەك بزوتنەوەیــەك کەئامانجەکــەی تــەنها بەرپەرچدانەوەی جیهانی پڕ شەڕانگێزی نیە، بەڵکو بزوتنەوەیەکیشـە گوازرشـت لەهەمو ئادگارە دەرەکییەکانی تێکۆشانی شیعە بەرایی‌یەکان دەکـا، بەتایبــەتی لەسەففینو کەربەلادا. لێرە پەڕۆی سور وەك سمبول وایە چـونکە ئامــاژە بـۆ ئـەو

---

[٧٩] هاشم حیجازی فەر، شا ئیسماعیلی یەکەمو جەنگی چاڵدێران، وەرگێڕانی کەمال رەشید شەریف، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٢، ص٤٣.

ئامانجانه دەکا کە لەتێکۆشانی شیعە بەرایی‌یەکانەوە بەمیرات بۆ سەفەوییەکان ماوەتەوە. لەو وتەیەدا کەخراوەتە پاڵ ئیمام عەلییەوەو لەکتێبی"**روضات الجنات في احوال العلما والسادات**"دا بلاوکراوەتەوە، ئیمام عەلی قسەیەکی ئەوەندە کاریگەرو گرانبەها دەکا کەبزوتنەوەی سەفەوی‌و پێشەواکانی قۆستویانەتەوەو رەوایی‌ی پێویستیان بۆ خۆیان پێ پەیدا کردوە، وتەیەك تێیدا ئیمام عەلی دەڵێ "ئێمە لەئەردەبیل گەنجینەیەکمان هەیە چ گەنجینە، نە زێڕە نە زیو، بەڵکو پیاوێکە لەنەوەی خۆم، ناوچەوانی بەپەڕۆیەکی سور بەستوەو بەسواریی ماکەرێکی خۆڵەمێشی، بەفەرمانــدەیی‌ی دوانزە هەزار کەسەوە خۆی دەکا بەتەورێزدا"[٨٠].

لەکۆتاییدا، رەنگە کارێکی سودبەخش بێ لەڕیشەی وشەی "سور"و بەرامبەرەکانی بکۆڵینەوە. ریشەی ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر وشەی **sur** لەزمانی پەهلەویدا[٨١] کە بەڕەگی هاوبەشی چەند زمانێکی ئێرانی دادەنرێ لەوانە هەردو زمانی فارسی‌و کوردی. کوردی باکور کەبارزانییەکان بەشێکیان پێکدێنن، وشەکە بەشێوەی **Sor** و کوردی ناوەڕاست بەشێوەی **sur** دەخوێننەوە، لەکاتێکدا کوردی باشور کە لەکوردەکانی تر زیاتر لەژێر کاریگەریی کەلتوری فارسی دان، بەشێوەی "سورخ" دەیخوێننەوە، واتە بەهەمان ئەو شێوەیەی کەفارسەکان وشەکەی پێ دەخوێننەوە. شێوەی خوێندنەوەی وشەکە لەلای کوردی باکورو ناوەڕاست زیاتر لەپەهلەوییەکەوە نزیکترەو جیاوازییەکە تەنها لەدوو بزوێنەکەی **u**و**o** دایە.

بەتەنیشت دو وشە دێرینەکەی **Sur** و**Sor** ـەوە، کورد وشەی(ئاڵ) بەمانای سور بەکار دێنێ. ئەم وشەیە لەزمانی فارسیدا بەشێوەی (ئال)و (ئالا)دەبینرێ‌و هەردو شێوە یەك مانایان هەیە کەسوری کاڵە. زیاتر بیر بۆ ئەوە دەچێ کەڕیشەی

---

[٨٠] محمد علی رنجبر، مشعشعیان ماهیت فکری- اجتماعی وفرایند تحولات تاریخی، مؤسسة انتشارات آگاه، تهران، ١٣٨٢، ص ٢٠٦-٢٠٧.

[٨١] دکتر بهرام فرەوشی، فرهنگ فارسی بەپهلوی، چاپ سوم، انتشارات دانشگاه تهران، تهران، ١٣٨١، ص٣٠٥.

ئەم وشەیە بەهەردو شێوەکەیەوە دەچێتەوە سەر وشـە پەهلەوییەکـەی ئـاروس[٨٢].
بەڵام لەبەر تەوژمی زاڵی وشەی(سورخ)لەفارسیداو (سور)و(سـۆر)لەکوردیـدا، بەکارهێنانی (ئال) لەفارسیو کوردیدا دای لـەکزی. پاشـان لـەنیوەی دووەمـی سەدەی چواردەهەمو نیوەی یەکەمی سەدەی پانزەهەم دا، لەو رۆژگـارەدا کەتێیـدا خێڵە تورکمانەکەی قەرەقۆینلۆ خێڵە دەستڕۆیشتووەکەی ناوچەکە بوو، ئەم وشەیە گەڕایەوە بۆ نێو زمانی فارسـیو کـوردی. لـەزمانی تـورکیی مـەغۆلیی قـەرە قۆینلۆدا(ئال)بەشێوەی(ئالا)بەڵام بەهەمان مانای کۆنی وشەکە لەهەردو زمانی فارسیو کوردیدا سەری دەرهێنا.

لێرەدا دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین کەکورد دوو مانای جیاوازیان داوەتـە ئـەو "ئالا"یەی کە لەتورکیی مەغۆلییان وەرگرتووە و ئەو دەرفەتەشـیان بـۆ خۆیـان هێشتۆتەوە کەهەردو وشەکە تێکهەڵکێشی یەکتری بکەنو مانایەکی تازەیـان لێ پێك بێنن.

کورد(ئالا) تورکییە مەغۆلییەکـەیان لەگـەڵ پێداویسـتییـەکانی خۆیانـدا گونجاندو وەکو جاران بەشێوەی(ئاڵ) وەك ئاماژەیەك بۆ ڕەنگی سور بـەکار هێنـا. گەورەترین دوو فەرهەنگی زمـانی کـوردی لەسـەر ئـەوە یەکـدەنگن کـە(ئـاڵ) بەتایبەت مانای سوری کاڵ دەداو یەکێ لەدوو فەرهەنگەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکـا کەئەم وشەیە لەلای کوردی باکور بەو مانایە بەکار دێ[٨٣] . بەڵام کورد مانایەکی تەواو جیاوازی دایە(ئالا) تورکییە مەغۆلییەکەو وای لێ کرد مانای(سور)نەدات بەڵکو مانای(بەیداخ)بدات. لەگەوهەردا ئەمە بەو مانایە دێ کە وشـەکە هـەم لەمانا پەهلەوییەکەی خۆی جیا بۆتەوە هەم لەمانا تورکییە مەغۆلییەکەو ئـەو مانایەی کەکورد بەوشەکەی بەخشیوە نزیکـە لـەئاماژەکردن بـۆ ڕەنگـی سـور. ئەمەش ئەوە دەردەخا کەزمانی کوردی پێویستی بەوشەیەك بـوە هـەردو مانـای

---

[٨٢] دکتر محمد معین، فرهنگ فارسی، جلد اول، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٨٠، ص٨٠.

[٨٣] بڕوانە: گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩، ل١٣.

هەروەها بڕوانە: هەژار، هەنبانە بۆرینە فرهنگ کردی- فارسی، چاپ دوم، انتشارات سروش، تهران، ١٣٧٦، ص١٠.

تێدا تێکەڵاو ببێ. ڕەوتی وەرچەرخانی ماناکەی وشەی(ئـالا)پرۆسـەیەکی شـیاوو شایستەی تێڕامانە چونکە ئەو وشەیەی کەمانای سوری دەدا چیتر ئـەو مانایـەی نەداو بوو بەوشەیەك کـەمانای(بەیـداخ)دەدا. واتـە هەلومـەرجی ئـەو ڕۆژگـارە پێویستی بەوشەیەك بوە مانای بەیداخی سور بدات.

وشەی(ئالا)بەشێوەیەکی تایبەت بەقەرە قۆینلـۆوە بەسـتراوەتەوە کـەخێڵێکی تورکی مەغۆلییەو لەقەڵەمڕەوێکی پانوپۆڕی خـاکی ئازەربایجـان‌و کوردسـتان‌و عیراقدا دەسەڵاتێکی بـەهێزی پێـك هێنـاوە. کاتێـك لەشـوێنی کوێسـتانەکانی قەرەقۆینلۆ لە ناوچەکانی باکوری دەریاچەی وان ورد دەبینەوە، دەبینین بەشـێکی زۆری ئەو ناوچانە ئاوەڵناوی سوریان پێوەیە وەك ئالا تاق‌و ئالا داغ[٨٤].

قـەرەقۆینلۆکان لەسـەر بنـەمای کـەلتورێکی خـاوەن پێکهاتـەی ناڕۆشـن سیستمی کۆمەڵایەتیی خۆیان دامەزراند. لێرە دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکرێ کە کـەلتوری قـەرەقۆینلۆ بەشـێکی بنـەڕەتیی ئـەو کـەلتورە پێکـدێنێ کـەدواتر سەفەوییەکان لەکاتی دامەزراندنی پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیایی‌ی خۆیاندا پشـتیان پێ بەست. قەرەقۆینلۆکان بەدرێژایی‌ی دەوربەری ٩٠ ساڵ حوکمڕانیی ناوچەیەکی بەرینی کوردستانیان کردو تا ئێستا مەیلە ئایینی‌یەکانیان بەناڕۆشـنی ماوەتـەوە بەڵام هەر چی‌یەك بووبن سوننە نـەبون. ئەگەرچـی مێژوونوسـەکان قـەرەقۆینلۆ بەشیعەی دوانزە ئیمامی دەدەنە قەڵەم، بەڵام هۆی ئەمـە زیـاتر دەچـێتەوە سـەر ئەوەی کەئەوانە دواتر وەرچـەرخانە  سـەر مەزهـەبی شیعەی دوانـزە ئیمـامی‌و تێکەڵ بەسەفەوییەکان بون بەڵام ئەستەمە مەیلە سەرەتایی‌یەکانیان بەمەیلێکی شیعەی دوانزە ئیمامی دابنـرێ بـەڵکو دەکـرێ وا دابنـرێ کەتێکەڵەیـەك بـووە لەمەیلی عەلەویی نزیك لەمـەیلی هەنـدێ گروپـی وەك ئـەهلی هـەق. لـەنێو قەرەقۆینلۆکاندا باوەڕهێنان  بەخوایەتیی ئیمام عەلی یاخود بەرجەستەبونی خـوا

---

٨٤ دکتر حسین میر جعفری، تاریخ تحولات سیاسی، اجتماعی، اقتصادی‌و فرهنگی ایران در دوره تیموریان‌و ترکمانان، انتشارات دانشگاه اصفهان، اصفهان، ١٣٧٥، ص٢٩٥.

لەجەستەی ئیمام عەلیدا، جێی خۆی کردبۆوە[85]. زێدەڕۆیی کردن لەپیرۆز ڕاگرتنی کەسایەتیی ئیمام عەلی هەلومەرجێکی لەباری بۆ داشکاندنی پاشتری قەرەقۆینلۆ بەلای شیعەگەریی دوانزە ئیمامییدا رەخساندو هانی دان واز لەرواڵەتە نا پێویستو زیادەکانی پیرۆزگەرایی بێنن.

گۆڕینی مانای وشەیەك کەواتای رەنگی سور دەدا بەوشەیەك کەئەم مانایە نداو واتایەکی تر لەخۆوە دەپێچێ، بیر بۆ ئەوە دەبا کەدەشێ لەنێو کورددا، لانی کەم لەهەندێ ناوچەدا، بەکارهێنانی ئالای سور وەك سمبولی بیروباوەڕێکی کۆمەلایەتیی دیاریکراو شتێکی باو بووبێو دەشێ رەنگی سور ئاماژە بێ بۆ هەندێ بیرباوەڕی ئیسلامیی پەرەپێدراوو تێکەڵ بەدیدی فەلسەفیو خاوەنی تێڕوانینی تایبەت بۆ هەردوو جیهانی ماددەو ئەودیوی ماددە.

سەرباری هەمو ئەوەی کەباس کرا، خالێکی شایستەی تێڕامان ماوە کەپێویستی بەتاوتوێ کردن هەیە. هەندێ لەبارزانییەکان کاتێك یەکێکیان لێ دەمرێ، جامانە سورەکەی لەگەڵدا دەنێژن بەلام لەکاتی ناشتنەکەدا هیچ رێو رەسمێکی تایبەت پەیڕەو ناکرێ[86]. مایەی تێڕامانە کەئەم نەریتە لەناو بارزانییەکاندا نەریتێکی گشتی نیەو سەرچاوە سەرزارەکییە بارزانییەکان لەم بارەیەوە هیچ رون ناکەنەوە. بەلام نەریتی ناشتنی بزگوڕو کەلوپەلی تایبەت لەگەڵ مردودا، پێش ئیسلام هەبوە. ئەم نەریتە ئاماژەیە بۆ بەخشینی رۆلێکی ئیسکاتۆلۆژی بەو بزگوڕو کەلوپەلەی کە لەگەڵ مردووەکەدا دەنێژرێ. ئەم نەریتە لەلای میسرییە دێرینەکاندا زۆر باو بوو بەڕادەیەك کەوەك بەشێك لەباوەڕی میسرییەکان بەژیانی پاش مردن تەماشا دەکرێ.

گۆزە دۆزراوەکانی کوردستان نیشانی دەدەن کەدانیشتوانی کۆنی کوردستان مردویان خستۆتە ناو گۆزەوەو بزگوڕو کەلوپەلی تایبەتی مردووەکەشیان لەگەڵدا

---

[85] میهرداد ئیزەدی، ئاینو تایفە ئاینییەکان لەکوردستاندا، وەرگێڕانی کامەران فەهمی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە٣، سالی حەوتەم، ئابی ١٩٩٩، سلێمانی، ل٧٧

[86] چاوپێکەوتن لەگەڵ خدر بارزانی کەزانیاریی باشی دەربارەی ژیانی کۆمەلایەتیی بارزانییەکان پێ بوو. ئەم چاوپێکەوتنە لە ٢٠٠٧/٥/٢٧ لەسلێمانی ئەنجام دراوە.

ناشتوه. شارەزایان وا دەڕواننە ئەم نەریتە کەبەڵگەی بونی بیرێکی ئیسکاتۆلۆژییە لەناو کورددا پێش پەیدابونی ئیسلام. ئەوی ڕاستیش بێ، نەریتەکە تەنها کوردو میسرییەکان ناگرێتەوە، چونکە پشکنینە ئارکیۆلۆژییەکانی ساڵی ١٨٧٨ی ئەفسەری بەرەگەز فەرەنسی لیۆن کاهون لەدەوروبەری شاری لازقیەی سوریا، پەردەیان لەسەر ئەوە هەڵماڵیوە کەنەریتی ناشتنی بزگوڕو کەلوپەلی تایبەت لەگەڵ مردودا لەو قەڵەمڕەوە پەیڕەو کراوە. دۆزینەوەکانی ئەم ناوچەیە دەریانخست گۆڕەکان هی نژادێکن لەقەڵەمڕەوێکی فراوانی سوریاو کوردستانو تورکیاو یۆنانو مەکەدۆنیا ژیاوە[٨٧]. لەگەڵ پەیدابونی ئیسلامدا ئەم نەریتە پوکایەوە چونکە بیروباوەڕی ئیسلام هیچ پەراوێزێکی بۆ ڕۆڵی ئیسکاتۆلۆژیی بزگوڕو کەلوپەلی تایبەتی مردوو لەقۆناغی دوای مردن نەهێشتەوە. ئەمە وامان لێ دەکا نەریتەکە بەپاشماوەی نەریتە کۆنە لەناوچووەکان تێبگەین کە ئەگەرچی ناوەڕۆکی دێرینی خۆی لەدەستداوە بەڵام مانەوەی وەك نەریتێکی کۆمەڵایەتی نەبۆتە هۆی شێواندنی چوارچێوەی گشتیی ئیسلام.

---

[٨٧] ليون كاهون، رحلة الى جبال العلويين عام ١٨٧٨، ترجمة مها احمد، دار التكوين للتأليف والترجمة والنشر، دمشق، ٢٠٠٤، ص ١٠٢-١٠٦.

## تەوەری سێیەم

# خودان

نازناوی خودان کەناوبانگێکی زۆری بۆ شێخ ئەحمەد بارزانی دروست کرد، مایەی وروژاندنی مشتومڕێکی زۆرە. لەم بارەیەوە هیچ زانیارییەکمان دەربارەی چۆنێتیی هەڵبژاردنی ئەم نازناوەو شێوەی بڵاوبونەوەی نیە. بەڵام دەکرێ بەو جۆرە تەماشای بەکارهێنانی بکرێ کەخۆی لەخۆیدا نیشانەی تێپەڕاندنی ناوەڕۆکی ئاینی- کۆمەڵایەتیی نازناوی دێرینی شێخە.

نازناوی خودان بەشێخ ئەحمەدەوە نوساوە کەبزوتنەوەی بارزانی لەسەردەمی شێخایەتیی ئەودا گەیشتە ترۆپکی روحانیەت‌و خودی خۆیشی پیرۆزییەکەی لەلای شوێنکەوتووەکانی گەیشتە ئاستێك کە لەمەوبەر هیچ شێخێك پێی نەگەیشتبو.

بیروباوەڕی بارزانی وێژەی نوسراوی نیە، بۆیە پشت بەستن بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە کارێکی ئاسان نابێ. بەڵام وێژەی سەرزارەکیی بارزانی رونی دەکاتەوە کەنازناوی خودان پێش شێخ ئەحمەدیش بەکار هاتوە بەڵام نەك لەسەر ئاستێکی فراوان. بەڵگەکان نیشانی دەدەن کەپێش شێخ ئەحمەد هەندێ شێخ ئەم نازناوەیان هەڵگرتوە. ئەوەی کەسدیق دەمەللوجی لەیاداشتەکانیدا لەساڵی ١٩١٤دا دەربارەی لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی دووەم لەموسل دەیگێڕێتەوە، بەهایەکی دیکۆمێنتاریی هەیە چونکە دەمەللوجی لەو یاداشتانەدا زۆر بەوردەکارییەوە بەسەرهاتی لەسێدارەدانی شێخ‌و سێ کەس لەپەیڕەوەکانی دەگێڕێتەوە. لەو بەسەرهاتەدا یەکێ لەپەیڕەوەکانی شێخ کەناوی مەحمودەو لەتەمەنی بیست ساڵیدا دەبێ، بەر لەوەی لەسێدارە بدرێ زۆر بوێرانە هاوار دەکا: ((بژی خودانی بارزان))[٨٨]. ئەم رستەیە، وێڕای ئەوەی کەگوزارشت لەخۆشەویستیی شێخی بارزان دەکا، راستییەکی گرنگیش دەردەخا ئەویش ئەوەیە کە تەنها شێخ ئەحمەد ئەم نازناوەی بەکار نەهێناوە، بەڵکو پێش ئەو شێخی تر

---

[٨٨] صديق الدملوجي، امارة بهدينان الكردية، المصدر السابق، ص ٩٣.

بەكاری هێناوە. بەهۆی دەمەللوجییەوە كەوردەكاریی ئەو ساتە ناخۆشانەی لەیاداشتەكانیدا تۆمار كردووە، ئێستا ئێمە لەوە دڵنیاین كەلانی كەم دوو شێخی بارزان ئەم نازناوەیان بەكار هێناوە.

شایانی باسە كەنازناوی خودان لەنازناوی باوك بەناوبانگترە. نازناوی "خودان" كەشێخ ئەحمەد هەڵیگرتوە، جیاوازە لەنازناوی باوك. لەڕاستیدا نازناوی "باوك" بەپێچەوانەی نازناوی خودانەوە هیچ مشتومڕێكی نەناوەتەوە. كاتێك نازناوی باوك بەپێوەندگی ئەركە كۆمەڵایەتییەكەی هەڵدەسەنگێنرێ، وەك نازناوێكی زۆر ئاسایی دێتە بەرچاو، بەڵام كاتێك خودان بەپێوەندگی ئەركە كۆمەڵایەتییەكەی هەڵدەسەنگێنرێ، ئەم بابەتە بەقەد ئەوەی كەپێویستە، تیشكی ناخرێتە سەر.

هێشتا ئەوە رون نیە كەئاخۆ نازناوی "خودان" گوزارشت لەتایبەتمەندیی هەندێ لەسەرانی شێخایەتییەكە دەكا یان نا، بەڵام نەیارانی بارزان لەهەوڵداندا بۆ سەركۆنەكردنی دروستیی پێكهاتە ئایدیۆلۆژییەكانی بیروباوەڕی بارزانییەكان سودێكی زۆریان لەوە وەرگرت كەنازناوەكە لەڕوی زمانەوانییەوە چەند واتایەكی لێ دەبێتەوە.

لەزمانی كوردیدا وشەی "خودان" بەمانای خاوەن دێو لەم مانایەدا وشەكە هیچ گێچەڵێك نانێتەوەو جگە لەڕێزو نەوازش هیچ مانایەكی تر نادا. بەڵام ئەو لێك نزیكییەی كە بەڕونی لەنێوان وشەی "خودان"و "خودا"دا هەیە، گومانێكی زۆری لەمەبەستی زمانەوانیی وشەكە دروست كردوە.

لەزمانی كوردیدا وشەی "خودا" تەنها مانای خواوەند یان یەزدان دەداو هیچ مانایەكی تری نیە. لەم خاڵەدا زمانی كوردی لەزمانی عیبریو عەرەبی ناچێ. لەزمانی عیبریدا وشەی "رابی" مانای خودا دەدا بەڵام لەهەمان كاتدا، بەپێی فەرهەنگی عیبری- عەرەبی، مانای تریشی هەیە وەك حاخام، مامۆستا، وەزیر، ئەفسەر، وەستا. لەزمانی عەرەبیدا وشەی رەب هەم بەپاشا دەوترێ هەم بەگەورە پیاو. ئەم وشەیە لەهەمو وەرگێڕدراوە عەرەبییەكانی ئینجیلدا وەك نازناو بۆ مەسیح بەكار هاتوەو لەهیچ كامێكیشیاندا ئەوەی لێ هەڵناكرێندرێ كەمەسیح بەخوا دانراوە. بەجۆرە، لەهەردو وەرگێڕدراوە میسرییەكەی كاتۆلیكیو بەیروتیی یەسوعیی ئینجیلی یوحەننادا وشەی "رب" وەك نازناوی مەسیح بەكار هاتووە،

بەڵام لەوەرگێڕدراوە پرۆتستانتییە بریتانییەکەدا لەباتی "رب" وشەی "معلم" (مامۆستا)و وشەی "سید" (گەورە پیاو) بەکار هاتوەو لەوەرگێڕدراوە میسرییە کاتۆلیکییەکەدا لەچەند شوێنێکدا وشەی "سید" (گەورە پیاو) لەبری "رب" بەکار هاتووە[89].

بەپێی ئیبن مەنزور، پێش پەیدابونی ئیسلام عەرەب بەپاشایان وتوە "رب" بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کەپاشایان بەخودا داناوە[90]. لەقورئانیش وشەی "رب" لەسورەتەکانی یوسفو تۆبەو ئال عومران بەمانای گەورە پیاو دێ.

لەزمانی عەرەبیدا وشەی "رب" لەهەمبەری وشەی Lordی ئینگلیزیو بەعلو ئەدۆنی زمانە سامییەکانی ترە. وشەی "بەعل" لەزمانە سامییەکاندا هەم بەمانای خودا دێ هەم بەمانای خاوەنو لەزمانی عەرەبیدا مانای "مێرد" دەدا بەڵام وشەی "بەعل" کە لەئایەتی ١٢٢ی سورەتی "الصافات"ی قورئاندا هاتووە، وەك تەبەری لێکی داوەتەوە، لەشێوەزاری خەڵکی یەمەندا بەمانای خودا دێ[91].

لەزمانی کوردیی مۆدێرندا وشەی "خودان" بەپێچەوانەی وشەی رەبی عەرەبیو رابیی عیبرییەوە، تەنها یەك مانا دەبەخشێ ئەویش خاوەنە. بەڵام ئەگەر وامان دانا کەوشەی خودان، وەك رەبی عەرەبیو رابیی عیبری، لەپاڵ ئەوەی کە بەمانای خاوەن دێ، بەمانای خوداش دێ، مەسەلەکە زۆر ئاسایی دێتە بەرچاو چونکە وەك چۆن دوو وشەکەی رەبی عەرەبیو رابیی عیبری هەم بەمانای خودا دێن هەم بەمانای گەورە پیاو، ئەوسا دەشێ خودانیش هەردو مانا بداو بەجۆرە هەم بەمانای خودا دێ هەم بەمانای گەورە پیاو، بەبێ ئەوەی مەسەلەکە خۆی لەقەرەی خوایەتیی رابەرەکان بدا.

ئەگەرچی لەزمانی کوردیی مۆدێرندا "خودان" و "خاوەن" دوو وشەی هاوتەریب پێکدێنن، بەڵام دەکرێ هەردوکیان ببرێنەوە سەر وشە لێکدراوە

[89] سعد رستم، التوحيد في الاناجيل الاربعة وفي رسائل القديسين بولس ويوحنا، دار الاوائل للنشر والتوزيع والخدمات الطباعية، دمشق، ٢٠٠٢، ص ٢١٩- ٢٢١.

[90] ابن منظور، لسان العرب، المصدر السابق، مادة: رب.

[91] الدكتور جواد علي، تاريخ العرب قبل الاسلام، الجزء الخامس، المجمع العلمي العراقي، بغداد، ١٩٥٥، ص ٢٤- ٢٥.

دێرینەکەی خوداوەند کە بەمانای یەزدان دێ. لێرەدا سەرنجی ئەوە دەدرێ کەهەر یەك لە "خودان" و "خاوەن" هەندێ بەشی وشەی خوداوەند لەخۆ دەگرن. دیارە کورد هەردو وشە بەیەك مانا بەکار دێنێ. لێرەدا زێی گەورە سنوری جوگرافیی بەکارهێنانی هەردو وشەکە پێکدێنێو لەکاتێکدا کوردەکانی باکوری زێی گەورە وشەی "خودان" بەکار دێنن، کوردەکانی باشوری زێی گەورە زیاتر بەلای بەکارهێنانی وشەی "خاوەن"دا دادەشکێنن. بەپێی دکتۆر محەمەد موعین، وشەی "خوداوەند" دوو مانای لەخۆ گرتوە، لەلایەك بەمانای یەزدان دێو لەلایەکی ترەوە بەمانای خاوەن. بەم پێیە، وشەکە بەم ناوەرۆکە هەمان ئەو ئەرکەی هەیە کەهەردو وشەی ڕەبی عەرەبیو رابیی عیبری هەیانە، سەرباری ئەوەی کەوشەی خواوەند بۆ پاشاکان بەکار دەهێنرا[92].

بەڵام لەهەمان کاتدا دەتوانین وای دابنێین کەهەر یەکێ لەدوو وشەکە رەگێکی جیاوازی هەیەو بەم پێودانگە، وشەی "خودان" لەرەچەڵەکدا دەچێتەوە سەر وشەی "خوداوەند"، وشەی خاوەنیش دەچێتەوە سەر وشە دێرینەکەی "خاوەند" کەمانای خاوەن دەدا بەڵام ئەگەر پاشگری "گار" بەهەر وشەیەکەوە بلکێنین، هەردوکیان ئەو مانایە دەبەخشن کەدوو وشەکەی خوداوەندو خوداوەندگار دەیبەخشن.

لەزمانی کوردیی مۆدێرندا وشەی خاوەن یان خاوەند مانای یەزدان نادا بەڵام ئەگەر خاوەند پاشگری گاری پێوە بلکێ، مانای یەزدان دەداو لێرەدا پاشگری گار زیاتر بۆ رێزو نەوازش بەکار دێ، لەکاتێکدا ئەگەر وشەی خودا پاشگری "وەند"ی پێوە بلکێ، وشەیەکی لێکدراو بەشێوەی "خوداوەند" پێکدێ کە لەچوارچێوەی رێزو نەوازشدا مانای یەزدان دەبەخشێ. هەر یەك لە "خوداوەند"و "خاوەندگار" کە لەزمانی کوردیی مۆدێرندا بەکار دێن، تەنها مانای یەزدان دەدەن، بەڵام لەسەردەمانێکدا کەهێشتا زمانی کوردی وەك زمانێکی سەربەخۆ لەزمانی فارسیی کۆن جیا نەبوبۆوە، ئەم دوو وشەیە جگە لەوەی کەمانای یەزدانیان دەدا، مانای خاوەنیشیان دەدا، سەرباری بەکارهێنانیان وەك نازناوێکی شکۆمەند بۆ پاشاکان بەبێ ئەوەی مەبەست لەبەکارهێنانیان بەخشینی روخسارەکانی خوایەتی بێ بەپاشاکان.

[92] دکتر محمد معین، فرهنگ فارسی، ص ١٤٠١.

تاكە گروپ كەمۆركێكی فەلسەفیی بەوشەی "خاوەندگار" بەخشیوە، گروپی ئەهلی هەقە كەخاوەنی وێژەیەكی ئاینیی فرە دەوڵەمەندە. بەلای ئەهلی هەقەوە، خاوەندگار كەیەكەم نمونەی بەرجەستەبونی یەزدانە، بەئافەرینەری جیهان دادەنرێ. ئەگەر بڕوانینە "فورقان" كەیەكێكە لەگرنگترین كتێبە پیرۆزەكانی ئەهلی هەق، خاوەندگارو سوڵتان سەهاك یەك شوێنیان هەیەو لەسەردەمی بایی غەیبەتدا یەزدان بەشێوەی خاوەندگار دەركەوتوە. خاڵێ شایستەی تێڕامان لێرە ئەوەیە كەخاوەندگاری ئەهلی هەق هاوتەریبە لەگەڵ بیروباوەڕی دۆنادۆندا چونكە یەزدان لەحەوت وێنەدا خۆی دەنوێنێ، فریشتەكانیش وان. ئەمەش مایەی دوبارەبونەوەی ناوی بنیامینە، بەو پێیەی كەبنیامین لەسەردەمی خاوەندگاردا یەكێكە لەخولە دوبارەبووەكانی دۆنادۆن[٩٣].

لەئێران ئیسماعیلییەكان لەچاخی ناوەڕاستدا وشەی خوداوەندیان بەواتای گەورە پیاوو وەك نازناوێكیش بۆ سەركردەكانیان لەقەلای ئالموت بەكار هێناوە. ئەگەرچی وشەكە لەمانادا واتای یەزدان دەدا، بەلام ئیسماعیلییەكان وشەكەیان بەم واتایە بەكار نەهێناوە. سەرچاوە فارسییەكان ئاماژە بۆ ئەو سێ حوجەت و ئەو پێنج ئیمامە دەكەن كەهەر یەكێكیان بەناوی خوداوەندی ئالموتەوە حوكمڕانیی دەوڵەتی ئیسماعیلیی نزارییان كردووە[٩٤]. بەم پێودانگە، نازناوی خودان لەلای بارزانییەكان یەكسانە بەنازناوی خوداوەند لەلای ئیسماعیلییەكانی ئالموت. پاشتر، دوای هەرەس هێنانی ئالموت و نەمانی دەوڵەتی ئیسماعیلیی نزاری لەئێران، خوداوەند وەك ناو یان وەك نازناوی رابەرێكی ئیسماعیلی بەكار هات كەپێی دەوترا خوداوەند محەمەد. ئەم خوداوەندە لەناوچەكانی دەیلەم دەركەوت و لەسەرەتای سەدەی پانزەهەمدا كەوتە هەوڵێكی بێ وچان بۆ یەكخستنەوەی ئیسماعیلییەكان بەلام هەوڵەكەی بەو ئەندازەیەی كەئومێدی لەسەر هەڵچنی بوو، سەركەوتو نەبوو[٩٥].

---

[٩٣] دائرة المعارف الاسلامية، المجلد الثالث، ص ٩٥- ٩٩.

[٩٤] فرهاد دفتري، مختصر تاريخ الاسماعيليين، المصدر السابق، ص ٢١٦.

[٩٥] هەمان سەرچاوە، ل ٢١٩.

نزیکترین مانا بۆ نازناوی خودان وشەی "سەییدونا"یە کە بەتەنیشت نازناوی خوداوەندەوە، نازناوی حەسەن سەباح بوو کە لەساڵی ١٠٩٤ـەوە بانگەشەی بۆ بیروباوەڕی ئیسماعیلی کردو ڕێزێکی زۆری لەناو شوێنکەوتووەکانیدا هەبوو. لەڕوی ناوەڕۆکی شکۆمەندییەوە کەخودانو سەیید یەکسان بەیەکتری دەکا، نازناوی سەییدونا وەك نازناوێکی نامۆ لەلای کورد نایەتە بەرچاو. دیارترین ئاماژە بۆ بڵاوبونەوەی ئەم نازناوە، لەناو خێڵی بەرزیکاندا دەردەکەوێ کەخێڵێکە میرایەتییەکی نیمچە سەربەخۆی لەشارەزورو چەند پارچەیەکی کوردستانی ئێران هەبوو. بەپێی دکتۆر فەرسەت مەرعی کەساڵی٢٠٠٠ لێکۆڵینەوەیەکی بەنرخی دەربارەی میرنشینە کوردەکانی چاخی دووەمی عەباسی پێشکەش کردوە، لەساڵی ٩٦٠دا حەسنەویەی کوڕی حسێن بەرزیکانی ئەو میرنشینەی دامەزراند کە لەمێژودا بەناوی میرنشینی حەسنەویە ناوی دەرکرد[٩٦]. بەپێی ئەو زانیارییە وردانەی کەهیلال سابی دەربارەی میرنشینی حەسنەویە دەیخاتە بەر دەست، وەزیری بوەیهی ئەبو عەلیی کوڕی حەمولە ئامادەیی‌ی تێدا نەبو بە "سەییدونا" بانگی میر بەدری کوڕی حەسنەویە بکات[٩٧]. ئەمە ئەوەی لێ هەڵدەهێنجرێ کەنازناوی "سەییدونا" وەك نازناوێکی ئیسماعیلی، لەنێو کوردە بەرزیکانییەکاندا باو بووە و ئەمانە پێش ئیسماعیلییەکانی ئالموت ئەم نازناوەیان بەکار هێناوە. بەکارهێنانی نازناوی "سەییدونا" بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەو ئاکامە دەگات کەخودی کوردە بەرزیکانییەکان بەئیسماعیلی دابندرێن. بەرزیکانییەکان لەگەڵ بوەیهییەکاندا پەیمانیان هەبوو. بەشێك لەو بوەیهییانە، لەدوای ئەوەی کەمیری بوەیهی ئەبو کالیجار لەسەر دەستی سۆفیگەری ئیسماعیلی هەیبەتوڵڵای شیرازی وەرچەرخایە سەر مەزهەبی ئیسماعیلی، چونە سەر مەزهەبی ئیسماعیلی. لەم روەوە ناشتنی میر بەدر لەنەجەف بەڵگەی ئیسماعیلیبونێتی.

گومان لەوەدا نیە کەهەڵگرتنی نازناوی خودان دوراییەکی دیکەی بۆ پیرۆزیی شێخایەتیی ئەحمەد دابین کرد. ئەحمەد کەدەشێ بەنمونەی ڕەسەنی دێرینیی

---

[٩٦] الدكتور فرست مرعي، الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٥، ص ١٣٦.

[٩٧] هەمان سەرچاوە، ل ١٧٢.

بیروباوەڕی بارزانیی دابنێین، دوو جار قازانجی لەم نازناوە کردووە. جارێك لەو روانگەیەوە کە بەئاشکرا هەڵگرتنی نازناوەکە درێژەپێدانی پرۆسەی ئاشکراگەرایی‌یە کەپرۆسەیەکە شێخ محەمەد بەشێوەیەکی پارێزگارانەو زۆر بەوریایی دەستی پێ کرد، جارێکی تریش لەو روانگەیەوە کەهەڵگرتنی نازناوەکە میراتێکی شەرعییە کە لەشێخ عەبدولسەلامی دووەمەوە بۆی ماوەتەوە. لەبەرەنجامی کۆتاییدا، خودان لەلای شوێنکەوتووەکان بەمانای "گەورە" یان "مەزن" بەکار هێنراوەو بەم پێودانگە، نازناوەکە لەڕوی سۆسیۆلۆژییەوە بۆتە مایەی زیادکردنی گەورەیی‌ی شێخ ئەحمەد لەلای بارزانییەکان، بەڵام لەهەمان کاتدا بەهیچ شێوەیەك نەگەیشتۆتە رادەی بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی خودا.

شایانی باسە کەشێخ ئەحمەد لەساڵی ١٩١٤دا، دوا بەدوای لەسێدارەدانی براکەی، شێخ عەبدولسەلامی دووەم، لەموسڵ لەسەر دەستی تورکەکان، شێخایەتیی بارزانییەکانی کەوتە دەستو لەم سەروبەندەدا بەکارهێنانی نازناوی خودانی بەگونجاو زانی، نەك هەر لەبەر ئەوەی کەئەم نازناوە درێژەپێدانی ئاشکراگەرایی‌و شەرعیەتە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کەنازناوەکە هەردو ئەرکی ئایینی‌و کۆمەڵایەتی تێکهەڵکێشی یەکتری دەکاو ئەمەش لەئاکامدا سیستمی پەیڕەوکراوی گوێڕایەڵیی پێ سەقامگیرتر دەبێ چونکە بەهۆیەوە پەیوەندیی شوێنکەوتووەکان لەگەڵ شێخدا گۆڕانی بەسەردا دێ‌و لەپەیوەندیی شوێنکەوتنەوە دەبێتە پەیوەندیی خاوەنێتی، ئەویش لەو روانگەیەوە کەنازناوەکە لەناوەڕۆکدا شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کە ئەو شێخەی کاروباری ئایینیی شوێنکەوتووەکانی خۆی رێکدەخا، کاروباری خاوەندارێتیشیان رێکدەخا. بێگومان ئەم خاوەندارێتییە خاوەندارێتییەکی ویژەیی‌یە، ماددی نیە و ئەم رەهایی‌یە لەپەیوەندیدا، شێخ چەند پلەیەك دەخاتە سەروی شوێنکەوتووەکانییەوە چونکە لێرەدا شێخ نەك هەر رێکخەری کاروباری ئایینییانە بەڵکو خاوەنی هەمو ئەو شتانەشە کەپەیوەندییان بەکاروباری ژیانی دنیاو ئاخیرەتەوە هەیەو لەم چوارچێوەیەدا شێخ لەخودی خۆیدا تەواوی چەمکەکانی راستیی رەها بەرجەستە دەکات. سەرەڕای ئەمە، خاوەندارێتی‌ی شێخ لێرە دەقاودەق واتای وشەکە نابەخشێ‌و ئەم خاوەندارێتییە جیاوازە لەپەیوەندیی نێوان خودایەتیی یەزدان‌و

کۆیلێتیی شوێنکەوتووەکان بەڵام لەهەمان کاتدا زۆر لەسیستمی گوێڕایەڵیی ئیسلامەوە نزیکە کەسیستمێکە شوێنکەوتووەکان هاندەدا گەورەیی ئاین بەخۆشویستنی پێغەمبەرەوە ببەستنەوە. لەهەندێ ڕووەوە دەتوانرێ خاوەندارێتیی ڕێژەیی شێخ بەخاوەندارێتیی ڕێژەیی مەسیح بچوێنرێ. وەك چۆن مەسیح لەپاساوو پاکانەی شوێنکەوتووەکانیدا پادشایەکی زەمینی نەبو وەك ئەوەی کە لەتەوراتدا چاوەڕێیان دەکرد، شێخیش خاوەندارێکی ماددی نەبو بەڵکو خاوەندارێکی ڕێژەیی بوو.

بارزانییەکان لەبەکارهێنانی نازناوی خواندا جگە لەمانای گەورەیی، هیچ مانایەکی تری لێ تێنەگەیشتن. نەیارانی بارزانییەکانی لێ دەرچێ، خەڵکانی تریش پێیان وابوو نازناوەکە تەنها مانای گەورەیی دەدا. ئەوەی ئەمە دەسەلمێنێ نامەیەکی ساڵی ١٩٤٥ی مستەفا خۆشناوە کە لەنێو ئەفسەرانی سوپای عیراقدا پلەی کاپتنی هەبوو و دواتریش پەیوەندیی بەبزاڤی بارزانییەوە کردو لەم سۆنگەیەوە کاربەدەستانی عیراق لەساڵی ١٩٤٧دا گوللەبارانیان کرد. خۆشناو لەنامەکەدا ناوی ئەو کەسەی نەهێناوە کەنامەکەی بۆ نوسیوەو تەنها نازناوەکەی بەکار هێناوە کەخودانی کوردانە. خۆشناو کە لەشوێنکەوتووەکانی شێخ ئەحمەد نەبوو، بە بەکارهێنانی وشەی خودان ویستویەتی گەورەیی شێخ نیشان بدا. جیاوازیی نێوان بەکارهێنانی نازناوەکە لەلایەن خۆشناوەوە و بەکارهێنانی لەلایەن بارزانییەکانەوە لەوە دایە کەخۆشناو وەك ناسیونالیستێکی لیبرال ڕوخسارێکی سیاسیی بەنازناوەکە بەخشیوەو بەمانای گەورەی کوردان یان ڕابەری کوردان بەکاری هێناوە، واتە لەو گۆشە نیگایەوە بۆ مەسەلەکە چوە کەکورد لەڕوی نەتەوەیی‌یەوە پێویستی بەڕابەرێکی سیاسییە، نەك ڕابەرێکی ئاینی.

نامەکەی خۆشناو کەمەسعود بارزانی بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٨٦دا بڵاوی کردەوە، سەرنجمان بەلای ئەوەدا ڕادەکێشێ کەخۆشناو تێیدا کۆیلێتیی خۆی بۆ شێخ ئەحمەد نمایش کردووە. دیارە لێرەدا مەبەست کۆیلێتیی ڕاستەقینە نیە بەڵکو مەبەست کۆیلێتیی سەرزارەکییە. ئەم چەشنە خۆ بچوك کردنەوەیە، هەمیشە لەئەدەبەوە سەرچاوە دەگرێ نەك لەسوکایەتی بەخۆ کردنەوە (بڕوانە: ساڵانی تاراوگە).

# بەشی پێنجەم
# ساڵە سەختەکان

## تەوەری یەکەم

# سالآنی تاراوگە

لەگەڵ هەڵایسانی جەنگی یەکەمی جیهاندا قۆناغی گۆڕان دەستی پێ کرد. دەرچونی تورکە عوسمانییەکان لەویلایەتی موسل لەساڵی ١٩١٨دا روداوێکی لاوەکی نەبو. ئەم دەرچونە کەدواتر بوو بەدەرچونێکی یەکجارەکی، سەرەتای دەستپێکی قۆناغێکی تازە بوو لەژیانی گشتیی کورددا. ئەگەرچی لەماوەی دە ساڵی پێش دەرچونی عوسمانییەکان، پەیوەندیی نێوان عوسمانییەکانو بارزانییەکان گرژیی تێکەوتبوو و لەساڵی ١٩١٤دا گرژییەکە گەیشتبوە ئەوەگ، کاتێك والیی عوسمانیی موسل سلێمان نەزیف شێخ عەبدولسەلامی دووەمی لەسێدارە دا، بەڵام هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە کەبارزانییەکان بەدەرچونی پڕ شەرمەزاریی عوسمانییەکان لەموسل خۆیان بە بەختەوەر زانی بێ. دیارە ئەمەش هۆی خۆی هەیە.

ئەم قۆناغە لەژیانی بارزانییەکاندا بەقۆناغێکی دژوار دادەندرێ. دەرچونی عوسمانییەکان لەموسل تەنها دەرچونی هێزێکی بیانی نەبو، بەڵکو لەناوەڕۆکدا سەرەتای قۆناغێك بوو کەتێیدا تێکڕای ناوچەکە بەزەبری زۆردارەکی بەرەو جیهانێکی ترو پەیوەندییەکی ترو شارستانێتییەکی تر راپێچ کرا. ئەمە بۆ خێڵەکان مایەی دڵەڕاوکێ بوو چونکە خێڵەکان نەیاندەویست کتوپڕ شێوەی ژیانو گوزەرانی رۆتینیی خۆیان بگۆڕن.

دەرکەوتنی کتوپڕی بریتانییەکان لەنێو کورددا شتێکی نائاسایی بوو. لەکاتی جەنگدا کوردی باکور لەگەڵ عوسمانییەکاندا لەدژی روس جەنگاو کوردی باشور لەباشوری عیراقدا لەگەڵ عوسمانییەکاندا لەدژی بریتانییەکان جەنگا. ئەگەرچی کورد بەدرێژایی سەردەمانێکی دورو درێژ ملکەچی عوسمانییەکانو ئێرانییەکان

بون، بەڵام دەرکەوتنی بریتانییەکان سەری لێ شێواندن. بەدرێژایی‌ی چەندەها سەدە ملکەچکردنی ئارەزومەندانە بۆ دەسەڵاتی عوسمانییەکان لەنێو کورددا لەئارادا بوو. ئەم ملکەچکردنە ئارەزومەندانەیە پشت ئەستور بوو بەچەند فاکتەرێکی تۆکمەی وەك ئاین، راهاتن‌و ئاستی لێك نزیکی شارستانێتی. ئەم فاکتەرانەو هەروەها چەند فاکتەرێکی تر کەپەیوەندییان بەلاوازیی دام‌و دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە هەیە، ئەو دەرفەتەیان بۆ کورد هەڵخست کەستراکتۆری کۆمەڵایەتیی خۆیان بپارێزن‌و عوسمانییەکان بەهەڕەشە بۆ سەر ئەو ستراکتۆرە دانەنێن.

بریتانییەکان لەم روەوە جیاواز بون. ئەگەرچی عوسمانییەکان لەڕوی نژادو زمان‌و ئاستی کۆمەڵایەتییەوە جیاوازییان لەگەڵ کورددا هەبو، بەڵام بریتانییەکان بەلای کوردەوە لەهەمو رویەکەوە بێگانە بون. بریتانییەکان تەنها داگیرکەر نەبون. خاڵی گرنگی شایستەی تێڕامان ئەوەیە کەدەرکەوتنی بریتانییەکان بەپێچەوانەی دەرکەوتنی عوسمانی‌و ئێرانییەکانەوە، مایەی هەڕەشە بوو لەستراکتۆری کۆمەڵایەتی-ئابوریی کورد. عوسمانییەکان بەوەی کەنەبونە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ستراکتۆری کۆمەڵایەتی-ئابوریی کورد، توانییان جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ کورددا دابمەزرێنن کە بەشێوەیەکی گشتی ئەندازەیەکی گونجاوی لێك تێگەیشتنی تێدا بەدی دەکرێ. ئەمەش بۆ ماوەی سەدانساڵ شەرعیەتی پێ بەخشین‌و سەرەڕای جیاوازیی رونی نێوان کوردو عوسمانییەکان، وای لەکورد کرد عوسمانییەکان بەبێگانە دانەنێن. ئەمە ئەو دەرفەتەی بۆ کوردو عوسمانییەکان پێکهێنا کەبتوانن چوارچێوەیەکی گشتی بۆ پەیوەندییەکان دابنێن کەسەرەڕای هەندێ قۆناغی پڕ گرژی‌و لێك زویر بون، روخساری بەردەوامبون بەرۆشنی بەسەریدا زاڵ بوو.

بەلای کوردەوە شەرعییەتی بریتانییەکان شەرعیەتێکی لاواز بوو. مەسەلەکەش بەو جۆرە تەماشا نەکرا کەمەسەلەی نەمانی داگیرکەرێك‌و هاتنی داگیرکەرێکی ترە. بریتانییەکان مایەی هەڕەشە بون بۆ سەر تەواوی سیستمی کۆمەڵایەتی-ئابوریی کوردو لەم چوارچێوەیەدا هەوڵی خێڵەکان بۆ پاراستنی پاشخانی کەلتوریی خۆیان شەرعیەتێکی رەسەنی بەدەست هێنا. بردنی کورد بەرەو شارستانێتی روبەڕوی بەرەنگارییەکی سەخت بۆوە. مەسەلەکە وا خۆی نواند کەئەو دەرفەتەی بەهۆی دەرکەوتنی بریتانییەکانەوە بۆ چونی کورد بۆ ناو شارستانێتی

هاتۆتـەوە ئـاراوە، کەدەرفەتێکـە دەوروبـەری دوو هـەزار سـاڵێك دەبـێ بـۆ کـورد هەڵنەکەوتووە، لەسۆنگەی تیڕو تاوی پاشخانی کەلتورییەوە هیچ بایـەخێکی نیـە. لێرەدا ململانێکە دەکەوێتە نێوان ئەو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییە-ئابورییە دێرینـەی کەلێبڕاوانـە بەرپەرچـی هـەموو گـۆڕانێکی خێـراو کتـوپڕ دەداتـەوەو نێـوان ئـەو سـتراکتۆرە تازەیـەی کەهێشـتا کـورد لەسـەری رانـەهاتووە. هەڕەشـە لـەئابوریی کشتوکاڵیی کورد کەپشت ئەستور بوو بەئابوریی سروشتیو یەکە کۆمەڵایەتییـە- ئابوریيـە داخـراوو لێـك دابڕاوەکـان، بەشـێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی کـوردی بـەرەو بەرهەڵستی کردنی تێکهەڵکێش بون لەگەڵ پەیوەندییە تازەکاندا پاڵ پێوە نا.

بەرگریی کورد وەك بەرگرییەکی رەسەن وایە چـونکە رەوایـیەکـەی لـەوە دایـە کەبەتەنگ پاراستنی شێوە پەیوەندییە دێرینەکانەوەیە، سەرەڕای دواکەوتوییی ئـەو پەیوەندییانە. بەم پێودانگە، هۆی پەرە ئەسـتاندنی پەیوەندییـەکانی هێـز کـە لـەو قۆناغەدا بەسەر پەیوەندییەکانی کوردو بریتانیادا زاڵ بون، بـۆ بـەگومان کـەوتنی کورد لەپەیوەندییە تازە لەدەرەوە بەزۆر سەپێنراوەکە دەگەڕێتەوە.

توێژینەوەکانی کورد کاریگەریی ستراکتۆری کۆمەڵایەتی-ئابوریی کوردسـتان لەسەر بەگژداچونەوەی بریتانییەکان نیشان نادەن. زۆربـەی ئـەو توێژینەوانـە زۆرتـر رۆڵی فاکتەری نەتەوەیی لەڕوبەڕوبونەوەکەدا دەخەنـە بەرچـاو کەفاکتەرێکـە لـەڕوی مێژوییەوە زۆر پشتی پێ نابەسترێ چونکە ئەم فاکتـەرە لـەو سـەردەمەدا هێشـتا بەتـەواوی نەخـەملی بـوو. بەشـێوەیەکی گشـتی، بەرهەڵسـتی کردنـی بێگانـە لەسـۆنگەی گیـانی نەتـەوەییـەوە تـەنها لەسـلێمانی بەڕۆشـنی دەردەکـەوێو لەناوچەکانی تردا بەرهەڵستی لەگیانی نەتەوەییەوە سەرچـاوەی نـەگرتبوو بـەڵکو چەند فاکتـەرێکی دیکـەی لەپشـتەوە بـوو کەئامانجەکـەیان پاراسـتنی پەیوەندییـە دێرینە سەقامگیرو تۆکمەکان بوو.

نەتەوایەتی پەیوەندیی بەشارەوە هەیە نەك بـەلادێوە. ئـەم دیاردەیـە وەك بیرۆکـە یان وەك ئایدیۆلۆژیا بەهیچ چەشنێك دەرهاوێشتەی لادێ نیە. شـار باڵادەسـتییەك بـۆ نەتەوایـەتی دابـین دەکـا کـەلادێ لێـی رانـابینرێ بتـوانێ دابینـی بکـات. لەلێکۆڵینـەوەکانی کـورددا فاکتـەرە نەتـەوەییـەکان کراونەتـە هانـدەر بـۆ بەرپەرچدانەوەی بریتانییەکانو لەم رووەوە فاکتەرە سۆسیۆ- ئابورییەکان بەتەواویو

بەئەنقەست پشت گوێ خراون. مەبەست لەم کارە نیشاندانی گوڕو تەوژمی گیانی نەتەوەیی‌یە وەك هاندەرو بزوێنەری خێڵەکان بۆ تێکۆشان لەدژی بریتانییەکان.

لەژێر فشاری هەلومەرجی شکانی عوسمانییەکان لەجەنگ‌و دەرکەوتنی بەگوڕو کتوپڕو سەرسوڕهێنەرو ناچاوەڕوانکراوی بریتانییەکان، شێخ ئەحمەد هەر ئەوەندەی بەخۆ زانی کەناچارە ستراتیجێك بۆ پاراستنی ستراکتۆری کۆمەلایەتی-ئابوری‌و بەهاکانی ئاکاری پێشینان دابنێ. نەبەردی نێوان بەها هەرەشە لێکراوەکان‌و بەها تازە دەرکەوتووەکان لەنەبەردێکی تا ئەوپەڕی سەخت‌و دژوار دەچێ. لەو هەلومەرجەدا شێخ ئەحمەد کەوتە پشت بەستن بەپارێزگەرایی(Conservatism). لەڕەوشێکدا کەزیاتر ڕەنج بۆ سەقامگیرکردنی پارێزگەرایی دەدرێ، دەبێ هەر ئارەزویەك بۆ بەدیهێنانی گۆڕانی خێرا بەرپەرچ بدرێتەوە. ئەم قۆناغە گرژییەکی زۆری لەگەڵ بریتانییەکاندا بەخۆوە دیوە. تێکەڵبونی فاکتەری زینۆفۆبیا (ترس لەبێگانە) بەفاکتەری ئاینی کەبریتانییەکان بەپێودانگی ئاین پۆلین دەکاو دەیانخاتە چوارچێوەیەکەوە کەتێیدا پاکیزەیی‌ی ئاینییان لێ دادەماڵێ، لەسالانی بیستەکان‌و سییەکانی سەدەی بیستەمدا بزوتنەوەی بارزانیی کردە بزوتنەوەیەکی خاوەن بەهای دژ بەشارو دژ بەمۆدێرنێتە. بەجۆرە، بزوتنەوەیەك کە لەو قۆناغەدا لەبەردەمماندایە بزوتنەوەیەکە دژ بەهەمو بەهاکانی شار. لەکاتێکدا بەها کشتوکاڵییەکان گوزارشت لەڕەسەنایەتی دەکەن، بەها شارییەکان گوزارشت لەتازەگەریی تێکەڵ بە بەها هاوردەکان دەکەن‌و بەردەوامبونی بەها کشتوکاڵییەکان بەگونجاو نازانن.

هۆکانی ناکۆکیی نێوان خێڵەکان‌و بریتانییەکان بۆ چەردەیەك فاکتەری بابەتی دەگەڕێنەوە ئەو هەستە گشتییە بەسەریاندا زاڵە کەبریتانییەکان مایەی گەف‌و هەڕەشەن بۆ سەر ژیانی ڕۆتینیی ئۆرۆستۆکراسیی خێڵەکی‌و ستراکتۆرە کۆمەلایەتییە-ئابورییە لۆکالە ڕەسەنەکان. نوسینە ناسیۆنالیستییە کوردییەکان وای نیشان دەدەن کەتەواوی گرژییەکانی نێوان خێڵەکان‌و بریتانییەکان ڕەنگدانەوەی گیانی خرۆشاوو بەکەف‌و کوڵی نەتەوایەتین. بەلام ئەو نوسینانە ئەوەمان بۆ ڕون ناکەنەوە کەبۆچی بزوتنەوەی خێڵەکان هیچ داوایەکی سیاسیی نەبوە، لەکاتێکدا نەتەوایەتی بەهیچ شێوەیەك لەسیاسەت جیا ناکرێتەوەو لەم

چوارچێوەیەدا تەنها هەڵسوڕانی سیاسییە کەلێی رادەبینرێ بتوانێ پێودانگە نەتەوەیی‌یەکان بخاتە نێو چوارچێوەیەکی بابەتییەوە.

ئەگەرچی دوژمنایەتییەکی سەخت لەنێوان شێخ ئەحمەد بارزانیو فارس ئاغای زێباریدا هەبو، بەڵام هەڕەشەو گەفی بریتانیا هەردوکیانی لێك نزیك کردەوە. بەپێی سەرچاوە بریتانییەکان، ململانێی نێوان ئەم دوو کەسە بەناوبژیوانیی تورکیا رەوییەوە[1]. ئەمە ئەوە نیشان دەدا کەسەرکردە خێڵەکییەکانی کورد، تەنانەت پاش دەرچونی تورکەکانیش لەموسل، تا ئەندازەیەکی زۆر پابەندی ئامۆژگارییەکانی ئەو لایەنە بون کە بەهەڕەشەیان بۆ سەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییە-ئابورییەکانی خۆیان نەدەزانی. بەپێی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی، شێخ ئەحمەد لەساڵی ١٩١٩دا پەیوەندیی بەلێپرسراوە عوسمانییەکانی شیرناخەوە کردوەو گوزارشتی ئەوەی بۆ کردون کەهێشتا باوەڕی بەدەوڵەتی عوسمانی هەیەو داوای چەکیشی بۆ شەڕی بریتانیا لێ کردون[2].

هاوپەیمانیی کاتیی بارزانییەکانو زێبارییەکان مانایەکی گەورەی هەیە. دوا بەدوای تێکچونی پەیوەندیی نێوان بریتانییەکانو دوو لەسەرکردەکانی خێڵی زێبار کەفارس ئاغاو بابکر ئاغان، هەردو سەرکردە پەیوەندییان بەشێخ ئەحمەد بارزانییەوە کردو داوایان لێ کرد هێزیان بۆ بنێرێ. شێخیش براکەی بەسەردەستەیی‌ی بیست پیاوەوە بۆ ناردن. بەپێی مس گێر ترود بێل، بارزانییەکانو زێبارییەکان هێزێکی سەد کەسییان پێکهێناو بۆسەیان بۆ دوو ئەفسەری بریتانی نایەوە کەچوار پاسەوان یاوەریان بوو، یەکێکیان ئاشوری بوو و سێ پاسەوانەکەی تر کورد بون. لەسۆنگەی زۆریی ژمارەی هێزە کوردەکەوە، دەتوانرا بەئاسانی دوو ئەفسەرەکەو چوار پاسەوانەکە بگیرێن کەچی کوردەکان گروپەکەیان دایە بەر گوللە، دوو ئەفسەرەکەو دوو پاسەوانیان کوشتو پاشان هێرشیان کردە سەر ئاکرێو تالانیان کرد. دوای ئەوەی کەپەراوێزی ئاسایش بۆ بریتانییەکان بچوك

---

[1] المس غير ترود بيل، فصول من تاريخ العراق القريب، ترجمة جعفر الخياط، مطبعة دار الكتب، بيروت، ١٩٧١، ص ٢٢٦.

[2] الموصل وكركوك في الوثائق العثمانية، ترجمة الدكتور خليل علي مراد، مؤسسة زين لاحياء التراث الوثائقي والصحفي الكردي، السليمانية، ٢٠٠٥، ص ١٨٥.

بۆوە، بریتانییەکان خانووەکانی شێخانی بارزان‌و ئاغاکانی زێباریان سوتاند. لەم ململانێیەدا بارزانییەکان رۆڵێکی گەورەیان نەبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە تێوە گلابون کەشێخ ئەحمەد ناچار بوو خۆی‌و براکەی راکەن‌و لەگەڵ فارس ئاغاو بابەکر ئاغا روو بکەنە شاخ. ئەم روداوە بریتانییەکانی بردە سەر ئەو باوەڕەی کەناوچەکە بەزەبروزەنگ بەڕێوە ناچی‌و لەکۆتاییدا بەباشیان زانی هێزەکانیان لەڕەواندزەوە بۆ باتاس بگوێزنەوە[٣]. بەم هۆیەوە، بارزانییەکان‌و زێبارییەکان دەرفەتێکیان بۆ پاراستنی ژیانی تایبەتی خۆیان چنگ کەوت.

شێخ ئەحمەد لەو روانگەیەوە کەنوێنەرو رابەری گروپێکی پارێزگارە، وای دەبینی کەلێپرسراوەتیی پاراستنی ئەو بەهایانەی لەئەستۆدایە کەپێشینان هەوڵی سەقامگیرکردنیان داوە. ئەو بەپێچەوانەی زۆر رابەری ئایینی‌و خێڵەکییەوە کەپێیان وابو هەلومەرجەکە پێویست بەوە دەکا کەخۆیان لەگەڵیدا بگونجێنن، نەیدەتوانی دان بەخۆیدا بگری‌و بەگومانەوە نەڕوانێتە بەهاکانی جیهانی پاش جەنگی یەکەمی جیهان. لەم روەوە کە شێخ پەیوەندیی گەرم‌و گوڕی لەگەڵ شوێنکەوتووەکانیدا هەبو، دژوارییەکی زۆری بۆ پاساودانی هەڵسوڕانی خۆی لەبەردەمدا نەبوو.

ئاشکرایە کەئەزمونی شێخ ئەحمەد لەدژایەتی کردنی دەوڵەتدا ئەزمونێکی دەوڵەمەند نەبوو. دواتر، پەلەپەلکردنی بەو ئاکامەی گەیاند کەرەوشەکە ئاڵۆز بێ چونکە دان بەخۆدا نەگرتنی وایکرد لەگەڵ بریتانییەکاندا، کەئەمجارە عیراقییەکانیشیان لەگەڵدا بوو، توشی پێکدادان بێ. هۆی پێکدادانەکە پەیوەندیی بەهەندێ واتەوات‌و دەنگۆوە هەبو کەگوایە بریتانییەکان بەنیازن هەندێ گروپی ئاشورییەکان لەهەردو ناوچەی برادۆست‌و رەواندز نیشتەجێ بکەن.

ئەو ئاشورییانەی کە لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهاندا ناوچەی تیاریی باشوری رۆژهەڵاتی تورکیایان بەجێ هێشتبوو و هاتبون بۆ عیراق، لەناو هێزەکانی لیڤیدا خۆیان رێکخستبوو و بۆ چەپاندنی کورد، ببون بەداردەست‌و پشتیوانی بریتانییەکان. هاندەریان، بەدەستهێنانی نیشتمانێکی نەتەوەیی بوو لەعیراقدا، بەڵام جوگرافیاو هۆکارە جیۆپۆلەتیکییەکان‌و سیاسەتی نێودەوڵەتان لەم روەوە

[٣] المس غير ترود بيل، فصول من تاريخ العراق القريب، المصدر السابق، ص ٢٢٦-٢٢٧.

بەربەست بون. لەساڵی ١٩٢٦ بەدواوە، بریتانییەکانو عیراقییەکان چەند نەخشەیەکیان بۆ نیشتەجێ کردنی ئاشورییەکان لەبرادۆست دانا[٤]. خێڵە کوردەکان بەدەنگ ئەم نەخشانەوە نەچونو وایان دانا کەنیشتەجێ کردنی گروپی بێگانە لەناوچەکانیاندا مایەی بەگومان کەوتنە لەنیازو مەرامی بریتانییەکانو عیراقییەکان. هەر چۆنێك بێ، ئاشورییەکان ناوبانگێکی وایان نەبو کە لەلای خێڵەکان پێی خۆشەویست بنو زۆرترینی بەو چاوە تەماشا دەکران کەدەسکەلاو نۆکەری بریتانییەکانن بۆ دەستەمۆکردنی کورد. هەڵەی گەورەی بریتانییەکانو عیراقییەکان لەم بوارەدا ئەوە بوو کەدەیانویست نەخشەکانیان سەبارەت بەنیشتەجێ کردنی ئاشورییەکان بەزەبری زۆردارەکی جێبەجێ بکەنو بەپێویستیان نەدەزانی لەم بارەیەوە پەیوەندی بەخێڵەکانەوە بکەنو مەسەلەکەیان تێ بگەیەنن.

ئەوەی کەقەیرانەکەی گەورەتر کرد، باوەڕی خێڵەکان بوو بەوەی کەبریتانییەکانو عیراقییەکان تەنها بەنیشتەجێ کردنی ئاشورییەکان داناکەونو نیشتەجێ کردنەکە سەرەتای دەستپێکی دەرکردنیانە لەناوچەکە[٥]. ئەوەی کەئەم بۆچونەی لەلای شێخ ئەحمەد دروست کرد، ئەوە بوو کەزۆربەی ئەو ناوچانەی بۆ نیشتەجێ کردنی ئاشورییەکان دیاری کرابون، لەدەوروبەری ئەو دەڤەرە بون کەبارزانییەکانی لێ دەژیان. شێخ ئەحمەد بۆ دەربازبون لەوەی کە لەو کاتەدا بەکارەسات دادەنرا، داوای لەدو ئەفسەری کوردی موسڵ کرد کەجەماڵ عارفو خەلیل شەوقی بون، یاداشتێك بەناوی خێڵەکانەوە لەدژی پرۆسەی نیشتەجێ کردنی ئاشورییەکان بنوسن. ئەوەی کەپاشتر رویدا، کێشەکەی ئاڵۆزتر کرد چونکە کاربەدەستان لەڕەواندز خەلیل شەوقییان گرتو بۆ هەولێریان نارد. شێخ بەبیستنی ئەم هەواڵە هەڵچوو و هەڕەشەی کرد کەئەگەر لەماوەی ٢٤ سەعاتدا شەوقی ئازاد نەکرێ، لەحکومەت یاخی دەبێ. لەسۆنگەی هەڕەشەکەوە، دەوڵەت

[٤] العميد جي كيلبرت براون، قوات الليفي العراقية ١٩١٥-١٩٣٢، ترجمة الدكتور مؤيد ابراهيم الونداوي، مؤسسة زين، السليمانية، ٢٠٠٦، ص ١٩٨.

[٥] عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد، ئەتڵەس چاپ، تاران، ١٣٨٤ (٢٠٠٥)، ل ١٥٩.

شوقیی ئازاد کرد[٦]. بەپێی سەجادی، یاداشتەکە یاخود لانی کەم ناوەڕۆکەکەی، گەیشتبوە دەست کاربەدەستان لەبەغدا.

ئەم رووداوانە جێ پەنجەیان لەسەر پەیوەندیی نێوان بارزانییەکانو برادۆستییەکان بەجێ هێشت. بەلای بارزانییەکانەوە، شێخ رەشید لۆلانی برادۆست نهێنیی یاداشتەکەی ئاشکرا کردووەو خەبەری لەشەوقی داوە. ئەمەش، لەدیدی شێخ ئەحمەدەوە، هەڵسوکەوتێکە لەگەڵ بەهاکانی مەردایەتیو جوامێریدا وێك نایەتەوە، بۆیە لەم سۆنگەیەوە هێزی بردە سەر برادۆستو گوندەکانی سوتاند[٧].

لەئاکامی ئەو قەیرانەدا کەهۆکەی پرۆژەی نیشتەجێ کردنی ئاشورییەکان بوو، ناکۆکییەکانی نێوان هەردو شێخایەتیی بارزانو برادۆست پەرەیان سەند. بەهۆی ئەمەوە برادۆست کەوتە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدادا چونکە خۆی بەلایەنە لاوازەکەی ململانێکە دادەنا. ئەم رووداوانە بونە هۆی ئەوەی کەشێخ ئەحمەد لەناوچەکەدا بەدروستکەری گێچەڵو گەڕ بناسرێو لێپرسراوە عیراقیو بریتانییەکان بەئەستەمیان زانی بتوانن لەوە زیاتر دان بەخۆیاندا بگرن. لەم سۆنگەیەوە، بیرۆکەی پێویستیی کۆنترۆڵ کردنی بەر لەوەی کەگێچەڵی زۆرتر بنێتەوە، تا دەهات بەهێزتر دەبوو. بەدڵنیاییەوە ئەمەش کارێکی ئاسان نەبو.

لەم بوارەدا دووکەس چەردەیەك زانیاریی ترمان سەبارەت بەهۆکانی کێشەکە دەخەنە بەردەست. نوسەری کورد عەلادین سەجادی کەمێژوی بزوتنەوەی بارزانیی نوسیوەو سەرلەشکر گلبەرت براون کەدوایین فەرماندەی بریتانیی هێزەکانی لیڤی بوو بەر لەوەی ئەو هێزە بکرێ بەهێزێکی تەرخانکراو بۆ پاراستنی فڕۆکەخانەکانی عیراق، لەسەر ئەوە یەکدەنگن کەحکومەت داوای لەشێخ ئەحمەد کردبوو بزنانە بەپێی ژمارە بدا نەك سالآنە بڕێکی دیاریکراوی پارە بەگۆترە بدا، شێخیش بەنابەدڵی بەمە رازی ببو[٨]. ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە هیچ بەهایەکی نیە، بەلام

---

[٦] هەمان سەرچاوە، ل ١٥٩-١٦٠.

[٧] العميد جي كيلبرت براون، قوات الليفي العراقية ١٩١٥-١٩٣٢، المصدر السابق، ص ٢٠١.

[٨] عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد، سەرچاوەی پێشو، ل ١٥٣.

هەروەها بڕوانە: العميد جي كيلبرت براون، قوات الليفي العراقية ١٩١٥-١٩٣٢، المصدر السابق، ص ٢٠١.

گۆڕینی سستمی باج وەك سمبولی سەردەمێکی تازەی مێژوی لێ هاتبوو کەتێیدا باج بەگۆتره وەرنەدەگیرا. سەربار، بارزانییەکان بیرەوەریی تاڵیان لەم بوارەدا هەبوو. شێخ ئەحمەد ئەوەی لەیاد بوو کە لەساڵی ١٩١٣دا عوسمانییەکان بڕیاریان دابو سەرژمێریی ئاژەڵ بکەنو باج لەسەر بنەمای ژمارەی گاو گۆتاڵ بسەنن نەك بەگۆتره. هەر ئەم مەسەلەیەش بوو کەگێچەڵێکی زۆری بۆ شێخ عەبدولسەلامی دووەم دروست کرد.

بۆیە، شێخ ئەحمەد بۆ ئەوەی شێخایەتییەکەی توشی کارەساتێکی وەك هینی ساڵی ١٩١٣ی سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی دووەم نەبێ، بڕیاریدا بەرهەڵستیی سستمە تازەکەی باج نەکات. لەساڵی ١٩١٣دا شێخ عەبدولسەلام وای زانی سیستمە تازەکە سەرەتای سەپاندنی باجی ترە بەسەر خێڵەکاندا، بۆیە ناڕەزاییی دەربڕیو وتی ئەو بڕە باجەی کە دەوڵەت لێیان وەردەگرێ، زۆر لەوە زۆرترە کەدەبێ بیدەن[9]. لەسەرەنجامدا لێك تێنەگەیشتنەکە گەیشتە ئەوەگو دواتر عوسمانییەکان شێخ عەبدولسەلامی دووەمیان لەموسل لەسێدارە دا. لەو کاتەدا ئەم روداوانە تەنها دە ساڵێکیان بەسەردا تێپەڕی بوو. شێخ ئەحمەد بەشێوەیەکی زیرەکانە خۆی لەو چارەنوسە تراژیدیە رزگار کرد کەشێخی پێشو توشی ببو.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێخ ئەحمەد بەئەستەمی زانی بتوانێ چاوپۆشی لەدامەزراندنی بنکەی پۆلیس لەقەڵەمڕەوی شێخایەتییەکەی بکاو ئەمەی بەپێشێل کردنی سەرداریێتیی خۆی دانا. تێگەیشتنی ئەو بۆ سەرداریێتی لێنەدەگەڕا رازی بێ بەبونی سمبولی دەسەڵاتی گەورەتر لەدەسەڵاتی خۆی. ئەگەرچی ژمارەی پۆلیسی بارەگاکان، بەهیچ شێوەیەك لە دە پۆلیس زیاتر نەبوو، بەڵام شێخ نەیدەویست قەڵەمڕەوی شێخایەتییەکەی هیچ سمبولێکی دەوڵەتی تێدا بێ. بارزانییەکان لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە وا راهاتبون کەقەڵەمڕەوەکەیان هیچ ئاماژەیەکی بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت تێدا نەبێ. عوسمانییەکانیش بەنۆرەی خۆیان رێزی هەستی خێڵەکانیان دەگرتو لەم سۆنگەیەوە بارەگای پۆلیسیان لەناوچە

---

[9] الدكتور عبدالفتاح علي البوتاني، الحركة القومية الكردية التحررية دراسات ووثائق، دار سبيريز للطبع والنشر، دهوك، ٢٠٠٤، ص ٣١.

دوردەستەكان دانەدەمەزراندو ئەركی دیاریكردنی شێوەی رەفتارو ژیانی خێڵەكانیان بۆ خودی خێڵەكان دەهێشتەوە.

ئەوەی كەشێخ پەی پێ نەبردبوو ئەوەیە كەزەمان گۆڕاوەو ئەو دەوڵەتەی پاش نەمانی عوسمانییەكان لەناوچەكە دامەزراوە، ناتوانێ شوێن پێی رەفتارو مۆدێلە باوەكانی سەردەمی عوسمانییەكان هەڵگرێتەوە.

ساڵی ١٩٣١ شێخ ئەحمەد بەزنجیرەیەك هێرشی كتوپڕ بۆ سەر بارەگاكانی حكومەت هەڵمەتی دەربڕینی نارەزاییی خۆی دەست پێكرد، ژمارەیەك پۆلیسی بەدیل گرتو بەخێرایی دەستی لەهێزەكانی سوپا وەشاند. شێخ بەر لەوەی دەست بەهێرشەكانی بكا، بەرەیەكی نەیاری لەبەغدا بۆ خۆی دروست كردبوو و لای عیراقییەكانو بریتانییەكان وەك پیاوێكی سەرسەختو سەربەگێچەڵ ناوبانگی دەركردبوو. سەركەوتنە بەرایییەكانی شێخ ئەحمەد كە لەماوەی چەند رۆژێكدا بەدی هاتن، نیشانەی ئەوەن كەدەوڵەت پێشبینیی ئەوەی لێ نەكردووە رەوشەكە بئاڵۆزێنێ.

لەراستیشدا ئەو بزوتنەوەیەی كەشێخ ئەحمەد لەدژی دەوڵەت هەڵیگیرساند، بەر لەوەی كەدەست پێ بكا، چارەنوسی رون بوو. بەپێی هەڵسەنگاندنی رەوشەكە، پێناچێ بارزانییەكان گەرەنتیی پشتگیری كردنیان لەخێڵەكان وەرگرتبێ. ئەگەرچی داواكانیان بەهیچ شێوەیەك داوای سیاسی نەبونو شێخ ئەحمەدیش بانگهێشتی ئەوەی نەكردبوو كەڕابەرایەتیی شۆڕشێكی نەتەوەیی دەكا، بەڵام یاخیبونەكە بەغدای ساكاندو وای لێ كرد بچێتە سەر ئەو باوەڕەی كەئەگەر دەرفەت بدرێتە شێخ وەك هێزێكی لۆكال دەركەوێ، دەوڵەت سامی نامێنێو هەیبەت لەدەست دەدا. لەسۆنگەی ئەم نۆڕینەوە یاخیبونەكە بەوپەڕی دڕندایەتییەوە هەڵسوكەوتی لەگەڵ كرا. لەو كاتەدا هێزی ئاسمانیی بریتانیا رۆڵێكی زۆر كارای لەبۆردومانكردنی هێزەكانی شێخ ئەحمەددا گێڕاو ناچاری كردن پەنا بۆ چیاكان ببەن[10].

---

[10] العميد جي كيلبرت براون، قوات الليفي العراقية ١٩١٥-١٩٣٢، المصدر السابق، ص ٢٠١.

لێرەدا شێخ ئەحمەد هەستی کرد گیرۆدەی کێشەیەکی گەورە بووەو رۆژ بەڕۆژ بۆی رون بۆوە کەخێڵەکان بەهانایەوە ناچن‌و شوێنکەوتووەکانیشی لەسۆنگەی شکست‌و بەزینەوە خەریکن بێزار دەبن‌و ورە بەردەدەن. هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بەرێگەچارەیەکی گونجاو لەگەڵ عیراقییەکاندا هیچیان لێ سەوز نەبو. سەجادی هۆی ناکامیی هەوڵە ئاشتیخوازییەکانی دەباتەوە سەر ئەوەی کەبریتانییەکان عیراقییەکانیان هاندابوو تەنگاوتری بکەن چونکە دەیانویست پرۆژەی نیشتەجێ کردنی ئاشورییەکان جێبەجێ بکەن[11].

مەسەلەیەك کەهیچ گومان هەڵناگرێ ئەوەیە کەناکۆکییەکانی شێخ ئەحمەد هەم لەگەڵ بەغدادا هەم لەگەڵ بریتانییەکاندا ناکۆکیی سیاسی نەبون. پاش ئەوەی تینی بۆ هات‌و لەوە دڵنیا بوو کەچیتر ناتوانێ پێداویستییەکانی سەلامەتیی شوێنکەوتووەکانی دابین بکات، کەوتە خۆ بۆ رەواندنەوەی فاکتەرەکانی گرژی‌و ناتەبایی‌و دروستکردنەوەی متمانە لەگەڵ بەغدادا بەڵام بەغدا بەقەد ئەوەی کەپێویستە بەپیر هەوڵەکەیەوە نەچو. یەکێ لەگرنگترین هۆکانی نمایش کردنی هەڵسوڕانی شێخ ئەحمەد لەئەدەبی سیاسیدا وەك هەڵسوڕانێکی سیاسی ئەوەیە کەئەرشیفی فەرمیی شۆڕشی ئۆکتوبەری روسیاو نوسینە کۆمۆنیستییە روسییەکان بەگشتی مۆرکێکی سیاسییان بەرووداوەکان داوەو وەك بەشێك لەخەباتی سیاسیی کوردی عیراقیان نیشانداوە. بەلای روسەکانەوە، تێوەگلانی بریتانییەکان لەبەرپەرچدانەوەی هەڵسوڕانی شێخ ئەحمەددا بەسە بۆ ناسینی ئەو هەڵسوڕانە وەك هەڵسوڕانێکی پێشکەوتنخوازانە، تەنها لەبەر ئەوەی کەهەڵسوڕانەکە لەدژی ئیمپریالیزم بەرێوە چووە. دواتر، ناسیۆنالیستانی کورد ئەم بۆچونەیان قۆستەوەو لەناو مێژوی سیاسییان جێیەکیان بۆ ئەم قۆناغە کردەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی کەمێژوی سیاسی لەسەر بنەمای تێڕوانینی نارۆشن دانامەزرێ‌و رەوا نیە هەر ململانێیەك لەدژی دەوڵەت بخرێتە چوارچێوەی سیاسەتەوە.

---

[11] عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد، سەرچاوەی پێشو، ل ١٦١.

لەکۆتاییدا شێخ ئەحمەد سنوری دەسەڵاتی خۆی زانیو لەسۆنگەی پەرەسەندنی مەینەتیی شوێنکەوتووەکانییەوەو دوای بێئومێدبون و لەدەستدانی باوەڕ بەتوانای بەردەوامبونی بەرگری، بڕیاری خۆبەدەستەوەدانی دا. لەحوزەیرانی ١٩٣٢دا شێخو مەلا مستەفای برای بەخاوو خێزانەوە خۆیان رادەستی کاربەدەستانی تورك کرد بەڵام شێخ پێش خۆبەدەستەوەدانەکە بەدوو هەفتە گروپێکی چەکداری لەلایەنگرەکانی خۆی بەسەرکردایەتیی خەلیل خۆشەوی لەو گوندە بارزانی نشینانەی سەر سنور هێشتەوە کە بەپێی هێڵی بروکسل لەناو سنوری تورکیادا بون. سەرچاوە بارزانیو تورکییەکان وردەکارییەکی زۆرمان دەربارەی ژیانی بارزانییەکان لەتورکیا پێ نابەخشن بەڵام پێدەچێ ژیانەکە پڕ نەهامەتیو چەرمەسەری بووبێ.

شێخ ئەحمەد کەمتر لەساڵێك لەتورکیا مایەوەو پاشان کاربەدەستانی تورك رادەستی کاربەدەستانی عیراقیان کرد. شێوەی رادەستکردنی، وێنایەکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەشێخ ئەحمەد لەرێی تورکەکانەوە کۆنتاکتی لەگەڵ عیراقییەکاندا پەیدا کردبوو و بەشێوەیەکی لێبڕاوانە گوزارشتی لەوە کردبوو کەپێویستە چارەیەك بۆ گرژیی نێوان ئەوو بەغدا بدۆزرێتەوە. بەم واتایە، رادەستکردنی بەقەد ئەوەی کەگەڕانەوەیەکی ئارەزومەندانە بوو، بەمانای وشە رادەست کردن نەبو. دیارە ئەمەش یەکسەر ئەو پرسیارە دەوروژێنێ کەئاخۆ سەوداکەی نێوان شێخو عیراقییەکان لەسەر چی بوە. ماوەی نێوان ئازار یان نیسانی ١٩٣٣و نێوان ئاب کەتێیدا شێخ ئەحمەد لەموسل نیشتەجێ کراوە، لەژیانی شێخ ئەحمەددا ماوەیەکی تەمومژاوییە. کاربەدەستان لەو ماوەیەدا لێی خۆش بونو ئەوەیان بەچاودا نەدایەوە کە لەدەوڵەت یاخی بووە. جێگیرکردنی لەموسڵ بەبێ دادگایی کردن، بەو مانایە دێ کە بەر لەوەی خۆی رادەستی عیراق بکا، ئەوەی مسۆگەر کردبوو کەدەوڵەت لەخۆیو لەشوێنکەوتووەکانی خۆش دەبێ. ئەوەی کەزۆرتر تای تەرازوی ئەم بۆچونە قورستر دەکا ئەوەیە کەشێخ، وەك میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی لەیاداشتەکانیدا باسی کردووە، لەگەڵ تورکەکان باسی ئەوەی کردبوو کەئەگەر عیراقییەکان لێی

ببورن، ئامادەیە بگەڕێتەوە بۆ عێراق[١٢]. ئەوەی کە مەسعود بارزانی لەساڵی ١٩٨٦دا دەربارەی تێکۆشانی مەلا مستەفای باوکی نوسیویێتی، وردەکارییەکی رۆشنی لەم بارەیەوە تێدا نیە. بەڵام ئاماژەیەکی نارۆشنی بۆ ئەوە تێدایە کەشێخ لەموسلەوە داوای لەچەکدارە پەرش‌و بڵاوەکانی کردبوو واز لەیاخیبون بێنن. دەقی ناوبراو ئەوەی لێ هەڵدەکرێندرێ کەشێخ ئەحمەد بەڵێنی لێبوردنی لەدەوڵەت بۆ شوێنکەوتووەکانی وەرگرتبو. بەڵگەش ئەوەیە کەلێبوردنەکە تەنها خەلیل خۆشەویی نەگرتەوە چونکە پۆلیسێکی کوشتبو[١٣].

بەر لەوەی کاربەدەستانی عیراق رێگەی بدەن بۆ بارزان بگەڕێتەوە، شێخ ئەحمەد لانی کەم پێنج مانگ لەموسل مایەوە. ئەم گەڕانەوەیە بەشێك بوو لەو سەودایەی کەتێیدا دەوڵەت بەڵێنی دابو لێبوردنی گشتی بۆ خۆی‌و شوێنکەوتووە یاخیبووەکانی دەر بکات‌و خۆیشی بەڵێنی دابو چەکدارەکانی کۆنترۆڵ بکا، شەڕ بەدەوڵەت نەفرۆشێ‌و گێچەڵ بۆ بارەگاکانی پۆلیس‌و بەڕێوەبردنی مەدەنیی قەڵەمڕەوی شێخایەتییەکەی دروست نەکات. لەبەرەنجامی کۆتاییدا دەتوانین بەم چەشنە تەماشای سەوداکە بکەین کەیەکەم رێککەوتنە لەمێژوی شێخایەتییەکەدا کەشێخ تێیدا بونی کاربەدەستانی دەوڵەت لەقەڵەمڕەوی شێخایەتییەکەی پەسەند بکات.

بەڵام زۆری نەبرد ئاشتییەکە هەرەسی هێنا چونکە دەوڵەت شێخ ئەحمەدو براکانی‌و هەندێ لەکەسوکاری بۆ موسل دورخستەوە. هیچ وردەکارییەك دەربارەی ئەم گۆڕانە کتوپڕە نیە. دورخستنەوە زۆردارەکی‌و چاوەڕواننەکراوەکە نیشانی دەدا کەمەرجەکانی ئاشتی لەسۆنگەی چەردەیەك هۆوە کەپەیوەندییان بەهەردو لاوە هەیە، نەهاتونەتە دی. بەغدا، تەنانەت پاش دەرکردنی لێبوردنیش باوەڕی بەوە نەبو کە بارزانییەکان وازیان لەشەڕفرۆشتن هێناوە. بارزانییەکانیش لەو بڕوایەدا بون کەگوشاری دەوڵەت بۆ چەکداماڵینیان ئاسودەییان تێکدەداو بەبێ چەك

[١٢] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، بەسەرهاتی سیاسیی کورد لە١٩١٤ـەوە بۆ ١٩٥٨، بەشی دووەم، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٣٢.

[١٣] مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية ١٩٣١-١٩٣٢، منشورات الحزب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٨٦، ص ٤٨.

لەگیانیان دڵنیا نابن‌و دەکەونە ژێر هەڕەشەی خێڵە نەیارەکانەوە. لێرەوە قۆناغی تاراوگە لەژیانی شێخ ئەحمەددا دەستی پێکرد. سەرچاوە بارزانییەکان زانیاریی گرنگ دەربارەی قۆناغی موسڵ کەدەوروبەری سێ ساڵی خایاند دەستەبەر ناکەن. لەم قۆناغەدا عیراقییەکان بەئەندازەیەك هەژمونی خۆیان بەسەر خێڵەکاندا سەپاند کەخەلیل خۆشەویی راکردوی داواکراو چیتر دڵنیا نەبو کەدەتوانێ خۆی بشارێتەوەو لەم سۆنگەیەوە هەوڵیدا خۆی بگەیەنێتە سوریا بەڵام نەیتوانی[14]. واوەتر لەمە، کاربەدەستانی عیراق لەساڵی ۱۹۳۵دا توانییان هەڕەشەی خۆشەوی نەهێڵن‌و بیکوژن. لەکۆتاییی ساڵی ۱۹۳٦دا عیراقییەکان شێخ ئەحمەدو کەسوکارەکەیان بۆ بەغدا گواستەوە. هۆی ئەم گواستنەوەیە هێشتا دیار نیە. لەوێ شێخ ئەحمەد چاوی بەشێخ مەحمود کەوت کەشەڕێکی بێ ئەنجامی لەگەڵ عیراقییەکان‌و بریتانییەکاندا کردبوو و لەکۆتاییدا لەساڵی ۱۹۳۱دا خۆی بەدەستەوە دابو. دوا بەدوای ئەمە، کاربەدەستان شێخ ئەحمەدو کەسوکارەکەیان بۆ ناسریە لەباشوری شیعەنشین دورخستەوەو دواتر، لەساڵی ۱۹۳۹دا لەئاڵتون کۆپریی نێوان هەولێرو کەرکوك‌و لەکفری نیشتەجێیان کردن‌و دواتریش هەمویان بۆ سلێمانی گواستەوە.

قۆناغی سلێمانی سەرەتای دەستپێکی ئاشنایەتیی بارزانییەکانە لەگەڵ بزوتنەوەی سیاسیدا بەڵام ئەمە شێخ ئەحمەد ناگرێتەوە کەهیچ دەستی لەسیاسەت وەرنەداوە. خاڵێکی تری شایستەی بایەخ پێدان ئەوەیە کەقۆناغی سلێمانی رۆڵێکی کارای لەفۆرمۆلەبەندی کردنی هۆشیاریی نەتەوەییی بارزانییەکاندا گێڕاوە. لەو سۆنگەیەشەوە کەهیچ بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی بەبێ داخوازیی سیاسی نابێ، ئاوێتەبونی بزوتنەوەی نەتەوەیی لەگەڵ پێداویستییەکانی سیاسەتدا وەك شتێکی تەواو سازو گونجاو دێتە بەرچاو. بەڵام ئەوەی کە لەهەمو ئەمانە گرنگترە ئەوەیە کەمەرجە پێویستەکانی دەرکەوتنی سەرکردایەتییەکی سیاسی بەتەنیشت سەرکردایەتییە روحانییەکەی بارزانییەکانەوە، لەو قۆناغەدا سەری دەرهێنا. هۆی ئەوەی کەشێخ ئەحمەد توانیویەتی تەواوی دەسەڵاتی روحانیی خۆی بپارێزێ، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەهیچ یەکێ لەشوێنکەوتووەکانی لەخۆی رانەبینیوە بتوانێ شان

---

[14] هەمان سەرچاوە، ل ٥٢.

لەشانی بدا. خودی خۆیشی هیچ مەیلێکی بەلای دەسەڵاتی سیاسیدا نەبوە بەڵام براکەی، واتە مەلا مستەفا، بەرەنجو توانای خۆی توانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆی بەدەست بێنێ.

مەلا مستەفا لەخوێندنی زانستی ئاین لەمزگەوتی شێخ سەلام لەسلێمانی بێزار ببوو و رقی لەژیانی قێزەونی ئاوارەیی هەڵسا بوو. بەپێی هەندێ لەپەرەگرافە گرنگەکانی یاداشتەکانی میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، دەردەکەوێ کەمەنگوڕی ئەوەی بۆ مەلا مستەفا دەربڕی بوو کەئامادەیە، ئەگەر بیەوێ، یارمەتیی بدا بۆ راکردن لەسلێمانی بەڵام دیارە لەو کاتەدا ئەم بیرۆکەیە هێشتا لەمێشکی مەلا مستەفادا نەخەملی بوو. مەنگوڕی کەئەندامی کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی نهێنی بوو بەناوی برایەتییەوە، دەڵێ هاوڕێکانی داوایان لێ کردبوو بچێ بۆ لای مستەفاو داوای لێ بکا ببێ بەسەرۆکی گروپەکەیانو لەم سەروبەندەدا ئەوەی بۆ رون کردبۆوە کەدەتوانێ بۆ ناوچەی بارزانی دەرباز بکا. بەگوتەی مەنگوڕی، مەلا مستەفا کە تا ئەو کاتە ئاشنای بواری سیاسەت نەبو، رازی نەبو ببێتە سەرۆکی گروپەکەو نەشیویست لەدەوڵەت یاخی ببێ[15].

بەڵام دواتر بیرۆکەی راکردن لەتاراوگە لەکەللەی مەلا مستەفای داو زۆری پێ نەچوو خۆیو دوو کەسی تر، بەیارمەتیی کەسایەتییە ناسیۆنالیستە لیبرالە ناسراوەکەی سلێمانی، شێخ لەتیف بەرزنجی، بۆ ئێران رایکرد[16]. سەبارەت بەئامانجی راکردنەکە، سەرچاوە بارزانییەکان هیچ نالێن. لەم بارەیەشەوە ئەستەمە شێخ ئەحمەد مەلا مستەفای هاندا بێ سەرکردایەتیی یاخیبونێکی چەکدار لەدژی دەوڵەت بکا بۆ ئەوەی بەم یاخیبونە دەوڵەت ناچار بکا دورخراوەکان بۆ بارزان بگێڕێتەوە چونکە شێخ ئەحمەد نەیدەویست ئومێد لەسەر یاخیبونێك هەڵچنێ کە هیچ شتێك گەرەنتیی بەدی هاتنی ئامانجەکانی نەدەکرد. لەم بارەیەوە گەواهییەکی

---

[15] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، بەشێك لەیادەوەرییەکانم (١٩١٠-١٩٨٨)، گۆڤاری رۆڤار، ژمارە ٤١، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٦.

[16] ئاکۆ عەبدولکەریم مەحمود شوانی، شاری سلێمانی (١٩٣٢-١٩٤٥)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسی (تێزی دکتۆرا)، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٦.

بێلایەن هەیە پشتیوانی لەم بۆچونە دەکا. ساڵی ١٩٤٣، چەند رۆژێك پاش راکردنی مەلا مستەفا، مەعروف جیاووك کەساڵی دواتر دەبێ بەپارێزگاری سلێمانی، سەردانی ماڵی شێخ ئەحمەدی کردو لەوێ شێخ پێی راگەیاند کەئەو بەهیچ شێوەیەك ئاگای لەراکردنی مەلا مستەفا نەبوە[17].

دەکرێ لەم بارەیەوە پشت بەرِوداوێك ببەستین کەلێی رادەبینرێ بتوانێ بەشێکی تەمومژەکە برەوێنێتەوە. مەسعود بارزانی لەمەلا مستەفای بیستووە کەئینگلیزەکان داوایان لێ کردبوو لەهەولێر پەیوەندی بەئەفسەرە کوردەکانەوە بکاو روو بکاتە بارزان‌و لەوێوە یاخیبونێکی چەکدار لەدژی سەرەك وەزیرانی عیراق رەشید عالی گەیلانی بەرپا بکا[18]. لەو سۆنگەیەشەوە کەئەم رووداوە ناوی گەیلانیی تێدا هاتووە، کەواتە گومانی تێدا نیە کەبۆ ساڵی ١٩٤٠ دەگەرِێتەوە چونکە لەو کاتەدا ئینگلیزەکان، وەك چۆن لەمیسر عەلی ماهریان لەسەرۆکایەتیی وەزیران خستبو، دەیانویست گەیلانیش لەسەرۆکایەتیی وەزیران بخەن چونکە زانیارییان پێ گەیشتبو کەگەیلانی ژێر بەژێر پەیوەندیی لەگەڵ هەر یەك لەئەڵمانیاو ئیتالیا دروست کردوە. ئەوەی کەزیاتر بریتانیای لەگەیلانی خانەگومانتر کرد سوربونی گەیلانی بوو لەسەر نەپچرِاندنی پەیوەندی لەگەڵ ئیتالیاو واتەواتی واش هەبوو کەگوایە گەیلانی بەنیازە پەیوەندیی عیراق لەگەڵ ئەڵمانیا بگێرِێتەوە[19]. لەو کاتەدا، بەپشت بەستن بەمەسعود بارزانی، مەلا مستەفا وتبوی بریاردان لەسەر شتێکی وا لەدەسەڵاتی ئەودا نیەو دەبێ راوێژ بەشێخ ئەحمەدی برای بکا. شێخ ئەحمەدیش رازی نەببو. بەڵام سەرچاوەکانی بریتانیاو عیراق هیچ شتێك لەم بارەیەوە ناڵێن. لەبەرامبەردا هەمزە عەبدوڵڵا چیرۆکێکی جیاواز دەگێرِێتەوە، جێگۆرِکێ بەلایەنەکان دەکاو لەچیرۆکەکەی ئەودا رەشید عالی گەیلانی، نەك ئینگلیز، داوای یاخیبون لەمەلا مستەفا دەکا. بەپێی

---

[17] معروف جياووك، مأساة بارزان المظلومة، الطبعة الثانية، دار آراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠١، ص ١١٧.
[18] مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية ١٩٣١-١٩٣٢، المصدر السابق، ص ٥٤.
[19] رغيد الصلح، حربا بريطانيا والعراق ١٩٤١-١٩٩١، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، ١٩٩٤، ص ١٦٧.

چیرۆکەکەی هەمزە، گەیلانی لەڕێی ماجد مستەفاوە داوای لەمەلا مستەفا کردوە لەدژی ئینگلیزەکان راپەڕێ، بەڵام مەلا مستەفا نەیویستوە لەگەرمەی جەنگی دووەمی جیهاندا لەدژی بەرەی هاوپەیمانەکان راپەڕێ[٢٠]. هەمزە بۆ سەلماندنی چیرۆکەکەی هیچ وردەکاریو بەڵگەیەك پێشکەش ناکاو هیچ سەرچاوەیەکی تریش نەچۆتە سەر ئەم باسە.

گومان لەوەدا نیە کەبارزانییەکان ژیانی کولەمەرگییان لەسلیمانی بەسەر بردوە. لەنامەکەیدا بۆ کاربەدەستانی عیراق، مەلا مستەفا وا پاساوی بۆ راکردنی هێنایەوە کەژیانو گوزەرانی لەسلێمانیدا زۆر ناخۆش بوو و ئومێدەوارە بەغدا مۆڵەتی بدا لەبارزان بژی[٢١]. لەڕاستیدا مەلا مستەفا زۆر لەژیانی سلێمانی بێزار ببو. ئەم بێزاربونە بۆ کەسێك کەراهاتبێ وەك باڵندە بەئازادی لەچیادا بژی، شتێکی زۆر ئاسایییە. ئەمەش یەکەم جاری نەبو لەتاراوگە بێزار بێ. لەمەوبەر، لەساڵی ١٩٣٢دا، کاتێك خۆیو براکانی لەتورکیا پەنابەر بون، ئۆقرەی لێ هەڵگیرا. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە کەدەکرێ مانایەکی تایبەتی لێ هەڵبکرێندرێ. لەساڵی ١٩٣٢دا تورکەکان شێخ ئەحمەدیان بۆ ئەنکەرە گواستبۆوەو مەلا مستەفاشیان بۆ ئەرزنجان دور خستبۆوە. لەوێ مەلا مستەفا بێزارییەکی بێ سنور دایگرتو کتوپڕ ئەرزنجانی بەجێ هێشتو خۆی گەیاندە ناو خێڵی گەردی لەسەر سنوری عیراق-تورکیا[٢٢].

بەر لەوەی مەلا مستەفا لەدژی دەوڵەت جموجۆڵ بکا، بیستی وەسیی عیراق عەبدولئیلاه لەهاوینە هەواری مێرگەمێر لەباشوری کێلەشین میوانی یەکێ لەزەویدارە دەرەبەگەکانە. ئیدی ویستی ئەم هەلە بقۆزێتەوەو بیڕفێنێ. زۆرتر بیر بۆ ئەوە دەچێ کەمەلا مستەفا ویستویەتی گەورەترین لێپرسراوی دەوڵەت لەعیراقدا

---

[٢٠] هەمزە عەبدوڵڵا، شۆڕشی بارزان، بڵاوکراوەکانی نامەخانەی خەبات، وەرگێڕانی موحەڕڕەم محەمەد ئەمین، سلێمانی، ١٩٥٩، ل ٢٠.

[٢١] حسن مصطفى، البارزانيون وحركات بارزان ١٩٣٢-١٩٤٧، الطبعة الثانية، دار آفاق عربية للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٣، ص ٥٧.

[٢٢] مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية ١٩٣١-١٩٣٢، المصدر السابق، ص ٤٦-٤٧.

برفێنێ تاکو لەدواییدا بەشێخ ئەحمەدی بگۆڕێتـەوە. کتێبەکـەی مەسـعود بـارزانی ئاماژەیـەکی ناڕاسـتەوخۆی لـەم بارەیـەوە تێدایـە. بـارزانی دەڵـێ مـەلا مسـتەفا ویستویەتی وەسی برفێنێ "بۆ ئـەوەی ئەرکەکـەی خـۆی لـەکورتی ببڕێتـەوەو بـەبێ ماندوبون زۆرترین مەرجی سەرکەوتن مسۆگەر بکات"[٢٣].

لـەو قۆناغـەدا مـەلا مسـتەفا نەیدەویسـت لـەڕێی گلدانـەوەی وەسـییەوە دەسـتکەوتی سیاسـی لەبەغـدا بەدەسـت بێنـێ چـونکە ناشـێ گلدانـەوەی وەسـی دەستکەوتی سیاسیی لێ بکەوێتەوە، لەکاتێکدا گلدانەوەی بەمەبەستی گۆڕینـەوەی بەشێخ ئەحمەد شیاوترو گونجاوتر دێتە بەرچاو. ئاماژەی مەسعود بارزانی بۆ هەوڵی مەلا مسـتەفا بـۆ بـەدیهێنانی ئامانجەکـەی "بـەبێ مانـدوبون" ئاماژەیـەکی فـرە گرنگە چونکە لەسیاسـەتدا ئامـانج بـەبێ مانـدوبون بەدەسـت نایـە. ئەمـە وامـان لێدەکا بچینە سەر ئـەو بـاوەڕەی کەمـەلا مسـتەفا هـەر لەسـەرەتاوە، یـاخود پـاش ئـەوەی کەگەیشـتە ئێـران، ئامـانجی خـۆی دیـاری کردبـوو و بەهـەر نرخێـك بـێ دەیویست شێخ ئەحمەدو هەڤاڵەکانی لەنەهامەتیی ژیانی دەربەدەری رزگار بکـات. لەڕاستیشدا، مەسعود بارزانی لەکتێبەکەیدا دەستەواژەیەکی زۆر ورد بۆ گوزارشت کـردن لـەتێڕوانینی مـەلا مسـتەفا بـۆ شـێوەی چارەسـەرکردنی نـاکۆکیی لەگـەڵ دەوڵەتدا بەکار دێنێ‌و لەم بارەیەوە باس لـەوە دەکـا کەمـەلا مسـتەفا ویسـتویەتی ئەرکەکەی خۆی "لەکورتی ببڕێتـەوە"و لـەبری ئـەوەی کەشـەڕ بـەپۆلیس بفرۆشـێ‌و یـاخیبونێکی چـەکدار هەڵایسـێنێ، کـەدیارە ئەمـە کـارێکی پـڕ مەترسـی‌و نامسۆگەرە، بیری لەڕفاندنی وەسی کردەوە تاکو چـۆك بەحکومـەت داداو ناچـاری بکا شێخ ئەحمەد ئازاد بکات. بەڵام ئەوەی کە مەلا مستەفا دەیویست نەهاتە دی.

هەر چـۆنێك بـێ، مـەلا مسـتەفا گەیشـتە بـارزان‌و لایـەنگرەکانی کـۆکردەوەو چالاکیی لەدژی بنکەکانی پۆلیس دەست پێکرد. بـەڵام ئاکامەکـە لەبەرژەوەنـدیی شـێخ ئەحمـەددا نـەبو چـونکە زۆری نـەبرد حکومـەت شـێخ ئەحمـەدی بـۆ حللـە گواستەوە. تا ئێستا ئەوە رون نیە کـەئایا بڕیـاری گواسـتنەوەی شـێخ ئەحمـەد بـۆ

---

[٢٣] مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية ١٩٤٣-١٩٤٥، منشورات الحزب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٨٦، ص ١٦.

حلله پاش راکردنی مەلا مستەفا دراوە یان دوای هێرشەکانی مەلا مستەفا بۆ سەر بنکەکانی پۆلیس.

مەلا مستەفا نیشانی دا کە لەتوانایدایە سەرنجی حکومەت رابکێشیۆ لەم سەروبەندەدا هێرشی کردە سەر پۆلیسی ناوچەکەو زۆری لێ کوشتن. لەبەرەنجامی کۆتاییدا، حکومەت دوو زەویداری، یەك لەدوای یەك، بۆ لای مەلا مستەفا نارد کەوەهاب محەمەد عەلی ئاغا جندیانیو نوری باوەیل بون. وەك دەردەکەوێ، ئەم کۆنتاکتە هیچ کاریگەریی نەبوە.

بەپێی مەسعود بارزانی، مەلا مستەفا لە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٣دا یەکەم هێرشی بۆ سەر پۆلیس دەست پێکردوە[٢٤]. دوایین هێرشیش لە ٢٩ی کانونی یەکەم بوو[٢٥]. ماوەی ئەم هەشتاو نۆ رۆژە رۆڵێکی کارای لەهاندانی حکومەت بۆ تاوتوێ کردنی کێشەکەو گەلاڵەکردنی هەڵوێستێکی رون بینی. ئەگەرچی گرفتەکە بۆ حکومەت خۆی لەو بزوتنەوە چەکدارییە دەنواند کە مەلا مستەفا هەڵیگیرساندبوو، بەڵام بۆچونی زاڵ لەبەغدادا ئەوە بوو کەچارەسەرکردنی کێشەکە لەچیاکاندا نیە بەڵکو لەحللەیە، شوێنی دورخستنەوەی شێخ ئەحمەد. بەم پێودانگە، سەرەك وەزیرانی عیراق نوری سەعید وەزیرە بەرەچەڵەك کوردەکەی خۆی، ماجد مستەفا، بۆ حللە، بۆ لای شێخ ئەحمەد، نارد. سەرچاوە حکومییەکانو سەرچاوە بارزانییەکان هیچ شتێك دەربارەی ناوەڕۆکی دانوستانی نێوان ماجد مستەفاو شێخ ئەحمەد نادرکێنن. بەهەر حاڵ، شێخ ئەحمەد رازی بوو محەمەد خالدی کوڕی بۆ لای مەلا مستەفا بنێرێ. بەپێی بارزانی، محەمەد خالد راسپاردەکانی باوکی بەمەلا مستەفا گەیاندوە[٢٦]. بەڵام بارزانی هیچ ئاماژەیەك بۆ ناوەڕۆکی راسپاردەکانی شێخ ئەحمەد ناکات. چونی ماجد مستەفا بۆ مێرگەسورو دیداری لەگەڵ مەلا مستەفادا لەگوندی سپیندار پاش نۆ رۆژ لەگەیشتنی راسپاردەکانی شێخ ئەحمەد، شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەشێخ ئەحمەد مەلا مستەفای هانداوە چالاکیی چەکدار لەدژی پۆلیس راگرێ.

---

[٢٤] هەمان سەرچاوە، ل ٢٤.
[٢٥] هەمان سەرچاوە، ل ٣٧.
[٢٦] هەمان سەرچاوە، ل ٣٧.

لەکۆتاییدا، کۆنتاکتی نێوان مەلا مستەفاو وەزیری دەوڵەت ماجد مستەفا، نیشانەی ئەوەیە کەمەلا مستەفا ئامانجی خۆی پێکاوە. لەم سەروبەندەدا مەلا مستەفا توانی وەزیری دەوڵەت بباتە سەر ئەو باوەڕەی کەپێویستە دەوڵەت لاریی لەگەڕانەوەی شێخ ئەحمەد بۆ بارزان نەبێ‌و لەبەرامبەردا ئەویش چیتر هێرش ناکاتە سەر پۆلیس. لەهەلومەرجێکدا کەهێشتا جەنگی دووەمی جیهان بەلایەکدا نەکەوتبو، سەرەك وەزیران نوری سەعید باش سەرودەری لەوە دەرکردبوو کەچەند مایەی مەترسییە دەوڵەت لەململانێیەکی چەکداردا لەدژی خێڵەکان تێوەگلێ.

شێخ ئەحمەد لە١٢ی شوباتی ١٩٤٤ەوە تا هاوینی ١٩٤٥ دەرفەتێکی بۆ پشودان چنگ کەوت. ئەم قۆناغەی ژیانی شێخ ئەحمەد بەقۆناغێکی ئارام دادەنرێ. زۆرتر بیر بۆ ئەوە دەچێ کەشێخ ئەحمەد نەیویستوە یاساشکێنی بکاو لەم روەوە ئەزمونی تفت‌و تاڵی دەربەدەری‌و ئاوارەیی، زۆرتر بەرەو ئاشتیی دەبرد. بەڵام لەحوزەیرانی ١٩٤٤ بەدواوە، کەمێژوی دەست لەکارکێشانەوەی نوری سەعیدە لەسەرۆکایەتیی وەزیران، شێخ ئەحمەد ناچار بوو بەدیدی خۆیدا بچێتەوەو بەشێوەیەکی تر بیر بکاتەوە. لەڕوانگەی نوری سەعیدەوە مەسەلەی بارزانییەکان مەسەلەیەکی سیاسی نیە بەڵکو مەسەلەی ناکۆکییە لەنێوان خێڵەکان‌و حکومەتداو وا پاساوی بۆ ئەم بۆچونە دەهێنایەوە کەحکومەت بەبەردەوامی توشی یاخیبونی خێڵەکانی باکورو خێڵەکانی شیعەی باشور بۆتەوە. بەڵام ئەو بەپێویستی دەزانی رژێمی سیاسی پەیوەندییەکی سەقامگیر لەگەڵ خێڵەکاندا دابمەزرێنێ. کاتێك نوری سەعید روبەڕوی کێشەی بارزانییەکان بۆوە، لەڕەفتاردا زۆرتر لەژێر کاریگەریی سێ فاکتەردا بوو: یەکەمیان، رەوشی شێواوو نائارامی ئێران کە لەپاشاگەردانی دەچوو و دەوڵەت تێیدا دەسەڵاتی بەسەر قەڵەمڕەوێکی بەرینی هەرێمەکاندا نەدەشکا، لەوانە پارچەیەکی فراوانی ناوچەی کوردنشین. دووەمیان، هەلومەرجی جەنگی دووەمی جیهان کەحکومەتی هان دەدا نەرمییەکی زۆرتر بەرامبەر بەیاخیبونی خێڵەکان بنوێنێ. فاکتەری سێیەمیش پەیوەندیی بەوەوە هەبو کەعیراق لەو کاتەدا هێشتا ئاسەواری ئەو یاخیبونە ناکامەی پێوە دیار بوو کەسەرەك وەزیرانی پێشوو رەشید عالی گەیلانی لەدژی چینی سیاسیی دۆستی بریتانیاو لەدژی خودی بریتانیا هەڵیگیرساندبوو. خراپترین ئاکامی ئەم ئەزمونە، بەزینی سوپای عیراق بوو لەبەردەم سوپای بریتانیا.

سەرچاوە بارزانییەکان باسی هیچ رۆڵێکی شێخ ئەحمەد لەو قۆناغەدا ناکەن. بەڵام لەناو ئەو دیکۆمێنتانەی کەمەسعود بارزانی لەساڵی ۱۹۸٦دا بڵاوی کردونەتەوە، ئاماژەی گرنگ دەربارەی رۆڵی کارای شێخ ئەحمەد هەیە، بەرەچاوکردنی ئەوەی کەئەو ئاماژانە پێویستیان بەوردەکاری هەیە. لەنێو ئەو دیکۆمێنتانەدا دووانیان ئاماژە بۆ هەڵسورانی شێخ ئەحمەد دەکەن. دیکۆمێنتی شەشەم[٢٧] کەنامەیەکە ئەفسەری سوپای عیراق مستەفا خۆشناو لە ۱۸ی ئازاری ۱۹٤٥دا نوسیویەتی، گوزارشت لەرێزێکی بێ ئەندازە لەشێخ ئەحمەد دەکات. نامەکە ناوی ئەو کەسە ناهێنێ کەبۆی نێردراوە. ئەم ناو نەهێنانە نیشانەی هەوڵێکی چرە بۆ بەرز راگرتنی ئاستو پێگەی ئەو کەسەی نامەکەی بۆ نێردراوە. لەسەرەتای نامەکەدا نازناوی "خودانی کوردان" بەکار هاتووە. ئەم نازناوەش، وەك ئاشکرایە، ئەوسا لەنێو بارزانییەکاندا تەنها بۆ یەك کەس بەکار دەهات کەشێخ ئەحمەدە. لەنامەکەدا مستەفا خۆشناو دەستەواژەی باوی دەست ماچ کردن بەکار دێنێ کەدەستەواژەیەکە لەنێو کورددا بەفراوانی بۆ دەربڕینی گوێڕایەڵییەکی پڕ رێزو نەوازش بەکار دێ. ئەم گوزارەیە تەنها بۆ خەڵکانی پایە بەرز بەکار دێ. نامەکە هەندێ قسەو باسی دەربارەی هەندێ مەسەلەی تایبەت بەخێڵەکان تێدایە. بەڵام خاڵی شایستەی بایەخ پێدان ئەوەیە کەنامەکە ئاماژەیەکی بۆ ئەوە تێدایە کەئەم نامەیە وەڵامی نامەیەکە کەئاراستەی مستەفا خۆشناو کراوە. دیکۆمێنتی حەوتەمیش تا ئەندازەیەکی زۆر هەمان ناوەڕۆکی هەیەو[٢٨] لەبنچینەدا نامەیەکە پێنج زەویداری نیشتمانپەروەری خێڵی دزەیی باشوری هەولێر لە ۱۰ی ئازاری ۱۹٤٥دا بۆ مەلا مستەفایان نوسیوە. ئاماژە گرنگەکەی ناو ئەم نامەیە ئاشکراکردنی ئەوەیە کەزەویدارە ناوبراوەکان نامەیەکیان لەشێخ ئەحمەدەوە پێ گەیبوە.

ئەم دوو دیکۆمێنتە ئاماژە بۆ هەڵسوڕانێك دەکەن کەڕەنگە شێخ ئەحمەد لەهاوینی ۱۹٤٤ـەوە بەنوسینی نامە بۆ سەرکردە لۆکاڵەکان دەستی پێ کردبێ.

[٢٧] هەمان سەرچاوە، ل١٢٦.

[٢٨] هەمان سەرچاوە، ل ١٠٣.

بەدڵنیاییەوە، بەبێ بەدەستهێنانی ئەم نامانە کەئێستا زیاتر لەپەنجا ساڵ بەسەر نوسینیاندا تێپەڕیوە، ئەستەمە بتوانرێ بۆچونێکی ورد دەربارەی ناوەڕۆکیان گەڵاڵە بکرێ. بەڵام زۆرتر بیر لەوە دەکرێتەوە کەئەم نامانە نیگەرانیی شێخ لەئایندەو نەبونی متمانە بەسەرکردە عیراقییەکان نیشان دەدەن. پاش دەست لەکارکێشانەوەی سەرەك وەزیران نوری سەعید، شێخ لەجاران نیگەرانتر بوو چونکە حەمدی پاچەچی کە لەپۆستی سەرۆکی وەزیراندا جێی نوری سەعیدی گرتبۆوە، ئەوەندە بەتەنگ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ناکۆکیی نێوان حکومەت و خێڵەکانەوە نەبوو و گوێی نەدەدایە ئامۆژگارییەکانی نوری سەعید کە لەیاداشتی دەست لەکارکێشانەوەیدا داوای کردبوو بایەخ بەناوچەی کوردنشین بدرێ.

هەلومەرجی ئەو سەردەمە فرە ئاڵۆز دێتە بەرچاو. لەناو حزبە ناسیۆنالیستە راسترەوەکەی هیوادا نۆرینی جیاواز سەری هەڵداو یەکڕیزیی حزبەکەی تێکدا. باڵێکی بەهێزی ناو حزبی هیوا بەسەرۆکایەتیی ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عیراق گوشاری دەکرد بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی چەکدار لەچیاکاندا بەقۆستنەوەی دەرفەتی هاوپەیمانی لەگەڵ بارزانییەکاندا. لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٥دا ئەفسەرەکان لیژنەی ئازادییان دامەزراندو مەلا مستەفایان بەسەرۆکی لیژنەکە هەڵبژارد. وردبونەوە لەپێکهاتەی لیژنەی ئازادی دەری دەخا کەئەم لیژنەیە بەمانای وشە حزبێکی سیاسی نەبوە بەڵکو تەنها دەستەیەکی سەرکردایەتی بووە بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی رێکخستنی شۆڕشێکی چەکدار لەناو خێڵەکاندا. لیژنەکە لەمەلا مستەفاو شەش ئەفسەری کورد پێکهاتبو. لەم سەروبەندەدا پەیوەندیی شەش ئەفسەرەکە لەگەڵ سەرۆکی حزبەکەیان رەفیق حیلمی لەپەیوەندییەکی نارۆشن دەچێ. هاوپەیمانیی ئەو شەش ئەفسەرە لەگەڵ مەلا مستەفادا بەبێ گەڕانەوە بۆ حزب، دەری دەخا کە ئەم شەش ئەفسەرە لەو قۆناغەدا لەسەرۆکی حزبەکەیان هەڵگەڕابونەوە. دکتۆر موکەڕڕەم تاڵەبانی لەکتێبەکەیدا دەربارەی حزبی هیوا تێبینیی ئەوەی کردوە کەشەش ئەفسەرەکە، لەخۆیانەوە، بەبێ راوێژ لەگەڵ سەرکردایەتیی حزبدا دەجولانەوە[٢٩]. بەپێی نامەیەك کەسەرۆکی حزب

---

[٢٩] الدکتور مکرم طالباني، حزب هیوا، مرکز خاك للنشر والاعلام، السلیمانیة، ٢٠٠٢، ص ١٢١.

رەفیق حیلمی بۆ مەلا مستەفای ناردوە کەئەوسا بەشێوەیەکی فەرمی سەرۆکی لیژنەی ئازادی بوو، دەردەکەوێ کەحیلمی دژی پێکهێنانی لیژنەکە نەبوەو پێشنیاریشی کردوە لیژنەکە ببێ بەباڵی سوپاییی حزبەکەی. لێرەدا حیلمی هەمو زیرەکیی دبلوماسییانەی خۆی بەکار هێنا بۆ ئەوەی مەسەلەکان لەبن دەستی دەرنەچن‌و لەم سەروبەندەدا دوو پێشنیاری هاوتەریبی پێشکەش کرد، لەیەکەمیاندا داوای یەکخستنی لیژنەی ئازادی‌و حزبی هیوای کرد، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا داننانە بەجیابونەوەی شەش ئەفسەرەکەو لەدووەمیشیاندا رەزامەندیی لەسەر ئەوە نیشاندا کەناوەندی سەرکردایەتی لەبارزان بێ، کەئەمەش دەکرێ بەو جۆرە سەیر بکرێ کەبەڵگەی بێدەسەڵاتیی رەفیق حیلمییە هەم لەجولآنەوەی سیاسیدا هەم لەناو حزبەکەی خۆیدا.

لە٨ی ئابی ١٩٤٥ بەدواوە، کاتێك سەرەك وەزیران حەمدی پاچەچی وەزیری بەرگریی راسپارد لەدژی بارزانییەکان بکەوێتە گەڕ، بارزانییەکان لەخۆ تەیار کردندا بون بۆ شەڕ. ئەو چل‌و هەشت رۆژەی کە کەوتونەتە نێوان دەست پێکردنی شەڕ لەبەرەی رەواندز لە٢٥ی ئابداو چونی بارزانییەکان بۆ ناو خاکی ئێران لە١١ی تشرینی یەکەمدا، دەریانخست کەسوپای عێراق سورە لەسەر دامرکاندنی شۆڕش. لەسەرەنجامدا، پاش ئەوەی کەشێخ ئەحمەد چوە سەر ئەو باوەڕەی کەخێڵەکەی توانای بەرپەرچدانەوەی هێرشی سوپای عیراقی نیە، بڕیاری چونە ئێرانی دا. دوو رۆژ پاش ئەمە، بەغدا بەشێوەیەکی فەرمی رایگەیاند کەبارزانییەکان چونەتە ناو خاکی ئێران‌و ئۆپەراسیۆنی سوپاییی لەدژیان کۆتاییی پێ هێنا. دواتر، لە١ی کانونی یەکەمدا، لەهەولێر ئەنجومەنی سوپایی فەرمانی لەناوبردنی شێخ ئەحمەدو مەلا مستەفای دەرکرد[٣٠].

لەئێران بارزانییەکان ترسیان لەسەر نەما بەلآم پێکهاتەی سایکۆلۆژییان گورزێکی دژواری بەرکەوت چونکە دیسان بونەوە بەئاوارەو لەزێدگای خۆیان دور کەوتنەوە. بەدڵنیاییەوە جێگیربونیان لەئێران هی ئەوە نیە لەگەڵ جێگیربونیان

[٣٠] عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء السادس، الطبعة السابعة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٨، ص ٣٠٢.

لەباشوری عیراق بەراورد بکرێ. ئەگەرچی بارزانییەکان چ لەباشوری عیراقدا بن چ لەئێراندا هەر بەئاوارە دادەنرێن بەڵام جێگیربونیان لەئێران جیاوازیی زۆری هەبو، چونکە لەوێ دەیانتوانی گوزارشت لەخۆیان بکەنو هەست بەبێنەوایی‌و بێچارەیی نەکەن. ئەمەش بۆ یەك هۆ ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە. یەکەمیان ئەوەیە کەئەوان لەنێو هاوڕەگەزەکانی خۆیان لەکوردی ئێران دەژیان‌و دووەمیشیان ئەوەیە کە لەکاتێکدا جاران وەك یاخی‌و دژی دەوڵەت ناویان دەرکردبوو، لەوێ وەك تێکۆشەری ئازادیخواز تەماشا دەکران‌و سێیەمیشیان کەڕەنگە گرنگترینیان بێ، ئەوەیە کەدوای ئەوەی کوردەکانی ئێران لەکانونی دووەمی ١٩٤٦دا یەکلایەنە دامەزراندنی کۆماریان راگەیاند، بڕیاریاندا جەنگاوەرە بارزانییەکان تێکهەڵکێشی هێزەکانی کۆمار بکەن.

لەو ماوەیەدا شێخ ئەحمەد خۆی بەڕێکخستنەوەی کاروباری خێڵەکەیەوە سەرقاڵ کردو چالاکیی گشتیی بۆ براکەی، مەلا مستەفا، بەجێ هێشت. لەکانونی یەکەمی ١٩٤٦ دا سوپای ئێران دەستی بەسەر تەورێزدا گرتەوە، کۆتایی‌ی بەحکومەتی ئازەربایجان هێناو دواتر داکشایە سەر مەهابادو هەمان مانگ بەبێ شەڕ چوە ناو شارەکە. لەئاکامدا کورد کۆمارەکەو هەمو دەستکەوتە سیاسییەکانیان لەدەستدا.

ئیتر لێرەدا بارزانییەکان کەوتنە تەنگانەوە. شێخ ئەحمەد بەپەلەپروزێ بڕیاریدا خۆی‌و خێڵەکەی بچنە شنۆ کەنزیکی سێگۆشەی سنوری تورکیا-عیراق-ئێرانە چونکە لەوە دەترسا بەفربارین رێی کشانەوەی لێ بگرێ. سوپای ئێران نەیدەویست لەگەڵ بارزانییەکاندا توشی پێکادان بێ. ئەبولحەسەن تەفرەشیان، ئەفسەرە چەپڕەوەکەی سوپای ئازەربایجان کەدەستی لەراپەرینی ئەفسەرانی هەرێمی خوراساندا هەبوو و پاش گرتنی مەهاباد یارمەتیی بارزانییەکانی دا بۆ روبەڕوبونەوەی سوپای ئێران، لەکتێبی "راپەرینی ئەفسەرانی خوراساندا" ستراتیجی سوپای ئێران بەوردی شی دەکاتەوەو وای بۆ دەچێ کە سوپا نەیدەویست شەڕی بارزانییەکان بکا چونکە پاککردنەوەی ناوچەکەی لەپاشماوەی هێزی خێڵەکان بەئەرکی سەرەکیی خۆی دادەناو لەو بڕوایەدا بوو کە بەبێ چەکداماڵینی خێلەکان هێزەکانی ئێران بەردەوام لەمەترسیدا دەبن. بەمجۆرە، لەکاتێکدا

ئێرانییەکان سەرقاڵی چەکداماڵینی خێڵەکان بون، بارزانییەکانیان بۆ وتووێژ سەبارەت بەیەکلاکردنەوەی چارەنوسیان بانگهێشت کرد. تەفرەشیان وای دەبینێ کەسەرکردایەتیی سوپایی‌ی ئێران مەسەلەی بارزانییەکانی یەکلا نەکردبۆوەو دەبوایە بڕیار لەسەر یەکێ لەڕێگەچارەکان بدا کەبریتی بون لە لەناوبردنیان یان ناچارکردنیان بۆ بەجێ هێشتنی خاکی ئێران یان وتووێژکردن لەگەڵیاندا بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانە[٣١]. لەکۆتاییدا ئێرانییەکان ڕێگەچارەی سێیەمیان هەڵبژارد.

یەکەم کۆبونەوە لەنێوان سوپای ئێرانو بارزانییەکان لەشارۆچکەی نەغەدە، کە کەوتۆتە نێوان مەهابادو شنۆ، بەسترا. سەرچاوە بارزانییەکان شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ئەم کۆبونەوەیە ناڵێنو لەم بارەیەوە زانیاریی دژبەیەك هەیە. بەپێی مەسعود بارزانی، لەبارزانییەکان شێخ ئەحمەدو مەلا مستەفا بەشدارییان لەکۆبونەوەکەدا کردوەو لەسوپای ئێرانیش جەنرال هەمایونیو سەرهەنگ غەفاری[٣٢] بەڵام تەفرەشیان دەڵێ کۆبونەوەکە تەنها لەنێوان سەرهەنگ غەفاریو مەلا مستەفا بووە[٣٣]. بەهەر حاڵ، لەو کۆبونەوەیەدا ئێرانییەکان پێشنیاریان کرد بارزانییەکان نوێنەر بۆ تاران بنێرن کەئەمەش وامان لێ دەکا بچینە سەر ئەو باوەڕەی کەسوپا مەسەلەکەی بەمەسەلەیەکی سیاسی داناوەو بەپێویستی زانیوە سیاسەتمەدارانی تاران راستەوخۆ لەگەڵ بارزانییەکاندا یەکلای بکەنەوە. لەکۆتاییدا شێخ ئەحمەد رازی بوو مەلا مستەفا بۆ تاران بنێرێ بەڵام ئەو زانیارییانەی لەم بارەیەوە لەبەر دەستدان، دەرفەتێکی وا پێك ناهێنن کەبتوانین سنوری ئەو دەسەڵاتە بزانین کەشێخ ئەحمەد لەوتووێژدا لەگەڵ ئێرانییەکاندا بەمەلا مستەفای بەخشیوە.

---

[٣١] ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانییەکان، وەرگێڕانی بەختیار شەمەیی، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی بزوتنەوەی فەرهەنگیی کورد، ئەمستردام، ٢٠٠٤، ل ٢٣-٢٤.

[٣٢] مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية ١٩٤٥-١٩٥٨، منشورات الحزب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٨٧، ص ٤٩.

[٣٣] ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانییەکان، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٤.

رازیبونی شێخ ئەحمەد بەناردنی نوێنەر بۆ تاران بەڵگەی ئەوەیە کەناوبراو پێویستی بەکات بووە. ئەگەر پشت بەو سەرچاوانە ببەستین کەدەڵێن ئێرانییەکان لەنەغەدە داوایان لەشێخ ئەحمەد کردوە خاکی ئێران بەجێ بێڵێ‌و شێخیش داوای کردوە تا بەهار لەسەری بوەستن، بۆمان دەردەکەوێ کەلێرەدا هەر لایەك زانیویەتی لاکەی تر چیی دەوێ. ئەمە بەم واتایە دێ کەئەگەر سوپا داوای بارزانییەکانی ڕەت بکردایەتەوە، دەبوایە بکەوێتە خۆ بۆ سەرکوت کردنیان‌و هەوڵدان بۆ دەرکردنیان یان لەناوبردنیان. بەڵام دیارە لەو کاتەدا سوپا هێشتا کۆنترۆڵی بەرەکانی تری نەکردبو، بۆیە نەیدەویست بەخۆڕایی خۆی توشی گێچەڵێکی تر بکا. تەنانەت تەفرەشیانیش کەسوپا داوای دەکردو بەیاخیبوی دادەنا پشتگیریی سیاسەتی سوپای کردوەو بەسیاسەتێکی ڕاست‌و ڕەوانی زانیوە[٣٤].

هەر چۆنێك بێ، سوپای ئێران شاندی بارزانییەکانی بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا گەیاندە تاران‌و لەوێدا مەلا مستەفا چاوی بەجەنرال عەلی ڕەزم ئارای سەرۆکی ستادی سوپا کەوت‌و دواتریش سەرەك وەزیران قەوامولسەلتەنەی بینی. ئێرانییەکان پرۆژەیەکی وایان خستە بەردەمی مەلا مستەفا کەپێشبینیی ڕەت کردنەوەیان نەدەکردو لەم بارەیەوە وا گوزارشتیان لەبۆچونی خۆیان کرد کەئەوان دەیانەوێ ڕێگەچارەیەکی مرۆڤانە بۆ کێشەی بارزانییەکان بدۆزنەوە. پرۆژەی ئێرانییەکان پرۆژەیەکی ئێجگار سەرنجڕاکێش بوو، تێیدا پێشنیار کرابو بارزانییەکان لەنزیك هەمەدان نیشتەجێ بکرێن، زەویی کشتوکاڵیان بدرێتێ‌و ئەگەر ئارەزویان لێ بێ دەتوانن ڕەگەزنامەی ئێرانی وەرگرن. سەجادی دەڵێ ئێرانییەکان تەنها بەوە دانەکەوتن بەڵکو ئەوەشیان بەمەلا مستەفا وت کەئەگەر هەمو بارزانییەکان نایانەوێ لەئێران بمێننەوە، ئەوا تاران ئامادەیە مافی پەنابەریی سیاسی بەدەوروبەری سەد کەسێکی بارزانی‌و نابارزانی بدا، لەوانەی دەترسن بۆ عیراق بگەڕێنەوە. لەکۆتاییشدا، ئێرانییەکان وتیان ئەگەر بارزانییەکان دوو پێشنیارەکە پەسەند نەکەن، ڕێیان پێ نادرێ لەناو سنوری ئێراندا بمێننەوەو دەبێ پێش ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٧ ئێران بەجێ بێڵن[٣٥].

---

[٣٤] هەمان سەرچاوە، ل ٢٣.

[٣٥] عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد، سەرچاوەی پێشو، ل ١٤٢.

لەو كاتەدا پێشنیاری تر لەشنۆ هاتە ئاراوە. مەسەلەی گەڕانەوەی بارزانییەكان بۆ عیراق شتێكی زۆر قورس بوو، كەسیش نەیدەزانی وتووێژەكەی مەلا مستەفا لەتاران بە چ ئاكامێك گەیشتوە. بەمجۆرە، هەندێ كەس ویستیان مشوری خۆیان بخۆنو كەوتنە بانگەشەكردن بۆ پێویستیی هانا بردن بۆ یەكێتیی سۆڤێت. كۆلۆنێل بەكر عەبدولكریم حەوێزی لەیاداشتەكانیدا باسی ئەوە دەكات كەتوانیویەتی شێخ ئەحمەد بباتە سەر ئەو باوەڕەی كەبچن بۆ یەكێتیی سۆڤێتو لەهەمبەردا شێخ دەسەڵاتی پێ داوە كە پەیوەندی بەڕوسەكانەوە بكات[٣٦].

لەو كاتەدا پێدەچێ مەلا مستەفا بەپرۆژەكەی ئێران رازی بووبێ چونكە پێی وابو بارزانییەكان یان دەبێ بچن بۆ یەكێتیی سۆڤێت یان دەبێ بۆ عیراق بگەڕێنەوە یان دەبێ لەئێران بمێننەوە. دواتر كەبۆ شنۆ گەڕایەوە، شێخ ئەحمەدی لەپێشنیارەكانی تاران ئاگادار كردەوە. ئیدی بڕیاردان لەم بارەیەوە كەوتە ئەستۆی شێخ ئەحمەدەوە. شێخ پێشنیارەكەی ئێرانی رەت كردەوەو بڕیاریدا بچن بۆ یەكێتیی سۆڤێت بەڵام كێشەكە لەوەدابوو كەئەم كارە كارێكی ئاسان نەبوو چونكە ئێرانییەكان لێ نەدەگەڕان روو بكەنە سنوری سۆڤێت.

ئێرانییەكان پێیان وابو مەسەلەكە چارەسەری بۆ دۆزراوەتەوە، بۆیە هەرگیز بیریان بۆ ئەوە نەدەچو كەدەشێ بارزانییەكان پێشنیارەكەیان رەت بكەنەوەو بیر لەشتێكی تر بكەنەوە. بەهۆی ئەمەوە تا ئەو كاتەی كەبارزانییەكان بۆ هەمەدان دەگوێزرانەوە، لۆرییەك گەنمیان دایە بارزانییەكان[٣٧].

بەمجۆرە، دەبوایە شێخ ئەحمەد لەنێوان یەكێتیی سۆڤێتو ئێراندا یەكێكیان هەڵبژێرێ. لەكۆتاییدا یەكەمیانی هەڵبژارد. بەڵام شێخ ئەحمەد لانی كەم ٥٠٠ كیلۆ مەتر لەسنوری سۆڤێت-ئێرانەوە دور بوو، بۆیە وای بەگونجاو زانی كەتا وەرزی زستان بەسەر دەچیو هەلومەرجێكی باشتر بۆ بڕینی ئەو رێگا سەختە پێكدێ، دەبێ دەستی دەستی بەئێرانییەكان بكا، بەڵام لەسەرەنجامدا ئێرانییەكان ئۆقرەیان نەگرتو هەستیان كرد دەستخەڕۆ كراون. ئیتر هێزی سوپایان راسپارد

---

[٣٦] بەكر عەبدولكەریم حەوێزی، گەشتێك بەكۆماری مەهاباددا: بیرەوەرییەكانم لەرۆژهەڵاتی كوردستاندا ١٩٤٤-١٩٤٧، دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١، ل ١٠٨.

[٣٧] ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانییەكان، سەرچاوەی پێشو، ل ٣١.

بکەوێتە گەڕ بۆ وەدەرنانی بارزانییەکان لەخاکی ئێران. لێرەدا، شێخ ئەحمەد هەم پرۆژەکەی ئێرانی لەدەستداو هەم دەرفەتی چونە سەر سنوری یەکێتیی سۆڤێتی بۆ پێك نەهاتو لەم سەروبەندەدا مەسەلەی گەڕانەوە بۆ عیراق دیسان لەکەللەی دا.

مەلا مستەفاو شێخ ئەحمەد دوو نۆڕینی تەواو جیاوازیان لەم بارەیەوە هەبو. شێخ ئەحمەد هیوای لەسەر بەدەستهێنانی لێبوردن هەڵدەچنیو وا پاکانەی بۆ دەهێنایەوە کەوەك چۆن دوو جار لەمەوبەر، جارێك لەساڵی ۱۹۳۲و جارێکی تر لەساڵی ۱۹٤٤دا، لێبوردنی چنگ کەوتوە، ئەمجارەش دەشێ لێبوردن بەدەست بێنێ، بەڵام مەلا مستەفا لەو بڕوایەدا بوو کە بەدەستهێنانی لێبوردن کێشەکە چارەسەر ناکا چونکە هەمو لێبوردنێك ئەو مەرجەی لەگەڵدایە کەبارزانییەکان زۆر لێی نیگەرانن‌و بەدژواری دادەنێن، ئەویش مەرجی چەکداماڵینە. تەفرەشیان کە لەو ماوەیەدا لەنێو بارزانییەکاندا ژیاوە، لەیاداشتەکانیدا پەردە لەڕوی نۆڕینی تەواو جیاوازی هەردو برا لەم بارەیەوە هەڵدەماڵێ‌و باسی ئەوە دەکا کەمەلا مستەفا بەدەم بۆڵەبۆڵەوە دەیوت شێخ ئەحمەد هەر تامەزرۆی گەڕانەوەیە بۆ بارزان‌و سەر لەوە دەرناکا کەگەڕانەوە بۆ بارزان بەبێ چەکداماڵین نابێ. لەچوارچێوەی ئەم تێڕوانینەدا کەزۆرتر جەخت دەکاتە سەر پێویستیی چەك هەڵگرتن بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی بێ ترس‌و بێ دڵەڕاوکێ، مەلا مستەفا دەیوت "ئەگەر چەکەکانمان لەدەست بدەین، دەبینە خەڵکانێکی لاوازو بێچارەو کەسانی دیکە بڕیار لەسەر چارەنوسمان دەدەن"[٣٨].

زۆرتر بیر بۆ ئەوە دەچێ کەشێخ ئەحمەد لەسۆنگەی چەردەیەك هۆی سایکۆلۆژی‌و ریالیستییەوە پرۆژەکەی ئێرانی رەت کردۆتەوەو گوێی نەداوەتە ئەوەی کەئەم پرۆژەیە ژیانی خێڵەکەی مسۆگەر دەکا. ئەیوب بارزانی وای بۆ دەچێ کەهۆی رەتکردنەوەی پرۆژەکەی ئێران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەشێخ ئەحمەد کەیفی بەئێران نەدەهات چونکە ئێران هەمیشە ئەوەی بەبیر دەهێنایەوە کەشێخ عەبدولسەلامی دووەمی برای لەساڵی ١٩١٤دا لەگوندێکی نزیك ورمێ لەئێران گیراوەو پاشان رادەستی عوسمانییەکان کراوەو دواتریش لەموسل لەسێدارە

[٣٨] هەمان سەرچاوە، ل ٢٩-٣٠.

دراوه[39]. سەربار، هەر کەبارزانییەکان پێیان بەخاکی ئێران کەوت، نەخۆشی کوشندەیان تێدا پەیدا بوو و تەنها لەشەش مانگی سەرەتای ساڵی ١٩٤٦دا زیاتر لە ١٥٠٠ کەسیان بەگرانەتا کۆچی دوایی کرد[40]. ئەمە هەموی بەسەر یەکەوە بوە هۆی ئەوەی کەشێخ ئێرانی لەبەرچاو بکەوێو حەز نەکا تێیدا بمێنێتەوە. لەم رووەوە بەچەشنێك هەڵسوکەوتی کرد وەك ئەوە وابو بیەوێ شتێك لەئەزمونە ناخۆشو پڕ ناسۆرەکانی رابردوو هەڵکرێنێ کەبەکەڵکی رەوشی هەلومەرجی ئەو رۆژگارە بێ. ئەم هەڵوێستە کەپشت بەهیچ بنەمایەکی پرەگماتیکی نابەستێ، زۆرتر هەستی ناسکی شێخ دەردەخا کەلێبوردنێکی نامسۆگەری لەژیانێکی سەقامگیرو نیشتمانێکی تازە پێ باشتر بوو. لاوازیی هەڵوێستەکە لەوەدا دەردەکەوێ کەعاتیفە تێیدا بەسەر ئاوەزدا زاڵە.

ئەم هۆیانە کە بەدڵنیاییەوە کاریگەرییان لەسەر دروست کردنی بڕیار هەیە، لەوانەیە هۆی لاوەکی بن. دەشێ هۆی سەرەکیی رەتکردنەوی پرۆژەکەی ئێران زۆرتر پەیوەندیی بەوەوە هەبێ کەشێخ زۆر باوەڕی بەسیاسەتی ئێران نەبوەو دەترسا پاش چەککردنیان رادەستی عیراقییەکان بکرێنەوە.

لەئاکامدا، پاش چەند پێکادانێك لەگەڵ هێزەکانی ئێران، بارزانییەکان خاکی ئێرانیان بەجێ هێشتو کەوتنە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی لێبوردن لەکاربەدەستانی عیراق. تاکە کەس کەدژی بڕیاری گەڕانەوە بوو، مەلا مستەفا بوو. بەڵام مەلا مستەفا بەرپەرچی بڕیارەکەی نەدایەوە چونکە لەسۆنگەی سیستمی گوێڕایەڵییەوە کەهانی دەدا سەرپێچی لەهیچ بڕیارێکی رابەر نەکا، لەخۆی رانەدەبینی بتوانێ لەدژی بوەستێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەفرەشیانو ئەفسەرەکانی دیکەی هاندا قسە لەگەڵ شێخدا بکەنو پەشیمانی بکەنەوە[41].

دوا بەدوای ئەوەی کەشێخ لەبەدەستهێنانی لێبوردن بێئومێد بوو، بڕیاریدا خۆی رادەستی عیراقییەکان بکاو دەشیزانی بڕیارەکەی تا چ ئەندازەیەك

---

[39] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەیوب بارزانی لەسلێمانی لە ٢١/٨/٢٠٠٧دا.
[40] مسعود البارزاني، المصدر السابق، ص ٢٤.
[41] بڕوانە: ئەبولحەسەن تەفرەشیان، سەرچاوەی پێشو، ل ٣٠.

مەترسیدارە. بەڵام چەند سەد چەکدارێك بەسەرکردایەتیی مەلا مستەفا زۆر بەزەحمەت خۆیان گەیاندە سنوری یەکێتیی سۆڤێتو مافی پەنابەرییان وەرگرت.

هەر چۆنێك بێ، مەبەستی شێخ ئەحمەد لەخۆبەدەستەوەدان بەبێ مسۆگەرکردنی لێبوردن ئەوە بوو کەخودی خۆی بکا بەقوربانی لەپێناوی گشتدا. پێش ئەو، قازی محەمەدی سەرکۆماری مەهاباد ئەم نەریتەی داهێنابوو، کاتێك بەرگریی نەکردو خۆی رادەستی هێزەکانی ئێران کرد، چونکە هیوای لەسەر ئەوە هەڵچنی بوو کەخۆبەدەستەوەدانی دەبێ بەمایەی دورخستنەوەی هاووڵاتییەکانی لەهەرەشەو گورەشەی تۆڵەکردنەوە. ئەگەرچی ئەم سیاسەتە دەبێ لەچوارچێوەی رەوشی مێژویی‌و لەبەر رۆشنایی‌ی ئاکامەکانی هەڵبسەنگێنرێ، بەڵام دیارە پەنا بردن بۆ سیاسەتێکی وا لەلای قازی محەمەد کە کۆمارەکەی خۆی لەدەستدا بوو و لەلای شێخ ئەحمەد کەهیچ هیوایەکی بەدۆزینەوەی شوێنێکی پارێزراو بۆ خێڵەکەی نەمابوو، پاساوی خۆی هەیە. هەڵسەنگاندنی ئەم یارییە مەترسیدارە، کەهەڵچون‌و ئەندێشەو لێپرسراوەتیی باوکانە بەسەریدا زاڵە، پێویست بەوە دەکا کە بەقوڵی لەواتای خۆبەختکردن بگەین، بەڵام ئەم چەشنە خۆبەختکردنە ئەوەندە کەرەستەی پێویستی تێدا نیە کەلێی راببینرێ ببێ بەمایەی چاولێکەری‌و لاسایی کردنەوە. مایەی تێرامانە کە خۆبەختکردنەکەی هەر یەك لەقازی محەمەدو شێخ ئەحمەد بەفیرۆ چوو چونکە بەقەد ئەوەی کەهیوایان لەسەر هەڵچنی بوو، خۆبەختکردنەکە هیچ ژیانێکی ئارام‌و سەقامگیری بۆ لایەنگرەکان دابین نەکرد.

عیراقییەکان بارزانییەکانیان لەکامپێکی تەلبەندکراو لەدیانا کۆکردەوەو زۆر خراپ هەڵسوکەوتیان لەگەڵیاندا کرد. شێخ ئەحمەد چەند هەوڵیدا حکومەت تێبگەیەنێ کەتەنها خۆی لێپرسراوەتیی هەمو شتێکی لەئەستۆدایەو خێڵەکەی هیچ گوناهێکی نیە، سودی نەبو[٤٢].

نەهامەتیی بارزانییەکان ویژدانی کوردی هەژاند. لەم سۆنگەیەوە، کورد بەهەمو رێوشوێنێکی گونجاو کەوتنە جموجوڵ بۆ دروست کردنی گوشار لەسەر

---

[٤٢] ایوب بارزاني، المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤-١٩٥٨، دار نشر حقائق المشرق، جنيف، ٢٠٠٢، ص ٣٠٣.

حکومــەت بــۆ وازهێنــان لــەئازاردانیان. لەنیســانی ١٩٤٨ بــەدواوە، عــەلادین سەجادیی سەرنوسەری گۆڤاری "نزار" بەرنامەیەکی گوشاری بۆ سەر حکومەت دەست پێکردو داوای دەرکردنی لێبوردنی بۆ بارزانییەکان کرد[٤٣]. لەوتارێکدا کەمحەمەد عەلی لەگۆڤاری "نزار" بڵاوی کردۆتەوە، داوا لەحکومەت کراوە لێبوردن بۆ هەمو بارزانییەکان دەرکاو ستەمو زۆرداریی خێڵە نەیارەکانیان لەسەر هەڵگرێ[٤٤]. هەروەها پارێزەر برایم ئەحمەد کەپاش چەند ساڵێك دەبێتە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، دوو هەزار ئیمزای کۆکردەوە کەخاوەنەکانیان داوایان لەحکومەت کردبوو لێبوردن بۆ بارزانییەکان دەرکا[٤٥]. دواتر دەرکەوت کەئەم هەمو گوشارو خۆماندوکردنە هیچی لێ سەوز نابێ‌و دەرچونی لێبوردن بۆ بارزانییەکان وەك تراویلکە وایە چونکە حکومەت ئەوەندە کورتبین‌و هەڵەڕۆ بوو کەهیچ نرخێکی بۆ داخوازییە ئاشتیخوازەکان دانەدەنا. بەغدا لەباتی دەرکردنی لێبوردن بۆ بارزانییەکان، یاسای خێڵەکانی کردە بیانوو بۆ درێژکردنەوەی ماوەی زیندانیکردنی دوو هەزار بارزانی بۆ ماوەی یەك ساڵ. گۆڤاری "نزار" لەوتارێکی تورە ئامێزدا نارەزاییی خۆی لەم بارەیەوە دەربڕی‌و وتی "ئەشکەنجەدانی بارزانییەکان ئەنجامێکی سودبەخشی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، دەبێتە هۆی دوبەرەکی‌و رایەڵەکانی ئەو یەکێتییەی کەهەوڵی تۆکمەکردنی دەدەین، لەبەر یەك هەڵدەتەکێنێ"[٤٦].

لەساڵی ١٩٥٤دا وەزیری داد جەمال بابان پێشنیاری کرد بارزانییەکان ببرێنەوە زێدگای خۆیان‌و ئەگەر دەرفەتی جێبەجێکردنی ئەم پێشنیارە نیە، لەبیتوێن لەقەزای رانیە یان لەمەخمور نیشتەجێ بکرێن. لەلایەکی ترەوە مەعروف جیاووك لەرۆژنامەکانی بەغدادا بڵاوی کردەوە کە لەم بارەیەوە تەنها یەك رێگەچارە هەیە ئەویش گەڕانەوەی بارزانییەکانە بۆ زێدگاکانیان[٤٧]. پێش ئەوە

[٤٣] لەم بارەیەوە بڕوانە: نزار، ژمارە ٢ی رۆژی ١٥ی نیسانی ١٩٤٨، ل ٤.
[٤٤] گۆڤاری نزار، ژمارە٣، ٣٠ی نیسانی ١٩٤٨، ل ١٤.
[٤٥] نزار، ژمارە ٤، ١٥/٥/١٩٤٨، ل ١٣-١٤.
[٤٦] هەمان سەرچاوە، ل ١٥.
[٤٧] معروف جیاووك، مأساة بارزان المظلومة، المصدر السابق، ص ١٦.

بەبیستو سێ ساڵ، کەهێشتا گرفتی بارزانییەکان ئاڵۆز نەببو، جیاووك پێشنیاری کردبوو بیر لەرێوشوێنێك بۆ تێکهەڵکێش کردنی بارزانییەکان لەگەڵ سستمی سیاسیدا بکرێتەوەو لەنامەیەکدا بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران جەمیل مەدفەعی پێشنیاری کردبوو بۆ بەلایەکدا خستنەوەی گرفتەکە، شێخ ئەحمەد بارزانی بکرێتە ئەندامی ئەنجومەنی پیران (ئەعیان)، مەلا مستەفا بکرێتە قایمقامی قەزای زێبارو محەمەد سدیق بکرێتە بەرێوەبەری ناحیەی بارزان[48].

پێشنیارەکەی جیاووك هیچ وەلامێکی نەبو.

لەم سەروبەندەدا شێخ ئەحمەد فەرمانی زیندانی کردنی بۆ دەرچوو و بۆ بەسرە گواسترایەوەو پاشان بۆ بەغدا. پاش ئەم هەمو گوشارو نا رەزایی دەربڕینە، هەمو نەرمی نواندنەکەی بەغدا دەرکردنی فەرمانێکی شاهانە بوو لەساڵی ١٩٥٥دا بۆ ئازادکردنی زیندانییە بارزانییەکان[49]. لەکاتی دەرچونی فەرمانەکەدا بارزانییەکان هەشت ساڵیان لەزینداندا بەسەر بردبوو. جگە لەوە، لێبوردنەکە شێخ ئەحمەدی نەگرتەوەو لەم سۆنگەیەوە شێخ تا ساڵی ١٩٥٨ لەزیندان مایەوەو تەنها پاش روخانی پاشایەتیو راگەیاندنی کۆمار ئازاد کرا.

---

[48] هەمان سەرچاوە، ل ١٢.

[49] ایوب بارزاني، المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤-١٩٥٨، المصدر السابق، ص ٣٢٧.

## تەوەری دووەم

# ساڵانی کۆتایی

یانزە ساڵەکەی نێوان ١٩٥٨و ١٩٦٩ کاریگەریی زۆریان لەسەر دیاری کردنی چارەنوسی پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکانی بیروباوەڕی بارزانی هەیە. خودی ئەم ماوەیە دە ساڵی کۆتاییی تەمەنی شێخ ئەحمەد بارزانی پێك دێنێ.

لە١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا کودەتایەکی چەپڕەوی خوێناویی سوپا رژێمی پاشایەتیی عیراقی لەناو بردو هەمان رۆژ کۆماری راگەیاند. لەڕۆژانی پاشتردا، رژێمە تازەکە ئەو زیندانییانەی ئازاد کرد کەرژێمی پێشو لەسۆنگەی هۆی سیاسییەوە گرتبونی، لەوانە شێخ ئەحمەد.

شێخ ئەحمەد نزیکەی یانزە ساڵی لەهەردو زیندانی بەسرەو بەغدا بەسەر برد. ئەو کاتەی لەزیندان دەرچو، تەمەنی ٦٤ ساڵ بوو. پیریو مەینەتیو ئازاری زیندان ئاسەواریان لەسەر تەندروستیو تێڕوانینی بۆ ژیان بەجێ هێشتبوو. شێخ یەك هەفتە پاش سەرکەوتنی کودەتاکە، لەزیندان دەرچوو و چەند رۆژێك لەبەغدا مایەوەو چاوی بەجەنرال عەبدولکەریم قاسم، رابەری کودەتاکەو دامەزرێنەری رژێمە تازەکە، کەوت. کاتێك گەڕایەوە بۆ بارزان، هێشتا دە رۆژ بەسەر دەرچونی لەزیندان تێنەپەڕی بوو.

دە ساڵی کۆتاییی ژیانی شێخ ئەحمەد گرنگییەکی زۆریان هەیە. لەو دە ساڵەدا شێخ لەو روانگەیەوە کەئەرکی مشورخواردنی کاروباری بارزانییەکانی لەسەر شانە ، زۆرتر بەدوو مەسەلەوە سەرقاڵ بوو کەزۆر بەگرنگی دادەنان. یەکەمیان، دەستەبەرکردنی ئاشتییەکی سەقامگیر بۆ بارزانییەکان پاش ساڵانێکی دورو درێژی پڕ نەهامەتیو ئاوارەییو ئێشو ئازار. دووەمیان، کەمەسەلە هەرە هەستیارەکە بوو و بەپێویستی دەزانی بایەخێکی تایبەتی پێ بدا، یەکلاکردنەوەی مەسەلەی ئەو کەسە بوو کەجێی دەگرێتەوەو دەبێتە رابەری ئاینیی بارزانییەکان.

زۆرتر بیر بۆ ئەوە دەچێ کەشێخ ئەحمەد پێی وابو کورد پاش هەرەسهێنانی پاشایەتی لەعیراق، دەتوانێ لەسایەی کۆماردا ئومێد لەسەر ژیانێکی سەقامگیرتر هەڵچنێ. ناوەڕۆکی ئەم تێڕوانینە گوزارشت لەگەشبینییەکی ساویلکانەو بەخشینی متمانە بەئایندەیەکی نادیار دەکا.

لەساڵی ١٩٦١ بەدواوە شێخ ئەحمەد بەتەواوی لەسیاسەت دور کەوتەوەو[٥٠] ئەوەندەی لەتوانایدا بوو هەوڵیدا بارزانییەکان توشی هیچ گۆبەندێکی تر نەبنەوە. ئەو دوو ئەزمونەی کە لەسالآنی ١٩٣١- ١٩٣٢و ١٩٤٥- ١٩٥٨دا پێیدا تێپەڕی بوو، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئەم بڕیارەی هەبوو و وایان لێ کردبو هەمیشە جەخت لەسەر پێویستیی بەدی هێنانی پەیوەندییەکی سەقامگیر لەگەڵ بەغدادا بکاتەوە. بنەمای تیۆرییەکە گەڕان بوو بەدوای ئاسایشدا بەخۆگونجاندن لەگەڵ بەغداداو بەم پێودانگە، پشتیوانیی لەهیچ کارێك نەکرد کەدەشێ ببێ بەمایەی تێکدانی پەیوەندیی سەقامگیر لەگەڵ بەغدادا. لەساڵی ١٩٦١دا، کاتێك پەیوەندیی نێوان بەغداو کورد گرژییەکی زۆری تێکەوت، تیۆرییە شۆڕشگێرییەکان هیچ ئاسەوارێکیان لەسەر شێخ ئەحمەد بەجێ نەهێشت کەپێی وابوو شۆڕش جگە لەوەی کەکێشەکان چارەسەر ناکا، ئاڵۆزتریشیان دەکا.

شێخ ئەحمەد لەو گۆشە نیگایەوە تەماشای روداوەکانی ١٩٦١ی کرد کەچەند کاریگەرییان لەسەر پلانی ئاشتیی بارزانییەکان دەبێ. ئەوی راستی بێ، ئەگەرچی بارزانییەکان دەستیان لەتەقینەوەی روداوەکاندا نەبوو، بەڵام لەکۆتاییدا هەر تێوەی گلان. تەنگژەکە کاتێك دەستی پێکرد کە عەبدولکەریم قاسم دەستی هێزەکانی ئاوەڵا کرد بۆ سەرکوت کردنی دەرەبەگە یاخیبووە کوردەکان کەجێبەجێ کردنی یاسای ریفۆرمی زەوی زیانی پێ گەیاندبونو ئێرانیش پشتگیریی دەکردن. نکوڵی لەوە ناکرێ کەسوپا لەژێر فەرماندەییی ئەفسەرە ناسیۆنالیستو چەپەکان ئەوەندە زێدەڕۆییی لەسەرکوتکردنی یاخیبووەکان کرد کەیاخیبووەکان پشتیوانیی جەماوەریان بەدەست هێنا. چەپڕەوەکانی ناو پارتی

---

[٥٠] جرجيس فتح الله، زيارة للماضي القريب، دار الشمس للطباعة والنشر، ستوكهولم، ١٩٩٨، ص ٢٠٤.

دیموكراتی كوردستان بەوپەڕی نیگەرانییەوە لەماناكانی ئەم پشتیوانییەیان كۆڵییەوەو ترسی ئەوەیان لێ نیشت كەدەرەبەگەكان رابەرایەتی كردنی بزوتنەوەی سیاسییان لێ بسەننەوە. بەم پێودانگە، دەبوایە زوو بڕیار لەسەر یەكێ لەم دوو مەسەلەیە بدەن: گوێ نەدان بەیاخیبونی دەرەبەگەكان، كەئەمە ئەگەری لەدەستدانی رەوایی‌ی سەركردایەتی كردنی بزوتنەوەی سیاسیی لێ دەسەندنەوە، یان سەندنەوەی سەركردایەتیی یاخیبونەكە لەدەرەبەگەكانو كاركردن بۆ كردنی یاخیبونەكە بەشۆڕشێكی نەتەوەیی. لەسەرەنجامدا، باڵی چەپ كەشەیدای سەركردایەتی كردنی شۆڕش بوو، توانی رابەرایەتییەكە لەدەرەبەگەكان بسەنێتەوەو جوڵانەوەكەی لەیاخیبونێكی كۆنەپەرستانەوە كردە شۆڕشێكی نەتەوەیی.

بارزانییەكان، ئەگەر بشیانویستایە، هەر نەیاندەتواتی تێوە نەگلێن چونكە مەلا مستەفا بەسەرۆكی پارتی دیموكراتی‌كوردستان دادەنرا. ئەوەی كەتێوەگلانەكەی قوڵتر كرد، ئەوە بوو كەمەلا مستەفا دوا بەدوای گەڕانەوەی لەڕوسیا لەساڵی ١٩٥٨، لەسەرۆكی پرۆتۆكۆلیی پارتییەوە بوو بەسەرۆكێكی راستەقینەو مەسەلە بنچینەیی‌یەكان بەبڕیاری ئەو یەكلا دەكرانەوە. بچوكترین گومان لەوەدا نیە كەشێخ ئەحمەد حەزی نەدەكرد مەلا مستەفا سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان بێ بەڵام هەست كردنی بەلێپرسراوەتیی نەتەوەیی هانیدا چاوپۆشی لەم مەسەلەیە بكا. بەڵام لەبەرامبەردا، ئەوەندەی پێی كرابێ هەوڵیدا لایەنگرەكانی لەسیاسەت دور بخاتەوەو خۆیشی زۆرتر بەمەسەلە ئاینییەكانەوە سەرقاڵ كرد.

بەوردبونەوە لەهەردو هەڵوێستی لەساڵانی ١٩٦١و ١٩٦٣، ئەوە دەردەكەوێ كەئەوەندەی شێخ سەرقاڵی دابین كردنی ئاشتی بووە بۆ شێخایەتییەكەی، ئەوەندە گوێی نەداوەتە ئامانجی شەڕ. هاندەری لەساڵی ١٩٦١دا بۆ نواندنی ئەم هەڵوێستە، بۆردومان كردنی ناوچەی بارزانییەكان بوو بەفڕۆكە لەهەفتەی یەكەمی شەڕدا. هەر دوا بەدوای بۆردومانەكە، بەهەڵەداوان لەمێرگەسورەوە پەیوەندیی بەبەغداوە كردو هەڵوێستی ئاشتییانەی خۆی دەربڕی. بەغدا بەبروسكە وەڵامی دایەوەو ئەوەی بۆ دەرخست كە تا بارزانییەكان ئەو چەكانەی پۆلیس نەگێڕنەوە كەدەستیان بەسەردا گرتووە، هیچ بوارێك بۆ گفتوگۆ سەبارەت بەئاشتی نیەو هەر

کات چەکەکان درانەوە بەدەوڵەت، شێخ دەتوانێ نوێنەرێکی خۆی بۆ گفتوگۆ بنێرێ. شێخ داواکانی بەغدای جێبەجێ کردو لەرێی دبلوماسیەتەوە قەڵەمرەوەکەی خۆی لەنەهامەتیو کارەساتەکانی شەڕ دورخستەوە[٥١]. ئەوەی کەشێخ ئەحمەد داوای لەمەلا مستەفا کردوە بارزان بەجێ بێڵێ تاکو بۆردومان نەکرێ، شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەبەغدا بەرامبەر بەبۆردومان نەکردنی بارزان، داوای لێ کردوە مەلا مستەفا دور بخاتەوە. سەردانی دواتری بەدرەددین عەلیی پارێزگاری هەولێر بۆ بارزان، تەنها بۆ وتووێژ لەگەڵ شێخ ئەحمەددا نەبوو، بەڵکو هەروەها بۆ دڵنیابون بوو لەرادەی پابەندبونی شێخ بەدورخستنەوەی مەلا مستەفا لەبارزان[٥٢].

ساڵی ١٩٦٣ دوا بەدوای روخانی رژێمی جەنرال قاسم لەسەر دەستی کودەتایەکی راستڕەوی ناسیۆنالیست- بەعسی، رێککەوتنەکەی شێخ ئەحمەدو بەغدا هەڵوەشایەوەو ناوچەی بارزان وەك ناوچەکانی تر بوو بەناوچەی شەڕو پێکادان. لەکۆتاییدا، لەمانگی ئابدا هێزەکانی عیراق بارزانیان گرتو سوتاندیان. لەکانونی یەکەمدا شێخ ئەحمەدو حکومەت لەسەر ئەوە رێککەوتن کەحکومەت چیدی هێرش نەکاتە سەر شێخایەتییەکە، شێخ ئەحمەدیش بەڵێنی دا قەڵەمرەوەکەی بەبێلایەنی بهێڵێتەوە. بەجۆرە، شێخ مشوری بەرژەوەندیی بارزانییەکانی خواردو ئەوەندەی لەتوانایدا بوو هەوڵیدا هۆکانی گرژی لەنێوان بەغداو بارزانییەکاندا نەهێڵێ.

ئەگەرچی شێخ ئەحمەد ئەوەندەی لەتوانایدا بوە هەوڵیداوە لەسیاسەت نزیك نەبێتەوە، بەڵام گەورەترین کاری سیاسیی لەو قۆناغەدا بەئاشکرا هاندانی مەلا مستەفا بوو بۆ راگرتنی شەڕ بەبێ هیچ مەرجو گەرەنتییەكو دەست کردن بەوتووێژ لەگەڵ بەغدادا. ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بەگۆڕانکارییە سیاسییەکانی عیراقەوە هەیە. لەساڵی ١٩٦٤دا سەرۆکی عیراق عەبدولسەلام عارف کەگورزێکی گورچکبڕی لەبەعسییەکان وەشاندبوو و دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرتبو، داوای یارمەتیی لەشێخ ئەحمەد کردو هانیدا داوا لەمەلا مستەفا بکا شەڕەکە رابگرێو

---

[٥١] دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، بارزانم چۆن دیت، سەرچاوەی پێشو، ل ٦٦- ٦٧.
[٥٢] شکیب عقراوي، سنوات المحنة في كردستان ١٩٥٨- ١٩٨٠، الطبعة الثانية، مطبعة منارة، اربيل، ٢٠٠٧، ص ٦٨.

بکەوێتە وتووێژ لەگەڵ بەغدادا. شێخ ئەحمەد حەزی دەکرد پەیوەندیی نێوان بەغداو کورد بگۆڕێ، هیچ ئاسەوارێك بۆ پەیوەندیی هێز نەهێڵێتەوەو پەیوەندییەك لەسەر بنەمای ڕێککەوتن بێنێتە کایەوە. بەجۆرە، لەو نامەیەی کەبۆ مەلا مستەفای ناردو خۆیو سەرۆك عارف وا ڕێککەوتبون کە لەئێزگەی بەغدا بخوێندرێتەوە، داوای شەڕ ڕاگرتنی لەمەلا مستەفا کرد[٥٣]. بەگوتەی ئیبراهیم جەلال لەیاداشتەکانیدا، شێخ ئەحمەد فشاری خستۆتە سەر مەلا مستەفاو داوای ڕاگرتنی شەڕی لێ کردووە[٥٤]. لەتەك فشارەکانی شێخ ئەحمەد، روسو ئەمریکییەکانیش، هەر یەکێکیان لەلای خۆیەوە، گوشاریان خستە سەر مەلا مستەفا بۆ ڕاگرتنی شەڕ[٥٥]. لەئاکامدا مەلا مستەفا سەری بۆ ئەم هەمو گوشارە کەچ کردو دوا بەدوای ئەوەی کەشەڕی ڕاگرت، وتووێژی لەگەڵ بەغدادا دەست پێکرد.

شێخ ئەحمەد بەردەوام بوو لەسەر کۆشش بۆ قوڵترکردنەوەی تینو تاوی بەها روحییەکان لەنێو ریزی لایەنگرەکانی. لەڕاستیشدا ئەم کۆششە درێژەپێدانی کۆششی کۆتاییی سالانی چلەکان بوو، کاتێك لەزیندانی بەسرە بوو. ئەوسا هەمو شارەزایانی کەلەپوری روحانیی بارزانی هاندا رەگو ریشەی ستراکتۆرە ئایدیۆلۆژییەکانی بیروباوەڕی بارزانی لەدەرونی بارزانییە پەراگەندەو ئاوارەکاندا داکوتن[٥٦]. یەکێ لەو مەسەلانەی کەزۆر بایەخی پێ دەدا، ئەوە بوو کە بەهەموو تواناوە هەوڵ بدرێ ئاوارەییو پەراگەندەییو سەختیی ژیان نەبنە هۆی دورکەوتنەوەی بارزانییەکان لەریشە روحانییەکانیان. بەم پێودانگە، دیارە شێخ دەیویست دڵنەوایی بداتە خۆی کەبارزانییەکان پێ لەسەر بەهاکانیان دادەگرنو بەهیچ شێوەیەك دەستبەرداری کەلەپوری خۆیان نابن. لەم سۆنگەیەوە، کادیرەکانی هاندا بیروباوەڕەکە لەناخی بارزانییەکاندا بچەسپێننو ورەیان بەرز بکەنەوە. ئەم

---

[٥٣]میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، بەسەرهاتی سیاسیی کورد ١٩٥٨- ١٩٨٥، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، بنکەی ئەدەبیو روناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٦٩.

[٥٤]ئیبراهیم جەلال، خواروی کوردستانو شۆڕشی ئەیلول: بنیاتنانو هەڵتەکاندن ١٩٦١- ١٩٧٥، چاپی سێیەم، چاپخانەی ژیار، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٣٦.

[٥٥]شكيب عقراوي، سنوات المحنة في كردستان، المصدر السابق، ص ١٣٤.

[٥٦]ايوب بارزاني، المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤- ١٩٥٨، المصدر السابق، ص ٣٢٥.

کارنامەیە کە لەزیندان دانراو دەبێ لەچوارچێوە مێژوییو بابەتییەکەی خۆی هەڵبسەنگێنرێ، نیشانەی نیگەرانییە لەکاریگەریی ژینگە کۆمەلایەتییە تازەکەو رەنگدانەوەی فاکتەرەکانی بێئومێدیو بێچارەیی لەسەر لایەنگرەکانی. هەرچەند ئەم هەوڵەی شێخ لەناوەڕۆکدا زۆرتر گوزارشت لەبێهیوایی دەکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوە هۆی خرۆشاندنی بارزانییە ئاوارەکان بۆ پاراستنی بەها روحییەکانیانو ئومێدی ئایندەیەکی باشتری پێ بەخشین.

زانیاریمان دەربارەی هەوڵو تەقەللاکانی ساڵانی دواییی شێخ بۆ پتەوکردنی بەها ئەخلاقییەکان زانیارییەکی تێروتەسەل نیە بەڵام بەهەر حاڵ بەشی ئەوە دەکا کەبتوانین سەرەنجامی هەوڵەکەی هەڵبسەنگێنینو ناوەڕۆکەکەی شی بکەینەوە. وردبونەوە لەهەوڵەکانی لەو ساڵانەدا پەردە لەڕوی چەند لایەنێکی گرنگی بیروباوەڕو بەها بارزانییەکان هەڵدەماڵێ.

لەو قۆناغەدا، بەپێی دکتۆر دینیس کۆمارۆڤ کە لەخەباتی کوردی عیراقی کۆڵیوەتەوە، شێخ ئەحمەد بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کەهەمو بونەوەرێکی زیندو پیرۆزە[٥٧]. دیارە ئەم تیۆرییە کەمەرج نیە لەلای بارزانییەکان شتێکی نامۆ بووبێ، بەشێکی گرنگی کارنامەی بنیاتنانەوەی بیروباوەڕ بوە. تیۆرییەکە خۆی لەخۆیدا تیۆرییەکی موجەڕڕەد نەبوو چونکە بوە هۆی ئەوەی کەپەیڕەوەکان، بەفەرمانی شێخ، چیتر راوە ئاژەڵی کێویو راوە باڵندە نەکەنو دارو درەخت نەبڕن. بەپێی زانیارییەکانی ئەیوب بارزانی سەبارەت بەژیانی سەختی بارزانییەکان لەقۆناغی ئاوارەیی ساڵانی ١٩٤٧- ١٩٥٨، ئەو بارزانییە هەژارو دەستکورتانەی کەبۆ گوندەکانیان گەڕابونەوە، لەو رۆژگارەدا لەسەر راوە باڵندەو ئاژەڵی کێوی دەژیان[٥٨]. ئەمە بەو مانایە دێ کە لەو کاتەدا ئەم تیۆرییە هێشتا نەببو بەرێسایەك کەدەبێ هەموان پێوەی پابەند بن، یاخود  لانی کەم هێشتا لەسەر ئاستێکی فراوان باوی نەسەندبوو. بەڵام لەساڵانی شەستەکاندا، تیۆرییەکە بەشێکی ستراکتۆرە ئایدیۆلۆژییەکانی پێکهێناو بووە بنەمایەك بۆ رێزگرتن لەژیان بەهەمو

---

[٥٧] یوری نابییف (المحرر)، البارزاني وشهادة التاريخ، ترجمة الدكتور بافي نازي والدكتور عبدي حاجي، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٥، ص ٢٩.

[٥٨] ايوب بارزاني، المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤- ١٩٥٨، المصدر السابق، ص ٣٢٦.

شێوەکانییەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێخ ئەحمەد بەرازی کێویی تێکدەری کشتوکاڵو چەشنە مارمێلکەیەکی ناشیرینی خوێنمژی بزنی هەڵواردو ڕێی دا بکوژرێن[٥٩]. نەیارانی بارزانییەکان ئەمەیان قۆستەوەو بڵاویان کردەوە کەگوایە شێخ ئەحمەد خوازیاری خواردنی گۆشتی بەرازە کەخواردنی لەئیسلامدا ڕێی پێ نەدراوە.

تیۆریی پیرۆزیی ژیانی بونەوەری زیندوو یەکسانە بەتیۆریی بەردەوامیی ژیان. لەو روانگەیەشەوە کەژیان لەتێڕوانینی ئاینەوە بەندە بەروحەوە، پیرۆزیی روح لەگەوهەردا گوزارشت لەپیرۆزیو بەردەوامیی روح دەکا. بەردەوامیی ژیان یەکسانە بەرەتکردنەوەی مەرگی ماددیو بەردەوامبونی ژیان بەشێوەی تر، تەنانەت پاش مردنی فیزیکیش. ئەم بیرۆکەیە زۆر لەبیرۆکە گشتییەکەی دۆنادۆنەوە نزیکە کەپێی وایە روح دوای بەجێ هێشتنی جەستە، بەشێوەو شێوازی تر ژیان دوبارە دەکاتەوە. ئەمە بەو سەرەنجامە دەگات کەئەم بیرۆکەیەی لەو کاتەدا لەناو بارزانییەکاندا باوی سەندبوو، پاشماوەی بیروباوەڕی دۆنادۆنە.

بیروباوەڕی دۆنادۆن بەشێکی زانستە نهێنییەکان پێکدێنێ. واتە هەر چی دەچێتە خانەی دەرچونی روح لەجەستەو قۆناغی دوای مردنو چۆنێتیی چونی روح بۆ ناو جیهانی روحانی، پەیوەندیی بەزانستە نهێنییەکانەوە هەیە. ئەم بیروباوەڕە دوای زاڵبونی تینو تاوی فەلسەفەی یۆنان بەسەر فەلسەفەی ئیسلامیدا خۆی ئاخنییە ناو بیروباوەڕی ئیسلام بەڵام ستراکتۆرە بنچینەیی‌یەکانی ئیسلام بیروباوەڕی دۆنادۆنیان پێ پەسند نەکرا. مێژوی بیروباوەڕەکان رونی دەکاتەوە کەئەم بیروباوەڕە پێش پەیدابونی ئیسلام هەبوە. راڤەکردنی باتنییانەی قورئان، زۆر مەبەستی بوو ئەوە نیشان بدا کەقورئان هەندێ ئاماژەی بۆ دۆنادۆن تێدایەو تەنها عاریفەکان (زاناکان)، ئەوانەی کەبەهرەی تێگەیشتنی ناواخنو ناوەڕۆکی دەقە پیرۆزەکانیان هەیە، لەخۆیان رادەبینن بتوانن پەی بەواتاکانیان بەرنو رازو تەلیسمەکانی شی بکەنەوە. لەنێو زۆربەی ئەو گروپانەدا کەبیروباوەڕی ئاینییان لەهەندێ روەوە جیاوازیی لەگەڵ بیروباوەڕی دەوروبەری گشتیدا هەیە،

---

[٥٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ بروسك مێرگەسوری لەسلێمانی لە ١٥/ ١١/ ٢٠٠٦.

پەیوەندییەکی دێرین لەنێوان زانستە نهێنییەکانو بیروباوەڕی دۆنادۆندا هەیە. تاکە گروپی موسڵمان کەهەر لەسەرەتاوە بەئاشکرا باوەڕی بەدۆنادۆن هەبوە، دورزییە ئیسماعیلییەکانە.

بیروباوەڕی دۆنادۆن سەدان ساڵ پێش ئیسلام هەبوەو تەنانەت لەنێو هەندێ گروپی یەکتاپەرستی وەك جولەکەش بەدی دەکرێ. لەسەدەی شەشی پێش زایندا، دوا بەدوای گەڕانەوەی جولەکە لەبابلەوە بۆ فەلەستین، لەناو جولەکەدا گروپێکی ریفۆرمیستی میانڕەو بەناوی فریسەکانەوە پەیدا بوو. پەیدابونی ئەم گروپە زۆرتر دەچێتەوە سەر ململانێی سەختی نێوان سەدوقییەکان، واتە چینی ئاخوندی جولەکەو نێوان عیساوییەکان کەباوەڕیان بە نەمریی روحو رۆژی قیامەت هەبو. لەناو بیروباوەڕی فریسەکاندا سەرنجڕاکێشترین بیروباوەڕ، بیروباوەڕی نەفەوتانی روحە پاش مردن. فریسەکان لەو بڕوایەدا بون کەروحیانەتی خەڵکانی چاك لەناو جەستەی تازەدا دەژیەتەوە. فریسەکان بەرپەرچی ئاخوندە سەدوقییەکانیان دایەوەو چاکسازییەکی گرنگیان لەستراکتۆری بیروباوەڕدا کرد کەبوە فاکتەرێکی هاندەر بۆ رزگاربونی باوەڕداران لەدەسەڵاتی ئاخوندانو لەم سەروبەندەدا بانگەشەیان بۆ ئەوە کرد کەمرۆڤ لەهەمو شوێنێکدا دەتوانێ ئاشنایی لەگەڵ خوادا پەیدا بکاو مەرج نیە گەیشتن بەخودا تەنها لەپەرستگاکەی ئورشەلیمەوە بەڕێوە بچێ[٦٠]. زانستە نهێنییەکان بەشێکی گرنگی بنەماکانی بیروباوەڕی فریسەکانن کە کەلەپوریان زۆرتر وێژەیەکی سەرزارەکییە کەدەماودەم پارێزراوەو بۆچونەکانیشیان رۆڵێکی کارایان لەپەیدابونی گروپی حەبرەکاندا هەبوو کەدەسەڵاتی روحانییان ئەوەندەی کە لەزانستە نهێنییەکانەوە سەرچاوەی دەگرت، ئەوەندە لەپێگەی ئاخوندییەوە سەرچاوەی نەدەگرت.

ئەم دیاردەیە لەناو هەمو ئەو گروپە موسڵمانانەدا دەبینرێ کەپشت ئەستور بون بەوێژەی سەرزارەکیو زانستە نهێنییەکان. دیارە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەئەو گروپانە پەیوەندییان بەبیروباوەڕی فریسەکانەوە هەیە. بەڵام تێڕوانینە گشتییەکە وای بۆ دەچێ کەهەمو ئەو گروپانە لەبەرەنجامی کۆتاییدا دەچنەوە سەر یەك

---

[٦٠] احمد عثمان، الاصول المصرية في اليهودية والمسيحية، المصدر السابق، ص ١٥٠.

سەرچاوەو جیاوازیی نێوانیان ئەوەندەی کەکاری بەسەر شێوەو روخسارەوە هەیە ئەوەندە کاری بەسەر ناوەڕۆکەوە نیە. بەم پێودانگە، پەیوەندیی نێوان بیروباوەڕی پیرۆزیی ژیانی بونەوەرەکانو نەمریو گواستنەوەی روح لەجەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر پاش مردن، پەیوەندییەکی ئەوەندە تێکهەڵکێشو لێك ئاڵاوە کەئەستەمە لێك جیا بکرێتەوە.

بەپێی زانیاریی ناو بارزانییەکان، شێخ ئەحمەد خوێندەوارە لایەنگرەکانی خۆی هانداوە هەندێ بابەت لەبواری فەلسەفەدا بخوێننەوەو لەم روەوە زۆر بەڕونی جەختی کردۆتە سەر پێویستیی خوێندنەوەی نوسینەکانی سێ کەس لەفەیلەسوفو عاریفەکان کەبریتین لەحەللاج، ئیبن عەرەبیو جەلالەددینی رومی[٦١]. دەستنیشان کردنی ناوەکان بەم وردییە، بۆ رۆشنایی خستنە سەر ئەنگێزەی فەلسەفیی چالاکییە مەعریفییەکانی شێخ پشتی پێ دەبەسترێ. ئەم ئاماژە بچوکە لەگەوهەردا بایەخێکی ئێجگار زۆرو ناوەڕۆکێکی ئێجگار قوڵی هەیەو بەڵگەی ئەوەیە کەخودی شێخ سەرو دەری لەنوسینەکانی هەر سێ ناوبراو دەرکردوە. ئەو، لەو روانگەیەوە کەنەك هەر مشورخۆری کاروباری ژیانی دنیاییی لایەنگرەکانێتی، بەڵکو مشورخۆری خاوێنیی بیروباوەڕو پاکیزەییی روحانیشیانەو ئەوەندەی لەتوانایدایە بەتەنگ پتەوترکردنی بەهاکانیانە، بەو مەبەستە هانی داون ئەو نوسینانە بخوێننەوە تاکو کەرەستەیەکی وایان لەبەر دەستدا بێ کە بەهۆیەوە بن بەسمبولی ئاکارو بەها روحانییەکان. هەوڵو کۆششەکانی لەم بوارەدا نیشانەی ئەوەن کەبیروباوەڕ پێویستی بەپشتیوانیو پتەوکردن هەیە چونکە نەیدەویست فاکتەرە ماددییەکانی گۆڕان وەك دەسەڵاتو خوشگوزەرانیو سامان، کەرۆڵیان بەبەرچاوییەوە رۆژ بەرۆژ کاریگەرتر دەبوو، بەسەر لایەنی روحانیی شوێنکەوتووەکانیدا زاڵ بن.

ئاشناییی شێخ لەگەڵ نوسینە فەلسەفییەکانی چەند فەیلەسەفو زانایەکی چاخی ناوەڕاست، دەرفەتمان دەداتێ بچینە سەر ئەو باوەڕەی کەشێخ لەبواری رۆشنبیریی فەلسەفیدا ئاستێکی بەرزی هەبوە. لەسەرێکی ترەوە، بەپێچەوانەی ئەم

---

[٦١] چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر عەبدولسەویر بارزانی لەسلێمانی لە ٢٥/ ٤/ ٢٠٠٧.

بۆچونەوە، سەعید دەیوەجیی مێژونوسی موسل کە لەماوەی ١٩١٢- ٢٠٠٠ ژیاوە، وێنەیەکی تەڵخمان سەبارەت بەئاستی رۆشنبیریی شێخ پێ دەبەخشێ. دیوەجی لەساڵی ١٩٨٩دا بەدکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانیی وتبوو کەئەو لەموسل چاوی بەشێخ ئەحمەد کەوتووەو لەرەوتی گفتوگۆدا بۆی دەرکەوتووە کەشێخ ئاستێکی رۆشنبیریی کرچ‌و کاڵی هەیە[٦٢]. دەشێ ئەم پێکەوە نەسازانە یەك هۆی هەبێ، ئەویش ئەوەیە کەشێخ ئەحمەدی پارێزگارو لەبێگانە خانەگومان‌و بێزار لەژیانی ئاوارەیی، خۆی لەگفتوگۆی قوڵ لەگەڵ دیوەجیدا دزیوەتەوەو زۆرتر بەتەنگ ئەوەوە بووە کە لێنەگەڕێ دیوەجی راو بۆچونەکانی بزانێ.

وردبونەوە لەڕاو بۆچونەکانی ئەو سێ کەسەی کەشێخ لایەنگرە خوێندەوارەکانی خۆی هانداوە نوسینەکانیان بخوێننەوە، دەرفەتی ئەوەمان دەداتێ کەڕاو بۆچونەکانی خودی شێخ تێبگەین. لەم تەگبیرەدا رێنماییەکانی شێخ بەرگێکی رۆشنتر لەخۆوە دەپێچن.

حەللاج لەسەردەمێکدا ژیاوە کەتێیدا ئازادیی بیروباوەڕ پارێزراو نەبووە. عەباسییەکان لێی بەگومان کەوتبون‌و پێیان وابو چۆتە سەر بیروباوەڕی ئیسماعیلی‌و پەیوەندیی لەگەڵ قرمتییەکاندا دامەزراندووە. ئەمەش هۆی راستەخۆی کوشتنی بوو[٦٣]. حەللاج بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کەجێگری ئیمامەو هەستیش بەوە دەکرا کەمیتۆدەکەی پەیوەندیی بەبیروباوەڕی دۆنادۆنەوە هەیە.[٦٤] ئەوی راستی بێ، حەللاج دەرهاوێشتەی تێکەڵەیەك بیروباوەڕی هیندی‌و فارسی‌و یۆنانی بوو کەماوەیەك پێش پەیدابونی، لەناوچەکەدا بڵاو ببونەوە. ئەبو یەزیدی بەستامی رێی بۆ دەرکەوتنی حەللاج خۆش کرد. بەم مانایە کاریگەریی بستامی لەسەر حەللاج زۆر بەهێزە چونکە بەستامی ئەوەی نەشاردۆتەوە کە لەمەسەلەی

---

[٦٢] الدكتور عبدالفتاح علي يحيى، الحياة الحزبية في الموصل ١٩٢٦- ١٩٥٨، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٣، ص ٣٧٨.

[٦٣] الدكتور كامل مصطفى الشيبي، الصلة بين التصوف والتشيع، المصدر السابق، ص ٣٦٩.

[٦٤] جواد علي، المهدي المنتظر عند الشيعة الاثني عشرية، ترجمة الدكتور ابو العيد دودو، منشورات الجمل، كولونيا (المانيا)، ٢٠٠٥، ص ١٣٧.

ناسینی خوادا، مەسەلەیەك كەتێیدا بەباسكردنی چەمكی توانەوە (فەنا) دەستی پێكردوە، شوێن پێی میتۆدی بیركردنەوەی یۆنانیی هەڵگرتۆتەوە[٦٥].

لەم سەروبەندەشدا موحیددین ئیبن عەرەبی لەسەدەی سیانزەهەمی زاینیدا فەلسەفەی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراند كەلاهوتو ناسوت دوو دیوی یەك راستین لەسەرانسەری گەردونداو خوا لەڕوخسارەكانی گەردوندا خۆی دەنوێنێ. ئەم تیۆرییە وا تەماشا كرا كەگوزارشت لەپرنسیپی بەرجەستەبونی فەلسەفەی ئیبن عەرەبی دەكا[٦٦]. لەكتێبەكەی "فتوحاتی مەككی"دا، ئیبن عەرەبی وا خۆی دەناسێنێ كەپەیامی ئامۆژگاریی لەخواوەندەوە بۆ خەڵكی پێیە[٦٧]. ئیبن عەرەبی لەریزی فەیلەسوفە موسڵمانەكاندا وا پۆلین كراوە كەیەكەم داهێنەری بیرۆكەی یەكپارچەییی بونە[٦٨]. بەلاّم ئەم بیرۆكەیە پێش ئیبن عەرەبی بەشێوەی جیاواز هەبوە، لەوانە بەشێوەی بەرجەستەبونو توانەوە (فەنا) لەناو یەزداندا.

بەلای ئیبن عەرەبییەوە، عاریف كەدەستەواژەیەكە بەو كەسە دەوترێ كەتوانای خۆ نزیك كردنەوەی لەخودی یەزدان هەیە، دەتوانێ بەو زانستە نهێنییانە بگا كەدەرفەتی تێگەیشتنی راستییە رەهاكەی پێ دەبەخشنو دەیگەیەننە قۆناغی توانەوە لەناو یەزداندا، واتە یەكگرتن لەگەڵ خوادا. ئیبن عەرەبی بەم چەشنە تێڕوانینی خوی كۆبەند دەكا كەعاریفەكان رێساكانی شەریعەت لەسەرچاوە رەسەنەكەوە وەردەگرن[٦٩]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كەعاریفەكان دەتوانن هەمو وێستگە راستی بەخشەكان فەرامۆش بكەن. گومان لەوەدا نیە كەئیبن عەرەبی وەك فەیلەسوف ئیسماعیلی بووەو لەم بارەیەوە گەورەی ئالموتی ئێران دەستوری پێداوە كەبچێ بۆ دیمەشق لەوێ بیروباوەڕی ئیسماعیلی بلاّو بكاتەوە[٧٠].

---

[٦٥] ابو يزيد البسطامي، المجموعة الصوفية الكاملة، تحقيق وتقديم قاسم محمد عباس، دار المدى للثقافة والنشر، الطبعة الثانية، دمشق، ٢٠٠٦، ص ٣٤ – ٣٥.

[٦٦] محمد عبدالحميد الحمد، اخوان الصفا والتوحيد العلوي، المصدر السابق، ص ١٩٧.

[٦٧] الدكتور نصر حامد ابو زيد، هكذا تكلم ابن عربي، المصدر السابق، ص ٨٠.

[٦٨] الدكتور كامل مصطفى الشيبي، الصلة بين التصوف والتشيع، المصدر السابق، ص ٣٧٦.

[٦٩] الدكتور نصر حامد ابو زيد، هكذا تكلم ابن عربي، المصدر السابق، ص ٣٧٦.

[٧٠] ابن عربي، كتاب المعرفة، المصدر السابق، ص ١٨ (المقدمة).

بەهەمان پێودانگ، مەولانا جەلالەددینی رومی (١٢٠٧- ١٢٧٣) بەشیعری فارسی گوزارشتی لەبیروباوەڕی سۆفیگەرانەی خۆی کردوە. رومی لەژێر کاریگەریی دەروێشێکی سۆفیی گەڕۆکدا بوو پێی دەوترا شەمسەددینی تەورێزی کە واتەواتی ئەوەی لەسەر بوو گوایە توانایەکی غەیبیی لەیەزدانەوە پێ بەخشراوە. شۆڕبونەوە بەناخ‌و مانای هۆنراوەکانی جەلالەددینی رومی ئەوەمان بۆ دەردەخا کەئەو هیچ توخمێکی تازەی نەخستۆتە سەر بیروباوەڕی سۆفیگەری‌و لەبیروباوەڕەکانیدا زۆرتر جەختی کردۆتە سەر مەسەلە سۆفیگەرییە کلاسیکییەکەی یەکگرتنی مرۆڤ لەگەڵ یەزدانداو بەشێوەی یەکگرتنی لاهوت‌و ناسوت گوزارشتی لەبیروباوەڕی یەکتاپەرستی کردووە[٧١].

لەئیسلامدا تەمومژییەکی زۆر بەسەر جیهانی روحانیدا زاڵە چونکە قورئان کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ گوزارشت لەرێنمایی‌یەکانی زاتی خوا دەکا، کەرەستەیەکی زۆری دەربارەی جیهانی روحانی بۆ موسڵمانان دابین نەکردوە. لەسۆنگەی خودی ئەم هۆیەوە، ناسینی روح‌و جیهانی روحانی دەچێتە چوارچێوەی زانستە نهێنییەکانەوە. لەکاتێکدا ئیسلامی سوننی لەبڕی زانستی رێپێدراو زیاتری داوا نەکرد، بیروباوەڕە سۆفیگەرەکان‌و ئەو بیروباوەڕانەی کە راو بۆچونەکانیان لەڕیشەی سۆفیگەرییەوە سەرچاوە دەگرێ، هیچ چوارچێوەیەکی دیاریکراویان بۆ زانین دانەناو وای بۆ چوون کەناواخنی قورئان، واتە مانا شاراوەکانی ناو دەقە پیرۆزەکان، زانستی سەرتاپاگیرو وەڵامی تێروتەسەلیان بۆ هەمو پرسیارەکانی مرۆڤ تێدایە.

بیروباوەڕی بارزانی پەراوێزێکی هەیە پەیوەندیی نێوان روح‌و جەستەو چارەنوسی روح پاش مردنی تێدا رون کراوەتەوە. وردبونەوە لەڕەگ‌و ریشەی بیروباوەڕی بارزانی دەشێ کەرەستەیەکی گونجاو بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییەك لەنێوان ئەو بیروباوەڕەو نێوان هەندێ بیروباوەڕی کۆنتر دابین بکات. پێش بارزانییەکان، زۆر بیروباوەڕ هەیە بانگەشەیان بۆ ئەوە کردوە کەگوایە زانیارییەکی دەوڵەمەندیان دەربارەی چارەنوسی روح پاش مردن چنگ کەوتوە. ئەگەرچی باوەڕهێنان

---

[٧١] لەم بارەیەوە بڕوانە: جان شو فليبي، التصوف والمتصوفة، المصدر السابق، ص ٦٦- ٧٠.

بەهەڵسوڕانی روح پاش مردن هەمیشە هاوتەریبە لەگەڵ بەرزکردنەوەی پێگەو بایەخی روح، بەڵام لێرە تەنها مەسەلەکە تەنها مەسەلەی بەرزکردنەوەی پێگەو بایەخ نیە. لەم سەروبەندەدا موشەعشەعییەکان لەتێڕوانینیاندا بۆ پەیوەندیی نێوان جەستەو روح، پێگەو بایەخی روحیان ئەوەندە بەرز راگرتووە کەپیرۆزیی ژیان لەلایان بۆتە چەمکێکی تۆکمەو سەقامگیر. بەپێی راو بۆچونەکانی سەید محەمەدی کوڕی فەلاحی موشەعشەعی لەکتێبەکەی "کەلامی مەهدی"دا، جەستە لەنشینگەو خزمەتکاری روح بەلاوە هیچی تر نیەو رەفتاری مرۆڤ زادەی روحە نەك جەستە. بەڵام ئەم رەفتارە تەنها لەرێی جەستەوە خۆی دەنوێنێ. بەم پێیە، جەستە دەمرێ‌و روح نامرێ چونکە پاش مردن لەش دەفەوتێ‌و روح لەو سۆنگەیەوە کەرەچەڵەکەکەی یەزدانییە، لەناو ناچێ‌و لەکاتێکی ترداو لەجەستەی تردا خۆی دەنوێنێ[٧٢].

راو بۆچونی موشەعشەعییەکان دەربارەی جیهانی پاش مردن لەسەر ئەم بیرۆکەیە دەگیرسێتەوە کەمەرگ تەنگ بەپیاوە گەورەکان هەڵناچنێ بەڵکو تەنها تەنگ بەکافرو بودەڵەو ئەو کەسانە هەڵدەچنێ کە لەخواوە دورن. پیاوە گەورەکان ئەو کەسانەن کەئاشنایی‌ی تەواویان لەگەڵ زانستە نهێنییەکاندا هەیەو لەم سۆنگەیەوە مردنی فیزیکیی ئەو کەسانە لەگەوهەردا سەرەتای ژیانێکی ترە. بەم مانایە، پیاوە گەورەکان وەك پێغەمبەرەکان زیندون. خودی ئەم بیرۆکەیە لەخوێندنگەی خورشیدیدا دەبینرێ کە لەناوەڕاستی شەستەکاندا لەنێو بارزانییەکاندا لەسەر دەستی خورشید، شاگردە زیرەکەکەی شێخ ئەحمەد، پەیدا بووە (بڕوانە خوێندنگەی خورشیدی).

بێگومان بەهیچ شێوەیەك چاوەڕوان نەدەکرا چەمکی گواستنەوەی روح لەجەستەیەکی روو لەمەرگەوە بۆ جەستەیەکی روو لەژیان چەمکێکی دابڕاو بێ چونکە ئەرکی کۆمەڵایەتیی چەمکەکە بەئاکاری جوان‌و دروستکردنی کۆمەڵێکی نمونەیی‌ی بێ خراپەو بێ بەدکارییەوە بەستراوەتەوە. ئەم تێڕوانینە لەم گۆشە

---

[٧٢] محمد علی رنجبر، مشعشعیان ماهیت فکری- اجتماعی وفرایند تحولات تاریخی، همان منبع، ص ٢٣٠- ٢٣٣.

نیگایەوە لەلای ئیخوانی سەفا زۆر رۆشنە. ئەدەبیاتی ئیخوانی سەفا ریزێکی زۆری بۆ روحو بێڕێزییەکی زۆری بۆ جەستە تێدایە. تێگەیشتنی ئیخوانی سەفا بۆ هەڵسوڕانی روح پاش مەرگ لەفیساگۆرسی یۆنانییەوە سەرچاوە دەگرێ. ستراکتۆری ئاکار لەبیروباوەڕی دۆنادۆن بەو جۆرەی کە لەلای فیساگۆرسدا هەیە، بۆ گەیشتن بەباڵاترین پلەی پێشکەوتنی روحانی مەرجێکی پێویستە چونکە بەلای فیساگۆرسەوە روحی خراپەکار دوای ئەوەی کەجەستە بەجێ دێڵێو بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ، ناتوانێ بچێتە ناو مەلەکوتی یەزدانەوە[٧٣]. بۆ خۆلادان لەم چارەنوسە تراژیدیاییەیە، دەبێ مرۆڤ لەژیاندا پەیوەندیی لەگەڵ دەوروبەری کۆمەڵایەتیی خۆیدا بەو جۆرە رێك بخات کەپاش مردنی توشی ئەو چارەنوسە ناخۆشە نەبێ. ئیخوانی سەفا لەنوسینەکانیاندا کە بە رەسائل (پەیامەکان) ناسراون، بەڵگەیان بۆ ئەوە هێناوەتەوە کەروح پاش ئەوەی کەجەستە بەجێ دێڵێ، نافەوتێ[٧٤]. لەناساندنی مردنیش رایان وایە کەمردن بەکار نەهێنانی لەشە لەلایەن روحەوە[٧٥].

دیاریکردنی تێڕوانینی بیروباوەڕی بارزانییەکان سەبارەت بەچەمکی تازەبونەوەی ژیان پاش مردن کارێکی دژوارە. بەڵام لەهەمان کاتدا ناتوانین ئەو سەرنجانە فەرامۆش بکەین کەئاماژە بۆ هەندێ چەمکی سەرەتاییی وا دەکەن کەدەشێ پاشماوەی بیروباوەڕی دۆنادۆن بن یاخود زۆر لەو بیروباوەڕەوە نزیکن. بەهەر حاڵ، هێشتا هەڵسوڕانێکی بەو ئەندازەیە رۆشن نەکەوتۆتە بەرچاو کەبەڵگەی هەوڵدانی شێخایەتی بێ بۆ بانگەشەکرن بۆ تێگەیشتنێکی رونو ئاشکرا سەبارەت بەدۆنادۆن. لەسەردەمی شێخ ئەحمەددا ئەم بابەتە بەنهێنی هێڵدرایەوە. لەم بارەیەوە خاڵێکی گرنگ هەیە کەناکرێ چاوپۆشیی لێ بکرێ، ئەویش ئەوەیە کەجوڵانەوەی خورشیدی کەجوڵانەوەیەکە بەشێوەیەکی بنچینەیی لەژێر سەرپەرشتیی شێخ ئەحمەد هاتە ئاراوەو پاش مردنی شێخ ئەحمەدیش هەر درێژەی بەهەڵسوڕانی خۆی دا، بانگەشەی بۆ هەندێ بۆچون کردوە کەدەتوانرێ بخرێنە

---

[٧٣] محمد عبدالحمید الحمد، اخوان الصفا والتوحید العلوي، المصدر السابق، ص ١١٨.

[٧٤] الدكتور صابر عبدة ابا زید محمد، فكرة الزمان عند اخوان الصفا (دراسة تحلیلیة مقارنة)، المصدر السابق، ص ٢٨٦- ٢٨٨.

[٧٥] هەمان سەرچاوە، ل ٤٣١.

خانەی ئەو بۆچونانەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەمەسەلەی ژیانی پاش مردنو هەڵسوڕانی روحەوە هەیە.

ئەم بابەتە لەلای کورد نامۆ نیە. ئێزیدییەکان کەگروپێکی کوردی ناموسڵمانن و ئەهلی هەق کە بەپێی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژییان دەکەونە دەرەوەی مەرجەکانی ناساندنیان وەك موسڵمانو هەروەها عەرەبە نوسەیرییەکانو دورزییەکانی لوبنانو سوریا، لەناو ستراکتۆری ئایدیۆلۆژیی خۆیاندا جێیەکیان بۆ بیروباوەڕی دۆنادۆن کردۆتەوە، بەڵام بارزانییەکان بەهیچ شێوەیەك باسی مەسەلەی دۆنادۆنیان نەکردوە.

ئەگەرچی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژیی بیروباوەڕی دورزییەکانو بارزانییەکان زۆر لێك نزیکن، بەڵام ناسینی بیروباوەڕی دۆنادۆن لەلایەن یەکێکیانو نەناسینی لەلایەن ئەوی ترەوە جیاوازییەکی زۆر لەستراکتۆری ئایدیۆلۆژی دروست ناکا. لێرە دەرفەت هەیە تێبینیی ئەوە بکەین کەداشکاندنی دورزییەکان بەلای ئاشکراکردنی بیروباوەڕی دۆنادۆن هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە. دورزییەکان لەکاتی ئاشکراکردنی بیروباوەڕی دۆنادۆندا ترسی چەوسانەوەیان نەبوو چونکە لەچاخی ناوەڕاستدا سیستمی سیاسیی جیهانی ئیسلام لەبەر یەك هەڵوەشاوو لێکترازاو بوو و ململانێو کێشمەکێشی نێوان خەلافەتی عەباسی لەبەغداو خەلافەتی فاتیمی لەقاهیرە لەوپەڕی توندوتیژیدا بوو. لەسەدەی رابردودا دورزییەکان تاکە گروپی لوبنان بون کەپەیوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ بارزانییەکاندا هەبوو و لەسەرەتای ساڵانی حەفتادا دۆستایەتییەکی بەهێز لەنێوان رابەری کورد مەلا مستەفا بارزانیو رابەری دورزییەکان کەمال جونبولات هەبو.

لەهەردو کتێبە بەنرخەکەیدا، واتە "بارزانو بزوتنەوەی هۆشیاریی نەتەوەییی کورد ١٨٢٦- ١٩١٤" کەساڵی ١٩٨٠ دەرچوەو" بەرهەڵستی کردنی داگیرکاری لەلایەن کوردەوە ١٩١٤- ١٩٥٨" کەساڵی ٢٠٠٢ دەرچووە، لێکۆڵیار ئەیوب بارزانی، شارەزا لەبواری مێژوی بزوتنەوەی بارزانی، ناچێتە سەر باسکردنی بیروباوەڕی دۆنادۆن. بەڵام کتێبەکەی دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، کەساڵی ١٩٩٥ لەستۆکهۆڵم پەخش کراوە، ئاماژەی رونی بۆ بیروباوەڕی دۆنادۆن لەخوێندنگەی خورشیدی تێدایە. ئەم کتێبە لەناوەڕۆکدا تۆمارکردنی هەندێ سەرنجو تێبینییە

دەربارەی ژیانو گوزەرانی بارزانییەکان کەنوسەر لەسالآنی ١٩٧١- ١٩٧٣، کاتێك مامۆستا بوو لەیەکێ لەگوندەکانی بارزان، خستویەتییە سەر کاغەز. نوسەر بەجۆرە باسی ئەو بیست مانگە دەکا کە لەوێی گوزەراندووە "ژیانی رۆژانە لەبارزاندا ئاسان نەبو، بەڵام بوارێکی زۆر بەنرخ بوو بۆ لێکۆڵینەوە، منیش ئەم دەرفەتەم لەدەست نەدا[٧٦]". جگە لەم دوو کتێبە، کتێبێکی ماڵخان شێروانی هەیە بەناونیشانی "بارزانو رەچەڵەکی بارزانییان" کەساڵی ١٩٩٤ لەلەندەن بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی گرنگی بۆ هەمان بابەت لەخۆ گرتووە بەڵام ئەم کتێبە لەزانیارییەکانیدا سەبارەت بەخوێندنگەی خورشیدی پشت بەکتێبەکەی دکتۆر غەفور دەبەستێ.

بیروباوەڕی دۆنادۆن لەهەمو بیروباوەڕە ئیسلامییە ناواخنگەراکاندا، بیروباوەڕی دورزییەکانی لێ بترازێ، وەك بیروباوەڕێکی نهێنی ماوەتەوە. ئەگەرچی ئەم بیروباوەڕانە دان بەوەدا نانێن کەچەمکی دۆنادۆن لەدەرەوە بۆیان هاتوەو دەڵێن دەقە پیرۆزەکان ئاماژەیان بۆ قۆناغی پێش گەڕانەوەی روح بۆ یەزدانی پەروەردگار تێدایەو ئەو ئاماژانە تەنها زاناکان سەرو دەریان لێ دەردەکەن، بەڵام ئیسلامی دور لەکاریگەریی فەلسەفە هەمیشە پێی لەسەر ئەو رایە داگرتووە کەدۆنادۆن بیروباوەڕێکە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیی بەستراکتۆری ئایدیۆلۆژیی ئیسلامەوە نیە. موسڵمانە کلاسیکییەکان بەردەوام وایان نیشانداوە کەدۆنادۆن پرنسیپێکە لەگەڵ پرنسیپی قیامەتدا وێك نایەتەوەو بەم پێودانگە پاکانەیان بۆ رەتکردنەوەی دۆنادۆن کردوە کەگوایە ئەم بیروباوەڕە لەگەڵ یەکێ لەگرنگترین بنەماکانی ئیسلامدا ناگونجێ.

لێرەدا تێکەڵو پێکەڵییەك لەبابەتەکاندا هەیە. ئەو دۆنادۆنەی کە لەگەڵ پرنسیپی قیامەتدا وێك نایەتەوە، ئەو دۆنادۆنەیە کەخاوێن بونەوەی روح لەڕیزە ژیانێکی یەك لەدوای یەکدا دەکاتە ئالتەرناتیڤی قیامەت. بونی دۆنادۆن بەتەنها، باوەڕی رۆژی قیامەت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەڵناوەشێنێتەوە. ئەمە بەوردی هەم لەفەلسەفەی فیساگۆرسی یۆنانیدا دەردەکەوێ، هەم لەبیروباوەڕی ئێزدییاتیو

[٧٦] دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، بارزانم چۆن دیت، سەرچاوەی پێشو، ل ٥.

هەم لەبیروباوەڕەکانی ئەهلی هەق‌و دورزییەکاندا کەهەر هەمویان بیروباوەڕی دۆنادۆن‌و بیروباوەڕی ڕۆژی قیامەت پێکەوە گرێ دەدەن. دۆنادۆنێك کەبیروباوەڕە ناواخنگەرا سوفییەکان لەئیسلامدا بانگەشەیان بۆ کردوە، بیروباوەڕی دۆنادۆن‌و بیروباوەڕی ڕۆژی قیامەت لێك دانابڕێ، چونکە فەلسەفە ناواخنگەراکان سەرەڕای ئەوەی کە لەژێر تەوژمی بیروباوەڕەکانی تردان، زۆر بەتەنگ ئەوەوەن کەفەلسەفە بەجۆرێك بژار بکەن کەشتێکی وای تێدا نەبێ ببێتە مایەی شێواندنی پەیوەندییان لەگەڵ ڕێسا بنەڕەتییەکانی ئیسلامداو ئەوەندەی لەتوانایاندا بووە ویستویانە پەیوەندییەکی ساغڵەم‌و بەردەوام لەگەڵ دەوروبەری موسڵمانی خۆیاندا دروست بکەن. بەم پێیە، گونجاندن‌و سازاندن ئامانجی ئەم هەوڵ‌و کۆششانە بووە. بەجۆرە، بەلای ئەو فەلسەفانەوە چەمکەکانی پیرۆزیی ژیان‌و نەمریی ڕوح‌و خۆنواندنەوەی لەچەند ژیانێکدا قیامەت هەڵناوەشێنێتەوەو لەسەرەنجامی کۆتاییدا ڕوحەکان دوای ئەوەی کەخۆیان لەخراپە پاك دەکەنەوە، دەرفەتی گەڕانەوەیان بۆ جیهانی ڕوحانی بۆ دەرەخسێ. تەنانەت لەئاینەکانی هیندستانیش، ئاینی برەهمایی لەپاڵ ئەوەی کەباوەڕی بەگواستنەوەی ڕوحە لەجەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر، باوەڕی بە بەهەشت‌و دۆزەخیشەو بەپێی یاسای کارما پێی وایە پاش مردنی لەش‌و پاش ماوەیەك مانەوە لەبەهەشت یان لەدۆزەخدا، ڕوح لەسەر ئاستێکی باڵاتر یان نزمتر دەگەڕێتەوە بۆ ژیان[٧٧]. لەم ستراکتۆرەدا واژەی "کارما" بەمانای کار یان کردەوە دێ[٧٨]، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بۆ کاریگەریی کردەوەکانی ژیانی مرۆڤ لەسەر چارەنوسی ڕوح پاش مردن.

مەراقی گەڕان بەدوای باڵاترین واتای خاوێنیدا ڕوخساری زاڵی ئەو شیکردنەوانەیە. بەم پێیە، بیروباوەڕی دۆنادۆن بنەمای تازەی لەستراکتۆری ئاکاری ئەو فەلسەفانەدا جێگیر کردو کەوتە جەخت کردن لەسەر پاکیزەیی چونکە ڕوحە خراپەکان ناتوانن بەگوناهەوە بگەڕێنەوە بۆ لای یەزدان‌و بەم پێیە بۆ ئەوەی

[٧٧] جي. ب. اسمونسن وأخرون، فاتحة انتشار المسيحية في الشرق، ترجمة جرجيس فتح الله، دار ادي شير للنشر والاعلام، اربيل، ٢٠٠٥، ص ٣٦٩- ٣٧٠.

[٧٨] سيبل شاتوك، ايين هندو، ترجمه محمد رضا بديعى، مؤسسه انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٨٠، ص ٤٨.

بگەڕێنەوە دەبێ خۆیان پاك بکەنەوە. بێگومان ئەمەش پێویست بەوە دەکا کەئەزمونی ژیان دوبارە بکەنەوە بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ئاستەی پاکیزەیی کەتێدا مۆڵەتیان دەدرێ بچنە ناو جیهانی پاکی روحانییەوە.

چەمکی دۆنادۆن لەچوارچێوەی ئەو تێڕوانینەی کەنمایش کرا، بەشێکی ئەو پلانە پێکدێنێ کەئامانجەکەی پتەوکردنی پێگەی ستراکتۆری ئاکارە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دۆنادۆن وەك بەشێکی ئەو زانستە نهێنییانە دەمێنێتەوە کەزۆرترینی بەشێوەیەکی سەرزارەکی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە. لێرە روبەڕوی کێشە دێرینەکە دەبینەوە، ئەویش ئەوەیە کەزانستی نهێنی خۆی لەخوێدا بۆ خەڵکانی رەشۆکی نیە، بەڵکو بۆ ئەو دەستەبژێرانەیە کەزۆر بەوردیو بەوپەڕی وریاییەوە لەنێو هەزاران کەس هەڵدەبژێردرێن. ئەمەیە هۆی بونی دوو ئاستی زانین لەناو ئەو گروپانەدا کە لەپێکهاتەی ئایدیۆلۆژیی ناواخنگەرادا پشت ئەستورن بەزانستی نهێنی: ئاستێکی گشتی کەڕێژەیەکی ڕێپێدراوی زانستی نهێنی دەگرێتە خۆ کەبلاوبونەوەو ئاشکرابونی هیچ گێچەڵێك نانێتەوەو گروپەکە دوچاری هیچ مەترسییەك ناکاتەوەو ئاستێکی تایبەت کەکاکڵە گرنگو بنچینەییو بەبایەخەکانی زانستە نهێنییەکان قۆرخ دەکات

هیچ گومان لەوەدا نیە کەبیروباوەڕی بارزانییەکان پشتی بەزانستی نهێنیی سەرزارەکیو نەنوسراو بەستوە کە شێخەکان بەقۆرخکراوی پاراستویانە. ئەم دیاردەیە لەناو هەمو بیروباوەڕە ناواخنگەراکاندا دەبینرێ. لەکاتێکدا ئەم مەسەلەیە وەك مەسەلەیەکی بەڵگەنەویست دەخەینە بەر دەست، دەبێ لەناو بارزانییەکاندا بەدوای تیمی هەڵبژێردراوەکاندا بگەڕێین چونکە زانستی نهێنی بەبێ تیمی هەڵبژێردراو هەڵناسورێ.

کتێبەکەی ئەیوب بارزانی کەبۆ باسکرنی خەباتی کورد لەماوەی نێوان ١٩١٤- ١٩٥٨ تەرخان کراوە، دوو ئاماژەی ناڕاستەوخۆی بۆ بونی تیمی هەڵبژێردراوەکان لەشێخایەتیی بارزان تێدایە. تیمی یەکەمیان لەدەیەی دووەمی سەدەی رابردوو پەیدا بووەو لەسەر دەستی شێخ عەبدولسەلامی دووەم پەروەردە کراوەو دووەمیان لەکۆتاییی چلەکان یان سەرەتای پەنجاکاندا پەیدا بووەو لەسەر دەستی شێخ ئەحمەد بارزانی پەروەردە کراوە.

تا سەرەتای سالانی بیستی سەدەی رابردوو شێخ ئەحمەد گرنگترین کەسی شێخایەتییەکە نەبوو. گرنگترین کەس لەو سەردەمەدا مەلا عەبدولڕەحمان بوو کە لەناو لایەنگرەکانی بەمەلای مەلا مەحمود ناسراوە. لەو سۆنگەیەشەوە کەماوەی نێوان ١٩٢٠و ١٩٢٦ ماوەی ئاشتییەکی ریژەیی بووە، شێخایەتی دەرفەتی هەبو ئەو ماوەیە بۆ تۆکمەکردنی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژیی خۆی تەرخان بکات. دیارە ئامانجەکانی ئەو کاتەی کۆششی کۆمەڵایەتی بەرابەرایەتیی مەلا عەبدولڕەحمان زۆرتر جەختی کردۆتە سەر داکوتاندنی ریشەی بەها ئایدیۆلۆژییەکان لەسەردەمێکدا کەچاوەڕێی گۆڕانی گەورەی لێ دەکرا. ئەیوب بارزانی مەلا عەبدولڕەحمان بەرابەر یان بەرێ پیشاندەر ناو دەبا[٧٩] کەئەمەش ئاوەڵناوێکە بەخۆڕایی بەکەس نادرێو لەڕوی ئاینییەوە پێداهەڵگوتنێکە تەنها لەشایستەکان دەوەشێتەوە. ئەگەر ئاستی زانیاریی مەلا عەبدولڕەحمان هەڵبسەنگێنرێ، ئەوا دەبێ لەئاستێکی بەرزدا دابنرێ. ئەو پرسیارەی کەلێرە دێتە پێش ئەوەیە کەئاخۆ زانیاریی مەلا عەبدولڕەحمان لەچییەوە سەرچاوە دەگرێ؟

لێرە وەڵامێکی راستەوخۆمان چنگ ناکەوێ بەڵام ئەوەی کەئەیوب بارزانی دەیڵێ کەگوایە مەلا عەبدولڕەحمان لەشوێنی شێخ عەبدولسەلامی دووەم دادەنیشت[٨٠]، دەشێ ببێ بەوەڵامی پرسیارەکە. ئەگەر مەلا عەبدولڕەحمان گەیشتبێتە ئەو ئاستەی کەشایستەی دانیشتن بێ لەشوێنی عەبدولسەلامی دووەم، تاکە لۆجێکی گونجاو ئەوەیە کەشەرعیەتەکەی لەخودی شێخ عەبدولسەلامەوە سەرچاوەی گرتووەو لەسەرەنجامدا زانیارییەکانیشی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەوەوە وەرگیراون.

لەتەواوی شێخایەتییەکاندا ئامانجی رێ نیشاندان کەگرنگترین کۆڵەکەی تۆکمەیی ئایدیۆلۆژی پێکدێنێ، پتەوکردنی ستراکتۆرە ئایدۆلۆژییەکانە. ئەم ئەرکە چەند سەختو دژوار بێ، بۆ گورجو گۆڵو چالاکوانەکان قورس نابێ. ئەگەرچی مەلا عەبدولڕەحمان لەڕوی ئاستی زانیارییەوەو لەڕوی پێگەی بەرزی

---

[٧٩] ایوب بارزاني، المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤- ١٩٥٨، المصدر السابق، ص ٥٧.

[٨٠] هەمان سەرچاوە، ل ٧٠.

کۆمەڵایەتییەوە، پلەو پایەی بەرزی هەبوە، بەتایبەتی لەو روانگەیەوە کەکوڕەزای شێخ عەبدولڕەحمانی یەکەم شێخی شێخایەتیی بارزانە، بەڵام شێخ عەبدولسەلامی دووەم، سەرەڕای ئەوەی کەرێزو پێزانینێکی زۆری بۆ هەبووە، لەپاش خۆی شێخایەتییەکەی پێ نەسپارد، بەڵکو شێخایەتیی بەو ئەحمەدە سپارد کە لەپاش شێخ عەبدولسەلامی دووەم، دەبێ بەپێنجەم شێخی بارزان.

پەیوەندیی نێوان ئەحمەدو مەلا عەبدولڕەحمان نیشانی دەدا کەئەحمەد لەشێخ عەبدولسەلامی برای کەمتر رێزی لەمەلا عەبدولڕەحمان نەگرتوە. ئەگەر مەلا عەبدولڕەحمان زانستی لەشێخ عەبدولسەلام وەرگرتبێ، دەبێ ئەحمەدیش، کەپاش شێخ عەبدولسەلام شێخایەتیی بۆ مایەوە، زانستی لەهەمان چاوگ وەرگرتبێ‌و ئەگەر پەیوەندیی نێوان شێخ عەبدولسەلامی دووەمو مەلا عەبدولڕەحمان بەرگی پەیوەندیی نێوان مامۆستاو شاگردێکی زیرەکی لەخۆوە پێچابێ، ئەوا پەیوەندیی نێوان شێخ ئەحمەدو مەلا عەبدولڕەحمان ئەو بەرگەی لەخۆوە نەپێچاوە چونکە ئەحمەد مامۆستای مەلا عەبدولڕەحمان نەبوە. لەئاکامدا، دەردەکەوێ کەهەردوکیان لەیەك سەرچاوە ئاویان خواردۆتەوە.

شێخ عەبدولسەلام ئەوەندە لەئاینپەرستیی مەلا عەبدولڕەحمان دڵنیا بوو، داوای لێ کرد ئاگای لەئەحمەد بێ کاتێك ئەحمەد لێپرسراوەتیی شێخایەتییەکە دەگرێتە ئەستۆ. مەلا عەبدولڕەحمان ئەمەی بەئاسایی وەرگرت‌و تا دوایین رۆژی ژیانی، رێزی وەسێتنامەکەی گرت. ئەوەی کەئەیوب بارزانی دەیگێڕێتەوە کەگوایە مەلا عەبدولڕەحمان سێ براکەی شێخ ئەحمەدی لەمزگەوت گل داوەتەوەو ویستویەتی فێری بنەماکانی بیروباوەڕیان بکا، مانایەکی زۆری هەیەو ئەوە نیشان دەدا کەمەلا تا چ ئەندازەیەك لەشێخایەتییەکە دەستی رۆیبوەو تا چ ئەندازەیەکیش متمانەی شێخ ئەحمەدی بەدەست هێناوە.

خاڵی شایستەی تێڕامان ئەوەیە کەئەرکی رێنمایی لەبنەڕەتدا ئەرکی مەلا عەبدولڕەحمان نەبوە بەڵکو ئەرکی شێخ ئەحمەد بووە. مەلا عەبدولڕەحمان لەو روانگەیەوە کەشاگردێکی زیرەك بووەو گوێڕایەڵی رێنماییەکانی شێخ عەبدولسەلام بووە، لەسەردەمی شێخ عەبدولسەلامدا ئەرکی رێنمایی پێ سپێردراوە بەڵام لەو کاتەدا بەقەد سەردەمی شێخایەتیی شێخ ئەحمەد دەستی

نەڕۆییوە. بەشێوەیەکی گشتی، ئەو ڕێزەی کەشێخ عەبدولسەلام بۆ مەلا عەبدولڕەحمانی هەبوو، ڕێزی مامۆستایەك بوو بۆ شاگردێکی زیرەك، لەکاتێکدا ڕێزی شێخ ئەحمەد بۆ مەلا عەبدولڕەحمان ڕێزی مامۆستایەك بۆ شاگردێکی ژیر نیە، چونکە مەلا عەبدولڕەحمان زانستی لەشێخ ئەحمەد وەرنەگرتوە. بەلاّم پێ سپاردنی ئەرکی ڕێنمایی‌و دورکەوتنەوەی شێخ ئەحمەد لەم ئەرکە، بەو مانایە دێ کەشێخ ئەحمەد بەسەر هەمو تەگەرە تەکنیکییەکاندا بازی داوەو بەبێ گوێدانە ئەوەی کەپلەی مەلا عەبدولڕەحمان لەڕیزبەندیی ئاینیدا لەپلەی مەلا تێناپەڕێ، لێی ڕابینیوە بتوانێ پلە ئاینییە نزمەکەی خۆی تێپەڕێنێ‌و ئەو ئەرکانە بگرێتە ئەستۆ کەتەنها شێخەکان دەرەقەتیان دێن. بالاّدەستیی مەلا عەبدولڕەحمان بالاّدەستییەکی رون‌و دیارە. شێخ ئەحمەد کەتازە رابەڕایەتیی وەرگرتبو، چەند جارێك ئامادەیی‌ی ئەوەی دەربڕی کەشێخایەتییەکە بۆ مەلا عەبدولڕەحمان بەجێ بێلێ بەلاّم هەمو جار مەلا رەتی دەکردەوە[٨١]. شارەزایی‌ی مەلا لەبواری ئایندا شێخ عەبدولسەلامی هاندا داوای لێ بکا ئاگای لەشێخ ئەحمەد بێ‌و پشتگیریی بکا.

بەلاّم بالاّدەستیی مەلا عەبدولڕەحمان لەبواری ئایندا تەنها هۆیەکی روکەشی پتەویی پەیوەندیی نێوان ئەوو شێخ ئەحمەدە. هۆیە راستەقینەکە ئەوەیە کەشێخ عەبدولسەلام تەواوی زانستە نهێنییەکانی خۆی بۆ مەلا عەبدولڕەحمان گواستۆتەوەو لەنێو هەمو لایەنگرەکانی، هەر یەك لەمەلا عەبدولڕەحمان‌و ئەحمەدی هەڵبژاردوە. شێخ عەبدولسەلام دوای ئەوەی کەزانستەکانی بۆ مەلا عەبدولڕەحمان گواستەوە، لەبەر رەوشی پەیوەندیی گرژی لەگەڵ عوسمانییەکانداو لەسۆنگەی گێرمەو کێشەی رۆژگارەوە بۆی نەلوا تەواوی زانستەکانی خۆی بۆ ئەحمەد بگوێزێتەوە، بۆیە داوای لەمەلا عەبدولڕەحمان کرد ئەم ئەرکە لەباتی ئەو جێبەجێ بکات.

ئەیوب بارزانی باسی گروپێك دەکا ناوی ناوە "گروپە نهێنییەکە" کەپەیوەندییەکی بەهێز ئەندامەکانی گرێداوەو هەر هەموشیان یەك رۆشنبیریی

---

[٨١] هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.

روحانییان هەبووە. ئەم گروپە پاش لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی دووەمو پەرێشانبونی ژیانی گشتیی شێخایەتییەکە، بەڕابەرایەتیی مەلا عەبدولڕەحمان کەوتە کۆشش بۆ زیندوکردنەوەی شێخایەتیو بەشێوەیەکی نهێنی چالاکیی نواند. چەندین جار شێخ ئەحمەدو مەلا عەبدولڕەحمان لەچیای شیرینو هاوینە هەوارەکانی دەرەوەی بارزان بەنهێنی کۆبونەوەیان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد[82]. بەجۆرە، پەیوەندیی بەهێزی نێوان شێخ ئەحمەدو مەلا عەبدولڕەحمان بەرگی پەیوەندیی نێوان شاگردو مامۆستای لەخۆوە پێچا. لەم گۆشە نیگایەوە شێخ ئەحمەد کەپلە ئاینییەکەی لەپلەی ئاینیی مەلا بەرزترە، زۆربەی زانستە نهێنییەکانی لەمەلا عەبدولڕەحمان وەرگرت کەپلە ئاینییەکەی لەپلەی شێخ نزمترەو پەیوەندییەکە بەڕادەیەك بەتۆکمەیی مایەوە کەدوای ئەوەی مەلا عەبدولڕەحمان لەساڵی ١٩٢٧دا کوژرا، شێخ ئەحمەد لەخەفەتان زستانی ئەو ساڵەی لەدەرەوەی بارزان بردە سەرو بۆ ماوەیەکی دورو درێژ شێخایەتیی نەکرد.

شێخ ئەحمەد کە لەساڵانی چلەکاندا لەزینندانی بەسرە گیرا بوو، لەوە نیگەرانو پەرێشان بوو کەبارزانییەکان یەکپارچەییو تۆکمەییی خۆیان لەدەست بدەن. نێگەرانییەکەشی بەخوتوخۆڕایی نەبو. بۆیە لەزینداندا پلانێکی بۆ پاراستنی خاوێنیی بیروباوەڕی شوێنکەوتووەکانیو یارمەتیدانیان بۆ خۆڕاگرتن دانا. بەجۆرە، حەڤدە کەسی هەڵبژارد کەلێی رادەبینین بتوانن بەرپەرچی داهێزرانو داخورانی بەها روحانییەکان بدەنەوەو داوای لێ کردن لەناوچەکاندا لەناو بارزانییەکاندا کار بکەن. ئەم حەڤدە کەسە کەئەیوب بارزانی بە "کادیرانی تەریقەت"[83] ناویان دێنێ، لێبڕاوانەو بێ کۆڵدان کەوتنە بەرزکردنەوەی ورەی بارزانییە بێئومێدەکانو لەڕوی سایکۆلۆژییەوە کاریگەریی قوڵیان لەسەر بەجێ هێشتن. بۆ بارزانییە ئاوارەکانیش، شێخ ئەحمەد یەکێ لەبەتواناترین شوێنکەوتووەکانی، خورشیدی خوشکەزای، راسپارد لەناویاندا کار بکا. خورشیدو هەمو ئەوانی تر، بۆ ریشەکێش کردنی گیانی بێهودەیی بێهیواییو لەناخی شوێنکەوتووەکان درێغییان لەهیچ هەوڵو کۆششێك نەکرد.

---

[82] هەمان سەرچاوە، ل ٣٩- ٤٠.

[83] هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٥.

ئەو دەستەیەی کەشێخ ئەحمەد زۆر لەدەسەڵاتەکانی خۆی بۆ ڕێنمایی کردنی بارزانییەکان پێ بەخشی، ئەندامەکانی زۆر بەوردی هەڵبژێردران‌و دواتر لەنێو ئەوانەشدا شێخ ئەو کەسەی هەڵبژارد کە بەشایستەی زانی زانیارییە روحانییەکانی بۆ بگوێزێتەوە.

شێخ ئەحمەد ساڵانی کۆتایی‌ی تەمەنی بۆ تۆکمەکردنی بەها روحانییەکانی شوێنکەوتووەکانی تەرخان کردو لەو ماوەیەدا بیرۆکەی دیاریکردنی جێنشینێکی شیاو بۆ رابەرایەتی کردنی شێخایەتییەکە لەکەللەی دابوو. لەم ڕووەوە پەی بەوە بردبوو کەدیاریکردنی ئەو کەسەی جێی دەگرێتەوە شتێکی ئاسان نیە چونکە شێخی ئایندەی بارزان ڕوبەڕوی چەردەیەك گرفت دەبێتەوە کە لەمەوبەر ڕوبەڕوی هیچ شێخێکی بارزان نەبونەتەوە.

لەڕاستیدا لەم بوارەدا سێ تەگەرە هەبوو. یەکەمیان تەگەرەیەکی گشتی بوو، پەیوەندیی بەو گۆڕانکارییانەوە هەبو کەبەسەر ژیانی گشتیدا هاتبون‌و هیچ کۆمەڵگایەك چەند پتەوو تۆکمەو دابڕاو بێ ناتوانێ بەرپەرچی تەوژمی دەرەکیی بەگوڕو بەهێزی گۆڕان بداتەوەو ناتوانێ لەبەردەم هاتنی بەهای نامۆی نەگونجاو لەگەڵ بەها دێرینەکاندا بەربەست پێك بێنێ. لێرە فاکتەرە دەرەکییەکان گوزارشتێکی مێژوویین لەپوکانەوەی بناغەکانی پارێزگاری. لەو قۆناغەدا شێخایەتی ڕوبەڕوی گۆڕانێکی زۆر ببۆوە. ئەم شێخایەتییە بەری ڕەنجی بنەماڵەیەکە کە لەهەوڵەکانیدا بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی پشت ئەستور بووە بەپتەویی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژی‌و هەمیشە سەرقاڵی پێداگرتن بووە لەسەر بەهاکانی پاکیی روحانییەت‌و هیچ کات مۆدێرنێزە یەکێ لەئامانجەکانی پێك نەهێناوە.

لەو قۆناغەدا شێخایەتی پێی نایە ناو سەردەمی لێکترازانی کۆمەڵایەتی کەئەمەش دیاردەیەك بوو شێخایەتی لەکۆنەوە هەوڵی دابو خۆی لێ لابدا چونکە پێی وابو بیروباوەڕەکەی زۆرتر پشت بە بەهاکانی یەکسانیی کۆمەڵایەتی دەبەستێ‌و زۆرتر پشتیوانی لەکۆمەڵگایەك دەکا کەهیچ بوارێك تێیدا بۆ دەرکەوتنی جیاوازیی چینایەتی نیە یاخود لانی کەم جیاوازییە چینایەتییەکانی بەو ئەندازەیە توندوتیژ نین. شێخ ئەحمەد لەو بڕوایەدا بوو کەچیتر ئاسان نیە لەناو

شێخایەتییەکەیدا تەگەرە لەپەیدابونی بەرژەوەندیی ماددی بدرێ‌و لەم چوارچێوەیەدا پاراستنی شێوەی ژیانی هەرەوەزی بەئەرکی خۆی دەزانی.

بەڵام کەس نازانێ شێخ تا چ ئەندازەیەك باوەڕی بەوە هەبوە کەدەتوانێ بەها رەسەنەکان بپارێزێ چونکە لەو جیهانەی تێیدا دەژیا، پەیتا پەیتا سامان‌و دەسەڵات‌و بەرژەوەندیی خۆپەرستانە جێی بەهاکانی برایەتی‌و خۆشەویستییان دەگرتەوە. هیچ گومانێك لەوەدا نیە کەشێخ هەمو هەوڵی خۆی بۆ رێگرتن لەنەمانی ئەو بەهایانە خستە گەڕو ئومێدێکی زۆری لەسەر ئەوە هەڵچنی کەشێخایەتی نەکەوێتە داوی پاشاگەردانییەوە.

بەڵام ئەمە تاکە تەگەرەی بەردەمی پلانەکانی نەبوو. ئەو هەلومەرجەی روبەڕوی بۆوە، لەگەوهەردا لەهەمو ئەو هەلومەرجانە جیاواز بوو کەروبەڕوی شێخەکانی پێش خۆی ببۆوە. لەو قۆناغەدا، بەتەنیشت سەرکردایەتیی روحانییەوە، سەرکردایەتیی سیاسی پەیدا ببوو کەخۆی لەمەلا مستەفادا دەبینییەوە، کەسێك کە لەرەوتی خەباتی نیشتمانیدا ببو بەڕابەرێکی نەتەوەیی‌و توانیبوی لەدەشتڕۆیشتوییدا دەسەڵاتی شێخ ئەحمەد تێپەڕێنێ چونکە شێخ ئەحمەد ناوچەی بارزانییەکانی لێ دەرچێ لەهیچ شوێنێکی تردا دەستی نەدەڕۆیی.

ئەوی راستی بێ، لەو قۆناغەدا هیچ ململانێیەك لەنێوان دەسەڵاتی ئاینی‌و دەسەڵاتی سیاسیدا نابینرێ چونکە شێخ ئەحمەد نەیدەویست دەسەڵاتی سیاسی لەمەلا مستەفا بسەنێتەوە، مەلا مستەفاش بەنۆرەی خۆی مرخی لەپێگە ئاینییەکەی شێخ ئەحمەد خۆش نەکردبو. ئەگەرچی لەنێوان هەردو سەرکردایەتیی سیاسی‌و روحانیدا هەماهەنگییەکی تەواو لەدەربڕینی هەڵوێستدا نەبوو، بەڵام هیچ لایەك لایەنەکەی تری بەنەیار دانەدەنا.

بەکردەوە، پەرەسەندنی رۆڵی سەرکردایەتیی سیاسی لەژیانی گشتیدا کاریگەریی لەسەر ژیانی بارزانییەکان هەبو. ئەگەرچی سەرکردایەتیی سیاسی گوێی نەدەدایە پەرەسەندن‌و پاشەکشەی دەسەڵاتی شێخ ئەحمەد، بەڵام بەبایەخێکی زۆرەوە دەیڕوانییە چارەنوسی شێخایەتی پاش کۆچی دوایی‌ی شێخ ئەحمەدو لەکەشوهەوایەکی وادا دەبوایە شێخ ئەحمەد زۆر بەوریایی پلانەکانی خۆی بەڕێوە ببا.

جگە لەم دوو تەگەرەیەو سەرەڕای ئەوەی کەشێخ ئەحمەد لەڕەفتارو هەڵسوکەوتدا بەهێزو دەستڕۆیشتوو بوو، بەڵام ئەو هێزو دەستڕۆیشتنەی نەدەگەیشتە رادەی فەرامۆش کردنی راو بۆچونی کوڕەکانی کەدیارە نەیاندەویست شێخایەتییەکەیان لەدەست دەرچێ.

هەمو ئەم تەگەرانە بونە مایەی قورس کردنی هەوڵەکانی شێخ بۆ دەستنیشان کردنی کەسێك لەپاش خۆی بۆ جێ گرتنەوەی لەشێخایەتیدا. ئەو مەرجانەی ئەو بۆ دیاریکردنی شیاوترین کەس بۆ جێ گرتنەوەی داینابون، هەڵقولاوی تێگەیشتنێکی ورد بون لەئامانجە مێژوییەکانی شێخایەتیو لەم بارەیەوە وای بۆ دەچو کەدەبێ مەرجە ئایدیۆلۆژییەکان لەپێشی پێشەوە بن.

لەژێر گوشاری ئەم هەمو فاکتەرەدا، شێخ ئەحمەد بەلای ئەوەدا دایشکاند کەبایەخێکی تایبەت بەخورشیدی خوشکەزای بدا. هەڵسوکەوتی شێخ لەو قۆناغەدا هەندێ ئاماژەی بۆ ئەوە تێدایە کە بەکردەوە هەوڵیداوە خورشید بۆ جێ نشینیی خۆی ئامادە بکاو لەم سەروبەندەدا هەمو زانستە روحانییەکانی بۆ گواستۆتەوەو بەو چەشنە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردووە کەشیاوی ئەوەیە ببێ بەشەشەم شێخی بارزان.

ئەگەرچی کەمترین گومان لەوەدا نیە کەخوێندنگەی خورشیدی درێژەپێدانی خوێندنگەی شێخ ئەحمەدەو بەشێوەیەکی سەرەکیش لەسەر دەستی شێخ ئەحمەد دامەزراوە، بەڵام رەواییی ئەم خوێندنگەیە لەسۆنگەی چەند هۆیەکەوە هەمیشە مایەی توانج تێگرتن بووە. مایەی تێڕامانە کەئەو خوێندنگەیەی کەشێخ ئەحمەد دەیویست گوزارشت لەبەردەوامیی بیروباوەڕەکانی بکات، هەرگیز کۆدەنگیی پێویستی بەدەست نەهێناوە.

ساڵی ١٩٦٩ شێخ ئەحمەد کۆچی دوایی کرد بەڵام هەمیشە وەك سمبولی ویژدانو دڵو دەرونی ئەو شێخایەتییە مایەوە کە بۆ سەرخستنی بەهاکانی برایەتیو یەکسانیی کۆمەڵایەتی تێکۆشاوەو بانگەشەیەکی شایستەی بۆ فەلسەفەی هەژاران کردووە.

## تەوەری سێیەم

# خوێندنگەی خورشیدی

لەساڵانی کۆتایی‌ی ژیانی، شێخ ئەحمەد بە بەردەوامی بیری لەڕێوشوێنێك بۆ مسۆگەرکردنی دەستاودەست کردنێکی ئاشتییانەو هێمنانەی دەسەڵات بۆ شێخی داهاتو دەکردەوە. لەمێژوی شێخایەتیدا هیچ کات شێخایەتی توشی کێشەی دیاریکردنی شێخی تازە نەبوە. بەم پێیە، ئەمە یەکەم جارە شێخایەتی توشی کێشەیەکی لەم بابەتە دەبێ.

مێژوی شێخایەتی نەریتێکی وای تێدا نیە کەشوێنکەوتووەکان خۆیان شێخ هەڵبژێرن. تەنها شێخ مافی ئاشکراکردنی ناوی ئەو کەسەی هەیە کەدەیەوێ جێی بگرێتەوە. لێرەدا مەسەلەکە مەسەلەی دەستاودەست کردنی دەسەڵات نیە بەڵکو مەسەلەی گواستنەوەی ڕەوایی‌یە بۆ ئەو کەسەی کەشێخ بەشایستەی دەبینێ کەببێ بەڕابەری ڕوحانیی گروپەکە. بێگومان ئەگەر دەسەڵات بەپێی ئەم نەریتە، لەسەر داوای شێخی پێشو، نەگوێزرێتەوە، شێخە تازەکە ڕەوایی‌ی پێویستی نابێ. تاکە ئەزمون کەتێیدا شوێنکەوتووەکان بۆیان لوا ڕۆڵیان لەهەڵبژاردنی ڕابەری تازەدا هەبێ، پاش کۆچی دوایی‌ی شێخ عەبدولڕەحمان بوو لەساڵی ١٨٦٥دا. شێخی کۆچکردوو وەسێتی نەکردبوو کوڕەکەی، مەلا مەحمود، یان هەر کەسێکی تر جێی بگرێتەوە. لەژێر فشاری شوێنکەوتووەکان کە کەیفیان بەمەلا مەحمود نەدەهات، شێخ عەبدولسەلامی یەکەم شێخایەتیی وەرگرت[٨٤]. بەڵام ئەم ئەزمونە هەرگیز دوبارە نەبۆوە.

بەپێی پرۆسەی جێ گرتنەوە لەڕابردودا، دەردەکەوێ کەشێخایەتی لەگواستنەوەی دەسەڵات بۆ شێخی داهاتو، تەنها پشتی بەڕاسپاردن بەستبوو. زۆربەی جار ڕاسپاردنەکە سەرزارەکی بووەو شێخی پێشو خۆی ئەنجامی داوە. ڕەگو

[٨٤] بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦-١٩١٤، المصدر السابق، ص ٣٤.

ریشەی ئەم ڕێوشوێنەی جێ گرتنەوە دەچێتەوە سەر ئەو ڕێوشوێنەی کەهەمو تەریقە سۆفێگەرەکان، بەر لەوەی مافی جێ گرتنەوە ببێ بەمافێکی پشتاوپشت، لەسەری ڕۆیشتون. ئەوەی کە لێرە لەبەرچاوماندایە، مافێکی ڕەهایە کەشێخ هەیەتیو بەهۆیەوە دەتوانێ هەر کەسێك لەجێی خۆی دابنێ کەبیەوێ. بەکردەوە، ئەم مافە سەرەڕای ئەوەی کەوەك مافێکی ڕەها دێتە بەرچاو بەڵام لەگەوهەردا کۆتو بەندی لەسەرە. ئەوەی کەشێخ گونجاوترین کەس بۆ ڕابەرایەتیی شێخایەتی لەپاش خۆی دیاری بکا، مەسەلەیەکە لەسەروی هەمو شتێکەوەیەو کەس مافی دەستێوەردانی نیە. بەڵام لەو نۆڕینەوە کەشێخ مشوری کاروباری شێخایەتییەکەی دەخواو زۆر بەتەنگ ئەوەوەیە کەخاوێنیی ڕوحانیی بپارێزێو لەو ڕوانگەیەوە کەهەست بەلێپرسراوەتییەکی زۆر بەرامبەر بەشوێنکەوتووەکانی دەکا کەئەوانیش متمانەیەکی ڕەهایان پێ بەخشیوە، شێخ هەر ئەوەندەی لەدەست دێ کەباشترینو لێوەشاوەترینو کارامەترین کەس هەڵبژێرێ. ئەم کۆتو بەندە شێخی هانداوە گوێ نەداتە کوڕو خزمو کەسوکارەکانی، ئەگەر پێی وابو ئەمانە بەکەڵکی بەرپرسیارێتی نایەن. لەبەرەنجامدا، کاتێك شێخ دەکەوێتە خۆ بۆ دیاریکردنی جێنشین، دەبێ بەرژەوەندیی گروپەکە لەبەرچاو بگرێ.

لەهەلومەرجێکی وادا مەرج نیە گواستنەوەی دەسەڵات بەشێوەیەکی میکانیکی لەباوکەوە بۆ کوڕ بەڕێوە بچێ. هەر چۆنێك بێ، مافی ڕەهای شێخ لەدانانی جێ نشینێك لەپاش خۆی، پەراوێزێکی فراوانی بۆ بەجێ هێشتنی دەسەڵات بۆ ئەو کەسەی کە بەشایستەو لێوەشاوەی دەزانێ، پێ بەخشیوە. بەپێچەوانەی هەمو شێخایەتییەکانی قادریو نەقشبەندییەوە کەپشت ئەستور بون بەدابو نەریتی دەستاودەست کردنی ئاشتییانەی دەسەڵات لەباوکەوە بۆ کوڕ وەك مەرجێکی گرنگی دەستەبەرکردنی بەردەوامیو سەقامگیری، شێخایەتیی بارزان ئەو نەریتە گشتییەی پاراست کەدژی گواستنەوەی دەسەڵاتە لەباوکەوە بۆ کوڕ بەشێوەیەکی میکانیکی.

ئەگەر لەم گۆشە نیگایەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، دەردەکەوێ کەشێخایەتییەکانی تر سەرگەرمی تاوتوێ کردنی مەسەلەی جێ نشینەکان نەبون چونگە ئەم مەسەلەیە لەبەرەنجامی کۆتاییدا بوو بەمافێکی پشتاوپشت بۆ بنەماڵە

ئاینییە دەستڕۆیشتووەکە. یەکێ لەلایەنە خراپەکانی ئەم نەریتە ئەوەیە کەکاتێك شێخایەتی بەشێوەیەکی میکانیکی لەباوکەوە بۆ کوڕ دەمێنێتەوە، لەو شێخایەتییەدا بایەخێکی گونجاو بەئامادەکردنی شێخی داهاتو نادرێ چونکە لایەنی کەمی مەرجی لێوەشاوەیی کە لەپالێوراودا هەیە، بەشی ئەوە دەکا کەبتوانێ جێی باوکی بگرێتەوە. بەپێچەوانەوەی ئەمەوە، شێخایەتیی بارزان تا ساڵی ١٩٦٩ ئەم نەریتە مێژوویی‌یەی خۆی پاراست‌و شێخ ئەحمەد بەئەرکی خۆی دەزانی کە لەپاش خۆی کەسێك جێی بگرێتەوە کەشایستەی رابەرایەتی کردنی بارزانییەکان بێ.

پێدەچێ شێخ ئەحمەد نیازی نەبووبێ هیچ یەکێ لەکوڕەکانی خۆی، واتە عوسمان‌و محەمەد خالیدو نەزیرو برا دیندارەکەی خۆی، سلێمان، بکا بەجێ نشینی خۆی. هۆی دورخستنەوەی کوڕو براکانی، زۆرتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە کەشێخ پێی وابوە لەناو شوێنکەوتووەکانیدا کەسانێکی شیاوتر هەیە. لەماوەی نێوان ناوەڕاستی شەستەکان‌و سەرەتای ساڵی ١٩٦٩دا، لانی کەم دوو ئاماژە هەن، بەناوەڕۆك نیشانی دەدەن کەشێخ ئەحمەد بیری لەوە کردۆتەوە کەشێخایەتی بۆ خورشید بەجێ بێڵێ.

خورشید لەخانەدانێکی ئۆرۆستۆکراتی ئاینی نەبو. لەڕاستیشدا پەیوەندیی خێزانیی لەگەڵ بنەماڵەی شێخەکانی بارزان پەیوەندییەکی بەهێز نەبو چونکە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە زۆرتر لەدایکەوە بوو نەك لەباوکەوە. دایکی، خاتوو مریەم، خوشکی شێخ ئەحمەد بوو. باوکی، پێش ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ مریەمدا بکا، ژن‌و منداڵی هەبو. خورشید بەر لەوەی لەدایك ببێ، باوکی مرد[٨٥]. دیارە پەیوەندیی شێخ ئەحمەد لەگەڵ مریەمی خوشکی پەیوەندییەکی گەرم‌و گوڕ بووەو ئەمەش هاندەرێك بووە بۆ بایەخدانی بەخورشید. پەیوەندیی خورشید لەگەڵ بنەماڵەی شێخەکان جگە لەوەی کەدەرفەتی دایێ تێکەڵاوی بنەماڵەکە بێ، هیچی تری پێ نەبەخشی. بەڵام پێدەچێ رەفتاری رۆژانەی، ئاسەواری باشی لەسەر شێخ بەجێ هێشتبێ‌و هانی دابێ بیر لەوە بکاتەوە کەبۆ ئایندەی ئامادە بکا.

[٨٥] دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، بارزانم چۆن دیت، سەرچاوەی پێشو، ل ٦٠.

ئاماژە بەراییەکانی ئەوەی کەشێخ ئەحمەد ویستویەتی پێگەی خوشکەزاکەی بەرز بکاتەوە، زۆرتر پەیوەندییان بەوەوە هەیە کەداوای لەشوێنکەوتووەکانی کردوە ڕێزێکی زۆری لێ بگرنو گوێڕایەڵی بن[٨٦]. ڕەنگە ئەم داوایە لەشێوەو روخساردا گشتیو ئاسایی بن بەڵام لەگەوهەردا وا نایەنە بەرچاو چونکە کەم نیە شێخ ئەحمەد داوا لەشوێنکەوتووەکانی بکا ڕێز لەکەسێکی خۆیان بگرنو پابەندی ڕێنماییەکانی بن.

ئەو دوو ئاماژە بنچینەییەی کەشایستەی تێڕامانو لێوردبونەوەنو گوزارشت لەبڕیاری شێخ دەکەن، لەدو روداوی ساڵی ١٩٦٨دا دەبینرێن کەهیچ کامێکیان بەڕێکەوت نەبوە. بەهاری ئەو ساڵە، دوا بەدوای ئەوەی کەشێخ چوو بۆ تەکیەی بارزان، کتوپڕ داوای لەشوێنکەوتووەکانی کرد بچن بۆ گوندی شری کەخورشیدی لێیە. ئاپۆرەی خەڵکی، بەپیادە روی کردە گوندی شری. کەس نەیدەزانی مەبەست لەکوتانی ئەو ڕێگایە بەرەو گوندی شری چیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانەکە وەکو خۆی جێبەجێ کرا.

دیارە شێخ ئەحمەد بەئەنقەست ئەو ڕێپێوانەی ڕێکخستووەو بەم شێوازە ویستویەتی پەیامێکی ناڕاستەوخۆ بگەیەنێتە شوێنکەوتووەکانی. لەشری، خورشید پێشوازیی لەخەڵکەکە کردو وتارێکی ئاسایی خوێندەوە کەتێیدا داوای لێ کردن پابەندی ئامۆژگارییەکانی شێخ بن. بایەخی ئەم روداوە لەوە دایە کەیەکەم ئاماژەی رونە بۆ بیرکردنەوەی شێخ لەڕستنی نەخشەیەك بۆ ئامادەکردنی خورشیدو ڕێخۆشکردن بۆ دەرکەوتنی وەك رابەری داهاتوی شێخایەتی.

هاوینی هەمان ساڵ شێخ ئەحمەد ناردی بەدوای خورشیددا. کاتێك خورشید لەبارزان نزیك بۆوە، شێخ ئەحمەد خۆی پێچایەوەو چوو بۆ پێشوازییو تەنانەت گوێی نەدایە ئەوەش کەنەخۆشی هەراسانی کردوەو پێویستی بەپشووە[٨٧]. شوێنکەوتووەکان شتێکی وایان لەمە هەڵکڕاند کەشێخ ئەحمەد بەنیازە شێخایەتی

---

[٨٦] ماڵخان شێروانی، بارزانو ڕەچەڵەکی بارزانییان: لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیو مێژویی لەسەر بارزان تا بەهاری ١٩٧٤، سەرچاوەی پێشو، ل ٦١

[٨٧] هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

بۆ خورشید بهێڵێتەوە. ئەوی راستی بێ، ئەم دوو ئاماژەیە دەریدەخەن کەشێخ لەسەروبەندی بڕیاردان بوو بەپێی نەریتە دێرینەکانی شێخایەتی.

سەرەڕای هەمو ئەمانە، شێخ ئەحمەد بەئاشکراو بەڕونی نیشانی نەداوە کە بەنیازە شێخایەتی بۆ خورشید بەجێ بێڵێ. رەنگە ئەمە ئەوە بگەیەنێ کەهێشتا شێخ نەچوبووە سەر ئەو باوەڕەی کەکاتەکە بۆ ئاشکراکردنی ناوی ئەو کەسەی جێی دەگرێتەوە لەبارە. بەڵام ئاماژەو پەیامە ناڕاستەوخۆکانی بەو ئەندازەیە تەمومژاوی نەبونو شتێکی وایان لێ هەڵکرێندرا کەشێخ خورشیدی بەدڵە. ئەمە بەو سەرەنجامە دەگا کەمادام شێخ خورشیدی بەشایستەی شێخایەتی زانیوە، دەبێ دەستی بەگواستنەوەی زانستەکانی بۆ کردبێ. رەنگە یەکێ لەهۆکانی دواخستنی جێ نشینێتیی، پەیوەندیی بەوەوە هەبێ کەپرۆسەی گواستنەوەی زانستەکان تا ئەو کاتە بەسەرەنجام نەگەیشتبوو. لەدواین دو ساڵی ژیانیدا، نەخۆشیو پیری زۆر تەنگیان بەشێخ هەڵچنیو ئەوەندە هەراسانیان کرد کەنەدەپرژایە سەر بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکان.

هەڵسوکەوتی شێخ شتێکی وای لێ دەخوێندرایەوە. کەشێخایەتی بۆ خورشید دەبێ. دیارە ئەمەش زۆر کەسی نیگەران کردبو.

پاش ئەوەی کەشێخ ئەحمەد لەساڵی ١٩٦٩ دا کۆچی دوایی کرد، بەشێکی زۆری بارزانییەکان رایان وابو کەمادام شێخی کۆچکردوو ویستویەتی شێخایەتی بۆ خورشید بەجێ بهێڵێ، بەئەرکی خۆیانی دەزانن کەرێز لەم ویستەی بگرنو دان بەشێخایەتیی خورشیددا بنێن. بەڵام لەبەر ئەوەی شێخ بەڕاشکاوی شێخایەتیی بۆ کەس بەجێ نەهێشتبوو، تەنگژەی شەرعیەت لەناو بارزانییەکاندا پەیدا بوو. دەشێ شێخ بەئەنقەست، لەترسی دروستبونی کێشە، هیچ کەسێکی وەك جێ نشین دەستنیشان نەکردبێو هەروەها دەشێ نەخۆشی بواری ئەم کارەی بۆ نەرەخساندبێ.

شێخ عوسمانی کوڕی شێخ ئەحمەد خۆی بەشایستەتر بۆ شێخایەتی دادەناو بەکردەوەش وەك شێخێکی دانپێدانراو هەڵسوکەوتی کرد، لەتەکیە دانیشتو پەیڕەویی لەڕێو رەسمی شێخایەتی کرد. ژمارەیەکی زۆری بارزانییەکانیش دانیان پێدا نا. بەڵام خورشید بەهیچ شێوەیەك شێخایەتیی خۆی رانەگەیاند[٨٨]، ئەویش

---

[٨٨] هەمان سەرچاوە، ل ١١٩.

لەبەر چەند هۆیەك، لەوانە ترس. خاڵە لاوازە بنچینەییەکەی شێخایەتیی عوسمان لەوە دایە کەهەرگیز نەیتوانیوە لێبڕاوانەو بەیەکجارەکی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کەنەیارەکانی بەڕویاندا دەدایەوە: ئەگەر ئەو شایستەی شێخایەتییە، بۆ شێخ ئەحمەد بەئاشکراو بەڕاشکاوی، شێخایەتیی پێ نەسپاردووە؟ هۆی پێداگرتنی شێخ عوسمان لەسەر ئەوەی کەدەبێ جێی باوکی لەشێخایەتیدا بگرێتەوە، دەچێتەوە سەر ئەوەی کەنەیویستوە شێخایەتییەکە لەدەستی بنەماڵە ئاینییەکە دەرچێ. بۆیە کاتێك بڕیاریدا لەجێی باوکی دانیشێ، ئەوەندەی کە لەم بڕیارەیدا پشت ئەستور بوو بەفاکتەری هێزو خۆسەپاندن، ئەوەندە پشت ئەستور نەبو بەفاکتەری شەرعیەتو ڕەوایی.

هەڵوێستی خورشیدیش لاوازە چونکە مافی شێخایەتیی پشت بەهێز نابەستێ. ئەگەرچی شەرعیەتی خورشید لەشەرعیەتی عوسمان بەهێزترە، بەڵام زۆر هۆ وایان لێ کرد هەوڵی دروستکردنی کێشە نەدا، گرنگترینیان ئەوەیە کەنەیدەتوانی، یاخود نەیدەویست، هێزێکی چەکدار بۆ بەرپەرچدانەوەی شێخ عوسمان پێك بهێنێ. هەندێ هۆی تر، لەوانە هۆی ئەخلاقی، وایان لێ کرد خۆی لەکێشمەکێش دور بخاتەوە چونکە کێشمەکێش ناچاری دەکرد بەڕوی کوڕی ئەو کەسەدا بوەستێتەوە کەڕێزێکی بێ پایانی بۆ هەیە. لەم سۆنگەیەوە بەشیاوترو بەگونجاوتری زانی کەواز لەداواکردنی ئەو شێخایەتییە بێنێ کەزۆر کەس بەمافی ئەویان دەزانی. هێزی خورشید لەشێخ ئەحمەدەوە سەرچاوە دەگرێ، چ شێخ ئەحمەد زیندوو بێ چ مردوو. بەڵام لەو سۆنگەیەوە کەشێخ ئەحمەد وەسێتنامەیەکی ڕونو ڕاشکاوی بۆ جێ نەهێشتبوو، لەخۆی ڕانەدەبینی بتوانێ ڕوبەڕوی نەیارەکانی ببێتەوە.

شوێنکەوتووەکانی خورشید کەلێرە بەدواوە پێیان دەوترێ خورشیدییەکان، هەمیشە وا بیریان کردۆتەوە کەشێخایەتی زەوت کراوەو شێخ ئەحمەد ئەگەرچی بەڕاشکاوی شێخایەتییەکەی بەخورشید نەبەخشیوە، بەڵام ویستویەتی پێی ببەخشێ. مایەی تێڕامانە کە لەناو بارزانییەکاندا خەڵکانێك هەن پێیان وایە شێخ ئەحمەد بەڕاشکاوی ڕایسپاردووە لەپاش خۆی شێخایەتی بۆ خورشید بێ بەڵام ئەم

وەسێتنامەیە پێشێل کراوە[89]. بەڵگەی خورشیدییەکان تا ئەندازەیەکی زۆر لەبەڵگەی شیعەکان دەچێ کەپێیان وایە پێغەمبەر موحەممەد لەوتاری غەدیر خوم دا بەئاشکراو بەڕاشکاوی ئیمام عەلیی بەجێ نشینی خۆی ڕاگەیاندووە. هەر وەك شیعەکان بڕوای تەواویان بەوە هەیە کەوتارەکەی غەدیر خوم سەلمێنەری ئەوەیە کەپێغەمبەر کەسێکی بۆ ڕابەرایەتی کردنی گروپی موسڵمان لەپاش خۆی دەستنیشان کردووە، خورشیدییەکانیش پێیان وایە ئەو ئاماژانەی کەشێخ ئەحمەد دەری بڕیون بەڵگەی ڕونن لەسەر بەجێ هێشتنی شێخایەتی بۆ خورشید.

بەمجۆرە، هەلومەرجێك هاتە ئاراوە کە لەمەوبەر شێخایەتی بەخۆیەوەی نەدی بوو. ئەمە یەکەم جار بوو لەمێژوی شێخایەتییەکەدا شەرعیەتی ڕابەرایەتیی ئاینی کێشە بنێتەوە. هیچ یەکێ لەدو لایەنەکە نەیتوانی شەرعیەتی خۆی بەهەمو بارزانییەکان بسەلمێنێ چونکە هەردوکیان پێویستیان بەوە هەبو کەشێخ ئەحمەد بەڕونی پاڵپشتییان لێ بکاو ڕەوایییان پێ ببەخشێ، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ کامێکیان ئەو پاڵپشتییەی نەبو، شێخایەتی دوچاری تەنگژەی شەرعیەتی سەرکردایەتی بوو. بەمجۆرە، بەکردەوە شێخایەتیی بارزان لەساڵی ١٩٦٩دا بەکۆچی دواییی شێخ ئەحمەد کۆتاییی هات چونکە هەر شێخایەتییەك شوێنکەوتووەکانی لەسەر ڕەواییی ڕابەرەکەی هاوڕاو یەکدەنگ نەبن، ناتوانێ بەردەوام بێ.

بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی، شێخ عوسمان خورشیدی گرت، لەناوچەکەی دورخستەوەو نەیهێشت شوێنکەوتووەکانی پەیوەندیی پێوە بکەن. ئەم هەڵسوکەوتە توندە ڕەنگدانەوەی ترسە لەدەسەڵاتی خورشید. بەهەر حاڵ، خورشید تا ساڵی ١٩٧٤ لەدورخراوەییدا مایەوە[90]. وا دێتە بەرچاو کەعوسمان لەسیاسەتیدا زۆر بەتەنگ ئەوەوە نەبوە کەخۆی لەگێچەڵو کێشە دور بخاتەوە. دوو ساڵ پاش خۆڕاگەیاندنی وەك ڕابەری ئاینیی بارزانییەکان، پەیوەندیی لەگەڵ مەلا مستەفادا ناکۆکیی تێکەوت. دواتر، شێخ عوسمان پشتیوانیی بەغدای بۆ خۆی مسۆگەر کرد. شەکیب عەقراوی لەبیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بۆ هەندێ پلان دەکا بەچەشنێك

---

[89] نامەیەکی تایبەت لەدکتۆر عەبدولوسەویر بارزانییەوە بۆ نوسەر لە ١٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٧دا.

[90] مامخان شێروانی، بارزانو ڕەچەڵەکی بارزانییان، سەرچاوەی پێشو، ل ١٢٠.

چنرا بون کە لەسەرەنجامدا ببنە مایەی دەست گرتنی سوپای عیراق بەسەر بارزاندا. بەڵام محەمەد خالید دژی هاوکاری کردنی بەغدا بوو. ئەمەش نەخشە چنراوەکانی هەڵوەشاندەوە[٩١]. ئیدی لێرە بەدواوە محەمەد خالید متمانەی مەلا مستەفای بەدەست هێنا[٩٢]. ئەم متمانەیەش وا لێکدرایەوە کەمەلا مستەفا رازییە محەمەد خالید رابەری ئایینیی بارزانییەکان بێ. بەغدا دەیویست بەپشتیوانی کردن لەشێخ عوسمان، پلەو پایەی مەلا مستەفا بلەقێنێو بەململانێی لاوەکییەوە سەرقاڵی بکا.

سەرەنجام، خورشیدییەکان لەو بڕوایە دان کەشێخایەتیی بارزان تا ساڵی ١٩٨٣ درێژەی کێشاوەو بەکوژرانی خورشیدو هەزاران بارزانی لەسەر دەستی سەددام حسێن لەدوتوێی قڕتێخستنێکی بەکۆمەڵدا، کۆتاییی هاتووە.

خوێندنگەی خورشیدی، پشت ئەستور بەزانینو بیروباوەڕ، بەهایەکی بۆ ژیان پەیدا کرد. لەم گۆشە نیگایەوە، ئەم خوێندنگەیە گوزارشتێکی مێژوویییە لەخوێندنگەی شێخ ئەحمەدو بەدرێژەپێدانی دادەنرێ. کاتێك پەیوەندیی نێوان شێخ ئەحمەدو خورشید شی دەکرێتەوە، شێخ ئەحمەد دەبێتە سەرچاوەی سەرەکیی زانین. لەو روانگەیەشەوە کەڕابەرە سۆفیگەرەکان زانستی خۆیان تەنها بۆ ئەو کەسە دەگوێزنەوە کەمەرجە داواکراوەکانی تێدا بەدی دەکرێ، پشت بەستن بەو ئاماژانەی کە دەڵێن شێخ ئەحمەد ویستویەتی شێخایەتی بۆ خورشید بهێڵێتەوە، راستەوخۆ ئەوە دەگەیەنێ کەکەسی هەڵبژێردراو لەدیدی شێخ ئەحمەدەوە هەمو ئەو مەرجە پێویستانەی تێدا بەدی کراوە کەدەبێ لەشێخی داهاتودا هەبن.

شێخ ئەحمەد بەدامەزرێنەری راستەقینەی خوێندنگەی خورشیدی دادەنرێ. لێرەدا خورشید تەنها وەك یەکێ لەڕاڤەکارو هەڵگرانی بیری شێخ ئەحمەد دەردەکەوێ. بایەخی تێڕوانینو بۆچونەکانی خوێندنگەی خورشیدی لەوە دایە کە بەشێوەیەکی رونتر ئەو بیروباوەڕانە دەردەبڕێ کەپێش خورشید گوزارشتیان لێ کراوە. بەو پێودانگە، هەندێ دەستەواژەی وەك خوێندنگەی خورشیدیو خورشیدییەکان

[٩١] شكيب عقراوي، سنوات المحنة في كردستان، المصدر السابق، ص ٣١٣.

[٩٢] هەمان سەرچاوە، ل ٣٦٧.

بەقەد ئەوەی کەتەنها ئاماژەن بۆ پێناساندنو جیاکردنەوە، بەقەد ئەوە گوزارشت لەرێبازێکی بیریاریی تازەو جیاواز لەرێبازی بیریاریی پێشوو و باو لەناو بارزانییەکان ناکەن. دەستەواژەیەك کەئەیوب بارزانی کەیفی بە بەکارهێنانی دێ دەستەواژەی گروپی شرییە[٩٣]، واتە گروپەکە دەباتەوە سەر گوندی شری کەبوو بەناوەندی خورشیدییەکان. لەساڵی ١٩٦٩ بەدواوە، پاش کۆچی دوایی‌ی شێخ ئەحمەد دوو خوێندنگە لەناو بارزانییەکان دەبینین: خوێندنگەی عوسمان کەبزوێنەری سەرەکیی هەڵسوڕانی، چەمکی شەرعیەتی پشت ئەستور بەخزمایەتییەو خوێندنگەی خورشید کەبزوێنەری سەرەکیی هەڵسوڕانی، چەمکی شەرعیەتی پشت ئەستور بەبیروباوەڕە. تەنانەت بەر لەوەی کەشێخ عوسمان کۆچی دوایی بکا، خوێندنگەی عوسمان بەهەڵسوکەوتیدا دیار بوو کەزۆرتر لەژێر کاریگەریی ئەنگێزەی ماددیدایەو لەم روەوە بەڕونی دەریخست کەزۆرتر پشتگیریی نەریتی دەستاودەست کردنی میکانیکییانەی دەسەڵاتی ئاینی لەباوکەوە بۆکوڕ دەکات، نەریتێك کەدەمێك بوو لەشێخایەتییەکانی نەهری‌و سورچی‌و بیارەو برادۆستو لەناو تاڵەبانییەکاندا سەقامگیر ببوو. خوێندنگەی خورشیدی لەو سۆنگەیەوە کەفاکتەری دەرکەوتنی، زۆرتر قەرزارباری ئەو پرنسیپەیە کە لەگەڵ ئەم نەریتەدا ویك نایەتەوە، بەهیچ شێوەیەك بانگەشەی بۆ دەستاودەست کردنی میکانیکییانەی دەسەڵاتی ئاینی لەباوکەوە بۆ کوڕ نەکرد. ئەم خوێندنگەیە کەزۆرتر بەکەلەپوری شێخ ئەحمەدەوە نوساوە، بەها روحانییەکانی خستۆتە سەروی هەمو شتێکەوە. خورشیدییەکان لەهەوڵدانیاندا بۆ هێشتنەوەی بەهاکانیان بەخاوێنی، لەپێشمەرگایەتیشدا هیچ موچەیان وەرنەدەگرتو زۆرتر ناویان لێ نرابوو پێشمەرگەی بێ موچە[٩٤]. رەنگە وەرنەگرتنی موچە بەقەد ئەوەی کەگوزارشت لەبەها نیشتمانییەکانیان دەکا، بەقەد ئەوەش ئاماژە بێ بۆ پێداگرتنی لێبڕاوانەیان لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی‌ی ئابورییان.

مەسەلەی ئەوەی کەخوێندنگەی خورشیدی خوێندنگەیەکی پارێزگارە، مەسەلەیەکە مشتومڕ هەڵناگرێ. بەلای خورشیدییەکانەوە، پارێزگاری ئەو قەڵا

[٩٣] نامەیەکی تایبەت لەئەیوب بارزانییەوە بۆ نوسەر لە ٢٠ی ئایاری ٢٠٠٧دا.
[٩٤] هەمان سەرچاوە.

سەختەیە کە لەدژی شەڕانگێزیو خراپەکاریی جیهانی ماددی خۆیـانی تێـدا تونـد دەکەن. لەجیهانێکدا کە تا دێ زۆرتر بـەرەو کرانـەوەو تێکهەڵکێشـبونی کـەلتوری دەچێ، ئەم پارێزگارییە وەك بەرۆك بەرنەدانی بەهاکانی سەردەمێکی روو لەنـەمان وایە. ئەگەرچی تێبینییەکی زۆر لەسەر ئەم پارێزگارییـە هەیـە، بـەڵام خوێندنگـەی خورشیدی پەیوەندییەکی بـەهێزی لـەنێوان پارێزگـاریو رەسـەنیی بـەها بارزانییـە پاكو خاوێنەکان پێکهێنا.

لەفەلسـەفەی ژیانـدا خوێندنگـەی خورشـیدی زۆرتـر پێـی لەسـەر بـەها مۆراڵییـەکانو لەسـەر کـەلتوری سـەردەمی کـاری هـەرەوەزو فریاکـەوتنی لێقەوماوانو پشتگیریکردنی راستی داگرت.

ستراکتۆری فەلسەفیی خوێندنگەی خورشیدی لەهەنـدێ بیروبـاوەڕ پێکـدێ کـە بەرەچـەڵەك دەچـنەوە سـەر بیروبـاوەڕی گواسـتنەوەی روح لەجەسـتەیەکەوە بـۆ جەستەیەکی تر. بەپێی خوێندنگەی خورشیدی، ستراکتۆری فەلسەفی پشـت بەسـێ پرنسیپی پێکەوە گرێدراو دەبەستێ. یەکەمیان ئەوەیە کەهیچ لەهیچەوە پەیدا نابێ چونکە هیچ بەمانای هیچ دێ (بڕوانە: ریشە سۆفیگەرییەکان)و تەنها یـەك کـەس کـەپیاوە مەزنەکەیـەو راسـتیی رەهـای بەدەسـت هێنـاوە هـەمو شـتێك دەزانـێ. دووەمیان ئەوەیە کەجەستە دەمـرێو روح نـامرێو لـەم سـەروبەندەدا روحـی پیـاوە مەزنەکە پـاش کۆچـی دوایـیی دەچـێتە لەشـی ئـەو کەسـەی کەشایسـتەی ئەوەیـە لەژیانی تازەدا لەشی ببێ بەشوێنی گیرسانەوەی روحی پیاوە مەزنەکـە. سـێیەمیان ئەوەیـە کەهـەر کەسـێك جێـی پیـاوە مەزنەکـە بگرێتـەوە، هـەمو روخسـارەکانی هەڵدەگرێ. دکتۆر غەفور کەئەم زانیارییانەی بەدەمی لەبارزانییـەکان وەرگرتـووە، لەپەراوێزی ئەم مەسەلەیە وای بۆ دەچێ کەبارزانییەکان لـەو بڕوایـە دان کـەمردنی شێخەکەیان مردنێکی روکەشە، دەنا شێخەکە لـەناو جەسـتەیەکی تـردا لەناویانـدا دەژی[٩٥].

تیۆریی قۆرخ کردنی زانست لەلایەن یەك کەسـەوە شـتێکی تـازە نیـە، بـەڵکو لەهەمو خوێندنگە سۆفیگەرییەکاندا هەیەو بنچینەکەشی یەکسان کردنـی زانـینو

[٩٥] دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور، بارزانم چۆن دیت، سەرچاوەی پێشو، ل ٦٢.

شەرعیەتە. بەم پێیە، تەنها ئەوەی سەرچاوەی زانینی پێیە، بۆی هەیە رابەرایەتیی گروپە ئاینییەکە بکا. ئەمە لەگەڵ ئەوەدا وێك دێتەوە کەلێرەدا زانین زانینی زانستە ئاینییەکان نیە چونکە هەر خوێندکارێکی زیرەکی خوێندنگە ئاینییەکان چانسی فێربونی زانستە ئاینییەکانی هەیە، بەڵکو مەبەست لایەنە نهێنییەکەی زانستە ئاینییەکانە کەپەیوەندیی بەهەندێ بابەتی تایبەتەوە هەیە وەك تێکهەڵکێش بونی ناسوتو لاهوتو گەیشتن بەڕاستیی رەها.

بەدەست هێنانی زانستە نهێنییەکان کارێکی سەختە چونکە ئەم چەشنە زانستە لەخوێندنگە ئاینییە ئاشکراکان بەدەست نایە، بەڵکو کۆششێکی زۆری دەوێو داواکار دەبێ پەیوەندییەکی یەکجار پتەوی لەگەڵ یەکێ لەو شێخە سۆفیگەرانەدا هەبێ کەئەو زانستەی بەدەست هێناوە. زۆربەی کات سەرچاوەی زانستە نهێنییەکان یەك کەسە. گرفتەکە لەوە دایە کەئەو بڕە زانستە نهێنییەی شێخ بۆی هەیە بیدرکێنێ بڕێکی زۆر نیەو پێویستە لەسەر شێخ هیچ نهێنییەك بۆ خەڵکانی رەمەکی نەدرکێنێ چونکە ئاستی زانستیی خەڵکانی رەمەکی ئەو دەرفەتەیان بۆ پێکناهێنێ کەتێی بگەن. دەشێ ئاشکراکردنی نهێنییە یەزدانییەکان گرفتێکی زۆر بۆ گروپەکە لەگەڵ دەوروبەری کۆمەڵایەتیی خۆیداو هەروەها لەگەڵ دامودەزگا ئاینییەکاندا دروست بکا. بەمجۆرە، ئەگەر شێخ بیەوێ نهێنییە یەزدانییەکان بۆ هەندێ کەسی ناو تیمی هەڵبژێردراوەکان ئاشکرا بکا، دەبێ پەلەی تێدا نەکاو زۆر بەشێنەیی‌و لەسەرخۆ پەیتا پەیتا ئەرکەکە ببا بەڕێوە، چونکە تەنانەت لەناو ریزی هەڵبژێردراوەکانیش دەشێ کەسانێك هەبن شایستەی ئەوە نەبن کەزانستە نهێنییەکانیان بۆ بگوازرێتەوە. ئەم پرۆسەیە زۆر بەوریایی بەڕێوە دەچێ، چەند ساڵێك دەخایەنێ‌و تەنها پاش ئەوەی کەشێخ دەچێتە سەر ئەو باوەڕەی کەیەکێ لەهەڵبژێردراوەکان یان هەندێکیان گەیشتونەتە ئەو ئاستەی کەنهێنییەکانی رێبازەکەیان بۆ بدرکێنێ، بەسەرەنجامی داواکراو دەگا.

لەسەرێکی ترەوە، پەیوەندیی شێخ لەگەڵ هەڵبژێردراوەکاندا تەنها لەوەدا کورت ناکرێتەوە کەشێخ دەیەوێ زانستە روحانییەکانیان پێ ببەخشێ، چونکە ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی پتەوی بەدوو مەسەلەی ترەوە هەیە کەپێویست ناکا شێخ تیمی هەڵبژێردراوەکانی لێ ئاگادار بکاتەوە. مەسەلەی یەکەم پەیوەندیی

بەپرۆسەی گواستنەوەی دەسەلاتی روحانییەوە بۆ شێخی داهاتو هەیە. ئەم خاڵەش لەتەواوی شێخایەتیو تەریقەتە سۆفییەکاندا بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە چونکە هیچ شێخو خاوەن تەریقەتێك دەرفەتێك بۆ لێك جیاکردنەوەی گواستنەوەی زانستەکانو گواستنەوەی دەسەلاتی روحانی پێك ناهێنێ. پەیوەندیی نێوان هەردوو گواستنەوە پەیوەندییەکی فرە بەهێزەو شێخ تەنها لەو کاتەدا دەتوانێ تەواوی زانستە ئاینییەکانی خۆی بۆ کەسێك بگوازێتەوە کەبیەوێ پاش خۆی شێخایەتیی بۆ بەجێ بێڵی یاخود بیەوێ ئەو زانستانەی لەلا بپارێزێ تا لەفەوتان رزگاریان بکا. مەسەلەی دووەم پەیوەندیی بەو تیۆرییەوە هەیە کەزنجیرەی سەرکردە روحانییەکان دەکاتە درێژەپێدانی یەك کەس. بەکردەوە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەهەر شێخێك لەو روانگەیەوە کەدرێژەپێدانی شێخی پێشووەو هەمو زانستە نهێنییەکانی لەو وەرگرتووە، لەهەمان کاتدا درێژەپێدانی روحانیی ئەو شێخەشە. بەجۆرە، روحی شێخی پێشوو پاش ئەوەی کەدەمرێ، دەچێتە ناو جەستەی ئەو سەرکردە روحانییەی کەجێی دەگرێتەوە.

تیۆرییە خورشیدییەکەی "پیاوە مەزنەکە" لەفەلسەفەی ئیبن عەرەبی وەرگیراوە کەباس لەمرۆڤی تەواو دەکات. بەپێی ئیبن عەرەبی، مرۆڤی تەواو جیهانی روحەکانو جیهانی جەستەکان کۆ دەکاتەوە، واتە هەردو جیهانی میتافیزیكو ماددە پێك دەگەیەنێ. سەربار، لەگەڵ فریشتەکاندا لەزانستی پێویستدا هاوبەشەو بەزانستی پشت ئەستور بەئەقڵ لێیان جیا دەبێتەوە. ئیبن عەرەبی بەم چەشنە گوزارشت لەمە دەکا کەمرۆڤی تەواو "ئەو بونەوەرەیە کەهەمو ناوە یەزدانییەکانی لەخۆ کۆکردۆتەوە، کۆکەرەوەی راستییەکانی تەواوی گەردونەکانە، ئاگاداری چۆنێتیی بزوتنو گیرسانەوەو هەڵسوڕانیانەو دەزانێ چییان لێ دەکەوێتەوەو چییان بەسەر دێ چونکە ئەوان ئەونو ئەویش ئەوانە. بەوەش کەهەمو ناوە یەزدانییەکانی لەخۆ کۆ کردۆتەوە، هەژمونی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێو چۆنی دەوێ ئاوا هەڵیاندەسوڕێنێ، ئەوانیش گوێڕایەڵیی بۆ دەنوێنن"[٩٦].

گەوهەری بیرۆکەی مرۆڤی تەواو پشت ئەستورە بەجیاوازیی پلەکانی هۆشو زانین لەنێو مرۆڤدا. بەم پێیە، مرۆڤی تەواو ئەو مرۆڤەیە کە بەپلەکاندا

---

[٩٦] ابن عربي، المعرفة، المصدر السابق، ص ١٨٦.

هەڵدەكشێ تا لەكۆتاییدا دەگا بەپلەی ناسینی خوا لەنزیكەوە. ئیبن عەرەبی پانتاییەكی فراوان بۆ زانین تەرخان دەكاو بەلایەوە زانین یەكێ لەمەرجەكانی بونی مرۆڤی ئاساییە بەمرۆڤێكی تەواو كەدەتوانێ بەشێوەیەكی نمونەیی خوا بناسێ. حسێن مەروە لەسەری هەڵدەداو وای بۆ دەچێ كە لەڕوی تیۆرییەوە هەمو مرۆڤێك لێی رادەبینرێ بتوانێ بگا بەپلەی مرۆڤی تەواو، بەڵام بەكردەوە تەنها پێغەمبەرانو رابەرە سۆفیگەرە گەورەكان بەم پلەیە دەگەن[٩٧].

دوو روداو لەمێژوی ئاینیی بارزانییەكاندا پەیوەندییان بەو مەسەلانەوە هەیە كەتاوتوێمان كردون. ئەیوب بارزانی لەتوێژینەوەكەیدا دەربارەی مێژوی سیاسیی بارزانییەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكا كەشێخ ئەحمەد مەلا عەبدولڕەحمانی لەخۆی بەشایستەتر زانیوەو دەیویست شێخایەتیی پێ ببەخشێ، بەڵام مەلا عەبدولڕەحمان بەمە رازی نەبو (بڕوانە: ساڵانی تاراوگە). لەشیكردنەوەی ئەم دەقەدا دەبێ تێبینیی ئەوە بكرێ كەشێخ ئەحمەد كە لەشێخایەتیدا تازە جێی شێخ عەبدولسەلامی دووەمی گرتبۆوە، تا ئەو كاتە نەیدەزانی ئەو درێژەپێدانی روحانیی شێخی پێشووە. دەقەكە شتێكی وای لێ هەڵدەكرێندرێ كە تا ئەو كاتە مەلا عەبدولڕەحمان، وەك شێخی پێشو داوای لێ كردبوو، زانستە نهێنییەكانی بۆ شێخ ئەحمەد نەگواستبۆوە. لەباری سەرنجی شەرعەوە، مەلا عەبدولڕحمان بڕوای وابو كەچەند پلەو پایەی بەرز بێ، هەر شایستەی شێخایەتی نابێ چونكە ئەوەی كەدرێژەپێدانی روحانیی شێخی پێشووە، شێخ ئەحمەدە نەك ئەو. بۆیە پێی وابو ئەگەر ئەو شێخایەتی وەرگرێ، ئەوا زنجیرەی درێژەبونەوەی روحانی دەپچڕێنێو سنوری شەرعیی خۆی تێدەپەڕێنێ. ئەم شیكردنەوەیە لێی رادەبینرێ لەپاڵ هۆیە ئەخلاقییەكە، هۆیەكی تری نەبینراومان سەبارەت بەهاندەری رەتكردنەوەی شێخایەتی لەلایەن مەلا عەبدولڕەحمانەوە بۆ رون بكاتەوە.

روداوەكەی تر پەیوەندیی بەگرتنو دورخستنەوەی خورشیدەوە هەیە، وەك بەشێك لەپێداویستییەكانی یەكلایی كردنەوەی ململانێی دەسەڵاتی ئاینی لەنێوان شێخ عوسمانو خوێندنگەی خورشیدی. سڵكردنەوە لەكوشتنی خورشید تەنها یەك

[٩٧] حسين مروة، النزعات المادية في الفلسفة العربية الاسلامية، الجزء الثاني، المصدر السابق، ص ٢٧٩-٢٨٠.

هۆی هەیە ئەویش ئەوەیە کەرکابەرەکانی خورشید باوەڕیان وابووە کەخورشید بۆتە درێژەپێدانی روحانیی شێخ ئەحمەد. بەم پێودانگە، شێخ عوسمان بەپاراستنی ژیانی خورشید، شتێکی لەو دوراییەیە ئەخلاقییەی پەیوەندیی بەیادی باوکییەوە هەیە هێشتەوە. سەرچاوە بارزانییەکان دەڵێن خورشید لەسەردەمی شێخ ئەحمەددا لانی کەم دوو جار لەتیرۆرکردن رزگاری بووە[98]. بەلام مێژوی شێخایەتی باسی هیچ هەوڵێکی تیرۆرکردنی خورشید پاش کۆچی دوایی شێخ ئەحمەد ناکا. هەندێ لەو ململانێیانەی کە لەهەمان ماوەدا لەسەر دەسەلاتی ئاینی هاتونەتە ئاراوە، بەکوشتن یەکلایی کراونەتەوە، لەوانە کوشتنی مەلا جوج کە لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا رابەرایەتیی جولانەوەیەکی ئاینیی لەناو بارزانییەکاندا کردو بیروباوەڕی ئەم جولانەوەیە تا ئەمڕۆ بەتەمومژی ماوەتەوە[99]. کاتێك ئەندازەی هەڕەشەی جولانەوەی مەلا جوجو ئەندازەی هەڕەشەی جولانەوەی خورشید لەگەڵ یەکتریدا بەراورد دەکرێن، بەرونی دەردەکەوێ کەسەرچاوەی هەڕەشەکە جولانەوەی خورشیدە نەك هەر جولانەوەیەکی تر.

تیۆریی پیاوە مەزنەکەی خوێندنگەی خورشیدی لەناوەڕۆکدا بانگەشەکردنە بۆ تیۆریی نەمریی رابەر کەتیۆرییەکە زۆربەی جار تێکەڵ بەهەوڵەکانی رابەری گروپ بۆ سەلماندنو تۆکمەکردنی شەرعیەتەکەیو پتەوکردنی دەسەلاتی دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ ئەوە بوترێ کەمەبەست لەبانگەشەکردن بۆ تیۆرییەکە تەنها مەبەستێکی مادییە. هەر تیۆرییەك بۆ ئەوەی ئەرکی کۆمەلایەتیی خۆی بەرێکوپێکی جێبەجێ بکا، پێویستی بەزەمینەیەکی سایکۆلۆژیو ئایدیۆلۆژییە. لەم چوارچێوەیەدا بابەك، پاش ئەوەی کەدوای جاویدان رابەرایەتی کردنی گروپەکەی گرتە ئەستۆ، بلاوی کردەوە گوایە روحی جاویدان لەجەستەی ئەو گیرساوەتەوە (بڕوانە: سیستمی گوێڕایەڵی). ئەم بانگەشەیە کەشوێنکەوتووەکانی بابەك پشتیوانییان لێ کرد، دەرفەتێکی وای بۆ بابەك رەخساند کەبتوانێ پەرە

[98] نامەیەکی تایبەت لەدکتۆر عەبدولوسەویر بارزانییەوە بۆ نوسەر لە ١٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٧دا.

[99] مامخان شێروانی، بارزانو رەچەڵەکی بارزانییان: لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیو مێژویی لەسەر بارزان تا بەهاری ١٩٧٤، سەرچاوەی پێشو، ل ٦٢.

بەئەزمونی مێژوییی تێکۆشانی گروپەکەی لەدژی عەباسییەکان بداو خۆی وەك شیاوترینو گونجاوترین درێژەپێدانی روحانیی جاویدان نیشان بدا.

تیۆریی نەمریی رابەر شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کە ریزە پیاوێکی مەزن هەن، هەر یەکێکیان سەرچاوەی رەوایی‌یەکەی دەچێتەوە سەر رابەری پێشوو و هەر هەموشیان تاودانەوەی یەك رابەرن کەنامرێ بەڵکو بەردەوام نۆژەن دەبێتەوەو هەر جارەی بەناوێکی تازەوە خۆی دەنوێنێتەوە. لێرە نەمری بەمانای لەناوچونی فیزیکیی لەشو بەردەوامبونی ژیانی روح بەبەرگێکی تازەوە دێو بەم پێودانگە جەستە بۆ روح لەپۆشاك بەولاوە هیچی دی نیەو هەمو جار روح ژیانی یەك لەدوای یەك بەشێوەی خولی تازەو ئەزمونی تازە دوبارە دەکاتەوە.

لەناو کورددا تەنها دوو رابەر نازناوی نەمریان بەدەست هێناوە کە مەلا مستەفا بارزانیو شێخ مەحمود بەرزنجین. دەزگای راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کەجومگە سەرەکییەکانی بەدەست بارزانییەکانی بنەماڵەی مەلا مستەفایە، بەردەوام بەشێوەی "بارزانیی نەمر" بانگەشە بۆ مەلا مستەفا دەکاو بەرزنجییەکانیش بەهەمان پێودانگ شێخ مەحمود ناو دەنێن "شێخی نەمر". بەرزنجییەکان رەچەڵەکیان دەبەنەوە سەر سوڵتان سەهاك[100] کە لەبیروباوەڕی کاکەییدا چوارەم بەرجەستەبونی خوایە لەمێژودا، واتە خوا یاخود روحی خوا لەکەرەتی چوارەمدا چۆتە ناو لەشی سوڵتان سەهاكو لەو کاتەدا سوڵتان سەهاك پێنج فریشتەی لەگەڵدا بووە کەبریتین لەبنیامین، داوود، پیر موسا، مستەفا داودانو رزبار[101]. ستراکتۆری فەلسەفیی کاکەیی پەراوێزێکی فراوان بۆ پرنسیپی تازەبونەوەی ژیان، واتە گواستنەوەی روح لەجەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر، دەهێڵێتەوە. بەلای کاکەیی‌یەکانەوە، پاش حەوت رۆژ لەفەوتانی لەش، روح دەچێتە ناو لەشێکی ترو خولێکی دیکەی ژیان دەست پێدەکا[102]. تێکەڵو پێکەڵییەك

[100] دائرة المعارف الاسلامية، المجلد الثالث، المصدر السابق، ص ١٠٣.

[101] الدكتور نوري ياسين الهرزاني، الكاكائية دراسة انثروبولوجية للحياة الاجتماعية، المصدر السابق، ص ٨٠.

[102] هەمان سەرچاوە، ل ٧٧.

کەلێرە پەیدا دەبێ، هۆکەی دەچێتەوە سەر ئەوەی کەبنەماڵە بەرزنجییەکەی ئێستا لەگروپی کاکەیی نیە بەڵکو بنەماڵەیەکی سوننیی بەمەزهەب شافعییە. مێژوی ئاینیی بنەماڵەی دێرینی بەرزنجی مێژویەکی ئاڵۆزەو مێژونوسە هاوچەرخەکانی ئەم بنەماڵەیە رەچەڵەکی دەبەنەوە سەر ئیمامی حەوتەمی شیعە موسای کازمو وای دادەنێن کەدامەزرێنەرانی بنەماڵەکە لەناوەراستی سەدەی سیانزەهەمدا لەهەمەدانەوە هاتون[103]. ئەم مێژونوسانە لەمە زۆرتر نارۆنو پێیان وا نیە ئەم شیکردنەوەیە داننانێکی ناراستەوخۆیە بەیارسانی یان عەلی ئیلاهایەتیی رەچەڵەکی بنەماڵەی بەرزنجی. لەو روانگەیەشەوە کەستراکتۆری ئایدیۆلۆژی هەر یەك لەکاکەیی‌و عەلی ئیلاهی زۆر لێك دەچێ، گێرانەوەی تۆرەمەی بنەماڵەی بەرزنجی بۆ سەر گروپە عەلی ئیلاهییەکانی هەمەدان یان لورستان پاساوی بەهێزی هەیە. مینۆرسکی کاتێك دەچێتە سەر شیکردنەوەی عەلی ئیلاهی، هیچ جیاوازییەك لەنێوان عەلی ئیلاهی‌و ئەهلی هەقدا ناکا[104]. رەنگە هێرشی مەغۆل رۆڵی لەکۆچکردنی دامەزرێنەرانی بنەماڵەی بەرزنجی بۆ کوردستان هەبووبێ.

هەمو ئەمانە بەو سەرەنجامە دەگەن کەرەچەڵەکی بیروباوەری بەرزنجی رەچەڵەکێکی سوننەگەرا نیە، بەڵکو یارسانی یان عەلی ئیلاهییە. ئەوەی ئەمە رون دەکاتەوە ئەوەیە کەتورکمانەکانی قەڵەمرەوی دوزخورماتوو، بەشیر، تسعین‌و داقوق هەمیشە بەلای بەرزنجەدا دایانشکاندوەو تا سەرەتای سەدەی بیستەم مەرجەعیەتی ئەو تورکمانانە لەبەرزنجە بووە نەك لەنەجەف. دواتر، ئەو تورکمانانە بون بەشیعەو نەجەفیان لەبری بەرزنجە بۆ خۆیان کرد بەمەرجەع. ئەوی راستی بێ، زۆربەی هەرە زۆری ئەو تورکمانانە بەریشە دەچنەوە سەر خێڵی قەرەقۆینلۆ کەبیروباوەری دۆنادۆن لەناویدا باو بوو. بێگومان ئەگەر بەرزنجە یارسانی یان عەلی ئیلاهی نەبوایە، هەرگیز نەدەگونجا ببێ بەمەرجەعی تورکمانەکان چونکە لەهیچ گروپێکی شیعە ناوەشێتەوە مەرجەعیەتەکەی سوننەگەرا بێ. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ

---

[103] هەمان سەرچاوە، ل ٤٣.

[104] ف. ف. مینورسکي، الاكراد ملاحظات وانطباعات، ترجمة الدكتور معروف خزندار، مطبعة النجوم، بغداد، ١٩٦٨، ص ٥٦.

که لەم بارودۆخەدا دوو گۆڕان هەیە: گۆڕانی تورکمانی یارسان یان عەلی ئیلاهی بۆ شیعەی دوانزە ئیمامیو گۆڕانی بیروباوەڕی بەرزنجی بۆ سوننەگەرایی[١٠٥]. بەمجۆرە، بەکارهێنانی نازناوی "شێخی نەمر" بۆ بەناوبانگترین سەرکردەی سیاسیی ئەم بنەماڵە ئاینییە بەڵگەی ئەوەیە کە دورکەوتنەوە لەرەگو ریشەی بیروباوەڕەکان هەر چەند کاراو کاریگەر بێ، هەر ناتوانێ ئاسەواری ئەو بیروباوەڕە بەیەکجارەکیو بەڕەهایی بنبڕ بکات. لەم رووەوە روپێوی ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد نیشانی دەدا کەپاشماوەی تیۆریی نەمریی رابەرە گەورەکان هێشتا لەناو کورددا ماوەو ئەوەی ئەمە دەسەلمێنێ ئەوەیە کەخەڵکی دێهاتی کوردەواری لەژیانی کۆمەلایەتییاندا دژی جنێودانن بەپیاوە گەورە کۆچکردووەکان.

ئەو دەقەی کەدکتۆر غەفور بەدەمی لەبارزانییەکانی وەرگرتوە، شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەگواستنەوەی روح لەجەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر دوو ئاستی هەیە، یەکێکیان ئاستێکی بالایەو تایبەتە بەبنەماڵەی پیرۆزو ئەوی تریان ئاستێکی نزمەو تایبەتە بەهەمو هاوولاتییان. لەکاتێکدا روحی خەڵکانی رەشۆکی لەپاش مردن بەپێی پێگەی کۆمەلایەتییان دەچێتە ناو جەستەی تر، جەستەی پیرۆزی شێخەکان بۆ ئەو روحە قۆرخ دەکرێ کەبۆ درێژەدان بە بەردەوامبونی زنجیرەکە پێویستی بەجەستەیە. واتە پیرۆزیی جەستەی شێخەکان رێگە نادا روحە ئاسایی یەکان ئەو جەستانە لەژیانێکی تازەدا بەکار بهێنن. بەمجۆرە، بۆ خەڵکی رەشۆکی گواستنەوەی روح لەجەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر نوژەن بونەوەی ژیانەو بۆ شێخەکان بەردەوامبونی ژیانە.

جیاوازییەکی کەم لەنێوان نوژەنبونەوەو بەردەوامبوندا هەیە. بەلام ئەمە زۆرتر لەڕوی زمانەوانییەوە وایە. لەڕوی بیروباوەڕەوە جیاوازییەکە زۆر زۆرە چونکە بەردەوامبونی بنەماڵەی پیرۆز لەجەستەی تردا، نەمریی بنەماڵەکەی لێ دەکەوێتەوە، لەکاتێکدا نوژەنبونەوەی ژیان بۆ هاوولاتییانی ئاسایی نە نەمریی خانەدانی لێ دەکەوێتەوە نە هیچ شەرعیەتێکی دیاریکراوی پێ دێتە دی.

---

[١٠٥] بڕوانە: محمد جميل بندي الروزبياني، مدن كردية قديمة، وزارة الثقافة، السليمانية، ١٩٩٩، ص ٢٥-٣٣.

بونی ئاستی جیاواز لەگواستنەوەی روح لەجەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر، لەزۆربەی ئەو خوێندنگە سۆفیگەرییانەدا کەدۆنادۆن بەشێکی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژییان پێکدێنێ، مەسەلەیەکی ئاساییە. لەفەلسەفەیەکی وەك فەلسەفەی ئیشراقی سوهرەوەردیدا کە لەژێر کاریگەریی فەلسەفەکانی یۆنانو ئێرانو رۆژهەڵاتی دێریندا بوو[١٠٦]، تێبینیی ئەوە دەکرێ کەسێ ئاست هەیە. یەکەمیان ئەو ئاستەیە کەتێیدا روح دەگا بەشادمانیی تەواوو بەبێ کێشە بەرەو جیهانی روناکی هەڵدەکشێ، دووەمیان ئەو ئاستەیە کەتێیدا روح شادمانییەکی مامناوەنجیی چنگ دەکەوێ کەبواری دەداتێ پەیوەندی بەجیهانی ئەستێرەو هەسارەکانەوە بکاو سێیەمیان ئەو ئاستەیە کەتێیدا روح بە بەدبەختیو دڵتەنگیو ئەشکەنجەدراوی دەمێنێتەوەو لەجەستەی ئاژەڵاندا دەگیرسێتەوە[١٠٧].

نۆڕینی خوێندنگەی خورشیدی بۆ نەمریی روح، روحە پیرۆزەکانو جەستە پیرۆزەکان پێکەوە گرێ دەداو وای بۆ دەچێ کەروحە خاوێنەکان لەجەستەی خاوێندا دەگیرسێنەوە. بەجۆرە، لەو مەسەلانەی کەتایبەتن بەگواستنەوە روحی شێخە پیرۆزەکان لەشێخێکەوە بۆ شێخێکی تر لەچوارچێوەی بنەماڵەی پیرۆزدا، پێداگرتن لەسەر پاکیی روحو پاکیی جەستە دەشێ یەکێ لەتایبەتمەندییەکانی خوێندنگەی خورشیدی بێ. ئەم شیکردنەوەیە کەرەستەی پێویست بۆ دانانی چوارچێوەیەکی گشتی بۆ بیروباوەڕی دۆنادۆن بەپێی تێڕوانینی خوێندنگەی خورشیدی، دابین دەکا. لەسەر ئەم بنچینەیە، خوێندنگەی خورشیدی لەتێڕوانینیدا بۆ بابەتی گواستنەوەی روح لەجەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر، پێویستیی بەردەوامبونی بنەماڵە پیرۆزەکە دێنێتە پێشی پێشەوەو وای دەردەبڕێ کەرۆحی شێخەکانی ئەو بنەماڵەیە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوەو بەم گواستنەوەیە نەمریی بنەماڵەکە بۆ هەتا هەتایە دەستەبەر دەکرێ.

لەڕوی ستراکتۆری بیروباوەڕەوە، سەبارەت بەمەسەلەی گواستنەوەی روح لەجەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر، بەتەنیشت خوێندنگەی خورشیدییەوە

---

[١٠٦] ان ماری شیمل، ابعاد عرفانی اسلام، ص٤٢٨.

[١٠٧] دکتر علی محمد اقا محمدی، مانی مانیطری صوفیطری، انتشارات فرهاد، تهران، ١٣٨٤، ص ٣٥٥.

خوێندنگەیەك هەیە كەبیروباوەڕی زۆر لەبیروباوەڕی خوێندنگەی خورشیدی دەچێ، ئەویش خوێندنگە ئیسماعیلییەكەی ئالموتە. لەئالموت ئیمام حەسەنی دووەم لەو ڕێو ڕەسمەی كە لەوێ بەڕێو ڕەسمی ڕۆژی قیامەت ناسراوە، ڕایگەیاند كەئەو درێژەپێدانی زنجیرەیەكی دورو درێژی پیاوە پیرۆزەكانەو لەمەوبەریش بەچەندین ناوی وەك بەهرام جاوید، كەیوان وەرجاوەندو ئەردەشیر جاوید دەركەوتووە[108]. لەناو چەردە ناوەكاندا، لەدوو ناودا وشەی جاوید كەمانای "نەمر" دەدا، دوبارە دەبێتەوە.

تیۆریی بەردەوامبونی بنەماڵە ئیسماعیلییە پیرۆزەكە ئەوەندە لەلای گەل خۆشەویست بوو، تەنانەت لەسەدەی هەژدەهەمیش ئەفسانەی بۆ چنرا، لەوانە ئەفسانە بەناوبانگەكەی مردنی ئاغا خانی یەكەم حەسەن عەلی شا لەبۆمبای لەهیندستان لەساڵی ١٨٨٠ دا كە گوایە ئاغا خان بەشوێنكەوتووەكانی وتوە خۆی لەحەوزی تێزابدا دەتوێنێتەوەو پاشان بەشێوەی گەنجێكی جوانكیلە لەحەوزەكە دەردەچێو بەمجۆرە ژیانی خۆی نوێژەن دەكاتەوە. بەپێی ئەفسانەكە، لەكاتی ڕێو ڕەسمە سازكراوەكەدا ئاغا خان خۆی هەڵدایە ناو حەوزی تێزابو لەشی لەناو تێزابەكەدا توایەوە، بەڵام زۆری پێ نەچو وەك گەنجێكی جوانكیلە لەحەوزەكە هاتە دەرێو ڕایگەیاند كەئەو هەمان ئاغا خانی یەكەمە لەتافی لاوێتیدا. ئەم ئەفسانەیە هەر لەچیرۆكی مردنی حەسەن سەباح دەچێ كەگوتبوی گوایە لەناو حەوزی تێزابدا دەمرێو ڕوحی بەشێوەی كۆترێك لەشەقەی باڵ دەداو دەچێ بۆ بەهەشت. كاتێك چوە ناو حەوزی تێزابەكەو لەشی توایەوە، شوێنكەوتووەكانی كۆترێكیان هەڵفراند[109]. كۆتر لەشەقەی باڵی داو ڕاستگۆیی‌ی وتەكەی حەسەن سەباحی سەلماند. ئەگەرچی چیرۆكی حەوزی تێزاب بەری خەیاڵی بەبڕشتی دانەرانی چیرۆكە ئەفسانەیی‌یەكانە، بەڵام ئەم ئەفسانەیە بەڕونی گوزارشت لەتیۆریی بەردەوامبونی ژیانی بنەماڵە پیرۆزەكان دەكا كەڕوحی سەركردەكانی

---

[108]، ثل آمير، خداوند آلموت حسن صباح، ص ١٢٢.

[109]فلاديمير ايفانوف، آلموت ولاماسار، المصدر السابق، ص١١٢.

لەچوارچێوەی بنەماڵەکەدا نەوە لەدوای نەوە لەجەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر دەگوێزرێتەوە.

وردبونەوە لەپاساوەکانی هەردو خوێندنگەکەی ئالموت و خورشید سەبارەت بەسروشتی ژیانی نەمری، دەرفەتێك بۆ بەراوردکردنیان لەگەڵ خوێندنگەی سەفەوی پێکدێنێ. بەپێچەوانەی ئەوەی کە لەخوێندنگەی سەفەویدا دەبینرێ، میانڕەوی تایبەتمەندییەکە بەسەر پاساوەکانی هەردو خوێندنگەی ئالموت و خورشیددا زاڵە. لەتێڕوانینی مێژوییەوە، پەیدابونی گۆڕانی ئایدیۆلۆژیی ریشەیی لەخوێندنگەی سەفەویدا پاش پیادەکردنی مەزهەبی شیعەگەرا، دەچێتەوە سەر زەمانی شێخ جونەید کەپێنجەم شێخی بنەماڵەی سەفەوییە. ئەم بنەماڵەیە، رێك بەو چەشنەی کە لەئالموت و بارزاندا دەبینرێ، رۆڵی خۆی لەژیانی گشتیدا سەقامگیر کردو سەرکردەکانی بەرە بەرە لەشێخی خانەقاوە بون بەپاشای گەورەو مەزن. ئەگەر بەدوای ئەو ماوەیەدا بچین کەتێیدا شێخ جونەید فەرمانڕەوایی کردوە، بۆمان دەردەکەوێ کەپێکهاتە ئایدیۆلۆژییە جیاکەرەوەکان هەر لەم ماوەیەدا ریشەیان داکوتاوەو هەر لەو سەردەمەشدا ئەوە ئاشکرا کراوە کەبڕبڕەی پشتی بیروباوەڕی ئاینیی سەفەوی، بەرجەستەبونی خوایە لەبنەماڵەی سەفەویدا[110]. جونەید کەوازی لەنازناوی شێخ هێناو نازناوی سوڵتانی هەڵگرت، باوەڕی بەژیانی نەمری هەبو[111]. پاش کوژرانیشی، شوێنکەوتووەکانی هەر بەزیندویان دادەنا[112]. لەسەردەمی ئیسماعیلی یەکەمدا کەنازناوی شای هەڵگرت، پیرۆزکردنی بنەماڵە گەیشتە ئەوەگ و شا ئیسماعیلی یەکەم لەهۆنراوەکانیدا بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کەفاتیمە دایکێتی و عەلیی کوڕی ئەبو تالب باوکێتی، خۆیشی یەکێ لەدوانزە ئیمامەکەی شیعەیەو روحی دوانزە ئیمامەکەش لەجەستەی ئەودا گیرساوەتەوەو لەم چوارچێوەیەدا خۆی بەیەکێ لەنەمرەکان دایە قەڵەم. مینۆرسکی دوای ئەوەی لەو هۆنراوانەی کۆڵییەوە، چووە سەر ئەو باوەڕەی کەشا ئیسماعیلی یەکەم و باوباپیرانی

---

[110] دکتر منوضهر ثارسادوست، شاة اسماعیل اول ثادشاهی با اثرهای دیرثای در ایران وایرانی، ص ١٤٠.

[111] محمد علی رنجبر، مشعشعیان ماهیت فکری- اجتماعی وفرایند تحولات تاریخی، ص ٩٦.

[112] دکتر منوضهر ثارسادوست، همان منبع، ص ١٣٩.

وا تەماشـــای خۆیـــان کـــردووە کەرەنگدانـــەوەی بەرجەســـتەبونی خـــوان لەجەستەکانیاندا[113].

پەیوەندیی کورد لەگەڵ بیروباوەڕی دۆنادۆندا پەیوەندییـەکی دێرینـەو ئەسـتەمە بتوانرێ مێژووەکەی بەوردی دیاری بکرێ بـەڵام زۆرتـر بـیر بـۆ ئـەوە دەچـێ کەئـەم پەیوەندییە دەچـێتەوە سـەر زەمـانی بڵاوبونـەوەی مـانیزم‌و مەزدەکایـەتی‌و خـورەم دینایەتی. شۆڕبونەوە بەدەرونی ئەو بیروباوەڕەدا، پەردە لەڕوی جیهانێك هەڵدەماڵێ کەڕوخسـارەکانی دۆنـادۆن‌و هـەروەها مەبەسـتەکانی دۆنـادۆن تێیـدا جیاوازییـان لەنێواندا هەیە. لـەم گۆشـە نیگایـەوە، دۆنادۆنەکـەی فیسـاگۆرس‌و هیندییـەکان‌و مـانیزم مەبەسـتی ئـەخلاقی‌و پاکگـەرایی‌و کرۆنۆلۆژیسـتیی هەیـەو ئـەم چەشـنە دۆنادۆنە بەهیچ شێوەیەك پشتگیری لەبەرجەستەبونی روحی خوا لەجەستەی هەندێ مرۆڤـی دەستنیشـانکراو ناکـا، لەکاتێکـدا بنـەڕەتی دۆنادۆنەکـەی خـورەم دینـان بەرجەستەبونی خوایە یان روحەکەی لەبونەوەرەکاندا[114].

لـەژێر فشـاری ئـەم بەراوردکردنـەدا، دەردەکـەوێ کەخوێندنگـەی خورشـیدی مەبەستی ئەخلاقی‌و پاکگەرایی‌ی لەدۆنادۆندا هەیە. چەند رادەی هاندانی تاکەکان بۆ خۆلادان لەخراپـەو شـەڕانگێزی‌و کـاری بەدڕەوشـتانە کاریگـەر بـێ، ئاکامەکـە لەبـەرەنجامی کۆتاییـدا هـەر بـەقازانجی کۆمـەڵ بەگشـتی دەشـکێتەوە. لێـرەدا مەسـەلەکە لـەڕووە ئەخلاقییەکەیـدا، کـەخۆی لەپابەنـدبون بەچـاکە دەبینێتـەوە، هاوتەریبــە لەگــەڵ ڕووە ماددییەکەیــدا کــەخۆی لەبەرژەوەنــدیی کۆمــەڵگادا دەبینێتەوە. لەکاتێکدا کەتاك لەهەوڵ‌و کۆششیدا بۆ دورکەوتنەوە لەخراپە، دەیەوێ پاش مردن بەدبەخت‌و دڵتەنگ نەبێ، کۆمەڵگا لەکاتی ژیـانی تاکەکـەدا قـازانجی ماددی لـەو هـەوڵ‌و کۆششـە دەکـا. بەمـەش مەبەسـتی داواکـراو کەتۆکمـەکردنی ستراکتۆری کۆمەڵایەتییە، بەئاکامی خۆی دەگات.

ســـەربار، مەســـەلەکە دیـــوێکی تـــری هەیـــە کـــە تایبەتـــە بـــەکاراکردنی فاکتەرەکانی ملکەچکردنی ئارەزومەندانـە چـونکە باوەڕهێنـان بـە بـەردەوامبونی

---

[113] هەمان سەرچاوە، ل ٤٥٦-٤٥٧.

[114] دکتر محسین صدیق، جنبش های دینی ایرانی در قرنهای دوم و سوم هجری، ص ٢٥٠.

ژیــانی بنەماڵــەی پــیرۆز بەشــێوەی جۆراوجــۆر، دەبێتــە مایــەی کــاراکردنی فاکتــەرەکانی ملکەچــیی ئارەزومەندانــەو لــەم رووەوە چــەند پانتــاییی ئــەو ملکەچکردنە ئارەزومەندانەیە فراوان بێ، ئەوەندەش ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەپلەیەکی بەرزتری تۆکمەییو سەقامگیری دەگەن.

لەمەسەلەی خۆپاککردنەوەدا، ئەم بیروباوەڕە چانسێکی تر دەداتە روحە پیسو پۆخڵەکان بۆ خۆپاککردنەوە. ئەو روحانەی کە لەژیاندا هەلی گوناه نەکردنیان لەدەستداوە، دەتوانن لەخولێکی تری ژیاندا خۆیان خاوێن بکەنەوە. ئەمەش بڕێکی زۆر میهرەبانیی تێدایە چونکە ئومێدی خۆ چاککردنەوەو داماڵینی گوناهەکان بەگوناهکارەکان دەبەخشێ. لێرە مردن نابێ بەرێگر لەبەردەم خۆ چاککردنەوەو خۆ پاککردنەوەو ناشبێ بەکۆتاییی هەمو شتێك، بەڵکو دەبێ بەچانسو سەرەتایەکی تر بۆ ژیانێکی تازەی لەگوناه داماڵدراو.

# بەشی شەشەم
# بارزان و بنەماڵەی شێخەکان

ئەم بەشە بەهەردوو تەوەرەوە بەئەنقەست خراوەتە کۆتایی کتێبەکەوە. دیارە ئەمەش هۆی تایبەتی خۆی هەیە. ئەم بەشە کەمتر باسی ریشەی بیروباوەڕی ئاینی دەکاو زۆرتر بۆ رون کردنەوەی ئەو لایەنانە تەرخان کراوە کەتەواوکەری شیکردنەوەی ستراکتۆرە ئاینییەکانن‌و رۆڵیشیان لەگەڵاڵەکردنی بۆچونێکی گشتی دەربارەی ئەو گوندە هەیە کە پایتەختی ئاینیی شێخایەتییەکە پێکدێنێ.

ئاشکرایە کەبارزانییەکان بەمانای وشە خێڵ پێك ناهێنن‌و لەبنەڕەتدا کۆنفیدراسیونێکی خێڵەکین کەمێژوی دەرکەوتنی بۆ جیابونەوەیان لەخێڵی زێبار دەگەڕێتەوە. پاساوی ئەو جیابونەوەیە، دەچێتەوە سەر جیاوازیی بیروباوەڕ. بەم واتایە، بارزان لەسەر هەردوو ئاستی خێڵەکی‌و ئاینی، ناوی خۆی بەو گروپە بەخشیوە کە لەخێڵی زێبار جیا بۆتەوە. بەم پێیە، هەمو ئەو زێبارییانەی کە لەڕوی خێڵەکییەوە لەدەسەڵاتی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ جیابونەوەو لەڕوی ئاینییەوە چونە سەر رێبازی تەکیەی بارزان، بەبارزانی ناسران. لەبەرەنجامی کۆتاییدا، ئەم وەرچەرخانە شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەبەشێکی زێبارییەکان بەهاندان‌و رابەرایەتیی شێخەکانی تەکیەی بارزان، لەدەسەڵاتی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵی خۆیان هەڵگەڕانەوەو چیتر سەری رێزو نەوازشیان بۆ دانەنواند. پرۆسەکە لەگەوهەردا گۆڕینەوەی دەسەڵاتێکە بەدەسەڵاتێکی تر، واتە گۆڕینەوەی دەسەڵاتی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵە بەدەسەڵاتی ئاینیی شێخایەتیی بارزان. ئەم شێخایەتییە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێدەکاو لەساڵی ١٩٦٩ کۆتایی دێ.

بەهۆی ئەوەشەوە کەئەم بەشەی مێژوو تیشکێکی بەهێزی نەخراوەتە سەر، هەندێ کەس وا تێگەیشتون بارزان سەدان ساڵە خێڵێکی سەربەخۆیە. لەسۆنگەی

ئەم تێگەیشتنە چەوتەوە، ریشەی زمانـەوانیو مێـژوویی‌ی وشـەی بـارزان بەچـەوتی لێك درایەوە. لەو سۆنگەیەشەوە کەبارزان پایتەختی ئاینیی بارزانییەکانـەو لـەوێوە پلان بـۆ بڵاوکردنـەوەی بیروبـاوەڕی ئـاینی دانـراوە، هەوڵـدان بـۆ تـاوتوێ کردنـی رۆژگاری پێش پەیدابونی تەکیە تێیدا، بایەخێکی گرنگی دەبـێ‌و کەشـێکی باشـتر بـۆ تێگەیشـتنی ئـەو هەلومەرجـە پێکـدێنێ کەتێیـدا سـتراکتۆری ئایـدیۆلۆژیی بیروباوەڕی بارزانییەکان سەری دەرهێناوەو پەرەی سـەندووەو لەهـەمان کاتـدا لێـی رادەبینرێ ببێ بەمـایەی راستکردنەوەی چەردەیەك بۆچـون کـەکرچ‌و کـاڵیی شـەن‌و کەوکردنی وردەکارییە مێژوویی‌یەکان بۆتە هۆی شێواندن‌و ئاڵۆزبونیان.

لەبـەر ئـەوەی بنەمـاڵـەی شـێخانی بـارزان ئـەو ئامرازەیـە کـەبیروباوەڕەکانی لەئەندێشەو بیری ئومێدبەخشەوە کردۆتە هێزێکی ماددی، هـەمو لێکۆڵینەوەیـەك بەبێ وردبونەوە لەمـێژوی ئەم بنەماڵەیەو بەبێ کۆشش بۆ دۆزینەوەی بنەچـەو رەگ‌و ریشـەی‌و تەتەڵـەکردنی ئـەم هەلومەرجـەی کەئـەم بنەماڵەیـە تێیـدا توانیویـەتی بەرنامـــەی بەرپەرچـــدانەوەی ئۆرۆستۆکراســـیی کشـــتوکاڵ بەئـــەنجام بگەیـــەنێ، بەکەموکوڕی دەمێنێتـەوە. لێـرەدا شـەن‌و کـەوکردنی بنەچـەی بنەماڵـەی بـارزانی تێکـەڵ بەمێـژوی میرایـەتیی ئامێـدی دەبـێ کەمیرایەتییەکـە تـا سـاڵی ١٨٤٢ حوکمڕانیی ناوچەکەی کردووە، هەروەها تێکەڵ بەتایبەتمەندییەکانی ناوچەکە دەبێ کە لەمێژودا ناوچەیەکی راکێشەری بیروباوەڕو مـەکۆی سـۆفی‌و دەروێشـەکان بـوەو سـۆفی‌و دەروێشـەکان گـەرایان تێـدا دانـاوە، کەلـەپوری بیروباوەڕیـان دەوڵەمەنـد کردوەو کاریگەرییان لەسەر ژیانی ئاینی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئـابوریی بـەجێ هێشتووە، کاریگەرییەك کەتا ئەمڕۆ هەستی پێ دەکەین.

# تەوەری یەکەم

## بارزان و بارزانییەکان

بارزان کەوتۆتە ئەوپەڕی باکوری رۆژئاوای پارێزگای هەولێر، لەنزیك سنوری عیراق لەگەڵ هەر یەك لەئێران و تورکیا. مێژوی ئەم گوندە تەمومژ بەسەریدا زاڵە. بەر لەوەی شێخ تاجەددین لەکۆتایی‌ی سەدەی هەژدەهەم تەکیەی تێدا دابنێ، لەگوندێکی زێبارییەکان بەولاوە هیچی تر نەبو.

مێژوی بارزان هیچ شتێکی دیارو تایبەتی تێدا نیە. ئەم گوندە بۆ ماوەیەکی دورو درێژ لەپەراوێزی روداوەکاندا بوو. بارزانییەکانی ئەمڕۆ هیچ شتێك دەربارەی بارزانییەکانی پێشو نازانن و هیچ ئاگایان لەسەردەمی دروست کردنی گوندەکە نیە. بارزان ئەو گوندەیە کەناوی خۆی بەبارزانییەکان و بەبیروباوەڕیان بەخشی. ئەمە بەو مانایە دێ کەشیکردنەوەی ناوو مێژوی بارزان لەو گۆشە نیگایەوە کەچەند پەیوەندیی بەو بیروباوەڕەوە هەیە کەبنەماڵەی شێخ تاجەددین بانگەشەی بۆ کردوە، هیچ هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ تێگەیشتنی هەندێ لایەنی گرنگی بیروباوەڕی بارزانییەکان پێك ناهێنێ. هەر چۆنێك بێ، پەیوەندیی نێوان بارزان و بیروباوەڕە ئاینی‌یەکەی لەدروست کردنی تەکیەی شێخ تاجەددینەوە دەست پێ دەکا. ئەمە ئەو سەرەنجامەی لێ دەکەوێتەوە کە دەبێ بارزانییە بەراییەکان لەبارزانییەکانی پاشتر جیا بکرێنەوە. دەستەواژەی کەدەبێ بارزانییە بەراییەکان هەمو دانیشتوانی بارزان، بەموسڵمان و ناموسڵمانەوە، پێش پەیدابونی شێخ تاجەددین دەگرێتەوە، ئەمانەش جولەکەو مەسیحی و موسڵمان بون. بێگومان موسڵمانەکانی ئەو سەردەمە هێشتا نەبوبون بەپەیڕەوی بیروباوەڕی تەکیەکەی شێخ تاجەددین و نەوەکانی.

بۆ رونکردنەوەی ئەوەی کەپێشینەی مێژوویی‌ی ناوی بارزان بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیی بەو بیروباوەڕەوە نیە کە لەگوندی بارزانەوە بڵاوبۆتەوە، ئەم کورتە باسە شتێکی پێویست بوو. بایەخی خۆ خەریك کردن بەتاوتوێ کردنی ناوەکە لەوە دایە کەئەم کارە لێی رادەبینرێ هەندێ لایەنی پەنهانی مێژوی کۆن ئاشکرا بکات.

لەشیکردنەوەی ناوی بارزاندا تێکەڵاوییەك هەیە چونکە زۆربەی ئەوانەی سەرگەرمی دۆزینەوەی مانایەك بون بۆ ناوەکە، لەوانە لەکۆنەکان مەعروف چیاووكو لەتازەکان ئەحمەد شەریفیو محەمەد عەلی سوڵتانی، بەهەڵە وایان لێکدایەوە کەبارزانییەکان خێڵێکی تایبەت پێکدێنن‌و بەیەك چاو سەیری پۆستی سەرۆکی تایفەی ئاینیو پۆستی سەرۆکی خێڵیان کرد، لەکاتێکدا بارزانییەکان ئەو بەشەی خێڵی زێبارن کەدەسەڵاتی ئۆرۆستۆکراسیی دەرەبەگانەی ئەو خێڵەیان رەت کردەوە، لێی جیا بونەوەو تەکیەی بارزانیان بۆ خۆیان کردە سەروەر. ئەمە بەو واتایە دێ کەتێکڕای پرۆسەکە گۆڕینەوەی دەسەڵاتێکە بەدەسەڵاتێکی تر. لایەنی جێی سەرنجی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کەپرۆسەکە بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە بەڕێوە چووە. بەم مانایە، پرۆسەکە لەلایەك پرۆسەی رەتکردنەوەی ملکەچکردنێکی زۆرداره‌کییەو لەلایەکی ترەوە پەسندکردنێکی ئارەزومەندانەیە. بەم پێیە، هەر گەڕانێك بەدوای بنەچەو رەچەڵەکی بارزانییەکان بەبێ تاوتوێ کردنی بنەچەو رەچەڵەکی خێڵی زێبار، بەپوختی بەڕێوە ناچێ.

بەمجۆرە، تاوتوێ کردنی رەچەڵەکی بارزانییەکان وەك گروپێکی جیا لەزێبارییەکان، هەمیشە سەرەنجامی چەوتی لێ دەکەوێتەوە. گومانیش لەوەدا نیە کەهەڵسەنگاندنی چەوت تیۆریی چەوت بەرهەم دێنێ. بەم پێیە، چیاووك بەپێی ئەو رێوشوێنەی کە بەدروستی داناوە، لەتیۆرییەکەیدا سەبارەت بەڕەچەڵەکی ناوی بارزان چوار ئەگەری داناوە، لەیەکێکیاندا وای بۆ چووە کەدەشێ ناوەکە بچێتەوە سەر خێڵی بەرازیو لەیەکێکی تریشدا وای داناوە کەڕەنگە ناوەکە ناوی باپیرە گەورەی بارزانییەکان بێو لەم سەروبەندەدا وای داناوە کەناوەکە بەمانای هەڵگری راستی دێ[1]. بەهەمان شێوە، شەریفی تیۆرییەکەی لەسەر ئەو بنەمایە دانا کەبارزانییەکانی ئەمڕۆ نەوەی خانەدانێکی دێرینی هەرێمی کەرخا بێت سلوخی سەردەمی ساسانییەکانن کەگوایە وڵاتەکەیان کەوتۆتە هەڵکەوتی ئێستای کەرکوك و وای بینی کەڕەنگە ساسانییەکان ئەو خانەدانەیان بۆ باشوری ئێران دور خستبێتەوە. شەریفی هۆی بونی بارزانییەکان لەناوچەکانی ئێستای باکوری زێی

[1] معروف جیاووك، مأساة بارزان المظلومة، المصدر السابق، ص ٤٦.

گەورە وا لێکدەداتەوە کەپاش ئەوەی ساسانییەکان لەسەدەی حەوتەمی زایینیدا لەسەر دەستی عەرەبە موسڵمانەکان لەناو بران، بارزانییەکان ئەم هەلەیان قۆستەوەو بۆ چیاکانی بارزان گەڕانەوە[٢].

دیسان هەمان تیۆری بە بەرگێکی تازەوە لەلای محەمەد عەلی سوڵتانی دوبارە دەبێتەوە. سوڵتانی وای داناوە کەبارزان لەوشەی بادجانەوە هاتووەو بارزانییەکانیش گروپێکن لەکێوەکانی بارز لەهەرێمی کرمان لەئێران نیشتەجێ بوو بوون. بەم پێیە، وای بۆ دەچێ کەبارزانییەکان ناوی خۆیان بەکێوەکانی بارز بەخشیوە یاخود ناوەکەیان لەوەوە وەرگرتووە. هەر چۆنێك بێ، سوڵتانی خۆی لەقەرەی وردەکارییەکانی ئەم لایەنەی مەسەلەکە ناداو دەڵێ ئەستەخەری باسی کردوە کەگروپەکەی کێوەکانی بارز، بۆ ماوەیەکی دورو درێژ ئاینی کۆنی خۆی پاراستو تەنها لەسەردەمی عەبباسییەکاندا وەرچەرخایە سەر ئیسلام. هەروەها باسی ئەوەش دەکا کە ئەم گروپە لەچەندەها خێڵی رەوەند پێکهاتبو، گوایە ئەمەش بوو بەهۆی پەراگەندەبوونی خێڵەکانو بڵاوبونەوەیان بەسەر شوێنی جیاوازدا. بەبۆچونی سوڵتانی، ناسینی ناوەکە بەشێوەی بارزان یان بەرزین لەچەندین ناوچەی لێك دابڕاودا، بەڵگەی بڵاوبونەوەی ئاسۆیی ئەو خێڵانەیە بەسەر قەڵەمڕەوێکی بەرینی زەویدا[٣]. ئەمە ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کەناساندنی بارزانییەکان وەك گروپێکی خێڵەکیی تایبەت، لەکۆتاییدا بەو سەرەنجامە دەگات کەمێژو بەجۆرێکی پێچەوانەی راستی وێنا بکرێ.

لەهەمو بارودۆخێکدا، دوبارەبونەوەی ناوی بارزان لەمێژوی سێ هەزار ساڵەی رابردوو بەشێوەی جیاواز شتێکی نائاسایی نیە. هۆی دوبارەبونەوەی ناوەکە لەقۆناغی جیا جیاو لەچەندەها ناوچەی لێك دابڕاو، بۆ چەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە لەوانە درەنگ نیشتەجێ بونی خێڵە کوردەکان. ئەمەش شتێکی وای لێ هەڵدەکرێنرێ کەمێژوی کورد لەگەوهەردا مێژوی خێڵە کۆچەرەکانەو خودی پرۆسەی نیشتەجێبون پرۆسەیەکی درێژ خایەن بوە کەنزیکەی دو هەزار ساڵی

---

[٢] احمد شریفی، برزان و بارزان، مجلە مهاباد، شمارە ١٦، سال دوم، تیر ١٣٨١، ص ص ٥٠-٥١.

[٣] محمد علی سلطانی، اوضاع سیاسی اجتماعی تاریخی ایل بارزان، سازمان اسناد وکتابخانە ملی جمهوری اسلامی ایران، تهران، ١٣٨٢، ص ص ٦-١٢.

خایاندوه. دیاردەیەك كەتایبەتە بەمێژوی كورد، بەردەوامبونی بزاوتی كۆچ‌و كۆچباری خێڵەكانە، مەسەلەیەك كە لێگەڕا خێڵەكان لەناوچەی لێك دابڕاو بەسەر چەند بەرەباب‌و لقێكدا دابەش بن یان مەزهەبی ئاینی‌یان یان شێوەی ئاخاوتنیان گۆڕانی بەسەردا بێ یان لەهەندێ چاخی دیاریكراودا تێكەڵ بەكۆمەڵگاكانی فارس‌و تورك بن. دیاردە هەرە سەرنجڕاكێشەكەی مێژوی كۆمەڵایەتیی كورد ئەوەیە كەزۆربەی جار هەر خێڵێك بەچەند ناوێك دەناسری، ئەویش بەپێی پێویستی‌و هەلومەرجی قۆناغە مێژوییەكەو هەندێ جاریش لەسۆنگەی دەركەوتنی چەند سەركردەیەكی بەهێزەوە كە ناوی خۆیان بەخێڵەكە یان بەلق‌و بەرەبابێكی دەبەخشی.

بەدڵنیاییەوە هیچ ئەگەرێك بۆ گومان كردن لەدێرینیی ناوی بارزان نیەو ئەوەی ئەمە ساغ دەكاتەوە ئەوەیە كە لەدەقە ئەفسانەیی‌یە پەهلەوییەكەی ناسراو بەكارنامەی ئەردەشێری بابەكانی بناغە داڕێژەری بنەماڵەی ساسانی، كەمێژوی بۆ ساڵانی ٢٠٨-٢١٠ی زاینی دەگەڕێتەوە، ناوی بارزان لەلیستی چالاكییە جەنگییەكانی ئەردەشێری بابەكاندا دێ. ئەردەشێر لەشكرێكی گەورەی بۆ شەڕی بارزانەكانی هەرێمی كرمان ئامادە كرد[٤] بەڵام دەقەكە رونی نەكردۆتەوە كەئاخۆ ئەردەشێر شەڕی بارزانەكانی كردوە یان نا. لێرە مانای بارزان زۆر رون نایەتە بەرچاوو زیاترینی بیر بۆ ئەوە دەچێ كەناوهێنانەكە ئاماژەیە بۆ خێڵێك بەم ناوە یان ئاماژەیە بۆ ناوی سەرخێڵێكی یاخی لەدەسەڵاتی ئەردەشێر. بەتەنیشت ناوی بارزانەوە كە لەدەقەكەدا هاتوە، چەند وشەیەك هەیە شێوەی وتنیان نزیكە لەشێوەی وتنی ناوی بارزان. لەخەودا بابەك كەساسان شوانیی بۆ دەكات، دەبینێ ئاگری پیرۆزی ئاگرخانە پیرۆزە بەناوبانگەكان كە بەیەكێكیان دەوترێ ئازەر بەرزین میهر، ماڵی ساسان رۆشن دەكاتەوە. بابەك بۆ ئاشكراكردنی رازی ئەم خەونە، چەند ئەستێرەناسێكی بانگهێشت كرد، ئەوانیش پێیان وت ئەم پیاوە یاخود نەوەیەكی ئەم پیاوە دەبێتە پاشاو خانەدانێكی تازە لەوڵاتدا دادەمەزرێنێ. تا ئەو كاتە هیچ

[٤] دكتر بهرام فرەوشی، كارنامە اردشیر بابكان، چاپ سوم، انتشارات دانشگاه تهران، تهران، ١٣٨٢، ص ٨٧.

کەسێك، تەنانەت خودی ساسانیش، سەری لەوە دەرنەکردبوو کەئەو پیاوەی بابەك لەخەودا دی بوی ئاگری پیرۆز ماڵی ڕۆشن دەکاتەوە، نەوەی داریوشی دوایین پاشای هەخامەنشیی ئێرانە کە لەساڵی ٣٣١ی پێش زایندا ئەسکەندەری مەکەدون لەشەڕدا بەزاندبوی[٥]. بەپێی دابەشبونی چینایەتیی ئێران، پەیوەندییەك لەنێوان ئاگرخانەکانو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. لەم سەروبەندەدا ئازەر فەرەنبەغ بۆ چینی پیاوانی ئاین تەرخان کرابو، ئازەر گوشنەسب بۆ چینی جەنگاوەرانو ئازەر بەرزین میهر بۆ چینی جوتیاران[٦]. ئەم سێ ئاگرخانەیە بەتەنیشت یەکترەوە نەبون بەڵکو هەر یەکێکیان لەشوێنێکی جیا بوو. بەم پێیە، دەبینین ئاگرخانە ناسراوەکەی ئازەر بەرزین میهر لەکێوەکانی ریوەند بوو لەباکوری ڕۆژئاوای شاری نیشاپور[٧].

لەڕوداوەکانی پاشتردا ئەردەشێر لەگوندێکدا توشی دو برا دەبێ، یەکێکیان ناوی بەرزەکەو ئەوی دی بەرز ئاتور[٨]. بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێ جار وشەی پەهلەوی بەشێوەی جیاواز دەخوێنرێتەوە. هەندێ لەناوەکانی دەقەکە، لەوانە بورازاك، بەشێوەی جیاواز دەخوێنرێنەوە، لەو کردەوانەی کە لەدەقەکەدا ناویان هاتوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کەپاش ئەوەی ئەردەشێر سەرکەوتن بەسەر پاشا ئەردەوانی دوایین پاشای خانەدانی ئەشکانیدا دێنێ، لەهەرێمی پارس چیاکان هەڵدەدرێو جۆگەیەك بەناوی جۆگەی بورازاك هەڵدەبەستێ. لەهەندێ خوێندنەوەدا، وەك ئەو دەقەی کەدکتۆر بەهرام فرەوشی وەری گێڕاوە، بورازاك بەشێوەی راوك دەخوێنرێتەوە[٩]. ئەمەش وا لەوشەکە دەکا لەمەبەستی ئێمە دور بکەوێتەوە.

---

[٥] هەمان سەرچاوە، ل ٥-٦.

[٦] ئارتور کریستێنسێن، ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٠٧.

[٧] هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٩.

[٨] دکتر بهرام فرەوشی، کارنامە اردشیر بابکان، ص ٦٩. لەدەقی کوردیی ئەم کارنامەیەدا کەشاسوار خ. هەرشەمی لەدەقە وەرگێڕدراوەکەی قاسم هاشمی نژادەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەرزەكو بەرز ئاتور بەشێوەی بورزو بورز ئازەر دەخوێنرێنەوە. بڕوانە: شاسوار خ. هەرشەمی، کارنامەی ئەردەشێری بابەکان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٥١.

٩ دکتر بهرام فرەوشی، کارنامە اردشیر بابکان، ص ٥١.

ئەم ناوانە دەری دەخەن کە ماناکان جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. ئەوە بەڵگەیە کە لەناوهێنانی ئاگرخانەکاندا ناوی (بەرزین)) کەبەشێکی پێکهاتەی ئازەر بەرزین میهر پێکدێنێ، ئاماژە بۆ شوێنێکی پیرۆزی ئاینی زەردەشتی دەکا، لەکاتێکدا زۆربەی جار ناوی بارزان ئاماژەیە بۆ خێڵێکی هەرێمی کرمان یان ناوی رابەری ئەو خێڵەیە. بورازاکیش، یاخود راوك، ناوی جۆگەیەکە یان ناوی چەمێکە لەهەرێمی پارس. هەردو وشەکەی بەرزەكو بەرز ئاتوریش، کەیەکەمیان سادەیەو ئەوی تر ئاوێتەیە، وەك ناو بۆ پیاوان بەکار هاتون. هەر چۆنێك بێ، دەقە ئەفسانەیی‌یەکەی ئەردەشێری بابەکان وامان لێ دەکا پەی بەوە بەرین کەناوەکە چ بەشێوەی بارزان بێ چ بەشێوەی بەرزینو چ بەهەر شێوەیەکی تری نزیکی ئەم دو شێوەیە، لەنێو ئارینژادەکانی هەرێمەکانی پارسو ئازەربایجانو کوردستاندا بەشێوەیەکی فراوان باو بوە.

جگە لەو چەند شێوەیە، ناوەکە بەشێوەی بارزیش دەبینرێ. لەنێو نوسەرە ناسیۆنالیستەکانی کورددا تیۆرییەك باوە، باس لەوە دەکا کەئەردەشێری بابەکانی روخێنەری دەوڵەتی ئەشکانیو دامەزرێنەری خانەدانی ساسانی، بەرەچەڵەك ناچێتەوە سەر داریوشی دوایین پاشای هەخامەنشییەکان بەڵکو دەچێتەوە سەر کورد. پشتو پەنای ئەم تیۆرییە، تەبەرییە کەبەپشت بەستن بەسەرچاوە مێژوویی‌یەکانی سەردەمی ساسانییەکان، باسو خواسی نامەو نامەکارییەکانی نێوان ئەردەشێری یاخیو پاشا ئەردەوانی پێنجەم دەگێڕێتەوەو لەو نامەو نامەکارییەدا ئەردەوان گاڵتە بەئەردەشێر دەکا، بێ رێزی بەرامبەر بەرەچەڵەکی دەنوێنێو دەڵێ ((ئەی کوردی لەرەشماڵی کوردان بەخێوکراو))[10]. جا لەبەر ئەوەی تەبەری ئەمە بەشێوەیەکی روتو رەجاڵ دەگێڕێتەوە، نوسەرە ناسیۆنالیستە کوردەکان وا تەماشای مەسەلەکەیان کرد کەئەمە بەڵگەی راستو دروستیی بۆچونەکەیەتی. شاسوار خ. هەرشەمی کەدەقی کارنامەی ئەردەشێری بابەکانی لەفارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، لەم روەوە دەڵێ ((لەسەردەمی تەبەریدا کەسێك گومانی لەکوردبونی ئەردەشێر نەبوە تا لێی بکۆڵێتەوە))[11].

---

[10] الطبري، تاريخ الامم والملوك، المجلد الاول، الطبعة الثالثة، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٥، ص ٣٩٠.

[11] شاسوار خ. هەرشەمی، کارنامەی ئەردەشێری بابەکان، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٣.

بۆ دەستەبەرکردنی بەڵگەیەکی تۆکمەتر لەسەر راستیی تیۆرییەکەیان، ئەو نوسەرانە وایان دانا کەهەردو هەرێمی پارس‌و کرمان کەبەشێکی ناوچەی کوردنشینی ئەمڕۆ پێك ناهێنن، لەو رۆژگارەدا چەندین خێڵی رەوەندی کوردی لێ بوە کە لەهەلومەرجێکی نەزانراودا لەوێ نیشتەجێ بوو بوون. وردبونەوە لەکارنامە جەنگییەکانی پاشا نەوشیروان کە لەماوەی نێوان ٥٣١-٥٧٩ی زاینی حوکمڕانیی کردوە، نیشانی دەدا کەناوبراو لەگەڵ خێڵی بارز بەشەڕ هاتووەو شکاندویەتی، پاشان لەولاتی خۆی هەڵی کەندوەو ناچاری کردوە لەهەرێمی کرمان نیشتەجێ ببێ[١٢]. لەڕاستیشدا عەرەبەکان پێش نوسەرە ناسیۆنالیستە کوردەکان بارزیان بە کورد زانیوە. کرۆکی ئەم تیۆرییە لەشیکردنەوەکانی هەر یەك لەئیبن کەسیری دیمەشقی‌و جەلالەددینی سیوتی دەردەکەوێ چونکە نوسینەکانیان شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەهیچ جیاوازییەك لەنێوان بارزو کورددا نیە. ئەمانە هەردوکیان لەهەوڵەکانیاندا بۆ لێکدانەوەی هەندێ لەئایەتە نارۆشنەکانی قورئان، پشت بە ئەبو هورەیرە دەبەستن کەوتویەتی گوایە مەبەست لەئایەتەکەی ((ستدعون الى قوم اولي بأس شديد)) بارزەکانە، کەکوردن[١٣].

دوبارە بونەوەی وشەی هاوشێوەی بارزان لەسەردەمی جیاوازدا کەرەستەیەکی پێویست بۆ ئەوە دابین ناکا کەبتوانین بەهۆیەوە دورتر بڕوانینە ماناکەی لەڕوی مێژوییەوە. نزیکترین ناو لەبارزان، بەرزینە. ئەم ناوە پێش پەیدابونی ئیسلام‌و هەروەها لەسەردەمی ناوەڕاستیش لەنێو فارس‌و کورددا زۆر باو بوە. شانامە کەدەقێکی وێژەیی‌ی فارسییە، کەرەستەیەکمان پێ دەبەخشێ کەبەکەڵکی وێناکردنی رادەی بلاوبونەوەی ناوەکە دێ. لەدەوروبەری ساڵی ٣٤٦ی کۆچیدا میری توس، ئەبو مەنسور محەمەد کوڕی عەبدولڕەزاق، ئەبو مەنسوری موعەممەریی وەزیری خۆی راسپارد سەرگەرمی دابین کردنی پێداویستییەکانی نوسینی مێژوی خونکارە کۆنەکانی ئێران‌و داستانەکانیان بێ. وەزیرەکەش زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو کەکارەکە فرە دەسترەنگین‌و پوخت بێ‌و لەم سۆنگەیەوە چەند مێژونوس‌و زانایەکی

[١٢] احمد شریفی، برزان و بارزان، ص ٥١.
[١٣] الدكتور فرست مرعي، كردستان في القرن السابع الميلادي، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٦، ص ٢٣٨.

لەهیراتو سیستانو نیشاپورو خودی توس کۆکردەوە. تیمە پێکهێنراوەکە مێژوو و داستانە دێرینەکانی ئێرانی بەشێوەی پەخشان پێشکەش کرد. جێی سەرنجە کەتیمەکە ئەندامێکی خەڵکی توسی بەناوی شادان کوڕی بەرزین تێدایە[١٤]. لەم شانامەیەدا کەتەنها بەراییەکەیمان پێ گەییوە، ناوی بەرزین کاری بەسەر هیچ خێڵێکەوە نیەو وەك ناوی پیاوان زۆر دوبارە دەبێتەوە. لێرە دەتوانرێ سەرنجی ئەوە بدرێ کەلانی کەم حەوت کەس لەکاراکتەرەکانی شانامەکە بەرزین بەشێکی پێکهاتەی ناوەکانیان پێکدێنێ.

لەم بوارەدا شانامەی فیردەوسی درێژەپێدانی شانامەکانی پێشترە. رونیشە کەهەمو شانامەکان لەسەر پاراستنی رەسەنیی کەلتوری نەتەوەیی یەکدەنگ بون. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، فیردەوسی لەگێڕانەوەی مێژوی پێش ئیسلامی ئێرانو یادکردنەوەی پاشا کۆنەکانی فارسدا ویستی شوێن پێی هۆمیرۆس هەڵگرێ کە لەئەلیازەدا بەشانو شکۆوە مێژوی گریکەکانی گێڕاوەتەوە. بەجۆرە، فیردەوسی بەشەست هەزار بەیتی شیعر مێژوی چاخە پێشینەکانی، بەئاوێتەکردنی ئەفسانەو مێژوو و سۆسیۆلۆژیا، گێڕایەوەو بەسوکی هەر سێ قۆناغەکەی بەسەر کردەوە: واتە قۆناغی ئەفسانەیی کە لەکیوومرتەوە دەست پێدەکاو بەدەرکەوتنی فەرەیدون کۆتایی دێ، قۆناغی پاڵەوانێتی کە لەراپەرینی کاوەی ئاسنگەرەوە دەست پێدەکاو بەکوژرانی رۆستەم کۆتایی دێو قۆناغی مێژویی کە لەکۆتایی سەردەمی کەیانییەکانەوە دەست پێدەکا[١٥]. لەم شانامەیەدا ناوی بەرزین وەك ناوی بنەماڵەیەك دەکەوێتە بەرچاو کەسەردارەکەی ناوی فەرهادەو بەشداریش بوە لەشەڕەکانی کەیخەسرەو لەدژی تورانییەکان[١٦].

لەنێو کوردەکانی بەشی رۆژئاوای هەرێمی چیاکاندا، سەرچاوە مێژوییەکان سەرنج بۆ خێڵێك رادەکێشن ناوی بەرزیکان یان بەرزەکانە. ئەگەرچی ئەبو شوجاع روزراوەری لەکتێبەکەیدا ((پاشکۆی ئەزمونی گەلان)) بەخراپی باسی بەرزیکان

---

[١٤] دکتر محمد معین، فرهنگ فارسی، جلد پنجم (اعلام)، ص ٨٨٢.
[١٥] هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.
[١٦] محمد علی سلطانی، اوضاع سیاسی اجتماعی تاریخی ایل بارزان، ص ٤.

دەكاو بەشەڕانگێزو چەتە ناویان دەبا[17]، بەڵام قەڵەمڕەوی پانو پۆڕی میرنشینی بەرزیكانەكان لەهەمەدانەوە تا باكوری خۆزستانو لەكوتەوە تا زێی گەورە[18]، دەرفەتێكی وا دەرەخسێنێ كەبەو چاوە سەیری بەرزیكانەكان بكرێ كەتوانیویانە سیستمێكی پێشكەوتوی كارگێڕان دابمەزرێنن. تەشەنە سەندنی دەسترۆیشتویی‌ی سیاسیی بەرزیكان لەناوچەكەدا رەنگدانەوەی بەهرەی سەركردەكانی میرنشینەكەیە كەتوانییان خێڵەكەی خۆیان لەخێڵێكی ئاسایی‌یەوە بكەنە قەوارەیەكی سیاسیی رێزدارو شكۆمەند.

ئەم خێڵە كەهەشتا ساڵ حوكمڕانیی كردو دینەوەر پایتەختەكەی بوو، لەدوو لقی ركابەر پێكهاتبوو كەعیشانی‌و بەرزینییە. حەسنەویەی كوڕی حوسێنی بەرزیكانیی دامەزرێنەری میرنشینەكە بەڕیشە دەچێتەوە سەر لقی بەرزینی[19]. بەڵام سەرچاوەكان هیچ زانیارییەكیان دەربارەی ئەم لقە تێدا نیە. هەر چۆنێك بێ، لەو سەردەمە پڕ ململانێ‌و شەڕوشۆڕەدا ململانێی نێوان سەركردەكانی ناو یەك خێڵ شتێكی سەیر نیە. ئەگەرچی بەرزیكانەكان زۆر جار هاوپەیمانییان لەگەڵ بوەیهییەكاندا بەست، كەچی روخانی میرنشینەكەیان لەساڵی ١٠١٦ی زاینیدا هەر لەسەر دەستی بوەیهییەكان بوو. لەگەڵ روخانی میرنشینەكەدا، ناوی خێڵەكەش لەمێژو سڕایەوە.

دوبارەبونەوەی ناوی بارزان یان بەرزین لەمێژودا، بەو شێوەیەی كەبینیمان، ئەوەی لێ هەڵدەكرێنرێ كەئەم ناوە لەڕوی كۆمەڵایەتییەوە ناوێكی پەسندە. دەركەوتنی ئەم ناوە لەكاتی جیاوازو لەشوێنی لێك دور بۆچونێكی وا گەڵاڵە دەكا كەناوەكە لەنێو ئارییەكاندا، بەفارس‌و كوردەوە، زۆر باو بوە. لەم رووەوە پێدەچێ بەكارهێنانی ئەم ناوە كە وەك ناو بۆ پیاوان لەسەردەمی ساسانییەوە تا كۆتایی‌ی سەردەمی ناوەڕاست شتێكی زۆر باو بووبێ. بەم پێیە، ناوەكە هەندێ جار وەك ناو بۆ خانەدانی دەسترۆیشتوو و لقی خێڵەكان بەكار هاتوە. لەسەرەتای سەدەی

---

[17] ظهير الدين ابو شجاع الروذراوري، ذيل تجارب الامم، الجزء الثالث، مطبعة شركة التمدن الصناعية، القاهرة، ١٩١٦، ص ٢٨٨.

[18] محمد جميل بندي الروذبياني، مدن كردية قديمة، المصدر السابق، ص ١٢٠.

[19] ابن الاثير، الكامل في التاريخ، الجزء السابع، المصدر السابق، ص ١٢٤.

شانزەهەمی زایینی بەدواوە، دەبینین ناوەکە ئاماژە بۆ پێکهاتە خێڵەکییەکان دەکا، وەك لەبەرزانلودا دەردەکەوێ کەلقێکی خێڵی زەعفەرانلوی خوراسانە[٢٠]. وشەی بەرزانلو کاریگەریی قوڵی کەلتوری تورك لەسەر ناوە کوردییەکان دەردەخا چونکە نوسانی پاشگرە تورکییەکەی ((لو)) بەناوە کوردییەکەی بارزانەوە، کەپێدەچێ ناوی سەرۆکی گروپەکە بوو بێ، شێوەی بەرزانلوی پێ داوە. بونی کورد لەهەرێمی خوراسانی رۆژهەڵاتی ئێران پەیوەندیی بەهەوڵو کۆششی پاشا سەفەوییەکانەوە هەیە کەسەرگەرمی دابین کردنی ئاسایشی سنوری باکوری خوراسان بون لەهەردو سەدەی شانزەهەمو حەڤدەهەمدا. لەئاکامی ئەم سەرگەرمییەدا، پاشاکان هەزاران خێزانی خێڵە کوردەکانیان بۆ خوراسان گواستەوە کەسەرچاوە مێژوییەکان ژمارەیان بەدەورووبەری ٤٥ هەزار خێزان مەزەندە کردوە. لەوێ راگوێزراوەکان نشینگەی تازەیان بۆ خۆیان دروست کردو ئەو نشینگانە بەرە بەرە بون بەشار وەك بوجنورد، شیروان، زەعفەرانلوو و دارغەز[٢١].

لەزمانی کوردیدا وشەی بارزان مانای بەرزی دەدا. ئەم مانایە لەوشە فارسییەکەی ((بورز))یش هەیە کە بەمانای بڵندی، بەرزی، بەژن دێ[٢٢]. ناوی چیای ئەلبورزیش کەلوتکەی دەماوەند بەرزترین لوتکەیەتی هەمان مانا دەدا. ئەم چیایە کەکەوتۆتە باکوری ئێران، ناوی لەدەقە پەهلەوییەکاندا بەشێوەی هەربورز هاتوە[٢٣]. لەنێو کوردیش ناوی برزو کە لەچیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی فارسو کورددا، ناوی کوڕی زۆرابی کوڕی رۆستەمی زاڵە، وەك ناو بۆ پیاوان بەکار دێ. لەزمانی پەهلەویش وشەی بەرز بەشێوەی بورز هاتوە[٢٤].

پەیوەست بونی بەرزین بەئاگرەوە لەئاگرخانەی ئازەر بەرزین میهر هەلێك بۆ گەڵاڵەکردنی وێنایەکی تر دەربارەی بارزان دەرەخسێنێ. بەپێی دابەشبونە چینایەتییە کۆنەکە، وەك لەمەوپێش باسمان کرد، ئارییەکان ئاگرخانەی ئازەر

---

[٢٠] احمد شریفی، برزان و بارزان، ص ٥١.
[٢١] عەبدوڵڵا قەرەداغی، راگوێزانی کورد لەمێژودا، چاپخانەی ئاپێك، ستۆکهۆڵم، ١٩٩١، ل ٤٠.
[٢٢] دکتر محمد معین، فرهنط فارسی، جلد اول، ص ٥٠٣.
[٢٣] دکتر محمد معین، فرهنط فارسی، جلد ثنجم (اعلام)، ص ١٦٩.
[٢٤] دکتر بهرام فرةوشی، فرهنط فارسی بةثهلوی، ص ٧٣.

بەرزین میهریان بۆ چینی کشتیاران تەرخان کردبوو. لەم بوارەدا پەیوەستێکی زمانەوانی لەنێوان بەرزین وەك ئاگرخانەو لەنێوان پیشەی کشتیاریدا هەیە چونکە وشەی "بەرز" مانای کشتوکاڵیش دەداو لەوەوە وشەی بەرزگەر، واتە کشتیار، پەیدا بووە[25] فەرهەنگە فارسی- کوردییەکەی ساڵی ٢٠٠٦ی زانکۆی کوردستان لەسنە هەمان مانای ساغ کردۆتەوە[26].

پەیوەندیی بەرز بەکشتوکاڵەوە شتێکی جێی سەرنجە. لەو هەرێمەی بارزانی لێیە، یەکێ لەدەشتەکان پێی دەوترێ بەرازگر. پەیوەندیی نێوان بەرزگەری فارسیو بەرازگری کوردی پەیوەندییەکی رونە. ئەگەرچی خەڵکی ناوچەکە زیاتر بەلای ئەوەدا دەچن کەناوەکە پەیوەندیی بەو دەشتەوە هەیە کەڕاوە بەرازی کێویی تێدا دەکرێ، بەڵام ئەمە مانای رەسەنی ناوەکە تێکنادا، چونکە ناوچەکە لەبنەڕەتدا ژمارەیەکی زۆر بەرازی کێویی لێیە. ژمارەی بەرازی کێوی لەناوچەکەدا پاش موسڵمانبونی کورد زیادی کرد چونکە ئیسلام رێ نادا موسڵمان گۆشتی بەراز بخوا. دواتر، ئەو بەرازانە بونە هۆی زیانێکی زۆر بۆ دەغڵودانی کشتیارەکان. بۆیە دەبوایە بەرازەکان لەکۆڵ بکرێنەوە. بەڵگەی زاڵبونی چەمکی کشتوکاڵ بەسەر چەمکی راوە بەرازدا ئەوەیە کەهەر یەکێ لەدو پاشگرەکەی "گر"و "گەر" دو واتای جیاواز دەدەن، چونکە "گەر"ی بەرزگەرو هەمو ئەو وشانەی کەئەم پاشگرەیان پێوە لکاوە، مانای پیشە دەدەن. بەم پێیە، لکانی پاشگرەکە بەوشەی بەرزەوە مانای کشتیار بەوشە لێکدراوە تازەکە دەبەخشێ. لەکاتێکدا پاشگری "گر" رەگی وشەی گرتنەو لکانی ئەم پاشگرە بەوشەی بەرازەوە مانای گرتنی بەراز دەبەخشێ، لەکاتێکدا مەبەست لەراوە بەراز کوشتنێتی، نەك گرتنی.

مایەی سەرنج راکێشانە کە بەپێی شیکردنەوەکەی فەرهەنگە فارسییەکەی ((بورهان قاتع)) کەمحەمەد حوسەینی کوڕی خەلەف تەبریزی لەساڵی ١٦٥١دا دایناوە، بەرزین راستو رەوان مانای ئاگر دەدا[27]. بەمجۆرە، ئەگەر پەیوەندییەك

---

[25] دکتر محمد معین، فرهنط فارسی، جلد اول، ص ٥٠٣.

[26] ماجد مردوخ روحانی، فرهنط فارسی- کردی، جلد اول، دانشطاة کردستان، سنندج، ١٣٨٥، ص ٣٦١.

[27] محمد حسین بن خلف تبریزی، برهان قاطع، به اهتمام دکتر محمد معین، جلد اول، چاپ پنجم، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٢، ص ٢٥٥.

لەنێوان مانا زمانەوانییەکەی وشەکە کەواتای بەرزی دەداو لەنێوان ئەرکی ئاینیی بەرزین وەك ئاگرخانە دروست بکەین، دەتوانین بچینە سەر ئەو باوەڕەی کەبارزان پێش پەیدابونی ئیسلام پەرستگایەکی زەردەشتی بووە. وێژەی دەماودەمی خەڵکی بارزان کەرەستەیەکی تێدایە دەرفەتێك بۆ ساغ کردنەوەی ئەو تیۆرییە پێکدێنێ کەپێی وایە بارزان لەبنەڕەتدا پەرستگایەکی زەردەشتی بوە، چونکە بەپێی وێژەی دەماودەمی بارزانییەکان ئەو شوێنەی کەگوندییەکان یەکەم مزگەوتیان لەبارزان لێ دروست کرد، پەرستگایەکی کۆنی لێ بووە. بەپێی ئەیوب بارزانی، ئەو گوندییانەی زەوییان هەڵدەکۆڵی‌و بەدوای سەرچاوەی ئاودا دەگەڕان، پاشماوەیەکیان دۆزییەوە سەروسیماو روخساری لەپەرستگا دەچو[٢٨]. ئەوانیش دەم‌و دەست کردیان بەمزگەوت. لێرەدا بەپاڵپشتی دۆزینەوەی پەرستگاکە، دەکرێ وا دابندرێ کەچیای شیرین، ئەوەی کەدەڕوانێتە سەر بارزان، چەندین ئاگردانی پیرۆزی زەردەشتییەکانی لێ بوە. بەڵام بونی پەرستگاکە بەشێوەیەکی میکانیکی بەڵگەی ئەوە نیە کە لەو سەردەمەدا بارزان گوندێکی ئاوەدان بوە چونکە، وەك لەو رۆژگارەدا باو بوو، زۆربەی پەرستگا زەردەشتییەکان لەشوێنی تایبەت، دور لەگوندەکان، دروست دەکران. ئیتر لەو سۆنگەیەوە کەئاگردانەکان لەجێی بڵند دادەنران، بەرزین واتاکانی بەرزی‌و نیشانەکانی پیرۆزی بەتێکهەڵکێشکراوی لەخۆی کۆ دەکاتەوە. ئاشکراشە کەپەرستگا زەردەشتییەکەی بارزان‌و شوێنەکانی تر بەتەواوی لەسەر دەستی عەرەبە موسلمانەکان وێران کران.

خۆ سەرقاڵ کردن‌و گەڕان بەدوای ریشەی ناوی بارزان لەمێژودا خۆی لەخۆیدا ئامانج نیە بەڵکو مەبەست لەو گەڕانە ئاشکراکردنی پێشینەی گوندەکەیە. شەن‌و کەوکردنی ئەو نوسینانەی باسی مێژوو و خێڵەکان‌و ئاسەوارە جوگرافییەکان‌و ژیانی کۆمەڵایەتیی ناوچەکەیان لەسەدەی دەیەمەوە تا سەرەتای سەدەی پانزەهەم کردووە، ئەرکی دۆزینەوەی بارزان ئاسان ناکا. بەمجۆرە، دەبینین ئیبن حەوقەل (کەساڵی ٩٨١ کۆچی دوایی کردوە) لەکاتێکدا لە ((صورة الارض))دا باسی داسنیا دەکا کەبەشێکی ئەو هەرێمە پێکدێنێ کەبارزانی لێیە[٢٩]، هیچ شتێك

---

[٢٨] بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦-١٩١٤، ص ٢٧.

[٢٩] ابن حوقل، صورة الارض، دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٧٩، ص ٢٦٠.

دەربارەی بارزان نالێ. هەر یەك لەئیبن فەزلوڵڵای عومەریو قەلقەشەندیش لەم ڕووەوە شوێن پێی ئیبن حەوقەل هەڵدەگرن. یەکەمیان لەکتێبەکەیدا ((مسالك الابصار فی ممالك الامصار)) کەبابەخێکی تایبەتی بۆ تاوتوێ کردنی مێژووی ناوچەی کوردنشین لەسەدەی چواردەهەمدا هەیە، باسی زۆر ناوچەو میرنشینو سەرکردەی خێڵەکیی هەرێمەکەی کردووە لەوانە باڵەکیان، خێڵەکانی موحەممەدی، سندی، بەختیو داسنیی ناوچەکانی دهۆكو زاخۆو باسو خواسی شەڕە خێڵەکییەکانی نێوان خێڵەکانی سۆرانو زەرزاریو قرتاویو زێبارییی گێڕاوەتەوە. بەپێی عومەری، قەڵەمڕەوێکی فراوانی هەرێمەکە هیچ نیشانەیەکی دەسەڵاتی میرنشینی ئامێدیی تێدا بەدی ناکرێو خێڵەکانی دۆسکی، زێبار، سندی، داسنیو دونبولی خۆیان ناوچەکانی خۆیان هەڵسوڕاندووەو ناوچەی نێوان زێی گەورەو ئاکرێش میرەکانی خێڵی زێبار خۆیان بەڕێوەیان بردووە[٣٠]. بەهەمان شێوە، هیچ شتێك لەکتێبەکەی قەلقەشەندی ((صبح الاعشی)) دەربارەی بارزان نیە، ئەگەرچی کتێبەکە ناوی زۆر شوێنی تێدایە وەك بەخمە، نێروە ڕێکانو هەرێمی سۆران (واتە ڕەواندزو دیانا). ئەم کتێبە زانیاریی سەبارەت بەتێوەگلانی زێبارییەکان لەشەڕی خێڵەکیدا تێدایەو کاتێك دەچێتە سەر باسکردنی میرنشینی زەرزاری، ناوی چەندەها شوێن دێنێ وەك دەشتی بەرازگر، ڕەستاق، شنۆ، سیدەکان، ئەکریسانو کێلەشین[٣١].

لەلایەکی ترەوە هانا بردنە بەر ئەو سەرچاوانەی کەوردەکاریی لەشکرکێشیی تەیمورلەنگ بۆ سەر کوردستان لەسەردەمی جەلایریدا دەگێڕنەوە، هیچ قازانجێکی لێ ناکەوێتەوە چونکە هیچ کامێکیان ناوی بارزان ناهێنن. وردبونەوە لەڕێچکەی هەر سێ لەشکرکێشییەکەی تەیمور لەنگ لەساڵانی ١٣٨٦-١٣٨٩و ١٣٩٢-١٣٩٦و ١٣٩٩-١٤٠٥ کە لەهەر سێکیاندا بەکوردستاندا تێپەڕیوە، هیچ ئامانجێك ناپێکێ. لێرەدا شیکردنەوەکە پێویست بەوە دەکا دان بەوەدا بنرێ کە تا

---

[٣٠] ابن فضل الله العمري، مسالك الابصار في ممالك الامصار، الجزء الثالث، مخطوطة مستنسخة موجودة في المجمع العلمي العراقي تحت رقم (٣٠٠-٢٩٠ج)، ص ص ١٣١-١٣٤.

[٣١] القلقشندي، صبح الاعشى في صناعة الانشا، شرح وتعليق محمد حسين شمس الدين، الجزء الرابع، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٧١، ص ص ٣٧٥-٣٧٨.

دوایی‌ی حوکمڕانیی خانه‌دانی مه‌غۆلیی جه‌لایری له‌ساڵی ١٤١٠داو سه‌ره‌تای ده‌ستپێکردنی سه‌رده‌می قه‌ره قۆینلو سه‌رچاوه‌ مێژوویی‌یه‌کان به‌هیچ جۆرێك ناوی بارزان ناهێنن.

له‌نێو هه‌مو سه‌رچاوه‌کاندا کتێبه‌که‌ی ((شذرات الذهب))ی ئه‌بولفه‌لاح عه‌بدولحه‌ی کوڕی عیمادی حه‌نبه‌لی سه‌رنج راده‌کێشێ. ئه‌م کتێبه‌ له‌سالآنی سی‌دا له‌هه‌شت جلّددا له‌به‌یروت چاپ کرا. له‌م کتێبه‌دا حه‌نبه‌لی ژیانی ژماره‌یه‌کی زۆری ناوداران ده‌گێڕێته‌وه‌ له‌وانه‌ مه‌حمود کوڕی ئه‌حمه‌د ناسراو به‌ئیبن به‌رزان. ئیبن به‌رزان له‌دایکبوی ئیسکلیبی ئه‌ناتۆلیایه‌و هه‌ر له‌وێش ده‌ستی به‌خوێندن کردوه‌. له‌و رۆژگاره‌دا فێربون ته‌نها خوێندنی ئایینی‌و هه‌ندێ بواری په‌یوه‌ندیداری ده‌گرته‌وه‌، پێده‌چێ ئه‌ویش له‌م بواره‌دا سه‌رکه‌وتو بووبێ. به‌ڵگه‌ش ئه‌وه‌یه‌ که‌ئیبن به‌رزان رێی پێ درا فه‌توا بداو وانه‌ بلێته‌وه‌. وه‌ك له‌و رۆژگاره‌دا باو بووه‌، که‌س ساڵی له‌دایکبونی نه‌زانراوه‌. به‌م پێیه‌، ساڵی له‌دایکبونی ئیبن به‌رزانیش دیار نیه‌ به‌لآم ساڵی کۆچ کردنی دیاره‌و له‌م روه‌وه‌ حه‌نبه‌لی ساڵی ٩٨٣ی بۆ داناوه‌. به‌مه‌ ده‌رده‌که‌وێ که‌ئیبن به‌رزان له‌ناوه‌ڕاستی سه‌ده‌ی شانزه‌هه‌می زاینیدا ژیاوه‌[٣٢].

ئه‌سته‌م نیه‌ وای دابنێین که‌ناوهێنانی ((ئیبن به‌رزان)) له‌کتێبه‌که‌دا یه‌که‌م ئاماژه‌ی رونه‌ بۆ بونی بارزان له‌سه‌ده‌ی شانزه‌هه‌می زاینیدا. به‌لآم له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ده‌بێ به‌وریایی‌یه‌وه‌ سه‌یری ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ بکرێ چونکه‌ نازناوه‌که‌ به‌شێوه‌یه‌کی میکانیکی به‌ڵگه‌ی ئه‌وه‌ نیه‌ که‌ڕه‌چه‌ڵه‌کی ناوبراو ده‌چێته‌وه‌ سه‌ر گوندی بارزانی له‌مه‌ڕ خۆمان. ئه‌م دڕدۆنگییه‌ له‌کتێبه‌که‌ی عه‌للامه‌ محه‌مه‌د ئه‌مین زه‌کی به‌گدا سه‌باره‌ت به‌ناودارانی کورد هه‌ستی پێ ده‌کرێ. محه‌مه‌د ئه‌مین زه‌کی به‌گ ئه‌گه‌رچی په‌راوێزێك بۆ بونی په‌یوه‌ندییه‌کی روکه‌ش له‌نێوان نازناوه‌که‌و گوندی بارزاندا ده‌هێڵێته‌وه‌، به‌لآم له‌هه‌مان کاتدا په‌راوێزێکیش بۆ برێك گومان‌و دڕدۆنگی به‌جێ دێڵێ[٣٣]. ئیدی له‌و سۆنگه‌یه‌وه‌ که‌ئێمه‌ هیچ رێگه‌یه‌کی ترمان له‌به‌رده‌مدا

---

[٣٢] ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب في اخبار من ذهب، الجزء الثامن، المكتب التجاري للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ص ٤٠١.

[٣٣] محمد امين زكي، مشاهير الكرد وكردستان، الجزء الثاني، مؤسسة زين لاحياء التراث الوثائقي والصحفي الكردي، السليمانية، ٢٠٠٥، ص ٣٩٥.

نیە، هەر دەبێ وای دابنێین کەکتێبەکەی حەنبەلی یەکەم ئاماژەی رونە سەبارەت بەبونی گوندێك بەناوی بارزانەوە لەسەرەتای سەدەی شانزهەمی زاینیدا.

سەرەڕای ئەمە، لەکتێبی شەرەفنامەی میر شەرەف خانیش ناوی بارزان نەهاتوە. میر شەرەف خانی کوڕی شەمسەددینی میری بدلیس کەبنەماڵەکەی رەچەڵەکی خۆی دەباتەوە سەر پاشا ساسانییەکان، لەساڵی ١٥٩٦دا نوسینی ئەم کتێبە بەناوبانگەی بەئەنجام گەیاند. ئەگەرچی شەرەف خان بەشێکی تەواوی کتێبەکەی بۆ خێڵەکانی ناوچەکە تەرخان کردوە بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناوی بارزانی نەهێناوە. شەرەفنامە ئەرکی گێڕانەوەی مێژوی خێڵو خانەدانە فەرمانڕەواکانی کوردی تا ساڵی ١٥٩٦ گرتۆتە ئەستۆ. سەبارەت بەم کتێبە لێکۆڵیاری روس فلادیمیر ویلیامینۆف زەرنۆف وتویەتی ((لەدوتوێی ئەم کتێبەدا وردەکاریی وا هەیە کە لەهیچ شوێنێکی تر باس نەکراوە وەك دابو نەریتو رێو رەسمو گێڕانەوە مێژوییی‌یەکان کەنوسەر لەدەمی کوردەوە گوێ بیستیان بوە))[٣٤]. ئەو بەشەی بۆ خێڵەکانی ئامێدی تەرخان کراوە، بەتێروتەسەلی باسی خێڵە بنچینەیی‌یەکانی وەك مزوریو زێباریو رێکانی دەکا. شەرەف خان بە مەراقی وردبینییەوە باسی ئەو دەڤەرانەی کردوە کەئەو خێڵانە تێیدا نیشتەجێ بون. لەم روەوە باسی ریزە قەڵایەکی کردوە کەچواریان کەوتونەتە قەڵەمڕەوی خێڵی زێبارو بریتین لەقەڵاکانی قەلادە، شوش، عومرانیو بازیران[٣٥]. لێکچونی رواڵەتی بارزانو بازیران وای لەهەندێ کەس کردوە وا تێبگەن هەردو ناو هی یەك شوێنن. بەڵام ئەمە راست نیە چونکە قەڵایەك بەناوی بازیرانەوە لەدەستە ڕاستی روباری خازر لەباشوری رۆژئاوای قەڵای شوشو باشوری رۆژهەڵاتی قەڵای عومرانی هەیە، جگە لەوەی کەهێشتا ساغ نەبۆتەوە ئاخۆ لەو سەردەمەدا بارزان قەڵای لێ بوە یان نا. ئەمە قورسایی‌یەك بۆ ئەو ئەگەرە پەیدا دەکا کەپێی وایە لەو سەردەمەدا بارزان لەگوندێکی پەراوێزخراوو فەرامۆش بەولاوە هیچی تر نەبوە.

---

[٣٤] شرف خان بن شمس الدین بدلیسی، شرفنامه تاریخ مفصل کردستان، به اهتمام ولادیمیر ولییامینوف زرنوف، انتشارات اساطیر، تهران، ١٣٧٧، ص ١٣ (مقدمه).

[٣٥] هەمان سەرچاوە، ل ١٠٧.

لەکاتێکدا زانیاریمان دەربارەی پەیدابونی بارزان زانیاریی کرچو کاڵە، زانیاریمان دەربارەی بارزانییە بەراییەکانیش لەئاستی چاوەڕوانکراودا نیە. دەشێ ئەوەی ئەیوب بارزانی لەلێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی بارزانییەکان گوتبێتی، زانیاریی فرە گرنگی تێدا بێ. بەشێکی زۆری سەرچاوەکانی زانیاریی ئەیوب بارزانی جگە لەوەی کەدەماودەمن، رەسەنیشن. ئەیوب بارزانی لەدەمی بەساڵاچووە بارزانییەکانی بیستووە کەژمارەی جولەکە لەبارزاندا لەسەرجەمی ژمارەی مەسیحیو موسڵمانەکان زۆرتر بوە[٣٦]. ئەگەرچی دەقەکە لەدەستنیشانکردنی کاتدا کلۆڵو بێدەرەتانە، بەڵام بەکەڵکی ئەوە دێ بوترێ کەکاتێك شێخ تاجەددین لەبارزاندا پەیدا بووە، موسڵمانەکان لەبارزان زۆرینە نەبون بەڵکو کەمینە بون.

ئەوەی کەژمارەی جولەکەو مەسیحی لەبارزاندا لەژمارەی موسڵمانان زۆرتر بوە، شتێکی سەیر نیەو دەکرێ بەتاوتوێ کردنی بونی مێژوی پەیدابونی جولەکەو مەسیحی لەناوچەکەدا رازی ئەم دیاردەیە ئاشکرا بکرێ.

مێژوی پەیدابونی جولەکە لەکوردستاندا بۆ رۆژگاری زۆر کۆن دەگەڕێتەوە. بەپێی بنیامین توتیلی کە لەسەدەی دوانزەهەمدا سەردانی دەڤەری بادینانی کردوە، جولەکەی ناوچەکە نەوەی ئەو جولەکانەن کەپاشای ئاشوری شەلمانسەری سێیەم لەسەدەی هەشتەمی پێش زایندا رایگوازتون[٣٧]. پاش شەلمانسەری سێیەم، دو پاشای تری ئاشوری هەمان کردەوەیان ئەنجام دا. لەساڵی ٧٤٥ی پێش زایندا پاشا تگلات بلاسەری سێیەم لەشکرکێشیی کردە سەر ئیسرائیل، شکستێکی کەمەرشکێنی بەجولەکە گەیاندو ژمارەیەکی زۆری بۆ کوردستان گواستەوە. دوا بەدوای ئەو، سەرگونی سێیەم (٧٢٢-٧٠٥پ. ز) شوێن پێی هەمان سیاسەتی هەڵگرتو ژمارەیەکی دیکەی لێ راگواستنو لەکوردستان نیشتەجێی کردن[٣٨]. بەتێپەڕبونی رۆژگار ژمارەی جولەکە لەوێ زیادی کرد. بۆ دەرخستنی قەوارەیان،

---

[٣٦] بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦-١٩١٤، ص ٢٤.

[٣٧] بنيامين بن نونة التطيلي، رحلة بنيامين ١١٦٥- ١١٧٣، ترجمة عزرا حداد، المطبعة الشرقية، بغداد، ١٩٤٥، ص ١٥٤.

[٣٨] هلويست عمر قادر، يهود كردستان، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٧، ص ١٣.

کلۆدیۆس جیمس ریچی نوێنەری کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاّت لەبەغدا، لەگەشتەکەیدا بۆ کوردستان لەساڵی ١٨٢٠دا، دەیگێرێتەوە کەتەنها شاری ئامێدی دوو سەد خێزانی جوی لیّ بوە[٣٩].

لەم روەوە سەردانەکەی ژۆزیف ئیسرائیل بنیامین بۆ کوردستان بە تۆمارێکی دیکۆمێنتاری ژیانو گوزەرانی جولەکەی کوردستان دادەنرێ. گەشتەکەی بنیامین بۆ کوردستان ٥٥ رۆژی خایاند بەلاّم لەبەر ئەوەی ئەم کابرایە لەرۆژژمێرەکەیدا رۆژەکانی بەسەرکردنەوەی ناوچەکانی بەوردی نەنوسیوە، ناتوانین رۆژی سەردانەکانی بۆ هەر شوێنێك بەوردی دەستنیشان بکەین. بەهەر حاڵ، گەشتەکەی بۆ رۆژهەلاّت لەساڵی ١٨٥٤دا کۆتایی‌ی هاتو هەر هەموی بەسەر یەکەوە هەشت ساڵی خایاندو ولاّتانی میسر، تورکیا، فەلەستین، کوردستان، سوریاو ئێرانی گرتەوە. لەو گەشتەدا بنیامین دو جار سەردانی بارزانی کردو لەگەڵ جووەکانی ئەوێدا کۆ بۆوە. لەبیرەوەرییەکانیشدا باسی ئاستی نزمی رۆشنبیرییان دەکا[٤٠]. لێرەدا ئەوەی زیاتر رێی تێدەچێ ئەوەیە کەبنیامین لەماوەی نێوان ساڵانی ١٨٥٢و ١٨٥٤ سەردانی بارزانی کردوە چونکە سەردانەکە کەوتۆتە سێیەکی دوایی‌ی گەشتەکەی. باسو خواسی سەردانەکە ئەوەی لیّ هەڵدەکرێنرێ کە تا ئەو کاتە ژمارەی جولەکە لەوێ زۆر بوە. ئاماژەیەکیش بۆ گرنگیی بارزان بۆ جولەکە هەیە. ئەوەی ئەمە ساغ دەکاتەوە ئەوەیە کەبارزان لەدابو نەریتە ئاینییەکانی جولەکەدا یەکێکە لەدو ناوەندە سەرەکییەکەی فێرکاریی حاخامە جووەکانی ناوچەکەو چەندەها حاخام خوێندنی ئاینیی خۆیان لەبارزان یاخود لەسندور تەواو کردوە. جولەکە بەجۆرە گوزارشت لەمە دەکا: ((شەریعەت لەسندورەو وتەی خوا لەبارزانە))[٤١].

---

٣٩ کلۆدیۆس جیمس ریچ، گەشتی ریچ بۆ کوردستان لەساڵی ١٨٢٠دا، وەرگێرانی محەمەد حەمە باقی، تەورێز، ١٩٩٢، ل ١٦٧.

٤٠ هلویست عمر قادر، یهود کردستان، المصدر السابق، ص ٣٧.

٤١ اریك براور، یهود کردستان، ترجمة شاخوان کرکوکي و عبدالرزاق بوتاني، دار آراس للطباعة والنشر، اربیل، ٢٠٠٢، ص ٢٧٨.

بەم پێیە، بونی گوندی پڕ جولەکە لەناوچەکەدا شتێکی زۆر ئاسایی‌یە چونکە پاش تێپەڕبونی دەوروبەری دو هەزار ساڵ بەسەر دەرکەوتنی جولەکە لەناوچەکەدا، جولەکە بونە بەشێکی تەونی کۆمەلایەتیی گشتی. ئەمە بۆچونێکی وا گەلالە دەکا کەجولەکەی قەلەمڕەوەکە چەندین گوندیان بۆ خۆیان دروست کردوەو کۆمەڵگایەکیشیان لەسەر بنەمای بەهاکانی ئاینی جولەکایەتی‌و تێکەڵ بەکەلتوری هاوولاتیانی دەوروبەری خۆیان دامەزراندوە. لەم بارەیەوە تا ساڵی ١٩٤٨، بەر لەوەی کەکاربەدەستانی عیراق دەست بەدەرکردنیان بکەن، جولەکە لەزۆربەی شوێنەکاندا هەبون‌و لەناوچەی بادیناندا دو گوندیان هەبو کەتەواوی دانیشتوانەکەی جولەکە بون، یەکێکیان سندورە لەباکوری رۆژهەلاتی دهۆك‌و ئەوی تر بیتنورە لەبەرواری بالا[٤٢]. بەلام ئەو لێکۆڵینەوانەی کەساڵی ٢٠٠٧ بابەتی جولەکەیان تاوتوێ کردووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەژمارە گوندە سەرتاپا جووەکان لەمە زیاتر بووەو سەرجەمیان خۆی لەقەرەی حەوت گوند داوە[٤٣].

ئەم شیکرنەوەیە پێویست بەوە دەکا کەبەهایەکی مێژویی بەبونی جولەکە ببەخشرێ. لەتەك بەهای مێژوییی بوونی جولەکە لەکوردستاندا، بونی مەسیحییەکانیش بەهایەکی مێژوویی‌ی هەیە. دەربارەی یەکەم دەرکەوتنی مەسیحایەتی لەکوردستاندا بیروڕای جیاواز هەیە. رۆژهەلاتناسە سریانناسەکان وای دەبینن کەمەسیحایەتی لەکوردستاندا لەسەرەتای سەدەی سێیەمدا پەیدا بوە، لەکاتێکدا سەرچاوە مەسیحییەکان سەدەیەکی تر بۆ دواوە دەگەڕێنەوەو وای دەبینن کەمەسیحایەتی لەکوردستاندا لەکۆتایی‌ی سەدەی یەکەم‌و سەرەتای سەدەی دووەمدا پەیدا بوە[٤٤]. هەندێ بۆچون وای دەبینن کەمەسیحایەتی درەنگ لەناوچەکەدا پەیدا بوەو مێژوی دەرکەوتنی دەبەنەوە سەر سەدەی پێنجەم[٤٥].

---

[٤٢] صديق الدملوجي، امارة بهدينان الكردية او امارة العمادية، المصدر السابق، ص ١٣٦-١٣٧.

[٤٣] هلويست عمر قادر، المصدر السابق، ص ٩٩.

[٤٤] الدكتور فرست مرعي، دهوك وانحاؤها في المصادر السريانية، مجلة دهوك، العدد ٢٧، تموز ٢٠٠٥، ص ٦٧.

[٤٥] صديق الدملوجي، المصدر السابق، ص ٨.

سەرەڕای جیاوازییەکان، هەمو بیروڕاکان لەسەر بەهای مێژوییی بونی مەسیحییەکان لەناوچەکەدا کۆکن.

بونی سێ کەنیسە لەئامێدیو نزیکەی ١٥ کەنیسەی تر لەدەوروبەری کەژمارەی پەیڕەوەکانیان گەیشتۆتە زیاد لەچوار سەد خێزانو بونی چەند کەنیسەیەك لەئاکرێ[٤٦] گەواهیی ئەوە دەدا کەئازادیی بیروباوەڕ تا ئەندازەیەکی باش لەناوچەکەدا هەبوە. سەبارەت بەبونی دێرێکی مەسیحییەکان لەبارزانو بونی چەند گوندێکی سەرتاپا مەسیحی لەبەرواری باڵا، ئامێدی، دهۆكو ئاکرێ، سەرچاوەکان ئاماژەی گرنگیان تێدا بەدی دەکرێ[٤٧].

گومان لەوەدا نیە کەژمارەیەکی زۆری گوندی جولەکەو مەسیحییەکان بەقۆناغی گۆڕانێکی دیموگرافیدا تێپەڕیون کەبزوێنەرە بنچینەییەکەی، داشکاندنی پەیتا پەیتای کوردە بەلای نیشتەجێبون دا. پرۆسەی هەنگاونان بەرەو نیشتەجێبون چاخێکی دورو درێژی خایاندو لەهەردو سەدەی هەژدەهەمو نۆزدەهەمدا بەشێوەیەکی تایبەت خێراتر کەوتە گەڕ. گرنگترین ئاکامی ئەم پرۆسە مێژوییيە زیادبونی نشینگە کشتوکاڵییەکانی کوردە. دیارە ئەم پرۆسەیە شوێنەواری لەسەر پێکهاتەی دیموگرافیی گوندە ناکوردییەکان بەجێ هێشتوە. بەهۆی ئەمەوە، زۆر گوندی جولەکەو مەسیحی لەگوندی تاك گرووپیی ناموسڵمانەوە بوون بەگوندی تێکەڵ چونکە زیادبونی مەراقی نیشتەجێبون لەلای خێڵە کۆچەرەکان هانی دان لەگوندەکاندا، بەتەنیشت جولەکەو مەسیحییەکانەوە، نیشتەجێ بن یاخود گوندی تازە دروست بکەن.

ئەمە لەبارزاندا رەنگی دایەوە. زۆریی ژمارەی خەڵکانی ناموسڵمان لەوێ ئەوە دەگەیەنێ کەبارزان لەبنەڕەتدا گوندێکی جولەکە یان مەسیحی بوە. لەو سۆنگەیەشەوە کەهەم بونی جولەکە بەهایەکی مێژوییی هەیە هەم بونی مەسیحییەکان، ناتوانرێ ئەوە یەکلا بکرێتەوە کە لەبارزاندا جولەکە پێش مەسیحییەکان لەوێ بوە یان مەسیحییەکان پێش جولەکە لەوێ بون. هەر چۆنێك

---

[٤٦] کاوە فریق احمد شاولي آمیدي، امارة بادینان ١٧٠٠-١٨٤٢ دراسة سیاسیة- اجتماعیة- ثقافیة، مؤسسة موکریاني للطباعة والنشر، اربیل، ٢٠٠٠، ص ١٩٤.

[٤٧] صدیق الدملوجي، المصدر السابق، ص٨.

بێ، ئەم بونە نائیسلامییە کەرەستەی پێویست بۆ سەقامگیرکردنی ئەو بۆچونە دەستدەخا کەجولەکەو مەسیحییەکان پێش موسڵمانەکان لەگوندەکەدا نیشتەجێ بون. لەم روانگەیەوە، خۆمان لەبەردەم دو گۆڕانی گەورەی نژادیو ئاینی لەبارزانو لەزۆر گوندی دیکەدا دەبینینەوە. لەڕوی نژادییەوە، بارزان لەسۆنگەی وردە وردە زیادبونی ژمارەی کوردەوە، سەرەتا روخساری کوردانە زاڵ بوو بەسەریداو لەدواییدا، بەهۆی کۆچ کردنی جولەکەو مەسیحییەکانەوە، بوو بەگوندێکی سەرتاپا کوردنشین. لەڕوی ئاینییەوە، گۆڕانە نژادییەکە هاوتەریب بوو لەگەڵ گۆڕانێکی ئاینیدا، چونکە دوای ئەوەی کەبارزان بوو بەناوەندێکی پیرۆزی تایفەیەکی ئاینی کەخاوێنیی روحیانەت کۆڵەکەی پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکانی پێکدەهێنا، چیتر بونی جولەکە- مەسیحی لەبارزان بەگونجاو نەزانرا. لێرەدا ناتوانرێ ئەوە فەرامۆش بکرێ کە لەکۆچ کردنی جولەکەو مەسیحییەکاندا ترسو دڵەڕاوکێ رۆڵێکی زۆری هەبوە چونکە شکستی بارزان لەدامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانەو درێژخایەن لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا، توشی چەندین شەڕوشۆڕو گێچەڵی دژواری کرد کەهەندێ جار گەیشتە رادەی دروستبونی گەلەکۆمەکێی بەهێز لەدژی. توانای کەمینەکان بۆ خوێندنەوەو پێشبینی کردنی ئایندەو داشکاندنی خۆڕسکانەیان بەلای تەباییو ئاشتیی کۆمەڵایەتیداو خۆلادان لەگەڕو گێچەڵ، بەرە بەرە هەلومەرجەکەی بەو سەرەنجامە گەیاند کەفرە ئاینی لەبارزاندا ئاسەواری نەمێنێو مۆرکی یەکڕەنگی بەسەریدا زاڵ بێ.

کتێبەکەی ئەیوب بارزانی بۆ گەلاڵەکردنی بۆچونێك دەربارەی بارزانییە موسڵمانە بەراییەکان دەرفەتێکمان بۆ دەڕەخسێنێ. ئەیوب بارزانی وای دەبینێ کەیەکەم دەرکەوتنی بارزانییەکان لەسەر شانۆی روداوەکان هاوکاتە لەگەڵ هێرشێکی بارزانییەکان بۆ سەر قەڵای قومری. ئامانجی هێرشەکە سەندنی سەرانە بوو لەبەرواریییەکان. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەبارزانییەکان هەژمونی خۆیان بەسەر بەرواریییەکاندا سەپاندبوو و لەهەلومەرجێکی نەزانراودا ناچاریان کردبون ساڵانە سەرانە بدەن. لەبارەی کاتی هێرشەکەوە زیاتر بیر ئەوە دەچێ کەکاتەکە کەوتۆتە

نێوان ساڵانی ١٨٢٠و ١٨٣٠[٤٨]. ئەم مێژووە دەریدەخا کەبارزانییەکان لەو قۆناغەدا هێشتا نەچوبونە سەر پەیڕەوکردنی بیروباوەڕەکانی تەکیەی بارزان. ئەم قۆناغە هاوکاتە لەگەڵ دامەزراندنی شێخایەتی لەبارزانو هەر لەو رۆژگارەشدا شێخ عەبدولڕەحمانی دامەزرێنەری شێخایەتی مۆڵەتی کارکردنی بەتەریقەتی نەقشبەندی بەدەست هێناوە. ئەگەر لەهەڵسوکەوتی ئەو رۆژگارەیان ورد بینەوە، بەدڵنیایی‌یەوە بۆچونێکی خراپ لەبارەیانەوە پەیدا دەکەین چونکە بارزانییە بەرایی‌یەکان لەژیانو گوزەراندا پشت ئەستور بون بە ئابوریی تاڵانو سەندنی سەرانەو بەهەڵسوکەتیاندا دیار بوو کەزیاد لەپێویست پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز دەبەن. هەمو ئەمانە نیشانی دەدەن کەفاکتەری ئاینی کەم کاریگەریی لەسەریان هەبوە. هێرشەکە شتێکی وای لێ هەڵدەکڕێنرێ کەبارزانییەکان، سەرەڕای ئازایەتیو دلاوەرییان، هونەری هەڵسوڕاندنی شەڕیان نەزانیوەو نەخشە جەنگییەکانیان پتەوو تۆکمە نەبوە. ئەوەی ئەمە دەسەلێنێ شکستی هێرشەکەیانە بۆ سەر قەڵای قومری کە کارەساتی لێ کەوتەوەو بەفەوتانی ژمارەیەکی زۆری سەرکردەکانیانو لەدەستدانی سامو هەیبەتیان کۆتایی‌ی هات. هاوپەیمانیی نێوان بەرواریەکانو ئاشورییەکانی چیاکانی تیاریی هەرێمی هەکاری لەدژی بارزانییەکان، توانی بۆ دەیان ساڵی داهاتو مەترسیی بارزانییەکان برەوێنێتەوە.

وردبونەوە لەهەلومەرجی دروست کردنی یەکەم مزگەوت لەبارزان ئەو دەرفەتەمان بۆ پێکدێنێ کەئاستی شارستانیی بارزانییە بەرایی‌یەکان بزانین. ئەو زانیارییەی کەئەیوب بارزانی لەبارەی مزگەوتەکەوە پێمان دەبەخشێ، بایەخێکی تایبەتی هەیە. ئەیوب بارزانی دەڵێ تاقە بەردینەکەی سەر یەکێ لەدەرگاکانی ناوەوەی مزگەوتەکە ناوی باز کوڕی زەریەی لەسەر هەڵکۆڵدرابوو کەناوی وەستاکەیە[٤٩]. ئەم ناوە لەناو موسڵمانانداا نیە. بەڵام لەنێو مەسیحییەکاندا باوە. زانیارییەکە دو دیوی یەك بۆچونمان پێ دەبەخشێ. یەکەمیان ئەوەیە کەئەو

[٤٨] بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي، المصدر السابق، ص ٢٣.
[٤٩] هەمان سەرچاوە، ل ٣٣.

وەستایەی مزگەوتەکەی دروست کردوە، مەسیحییە، موسڵمان نیەو زۆرترینیشی دەشێ لەمەسیحییەکانی خودی گوندەکە بێ. دووەمیشیان ئەوەیە کە لەنێو موسڵمانەکانی گوندەکەدا کەس نەبوە پیشەی وەستایی بزانێ، دەنا ناچار نەدەبون هانا ببەنە بەر وەستایەکی مەسیحی. لەو بارودۆخەدا هانا بردنی موسڵمانان بۆ وەستایەکی ناموسڵمان پاساوی خۆی هەیە. ئەمە راستو رەوان بەڵگەی ئەوەیە کەئاستی شارستانیی بارزانییە موسڵمانە بەراییەکان ئەوەندە نزم بووە کەوەستایەکیان تێدا هەڵنەکەوتبوو مزگەوتێکیان بۆ دروست بکا. دروست کردنی مزگەوتەکە مێژویەکی دیاریکراوی نیە. ئەم مزگەوتە لەساڵی ١٩٦٣ دا لەبۆردومانێکی فڕۆکەکانی عیراقدا ئاداری لەسەر پاداری نەما.

سەرەڕای هەمو شتێك، بارزان درەنگ ناوی خۆی دایە بارزانییە تازەکان. دەستەواژەی ((بارزانی)) لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەو جۆرە بەکار نەهاتوە کەئاماژە بۆ گروپێکی ئاینیی تایبەت بکات. تا کۆتاییی سەدەی نۆزدەهەم، بارزانییەکان لەڕوی خێڵەکییەوە خۆیان بەبەشێکی جیانەکراوەی زێبارییەکان زانیوەو هەڵگەڕانەوەیان لەدەسەڵاتی ئۆرۆستۆکراتەکانی زێبارو ملکەچبونیان بۆ تەکیەی بارزان، پاساوێك نەبوە بۆ خۆ جیاکردنەوە لەزێبارییەکان.

یەکەم دەق دەستەواژەی ((بارزانی))ی تێدا هاتبێ، بۆ ماوەی نێوان ١٨٢٠و ١٨٣٠ دەگەڕێتەوە، ئەویش لەداستانە شیعرییەکەی قومریدا کەبەشێکی وێژەی دەماودەمی بارزانییەکان پێکدێنێ. ئەیوب بارزانی ئەم داستانەی لەپێشمەرگەیەك دەست کەوتو لەساڵی ١٩٨٠دا بڵاوی کردەوە. داستانەکە دانەرێکی ناسراوی نیە بەڵام لەنێو بارزانییەکاندا بەشێوەیەکی فراوان باوەو لەڕوی بابەتی وێژەییەوە نمونەیەکی جوانی رەوانبێژی پێکدێنێ. ئەم داستانە چیرۆکی شەڕێکی خێڵەکیی نێوان بارزانییە بەراییەکانو نێوان هاوپەیمانە بەرواریو ئاشورییەکانی چیاکانی تیاری دەگێڕێتەوە. لەم داستانەدا چوار جار دەستەواژەی ((بارزانی)) بەکار هاتوە بەڵام بەکارهێنانەکە لەوە ناترازێ کەئاماژەیەکە بۆ بردنەوەی بنەچە بۆ سەر گوندی بارزان. بەهەمان پێودانگ، لەو داستانەدا دەستەواژەی زێباری پێنج جار بۆ ئەو جەنگاوەرە بارزانییانە بەکار هاتوە کە لەگەڵ بەرواریو ئاشورییە هاوپەیمانەکاندا بەشەڕ هاتون.

لەم رووەوە سێ دەق لەبەر دەستدایە دەری دەخەن کەشێخەکانی بارزان تا ساڵی ١٨٥١ خۆیان بەزێباری زانیوە. دەقی یەکەم هۆنراوەیەکی ئاینییە لە ٩٥ بەیتی سێخشتەکی پێکهاتووە کەساڵی ١٨٤٢ شێخ عەبدولسەلامی یەکەم داینراوەو لەکۆتایی‌یەکەیدا کەچۆتە سەر پێناسەکردنی خۆی، وا خۆی ناساندووە کە لەڕووی تەریقەتی سۆفیگەرییەوە خالیدییە (واتە دەچێتەوە سەر مەولانا خالید نەقشبەندی)، لەڕوی خێڵەوە زێبارییەو لەڕوی گوندەوە بارزانییە[٥٠]. دەقی دووەم کتێبێکی ئاینییە کەساڵی ١٨٤٧ شێخ عەبدولسەلامی یەکەم، ئەو کاتەی لەگوندی ئاستە ژیاوە، بەدەستی خۆی نوسیویەتییەوەو تێیدا وا خۆی دەناسێنێ کە ((بەگوند بارزانییە، بەخێڵ زێبارییە))[٥١]. پاش ئەمە بەسێ ساڵ، شێخ لەو کاتەدا کە لەمزگەوتی گەلاڵە دانیشتبوو، کتێبێکی تری بەدەستی خۆی نوسییەوە. ئەگەرچی ئەمجارە دەبینین نازناوی بارزانیی خستۆتە پاڵ ناوەکەیەوە بەڵام پێناچێ لەم بارەیەوە هیچ گۆڕانێك بەسەر تێڕوانینیدا هاتبێ.

لەسەدەی بیستەم بەدواوە دەستەواژەی ((بارزانی)) بەدوو مانا بەکار هات. یەکەم، بەمانای بردنەوەی بنەچە بۆ سەر گوندی بارزان وەك زێدگا یاخود وەك رەچەڵەکی بنەماڵەو دووەم، بەمانای ئاماژەکردن بۆ ئەو کۆنفدراسیۆنە خێڵەکییەی کەئەندامەکانی لەو زێبارییانە پێکهاتبون کە لەئۆرۆستۆکراسیی خێڵەکەی خۆیان هەڵگەڕابونەوەو بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە ملیان بۆ دەسەڵاتی تەکیەی بارزان کەچ کردبوو. رونو ئاشکراشە کەمانای یەکەم کۆنترەو کەسانێك دەگرێتەوە مەرج نیە موسڵمان بن، لەکاتێکدا مانای دووەم بنەوانەکەی دەچێتەوە سەر بزاوتی تۆبەکردن لەسەردەمی شێخ محەمەددا. جیابونەوەی بەشە هەڵگەڕاوەکەی زێبارییەکان تەنها لەسەرەتای سەدەی بیستەم دا رەگی داکوتاو لەئاکامدا جیابونەوە خێڵەکییەکە روخساری جیابونەوەیەکی یەکجارەکیی لەخۆوە پێچا، بەجۆرێك کەچیدی بارزانییەکان گوێیان نەدایە بردنەوەی رەچەڵەکیان بۆ سەر خێڵی

---

٥٠ هەمان سەرچاوە، ل ٢٧.

٥١ دەقی هۆنراوەکە لەسەرچاوەی پێشودا بڵاوکراوەتەوە، ل ١٧١-١٩٥.

زێبار. بەمەش دابڕان‌و جیابونەوەی بارزانییەکان وەك گروپێکی خاوەن بیروباوەڕی ئاینیی جیاواز لەڕەچەڵەکی خێڵەکیی رابردویان یەکلا بۆوە.

دەستەواژەی "بارزانی" گوزارشت لەپێویستیی گروپەکە بەچەترێك بۆ ناسنامەی تازە بەدەستهاتوی پاش جیابونەوە لەزێبارییەکان‌و پێکەوەنانی گروپێکی ئاینیی جیاواز دەکا. لەم سەروبەندەدا، پاش ئەوەی زێی گەورە بوو بەسنورێکی سروشتیی نێوان دەسەڵاتی شێخایەتیی بارزان‌و دەسەڵاتی ئۆرۆستۆکراسیی خێڵی زێبار، جوگرافیا پشتیوانیی لەو پێویستییە کرد. ناو، هەر ناوێك، بەشێکی گرنگی مەرجەکانی ناسنامەی تایبەت، بۆ خۆجیاکردنەوە لەدەوروبەری کۆمەڵایەتی، پێکدێنێ.

## تەوەری دووەم

# بنەماڵەی شێخەکان

شێخەکانی بارزان توانییان تەکیە بکەنە سەنتەری بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ. هۆی سەرکەوتنیان لەم رووەوە دەچێتەوە سەر تۆکمەییی بیروباوەڕو بەکارهێنانی هێز. کاتێك دەچینە سەر شیکردنەوەی هۆکانی سەرکەوتن، ناتوانین تۆکمەییی بیروباوەڕ وەك ئامرازێکی هێزی ماددی لەبەکارهێنانی هێز وەك ئامرازێکی پاراستنی بیروباوەڕو بەزۆر سەپاندنی، جیا بکەینەوە. بنەماڵەی شێخەکان نەوە لەدوای نەوە بەهاکانی شێخایەتییەکەی بەمیرات بۆ مایەوەو لەم بارەیەوە سەرکەوتنی سەرنجڕاکێش بەدەست هات.

ئەو پرسیارەی لێرە دێتە پێش ئەوەیە: ئایا رەچەڵەکی ئەم بنەماڵەیە چیە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نیە چونکە سەرچاوە مێژوویییەکان بڕی داواکراوی کەرەستەی پێویست بۆ ئامادەکردنی وەڵامێکی پوخت دابین ناکەن. بەهەر حاڵ، تیۆرییەکی ئامادە لەم بارەیەوە هەیە، ئەویش تیۆریی رەچەڵەکی ئۆرۆستۆکراتییە کەدەشێ ئومێدی ئەوەی لەسەر هەڵبچنرێ کەدەرگاکەمان لەسەر گازی پشت بۆ شەنو کەوکردنی ئەم بابەتە بۆ بکاتەوە.

بەپێی ئەم تیۆرییە، شێخەکانی بارزان بەڕەچەڵەك دەچنەوە سەر میرانی ئامێدی. دەربارەی رەگو ریشەی ئەم خانەدانە، چیرۆکێکی کۆن هەیە کەدەماودەم هاتوەو بەشێوەیەکی دراماتیکیی جوان چنراوە. ئەم چیرۆکە ساڵی ١٩٩٤ ماڵخان شێروانی بۆ یەکەم جار بڵاوی کردەوە[٥٢]. چیرۆکەکە دەیگێڕێتەوە کەکوڕی بچوکی میری ئامێدی کاری بەوەسێتنامەی باوکی نەکردو دەسەڵاتی لەمەسعودی برا گەورەی زەوت کردو لەئامێدی دەری کرد. بەهۆی ئەمەوە، مەسعود سەرگەردان

---

[٥٢] ماڵخان شێروانی، بارزانو رەچەڵەکی بارزانییان: لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیو مێژوویی لەسەر بارزان تا بەهاری ١٩٧٤، سەرچاوەی پێشو، ل ١٢- ١٣.

بوو و رۆژانێکی سەختی لەچۆڵەوانیدا بردە سەر. پاشان، لەنزیك گوندی هەڤنکا لەقەڵەمڕەوی بروژییەکان، کەیەکێ لەبەرەبابەکانی خێڵی زێبار بون، لەچەم پەڕییەوەو لەمزگەوتی گوندەکە گیرسایەوە. کاتێك خەڵکی گوندەکە داوایان لێ کرد ببێتە مەلای مزگەوتەکەیان، مەسعود یەکەم هەنگاوی بەرەو پتەوکردنی پێگەی کۆمەڵایەتیی هەڵهێنا. رێزو حورمەتی مەلایەتی لەدێهاتدا، دەرفەتێکی باشی بۆ پێکهێنا تا بەئاسانی بچێتە خوازبێنیی کچێکی گوندەکەو خێزان پێك بێنێ.

چیرۆکەکە بەردەوام دەبێو باس لەوە دەکا کەیەکێ لەباجگرەکان لەکاتی هاتنی بۆ گوندەکە، مەسعودی ناسییەوە. مەسعود ئەمەی بەهەل زانیو لەڕێی باجگرەکەوە پەیامێکی دەمیی بۆ میری برای نارد، تێیدا دەستبەرداری مافی میرایەتی بوو و لەهەمبەردا داوای کرد میر مافی کۆکردنەوەی باجی گوندەکانی بروژی پێ ببەخشێ. میر لەم روەوە رەزامەندیی نیشانداو لەم سۆنگەیەوە مەسعود داهاتێکی باشی چنگ کەوت. پاشان مەسعود هەڤنکای بەجێ هێشتو لەگوندی ئاستی نیشتەجێ بوو. پاش کۆچی دوایی مەسعود، کوڕەکەی کەناوی سەعید بوو، جێی گرتەوەو کەوتە بەڕێوەبردنی کاروباری ئاینی. سەعید باوکی تاجەددینە کە بارو بنەی لەبارزان خستو بنەماڵەی بارزانیی دامەزراند.

شیکردنەوەی ئەم چیرۆکە لێی رادەبینرێ تیشك بخاتە سەر هەندێ وردەکاریی گرنگ. پاڵەوانی سەرەکیی چیرۆکەکە مەسعودەو روداوە سەرەکییەکەش زەوتکردنی دەسەڵاتە لەخاوەنە شەرعییەکەی. وەك هەمو ئەو چیرۆکانەی بۆ نیشاندانی سەروەریو پایە بەرزیی رەچەڵەکی ئۆرۆستۆکراتییانەی خانەدانە شەرافەتمەندەکان تەرخان کراون، کرۆکی چیرۆکەکە جەخت دەکاتە سەر ململانێی نێوان چاکەو خراپە. لێرەدا مەسعود لەبەرەی چاکەیەو برا بچوکەکەی، کەچیرۆکەکە ناوی ناهێنێ، لەبەرەی خراپەدایە. بەپێچەوانەی هەمو چیرۆکە هاوشێوەکانەوە، ئەوەی کە لەکۆتاییدا سەر دەکەوێ، خراپەیە، نەك چاکە، چونکە مەسعود کەدەسەڵات بەهۆی پیلانێکی چنراوی برا بچوکەکەیەوە لەدەست دەدا، ناچار دەبێ میرنشینەکە بەجێ بێڵێ. بەپێی چیرۆکەکە، برا بچوکەکە ئەوەندە بەدکارو شەڕانگێز بووە کە بەیەك کەڕەت دوو گوناهی ئەنجام داوە چونکە سەرباری زەوتکردنی دەسەڵات لەبراکەی،

وەسێتنامەی  باوکیشی پێشێل دەکا کەمیرایەتیی بۆ مەسعودی کوڕی بەجێ هێشتبوو.

ڕەوتی گشتیی چیرۆکەکە شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەدەبوایە کوڕە بچوکەکە لەپاش باوکی، دەسەلأت بگرێتە دەست، نەك مەسعود. بەلأم باوکەکە لەسەرەمەرگدا، کتوپڕ بڕیاریدا میرایەتی بۆ مەسعود بەجێ بێڵێ. ئەگەر چیرۆکەکە ئاوا دانەڕێژینەوە، ناتوانین سەرودەر لەو هۆیە دەرکەین کە وای لەباوکەکە کردوە داوا لەکوڕە گەورەکەی بکا پاش مردنی، دەسەلأت بگرێتە دەست چونکە نەریتی باو، بەو پێیەی کەمەسعود کوڕە گەورەکەیە، مافی حوکمڕانی بەمەسعود دەبەخشێ نەك بەبرا بچوکەکەی تەنانەت بەبێ وەسێتنامەش. بەجۆرە، هۆیە بابەتییەکانی هاندانی برا بچوکەکە بۆ پیلانگێڕی لەدژی برا گەورەکەی، هەوڵدانەکە وا دێتە بەرچاو کەهەوڵدانە بۆ سەندنەوەی ئەو مافەی کەباوکەکە لەسەرەمەرگدا لەکوڕە بچوکەکەی زەوت کردوە.

پاش زەوت کردنی دەسەلأت لەمەسعود، مەسعود بەناچاری ئامێدی بەجێ دێڵێ. دانەری چیرۆکەکە وای نیشان دەدا کەمەسعود بەدڵشکاوی‌و خەم‌و پەژارەیەکی زۆرەوە ئامێدیی بەجێ هێشتووە. بەلأم ئەم بەشە چنراوەی چیرۆکەکە لەگەڵ قەوارەی ململانێکەدا وێك نایەتەوە. ئەوەی کەزۆرتر لەگەڵ چیرۆکەکەدا وێك دێتەوە ئەوەیە کەمەسعود بەترس‌و لەرزەوە لەئامێدی رایکردوە چونکە لەم جۆرە پیلانانەدا کوشتن یەکێ لەئامانجە سەرەکییەکانی دەستەبەرکردنی فەرمانڕەوایی دەبێ‌و لەم سەروبەندەدا، چونکە ئەوانەی کە بەدۆڕاوی لەململانێکە دەردەچن، رازی نابن دەسەلأت بۆ زەوتکەر بەجێ بێڵن‌و هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا دەبن کە لەهەلومەرجێکی لەبارتردا دەسەلأت بەدەست بێننەوە.

ڕەوتی گشتیی چیرۆکەکە هاوسۆزیی لەگەڵ مەسعودی ستەملێکراودا پێوە دیارە. لەهەمبەردا، ئەم ستەملێکراوییە بێ ورەیی‌و کزی‌و لاوازیی مەسعودی پێ ناشاردرێتەوە. دەقەکە بۆ ناسینی مەسعود وەك کەسێکی بێدەرەتان‌و روخاوو دەستەوسان، بڕێکی گونجاوی پاساومان دەداتێ.

یەکێ لەکەموکوڕییەکانی چیرۆکەکە ئەوەیە کەمەسعود بڕیار دەدا لەهەڤنکا نیشتەجێ بێ، لەکاتێکدا کەڕەوتی چیرۆکەکە پێویست بەوە دەکا  کە لەگوندێکی

دەرەوەی دەسەڵاتی میر بگیرسێتەوە. چیرۆکەکە بەهیچ شێوەیەك ئەوەمان بۆ رون ناکاتەوە کەمەسعود چۆن پاکانەی بۆ باری کۆمەڵایەتیی خۆی کردوە، چونکە ئەم، وەك بێگانەیەك، دەبوایە شتێك دەربارەی هۆی جیابونەوەی لەگروپەکەی بدرکێنێ. ئەگەر وای دابنێین کە بەسەرهاتی خۆی وەکو خۆی گێڕاوەتەوە، زەحمەتە باوەڕ بەوە بکەین کەلادێنشینەکان بەبێ گوێدانە توڕەبونی میر، داڵدەیان داوە.

بەپێی سەوداکەی نێوان مەسعودو میر، دەردەکەوێ کەمەسعود ویستویەتی وا خۆی نیشان بدا کەئەم ئەو میرە نیە کەچاوی بڕیوەتە گەڕانەوە بۆ فەرمانڕەوایی. ئەمەش رەنگدانەوەی بێئومێدبونە لەتوانای گەڕانەوە بۆ میرایەتیی ئامێدی. لەم سەودایەدا مەسعود بەرامبەر بەوەی کە شەرعیەت بەحوکمڕانی میری زەوتکەر دەبەخشێ، ئاشتییەکی سەقامگیری چنگ دەکەوێ، سەرباری بڕێك داهات کەبەس بوو بۆ ژیانێکی خۆشگوزەران لەدەرەوەی ئامێدی.

سەوداکە وەرچەرخانێکی گەورە بوو لەژیانی مەسعوددا، بەهۆیەوە رەوشی چینایەتیی گۆڕاو لەپیاوێکی ئاینەوە کە لەسەر رێکخستنی کاروباری ئاینیی هاووڵاتییەکانی دەژی، بوو بە بەشێکی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ کەئابورییەکەی پشت ئەستورە بەکۆکردنەوەی باجو پیتاك لەجوتیاران. پاش ئەوەی مەسعود چووە ریزی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵەوە، چیرۆکەکە دەربارەی وردەکارییەکانی ژیانو گوزەرانی نقەی لێوە نایە.

پاشان مەسعود هەڤنکای بەجێ هێشتو لەگوندی ئاستی نیشتەجێ بوو بەڵام چیرۆکەکە بەهیچ شێوەیەك هۆی گواستنەوەکەی رون ناکاتەوەو هیچ بەڵگەیەکیش لەسەر پەیوەندیی نێوان گیرسانەوەی لەئاستیو بونی بەئۆرۆستۆکراتێکی کشتوکاڵ چنگ ناکەوێ.

لەڕاستیدا چیرۆکەکە تا ئەندازەیەکی زۆر لەگەڵ دیاردەیەکدا وێك دێتەوە کەزۆر جار لەمێژوی میرایەتیی ئامێدی دەبینرێ، ئەویش دیاردەی ململانێی براکانە. ئەم ململانێ ناوخۆییە ئاسەواری زۆر خراپی بەجێ هێشتو میرنشینی توشی قۆناغی پڕ کێشمەکێشو گرژیو شەڕوشۆڕ کرد. ئەو زانیارییە سەرەتاییيانەی کەنوسراوە مێژوییەکانی تایبەت بەململانێی نێوان میرەکان چنگ کەوتون، بۆ ماوەی نێوان ساڵانی ١٦٧٩و ١٦٨٢ دەگەڕێنەوە، کەتێیدا هەردو برا بارامو

سەعید لەململانێدا بون. سەرگوزشتەی ئەم ململانێیە زۆر لەسەرگوزشتە دەماودەمییەکەوە نزیکەو باسی ئەوە دەکا کەدوا بەدوای مردنی میر قوباد خانی سێیەم، سەعید خانی برا گەورە نارەزاییی لەوە دەربڕی کەبرا بچوکەکەی، بارام بەگ، دەسەڵات بگرێتە دەستو لەسەرەنجامدا ململانێکە بەهاتنە سەر کاری سەعید خان پاش کۆچی دواییی بارام بەگ بەلایەکدا کەوت[٥٣].

لەسەردەمی حوکمڕانیی میر بەهرام پاشای گەورەدا کەساڵی ١٧١٤ دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، ململانێی نێوان میر بەهرامو میر سەعید بەگ چەندین شەڕو پێکدادانی لێ کەوتەوە[٥٤]. تەنها میر کەبراکانی لەئامێدی دەرکردبێ، ئیسماعیل پاشای یەکەمە کەساڵی ١٧٨٧ هەر چوار براکەی، تەیفور بەگو لوتفوڵڵا بەگو حاجی خانو حەسەن بەگ، گەلەکۆمەکێیان لێ کردو روبەڕوی بونەوە. لەنێو براکانیدا، هەر یەك لەحەسەن بەگو لوتفوڵڵا پەنایان بردە بەر قەڵەمڕەوی ناوچەی زێبار. هەندێ جار لەسۆنگەی پەرە ئەستاندنی دوبەرەکیو ناکۆکیی نێوان میرەکانەوە، هەندێکیان لەدژی یەکتر هاواریان بردۆتە بەر میرنشینەکانی بابانو سۆرانو بۆتانو ئەمەش کارێکی وای کردوە ململانێکە لەچوارچێوەی ململانێی ناوخۆیی بترازێ، قەڵەمڕەوی تر بتەنێتەوەو تێکەڵ بەململانێی نێوان میرنشینە رکابەرەکان بێ[٥٥].

بەهەر حاڵ، مێژوی هەردو سەدەی هەژدەهەمو نۆزدەهەمی میرنشینی ئامێدی بۆ پشتیوانی کردن لەچیرۆکە دەماودەمییەکە دەستنادا.

لەهیچ ململانێیەکی براکاندا لەئامێدی، ناوی مەسعود ناکەوێتە بەرچاوو مێژوی خێڵی زێبار ئەو چەند نمونەیەی لێ دەرچێ کەتێیدا برا نەیارەکان پەنایان بردۆتە بەر زێبار، روداوی وای بەخۆوە نەدیوە. ئەوانەش کەپەنایان بردۆتە بەر زێبار،

---

[٥٣] کاوە فریق احمد شاولي آمیدي، امارة بادینان ١٧٠٠- ١٨٤٢. دراسة سیاسیة اجتماعیة ثقافیة، المصدر السابق، ص ٣٦.

[٥٤] هەمان سەرچاوە، ل ٥٣.

[٥٥] دەربارەی وردەکاریی ململانێ ناوخۆییەکانی میرنشینی ئامێدی بڕوانە: کاوە فریق احمد شاولي آمیدي، امارة بادینان ١٧٠٠- ١٨٤٢: دراسة سیاسیة اجتماعیة ثقافیة، المصدر السابق، صص ٣٦- ١٠١.

بۆ خۆشاردنەوە پەنایان بۆ نەبردوە، بەڵکو بۆ پشت پێ بەستنو بەکارهێنانی لەخولێکی تری بەرپەرچدانەوەی ئامێدیدا هاواریان بردۆتە بەر.

ئەگەر لێرە بچینەوە سەر چیرۆکە دەماودەمییەکە، دەبینین هێڵە درامییەکە، وەرچەرخانو گۆڕانی کتوپڕو ریشەیی بەخۆوە دەبینێ. بەم واتایە، ئەوەندەی کەچیرۆکەکە گوزارشت لەخۆبەدەستەوەدانو ملکەچکردنو زەبونی دەکا، ئەوەندە گوزارشت لەململانێی ویستە دژ بەیەکەکان ناکا. لەم چوارچێوەیەدا پاش ئەوەی کەمەسعود ململانێکە دەدۆڕێنێ، هەمو ژیانی دەگۆڕێو لەنوێنەری بالاترین دەسەڵاتی میرایەتییە دەرەبەگەکەوە، دەبێ بەهەژارێکی بێنەوای داماو. ئەم وەرچەرخانە خێراو کتوپڕە لەخۆشگوزەرانیو دەوڵەمەندیو دەستڕۆیشتوییەوە بۆ هەژاریو نەداری، هەمو ئەو ریزە کۆمەڵایەتییە لەمەسعود دادەماڵێ کەجاران هەیبو. پاشان لەناکاو دەبێ بەمەلاو ریزێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا دەکا. لەکۆتاییشدا، بەختی یار دەبێو لەگەڵ میرە زەوتکەرەکەدا ئاشت دەبێتەوەو بەهۆی ئەمەوە دەچێتەوە ریزی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵەوە.

لەچیرۆکەکەدا رۆڵەکان بەوردی بەسەر سێ ئەکتەرە سەرەکییەکەدا دابەش بون کەبریتین لەمەسعود، سەعیدو تاجەددین. لەکاتێکدا وا دانراوە کەدەبێ مەسعود تاکە ئەکتەری بنچینەیی بێ، چیرۆکەکە تاجەددین دەکاتە ئەکتەرە بنچینەییەکە. لەچیرۆکەکەدا هەر یەك لەمەسعودو سەعید لەخزمەتی تاجەددین دان. یەکەمیان، مەسعود، ئەو رەچەڵەکە ئۆرۆستۆکراتە بۆ تاجەددین دابین دەکا کەپێگە کۆمەڵایەتییەکەی پێ پتەو دەبێو دووەمیان، سەعید، رۆڵەکەی لەوە تێناپەڕێ کەژن بێنێو تاجەددینی لێ ببێ. بەمجۆرە، چیرۆکەکە هەمو مەرجە پێویستەکانی بەدەست هێنانی ریزی کۆمەڵایەتی بۆ تاجەددین دابین دەکات: رەچەڵەکێکی ئۆرۆستۆکراتییانەی پوخت کەدەچێتەوە سەر بنەماڵەی میرانی ئامێدی، پێگەیەکی ئابوریی باش لەرێی باجو پیتاکی گوندەکانەوە، هەیبەتێکی کۆمەڵاتیی پشت بەستو بەو ریزەی کەهەر مەلایەکی هێژا هەیەتی.

لێرە بردنەوەی رەچەڵەك بۆ سەر میرەکانی ئامێدی تێکەڵ بەبردنەوەی رەچەڵەکی میرانی ئامێدی بۆ سەر خەلیفە عەباسییەکان دەبێتەوە، چونکە میرانی ئامێدی تیۆرییەکی وایان بڵاو کردبۆوە یاخود تیۆرییەکی وا دەربارەیان بڵاو ببۆوە

کەگوایە ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر خانەدانی خەلیفە عەباسییەکان[56]. بردنەوەی ڕەچەڵەك بۆ سەر عەباسییەکان ڕاستییەکی مێژوویی سەلمێنراوو بەڵگەنەویست نیە چونکە مێژوی شێواوی میرایەتییەکە چانسێکی زۆر بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلەیە پێك ناهێنێ. ئەو قۆناغەی میرایەتییەکەی تێدا دامەزراوە قۆناغێکی فرە تەمومژەو ئەو زانیارییەی دەربارەی سەد ساڵی یەکەمی تەمەنی میرایەتییەکە پێمان گەییوە زانیاریی زۆر کرچو کاڵەو لەم ڕووەوە نوسراوە مێژووییەکانی سەردەمی دامەزرانی میرایەتییەکە هیچ شتێکی گرنگیان لێ هەڵناکرێندرێ. لێکۆڵیارەکان زۆرتر بڕوایان وایە کەمیرایەتییەکە لەدەوربەری سەدەی سیانزەهەمی زایینیدا دامەزراوە. ئەوەی کەپەیوەندیی بەئێمەوە هەیە، ئەوەیە کەدەبێ تا سەدەی پانزەهەم چاوەڕوان بین چونکە لەسەدەی پانزەهەم بەولاوە، لەفەرمانڕەوایی میر زەینەددین بەدواوە، ئینجا زانیاریی مێژوییمان دەربارەی میرایەتییەکە چنگ دەکەوێ[57].

چیرۆکەکە کەموکورییەکی تێدایە کە لەگەڵ ڕەوتی مێژوویی پەیدا بونی تاجەددین لەبارزان وێك نایەتەوە. جیاوازیی ڕیشەیی نێوان شێخایەتیی بارزانو هەردو شێخایەتییەکەی بجێلو نەهری لەوە دایە کەسەرکردایەتیی ئایینیی بارزان، بەپێچەوانەی هەردو سەرکردایەتییە ئایینییەکەی بجێلو نەهرییەوە، سەرکردایەتییەکی ئۆرۆستۆکراتی کشتوکاڵی نەبوەو سیستەمە ئابورییەکەی دەرەبەگایەتی نەبوە (بڕوانە: سیستەمی گوێڕایەڵی). لەکاتێکدا کەهەردو شێخایەتییەکەی بجێلو نەهری ناسنامەیەکی تایبەتیان بەشوێنکەوتووەکانیان نەبەخشی، بارزان ناسنامەیەکی تایبەتی بەشوێنکەوتووەکانی بەخشی کەلایەنە ئابورییەکەی پشت ئەستور بوو بەنەهێشتنی دەرەبەگایەتی. لەڕوی مێژووییەوە، شێخایەتیی بارزان ڕابەرایەتیی خەباتی جوتیارانی کردو لەچەوسانەوەی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵیی زێبار ڕزگاری کردن. ئاشکراشە کەناکرێ ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵیی ئاینی ببێ بەرابەری خەباتی جوتیاران لەدژی

---

٥٦ جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٧، ل ١٠٩.

٥٧ کاوه فريق احمد شاولي أميدي، المصدر السابق، ص ٣٢.

ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵیی دەرەبەگەکان. بەجۆرە، نیشاندانی مەسەلەکە وەك ململانێنی نێوان دوو ئۆرۆستۆکراسی، لەگەڵ راستییە مێژوییەکاندا وێك نایەتەوە. بەم پێیە، کاتێك جلوبەرگی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵی، نەك جلوبەرگی تەریقەتی سۆفیگەرانە، لەبەر تاجەددین دەکرێ، دەرکەوتنی مێژوییی تاجەددین لەبارزان واتای خۆی لەدەست دەداو تاجەددین وەك دامەزرێنەری بنەماڵەیەك کە لەهیچەوە دەستی پێکردوەو بەرەنجو کۆششی خۆی توانیویەتی کاریگەری لەسەر رەوتی رووداوەکانی دەڤەرەکە بەجێ بهێڵێ، هەموو هێزێکی لێ دادەماڵدرێ.

دەرکەوتنی تاجەددین لەبارزان لەهیچ چیرۆکێکی دەماودەمو نوسراوە مێژوییەکان زەمەنێکی دیاریکراوی بۆ دانەنراوە. ئەگەر شوێن پێی سێ نەوەی یەکەمی هەر یەك لەتاجەددینو عەبدوڵلاو عەبدولڕەحمان هەڵگرین، تەنها ئەوەمان لەشێخ عەبدولڕەحمان چنگ دەکەوێ کە لەساڵی ١٨٦٥دا کۆچی دوایی کردووەو لەدووانەکەی تر هیچ شتێکمان چنگ ناکەوێ. بەجۆرە، ئەگەر وای دابنێین کەشێخ عەبدولڕەحمان لەساڵی ١٨٠٠دا لەدایك بووەو پەنجا ساڵێك لەنێوان ئەوو تاجەددینی باپیرەیدا هەیە، دەبێ وای بۆ بچین کە تاجەددین لەساڵی ١٧٥٠دا لەدایك بوەو ئەگەر واشی دابنێین کە لەتەمەنی بیست ساڵی بەدواوە لەبارزان دەرکەوتوە، کاتی مەزەندەکراوی دەرکەوتنی لەوێ دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٧٧٠و ١٧٨٠.

ئەم ماوەیە هاوزەمانی سەردەمی حوکمڕانیی میر ئیسماعیل پاشای یەکەمە لەمیرنشینی ئامێدیدا. شیاوی تێڕامانە کەئەم ماوەیە ماوەی ململانێیەکی دژوارە لەنێوان میر ئیسماعیل پاشای یەکەمو نەیارەکەی، بەیرام بەگی کوڕی سوڵتان بەدرەددین. میر ئیسماعیل پاشای یەکەم لەناوچەکەدا کەسێکی خۆشەویست نەبوو، بۆیە ئاستەنگێکی زۆر نەهاتە بەر رێی بەیرام بەگ لەهەوڵەکانیدا بۆ راکێشانی خێڵەکان بەلای خۆیدا، لەوانە خێڵی زێبار کە لەرقی میرە دڵڕەقەکە، پشتیوانیی لەبەیرام بەگ کرد. بەهەر حاڵ، بەرهەڵستکارەکان بەختیان یار نەبو چونکە میر لەشەڕێکدا لەنزیك ئامێدی تێکی شکاندنو لێرە بەدواوە نەیانتوانی لافی ئەوە لێ بدەن کەمایەی هەڕەشەن بۆ سەر میر[٥٨].

---

[٥٨] هەمان سەرچاوە، ل ٦٥.

لەو ماوەیەدا کارەساتی زۆر گەورە لەناوچەکەدا رویدا کەبوە مایەی بلاوبونەوەی گرژیو ترس لەهەمو شوێنێك. سەرچاوە مێژوییەکان بەڕونی ئاماژە بۆ دەرکەوتنی سێ هەڕەشەی یەك لەدوای یەك دەکەن کەهیچ خۆشییەکیان لەژیاندا بۆ خەڵکی نەهێشتەوە. ساڵی ١٧٧٨ تاعون بلاو بۆوە. ئەم پەتایە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی لەناو برد، ئاسەواری خراپی لەسەر رەوشی ئابوری بەجێ هێشتو مەینەتیو پاشاگەردانیی لەگەڵ خۆیدا هێنا[٥٩]. بەپێی دەستنوسەکەی مەمدوح بریفکانی کە لەکتێبخانەی زانکۆی دهۆك پارێزراوە، دوا بەدوای ئەم هەڕەشەیە یاخود هاوکات لەگەڵ ئەم هەڕەشەیەدا، لەسۆنگەی تێکچونی کشتوکاڵو لەکارکەوتنی بزاوتی بازرگانیو مردنی جوتیارانو تۆپینی ئاژەڵانو نەمانی ئاسایشەوە، گرانییەکی بێوێنە باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا. سەربار، ناوچەکە لەشکرکێشییەکی سوپاییی دڕندانەی کرایە سەر کەوالیی بەغدا نەخشەی بۆ دانابوو، بەو مەبەستەی کە هەلەکە بقۆزێتەوە، میرنشینەکە لەناو بەرێو دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێ[٦٠].

بێگومان ئەم هەڕەشانە ناوچەکەیان هەراسان کردو لەئاکامدا چەندین گوند چۆڵ کرانو دانیشتوانێکی زۆر لەترسی تاعونو شەڕوشۆڕ ناوچەکەیان بەجێ هێشت. لەهەلومەرجێکی وادا دۆزینەوەی دەرفەتێك بۆ مەزەندەکردنی بونی پەیوەندییەك لەنێوان پەیدابونی تاجەددین لەبارزانو نێوان بلاوبونەوەی تاعونو پەرە ئەستاندنی برسێتیو نەهامەتیی جەنگ، لەبارتر دەبێ. بەدڵنیاییەوە ئەمە خۆی لەخۆیدا هاندەرێکە بۆ دەستپێکردن لەتاجەددینەوە نەك لەمەسعودەوە. یەکەم هەنگاویش لەم روەوە دەبێ لەناوی دامەزرێنەری بنەماڵەکەوە دەست پێ بکا.

مەسعود بارزانیو ئەیوب بارزانی کەئامۆزای یەکترین، لەدیاریکردنی زنجیرەی رەچەڵەکی شێخەکاندا یەکدەنگ نین. بەپێی مەسعود بارزانی، شێخ تاجەددین یەکەم کەسە لەبارزان نیشتەجێ بوەو تەکیەی تێدا دامەزراندوە[٦١]. بەلام ئەیوب

[٥٩] یاسین بن خیرالله الخطیب العمری، زبدة الاثار الجلیة فی الحوادث الارضیة، تحقیق عماد عبدالسلام رؤوف، مطبعة الاداب، النجف، ١٩٧٤، ص ١٤٥.

[٦٠] کاوە فریق احمد شاولی آمیدي، المصدر السابق، ص ٦٧.

[٦١] مسعود البارزانی، البارزانی والحرکة التحرریة الکردیة ١٩٣١- ١٩٣٢، المصدر السابق، ص ١٦.

بارزانی وای بۆ دەچێ کەمەلا محەمەد نەك شێخ تاجەددین دامەزرێنەری تەکیەی بارزانەو یەکەم کەسیشە گەرای سۆفیگەریی تێدا داناوە[٦٢]. ئەوەی لەزنجیرەکە دەمێنێتەوە، هەردوکیان لەسەری کۆکن. بەڵام جیاوازییەکە تەنها ناوی دامەزرێنەری بنەماڵەکە ناگرێتەوە بەڵکو پلە ئایینییەکەشی دەگرێتەوەو بەم پێودانگە لەکاتێکدا دامەزرێنەری بنەماڵەکە لەلای مەسعود بارزانی پلەی شێخایەتیی هەیە، لەلای ئەیوب بارزانی پلەی مەلایەتیی هەیە. بەم پێیە، لەکاتێکدا زنجیرەکە لەلای مەسعود بارزانی بەشێخ دەست پێدەکا، لەلای ئەیوب بارزانی بەشێخ دەست پێ ناکا، بەڵکو بەمەلا دەست پێدەکاو لەم رووەوە ئەیوب بارزانی وای بۆ دەچێ کەهیچ کام لەمحەمەدو عەبدوڵڵا شێخ نەبونو شێخایەتی لەشێخ عەبدولرەحمانەوە دەست پێدەکا کە لەماوەی نێوان ١٨٢٠و ١٨٢٥دا پلەی شێخایەتیی بەدەست هێناوە[٦٣]، واتە پاش دەوروبەری چل ساڵ لەکاتە مەزەندەکراوەکەی دەرکەوتنی تاجەددین لەبارزان.

لەو سۆنگەیەشەوە کەجیاوازیی بیروڕا لەم بارەیەوە کاتی دەرکەوتنو رۆڵو رەچەڵەکی دامەزرێنەری بنەماڵەکە ناگرێتەوە، بیر زۆرتر بەلای ئەوەدا دادەشکێ کەهەر یەك لەشێخ تاجەددینو مەلا محەمەد یەك کەس بنو لەهەمان کاتدا بیر بۆ ئەوە دەچێ کەدەشێ تاجەددین نازناوی مەلا محەمەد بێ. لەپەراوێزی ئەو کتێبەی کەشێخ عەبدولسەلامی یەکەم بەدەستی خۆی نوسیویەتییەوە، بڕگەیەکی ئێجگار گرنگ هەیە کەتێیدا ناوی خۆی بەتەواوی بەشێوەی عەبدولسەلامی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا محەمەد نوسیوە[٦٤] (بڕوانە: بارزانو بارزانییەکان). خاڵێك کەلێرە زۆر گرنگە ئەوەیە کەنازناوی "شێخ" پێش ناوی هەر یەك لەعەبدوڵڵاو محەمەد ناکەوێو بۆ هەردوکیان وشەی "مەلا" بەکار هاتووە نەك "شێخ". هەمان شت لەپەراوێزی کتێبێکی تردا کەشێخ عەبدولسەلامی یەکەم نوسیویەتییەوە، دوبارە دەبێتەوەو تێیدا ناوی عەبدوڵڵای باوکی بەشێوەی مەلا عەبدوڵڵا دێ. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەتەنها پاش ئەوەی شێخەکانی تەکیە، لەعەبدولرەحمان بەدواوە،

---

[٦٢] بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦- ١٩١٤، المصدر السابق، ص ٢٥.
[٦٣] هەمان سەرچاوە، ل ٣٣.
[٦٤] هەمان سەرچاوە، ل ٣٥.

دەسەڵاتێکی زۆریان لەدیاریکردنی چارەنوسی ناوچەکەدا پەیدا کرد، نازناوی شێخ بەناوی هەر یەك لەتاجەددینو عەبدوڵڵاوە نوساوەو بەشێخ ناویان رۆییوە.

لەنازناوە شکۆمەندەکاندا بەکارهێنانی وشەی "تاج" شتێکی تایبەت بەمەلا محەمەد نیە. لەو رەوتە سۆفیگەرییانەی کەبۆ ناوچەکە هاتون، ئەم نازناوە زۆر بەکار هاتووە. لەم روەوە شێخ حەسەن شەمسەددینی ئەبو محەمەد کەزانستی ئاینی لەسەر دەستی سۆفیی بەناوبانگ ئیبن عەرەبی فێر بوەو یەکێکیشە لەدیارترین رابەرانی ئێزدییەکان پاش شێخ ئادی، بە "تاجولعارفین" ناسرابوو[٦٥]. شێخ خالید نەقشبەندیش نازناوی تاجەددینی هەبو. وشەی "تاج" وەك نازناوێکی شکۆمەند تەنها بۆ کەسەکان بەکار نەهاتووە، بەڵکو تەنانەت بۆ ناونیشانی کتێبە سۆفیگەرییەکانیش وەك بەشێکی پێداویستییەکانی شکۆمەندی بەکار هێنراوە، وەك ئەوەی کە لەکتێبی "تاجولرەسائیل"ی ئیبن عەرەبیدا دەیبینین.

لێرە، ئەوەی کەسەرنج بەلای خۆیدا رادەکێشێ ئەوەیە کەشێخ تاجەددین، ئەوەی لەهەمان کاتدا مەلا محەمەدە، لەمەسعودی باپیرەی بەبرەوترە، چونکە شێخ تاجەددین کەسایەتییەکی مێژوویی لەگومان بەدەرە، واتە ئەو بەپێچەوانەی مەسعودەوە لەخۆنواندندا پشت بەمێژو دەبەستێ، لەکاتێکدا مەسعود بۆ خۆنواندن ناتوانێ پشت بەمێژو ببەستێ بەڵکو پشت بەئەفسانە دەبەستێ. لانی کەم مەلا محەمەد ناوی لەدەقێکی مێژوویی لەگومان بەدەردا هاتوە، ئەویش ئەو دێرەیە کەشێخ عەبدولسەلامی یەکەم لەساڵی ١٨٤٧دا بەدەستی خۆی لەپەراوێزی یەکێ لەکتێبە لەبەرگیراوەکاندا نوسیویەتیو تێیدا ئاماژەی بۆ ناوی مەلا محەمەدی باپیرەی کردووە.

ئەگەر وای دابنێین کەئەرکی بنچینەیی چیرۆکە دەماودەمییەکە دۆزینەوەی پاساوە بۆ دەرکەوتنی کتوپڕی تاجەددین لەبارزانو لەم سەروبەندەدا جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کەفاکتەرە مێژوویی‌یەکان پشتیوانی لەچیرۆکەکە ناکەنو ئەوە بڕێنینەوە کەتیۆریی رەچەڵەکی ئۆرۆستۆکراتییانە دالغەیەکی بێ بنەمایە، ئەو پرسیارەی لێرە دێتە پێش ئەوەیە کەئایا تاجەددین لەکوێوە هاتوە؟

---

[٦٥] رشید الخیون، الادیان والمذاهب بالعراق، منشورات لسان الصدق، لندن، ٢٠٠٥، ص ٨٣.

لەم بارەیەوە دوو تیۆری هەیە. تیۆریی یەکەم بانگەشە بۆ رەچەڵەکی خۆماڵی دەکا، واتە وای بۆ دەچێ کەرەچەڵەکی بنەماڵەکە لەسنوری ناوچەکە ناترازێ. تیۆرییەکەی تریش وای بۆ دەچێ کەرەچەڵەکی بنەماڵەکە دەچێتەوە سەر دەرەوەی ناوچەکە. ئەوەی کەلێرە سەرنج بەلای خۆیدا رادەکێشێ ئەوەیە کەهەردو تیۆری بەچیرۆکە دەماودەمییەکەشەوە یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کەرەچەڵەکی بنەماڵەکە دەچێتەوە سەر دەرەوەی بارزان. بەڵام لەکاتێکدا کەتیۆریی یەکەم سنورێك لەچوارچێوەی ناوچەکەدا دیاری دەکا، تیۆریی دووەم خۆی بەهیچ سنورێك پابەند ناکا.

بەپێی تیۆریی رەچەڵەکی خۆماڵی، وا دانراوە کەرەچەڵەکی بنەماڵەکە دەچێتەوە سەر ناوچەیەك کەزۆر لەبارزانەوە دور نیە. لێرە دەکرێ پشت بەدوو گریمانە ببەسترێ یەکێکیان رەچەڵەکی بنەماڵەی شێخەکان دەباتەوە سەر دەوروبەری ئامێدی. ئەگەر پێکهێنەرە ئۆرۆستۆکراتییەکان لەچیرۆکە دەماودەمییەکە دامالێین، دەشێ شێخ تاجەددین لەدەوروبەری ئامێدییەوە کۆچی بۆ بارزان کردبێ‌و دەشێ ئەم کۆچکردنەش لەو کاتەدا رویدابێ کەناوچەی نێوان ئامێدی‌و زاخۆ ناوچەی کارەسات‌و جەنگ‌و پەتا بوەو لەم سەروبەندەدا ئامێدی‌و دەوروبەری بڵاوبونەوەی پەتای تاعونیان بەخۆوە دیوە. بێگومان ئەمەش بۆتە هۆی رەوی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان. بەم پێیە، وا مەزەندە دەکرێ کەدەبێ ئاراستەی رەوی دانیشتوان بەرەو رۆژهەڵات بێ، تا سنوری ناوچەی برادۆست‌و رەنگە بەرەو باشوری رۆژهەڵاتیش بێ، تا دەوروبەری شاری ئاکرێ. ئەم شیکردنەوەیە زۆر لەگەڵ چیرۆکە دەماودەمییەکەدا وێك دێتەوە کەرەچەڵەکی بنەماڵەکە دەباتەوە سەر ئامێدی.

بەپێی گریمانەی دووەم رەچەڵەکی بنەماڵەکە بۆ خێڵی زێبار دەگەرێتەوە. ئەوەی کەپشتیوانی لەم بۆچونە دەکا هۆنراوەکەی ساڵی ١٨٤٢ی شێخ عەبدولسەلامی یەکەمە کەتێیدا لەرِوی خێڵەکییەوە خۆی بەزێباری داناوە. ئەم خۆساغکردنەوەیە لەگەڵ بردنەوەی رەچەڵەکی شێخەکان بۆ سەر بنەماڵەی میرانی ئامێدی وێك نایەتەوە چونکە میرانی ئامێدی لەرِوی خێڵەکییەوە خۆیان بەزێباری نەزانیوە. گەورەترین کەلێنی ئەم گریمانەیە نەگونجانە لەگەڵ سۆسیۆلۆژیای لادێدا چونکە ئەگەر وا دابندرێ کە رەچەڵەکی شێخەکان رەچەڵەکێکی زێبارییە، خۆ دەبێ

گوندێکی دیاریکراوی زێباری هەبێ کەدامەزرێنەری بنەماڵەکە لێوەی هاتبێ. بەبێ دیاریکردنی ناوی ئەو گوندەو بەرچاوکردنی ئەوەی کە بەدرێژایی‌ی سەدو پەنجا ساڵی رابردوو ناوی ئەو گوندە دیاری نەکراوە، بردنەوەی رەچەڵەکی بنەماڵەکە بۆ سەر خێڵی زێبار هەمو ماناکانی خۆی لەدەست دەدا.

بردنەوەی رەچەڵەك بۆ سەر خێڵی زێبار رەنگدانەوەی رادەی تێکهەڵکێشبونی کۆمەڵایەتیی بنەماڵەی شێخانی بارزانە لەگەڵ دەوروبەری زێبارییانەی خۆیاندا. بەڵام ئەم تێکهەڵکێشبونە بەرە بەرە کاڵ بۆوە، بەئەندازەیەك کەپاش تێپەربونی نیو سەدە بەسەر نوسینی هۆنراوەکەدا، شێخەکانی بنەماڵە چیتر خۆیان بەزێباری نەزانی‌و شوێنکەوتووەکانیشیان چیتر بەچاوی رێزەوە سەیری رەچەڵەکی خێڵەکیی جارانی خۆیان نەکرد.

تیۆریی دووەم وای دادەنێ کەرەچەڵەکی بنەماڵەکە دەچێتەوە سەر دەرەوەی ناوچەکە. لێرەدا هیچ وردەکارییەك نیە. دیارە ئەمەش بەئەنقەستە. هۆی نەبونی وردەکاری، هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوەی ئاسەواری فاکتەری شوێن. ئەوی راستی بێ، فاکتەری شوێن لەرێبازە سۆفیگەرییەکاندا هیچ بایەخێکی نیە. بزوتنەوەی سۆفیگەری لەگەوهەردا بزوتنەوەیەکی نا نەتەوەیی‌یە، واتە پابەند نیە بەبانگەشەکردن بۆ بیروباوەڕەکانی لەناو نەتەوەیەکی دیاریکراودا، ناوچەییش نیە، واتە تەنها لەناوچەیەکی دیاریکراودا هەڵناسوڕێ‌و وای بەگونجاو دادەنێ کەپێودانگە جوگرافییەکان پانتایی‌ی هەڵسوڕانی دیاری نەکەن. بەم مانایە، ئەم بزوتنەوەیە رەگەزو زمان‌و جوگرافیا تێدەپەڕێنێ. لێرەدا هەمو شتێك دەوەستێتە سەر ویست‌و هیچ فاکتەرێکی تر بایەخی نامێنێ، چەمکەکانی نیشتمان‌و کۆمەڵگاو رەچەڵەکیش هەموو ماناکانیان لەدەست دەدەن.

ناوچەکە بەردەوام دەروێش‌و سۆفییەکانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. گەورەترین دوو تەریقەتی سۆفیگەری لەناوچەکەدا کەقادری‌و نەقشبەندییە رەچەڵەکی لۆکالیان نیە. قادری دەچێتەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی کە لەئێران پەیدا بوو و لەبەغدا نیشتەجێ بوو و لەوێوە مەزهەبەکەی خۆی بڵاوکردەوە کەبنەما سەرەکییەکانی لەمەزهەبی حەنبەلی وەرگرتبوو. تا ماوەیەکی دورو درێژ قادرییەکان گروپێکی لۆکالی بەغدا بون. پاشتر قادری لەدەرەوەی بەغدا گەرای

داناو بۆ یەکەم جار لەناو کورددا لەسەدەی سیانزەهەمدا لەسەر دەستی شێخ عەبدولعەزیزی کوڕی شێخ عەبدولقادر گەیلانی سەری دەرهێنا[٦٦]. بە بەراورد لەگەڵ ڕێبازی قادریدا، نەقشبەندی درەنگ لەناو کورددا پەیدا بووە. ئەم تەریقەتە ویستی بەهایەکی سۆفیگەرانە بەویستو ژیان ببەخشێو ئەگەرچی ناوی لەبەهادین نەقشبەندییەوە وەرگرتووە، بەڵام کەلەپوری نەقشبەندی بەهادین بەدامەزرێنەری جوڵانەوەی نەقشبەندی دانانێ بەڵکو بەپەرەپێدەری جوڵانەوەکەی دادەنێ چونکە بەهادین هەشت بنەماکەی ئەم ڕێبازەی پەرە پێداو کردی بەیانزە[٦٧].

لەناو کورددا، نەقشبەندی دەچێتەوە سەر شێخ خالد شارەزوری کەخەڵکی قەرەداغە. خالد کەپاش ئەوەی دەبێتە رابەرێکی نەقشبەندی بەمەولانا خالد نەقشبەندی دەناسرێ، لەهیندستان لەسەر دەستی شێخ عەبدوڵڵا دەهلەوی فێری سۆفیگەری دەبێو مۆڵەتی تەریقەت لەم وەردەگرێ. لەسەرەتادا، ئەم تەریقەتە لەسنە بڵاو بۆوە چونکە شێخ خالد پاش گەڕانەوەی لەهیندستانەوە لەوێ گەرای داناو چەند شانەیەکی سۆفیگەریی پێکهێنا. دواتر، ڕێبازەکە لەنێو کوردی سلێمانیو بادینان بڵاوبۆوەو لەماوەی نێوان ١٨١١و ١٨٢٠دا گەیشتە لوتکەی بڵاوبونەوەی لەنێو کورددا[٦٨].

هەردو تەریقەتی قادریو نەقشبەندی توانیویانە بەسەر لەمپەرە جوگرافییەکاندا زاڵ بنو لەزۆر شوێنی لێك دور گەرا دانێن، هیچ کامێکیشیان بەرەوای نەزانیوە کەتەنها ئایدیۆلۆژیای لۆکالی چەند گروپێکی لێك دابڕاوو یەکتری نەناس بێ. بەتەنیشت ئەم دوو تەریقەتە سنوربڕەوە، بادینان چەندین دەروێشو سۆفیی دیکەی ڕاکێشاوە کە لەهەڵسوڕاندا بەقەد تەریقەتی قادریو

[٦٦] دکتۆر هەڵکەوت مەلا حەکیم خانەقینی، ریشەو پێشینەی ڕێبازی نەقشبەندی لەکوردستاندا، وەرگێڕانی سدیق ساڵح، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ١، ساڵی شەشەم، شوباتی ١٩٩٨، ل ١٨.

[٦٧] سبنسر ترمنجهام، الفرق الصوفية في الاسلام، المصدر السابق، ١٩٩٧، ص ١١٠.

[٦٨] دکتۆر هەڵکەوت مەلا حەکیم خانەقینی، ریشەو پێشینەی ڕێبازی نەقشبەندی لەکوردستاندا، سەرچاوەی پێشو، ل ١٣- ١٤.

نەقشبەندی سەرکەوتو نەبون. ئەو دەروێشو سۆفییانە سەرقاڵی پەخش کردنی هەندێ بیروباوەڕ بون کە وردە وردە بون بە بەشێك لەکەلتوری ناوچەکە.

دامەزراندنی تەکیەی قادری لەبریفکان وێنایەکی رونمان دەربارەی رۆڵی توخمەکانی دەرەوەی ناوچەکە لەداڕشتنی کەلتورە لۆکالییەکاندا پێ دەبەخشن. بنەماڵەی بریفکانی بەرەچەڵەك دەچێتەوە سەر شێخ شەمسەددین قوتب. ژیانو بیروباوەڕی شێخ شەمسەددین تەمومژی لێ ئاڵاوەو چیرۆکەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەشاری ئەخلاتی کوردستانی باکورەوە هاتۆتە ناوچەکە[٦٩]. بەپێی مەحفوز محەمەد عومەر عەباسی، تەکیەی بریفکان بەر لەوەی بچێتە سەر رێبازی سۆفیگەریی قادری، لەسۆفیگەریدا شوێن پێی تەریقەتی خەلوەتی- سوهرەوەردیی هەڵگرتبو[٧٠]. ئەم خاڵە شایستەی بایەخ پێدانە چونکە دەرفەتێکی گونجاو بۆ ناسینی بیروباوەڕی تەکیەی بریفکان پێش وەرچەرخان لەسۆفیگەریی خەلوەتی- سوهرەوەردییەوە بەرەو سۆفیگەریی قادری دەرەخسێنێ.

تەریقەتی خەلوەتی بەوە ناوبانگی دەرکردووە کەدەروێشەکانی راهێناوە. مەبەست لەڕاهێنانی دەروێشەکان، ئامادەکردنیانە لەخوێندنگەی ئایدیۆلۆژیی تایبەتدا بۆ فێربونی بنەماکانی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ لەژینگە کەلتورییە جیاوازەکاندا. لەناو هەمو تەریقەتە سۆفیگەرەکاندا، خەلوەتی سیستماتیکتر کاری کردووە. بەڵام ئەم تەریقەتە رەچەڵەکێکی نەناسراوی هەیەو هێشتا دامەزرێنەرەکەی ناسراو نیە. لەبەر ئەوە مێژوی بەچەند دامەزرێنەرێکەوە بەستراوەتەوە. ئەم بیروباوەڕە لەبەراییدا زێدەڕۆیی لەپیرۆزکردنی ئیمام عەلیو نەوەکانی دەکرد. دواتر خەلوەتی کەوتە پێداچونەوەی ستراکتۆرە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیو وازی لەڕوخسارە توندڕەوەکانی پیرۆزکردنی ئیمام عەلی هێنا. ئەگەرچی ئەمە بوە مایەی دورکەوتنەوەی لەڕیشە رەسەنەکانی خۆی، بەڵام پێداچونەوەکە ئەو هەلەی بۆ

[٦٩] صديق الدملوجي، امارة بهدينان الكردية او امارة العمادية، المصدر السابق، ص ٦٥.

[٧٠] محفوظ محمد عمر العباسي، امارة بهدينان العباسية، مطبعة الجمهورية، الموصل، ١٩٦٩، ص ١٤٣.

فەراهەم کرد کەگرژیی لەگەڵ دەوروبەری سوننەگەرای خۆی لەئەناتۆلیا بڕەوێنێتەوە[٧١].

لەهەندێ قۆناغی دیاریکراودا تەریقەتی خەلوەتی پەیوەندیی لەگەڵ فەلسەفەی ئیشراقی سوهرەوەردیدا دامەزراندو ئەم پەیوەندییە شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەخەلوەتی تێکەڵ بەفەلسەفەی ئیشراق بووەو هەندێ بیروباوەڕی لێ وەرگرتووە. لەبیرکردنەوەی سوننەگەرادا فەلسەفەی سوهرەوەردی یەکسانە بەزەندەقە کەجولانەوەیەکی بیرمەندییەو گومانی ئەوەی لێ دەکرێ کەپەیوەندیی بەڕەهەندە ماتریالیستییەکانەوە هەیە. پشت بەستنی سوهرەوەردی بەحەللاج لەدارِشتنی بناغە ئایدیۆلۆژییەکانی سۆفیگەریدا، بۆ ناسینی رەگو ریشە بیرمەندییەکانی، بایەخێکی زۆری هەیە. هەر یەکێ لەم دوو بیریارە، واتە حەللاجو سوهرەوەردی، بەتۆمەتی زەندیقایەتی لەسەر دەستی دەسەلاتدارە سوننەکان کوژران. ناوەڕۆکی فەلسەفەی سوهرەوەردی پشت ئەستورە بەپیرۆزکردنی تیشك، چونکە لەتیشکی رەهای خوا هەمو شتێك پەیدا بووەو هەر چی لەجیهانی ماددیدا هەیە، بونی لەتیشکی خواوە سەرچاوە دەگرێ. بەشێوەیەکی گشتی، فەیلەسوفە شیعەکان رەزامەندییان لەسەر توخمە بنچینەییەکانی فەلسەفەی ئیشراق نیشانداو ئەم فەلسەفەیە لەکۆتاییی سەردەمی ناوەڕاستدا بەشێکی گرنگی بیرو ئەندێشەی فەلسەفیی ئێرانیی پێکهێنا[٧٢]. ئەم کەلەپورە دەوڵەمەندەی رێبازی خەلوەتی-سوهرەوەردی بەشێکی کەلەپوری تەکیەی بریفکان پێکدێنێ.

لەناو هەمو ناوچەکانی کوردستاندا بادینان تاکە ناوچەیە کەئەو دەروێشو سۆفییانەی راکێشاوە کە ئەرکەکەیان سەرلەنوێ دارِشتنەوەی ئاینی گروپێکی ناموسڵمانە کەئێزدییەکانن. ئەگەر گوێ نەدەینە بیروڕاکانی تایبەت بەشیکردنەوەی ئادگاری مێژوییی ئێزدییاتی، هەر دەبێ بچینە سەر ئەو باوەڕەی کەئەم ئاینە ئاینێکی دێرینە. سەرەکیترین گرفتی ئەم ئاینە ئەوەیە کەپاش پەیدابونی ئیسلام نەیتوانیوە ستراکتۆری ئایدیۆلۆژیی خۆی بپارێزێو لەئاکامدا شێواوییەکی زۆری

---

[٧١] سبنسر ترمنجهام، الفرق الصوفية في الاسلام، المصدر السابق، صص ١٢٩- ١٣١.

[٧٢] أن ماری شیمل، ابعاد عرفانی اسلام، صص ٤٢٩- ٤٣٢.

تێدا پەیدا بوە. ئەگەر خۆمان بەتاوتویێ کردنی رادەی شێواویی ئاینەکەوە خەریك نەکەین، دەچینە سەر ئەو باوەڕەی کەئێزدییاتی پەی بەوە بردبوو کەپێویستی بەچاکسازی هەیە. ئێزدییاتی سالانێکی دورو درێژ بەبێ چاکسازی مایەوە، بەلام لەکۆتاییدا شێخ ئادی (بەعەرەبی عودەی) پەیدا بوو و کەوتە داهێنانی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژیی تەباتر لەگەلێ گۆڕانی سەردەمداو گونجاوتر لەگەلێ بنەما ئاینییەکاندا. شێخ ئادی لەدۆلی لالشەوە هەنگاوەکانی چاکسازیی هەلهێنا.

هیچ جیاوازییەك لەبیروڕادا سەبارەت بەگرنگیی ڕۆلی شێخ ئادی لەچاکسازیی ئاینیدا نیە. ئەگەرچی شێخ ئادی بێگانەیە بەلام ئەمە نەبوە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی کەخۆی بەخاوەن پەیام بزانێ. گیروگرفتەکە لەوە دایە کەشێخ ئادی ڕەچەلەکێکی تەمومژاویی هەیە. ئەگەرچی لەم بارەیەوە بیروڕای جیاواز هەیە، بەلام لەهەمو بیروڕاکان دوو تیۆری پێکدێ، یەکێکیان ڕەچەلەکی دەباتەوە سەر لوبنانو بەعەرەبی دادەنێو ئەوی تر بەگونجاوی نازانێ ڕەچەلەکی ببرێتەوە سەر عەرەبی لوبنانو لەم سەروبەندەدا ڕەچەلەکی دەباتەوە سەر کوردی کێوەکانی هەکاری. لەهەردو تیۆریدا، چ ئەوەی کەعەرەب بێ یان کورد، کۆدەنگییەك لەسەر ئەوە هەیە کەشێخ ئادی بەرەچەلەك دەچێتەوە سەر دەرەوەی ناوچەکە. بەجۆرە، هەم ناساندنی وەك عەرەب بەئاشکرا دەیباتەوە سەر دەرەوەی ناوچەکە هەم ناساندنی وەك کورد ڕەچەلەکێکی لۆکالی بۆ دابین ناکا. زوهێر کازم عەبود بەگونجاوتری دەزانێ کە "بەنۆژەنکەرەوەی بیروباوەڕی ئێزدییاتیو دانەری بناغەی کۆمەلایەتیی پاراستنی ئاینو کۆمەلگای ئێزدییاتی[٧٣]" بژمێردرێ. وەك سۆفیگەرێك، شێخ ئادی هیچ لەمپەرێکی بۆ تێگەیشتنی ئەنگێزە سۆفیگەرییەکانی ئێزدییاتی لەبەردەم خۆیدا نەبینی. ئەو ئەنگێزانە روخسارێکی ڕۆشنی ئاینی ئێزدییاتی پێکدێننو لێیان رادەبینرێ بتوانن ئاسەواری فاکتەرە ماددییەکانی ژیان کەم بکەنەوەو پەیوەندییەك لەنێوان هەژارییو پاکی دروست بکەن[٧٤]، سەرەڕای ئادگارە چینایەتییە زەقەکانی ناو کۆمەلگای ئێزدی.

---

[٧٣] زهير كاظم عبود، عدي بن مسافر مجدد الديانة الايزيدية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٥، ص ١١.

[٧٤] زهير كاظم عبود، الايزيدية حقائق وخفايا واساطير، مركز قنديل للنشر والاعلام، السليمانية، ٢٠٠٣، ص ٦٨.

پێش نزیکەی سەد ساڵ لەکاتی مەزەندەکراوی دەرکەوتنی شێخ تاجەددین لەبارزان، شێخێك لەشوش، لەباشوری بارزان، دەرکەوتو جولآنەوەیەکی ئاینیی دامەزراند. بەگوتەی خەسرەو شێخ مورشید شێخ بەدیع، لەکۆتاییی سەدەی حەڤدەهەمدا شێخ عەبدوڵلا لەناو خێڵی سورچی دەرکەوتو بنەماڵەیەکی شێخانی دامەزراند کەتا ئەمڕۆ لەناو سورچییەکاندا دەستی دەڕوا[٧٥].

بەراورد لەنێوان هەردو بنەماڵەی شێخانی سورچیو بارزان، لێی رادەبینرێ بتوانێ هەندێ لایەنی بابەتەکە رۆشن بکاتەوە، بەتایبەتی لایەنەکانی تایبەت بەڕەچەڵەك. گومان لەوەدا نیە کەشێخانی بارزان ویستویانە وای نیشان بدەن کەڕەچەڵەکیان لەسنوری ناوچەکە دەرناچێ. لانی کەم ئێمە لەم روەوە ئاگاداری دوو هەوڵدانین بۆ بردنەوەی رەچەڵەکی شێخانی بارزان بۆ سەر رەچەڵەکی لۆکال. یەکێکیان چیرۆکە دەماودەمییەکەیە کەڕەچەڵەکی شێخانی بارزان دەباتەوە سەر بنەماڵەی میرانی ئامێدیو ئەوی تر بەیتە شیعرێکی شێخ عەبدولسەلامی یەکەمە کەتێیدا خۆی بەزێباری داناوە. بەپێچەوانەی ئەوەی کە لەلای بنەماڵەی بارزانی دەبینرێ، مەسەلەی رەچەڵەك لەلای بنەماڵەی سورچی بایەخێکی زۆری نیەو ئەندامانی بنەماڵەکە بەبێ نیشاندانی هیچ دڕدۆنگیو دودڵییەك دان بەوەدا دەنێن کەباپیرەی گەورەیان، واتە شێخ عەبدوڵلا، لەکوردستانی باکورەوە هاتووەو لەناو سورچییەکان گیرساوەتەوە. خاڵە گرنگەکە ئەوەیە کەسورچییەکان بردنەوەی رەچەڵەکی دامەزرێنەری شێخایەتییەکەیان بۆ دەرەوەی ناوچەکە بەشتێکی ئاسایی دەزانن.

لەبەرامبەردا، گومان لەوەدا نیە کەگێڕانەوەی رەچەڵەکی شێخ عەبدوڵلا بۆ کوردستانی باکور کتو مت وەڵامی تێروتەسەلی زۆر پرسیار ناداتەوە. لەم بارەیەوە ئێمە نازانین شێخ عەبدوڵلا بەوردی لە کوێی کوردستانی باکورەوە هاتوەو ئەوەشمان پێ ساغ ناکرێتەوە کەئاخۆ شێخ عەبدوڵلا کورد بوە یان کورد نەبوە. ئەوەندەش کەدەربارەی بیروباوەڕی ئاینیی زانراوە، بەقەد ئەوەی کە پێویستە

[٧٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ خەسرەو شێخ مورشید شێخ بەدیع لەچوارچێوەی ریپۆرتاژێکدا دەربارەی کاروباری ئاینیی خێڵی سورچی لەلاپەڕە ٢ی ژمارە ٣٢١ی رۆژی ٨ی کانونی دووەمی ٢٠٠٨ی رۆژنامەی "میدیا".

بەکەڵکی ئەوە نایە کەستراکتۆرە ئایدیۆلۆژییەکانی بیروباوەڕەکەی پێ هەڵبسەنگێنین. ئەگەرچی کۆدەنگییەك لەم بارەیەوە هەیە کە لەکوردستانی باکورەوە هاتوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری دەروێشە گەڕۆکەکان بەکوردستانی باکوردا تێپەڕیون یان لێی گیرساونەتەوە، دەبێ قوڵتر لەڕەچەڵەکی راستەقینەی بکۆڵدرێتەوە. سەربار، ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەو روەوە نیە کە چی شێخ عەبدوڵڵای هانداوە لەناو سورچییەکاندا بنەماڵەیەکی ئاینی دابمەزرێنێو لەشوش نیشتەجێ بێ.

خاڵە گرنگەکەی تر ئەوەیە کەبۆ سەقامگیرکردنی شەرعیەتی ئاینی هەم بنەماڵەی سورچی رەچەڵەکی خۆی گەڕاندۆتەوە سەر بنەماڵە شەرافەتمەندەکان هەم بنەماڵەی بارزانی. ئەو جیاوازییەی لەنێوانیاندا هەیە لەوە دایە کەبنەماڵەی سورچی بەشێوەیەکی راستەوخۆ رەچەڵەکی شەرافەتمەندی خۆی ئاشکرا کردوە، لەکاتێکدا کەبنەماڵەی بارزانی رەچەڵەکی خۆی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ راگەیاندوە. بنەماڵەی سورچی بانگەشە بۆ ئەو تیۆرییە دەکا کەرەچەڵەکی دەباتەوە سەر عومەری کوڕی خەتابی دووەم خەلیفەی پاش پێغەمبەر موحەممەد کەبۆ ماوەی دە ساڵ، لە ٦٣٤ـەوە تا ٦٤٤، فەرمانڕەوایی‌ی کردوە. ئەم بنەماڵەیە بۆ ماوەیەکی دورو درێژ بەبنەماڵەی عومەری ناسرابوو. جێی سەرنجە کەئەندامانی بنەماڵەکە زۆر باوەڕیان بەم تیۆرییە نیەو بەپێی خەسرەو شێخ مورشید شێخ بەدیع رەچەڵەکی بنەماڵەکەیان دەچێتەوە سەر سەیدەکانو وردتر دەچێتەوە سەر حوسەینی کوڕی ئیمام عەلی‌و بۆ پشتگیری کردنی ئەم تیۆرییە، دەڵێن گوایە باپیرە گەورەیان، شێخ عەبدوڵڵا، لەبنچینەدا لەحیجازەوە هاتووە، لەکوردستانی باکور نیشتەجێ بووەو لەوێوە چۆتە شوش‌و لەناو سورچییەکان گیرساوەتەوە. ئەم جیاوازییەی دیاریکردنی رەچەڵەك بەرێکەوت نیەو وامان لێ دەکا بچینە سەر ئەو باوەڕەی کەشێخ عەبدوڵڵا بەمەزهەب سوننە نەبوەو لەژێر تەوژمی کاریگەریی ژینگە سوننەگەراکەی، رەچەڵەك‌و بیروباوەڕی خۆی شاردۆتەوەو وەك بەشێکی پێداویستییەکانی تەقیە بەگونجاوتری زانیوە کەڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی بباتەوە سەر عومەری کوڕی خەتاب کە لەلای سوننەکان خۆشەویستە.

بەهەر حاڵ، سەرەڕای هەمو ئەمانە بنەماڵەی شێخانی سورچی چ بەرەچەڵەك بگەڕێتەوە سەر عومەری کوڕی خەتتاب چ بگەڕێتەوە سەر ئیمام حوسەین، لەمەسەلەی دیاریکردنی رەچەڵەکدا لەبنەماڵەی بارزان کراوەتر دێتە بەرچاو. بەپێودانگی شێخانی سورچیو بەپێودانگی ئەوەی لەو زەمانەدا باو بوە، هەر لایەنێك ویستبێتی دڵسۆزیو پشتیوانیی شوێنکەوتووەکانو تۆکمەکردنی سیستمی گوێڕایەڵی بۆ خۆی مسۆگەر بکات، پەنای بردۆتە بەر گێڕانەوەی رەچەڵەکی خۆی بۆ سەر ماڵێکی شەرافەتمەندی ناسراوی مێژوو. بەم پێودانگە، شێخانی بارزانیش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ رەچەڵەکی خۆیان بردە سەر ماڵی هاشمی چونکە بڵاویان کردەوە کەگوایە رەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر میرانی ئامێدی کەئەمانەش بەنۆرەی خۆیان رەچەڵەکی خۆیان بردۆتەوە سەر خەلیفە عەباسییەکان. لەو سۆنگەیەشەوە کەخەلیفە عەباسییەکان رەچەڵەکیان بردۆتەوە سەر عەباسی کوڕی عەبدولموتتەلیبی مامی پێغەمبەر موحەممەد، زنجیرەی رەچەڵەکی شێخانی بارزان دەگاتەوە بەعەباس.

هەر یەك لەشێخ عەبدوڵڵا لەشوشو تاجەددین لەبارزان سەرقاڵی پێکهێنانی دەرفەت بون بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕیان. لەم بوارەدا تێبینیی ئەوە دەکرێ کەهەردوکیان بەهەمان شێواز کاریان کردووە. هەردوکیان پاش ئەوەی کەماوەیەك بەسەر گیرسانەوەیاندا تێپەڕی، جوڵانەوەی تۆبەکردنیان رێکخستو ویستیان لەم رێگەیەوە شوێنکەوتووەکانیان لەگوناهی رابردوو رزگار بکەنو ژیانێکی خاوێنتریان بۆ دابین بکەن. جیاوازییەك کەلێرەدا هەیە، ئەوەیە کەبزاڤی تۆبەکردنەکەی شێخ عەبدوڵڵا گەرمو گوڕترو کاراتر بووەو هی شێخ تاجەددین زۆر سستو لەسەرخۆ بووەو تەنها لەماوەی نێوان ١٨٦٥و ١٨٨٤دا، لەسەردەمی شێخ عەبدولسەلامی یەکەمدا، بۆتە بزاڤێکی ئاشکراو بەهێز (بڕوانە: چەمکی میللەت). بێگومان هەردوکیان بەقەد ئەوەی کەپێویستە، بەهرەی دروستکردنی لایەنگرو شوێنکەوتویان هەیە بەڵام لەم بوارەدا شێخ عەبدوڵڵا هەڵسوڕاوترو باڵادەستترو گورجو گۆڵتر دەردەکەوێ، چونکە بەتاقی تەنیا ئەو ئەنجامەی بەدەست هێنا کەچوار شێخی بارزان یەك لەدوای یەك بەدەستیان هێنا.

ئەوەی کەتەکیەی بارزان بەئاشتی بەدەستی نەهێنا، تەکیەی سورچی بەئاشتی بەدەستی هێنا. هەوڵو کۆششی تەکیەی بارزان بۆ راستکردنەوەی پەیوەندیی نێوان جوتیارانو زەویداران بوە هۆی وروژاندنی دوبەرەکیی چینایەتیو ئەمەش گرژییەکی زۆری لەنێوان جوتیارانو زەویداران لێ کەوتەوەو لەکۆتاییدا بەجیابونەوەی بەشێکی زۆری زێبارییەکان لەخێڵەکەی خۆیانو پشتگیری کردنی تەکیەی بارزان گەیشت. تەکیەی سورچی خۆی لەم چارەنوسە پاراستو هەوڵەکانی بونە مایەی تۆکمەکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتیی ناو خێڵی سورچی. لەکاتێکدا کەشێخانی بارزان کەوتنە رەوایی دان بە بەکارهێنانی زەبروزەنگ بۆ راستکردنەوەی پەیوەندییە ئابورییە ناهاوسەنگەکان، شێخانی سورچی بانگەشەیان بۆ ئاشتبونەوەی کۆمەڵایەتی کرد. داشکاندنی بیروباوەڕی تەکیەی سورچی بەلای ئاشتیی کۆمەڵایەتیدا رەگداکوتاوترە. ئەمەش بەڕونی لەهەڵسوکەوتی گشتیی تەکیەدا دەردەکەوێ کەبیرۆکەیەکی بەم ناوەرۆکە بڵاوکردۆتەوە کەپاشاو هەژار وەك یەکنو هەر کامێکیان کەدەمرێ هیچ شتێك لەماڵی دنیا لەگەڵ خۆیدا نابا.

تەکیەی سورچی لەسەرەتادا بەرگی رێبازی قادریی لەخۆوە پێچابوو، دواتر لەسەردەمی شێخ ئەحمەددا (کۆچکردوی ساڵی ١٨٥٣) وەرچەرخایە سەر رێبازی نەقشبەندیو شێخ ئەحمەد یەکەم تەکیەی نەقشبەندیی لەگوندی کۆلەکان دامەزراند. لەسەردەمی شێخ محەمەددا (کۆچکردوی ساڵی ١٩٠٦) پایتەختی ئاینی لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لەکۆلەکانەوە بۆ بجێل گوێزرایەوە. بەمجۆرە، وەرچەرخانی ئایدیۆلۆژی لەقادرییەوە بۆ نەقشبەندی بەڕونی لەتەکیەی سورچیدا رەنگ دەداتەوە. ئەم رونییە لەشێخایەتیی بارزاندا نابینرێ چونکە تا ئێستا ئەوە رون نیە کەئاخۆ تەکیەی بارزان بەر لەوەی ببێ بەنەقشبەندی، قادری بووە یاخود پەیڕەویی لەبیروباوەڕی تر کردووە.

لەپاڵ گرفتەکانی تایبەت بەدیاریکردنی رەچەڵەکی شێخانی بارزان، گرفتی تر هەیە کەتایبەتە بەڕادەی دەسەڵاتی تەکیە لەسەردەمی شێخ تاجەددینداا. ئەو زانیارییانەی دەربارەی دە ساڵ بەرایی‌ی گیرسانەوەی شێخ تاجەددین لەبارزان لەبەردەستماندان، پشتیان پێ نابەسترێ. ئەوەی کەدەربارەی ئەم قۆناغەی دەزانین هەر ئەوەیە کەشێخ تەکیەی داناوەو کەوتۆتە پێکهێنانی هەندێ شانەی سۆفییانە

لەبارزان. ئەوەی کەزۆرتر ڕێی تێدەچێ ئەوەیە کەتەکیە لەسەردەمی تاجەددین‌و لەسەردەمی عەبدوڵڵای کوڕی، دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوەو تەنها لەسەردەمی شێخ عەبدولڕەحماندا کەشێخایەتیی دامەزراند، دەسەڵاتی ڕاستەقینەی پەیدا کردووە. پەرەسەندنی ڕۆڵی تەکیە پەیوەندیی بەڕوداوێکی مێژوییەوە هەیە کەکاریگەریی زۆری لەسەر مێژوی شێخایەتییەکە بەجێ هێشتووە، ئەویش تێکشکانی بارزانییەکانە لەسەر دەستی بەرواریەکان‌و تیارییەکان لەماوەیەکدا کەئەستەمە بەوردی دەستنیشان بکرێ بەڵام دەشێ کەوتبێتە نێوان ساڵانی ۱۸۲۰و ۱۸۳۰دا (بڕوانە: بارزان‌و بارزانییەکان).

مێژو هیچ شتێك دەربارەی ڕۆڵی تەکیە لەو جەنگەدا ناڵێ. باوەڕی زاڵ لەم بارەیەوە ئەوەیە کە تا ئەو کاتە ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ هەژمونی خۆی بەسەر بارزاندا سەپاندبوو و تەکیە لەخۆی ڕانەدەبینی بتوانێ بەئاشکرا ڕوبەڕوی ببێتەوە. لەم جەنگەدا هەر یەك لەئەحمەد ئاغای زێباری‌و ئیسماعیل ئاغای زێباری بەهێزێکی سێ سەدو پەنجا کەسی کەوتنە خۆتەیارکردن بۆ بەشەڕهاتن لەگەڵ عەبدولڕەحیم بەگی بەرواری کەیاخی ببوو و باجی ساڵانەی بەدوو ڕابەرە دەرەبەگەکەی بارزان نەدەدا. لێرە جەنگەکە مۆرکی ململانێی نێوان ئۆرۆستۆکراسییە کشتوکاڵییەکان پێوە دیارە. ململانێی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە تەنها ململانێی نێوان ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ‌و جوتیاران ناگرێتەوە بەڵکو ململانێی نێوان ئۆرۆستۆکراسییە کشتوکاڵییە بەهێزەکان‌و ئۆرۆستۆکراسییە کشتوکاڵییە لاوازەکانیش دەگرێتەوە کەتێیدا ئۆرۆستۆکراسییە کشتوکاڵییە بەهێزەکان دەسەڵات‌و هەژمونی خۆیان بەزەبری زۆردارەکی بەسەر ئۆرۆستۆکراسییە کشتوکاڵییە لاوازەکاندا دەسەپێنن‌و بەزۆر باجیان لێ دەسەنن.

بەرواری پەی بەوە بردبوو کەدەرەقەتی نەیارەکانی نایە، بۆیە دوو تاکتیکی بەکار هێنا، لەلایەك نامەی بۆ سەرانی بارزان نوسی‌و بەڵێنی دا کەباجیان دەداتێ‌و لەلایەکی تریشەوە هاواری بردە بەر ئاشورییەکانی چیاکانی تیاری. سەرانی بارزان فریویان خوارد ، بڵاوەیان بەهێزەکانیان کردو تەنها پەنجا شەڕکەریان لەگەڵ خۆیاندا هێشتەوەو بەرەو لای بەرواریەکان بۆ تازەکردنەوەی ڕێککەوتنەکە

بەرێ کەوتن. لەو شەڕەی لەنزیك قەڵای قومری رویدا، هێزە بارزانییەکە یەك کەسی بەزیندویی لێ دەرنەچوو.

لەئاکامی تێکشکانە کەمەرشکێنەکەدا بۆشاییی دەسەڵات لەبارزان پەیدا بوو چونکە شەڕەکە هەمو سەرانی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵی فەوتاند. ئەو کەشە سایکۆلۆژییە پڕ غەمو دڵتەنگییەی کەپاش تێکشکانەکە باڵی بەسەر گوندەکەدا کێشا، دەستی هەبو لەدەرکەوتنی تەکیە وەك فاکتەرێکی کارا بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییی‌یەکە. بەجۆرە، بەنەمانی نوێنەرە بەهێزەکانی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ لەبارزان، دەرگا لەسەر گازی پشت بۆ تەکیە کرایەوەو هەلێکی لەبار بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی تەکیە رەخسا. بەڵام لەو سۆنگەیەوە کەهێشتا مێژوی بارزان مێژویەکی نامۆیە، ئەوەمان بۆ دەرنەکەوتوە کەئاخۆ بارزان پێش شکستی قومری، لەجەنگی تردا شکستی دیکەی بەخۆوە دیوە یان نا. ئەوەی دەیزانین ئەوەیە کەئەم شەڕە دوایین شەڕی بارزانییەکان بوو بەر لەوەی بچنە سەر بیروباوەڕی تەکیە. بەهەر حاڵ، ئەم کارەساتە کەفەوتانی یەکجارەکیی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵی بارزانی لێ کەوتەوە، ئەو دەرفەتەی بۆ شێخانی بارزان پێکهێنا کە بەبێ ترس‌و سڵەمینەوە بکەونە گەڕ بۆ سەقامگیرکردنی رۆڵی تەکیەو کردنی بیروباوەڕ بەسەرچاوەی هێزی ماددی‌و هەڵهێنانی هەنگاوی هەڕاوترو خێراتر لەقۆناغی شاردنەوەی بیروباوەڕەوە بۆ قۆناغی خۆئاشکراکردن.

ماوەی نێوان ١٨٢٠و ١٨٣٠ لەمێژوی شێخایەتییەکەدا قۆناغی وەرچەرخان پێکدێنێ. ئەگەر شکستی قومری نەبوایە، بارزان هەرگیز جێیەکی شیاوی لەمێژودا بۆ خۆی پەیدا نەدەکرد.

# کۆتایی

بیروباوەڕی بارزانی لەسەردەمێکدا سەری دەرهێناوە کە نە یاسای نوسراو هەبوە نە دەسەڵاتێکی بەهێزی دەوڵەت. لەو سەردەمەدا دامەزراوەی دەرەبەگایەتی دامەزراوەیەکی پتەوو تۆکمە بوو. لەسەدەی نۆزدەهەمدا خەباتی تەکیەی بارزان بەرگێکی تایبەتی لەخۆوە پێچاو لەچێوارچێوەیەکدا کەوتە گەڕ کەتێیدا تەکیە بوو بەتاکە ناوەندی ئاینیی کورد کەئامانجەکەی رامالێنی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵیو رزگاکردنی جوتیاران بوو لەستەمی دەرەبەگەکان.

بچوکترین گومان لەوەدا نیە کەئەمە هەنگاوێکی گرنگ بوو بەرەو دادپەروەری. بەڵام ئەوەی کەچوارچێوەی گشتیی ئەم پرۆسە مێژوییەی بەتەسکی هێشتەوە، دەرنەچونی پرۆسەکەیە لەچوارچێوەی قەڵەمڕەوی بارزانییەکانو بڵاو نەبونەوەی بەناوچەکانی تردا. بێگومان ئەمە شۆڕشێکی بورژوازیی کلاسیکی نەبو بەڵکو جموجوڵێکی لۆکاڵ بوو لەچوارچێوەی پارێزگەراییدا چونکە رزگارکەرانی جوتیاران شارنشین نەبون، بەڵکو لادێنشین بونو فریان بەسەر ئایدیۆلۆژیای سەرمایەدارییەوە نەبوو، بەڵکو ئایدیۆلۆژیاکەیان ئاینی بوو. ئەمەش مەرجی پێویستی بۆ کردنی بەرهەمی کشتوکاڵ بە بەرهەمی کاڵایی، واتە بەرهەمێك کە لەپێناوی بەدەستهێنانی قازانجدا بەدەست دەهێنرێ، پێك نەهێنا. لەم سەروبەندەدا شێخایەتیی بارزان تایبەتمەندییەکی هەیە کە لەشێخایەتییەکانی تردا نیە، ئەویش پەیدا نەبونی ئۆرۆستۆکراسیی ئاینی- کشتوکاڵییە تێیدا. ئەمەش زۆرتر دەچێتەوە سەر ئەوەی کەبیروباوەڕی بارزانی لەناوەڕۆکدا بەئابوریی سروشتەوە بەستراوەتەوە، واتە ئەو ئابورییەی کەپشت بەسروشت دەبەستێو لەپێناوی بازاڕدا نیە.

بیروباوەڕی بارزانی کۆمەڵگایەکی لەسەر بنەمای بەها بەرزەکان دامەزراندو بەپشت بەستن بەرێسا ئەخلاقییە توندوتۆڵەکان ناسنامەیەکی تایبەتی بەگروپەکە بەخشی. قۆناغی چلەکان بەسەرەتای وەرچەرخانێکی گەورە لەژیانی

شێخایەتییەکەدا دادەنرێ. لەو قۆناغەدا بارزانییەکان تێکەڵ بەسیاسەت بون‌و ئەمە وای کرد پەیوەندییان لەگەڵ بەغدادا بگاتە ئاستێکی بەرزی گرژی‌و پێکدادان. لەم قۆناغەدا بارزانییەکان چەرمەسەرییەکی زۆریان بینی‌و لەم بوارەدا هەندێکیان لەڕوسیا بون بەپەنابەر، شێخ ئەحمەدی رابەریان‌و ژمارەیەکی زۆری شوێنکەوتووەکانی خرانە زیندانەوەو ژمارەیەکی تریشیان بۆ ناوچەی دوردەست دور خرانەوە. ئەگەرچی ئەم مەینەتییە پەیکەری کۆمەڵایەتیی بارزانییەکانی داڕزاند بەڵام لەهەمان کاتدا بوە مایەی پەرەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی‌یان‌و کۆتایی هێنان بەگۆشەگیریی شارستانییان.

لەساڵانی شەستدا شێخ ئەحمەد پەی بەو دژوارییانە برد کەدێنە بەر ڕێی دورخستنەوەی گروپەکەی لەکاریگەریی دەوروبەر. سیاسەتی لەم بوارەدا پشت ئەستور بوو بەبانگەشەکردن بۆ هێشتنەوەی گورو تینی ئەنگێزە پارێزگارەکان‌و پاراستنی نۆڕینە داخراوەکەی جاران، بەڵام جیهان ئەوەندە گۆڕانی بەسەردا هاتبو کەچیتر لەگەڵ بونی کۆمەڵگای داخراوی دەرەوەی ڕەوتی شارستانێتی‌و دژی ڕەوتی گۆڕان وێك نەدەهاتەوە. لەشەستەکاندا هەڵسوڕانی ئاینیی شێخ ئەحمەد گەیشتە ترۆپکی گەشانەوەی روحانی بەڵام دیارە هیچ کەسێك، هەرچەند بەهرەوەرو بەتوانا بێ، ناتوانێ بەتاقی تەنیا روبەڕوی تەوژمی بەتین‌و تاوی گۆڕان ببێتەوە. لەساڵی ١٩٦٩دا شێخایەتیی بارزان دوا بەدوای کۆچی دواییی رابەرەکەی، لەبەر یەك هەڵوەشایەوە.

بیروباوەڕی بارزانییەکان وەك ترادیسیۆنێکی پێکەوە گرێدراوی بەهاکان بەرەو پوکانەوە دەچێ. ئەمەش هۆو فاکتەری خۆی هەیە چونکە لەساڵی ١٩٦٩وە بارزانییەکان سەرکردایەتییەکی ئاینیی وایان نیە کەکۆدەنگیی تەواوی لەسەر بێ. بەهۆی ئەمەوە، لەوساوە ژیانی ئاینیی بارزانییەکان ئازادە، واتە چوارچێوەی وێژەییی پابەندبونی ئاینی وەك جاران بەهێز نیە. ئەمەش بەکردەوە بۆتە هۆی داخورانی پاساوە تیۆریکییەکانی بیروباوەڕەکەو داهێزرانی چەردەیەکی زۆری بەها دێرینەکان. ترادیسیۆنی بەها بارزانییەکان خەریکە وردە وردە تێکەڵ بەترادیسیۆنی بەها سوننییەکان دەبێ‌و رەسەنی‌و تایبەتمەندییەکانی خۆی لەدەست دەدا.

دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٥دا، پرۆسەی تێکهەڵکێشبونی بارزانییەکان بەکۆمەڵگاو شارستانێتی بەشێوەیەکی فراوان دەستی پێ کردو لەم سۆنگەیەوە داخرانی کۆمەلایەتیو دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ سروشتدا بوو بە بەشێك لەکەلەپورو یادەوەریی رابردوو.

ئەو سەردەمەی تێیدا دەژین بەشێوەیەکی بنچینەیی جیاوازیی لەگەڵ ئەو سەردەمەدا هەیە کەبیروباوەڕی بارزانییەکان تێیدا پەیدا بووە. ئاشکرایە کەئەو فاکتەرانەی دەستیان لەپەیدابونو بلاوبونەوەی ئەو بیروباوەڕەدا هەبوە، ئەمڕۆ لەئارادا نین. لەگەڵ پەرەسەندنی ئەو دەستکەوتە سیاسییانەی کەبارزانییەکان بەدەستیان هێناوەو لەگەڵ برەودان بەبیروباوەڕی نەتەوایەتی کە لەبەها خێڵەکییە کۆنەکان سەرتاپاگیرترو بەرینترە، گەڕانەوە بۆ سەر ژیانی جاران دەبێتە کارێکی زەحمەت. بەپێچەوانەی ئەوەی کە لەسالانی پەنجاکانو شەستەکانو سەرەتای حەفتاکاندا باو بووە، ئەمڕۆ ململانێ لەنێوان داخرانو تێکهەڵکێشبوندا نیە. پێویستە هەموان، لەوانە بارزانییەکان، لەزەمەنی خۆیاندا بژین. لەم رۆژگارەی ئەمڕۆدا باوی گۆشەگیری نەماوەو جگە لەتێکهەڵکێشبون هیچ رێگایەکی تر لەژیاندا نیە.

# پاشکۆ

ئەم پاشکۆیە بۆ هەندێ بابەت تەرخان کراوە کەپەیوەندییان بەناواخنەوە هەیەو تێیدا بەشێوەیەکی تێروتەسەلتر هەندێ لایەنی بابەتەکان تاوتوێ کراون یاخود ئاماژە بۆ هەندێ بوار کراوە کە لەناواخندا هیچ لەبارەیەوە نەوتراوە. بەم مانایە، پاشکۆکە تەواوکەری بابەتەکانی ناواخنی ئەم کتێبەیە.

## باب

لەبەشی چوارەمدا ئاماژەمان بۆ ئەوە کردوە کەشێخ ئەحمەد بارزانی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی رۆڵی باوکی گێڕاوەو لەسەر ئاستی بیروباوەڕی ئاینی رێپیشاندەرێکی روحانی بووە. پێش ئەو، بارزانییەکان شێخ عەبدولسەلامی دووەمیان بە "باب" واتە باوك، بانگ دەکرد (بڕوانە: جامانەی سور). بەڵام بەهەر شێوەیەك ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییانەی نازناوی "باب" لێك بدرێتەوە، مانا ناکۆمەڵایەتییەکان هەر هەندێ گومان هەڵدەگرن.

ئەگەر واز لەوە بێنین کەتەنها رێکەوت وای کردوە وشەی "باب" لەزمانی کوردیدا مانای باوك بدا، ئەوا ئەم وشەیە دەشێ واتای قوڵتری لەپشتەوە بێ. لەئەدەبیاتی شیعەکاندا ئیمام عەلی بە "باب" واتە دەرگا یان دەروازە ناسراوە. ئەمەش لەو فەرمودەیەدا دەردەکەوێ کەخراوەتە پاڵ پێغەمبەر موحەممەدەوە کەفەرمویەتی "من شاری زانستم‌و عەلیش دەرگاکەیەتی، هەر چی زانستی دەوێ با لەدەرگاکەوە بێ[١]". لەزنجیرەی پلەو پایە ئیسماعیلییەکاندا پلەی "باب" (دەرگا) پاش پلەی "ئیمام" (پێشەوا) بەپێی زنجیرەکەی عارف تامر بەپلەی دووەم دێ[٢] و بەپێی زنجیرەکەی دکتۆر مستەفا غالب پاش پلەکانی "ناتق" و "ئەساس"و

---

[١] دکتر مهدی محقق، اسماعیلیه، ص ٧٩.

[٢] عارف تامر، اسماعیلیه وقرامطه در تاریخ، ص ٧٣.

"ئیمام" بەپلەی چوارەم دێ [٣]. هەروەها ئەم نازناوە بەشێوەیەکی مەجازی بۆ ئەو شێخە بەکار دێ کەشاگردەکان فێری رازو نهێنییەکانی ئاینی لێ دەبن[٤]. لەسەردەمی فاتیمییەکانیش بەسەرۆکی بزوتنەوەی ئیسماعیلی دەوترا "باب"[٥].

لەوێژەی ئاینی ئیسلامدا هەندێ لەبیروباوەڕەکان روو لەوە دەکەن کەبەهایەکی زۆرتر بەهەندێ لەکەسایەتییە دیارەکانی مێژوو، وەك سەلمان فارسی، ببەخشن، لەم رووەوە بەلای شیعەی پێنج ئیمامییەوە کەگروپێکە لەسەدەی هەشتەمی زاینیدا لەکوفە سەری هەڵداوەو پێی وایە خوا لەپێنج وێنەدا خۆی دەنوێنێ، سەلمان فارسی دەرگای پێغەمبەر موحەممەدە[٦]. بەڵام سەلمان لەلای نوسەیرییەکاندا دەرگای ئیمام عەلییە نەك دەرگای پێغەمبەر موحەممەد[٧].

هەر یەك لەعەلەوییەکانو نوسەیرییەکان پێیان وایە هەر ئیمامێك بابێکی هەیە. لەبیروباوەڕی عەلەوییەکاندا "باب" خاوەنی پێگەیەکی بەرزو سەرچاوەی ویستی یەزدانو رەنگدانەوەی زانستی رەهایە، بۆیە لەناو عەلەوییەکاندا کەسانێکی وا پەیدا بون کەناوی بابیان بەسەر خۆیاندا دابڕی. ئەم هەڵسوڕانە ئاسەواری خراپی لەسەر تۆکمەیی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژیی عەلەوییەکان بەجێ هێشتو بەهۆی ئەمەوە گروپێکیان لێ پەیدا بوو کەپاشتر بەئیسحاقییە ناوی دەرکرد. ئەم گروپە لایەنگری ئەبو یەعقوب ئیسحاق نەخعی بوو کەخۆی بە باب دادەنا[٨].

---

[٣] الدکتور مصطفی غالب، الحرکات الباطنیة في الاسلام، المصدر السابق، ص ١٢١.

[٤] دائرة المعارف الاسلامیة، المجلد الثالث، المصدر السابق، ص ٢٣٧.

[٥] دکتر فرهاد دفتری، تاریخ وعقاید اسماعیلیه، ص ٣٦٥.

[٦] هەمان سەرچاوە، ل ١٢٠.

[٧] الدکتور مصطفی غالب، الحرکات الباطنیة في الاسلام، المصدر السابق ص ٢٧١.

[٨] علي عزیز الابراهیم، العلویون في دائرة الضوء، مرکز الغدیر للدراسات الاسلامیة، بیروت، ١٩٩٩، ص ٥١.

لەچەند قۆناغێکی جیاوازدا وشەی "باب" وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو کەسانە بەکار دەهات کەئەرکی گرنگیان پێ دەسپێردرا. لەم روەوە ئەبولقاسم حوسەینیی کوڕی روح، سەفیری سێیەمی ئیمامی دوانزەهەمی شیعە، نازناوی بابی بەدەستهێناو دوا بەدوای ئەمە شیعەکان هەر بەم ناوە بانگیان دەکرد[9]. لەسەردەمی سەفیرە شیعەکاندا ستراکتۆرە ئایدیۆلۆژییەکان هیچ توندوتۆڵییەکیان پێوە دیار نەبو چونکە ئیمامی دوانزەهەم خۆی ئاشکرا نەکرد، بەگومی مایەوەو بەگونجاوتری زانی کە لەڕێی سەفیرەکانەوە پەیوەندی بەشوێنکەوتووەکانییەوە بکا.

بەهەر حاڵ، ئەو کۆسپ‌و دژوارییانەی دێنە بەردەم شیکردنەوەی ئەم مەسەلەیە، رەوشەکە بەئەندازەیەك ئاڵۆز دەکەن کەزەحمەتە بتوانرێ تیشکێکی بەهێزی بخرێتە سەر.

## سانع

لەنێو بارزانییەکاندا وشەی "سانع" بەشێوەیەکی فراوان وەك ناو بۆ پیاوان بەکار دێ بەڵام لەناو کورددا زۆر بەکەمی بەکار دەهێنرێ. ئەم ناوە بەشێوەی سەنعانیش بەکار دێ.

"سانع" کەوشەیەکی عەرەبییەو بەمانای دروستکەر دێ، رەنگدانەوەی سەرخانی کەلتوری ئەو بیروباوەڕانەیە کە کەوتونەتە ژێر هەژمونی فەلسەفەی گنۆستیك چونکە وشەکە لەڕوی واتاوە رەچەڵەکێکی گنۆستیکی هەیە. گنۆستیك بیرۆکەی ئافراندنی جیهانی تێدا نیەو لەبری ئافەرینەر، دروستکەر هەیە[10] (بڕوانە: ریشەی ئیسماعلییەکان).

نۆڕینی تەورات بۆ خواوەند بەشێوەیەکی ریشەیی لەنۆڕینی ئینجیل ناچێ. لەکاتێکدا خواوەندی تەورات خواوەندێکی سامناك‌و بێ بەزەیی‌و توڕەیە،

---

[9] جواد علي، المهدي المنتظر عند الشيعة الاثني عشرية، ترجمة الدكتور ابو العيد دودو، منشورات الجمل، كولونيا، ٢٠٠٥، ص ١٣٥.

[10] الدكتور صابر طعيمة، التصوف والتفلسف، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٥، ص ٥١.

خواوەندی ئینجیل خواوەندێکی هێمنو میهرەبانو دلۆڤانو دڵنەرمە. بەلای گنۆستیکە مەسیحییەکانەوە، ئەم نەسازانە زادەی بونی دوو خواوەندو دوو ئاینە، بۆیە باوەڕیان وابو کەخواوەندی ئینجیل خواوەندە باڵاکەیە کەئافەرینەرو باوکە، خواوەندەکەی تەوراتیش خواوەندە نزمەکەیە کەجیهانی دروست کردووە. بەپێی ئەم نۆڕینە، بون ئافەرینەرێكو دروستکەرێکی هەیەو لەم سەروبەندەدا گنۆستیکە مەسیحییەکان پەراوێزی پێغەمبەرایەتییان بەڕادەیەك درێژ کردەوە کەدوو مەسیحی لێ کەوتەوە. یەکێکیان ئەو مەسیحە شەڕکەرو شەڕخوازەیە کە لەتەوراتدا ناوی هاتووەو جولەکە چاوەڕێی دەکەن. ئەم مەسیحە ئەوەیە کە خواوەندە نزمەکە نەك خواوەندە باڵاکە بەڵێنی پەیدابونی بەپێغەمبەرەکانی تەورات داوە. مەسیحەکەی تر پێغەمبەرە رزگارکەرەکەیە کە دڵنەرمو دلۆڤانەو نوێنەرایەتیی خواوەندە باڵا ئافەرینەرە نورانییەکە دەکا[١١].

ئاشکرایە کەگنۆستیك بەچاوی یەکسانییەوە سەیری خواوەندی دروستکەرو خواوەندی باڵای ئافەرینەر ناکاو پرۆسەی دروستکردن ناکاتە بارتەقای پرۆسەی ئافراندن. بەپێی تیۆرییەکە، خواوەندی دروستکەر پاشاگەردانیی گەردونی نەهێشتو جیهانی لەتوخمەکانی ئاگر، ئاو، هەواو خۆڵ دروست کرد[١٢].

**مەهدی**

تیۆریی مەهدی لەبیروباوەڕی بارزانییەکاندا هیچ پێگەیەکی نیە. بەڵام باسیل نیکیتین، رۆژهەڵاتناسی بەڕەچەڵەك روسیو شارەزا لەبواری کاروباری کۆمەڵایەتیی کورددا، لەنوسینەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کەبارزانییەکان شتێکیان دەربارەی تیۆریی مەهدی زانیوە[١٣]. بەگوتەی نیکیتین، تیۆریی مەهدی

---

[١١] یوسف کرم، تاریخ الفلسفة الیونانیة، المصدر السابق، ص ٢٥٦- ٢٥٧.

[١٢] الدکتور مصطفی النشار، تاریخ الفلسفة الیونانیة من منظور شرقي، الجزء الثاني، دار قباء للطباعة والنشر والتوزیع، القاهرة، ٢٠٠٠، ص ٢٢٧- ٢٢٧.

[١٣] بازیل نیکیتین، کوردناسی، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٣- ٤٩.

لەسەردەمی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم (کۆچکردوی ساڵی ١٨٤٤) بۆ یەکەم جار لەناو بارزانییەکاندا مشتومڕی لەسەر کراوە. بەپێی نیکیتین، لایەنگرانی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم دەیانویست مەهدیگەرایی بکەنە ئامرازێك بۆ بەخشینی ناسنامەیەکی ئایدیۆلۆژیی توندوتۆڵ بەبارزانییەکان بەڵام شێخ پشتگیریی ئەم پرۆژەیەی نەکردو دودڵیی نواند. لایەنگرەکانی بەبێ هەست کردن بەلێپرسراوەتی، شێخیان بۆ کردەوەی لەتوانای خۆی گەورەتر هان دەدا، وەك خۆتەیارکردن بۆ بەرپەرچدانەوەی عوسمانییەکانو کارکردن بۆ روخاندنیان بەو بەهانەیەی کەعوسمانییەکان چیتر ناتوانن نوێنەرایەتیی ئیسلامی راستەقینە بکەنو فریان بەسەر خەلافەتەوە نەماوە.

شێخ عەبدولسەلامی یەکەم لێبڕاوانە دژی ئەم بیرۆکەیە وەستایەوە، بەڵام شێخ محەمەد (١٨٣٧- ١٩٠٢) کەپاش باوکی شێخایەتیی بۆ مایەوە، خۆی لەبەردەم گوشارەکاندا رانەگرت. پاش تێکشکانی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریو دورخستنەوەی بۆ حیجاز، بیرۆکەی راگەیاندنی مەهدیگەرایی دیسان سەری دەرهێناو بارزانییەکان بۆ پەلوپۆ هاوێشتن ویستیان هەلی دروستبونی ئەو بۆشاییەیە بقۆزنەوە کە بەهۆی لەبەریەکترازانی شێخایەتیی نەهرییەوە هاتە ئاراوە. شێخ محەمەد پشتیوانیی لەبیرۆکەی راگەیاندنی مەهدیگەرایی کردو نەخشەی بۆ گرتنی موسل دانا، بەو نیازەی کەگرتنی موسل سەرەتای هەڵکشان بێ بۆ سەر ئیستانبولو روخاندنی خەلافەتی عوسمانی. بەڵام والیی موسل فریای شارەکە کەوتو هەڕەشەی بارزانییەکانی رەواندەوە، بەفێڵو فەرەج چەکی کردنو شێخ محەمەدی دەستگیر کرد. دواتر، شێخ محەمەدو دوو کەس لەشوێنکەوتووەکانی توانیان لەموسل رابکەنو خۆیان بگەیەننە چیاکان. بەڵام کاربەدەستە عوسمانییەکان ژمارەیەکی زۆری بارزانییەکانیان بۆ تەرابلوسی باکوری ئەفریقیا دور خستەوە. دوا بەدوای شکستی ئەم بزوتنەوەیە، بیرۆکەی مەهدیگەرایی لەناو بارزانییەکان بەیەکجاری نەما.

## فاتیمە

لەسەر ڕێی نێوان بارزانو بازی، بەردێکی زل هەیە بەگوتەی خەڵکی ناوچەکە شوێن پێی فاتیمەی کچی پێغەمبەر موحەممەدی لەسەر دیارە[١٤]. بەڵام لەبەر ئەوەی فاتیمە لەساڵی یانزەهەمی کۆچیدا، لەسەرەتای دەستپێکردنی سەردەمی خەلیفە ئەبوبەکری سدیقو پێش دەست پێکردنی سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی کۆچی دوایی کردوە، دیارە دەرکەوتنی لەکوردستاندا هیچ بنەمایەکی نیە.

دانیشتوانی ناوچەکە تاوێرە بەردەکە بەئاسەوارێکی پیرۆز دادەنێن. وەك ئاشکراشە، پیرۆزیی تاوێرە بەردەکە ڕەنگدانەوەی پیرۆزیی خودی فاتیمەیە. لەڕوانگەی مێژوویی‌یەوە، فاتیمە هەم لەلای شیعە ڕێزو هەیبەتی هەیە هەم لەلای سوننە بەڵام لەسۆنگەی فاکتەری ئایدیۆلۆژیاوە ئەو پێگەیەی کەفاتیمە لەلای سوننەکان هەیەتی، ناگاتە ئاستی پێگەی لەلای شیعەکان. ئیسماعیلییەکان لەمەش واوەتر ڕۆیشتونو پێیان وایە فاتیمە "هەیکەلێکی نورانیی هەیە"[١٥]. بەهۆی ئەم پێگە بەرزەوە، ئیسماعیلییەکانی باکوری ئەفریقیا ڕەچەڵەکی خۆیان بردەوە سەر فاتیمەو ناوی فاتیمییەکانیان لەخۆ نا.

لەکەلەپوری ئیسلامدا زۆر چیرۆك هەیە باسی ئاسەواری پیرۆزی سەر بەردەکان دەکاو لەم روەوە ئەفسانە ئیسلامییەکان چیرۆکێکیان دەربارەی دابەزینی ئادەم لەسەر کێوێکی وڵاتی سەرەندیب (سریلانکای ئەمڕۆ) چنیوەو تێیدا بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کەگوایە تاوێرە بەردێکی چیای ڕەهون ئاسەواری جێ پێی مرۆڤێکی پێوە دیارە[١٦].

ناوهێنانی فاتیمە لەچیرۆکی تاوێرە بەردەکەدا بەخۆڕایی نیە. لەم بوارەدا روداوێکی مێژوویی هەیە دەشێ پەیوەندیی بەبابەتەکەوە هەبێ. لەسەدەی هەشتی زاینیدا ئەبو موسلیمی خوراسانی رابەرایەتیی سوپای عەباسییەکانی کردو لەلای

[١٤] مامخان شێروانی، سەرچاوەی پێشو، ل ٥٠.

[١٥] رودلف شتروطمان، اربعة كتب اسماعيلية، المصدر السابق، ص ٥٨.

[١٦] حسين بن علي بن محمد بن الوليد، المبدأ والمعاد في الفكر الاسماعيلي، تحقيق خالد المير محمود، دار علاء الدين للنشر، دمشق، ٢٠٠٧، ص ٣٨.

زێی بچوك لەکوردستان روبەڕوی سوپای ئەمەوییەکان بۆوە. پاش کوژرانی لەسەر دەستی خەلیفەی عەباسی ئەبو جەعفەری مەنسور، لایەنگرەکانی، فاتیمەی کچی ئەبو موسلیمیان بەڕابەری خۆیان هەڵبژارد. دواتر، گروپێکی خورم دینان، بەسود وەرگرتن لەناوی فاتیمەی کچی ئەبو موسلیمی خوراسانی، بەناوی فاتیمییەکانەوە پەیدا بوو. یەعقوبی وتویەتی کە لەناو کورددا خورەم دینان هەبوە[17]. بەلای هەندێ سەرچاوەشەوە، بابەك کەڕابەرایەتیی شۆڕشی خورەم دینانی لەدژی دەوڵەتی عەباسی کردووە، بەرەچەڵەك دەچێتەوە سەر موتەههەری کوڕی فاتیمەی کچی ئەبو موسلیمی خوراسانی[18]. هەندێ لەسەرچاوەکانیش ئاماژە بۆ رەچەڵەکی کوردانەی ئەبو موسلیمی خوراسانی دەکەن[19]. لەم چوارچێوەیەدا دور نیە فاتیمەی کچی ئەبو موسلیم لەگەڕانەوەیدا بۆ ئازەربایجان، بەبادینانداتێپەڕی بووبێ و رەنگە ئەو ژنەی کەناوی بەتاوێرە بەردەکەوە لکاوە فاتیمەی کچی ئەبو موسلیمی خوراسانی بێ.

### هۆنراوەکەی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم

سالّی ١٩٨٠ ئەیوب بارزانی بۆ یەکەم جار ئەو هۆنراوەیەی بلاّو کردەوە کەشێخ عەبدولسەلامی یەکەم لەسالّی ١٨٤٢دا دایناوە. هۆنراوەکە هۆنراوەیەکی درێژەو لە٩٥ بەیتی سێ خشتەکی پێکدێ.

بایەخی هۆنراوەکە لەوە دایە کەئاماژەی فرە وردو گرنگی بۆ چاوگەکانی بیروباوەڕی بارزانییەکان تێدایە. ئەوەی سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە کەدوو وشە بنچینەیی‌یەکەی بیروباوەڕی گنۆستیك، واتە وشەی "ئافەرینەر"و "دروستکەر" لەهۆنراوەکەدا دەبینرێن. یەکەمیان پێنج جار لەبەیتەکانی ٤و ٩و ٤٤و ٤٥دا ناوی دێ و ئەوی تر یەك جار لەبەیتی سی‌و حەوتەمدا. دیارە ئەمە بەم مانایە نیە کەهۆنراوەکە بیروباوەڕی گنۆستیك دەکاتە سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش بەلاّم ئەمە

[17] دکتر غلامحسین صدیقی، جنبشهای دینی ایرانی در قرنهای دوم و سوم هجری، ص ٢٥٦- ٢٥٩.

[18] هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٦.

[19] دکتر مهدی علائی حسینی، ابو مسلم از واقعیت تا افسانه، مؤسسه چاپ‌و انتشارات استان قدس رضوی، تهران، ١٣٧٥، ص ٤٨.

شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەتەکیە لەم جۆرە بیروباوەڕانە بێئاگا نەبوە. لەڕاستیشدا هۆنراوەکە ئەم دوو وشەیەی زۆر لێك جیا نەکردۆتەوە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا وا دەگەیەنێ کەهەردو وشەی "ئافەرینەر"و "دروستکەر" بەیەك مانا بەکار هێنراون.

وەك ئاشکرایە، هیچ تێڕوانینێك لەهیچ‌و بەخۆڕایی پەیدا نابێ‌و لەم چوارچێوەیەدا کاریگەریی فەلسەفەی ئیبن عەرەبی لەهۆنراوەکەدا بەئاشکرا رەنگ دەداتەوە. هەندێ دەستەواژەی وەك "مظهر" (روخسار)و "صورة" (وێنە) بنچینەی فەلسەفەی ئیبن عەرەبی پێکدێنن. ناوەڕۆکی ئەم فەلسەفەیە ئەوەیە کەجیهان‌و یەزدانی ئافەرینەر لێك جیا ناکرێنەوەو بەهیچ شێوەیەك بونی ماددی لەبونی میتافیزیك جیا نابێتەوەو هەر چی لەجیهانی ماددیدا هەیە روخسارو وێنەو رەنگدانەوەی خۆنواندنی خوایە. لێرەدا جیهان، بەو چەشنەی کە لەهۆنراوەکەدا هاتووە، وەك "ظلال" (سێبەر) وایە (بەیتی نۆیەم). ئەم لێکوەشاندنە بەکەڵکی پەیداکردنی پەیوەندی لەنێوان جیهانی ماددی‌و جیهانی میتافیزیکدا دێ. ئەم پەیوەندییەش سەروەرییەکە بەجیهانی میتافیزیك دەبەخشێ چونکە جیهانی میتافیزیك نەك جیهانی ماددی بەبنچینەو بنەما دادەنرێ. لێرەدا جیهانی ماددی لەسێبەرو وێنەی ناو ئاوێنەو رەنگدانەوەی جیهانی میتافیزیك بەولاوە هیچی تر نیەو ئاستیشی لەئاستی جیهانی میتافیزیك نزمترە.

هەردو بەیتی یانزەهەم‌و پانزەهەم زۆرتر لەگەڵ ئیبن عەرەبیدا وێك دێنەوە. لەم سەروبەندەدا خوا وێنەی داهێناوە. دەستەواژەی داهێنانی وێنە کەئاماژەیەکی وێژەیی‌یە بۆ ئافراندن، مایەی بەرز راگرتنی ئەزمونی ئافراندنە بەڕادەیەك کەپەیداکردنی جیهانی ماددی وەك داهێنانی وێنەی لێ دێ‌و بەم پێیە، هەر چی وێنەیە لەجیهاندا لەڕوخسارو رەنگدانەوەی زاتی خوا بەولاوە شتێکی تر نیە.

ئەو رێچکەیەی کەهۆنراوەکەی پێدا دەڕوا، زۆر لەچەمکە ئیسماعیلییەکانی نزیك دەکاتەوە. دەستەواژەی "عالەمی مەستور" (جیهانی شاراوە) کە لەبەیتی حەڤدەهەمدا ناوی هاتووە، زۆر لەچەمکە ئیسماعیلییەکانەوە نزیکە کەوێنایەك دەربارەی ئەو جیهانە نەبینراوو شاراوە میتافیزیکییە پێشکەش دەکەن کەئیمامی ون لەوێوە پەیوەندی بەشوێنکەوتووەکانییەوە دەکات. هۆنراوەکە واوەتر دەڕواو

تەنها بەناوهێنانی عالەمی مەستور داناکەوێ، بەڵکو ناوی چەمکێکی تریش دێنێ کەپەیوەندیی بەچەمکە سۆفیگەرییەکانەوە هەیە، ئەویش چەمکی سری مەکنونە (بەیتی بیستو هەشت).

چەمکێکی سەرنج راکێشێ دیکەش هەیە. لەبەیتی حەڤدەهەمدا بەشێوەی "کەنزی مەستور" باسی خوا کراوە. ئەم چەمکە پەیوەندیی بەو هەوڵانەوە هەیە کە ئامانجیان پەرەپێدانی ئەزمونی ئاینیی ئاساییە، بەو ئومێدەی کەئەم ئەزمونە بگەیەنرێتە ئاستی ئەزمونی روحانی بەو پێودانگەی لەسۆفیزمدا هەیە. سەرچاوە لێ وەرگیراوەکە، فەرمودەیەکی قودسییە کەدەڵێ "من گەنجینەیەکی نەناسراو بوم، حەزم کرد بناسرێم". ئەم فەرمودەیە تەواوی کەرەستەی پێویست بۆ پاساودانی سۆفیگەری دابین دەکا. بەپێی ئامەدی، مرۆڤ بۆیە بەرزترین بونەوەری جیهانی خوارەوەیە چونکە لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە دروست کراوە کەخوا بناسێ[٢٠]. بەجۆرە، ناسینی خوا کەدرەخشانترین ئامانجی سۆفیزمە، لەگەڵ مەبەستی بنەڕەتیی بونی مرۆڤدا وێك دێتەوە. ئەمە ئاماژە بۆ ناکۆکیی نێوان رێبازە سۆفیو ناسۆفییەکان دەکا. رێبازە سۆفییەکان وای دەبینن کەئەرکی مرۆڤ ناسینی خوایە. ناسینی خواش ئەزمونی ئاینیی ئاسایی دەکاتە ئەزمونێکی سۆفیگەرانە. بەڵام رێبازە ناسۆفییەکان وای دەبینن کەئەرکی مرۆڤ لەژیاندا خواپەرستییە. ئەم خواپەرستییەش سنورێکی رون بۆ ئەندازەی ناسینی خوا دادەنێ. بەڵام لەبەر جیاوازیی تێڕوانین بۆ ئەم مەسەلەیە، بیریارانی سوننە نکوڵییان لەم فەرمودەیە کردو دانیان پێدا نەنا. یەکەم کەس نکوڵیی لەفەرمودەکە کرد، ئیبن تەیمییە بوو، پاشان زەرکەشیو ئیبن حەجەرو سیوتیو چەند کەسێکی تر شوێن پێی ئیبن تەیمییەیان هەڵگرتو نکوڵییان لەفەرمودەکە کرد.

---

[٢٠] ابو الحسن علي بن محمد الامدي، الاحكام في اصول الاحكام، الجزء الاول، تحقيق الدكتور سيد الجميلي، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٨٣، ص ٣١.

# سەرچاوەكان

## ١-سەرچاوە عەرەبییەكان

**یەكەم- كتێب:**


١-ابن الاثير، الكامل في التاريخ، تحقيق الشيخ خليل مأمون شيحا، الطبعة الثانية، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٧.

٢-ابن حوقل، صورة الارض، دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٧٩.

٣-ابن عربي، الفتوحات المكية في معرفة الاسرار المالكية والملكية، الجزء الثاني، دار الكتب العربية الكبرى، القاهرة، ١٩١٨.

٤-ابن عربي، المعرفة، تحقيق محمد امين ابو جوهر، الطبعة الثانية، دار التكوين للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٦.

٥-ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب في اخبار من ذهب، الجزء الثامن، المكتب التجاري للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، بدون سنة الطبع.

٦-ابن كثير، البداية والنهاية، تحقيق وتوثيق عبدالرحمن اللادقي ومحمد غازي بيضون، الطبعة العاشرة، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٧.

٧-ابن منظور، لسان العرب، الطبعة الثانية، تحقيق امين محمد عبدالوهاب ومحمد الصادق العبيدي، دار احياء التراث العربي للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.

٨-ابو الحسن علي بن محمد الآمدي، الاحكام في اصول الاحكام، الجزء الاول، تحقيق الدكتور سيد الجميلي، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٨٣.

٩-ابو عبدالله بن عمر الواقدي، فتوح الشام، دار الجيل، بيروت.

١٠-ابو يزيد البسطامي، المجموعة الصوفية الكاملة، تحقيق وتقديم قاسم محمد عباس، دار المدى للثقافة والنشر، الطبعة الثانية، دمشق، ٢٠٠٦.

١١-احمد عثمان، الاصول المصرية في اليهودية والمسيحية، مكتبة الشروق، القاهرة، ١٩٩٩.

١٢-احمد الكاتب، تطور الفكر السياسي الشيعي من الشورى الى ولاية الفقيه، الطبعة الثالثة، دار الشورى، لندن، ٢٠٠٥.

١٣-ارشاك بولاديان، الاكراد من القرن السابع الى القرن العاشر الميلادي وفق المصادر العربية، ترجمة مجموعة من المترجمين، دار التكوين، دمشق، ٢٠٠٤.

١٤-اريك براور، يهود كردستان، ترجمة شاخوان كركوكي وعبدالرزاق بوتاني، دار آراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٢.

١٥-الجد عزام، الموحدون الدروز بين الخطأ والصواب، دار الاوائل للنشر والتوزيع والخدمات الطباعية، دمشق، ٢٠٠٣.

١٦-ايوب بارزاني، المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤-١٩١٨، دار نشر حقائق المشرق، جنيف، ٢٠٠٢.

١٧-برنارد لويس، الحشيشية: الاغتيال الطقوسي عند الاسماعيلية النزارية، ترجمة الدكتور سهيل زكار، الطبعة الثانية، دار قتيبة للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٦.

١٨-الدكتور بروس بارتون واخرون، التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، ترجمة وليم وهبة واخرون، الطبعة الرابعة، جمعية الكتاب المقدس العالمية، لندن، ٢٠٠٢.

١٩-بندلي جوزي، من تاريخ الحركات الفكرية في الاسلام، دار رؤية للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٦.

٢٠-بنيامين بن نونة التطيلي، رحلة بنيامين ١١٦٥-١١٧٣، ترجمة عزرا حداد، المطبعة الشرقية، بغداد، ١٩٤٥.

٢١-بهاء الدين علي بن عبدالكريم بن عبدالحميد النجفي، منتخب الاضواء المثيرة، مؤسسة الامام الهادي، قم، ١٩٩٩.

٢٢-بي رش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦-١٩١٤، ١٩٨٠.

٢٣-جان شو فليي، التصوف والمتصوفة، ترجمة عبدالقادر قنيني، دار افريقيا الشرق، بيروت، ١٩٩٩.

٢٤-جرجيس فتح الله، زيارة للماضي القريب، دار الشمس للطباعة والنشر، ستوكهولم، ١٩٩٨.
٢٥-الشيخ جعفر السبحاني، تاريخ الاسماعيلية، دار الاضواء، بيروت، ١٩٩٩.
٢٦-الدكتور جواد علي، تاريخ العرب قبل الاسلام، الجزء الخامس، المجمع العلمي العراقي، بغداد، ١٩٥٥.
٢٧-الدكتور جواد علي، المهدي المنتظر عند الشيعة الاثني عشرية، ترجمة الدكتور ابو العيد دودو، منشورات الجمل، كولونيا (المانيا)، ٢٠٠٥.
٢٨-جولد تسيهر، العقيدة والشريعة في الاسلام، ترجمة محمد يوسف موسى، دار الرائد العربي، القاهرة، ١٩٤٦.
٢٩-جون س. كيست، الحياة بين الاكراد: تاريخ الايزيديين، ترجمة عماد جميل مزوري، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٥.
٣٠-جي. ب. آسمونس واخرون، فاتحة انتشار المسيحية في الشرق، ترجمة جرجيس فتح الله، دار ادي شير للنشر والاعلام، اربيل، ٢٠٠٥.
٣١-جي كيلبرت براون، قوات الليفي العراقية ١٩١٥-١٩٣٢، ترجمة الدكتور مؤيد ابراهيم الونداوي، مؤسسة زين، السليمانية، ٢٠٠٦.
٣٢-الدكتور حسام الدين الالوسي، دراسات في الفكر الفلسفي الاسلامي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢.
٣٣-الدكتور حسام محي الدين الالوسي، بواكير الفلسفة قبل طاليس او من الميثولوجيا الى الفلسفة عند اليونان، الطبعة الثانية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨١.
٣٤-الدكتور حسن امين البعيني، دروز سوريا ولبنان في عهد الانتداب الفرنسي (١٩٢٠-١٩٤٣)، المركز العربي للابحاث والتوثيق، بيروت، ١٩٩٣.
٣٥-حسن بزون، القرامطة بين الدين والثورة، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، ١٩٩٧.
٣٦-الدكتور حسن حميد عبيد الغرباوي، العصمة في الفكر الاسلامي، دار طيبة ومكتبة اضواء البيان، دمشق، ٢٠٠٧.

٣٧-حسن مصطفى، البارزانيون وحركات بارزان ١٩٣٢-١٩٤٧، الطبعة الثانية، دار افاق عربية للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٣.

٣٨-حسين بن علي بن محمد بن الوليد، المبدأ والمعاد في الفكر الاسماعيلي، تحقيق خالد المير محمد، دار علاء الدين للنشر، دمشق، ٢٠٠٧.

٣٩-حسين قاسم العزيز، البابكية او انتفاضة الشعب الاذربيجاني ضد الخلافة العباسية، مكتبة النهضة، بغداد، ١٩٦٦.

٤٠-حسين مروة، النزعات المادية في الفلسفة العربية-الاسلامية، الجزء الثاني، الطبعة السابعة، دار الفارابي، بيروت، ١٩٨٥.

٤١-الخطيب البغدادي، تاريخ بغداد او مدينة السلام، تحقيق مصطفى عبدالقادر عطا، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٤.

٤٢-الدكتور خلف الجراد، اليزيدية واليزيديون، دار الحوار للنشر والتوزيع، اللاذقية، ١٩٩٥.

٤٣-الدكتور خليل ابراهيم السامرائي، دراسات في تاريخ الفكر العربي، جامعة الموصل، ١٩٨٦.

٤٤-الدكتور خليل علي مراد (المترجم)، الموصل وكركوك في الوثائق العثمانية، مؤسسة زين لاحياء التراث الوثائقي والصحفي الكردي، السليمانية، ٢٠٠٥.

٤٥-خوانساري، روضات الجنات في احوال العلما والسادات، المجلد الاول، مكتب اسماعيليان، قم، ١٣٩١ ق.

٤٦-الرزينة ر. لالاني، الفكر الشيعي المبكر: تعاليم الامام محمد الباقر، ترجمة سيف الدين القصير، دار الساقي بالاشتراك مع معهد الدراسات الاسماعيلية، بيروت، ٢٠٠٤.

٤٧-رشيد الخيون، الاديان والمذاهب بالعراق، منشورات لسان الصدق، لندن، ٢٠٠٥.

٤٨-رغيد الصلح، حربا بريطانيا والعراق ١٩٤١-١٩٩١، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، ١٩٩٤.

٤٩-رودلف شتروطمان (المحقق)، اربعة كتب اسماعيلية، دار التكوين للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٦.
٥٠-زهير كاظم عبود، الشبك في العراق، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٦.
٥١-زهير كاظم عبود، عدي بن مسافر مجدد الديانة الايزيدية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٥.
٥٢-زهير كاظم عبود، الايزيدية حقائق وخفايا واساطير، مركز قنديل للنشر والاعلام، السليمانية، ٢٠٠٣.
٥٣-سامي الذيب، مؤامرة الصمت ختان الذكور والاناث، دار الاوائل للنشر والتوزيع والخدمات الطباعية، دمشق، ٢٠٠٣.
٥٤-سامي نسيب مكارم، اضواء على مسلك التوحيد (الدرزية)، دار صادر، بيروت، ١٩٦٦.
٥٥-سبنسر ترمنجهام، الفرق الصوفية في الاسلام، ترجمة الدكتور عبدالقادر البحراوي، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٩٧.
٥٦-سعد رستم، التوحيد في الاناجيل الاربعة وفي رسائل القديسين بولس ويوحنا، دار الاوائل للنشر والتوزيع والخدمات الطباعية، دمشق، ٢٠٠٢.
٥٧-الدكتور سعيد مراد، الفرق والجماعات الدينية في الوطن العربي قديما وحديثا، دار الاوائل للنشر والتوزيع والخدمات الطباعية، دمشق، ٢٠٠٣.
٥٨-الدكتورة سميرة مختار الليثي، جهاد الشيعة في العصر العباسي الاول، هيئة انصار اهل البيت، قم، ١٩٨٣.
٥٩-الدكتور سيد عبدالعزيز سالم، تاريخ العرب قبل الاسلام، مؤسسة شباب الجامعة، الاسكندرية، ١٩٩٧.
٦٠-سيرغي أ. توكاريف، الاديان في تاريخ شعوب العالم، ترجمة الدكتور احمد م. فاضل، دار الاهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ١٩٩٨.
٦١-الشيخ المفيد، اوائل المقالات في المذاهب والمختارات، الطبعة الثانية، دار المفيد، بيروت، ١٩٩٣.

٦٢-شكيب عقراوي، سنوات المحنة في كردستان ١٩٥٨-١٩٨٠، الطبعة الثانية، مطبعة منارة، اربيل، ٢٠٠٧.

٦٣-الشهرستاني، الملل والنحل، الجزء الاول، تحقيق محمد سيد كيلاني، دار المعرفة، بيروت، ١٩٨٣.

٦٤-الدكتور صابر عبده ابازيد محمد، فكرة الزمان عند اخوان الصفا (دراسة تحليلية مقارنة)، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٩.

٦٥-صديق الدملوجي، امارة بهدينان الكردية او امارة العمادية، الطبعة الثانية، دار آراس للطباعة والنشر، اربيل، ١٩٩٩.

٦٦-الطبري، تاريخ الامم والملوك، المجلد الاول، الطبعة الثالثة، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٥.

٦٧-ظهير الدين ابو شجاع الروذراوري، ذيل تجارب الامم، الجزء الثالث، مطبعة التمدن الصناعية، القاهرة، ١٩١٦.

٦٨-عباس العزاوي، الكاكائية في التاريخ، شركة التجارة والطباعة المحدودة، بغداد ، ١٩٤٩.

٦٩-الدكتور عبدالرحمن محمد العبد الغني، ارمينية وعلاقاتها السياسية بكل من البيزنطيين والمسلمين، مؤسسة الكويت للتقدم العلمي، الكويت، ١٩٨٩.

٧٠-عبدالرزاق الحسني، اليزيديون في حاضرهم وماضيهم، الطبعة الحادية عشرة، مكتبة اليقظة العربية، بغداد ، ١٩٨٧.

٧١-عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء السادس، الطبعة السابعة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ، ١٩٨٨.

٧٢-الدكتور عبدالفتاح علي البوتاني، الحركة القومية الكردية التحررية دراسات ووثائق، دار سبيريز للطبع والنشر، دهوك، ٢٠٠٤.

٧٣-الدكتور عبدالفتاح علي يحيى، الحياة الحزبية في الموصل ١٩٢٦-١٩٥٨، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٣.

٧٤-عبدالله فهد النفيسي، دور الشيعة في تطور العراق السياسي الحديث، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٣.

٧٥-عدنان زيان فرحان، الايزيديون في اقليم كردستان، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٤.

٧٦-الدكتور علي حسين الخربوطلي، تاريخ الكعبة، دار الجيل، بيروت، ١٩٧٦.

٧٧-على عزيز الابراهيم، العلويون في دائرة الضوء، مركز الغدير للدراسات الاسلامية، بيروت، ١٩٩٩.

٧٨-الدكتور علي نوح، الاسماعيلية بين خصومها وانصارها، دار التوحيدي للنشر، حمص، ٢٠٠٠.

٧٩-غير ترود بيل، فصول من تاريخ العراق القريب، ترجمة جعفر الخياط، مطبعة دار الكتب، بيروت، ١٩٧١.

٨٠-فراس السواح، الوجه الاخر للمسيح: موقف يسوع من اليهود واليهودية واله العهد القديم ومقدمة في المسيحية الغنوصية، دار علاء الدين للنشر والتوزيع والترجمة، دمشق، ٢٠٠٤.

٨١-الدكتور فرست مرعي، كردستان في القرن السابع الميلادي، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٦.

٨٢-الدكتور فرست مرعي، انتفاضة بهدينان الكردية ضد الاستعمار البريطاني سنة ١٩١٩، مؤسسة بانكي حق للنشر، انقرة، ٢٠٠٦.

٨٣-الدكتور فرست مرعي، الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٥.

٨٤-الدكتور فرهاد دفتري، مختصر تاريخ الاسماعيليين، ترجمة سيف الدين القصير، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، ٢٠٠١.

٨٥-الدكتور فرهاد دفتري وآخرون، الاسماعيليون في العصر الوسيط، ترجمة سيف الدين القصير، الطبعة الثانية، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، ١٩٩٩.

٨٦-الدكتور فرهاد دفتري، خرافات الحشاشين واساطير الاسماعيليين (دراسة في اصول الخرافات وتاريخ وضعها وتطورها منذ العصور الوسطى حتى القرن التاسع عشر)، ترجمة سيف الدين القصير، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، ١٩٩٦.

٨٧-فلادمير ايفانوف، آلموت ولاماسار، ترجمة جمانة رستم، دار التكوين للتأليف والترجمة والنشر، دمشق، ٢٠٠٧.

٨٨-الدكتور فيليب حتي واخرون، تاريخ العرب، الجزء الاول، دار الكشاف للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت، ١٩٤٩.

٨٩-قسطنطين بيتروفيج ماتفيف بارمتي، الاشوريون والمسألة الاشورية في العصر الحديث، ترجمة ح. د. م، دار الاهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ١٩٨٩.

٩٠-القلقشندي، صبح الاعشى في صناعة الانشا، شرح وتعليق محمد حسين شمس الدين، الجزء الرابع، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٧١.

٩١-الدكتور كامل مصطفى الشيبي، الصلة بين التصوف والتشيع، الطبعة الثانية، دار المعارف بمصر، القاهرة، ١٩٦٩.

٩٢-كاوة فريق احمد شاولي آميدي، امارة بادينان ١٧٠٠-١٨٤٢ دراسة سياسية-اجتماعية-ثقافية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٠.

٩٣-ليون كاهون، رحلة الى جبال العلويين عام ١٨٧٨، ترجمة مها احمد، دار التكوين للتأليف والترجمة والنشر، دمشق، ٢٠٠٤.

٩٤-محفوظ محمد عمر العباسي، امارة بهدينان العباسية، مطبعة الجمهورية، الموصل، ١٩٦٩.

٩٥-الدكتور محمد احمد درنيقة، الطريقة النقشبندية واعلامها، جروس برس، طرابلس، ١٩٨٧.

٩٦-الدكتور محمد السعيد جمال الدين، دولة الاسماعيلية في ايران، الدار الثقافية للنشر، القاهرة، ١٩٩٩.

٩٧-محمد امين ابو جوهر، الاسماعيليون بين الاعتزال والتشيع، الطبعة الثانية، دار التكوين للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٦.

٩٨-محمد امين زكي، مشاهير الكرد وكردستان، الجزء الثاني، مؤسسة زين لاحياء التراث الوثائقي والصحفي الكردي، السليمانية، ٢٠٠٥.

٩٩-محمد بن سعد بن منيع ابو عبدالله البصري الزهري، الطبقات الكبرى، دار صادر، بيروت.

١٠٠-الدكتور محمد جمال الدين سرور، تاريخ الدولة الفاطمية، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٩٥.

١٠١-محمد جميل بندي الروزبياني، مدن كردية قديمة، وزارة الثقافة، السليمانية، ١٩٩٩.
١٠٢-محمد حسين المظفري، تاريخ الشيعة، مكتبة بصيرتي، قم (بدون سنة الطبع).
١٠٣-محمد عبدالحميد الحمد، اخوان الصفا والتوحيد والعلوي، الرقة، ١٩٩٨.
١٠٤-مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية ١٩٣١-١٩٣٢، منشورات الحزب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٨٦.
١٠٥-مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية ١٩٤٣-١٩٤٥، منشورات الحزب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٨٦.
١٠٦-مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية ١٩٤٥-١٩٥٨، منشورات الحزب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٨٧.
١٠٧-الدكتور مصطفى الشكعة، اسلام بلا مذاهب، الطبعة الثانية، الدار المصرية للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧١.
١٠٨-الدكتور مصطفى غالب، الحركات الباطنية في الاسلام، دار الاندلس للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، بدون سنة الطبع.
١٠٩-الدكتور مصطفى النشار، تاريخ الفلسفة اليونانية من منظور شرقي، الجزء الثاني، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠.
١١٠-معروف جياووك، مأساة بارزان المظلومة، الطبعة الثانية، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠١.
١١١-المقريزي، المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والاثار، الجزء الثاني، تحقيق الدكتور محمد زينهم ومديحة الشرقاوي، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٨.
١١٢-المقريزي، اتعاظ الحنفا، تحقيق الدكتور جمال الدين الشيال، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٦٧.
١١٣-الدكتور مكرم طالباني، حزب هيوا، مركز خاك للنشر والاعلام، السليمانية، ٢٠٠٢.

١١٤-الدكتور مكرم طالباني، الشيخ عبدالرحمن الطالباني العالم المتصوف وشاعر العشق الالهي ومرشد الطريقة القادرية الطالبانية، الجزء الاول، مركز خاك للنشر والاعلام، السليمانية، ٢٠٠٣.

١١٥-مينورسكي، الاكراد ملاحظات وانطباعات، ترجمة الدكتور معروف خزندار، مطبعة النجوم، بغداد، ١٩٦٨.

١١٦-ناصر خسرو، سفرنامة، ترجمة يحيى الخشاب، مطبوعات معهد اللغات الشرقية، القاهرة، ١٩٤٥.

١١٧-الدكتور نايف معروف، الخوارج في العصر الاموي، الطبعة الرابعة، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٩٤.

١١٨-الدكتور نصر حامد ابوزيد، هكذا تكلم ابن عربي، الطبعة الثانية، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، ٢٠٠٤.

١١٩-نيقولاي ايفانوف، الفتح العثماني للاقطار العربية ١٥١٦-١٥٧٤، ترجمة يوسف عطا الله، الطبعة الثانية، دار الفارابي، بيروت، ٢٠٠٤.

١٢٠-هاينز هالم، الفاطميون وتقاليدهم في التعليم، ترجمة سيف الدين القصير، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، ١٩٩٩.

١٢١-هلويست عمر قادر، يهود كردستان، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٧.

١٢٢-هنري كوربان، تاريخ الفلسفة الاسلامية، ترجمة نصير مروة وحسن قبيسي، الطبعة الثانية، دار عويدات للنشر والطباعة، بيروت، ١٩٩٨.

١٢٣-ياسين بن خيرالله الخطيب العمري، زبدة الاثارة الجلية في الحوادث الارضية، تحقيق عماد عبدالسلام رؤوف، مطبعة الاداب، النجف، ١٩٧٤.

١٢٤-يوري نابييف (المحرر)، البارزاني وشهادة التاريخ: مجموعة ابحاث وانطباعات للمؤلفين الكرد والروس، ترجمة الدكتور بافي نازي والدكتور عبدي حاجي، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٥.

١٢٥-يوسف كرم، تاريخ الفلسفة اليونانية، الطبعة الثالثة، دار القلم، بيروت، بدون سنة الطبع.

دووەم- دەستنوس و گۆڤارو ئینسکلۆپیدیاو کتێبە پیرۆزەکان:

١٢٦-القرآن الكريم.

١٢٧-الكتاب المقدس.

١٢٨-ابن فضل الله العمري، مسالك الابصار في ممالك الامصار، الجزء الثالث، مخطوطة مستنسخة في مكتبة المجمع العلمي العراقي ببغداد تحت رقم ٣٠٠-٢٩٠ ج.

١٢٩-دائرة المعارف الاسلامية، ترجمة احمد الشنتناوي واخرون، دار المعرفة، بيروت، ١٩٣٣.

١٣٠-الدكتور فرست مرعي، دهوك وانحاؤها في المصادر السريانية، مجلة دهوك، العدد ٢٧، تموز ٢٠٠٥.

١٣١--الدكتور ممو فرمان، ضوء على فلسفة الديانة اليزيدية، مجلة الثقافة الجديدة، العدد ٢٤٣، ١٩٩٢.

## ٢-سەرچاوە فارسییەکان

یەکەم- کتێب:

١٣٢-آن ماري شيمل، ابعاد عرفانى اسلام، ترجمه عبدالرحيم گواهى، چاپ پنجم، دفتر نشر فرهنگ اسلامى، تهران، ١٣٨٤.

١٣٣-ايليا پاولوويچ پتروشفسكى، اسلام در ايران از هجرت تا پايان قرن نهم هجرى، ترجمه كريم كشاورز، چاپ هفتم، انتشارات پيام، تهران، ١٣٦٣.

١٣٤-دكتر بهرام فرەوشى، كارنامه اردشير بابكان، چاپ سوم، انتشارات دانشگاه تهران، تهران، ١٣٨٢.

١٣٥-پل آمير، خداوند آلموت حسن صباح، ترجمه ذبيح الله منصورى، چاپ ششم، انتشارات بدرقه جاويدان، تهران، ١٣٨٥.

١٣٦-جرج ن. كرزن، ايران وقضيه ايران، جلد٢، چاپ دوم، ترجمه غ. وحيدر مازندرانى، مركز انتشارات علمى وفرهنگى، تهران، ١٣٦٢ش.

١٣٧-دكتر حسين مير جعفرى، تاريخ تحولات سياسى، اجتماعى، اقتصادى وفرهنگى ايران در دوره تيموريان‌و تركمانان، انتشارات دانشگاه اصفهان، اصفهان، ١٣٧٥.

۱۳۸-خیال امروهوی ودکتر سید علی مهدی نقوی، عقاید مزدك، چاپ دوم، مؤسسة مطبوعاتی عطائی، تهران، ۱۳۵۲ هـ.ش.

۱۳۹-سیاوش دلفاني، تاریخ مشعشعیان (اهل حق)، بحر العلوم، قزوین، ۱۳۷۹.

١٤٠-سیبل شلتوك، آیین هندو، ترجمه محمد رضا بدیعی، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران، ۱۳۸۰.

١٤١-دکتر سید ضیاء الدین سجادی، مقدمه ای بر مبانی عرفانو تصوف، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)، چاپ دهم، تهران، ۱۳۸۳.

١٤٢-شرف خان بن شمس الدین بدلیسی، شرفنامه تاریخ مفصل کردستان، به اهتمام ولادیمیر ولییامینوف زرنوف، انتشارات اساطیر، تهران، ۱۳۷۷.

١٤٣-صدیق صفی زاده، دوره هفتوانه (جزوی از نامه مینوی سرانجام)، کتابخانه طهوری، تهران، ۱۳٦۱ ش.

١٤٤-عارف تامر، اسماعیلیة وقرامطة در تاریخ، ترجمه دکتر حمیرا زمردی، انتشارات جام، تهران، ۱۳۷۷.

١٤٥-عباس قدیانی، تاریخ ادیان ومذاهب در ایران، انتشارات انیس، تهران، ۱۳۷٤.

١٤٦-عبدالله ناصری طاهری، مقدمه ای بر اندیشه سیاسی اسماعیلیه، خانه اندیشه جوان، تهران، ۱۳۷۹.

١٤٧-دکتر علی محمد آقا محمدی، مانی مانیگری صوفیگری، انتشارات فرهاد، تهران، ۱۳۸٤.

١٤٨-دکتر غلامحسین صدیقی، جنبشهای دینی ایرانی در قرنهای دوم و سوم هجری، چاپ دوم، شرکت انتشاراتی پاژنگ، تهران، ۱۳۷۵.

١٤٩-فاروق سومر، نقش ترکان اناتولی در تشکیل و توسعه دولت صفوی، ترجمه دکتر احسان اشراقی و دکتر محمد تقی امامی، نشر گسترده، تهران، ۱۳۷۱.

١٥٠-دکتر فرهاد دفتری، تاریخ وعقاید اسماعیلیه، ترجمه دکتر فریدون بدره‌ای، چاپ دوم، نشر و پژوهش فرزان روز، تهران، ۱۳۷٦.

١٥١-مارشال گ. س. هاجسن، فرقه اسماعيليه، ترجمه فريدون بدره‌اى، چاپ چهارم، شركت انتشارات علمى و فرهنگى، تهران، ١٣٧٨.
١٥٢-محمد رؤوف توكلى، تاريخ تصوف در كردستان، چاپ دوم، انتشارات توكلى، تهران، ١٣٨١.
١٥٣-محمد على رنجبر، مشعشعيان ماهيت فكرى-اجتماعى و فرايند تحولات تاريخى، مؤسسه انتشارات آگاه، تهران، ١٣٨٢.
١٥٤-محمد على سلطانى، اوضاع سياسى اجتماعى تاريخى ايل بارزان، سازمان اسناد وكتابخانه ملى جمهورى اسلامى ايران، تهران، ١٣٨٢.
١٥٥-محمد على سلطانى، سه گفتار تحقيقى در ائين اهل حق، نشر سها، تهران، ١٣٧١.
١٥٦-دكتر محمد كريم يوسف جمالى، تشكيل دولت صفوى وتعميم مذهب تشيع دوازده امامى به عنوان تنها مذهب رسمى، مؤسسه انتشارات امير كبير شعبه اصفهان، اصفهان، ١٣٧٢.
١٥٧-محمد محمدى، پژوهشى دقيق اهل حق: تاريخچه، عقائد، فقه، مؤسسه فرهنگى وانتشاراتى پاژينه، تهران، ١٣٨٤.
١٥٨-دكتر مصطفى كامل الشيبى، تشيع و تصوف تا اغاز سده دوازدهم هجرى، ترجمه على رضا ذكاوتى قراگزلو، مؤسسه انتشارات امير كبير، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٠.
١٥٩-دكتر منوچهر پارسادوست، شاه اسماعيل اول پادشاهى با اثرهاى ديرپاى در ايران وايرانى، چاپ دوم، شركت سهامى انتشار، تهران، ١٣٨١.
١٦٠-دكتر مهدى علائى حسينى، ابو مسلم از واقعيت تا افسانه، مؤسسه چاپ و انتشارات آستان قدس رضوى، تهران، ١٣٧٥.
١٦١-دكتر مهدى محقق، اسماعيليه، انتشارات اساطير، تهران، ١٣٨٢.

## دووەم-گۆڤارو ئینسکلۆپیدیاو فەرهەنگەکان:

١٦٢-احمد شريفى، برزان‌و بارزان، مجله مهاباد، شماره ١٦، سال دوم، تير ١٣٨١.

١٦٣-دكتر بهرام فرەوشی، فرهنگ فارسی بەپهلوی، چاپ سوم، انتشارات دانشگاه تهران، ١٣٨١.
١٦٤-صدر حاج سید جوادیو بهاء الدین خرمشاهی، دایرة المعارف فارسی، ج ٣، سازمان دایرة المعارف تشیع، تهران، ١٣٦٨ ش.
١٦٥-غلامحسین مصاحب، دایرة المعارف فارسی، جلد دوم، بخش اول، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران.
١٦٦-ماجد مردوخ روحانی، فرهنگ فارسی-کردی، جلد اول، دانشگاه کردستان، سنندج، ١٣٨٥.
١٦٧-محمد حسین بن خلف تبریزی، برهان قاطع، به اهتمام دکتر محمد معین، جلد اول، چاپ پنجم، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٢.
١٦٨-دکتر محمد معین، فرهنگ فارسی، جلد اول، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، چاپ هیجدهم، تهران، ١٣٨٠.

## ٣-سەرچاوە کوردییەکان

### یەکەم- کتێب:

١٦٩-ئاجەریانو چەند لێکۆڵیارێکی تر، چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥.
١٧٠-ئارتور کریستێنسێن، ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان، وەرگێڕانی سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەییو ڕۆژنامەوانیی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٦.
١٧١-دکتۆر ئاکۆ عەبدولکەریم مەحمود شوانی، شاری سلێمانی (١٩٣٢-١٩٤٥) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسی (تێزی دکتۆرا)، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
١٧٢-ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانییەکان، وەرگێڕانی بەختیار شەمەیی، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی بزوتنەوەی فەرهەنگیی کوردی، ئەمستردام، ٢٠٠٤.

١٧٣-ئەنستانس ماری کەرمەلی، کتێبی ئێزدییەکان (جیلوەو مەسحەفا رەش)و بیبلۆگرافیای ئێزیدیاتی، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی‌و رۆژنامەوانیی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٦.
١٧٤-ئەیوب رۆستەم، یارسان لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی-دینی سەبارەت بەکاکەیی، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیریی هەورامان، سلێمانی، ٢٠٠٦.
١٧٥-ئیبراهیم جەلال، خواروی کوردستان‌و شۆڕشی ئەیلول: بنیاتنان‌و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی سێیەم، چاپخانەی ژیار، سلێمانی، ١٩٩١.
١٧٦-بازیل نیکیتین، کوردناسی، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی‌و رۆژنامەوانیی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٤.
١٧٧-بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، گەشتێك بەکۆماری مەهاباددا: بیرەوەرییەکانم لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا ١٩٤٤-١٩٤٧، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
١٧٨-دکتۆر جەلیلی جەلیل، راپەڕینی کوردەکان (١٨٨٠)، وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان، چاپخانەی زەمان، بەغدا، ١٩٨٧.
١٧٩-جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٧.
١٨٠-راجر سێیڤری، ئێرانی سەردەمی سەفەوی، وەرگێڕانی سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.
١٨١-رەئوف محەمەد زوهدی، بۆ لەهەقە کەوتنە تەقە، چاپخانەی ئەلحەوادس، بەغدا، ١٩٨٥.
١٨٢-زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەرییەکانم لەساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٧دا، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٧.
١٨٣-سەدیق بۆرەکەیی، کاکەیی‌یەکان‌و رێ‌و رچەکەیان، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٨٤-شاسوار خ. هەرشەمی، کارنامەی ئەردەشێری بابەکان، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

١٨٥-دكتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، كوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجیی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤.
١٨٦-دكتۆر عەبدوڵڵا غەفور، بارزانم چۆن دیت، چاپخانەی ئاپێك، ستۆكهۆڵم، ١٩٩٥.
١٨٧-عەبدوڵڵا قەرەداغی، راگوێزانی كورد لەمێژودا، چاپخانەی ئاپێك، ستۆكهۆڵم، ١٩٩١.
١٨٨-دكتۆر عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی كوردستان، چاپی چوارەم، وەرگێرانی فەرید ئەسەسەرد، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجیی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.
١٨٩-علائەدین سەجادی، شۆڕشەكانی كورد، ئەتلەس چاپ، تاران، ١٣٨٤ (٢٠٠٥).
١٩٠-كلودیوس جیمس ریچ، گەشتی ریچ بۆ كوردستان لەساڵی ١٨٢٠ دا، وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی، تەورێز، ١٩٩٢.
١٩١-مامخان شێروانی، بارزانو رەچەڵەكی بارزانییان: لێكۆڵینەوەیەكی مەیدانیو مێژوویی لەسەر بارزان تا بەهاری ١٩٧٤، لەندەن، ١٩٩٤.
١٩٢-محەمەد حەمە باقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٠) لەبەڵگەنامەی قاجاریدا، دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر، ٢٠٠٠.
١٩٣-محەمەد رەسول هاوار، كوردو كوردستانی باكور لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دوهەمی جیهان، بەرگی یەكەم، ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٠.
١٩٤-مستەفا عەسكەری، ئاوڕدانەوەیەك لەبزوتنەوەی هەقە، چاپخانەی عەلا، بەغدا، ١٩٨٣.
١٩٥-میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، بەسەرهاتی سیاسیی كورد ١٩٥٨-١٩٨٥، بەرگی یەكەم، چاپی دووەم، بنكەی ئەدەبیو روناكبیریی گەلاوێژ، سلێمانی، ١٩٩٩.

١٩٦-میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، بەسەرهاتی سیاسیی کورد لە ١٩١٤وە بۆ ١٩٥٨، بەشی دووەم، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٩٧-نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردو عەجەم (مێژوی سیاسیی کوردەکانی ئێران)، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٩٨-وەفایی، بیرەوەرییەکانی وەفایی، گردو گۆی مامۆستا قازی محەمەد خزر، وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی، هەولێر، ١٩٩٩.
١٩٩- هاشم حیجازی فەر، شا ئیسماعیلی یەکەمو جەنگی چاڵدێران، وەرگێڕانی کەمال رەشید شەریف، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٢٠٠-هاشم کەریمی، ئاینو دەسەڵات لەپرۆسەی مێژوی روحانیەتی شیعەدا، مەکتەبی بیروهۆشیاری، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٢٠١-هەمزە عەبدوڵڵا، شۆڕشی بارزان، وەرگێڕانی موحەڕڕەم محەمەد ئەمین، بڵاوکراوەکانی نامەخانەی خەبات، سلێمانی، ١٩٥٩.

## دووەم-فەرهەنگەکان:

٢٠٢-گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩.
٢٠٣-هەژار، هەنبانە بۆرینە فرهنگ کردی-فارسی، چاپ دوم، انتشارات سروش، تهران، ١٣٧٦.

## سێیەم-رۆژنامەو گۆڤارەکان:

٢٠٤- دکتۆر بورهان یاسین، لەئیمپراتۆریەتەوە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی: پەڕینەوە لەفەرمانڕەوایی عوسمانییەوە بەرەو تورکیای مۆدێرن، وەرگێڕانی رێبوار خالد، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە١، ساڵی شانزەهەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢٠٥- رۆژنامەی تایم ٣١/١٢/٢٠٠١.

٢٠٦-رەفیق ساڵح‌و سدیق ساڵح (ئامادەکردن)، رۆژنامەی کوردستان، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی ئاراس‌و بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی‌و رۆژنامەوانیی کوردی (پرۆژەی هاوبەش)، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢٠٧-دکتۆر ماهر شەریف، ئازادیی بیروڕا لەنێوان ریفۆرمی دینی‌و ئیسلامی سیاسیدا، وەرگێڕانی رەشید ئیبراهیم، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٣، ساڵی شەشەم، ئابی ١٩٩٨.
٢٠٨-میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، بەشێك لەیادەوەرییەکانم (١٩١٠-١٩٨٨)، گۆڤاری رۆڤار، ژمارە ٤١، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٢٠٩-مجلة "نزار" الاعداد:
٢ في ١٥/٤/١٩٤٨.
٣ في ٣٠/٤/١٩٤٨.
٢١٠-دکتۆر هەڵکەوت مەلا حەکیم خانەقینی، ریشەو رێبازی نەقشبەندی لەکوردستاندا، وەرگێڕانی سدیق ساڵح، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ١، ساڵی شەشەم، شوباتی ١٩٩٨.
٢١١-رۆژنامەی میدیا ٨/١/٢٠٠٨.
٢١٢-میهرداد ئیزەدی، ئاین‌و تایفە ئاینییەکان لەکوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٣، ساڵی حەوتەم، ئابی ١٩٩٩.

# پێرستی ناوەکان


ئـ

ئاجريان ٧٨
ئادی، شێخ ٧٣، ٧٤، ٩٩، ١٠٠، ٣٦٣
ئاران ١٥٣
ئازەربایجان ٤١، ١٥٣، ١٥٤، ٢١٠، ٢٢٥
ئاشورییەکان ١٢، ١٣٤، ١٤٣-١٤٦، ٢٤٤، ٢٤٥،٢٤٧،٢٤٦، ٣٣٨، ٣٤٤، ٣٦٨
ئاق قۆینلۆ ٤٢
ئاکرێ ١٢١، ١٣٤، ٢٤٣، ٣٤١
ئامێدی ١٠٨، ١٠٩، ٣٢٢، ٣٣٧، ٣٣٩، ٣٤١، ٣٤٧، ٣٤٩، ٣٥٠، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٥٤، ٣٥٨
ئاڵتون کۆپری ٢٥٢
ئالموت ٣٦، ٣٨-٤١، ٤٣، ٩٠، ٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٨، ١١٥، ١١٦، ١٢٢، ١٧١، ١٨٥، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٨١، ٣١٥
ئورفە ٣٠، ٢١٤
ئولفەت (سیستم) ١٢٢
ئەبو تالبی مەککی ١٩٢، ١٩٣
ئەبو زەری غەفاری ٨٨
ئەبولحەسەن تەفرەشیان ٢٦٢، ٢٦٣
ئەبو موسلیمی خوراسانی ٣٧٨
ئەبو نەسری سەرراج ١٤٩
ئەبو یەزیدی بستامی ٥٦، ٢٨٠
ئەحمەد بارزانی، شێخ ٥٣، ٥٩، ٦٢، ٩٨، ١٣٤، ١٥٩، ٢١٤، ٢٢٩، ٢٣٠، ٢٣٤، (لەبەشی پێنجەم: هەمو تەوەری یەکەم ٢٣٩-٢٧٠و تەوەری دووەم ٢٧١-٢٧٩)، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٨٧-٢٩٣، ٢٩٥، ٢٩٦، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣٠٢، ٣٠٣، ٣٠٤، ٣٠٨، ٣٠٩

ئەحمەد سورچی، شێخ ٣٦٧
ئەحمەد شەریفی ٣٢٦
ئەخلات ٣٦١
ئەخیات (بزوتنەوە) ١٢٨
ئەردەبیل ١٥٣، ١٥٤، ١٥٥، ٢٠٨، ٢٢٣، ٢٢٤
ئەردەشێری بابەکان ٣٢٦، ٣٢٧،٣٢٨
ئەرزنجان ٢٥٥
ئەرمەن ٧٨، ١١٢
ئەستەخەری ٣٢٥
ئەسکەندەری مەکەدۆن ٣٢٧
ئەسکەندەریە ٣١، ٥٤
ئەسینا ٢٩
ئەفلاتون ٣٠، ٣١، ١١١
ئەفلاتونیزمی نوێ ١٧، ١٨، ٣١
ئەفلۆتین ٣١، ٥٤، ١٦٧
ئەمەوییەکان ٦٢، ٧١، ٧٢، ١٥٦، ١٧٧، ٢٠٥
ئەناتۆلیا ١٠٦
ئەنستاس کەرملی ٧٣
ئەهلی هەق ٧٨، ٧٩، ٨٠، ١٢٣، ١٢٤، ١٣٦، ٢١١، ٢٣٣، ٢٨٤، ٢٨٧، ٣١١
ئەیوب بارزانی ٩٨، ١٠٠، ١٠١، ١٢١، ١٥٢، ٢٧٦، ٢٨٥، ٢٨٨، ٢٨٩، ٢٩١، ٢٩٢، ٣٠٤، ٣٣٨، ٣٤٢، ٣٤٣، ٣٤٤، ٣٥٥، ٣٥٦
ئیبراهیم جەلال ٢٧٥
ئیبن بابەوەی ٦٩
ئیبن بەرزان ٣٣٦
ئیبن تەیمیە ٣٨١
ئیبن حەنبەل ١٠٧
ئیبن حەوقەل ٣٣٤
ئیبن عەرەبشا ١٥٥
ئیبن عەرەبی ٢٧، ٥٢، ٥٣، ٥٦، ٥٨، ١٨٤، ١٨٨، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨١، ٣٠٧، ٣٠٨، ٣٥٧، ٣٨٠
ئیبنولجوزی ٢١٠
ئیخوانولسەفا ٥١، ٢٨٤
ئێران ١٢، ٣٠، ٣١، ٣٦، ٣٨، ٤٣، ٥٦، ٨٢، ٨٣، ٩١، ٩٨، ١٠٦
ئێزدییاتی ٧٠، ٧١، ٧٢، ٧٤، ٧٥، ٧٩، ٨١، ٩٩، ١٠٠، ١٢٤، ١٣٦، ١٤٢-١٤٦، ١٧٣، ٢١٥، ٢٨٥، ٢٨٦، ٣٦٢، ٣٦٣
ئیسپناقچی، محەمەد موتەرجم ٤٢، ٤٣

ئیسماعیلیەت ١٩-٤٦، ٤٩، ٥٠، ٥٥، ٥٩، ٦٠، ٦١، ٨١، ٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩١، ٩٢، ٩٨، ١١١، ١١٤، ١١٦، ١٢٢، ١٢٩، ١٦٦، ١٧٠، ١٧١، ١٧٨، ١٨٣، ١٨٤، ١٩١، ١٩٢، ٢١٠، ٢١٣، ٢٨٠، ٢٨١، ٣٧٤، ٣٧٨، ٣٧٩، ٣٨٠

ئیسماعیلی کوڕی جەعفەری سادق ٤٣

ئیسماعیلی یەکەمی سەفەوی، شا ٤٢، ٩٥، ١٥٣، ١٨٧، ٢٠٨، ٢٢٠، ٢٢٢، ٣١٥

ئیشراق (فەلسەفە) ٣١٣، ٣٦٢

ئینجیل ٧١، ١٢٥، ١٢٦، ١٦٨، ١٧٤، ١٨٠، ٢٣٠، ٣٧٥، ٣٧٦

## ب

بابان ٢١٥، ٢١٨، ٢١٩

بابایی (جولانەوە) ١٢٩، ٢١٣، ٢١٧

بابەك ١١١، ١١٢، ١٨٦، ٢٠٩، ٢١٠، ٣٠٩

بابەکر ئاغای زێباری ٢٤٣

باتاس ٢٤٤

بادینان ٣٦٠، ٣٦٢، ٣٧٨

باسیل نیکیتین ٣٧٦، ٣٧٧

باعدرێ ٧٤

باڵەکیان ٣٣٥

بایەزیدی دووەم، سولتان ٤٢

بجێل ١٩٦، ٣٥٣، ٣٦٧

برادۆست ١١، ٨٤، ١٦٢، ١٦٣، ١٩٦، ٢٤٣، ٢٤٥، ٢٤٦، ٣٠٤

برایم ئەحمەد ٢٦٩

برایەتی (کۆمەڵە) ٢٥٣

بروژی ٨٣، ٨٤، ٣٤٨

بریفکان ٣٦١

بنیامین توتیلی ٣٣٨

بۆتان ٣٥١

بوەیهییەکان ١٧٧، ٢٠٦، ٢٠٩، ٢٣٤، ٣٣١

بویوروق (کتێب) ٩٩

بەحرێن ٣٦، ٩٤، ٩٧، ١١٤

بەدرخان، میر ١٤٤

بەدرەددین عەلی ٢٧٤

بەرازگر (دەشت) ٣٣٣، ٣٣٥

بەرزنجە ٣١٠، ٣١١

بەرزنجییەکان ٢١٥

بەرزیکان (خێڵ) ٢٣٤، ٣٣٠، ٣٣١
بەرواریبەکان ١٢، ٣٤٤، ٣٦٨
بەرواری باڵا ٣٤٠، ٣٤١
بەشیر (گوند) ٣١١
بەعس (حزب) ٢٧٤
بەکتاشی ٤٣، ٩٩، ١٢٩، ٢١٧
بەهرام پاشای گەورە ٣٥١
بیارە ٣٦، ١٦٤، ١٦٥، ٣٠٤
بیرا کەپرە ١٣٤


## پ


پارتی دیموکراتی کوردستان ٢٧٢، ٢٧٣، ٣١٠
پرشنگدانەوە (تیۆری) ٣٠، ٥٤، ٥٧، ٥٨، ٥٩


## ت


تاجەددین شێخ ١٥٤، ٣٢٣، ٣٥٢، ٣٥٤، ٣٥٥، ٣٥٦، ٣٥٧، ٣٥٨، ٣٦٣، ٣٦٦، ٣٦٧
تالب شوکر دەروێش، سەید ٧٩، ٨٠
تاڵەبانی (تەریقەت) ١٦٤، ١٦٥، ٣٠٤
تسعین (گەڕەك) ٣١١
تورك ٤٢، ٢٣٥، ٢٤٣
تورکمان ٤٢، ١٥٥، ٢١٣، ٢١٧، ٢١٨، ٢٢٠، ٢٢٢، ٣١١
تەبەری ١١٢، ٢٣١، ٣٢٨
تەقیە ٢٥، ٦٧، ٦٨، ٧٠، ٧١، ٧٢، ٧٣، ٧٤، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٨، ٧٩، ٨٠، ٨٤، ٨٥، ٨٩، ٩٢، ١٩٦
تەورات ٧١، ١٤٠، ١٨٠، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٣٦، ٣٧٥، ٣٧٦
تەورێز ١٥٥، ٢٠٨، ٢٦٢
تەها نەهریی یەکەم، سەید ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧


## ج


جولەکە، ٨، ٥٣، ٧٨، ٩٣،
جولەکایەتی ١٢٩، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٧، ١٤٠، ١٤١، ١٧٤، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٩٩-٢٠١، ٢٧٨، ٣٣٨، ٣٤٠، ٣٤١، ٣٤٢، ٣٧٦
جونەید، شێخ ٤٢، ١٠٩، ١٥٤، ٢١٨، ٣١٥
جەبەرتی ١٠٩

جەعفەر سادق ١٩، ٣٣
جەمال بابان ٢٦٩
جەمال عارف ٢٤٥
جەمالەددینی ئەفغانی ٥٠
جەمیل مەدفەعی ٢٧٠
جەلالەددینی رومی ٦٢، ٢٧٩، ٢٨٢
جەلیلییەکان ١٤٤
جیلوە (کتێب) ٧٤

# ح

حاجی بەکتاش ٢١٦، ٢١٧
حسێن مەروە، دکتۆر ٣٠٨
حەسەن سەباح ٣٦، ٣٨، ٩٠، ١١٣، ١١٦، ٢٣٢، ٣١٤
حەسەن عەسکەری ١٧٧
حەللاج ٦٠، ٦١، ٦٢، ٢٧٩، ٢٨٠، ٣٦٢
حەلەب ٢٠٩، ٢١٧
حەمدی پاچەچی ٢٦٠، ٢٦١
حەمە سوری هەقە ١١٨، ١٢٨
حەیدەر، سولتان ٤٢، ٤٣، ٩٥، ١٠٩، ٢١١، ٢١٨، ٢١٩، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٢٢
حیجاز ١٢، ٨٣، ١٠٧

# خ

خالد نەقشبەندی، مەولانا ٤٧، ٤٨، ١٨٧، ٣٤٥، ٣٦٠
خوانساری ٢٠٨
خودان (نازناو) ٢٢٩، ٢٣٠، ٢٣٢، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٣٥
خوراسان ٣٣٢
خورشید، خورشیدییەکان ٥٩، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٩٢، ٢٩٥، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣٠١، ٣٠٢، ٣٠٣، ٣٠٤، ٣٠٥، ٣٠٧، ٣٠٩، ٣١٣، ٣١٥، ٣١٦
خورەم ئاباد ١٢٤
خورەم دینان (بزوتنەوە) ٢١٠، ٢١١، ٣١٦
خۆزستان ١٢٤
خۆشناو ١٤٢
خەسرەو شێخ مورشید شێخ بەدیع ٣٦٣، ٣٦٥

خەلوەتی (تەریقەت) ٣٦١، ٣٦٢
خەلیل خۆشەوی ٢٥٠، ٣٥١، ٢٥٢
خەلیل شەوقی ٢٤٥

## د

داسنیا ٣٣٤
داغستان ١٠٦
داقوق ٣١١
دزەیی ١٤١، ١٤٨
دورزییەکان ٨٤، ٨٥، ٨٦، ٨٩، ٩٥، ٩٧، ١٢٥، ١٣٠، ١٤٧، ٢٧٧، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٨٧
دوزخورماتوو ٣١١
دۆڵەمەڕی ٨٤
دۆنادۆن ٢٣٣، ٢٧٧، ٢٧٨، ٢٨٠، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٨٦، ٢٨٧، ٣١١، ٣١٦
دهۆك ٣٣٥، ٣٤٠، ٣٤١، ٣٥٥
دیانا ٢٦٨، ٣٣٥
دیمەشق ٨، ٣٩، ٢٨١
دێنیس کۆمارۆڤ، دکتۆر ٢٧٦

## ر

ڕۆدۆلف شترۆتمان ٢٥
ڕەشید عالی گەیلانی ٢٥٤
ڕەشید لۆلان، شێخ ٢٤٦
ڕەفیق حیلمی ٢٦٠، ٢٦١
ڕەواندز ٢٤٤، ٢٤٥، ٣٣٥
ڕەوادی (میرایەتی) ١٥٤، ١٥٥
ڕێکانی ٨٤، ٣٣٧

## ز

زاخۆ ٣٣٥، ٣٥٨
زاگرۆس ٢١٧
زاهید گەیلانی، شێخ ١٥٣
زەردەشتایەتی ٦٨، ٦٩، ١٦٨، ١٧٠، ٣٢٨، ٣٣٤
زێبار ١١، ٨٤، ١٠٥، ١١٠، ١١٥، ١٢٠، ١٢١، ١٣٤، ١٤٨، ١٥٢، ١٦٢، ١٩٥، ١٩٦، ١٩٧، ١٩٨، ٢٤٣، ٢٤٤، ٢٧٠، ٣٢١، ٣٢٣، ٣٢٤، ٣٣٥، ٣٣٧، ٣٤٤، ٣٤٥، ٣٤٦، ٣٤٨، ٣٥١، ٣٥٣، ٣٥٤، ٣٥٨، ٣٥٩

## س

ساسانی ٣٠، ٦٨، ٦٩، ٧١، ٣٢٤، ٣٢٥، ٣٢٨، ٣٣١
سدیق دەمەللوجی ٢٢٩
سریان ٢٩، ٣٠، ٢١٠
سلێمانی ٧٨، ٧٩، ١١٦، ١٦٤، ١٦٥، ٢٥٢، ٢٥٣، ٢٥٤، ٢٥٥، ٣٦٠
سلێمانی قانونی، سوڵتان ٢٢٢
سنجان ١٥٤
سندی ٣٣٥
سنە ٣٣٣
سۆران (میرایەتی) ٣٥١
سورچی ١١، ٣٦، ٨٤، ١٣٥، ١٦٣، ١٩٦، ٣٠٤، ٣٦٤، ٣٦٥، ٣٦٧
سوریا ٣١، ٣٢، ٤٠، ٩٧
سولتان سەهاك ٨٠، ٢١٢، ٢٣٣، ٣١٠
سوهرەوەردی ٤٨، ٣١٣، ٣٦١، ٣٦٢
سەبەئیيە ٦١، ٦٢
سەرەنجام (کتێب) ١٣٢، ٢١٢
سەعید دیوەجی ٢٨٠
سەففین (شەڕ) ٢٠٤، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢٠٧، ٢٠٨
سەفەوی ٤٢، ٩٩، ١٠٩، ١٢٩، ١٥٤، ١٧٨، ١٨٦، ١٨٧، ٢١١، ٢١٣، ٢١٨، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٢٢، ٢٢٣، ٣١٥، ٣٣٢
سەفییەددینی ئەردەبیلی، شێخ ٩٩، ١٥٣، ١٥٤
سەلاحەددینی ئەیوبی ٣٩
سەلجوقییەکان ٣٧، ٣٨، ١١٦، ١٥٤، ٢١٣، ٢١٦
سەلمانی فارسی ٨٨، ٣٧٤
سەلەمیە ٣٣
سەلیمی یەکەم، سولتان ٤٢، ٢٢٢، ٢٢٣
سیدەکان ٣٣٥
سیستان ٣٣٠

## ش

شاخۆشین ١٢٤، ١٣١، ١٣٢
شارەزور ٢٣٤
شاسوار هەرشەمی ٣٢٨

شافعی ٣٩
شاکر خسباك ٧١
شاملو (خێڵ) ٢١٧
شری (گوند) ٢٩٩، ٣٠٤
شنۆ ٢٦٢، ٢٦٥، ٣٣٥
شەبەك (گروپ) ٧٠، ٩٩، ١٣٦
شەرەفخانی بتلیسی ١٠٠
شەرەفنامە (کتێب) ١٠٠، ٣٣٧
شەکیب عەقراوی ٣٠٣
شەهرستانی ١٧٩
شێخان ٧٤
شیرناخ ٢٤٣
شێروان ٨٤، ١٩٧
شیعە ٩، ١٠، ١٧، ١٩، ٢٢، ٤٢، ٤٣، ٦٧، ٦٨، ٦٩، ٨١، ٩٢، ٩٥، ١٣٨، ١٧٠، ١٧٧، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٢، ١٨٣، ١٩١، ٣٠٢، ٣٧٥، ٣٧٨.

## ع

عوبەیدوڵڵا نەهری، شێخ ١٢، ٣٥، ٨٢، ٨٣، ١٠٦، ١٦٠، ١٦١، ٣٧٧
عودەی کوڕی موسافر ١٧٣
عوسمانی کوڕی عەففان ٧١
عوسمانییەکان ٨٢، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٩، ١٢٨، ١٢٩، ١٣٣، ١٣٥، ١٤٤، ١٥٢، ٢٣٩
عەباسییەکان ٣٥، ١١١، ٢٠٣، ٢٠٩، ٢٨٠، ٣١٠، ٣٢٥، ٣٥٢، ٣٥٣، ٣٦٦، ٣٧٨
عەبدولڕەحمان، شێخ ٤٧، ١٢١، ٣٥٤، ٣٥٦، ٣٦٧
عەبدولسەلام عارف ٢٧٤، ٢٧٥
عەبدولسەلامی دووەم، شێخ ٨٤، ٨٥، ١٠٨، ١٠٩، ١٢٩، ١٣٣، ١٤٤، ١٩٥، ١٩٦، ١٩٧، ١٩٨، ٢١٠، ٢٢٩، ٢٣٥، ٢٣٩، ٢٤٧، ٢٦٦، ٢٨٧، ٢٨٨، ٢٨٩، ٢٩٠، ٢٩٢، ٣٠٨، ٣٧٣
عەبدولسەلامی یەکەم، شێخ ٤٧، ٨٢، ٨٣، ١٢٧، ١٥٢، ١٥٥، ١٥٦، ١٩٦، ٣٤٥، ٣٥٦، ٣٥٧، ٣٥٨، ٣٦٤، ٣٦٦، ٣٧٧، ٣٧٩،
عەبدولقادر گەیلانی، شێخ ٥٧، ٨٢، ١٠٦، ١٦٠، ٣٥٩، ٣٦٠
عەبدولکەریم حەوێزی ٢٦٥

عەبدولکەریم قاسم ٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٤
عەبدولکەریمی شەدەڵە ٧٦، ٧٧
عەبدوڵڵا سورچی، شێخ ٣٦٤، ٣٦٥
عەبدوڵڵا غەفور، دکتۆر ١٣٨، ١٤٨، ٢٨٦، ٣١٢
عەبدوڵڵای دەهلەوی ٤٨
عەبدولفەتاح عەلی یەحیا، دکتۆر ٢٨٠
عەلادین سەجادی ٢٤٦، ٢٤٩، ٢٦٤، ٢٦٩
عەلەوییەکان ١٣٦، ١٣٩، ١٤٧، ٢١٨، ٢٢٦، ٣٧٤
عەلی ئیلاهی ٣١١، ٣١٢
عەلی رەزم ئارا، جەنرال ٢٦٤
عەلیی کوڕی ئەبو تالیب ٤٣، ٦١، ٦٢، ٧١، ٧٩، ٨٨، ٩٩، ١٧٧، ١٨٢، ١٨٧، ١٩١، ١٩٢، ١٩٣، ٢٠٤، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢٠٧، ٢١١، ٢١٢، ٢١٩، ٢٢٣، ٢٢٦، ٣٠٢، ٣١٥، ٣٦٥، ٣٧٣
عەممار کوڕی یاسر ٨٨
عیبری ٢٣٠
عیراق ١٧، ٣٢- ٣٧، ١٢٢، ١٢٤

## ف

فاتیمە ١٧٧، ١٨٢، ١٨٧، ١٩٢، ٣٧٨
فاتیمییەکان ٢١، ٣٨، ٣٩، ٦١، ٢٨٤، ٣٧٤
فارابی ٥٥، ٦٠
فارس ٢٩، ٣٠، ٦٠، ٦١، ٦٨، ١١١، ١١٢، ١١٥
فارس ئاغای زێباری ٢٤٣
فورقان (کتێب) ٢٣٣
فەتاح سەید خەلیل ٨٠
فەرسەت مەرعی، دکتۆر ٢٣٤
فەقێ ئەحمەدی دارشمانە ٢١٦
فیردەوسی ٣٣٠
فیساگۆرس، فیساگۆریانیزم ٣١، ٢٨٤، ٢٨٦، ٣١٦

## ق

قادری ٣٦، ٤٨، ٥٧، ٨٢، ١٠٦، ١٥٩، ١٦٤، ١٦٥، ١٨٨، ٢٩٧، ٣٥٩، ٣٦٠، ٣٦٧

قازی محەمەد ٢٦٨

قازی نوعمان ٢١، ٢٩

قاهیرە ٨، ٣٨، ٣٩

قبت ١٢٧

قرمتییەکان ٣٢-٣٧، ٩٤، ١١٣، ١١٤، ١١٥، ١٢٢، ١٧١، ١٨٥، ٢١٠، ٢١١، ٢٨٠

قزلباش ٢١٢، ٢١٣، ٢١٨، ٢١٩ ٢٢٠

قودس ٧٤، ١٧٧

قومری (قەلا) ٣٤٢، ٣٤٣، ٣٦٨، ٣٦٩

قەرەقۆینلۆ ١٥٥، ٢٢٦، ٣١١، ٣٣٦

## ك

کاکەیی ٧٠، ٧٨، ٧٩، ٨٠، ١٢٣، ١٢٤، ١٣١، ١٣٩، ٢١٢،٣١٠، ٣١١

کامل مستەفا شیبی، دکتۆر ١٨١

کرماشان ١٢٤

کرمان ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٨، ٣٢٩

کریف ١٢٥

کفری ٢٥٢

کلۆدیۆس جیمس ریچ ٣٣٩

کوردستان (رۆژنامە) ٩٨

کۆمار (کتێب) ١١١

کەربەلا ١٧٧، ٢٠٥، ٢٠٦

کەرکوك ٧٩، ٨١، ٢٥٢، ٣٢٤

کەمال جونبولات ٢٨٥

کیسانیە ١٧٩

کێلەشین ٢٥٥، ٣٣٥

## گ

گلبەرت براون ٢٤٦

گنۆستیك ٢١، ٢٢، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٥٥، ٥٩، ١٦٦-١٧٠، ١٨٣، ١٨٤، ١٨٨، ٣٧٦، ٣٧٩

گورەڤا (گەرەك) ١٢١

گوندیشاپور ٢٩
گەلاڵە ٣٤٥
گەیلان ١٥٣

## ل

لالش ٧٤
لوڕستان ١٢٤، ١٣١، ٣١١
لۆلان ١٩٦
لویس ٢١
ماسینیۆن
لەتیف ٢٥٣
بەرزنجی، شێخ
لەك ١٢٤
لیڤی (هێز) ٢٤٤، ٢٤٦
لیۆن کاهون ٢٢٧

## م

مائیر کاهانا، ١٤١
حاخام
ماجد مستەفا ٢٥٥، ٢٥٧، ٢٥٨
ماردین ١٤٥
مارکۆ پۆلۆ ٣٩
مالیکی ٣٩
ماڵخان شێروانی ٢٨٦، ٣٤٧
مامە ڕەزای ٧٦، ٧٧، ١٠١، ١٠٢،
هەڤە ١١٧
مانیزم ٥١، ٣١٦
محەمەد ئەمین ٣٣٦
زەکی
محەمەد ١٢، ٨٢، ٨٣، ٨٤،
بارزانی، شێخ ١١٠، ١٣٠، ١٩٦،
١٩٧، ٢٣٥، ٣٤٥، ٣٧٧
محەمەد باقر ١٨٢، ٢٠٦، ٢٠٨
محەمەد پاشای ١٤٤
ڕەواندز
محەمەد خالد، ٢٥٦، ٢٩٨، ٣٠٣
شێخ
محەمەد خالد، ٢٥٦، ٢٩٨، ٣٠٣
شێخ
محەمەدساڵح، ١٦٠
شێخ
محەمەد سدیق ٢٧٠
بارزانی
محەمەد سدیق ١٩٦
نەهری
محەمەد عەلی ٣٢٤، ٣٢٥
سولتانی
محەمەدفوئاد ٥١
کۆپریلی
محەمەد کەریم ٢٢١
یوسف جەمالی،
دکتۆر
محەمەد موعین، ٢٣٢
دکتۆر
محەمەد ١٢٤
نوربەخش، سەید

محەمەد مەلا کەریم ٧٦
مزوری ٨٤، ١٩٧، ٣٣٧
مس بێڵ ٢٤٣
مستەفا بارزانی، مەلا ٩٨، ١٤٢، ٢١٥، ٢٥٠، ٢٥١، ٢٥٣، ٢٥٤، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٦١، ٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٦٥، ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٦٨، ٢٧٠، ٢٧٣، ٢٧٤، ٢٧٥، ٢٨٥، ٢٩٤، ٣٠٢، ٣٠٣، ٣١٠
مستەفا حاجی رەسول، مەلا ٧٧، ١٠١
مستەفا خۆشناو ٢٣٦، ٢٥٩
مستەفا عەسکەری ٧٦، ٧٧
مستەفا غالب، دکتۆر ٣٧٣
موحەڕڕەم محەمەد ئەمین ١٠
موسا، پێغەمبەر ١٨٢
موسای کازم، ئیمام ٣١١
موسل ٩٩، ١٣٣، ١٤٤، ١٤٥، ٢٠٩، ٢٢٩، ٢٣٥، ٢٣٩، ٢٤٥، ٢٤٧، ٢٥٠، ٢٥١، ٢٥٢، ٢٦٦، ٢٨٠، ٣٧٧
موشەعشەعییەکان ١٢٤، ٢٨٣
موغان ١٥٥
مەحمود بەرزنجی، شێخ ٢٥٢، ٣١٠
مەخمور ٢٦٩
مەدینە ٦٣
مەزدەکی ١١١، ١١٢، ٣١٦
مەسعود بارزانی ٢٣٦، ٢٥١، ٢٥٤، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٥٩، ٢٦٣، ٣٥٥، ٣٥٦
مەسیح، مەسیحایەتی ٨، ٢٠، ٥١، ٥٣، ٨١، ٩٣، ١٠٨، ١٢٣، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٩، ١٣١، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٧، ١٤٠، ١٤١، ١٤٦، ١٦٨- ١٧٢، ١٧٤، ١٧٦، ١٨٠، ١٨١، ١٨٧، ١٨٩، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٣٠، ٢٣٦، ٣٣٨، ٣٤٢، ٣٤٣، ٣٤٤، ٣٧٦
مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ٢٠٤
مەعروف چیاووك ٢٥٤، ٢٦٩، ٢٧٠، ٣٢٤
مەغۆل ٩، ١٨، ٥٠، ٩٢، ١٤٣، ١٧٨، ١٨٦، ١٩١، ٣١١، ٣٣٦
مەقریزی ٩٩، ١١٣، ١٢٢، ١٢٨، ١٨٤

مەککە ٦٣، ٦٨، ٧٣، ١٣٦، ١٧١، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٧، ٢٠٤
مەکەدۆنیا ٢٢٨
مەمالیك ١٢٩
مەمدوح بریفکانی ٣٥٥
مەلای مەلا مەحمود ٢٨٩، ٢٩٠، ٢٩١، ٢٩٢، ٢٩٦، ٣٠٨
مەهاباد ٣٦، ٩٨، ١٤٢، ٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٨
مەهدی، مەهدیگەرایی ٤٥، ٩٧، ١٧٧، ١٧٨، ١٨٤، ١٨٥، ١٩٢، ٢٠٦، ٢٠٧، ٢٠٨، ٣٧٦، ٣٧٧
میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری ٢٥٠، ٢٥٣
مێرگەسور ٢٥٧، ٢٧٣
میسر ٣١، ٣٩، ١٢٩، ٢٥٤
مینۆرسکی ٣١١
نوسەیری ٢١٧، ٢١٩، ٢٨٤، ٣٧٤
نەجەف ١٧٧، ٢٣٤، ٣١١
نەستورییەکان ٢٩، ١٤٢، ١٤٤
نەسفی ٢٦
نەغەدە ٢٦٣
نەقشبەندی ٣٥، ٣٦، ٤٧، ٤٨، ٥٧، ١٠٦، ١٥٩، ١٦٤، ١٦٥، ١٧٢، ١٧٣، ١٨٧، ١٨٨، ١٨٩، ٢٩٧، ٣٦٠، ٣٦١، ٣٦٧
نەهری ١١، ٤٧، ٤٨، ٨٢، ٨٣، ١٠٥-١٠٨، ١٦٠، ١٦١، ١٦٢، ١٦٣، ١٦٤، ١٦٥، ١٩٦، ٣٠٤، ٣٥٣
نیپۆر ٧١
نیشاپور ٣٢٧، ٣٣٠
نیکۆلای ئیفانۆڤ ١٢٨

## ن

ناسر خەسرەو ٢٨، ٢٩، ١١٤
نزار (گۆڤار) ٢٦٩
نوری باوەیل ٢٥٧
نوری سەعید ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٦٠
نوسەیبین ٢٩، ٢٠٩

## و

واقیدی ٢٠٢، ٢٠٣
ورمێ ٢٦، ٢٦٦
وەفایی ١٦١
وەهاب محەمەد عەلی جندیانی ٢٥٧

وەهابیزم ١٠٧، ١٦٤
ویلفیرد مادلۆنگ ٩٤

## هـ

هاران ٣١
هۆلاکۆ ٣٩
هەخامەنشی ٣٢٨
هەڤنکا (گوند) ٣٤٨، ٣٤٩
هەقە (گروپ) ٧٠، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٨، ٨١، ١٠١، ١٠٢، ١١٦، ١١٧، ١١٨، ١٣٠، ١٣١، ١٣٦
هەکاری ٨٢، ٣٦٣
هەمزە عەبدوڵڵا ١٠، ٧٧، ٢٥٤، ٢٥٥
هەمەدان ٢٦٤، ٢٦٥، ٣١١
هەورامان ٢١٢
هەولێر ١٤٢، ٢٤٥، ٢٥٢، ٢٥٤، ٢٧٤، ٣٢٣
هیرات ٣٣٠
هیندستان ٨، ٤٨، ٢٨٦
هیوا (حزب) ٢٦٠

## ی

یارسان ١٣١، ١٣٢، ١٣٩، ٣١٢
یوشەعی کوڕی نون ١٨٢
یۆنان ٩، ٢٣، ٣٠، ١١١، ٢٢٨
یەکپارچەییی بون (تیۆری) ٥٧، ٥٨، ٥٩، ٦٠

# پێرست

پێشکەش ........................................ ٣
پێشەکیی چاپی دووەم ........................................ ٦
پێشەکیی چاپی یەکەم ........................................ ٩
پێشەکیی چاپی عەرەبی ........................................ ١٢
**بەشی یەکەم: ریشەکان** ١٥
تەوەری یەکەم: ریشە ئیسماعیلییەکان ........................................ ١٩
تەوەری دووەم: ریشە سۆفیگەرییەکان ........................................ ٤٧
**بەشی دووەم: خۆشاردنەوەو ئاشکراگەرایی** ٦٥
تەوەری یەکەم: تەقیە ........................................ ٦٧
تەوەری دووەم: قۆناغی ئاشکراگەرایی ........................................ ٨٧
**بەشی سێیەم: پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان** ١٠٣
تەوەری یەکەم: سۆسیۆلۆژیای پەیوەندییەکان ........................................ ١٠٥
تەوەری دووەم: چەمکی میللەت ........................................ ١٣٥
**بەشی چوارەم: سیمبول و فاکتەرەکانی تۆکمەیی** ١٥٧
تەوەری یەکەم: سیستمی گوێڕایەڵی ........................................ ١٥٩
تەوەری دووەم: جامانەی سور ........................................ ١٩٥
تەوەری سێیەم: خودان ........................................ ٢٢٩
**بەشی پێنجەم: ساڵە سەختەکان** ٢٣٧
تەوەری یەکەم: ساڵانی تاراوگە ........................................ ٢٣٩

تەوەری دووەم: ساڵانی کۆتایی ........................... ٢٧١
تەوەری سێیەم: خوێندنگەی خورشیدی ........................... ٢٩٦
**بەشی شەشەم: بارزان و بنەماڵەی شێخەکان** ٣١٩
تەوەری یەکەم: بارزان و بارزانییەکان ........................... ٣٢٣
تەوەری دووەم: بنەماڵەی شێخەکان ........................... ٣٤٧
کۆتایی ........................... ٣٧٠
پاشکۆ........................... ٣٧٣
باب ........................... ٣٧٣
سانع ........................... ٣٧٥
مەهدی........................... ٣٧٦
فاتیمە........................... ٣٧٨
هۆنراوەکەی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم ........................... ٣٧٩
سەرچاوەکان ........................... ٣٨٣
پێرستی ناوەکان ........................... ٤٠١